به یارمەتیی وەزارەتی تربیە و تعلیم لە چاپدرا

جزمی دووەم

لە

فەرهەنگی خاڵ

نووسراوی

شێخ

محەمەدی خاڵ

١٣٨٣ هجری ـ ١٩٦٤ میلادی

archive.org/details/@aso_mahmudi

به یارمه‌تیی وه‌زاره‌ی تربیه و تعلیم له چاپدرا

جزمی دووه‌م

له

فه‌رهه‌نگی خاڵ

نوسراوی

شێخ

محه‌مه‌دی خاڵ

سلیمانی

چاپخانه‌ی کامه‌ران



ئەمن ئەمرم بەڵام وێنەم ئەمێنێ
هیوام وایە کە خۆشی گەل ببینێ

محمدی خاڵ

پێشکەشکردن

پێشکەش بێ بە پێشگاهی گەلی کورد بە هەموو هۆزو تیرەو ، خێڵو ئێلو بنەچەو رەگەزو نەتەوەو بەرەیەکیەوە ، وەبە پیاوو ژنو کوررو کچو گەورەو بچووکو خوێندەوارو نەخوێندەوارو مردوو زیندویەوە نەخوازەلا خوێندەوارانی ئیمرڕۆو لاوانی پاشە رۆژ کە هیوای هەموو لایەکمانن ، هیوادارم کەبە دڵێکی پاکو گیانێکی رووناکو هەستێکی چاکەوە ئەم فەرهەنگەم بە دیارییەکی نۆبەرە لێوەربگرن .

ـ محمدی خاڵ ـ

بە ناوی خوای گەورە

پیتی چییم

[چ]

(چ) پیتێکە لە هەورامی دائەنری بە دوایی هێندی ووتەوە وەك [ش] لە کوردیی ترا : [منیچ] واتە منیش [ه] . پیتێکە بـە دووبارە پاتیی ئـەکەوێتە ناوەنـدی دوو ناو یا دوو کردارەوە یەکسانییان پیشان ئـەدا : بە مثال بخوینە [چ] نێر [چ] مێ ، یا خۆشم ئەوێت [چ] بێت [چ] نەیەیت ، واتە هاتن‌و نەهاتنت وەك یەك وایە . زۆر : [چ] خۆشە واتە زۆر خۆشە

(چا) چایی . لەوی [ه] . کورت کراوەی [چاك] : [چا]بووەواتە چاك‌بووە

(چابك) د . چابوك

(چابوك) گیانداری چالاکی ئازا

(چابوکیی) چالاکیی‌و ئازایی .

(چابوون) چاك‌بوون

(چابوونەوە) چاکبوونەوە

(چاپ) مەکینەیەکە شتی پێ‌ئەنووسرێ . درۆو دەلەسە . پێوانەیەکە شتی پێ‌ئەپێورێ لەشاری [وان] [ز] . شەقڵ [د] .

(چاپاڵێو) شتێکی کون کونە لە کاتی چا تێکردنا چای پێ ئەپاڵێورێ .

(چاپاز) د . فێڵباز .

(چاپخانە) شوێنێکە نووسراوی تیا لە چاپ ئەدرێ .

(چاپکردن) نووسینی شت بەچاپ

(چاپکەر) کەسێکە بە چاپ شـت بنووسێ . فێڵباز .

(چاپلێدان) چاپکردن . درۆو دەلەسە هەڵبەستن : [چاپڵیمەدە] واتە درۆمەکە

(چاپوچووپ) د . چاپوگووپ

(چاپوگووپ) بردنی شتی ئەمو ئـەو بە ناخوێنەك .

(چاپەز) شتێکی دەسك‌و لوولە دارە لە مس یالە فافون چای تیا لێ‌ئەنرێ.چایی‌چی

(چات) ز . پەررۆ .
(چاتکیش) ز . ئاسنێکی باریکی پێچراوەیە پەررۆی پێ رائەکێشرێ لە لوولەی تفەنگەوە بو پاکردنەوەی .
(چاتۆڵ) داهۆڵ . چاتۆلە .
(چاتۆڵە) دەواری بەهارەو هاوینەیە کەلە دەواری زستانە تەنك ترە
(چاچك) جاجك
(چاچۆڵە) د . تەشقەڵە
(چاچۆڵەباز) د . تەشقەڵەباز
(چاچەقولێ) چێشتەقولێ
(چاچیی) چایچیی
(چاخ) ئاژاڵی قەڵەو . شتی ساز و لەبار : سەعاتەکەم (چاخ) ە . تاف : لە (چاخ) ی کوررێنیما . کات (ز) . چەك [د] . قەباڵە [د] .
(چاخان) د . درۆو دەلەسەو فیشاڵ
(چاخانە) شوێنێکە کە چایی لێنراوی تیا بفرۆشرێ .
(چاخکردن) سازکردنی شت .
(چاخمە) ئەڵقەیەکە ئەخرێتە ناوکونی قایشەوە بۆ ئەوەی کە هەڵنەقلیشێ .
(چاخوچڵ) د . ووتەیەکە لە جیاتی ووتەی [خانومان] بەکار دێنرێ : فیسار کەس ئافرەتێکی [چاخوچڵ] ە واتە خانومانە .
(چاخەوکردن) د . دابەستنی ئاژاڵ بۆ قەڵەو بوونی .
(چادان) چایدان
(چادر) خێوەت
(چادرگا) د . شوێنێکە کە خێوەتی زۆری تیا هەڵدرابێ .
(چار) مەرری گوێ سپی . چارە : [چار] م نیە . چوار
(چارانچەقیلە) گوڵاڵە سوورە .
(چارپا) چارپایە
(چارپایە) شتێکی چوار پێی تەختی بەرزە لە ئاسن یالە دار وەك کورسیی لە سەری ئەنوون .
(چارپێ) ز . چوارپێ
(چارچەك) ز . پیاوی پرر چەك
(چارچیق) ز . زەوییەکە کە قورری زۆر بێ .
(چاردار) ز . دارتەرم
(چاردە) چواردە
(چارشەب) ز . سەرپێچ
(چارشەمب) با . چوارشەمە
(چارشەو) د چارشێو

(چارشێو) شتێکی چوارگۆشەی گەورەیە لە ئاوریشم‌و سورمە دروست ئەکرێ ژنان لە جیاتی بالاپۆش ئەیگرنەوە

(چارك) برنگ

(چارکولۆل)مەرری‌گوێ‌سپی‌ناوچەوانرەش

(چارگۆشە) ز . چوارگۆشە

(چارمەشقە) چوارمەشقیی

(چارۆکە) شتێکی چوار گۆشەیە ژنان ئەیگرنە کۆلیان . گیایەکە وەك بامێ بەلام ئەم نزم ترو گەلاکەی وورد ترە گولێکی زەرد ئەگرێ ئاژاڵ باش ئەیخوا . سەرپۆشی ژنان .

(چاروە) ز . چەن ئاسنێکە سەماکەر ئەی‌خەنە پەنجەیان‌و چەقەنەی پێ‌لێ ئەدەن

(چارە) رەنگ‌و روخسار : فیسارکەس [چارە] یەکی ناشیرینی هەیە . رێی دەرەتان‌و رایی‌کردنی کار : [چارە] ی خۆت بکە واتە دەرەتان‌بۆ خۆت بدۆزەرەوە

(چارەچەقیلە) چاران‌چەقیلە

(چارەررەش) بریتی‌یە لە مەردومی کولۆلی بەدبەخت .

(چارەسەر) چارەدۆزینەوەبۆ خۆرزگار کردن لە چورتمێك : [چارەسەر] م نیە یا [چارەسەر] ی خۆت بکە

(چارەك) چواریەکی شت

(چارەکردن) دۆزینەوەی دەرەتان

(چارەکە) چارۆکەی گرتنە کۆل

(چارەگران) شتی‌ناشیرینی ئێسك‌قورس

(چارەنووس) بەخت‌و ناوچاوی‌مەردوم بە چاکیی یابە خراپی : هەرچیم بێتەرێ [چارەنووس] ی خۆمە .

(چارەوا) مایین‌و ئەسپ

(چارەوێ) چارەوا

(چاریی) چارەك

(چاریچی) ز . چەرچیی

(چاریك) ز . چارەك

(چازوو) ز . فیلباز

(چاشبوون) سەرسوررمان لەکارێك

(چاشت) هـ . چێشت

(چاشتن) هـ . چەشتن

(چاشتێنگا) د . چێشتەنگاو

(چافکەر) ز . مەردومی چاوپیس

(چاق) با . چاو

(چاقك) با . چاویلکە

(چاقۆك) ز . بەرچاقك

(چاقیچیچەکی) با . جۆرە ترێیەکە

(چاقیگایی) با . جۆرە ترێیەکە

(چاقینووك) ز . چافکەر

(چاق) ز . لاق

(چاقۆ) چەقۆ

(چاك) شتی باش و پەسەند . داوێن

(چاکبوون) باشبوونی شت کە خراپ بووبێ . چاکبوونەوە

(چاکبوونەوە) باشبوونی شتێك کەخراپ بووبێ بەرەبەرە لەسەرخۆ .

(چاککردن) باشکردنی شتێك کە خراپ بووبێ . بریتییە لە ئەسپ خستنە سەر ماین .

(چاککردنەوە) باشکردنی شتێك کە خراپ بووبێ بەرەبەرە

(چاکڵ) دارێکی دوو پەلە سەری گوریسی پێئەبەسترێ و تەنگەی ووڵاخی پێ ئەدرێ لەسەر بارەوە

(چاکڵە) چاتۆڵو خانووی بچکۆلە . چاکڵ .

(چاکوچۆنی) هەواڵپرسینی ناسیاو

(چاکووچ) چەکوش

(چاکە) کردەوەی باش

(چاکەت) جۆرە کاڵایەکی قۆل دارە لەسەر پانتۆڵ یا کەواوە لەبەر ئەکرێ

(چاکەکردن) کردەوەی باش لەگەڵ مەردوما .

(چاکەل) قلیشی ئەملاو ئەولای داوێنی کەواو هێندێ کاڵای تر .

(چاکەڵ) چاکەل

(چاکیتی) بوونی شت بە چاك

(چاکی) چاکیتی

چاگە) هـ لەوێ

(چاڵ) ز جەواڵ

(چاڵ) جێگای نزم و نەوی لەزەوییە قوولکە

(چالاق) ز سەرشۆرك

(چالاك) گیانداریئازای بەدەستوبرد

(چالاکی) دەستوبردیی و ئازایی

(چاڵاو) بیری ئاو . گۆل

(چایلا) چالیی

[چالچالان] د . یاریی چالێن

[چالك] ل . دنگ

[چالمە] د . کیسەی تووتنی نێرگەلە

[چالوچۆڵ] شوێنی بەرزو نزم لەزەوی

(چالۆك) تەنگز

(چالوێنك) چالێکە ئاویادۆی تێئەکرێ بۆ ئەمەی کەسەگ لێی بخواتەوە

(چالەبەفر) چالێکی تایبەتی گەورەی قوولە لەکێو ، لە زستانا پرر ئەکرێ لە بەفرو دائەپۆشرێ بۆ هاوین .

(چالەچەقیلە) چارەچەقیلە

(چالەقووتە) چالێکی بچووکی کەمی

قووڵ لە زەویی .

(چاڵەکە) دەعبایەکی قەڵەوی پانکەڵەی چوار پێیە گۆشتی ئەخورێ .

(چاڵێن) جۆرە یاریی یـەکە منا ٚن چاڵێك هەڵئەکەن گوێز یا بادام یا شتی تری تێفرێ ئەدەن ئەگەر جووت یا تاقی تێکەوت لایەکیان ئەیبەنەوە .

(چاڵیی) شوێنی نەویو چاڵ

(چان) جۆرە چەپـەرێکی شـووڵیینە خەرمانی پێئەکوترێ . جۆرە چەپەرێکی‌سێ سووچی شووڵیینە بە گوریس بەناو جۆگەدا رائەکێشرێو جۆماڵی پێئەکرێ . زەنگێکە بۆ ئاگاداریی کردنەوە لێئەدرێ

(چاندن) وەشاندنی تۆو بە زەوییەوە

(چاندنیی) ز . کشتوکاڵ

(چانفدا) ز . جانفیدا

(چانکۆچ) ز . زەنگی گاوران

(چانن) د . چاندن

(چانە) ه . چاگە

(چاو) ئـەندامی بیینین لـە هەموو گیاندارێك . تووڵی تەرر کە پێچرابێ بە شتێکا [ز] .

(چاوان) ز . چۆن

(چاوانە) چاڵاو

(چاوئێشە) چاوێشە

(چاوباز) چاوباشقاڵ

(چاوبازە) گیایەکی دررکاویی بازەڵەی بەهارییە گوڵێکی سپی دەرئەکا .

(چاوبازیی) چاوبررکێ

(چاوباشقاڵ) پیاوێك یا ژنێکە بـــە ناپاکی تەماشای یەکتر بکەن

(چاوباشقاڵی) تەماشا کردنی پیاووژن بۆ یەکتریی بە ناپاکیی

(چاوبرر) کەسێکە چاو ببررێ

(چاوبررکێ) تەماشا کردنی پیاو و ژنێك بۆ یەکتریی بە ناپاکیی لەگەڵ چاو لە یەك هەڵتەکاندنیان .

(چاوبررین) برریینی چاوی پێڵوودارو موودار لە ناوەوە .

(چاوبرسیی) بریتیییە لە کەسێك کە بەرچاوی تەنگ بێ لەشتی خواردنا

(چاوبز) چاوزەق

(چاوبۆرە) گیایەکی دررکاویی بەهارییە وەك چاوبازە وایە بەڵام ئەم بۆرەو ناخورێ

(چاوبۆق) د . چاوزەق

(چاوبەرەژێر) بریتیییە لـە مەردومی تەرریق بەرامبەر بە یەکێك .

(چاوبەرەوژێر) چاوبەرەژێر

(چاوبەس) چاوبەست
(چاوبەست) دەسرۆکەیەکی تایبەتی‌یە چاوی منالی پێ ئەبەسترێتەوە . بریتی‌یە لە هەڵخەڵەتاندنی یەکێك لە کارێکا : ئەم قسانەی تۆ [چاوبەست] ن . بریتی‌یە لە مەردومی دەستبرر : فیسارکەس پیاوێکی [چاوبەست] ە
(چاوبەستی) هەڵ فریوانو هەڵ خەڵەتاندنی مەردوم : فیسار کەس زۆر [چاوبەستی] ئەکا لە مەردوم .
(چاوبەسی) چاوبەستی
(چاوبەن) چاوبەند
(چاوبەند) چاوبەست
(چاوبەندی) چاوبەستی
(چاوبەنی) چاوبەندی
(چاوپۆشان) د . چاوپۆشی
(چاوپۆشی) بریتی‌یە لە بووردنی تاوانی یەکێك
(چاوپۆشین) چاوپۆشی
(چاوپاخشاندن) تەماشاکردنی شتێك بە خێرایی .
(چاوپێکەفتن) چاوپێکەوتن
(چاوپێکەوتن) چاوکەوتن بەشتێك
(چاوپێ‌هەڵهێنان)تەماشاکردنی مەردوم بە چاوی پیس و دڵی پیسەوە بۆ زیان پێگەیاندنی .
(چاوپیس) کەسێکە کە چاو بە هەر شتێك هەڵبێنێ زیانی پێ‌بگەیەنێ
(چاوتاریك‌بوون) بریتی‌یە لەتووررە‌بوون
(چاوترسێن) بریتی‌یە لە گەورە یەك کەلە ماڵا لێی بترسن .
(چاوتروکاندن) تروکاندنو بەیەکا دانی چاو .
(چاوتروکانن) چاوتروکاندن
(چاوترەکاندن چاوتروکاندن
(چاوترەکانن چاوتروکاندن
(چاوتەرربوون) بریتی‌یە لە گریان
(چاوتەنگ) بەرچاوتەنگ
(چاوتێبرر کەسێکە چاو ببررێتە یەکێك بۆ وورد بوونەوە لە گوفتاروکرداری [رقیب] .
چاوتێ‌برریین تەماشا کردنی شتێك وچاو لێ نەتروکاندنی .
(چاوتیژ کەسێکە کە چاوی زۆر هەنا بکات .
چاوچلە) د . چاوپیس . بازیی بەندێکە کە نوشتەی چاوەزاری تێ ئەکرێ
(چاوچنۆك چاوبرسی

(چاوچوونەخەو) خەولێ کەوتن
(چاوچەپوچێل) چاوچەپو راست
(چاوچەپورراست) مەردومی خێل
(چاوچێل) د . خێل
(چاوحیز) بریتی‌یە لە یەکێك کە رووی نەیەت چاو هەڵبررێ
(چاوحیزکردن) بریتی‌یەلەچاوداخستن لەشەرما
(چاوحیزیی)سەرشۆرریی‌وشەرمەزاریی
(چاوداخستن) بریتی‌یەلەشەرمەزاربوونی یەکێك .
(چاوداریی) د . چاودێریی
(چاوداگرتن) اشارەکردن بەچاو
(چاوداگیرسان ، چاو هاتنە ئێش بە کوتوپرریی .
(چاوداگیرسێن چاووگی ئاگر
(چاودەرپەرراندن)بریتی‌یە لە توورره بوون .
(چاودێر)کەسێکە ئاگاداریی‌شتێك‌بکا
(چاودێریی) ئاگاداریی کردنی شتێك
(چاورراو) چاووراو
(چاوررۆشن کەرە) چاودا گیرسێن .
بریتی‌یە لە شتێك کە هۆی چاوررروونی بێ
(چاوررۆشنیی) چاوررروونی .
(چاوررووان)بریتی‌یەلەزۆرچاوەرروانی
کردنی کەسێك بۆ شتێك : [چاووم‌رروا] فیسارکەس هەر نەهات
(چاوررروونیی)پیرۆزیی‌کردن‌لەیەکێك‌و ووتنی [چاووت رروون] پێی لەکاتێکا کە خۆشەویستێکی هاتبێتەوە لە دوور
(چاوسپیلکە) چاوبازە
(چاوسووتك) د . چاوپیس
(چاوسوور) کەسێکە کە پشتیوانو گەورەی یەکێك بێ : فیسارکەس [چاو سوور] ی فیسارە .
(چاوسوورکردن)د. چاوسوورکردنەوە
(چاوسوورکردنەوە) بریتی‌یە لە هەررەشەکردن لە یەکێك
(چاوسوورکەر) چاوسوورکەرە
(چاوسوورکەرە)گەورەو سەرپەرشتیی کەری یەکێك
(چاوشارکێ) یاریی‌یەکی منالاْنەیە یەکێکیان چاو ئەقووچێنێ‌و ئەوانی تر خۆیان ئەشارنەوە .
(چاوشارەکێ) د . چاوشارکێ
(چاوشلکانێ) چاوشارکێ
(چاوشۆر) شووشەیەکە دەمەکەی بە قەد دەمی چاوێکە ئاوی تێ‌ئەکرێ‌و چاوی پێ ئەشۆرێ

(چاوشۆرر) چاوحیز

(چاوشۆررکردن) چاوحیزکردن

(چاوشۆرری) چاوحیزی

(چاوفررین) لێدانی دەماری چاو

(چاوقایم) بریتی‌یە لە یەکێك کە چاوی لە هیچ نەترسێ

(چاوقایمی) بریتی‌یە لە ئازایی و لە هیچ نەترسان .

(چاوقرتانن) د . چاو داگرتن

(چاوقرتکێ) د . چاوقرتانن

(چاوقووجاندن) د . چاوقووچاندن

(چاوقووجانن) د . چاوقووچاندن

(چاوقووچاندن) نووقاندنی چاو . بریتی‌یە لە چاوپۆشیی لەشتێك

(چاوکردن) بەدیی‌کردن

(چاوکردنەوە) بریتی‌یە لە شارەزا بوونو بەڵەد بوونی یەکێك .

(چاوکوتکە) گیایەکی گەڵا خرری گوڵ زەردە .

(چاوکە) د . چاوگەی کانی . دەستە چیلە .

(چاوکەڵەشێر) د . چاوکەڵەشێرە

(چاوکەڵەشێرە) تۆوی‌گیایەکە دەنکەکانی سوورە وەك چاوی کەڵەشێر

(چاوگە) سەرچاوە چاووگی ئاگر دەلاقەی برین

(چاوگەداکەوتن) دەمدانەوەو قووڵ بوونی برین

(چاوگەرمکردن) بریتی‌یە لە سەرخەو شکاندن

(چاوگێرران) بەملاو بەولادا روانین بۆ شتێك

(چاولەدوا) شتێکی خۆشەویستە کە لە دەست تۆ چووبێ‌و چاووت هەر لە دوای بێ .

(چاولێبررین) د . چاوتێبررین

چاولێکەریی .

(چاولێزکردنەوە) مۆرربوونەوە لە یەکێك

(چاولێقووچاندن) چاوپۆشیی لەیەکێك

(چاولێکردن) لاسایی کردنەوەی‌یەکێك لە شتێکا .

(چاولێکنان) بریتی‌یە لە نووستن یا مردنی یەکێك .

(چاولێکەریی) چاولێکردن

(چاونەترس) چاوقایم

(چاونەترسیی) چاوقایمی

(چاونەزیر) مەردومی رژد

(چاووڕراو) قسەی باش یا خراپ بڵاوکردنەوە دەربارەی شتێك

(چاووگ) تەڵاش و پووشێکە کەئاگری پێ بکرێتەوە . سەرچاوە . مصدر

(چاوە) سەرچاوە . رووپامایی

(چاوەچاو) چاوەڕروانی کردن بۆشتێك

(چاوەدوا) د . چاولەدوا

(چاوەڕراو) چاووڕراو

(چاوەڕروان) کەسێکە کە هیواداری شتێك بێ و چاوەچاوی بۆ بکا

(چاوەڕروانیی) چاوەچاووبەتەمابوونی شتێك .

(چاوەڕرێ) چاوەڕروان

(چاوەڕرێگە) د . چاوەڕرێ

(چاوەزار) ئازارو زیانێکە کەلەچاوی پیسەوە بەشتێك بگا . موفەڕرکێکە کە بۆ چاوەزار هەڵئەگیرێ .

(چاوەش) شایەرو دەهۆڵ و زووڕرنا ژەن . کەسێکە لە پایەی سەربازیی‌دا بیست سەربازی بەدەست بێ .

(چاوەقووڵە) دەردی رشانەوە

(چاوەنداز) چەشمەنداز

(چاوەنوارر) چاوەڕروان

(چاوەنوارریی) چاوەڕروانی

(چاوەنووڕر) چاوەڕروان

(چاوهەڵێتن) د . بڕروایی هاتن بۆ تەماشا کردنی شتێك . چاوکردنەوە

(چاوهەڵتەکاندن) ئیشارە کردن بەچاو

(چاوهەڵتەکانن) چاوهەڵتەکاندن

(چاویار) د . چاودێر

(چاویاریی) د.چاودێریی .چاوەڕروانیی

(چاوێریی) چاودێریی

(چاوێشە) دەردێکە تووشی چاو ئەبێ و گل ئەکا .

(چاویلکە) دوو شووشەیە لە چوار چێوەدا ئەکرێتە چاو بۆ شت بینین یا پاراستنی چاو لە تەپوتۆز . برینێکە لەلەش پەیدابووبێ و چاوگەی داکەوتبێ .

(چاوێنی) چاوەزار

(چای) سارد [ل] . چایی

(چاپالوون) ل . چاپالێو

(چایخانە) چاخانە

(چایدان) قۆریەی چا

(چایگ) د . سارد

(چایمانی) د . باپەرربوون

(چایەر) لەوەرر

(چایی) گیایەکی گەرمیانیە گەڵاکەی بە ووشکی لێ ئەنرێ و بەشەکرەوە ئەخورێتەوە

(چایچی) کەسێکە پیشەی هەر چا لێنان بێ .

(چایین) د . سەرمابوون

(چپاندن) چپەکردن

(چپانن) چپاندن

(چپچپ) ز . دەنگی تکەی ئاو

(چپە) قسەکردن بەسرپە ، [چپەچپ] چپەی یەك لەدوای یەك ، [چپو هوورر] چپەچپی زۆر

(چت) شت

(چتۆڤ) ز . ووتەی پرسیار لە چۆنێتی شت : [چتۆڤ] ی واتە چۆنی؟!

چتوور) د . چتیر

(چتیر) بێچووی بزن لە تەمەنی یەك ساڵەوە تا دوو ساڵە

(چچك) با . مەمك

(چخ) چغ

چخە) چغە

(چر) ز . شتی لینجی کەشدار

(چرا) شتێکە بۆ رووناك کردنەوەی شوێنێکی تاریك دائەگیرسێنرێ

(چرابوون) فێربوونی ساوا بۆخواردنی لەوەرر .

(چراخ) گیانداری بەدەماخ . کشتوکاڵی باشی نازاو

(چراخان) چرای زۆری داگیرساو لە شوێنێك .

(چرادان) شوێنێکی تایبەتییە کەهەر چرای تیادابنرێ . قوتیلەی چرا .

(چراغ) ز .قوتابییەکەکەپێیبخوێنێت و رەووشتو خووی فێر بکەیت

(چراکەران) د.کاتێکە کەچرای تیادائەگیرسێ

(چراووشیی) د . دەستەچرا

(چراو) ه . چرا

(چراوڵە)چیلکەیەکیپچووك یا پووشێکە کە مناڵ سەرەکەی داگیرسێنێو یاریی پێبکا

(چراووك) چۆڵەچرا

(چرپ) د . دزیین

(چرپاندن) چرپە کردن بە گوێی یەکێکا . دزیین [د]

(چرپانن) چرپاندن

(چرپایە) چارپایە

(چرپوچاپ) چاپوگووپ . دزیی [د].

(چرپە) قسەکردن بەسرپە . دەنگی پێی زەلام کە سووك بررواو چاوت تێوە نەبێ ، [چرپەچرپ] چرپەی یەك لەدوای یەك ، [چرپو هوورر] چرپەچرپی زۆر

(چرپی) دارێکی داچەقاوە کە لقی

مێوی‌خرابێتەسەر[ز] . زەلو هەڵاشی‌ناوبان
(چرتوون) ز . دۆزەقەی ئاش
(چرتیین) ز . دررانی کاڵا
(چرچ) شتێکە کەلوچی تێ‌کەوتبێ
(چرچە)جۆرە‌ترێ‌یەکی‌توێکڵ‌ئەستووری
درێژ کۆلەیە بە رەنگ هەر لەبەرسیلەئەچێ
(چرچ‌هەڵاتن) چرچ‌بوونی شت
(چرچ‌هەڵهاتن) چرچ‌هەڵاتن
(چرچیان) د . چرچ‌بوون
(چرر) دارو درەختی زۆری بەیەکا
چوو.چارە : [چرر]وچاوی‌خواتەوە.ووتەیەکە
بەکار دێنرێ لـە جیاتی ووتەی [بێژ] :
گۆرانی [چرر] واتە گۆرانی بێژ [د]
(چرراندن) بانگ کردن
(چررك) دۆشاوی دووجار کو و
خورماو رۆنێکە لـە جیاتی هێلکە پەنیری
تازەی شیرینی تێ‌کرابێ . چێرگ
(چررنووك)بەنینۆك‌شت‌بریندار کردن
(چرروچاو) ووتەیەکە لـــە رووی
سووکی‌یەوە بەکار دێنرێ لە جیاتی ووتەی
دەم‌وچاو : چرروچاوی خواتەوە .
(چرروچەنە) د . چرروچاو
(چررە) بەیەکاچوونی مەردوم لەبەر
زۆری [illegible]یشەڵان

(چررەبەندان) کۆبوونەوەی مەردومی
زۆر لە شوێنێکا بە نارزێکی
(چررپین) بانگ‌کردن . هۆرەکردن
(چرك) چڵك [ل] . چەکەی هەلاج .
چێرگ [ز] . شاهۆ .
(چرکاندن) تەقاندنی دەمانچەوتفەنگ
بەبێ فیشەك . کردنەوەی لۆکە [ز]
(چرکن) چڵکن
(چرکە) جۆرە دەنگێکە وەك دەنگی
سەعات یا بن‌میچ ، [چرکەچرك] چرکەی
یەك لەدوای یەك ، [چرکوهوورر] چرکە
چرکی زۆر . دۆشاوی دووجار کوڵاو .
جووڵە : [چرکە] نەکەیت ، [چرکەکردن]
جووڵانەوە .
(چرکیان) د . چرکە
(چرکیانەوە) د . جووڵانەوە
(چرۆ) گۆپکە
(چروسکە) تریسکە
(چرووسان) لاوازبوون لەبەر خەفەت
خواردن یا کاری زۆر کردن : فیسارکەس
زۆر [چرووساوە] واتە لاوازبووە
(چرووسانەوە) چرووسان
(چرووساو) گیاندارێکە چرووسابێ
(چرووساوە) چرووساو

(چرووك) مەردومی رژدی پیسکه . شتی ناقایم : ئەم چیتە [چرووك] ە
(چرووکان) د . تررووکاندن
(چرورکه)د . دەنگێکه لەچرووکاندنەوە پەیدا ئەبێ .
(چروونەك) ز . پلوسك
(چریائێکیی) با . تشرینی یەکەم
(چریاپاشیی) با . تشرینی دووهەم
(چریسکه) تریسکه
(چرێش) سرێش
(چریك) چیکەنە
(چریکه) دەنگي زۆر تیژی بەرز [چریکه چریك] چریکەی یەك لەدوای یەك ، (چریکوهوورر) چریکه چریکی زۆر . جریوەی چۆلەکە [د] .
(چز) چزوو . کلك [د] .
(چزان) کەوتنی شوێنێك له ئەندامله ئاگر یا له شتێکی داخ : دەستم [چزا] به ئاگرەکەدا .
(چزاندن) نانی شتێکی داخ بـــه ئەنداما . پێوەدانی چزوودار
(چزانن) د . چزاندن
(چزپێدان) د . بریتیـیـه لـه درێژ کردنەوەی قسه

(چزکردن) کووژاندنەوەی نوسراو به هێنانی خەت بەسەریا .
(چزلیك) بەزودووگیبه ئاگرهەڵکزاو
(چزوو) نووکێکی تیژه به کلکی دووپشکو هەنگو زرردەواڵەو زەردەزیررە وەبە هەر گیاندارێکیا بچەقێنێ ئیشێکیزۆری پێ ئەگەیەنێ .
(چزه) جۆره دەنگێکه ووك دەنگی گۆشـــتی سوورەوە کراو لەسەر ئاگر ،
[چزەچز] چزەی یەك له دوای یەك ،
[چزوهوورر] چزەچزی زۆر
(چزەپێڵه) دووپشکی نەزۆر زلی نه زۆر پچووك
(چزەوپێڵه) چزەپێڵه
(چزەلێهەستان) بریتیـیه له ئازار یا زیانێکی کوتوپرری بەیەکێك
(چزەلێهەستاندن) بریتیـیه له پێوەدانی چزوودار به گیاندارەوە . بریتیـیه لەئازار یا زیان گەیاندنێکی کوتو پرر بەیەکێك
(چزەلێهەڵسان) چزەلێهەستان
(چزەلێهەڵساندن) چزەلێهەستاندن
(چزیان) د . چزان
(چزیلك) چزلیك
(چش) ووتەیەکه بەکاردێنرێ له کاتی

دڵگیربوون لە شتێكو قیروسیا لێ کردنی:
[چش] بائەو کارە وابێ
(چشت) شت .
(چغ) ووتەیەکە سەگی پێ دەرئەکرێ
(چغاچغ) ز . گێررانـەوەی دەنگی
هێندێ باڵندە
(چغلۆبەد) مەردومی زبان بەد
(چغە) چغ
(چف) د . چغە
(چفاندن) د . چغە کردن
(چفانن) د . چفاندن
(چفە) قسـەکردن بەسرپە ، [چفە
چف] چغەی یەك لەدوای یەك
(چفات) ز . کۆمەڵ
(چفیك) ز . چۆلەکە
(چق) ز . لقی درەخت
(چقاس) ز . ووتەیەکە بەکار دێنرێ
لەجێی ووتەی [چەند]
(چقڵ) درركی تیژی رەقی گەورە
(چقە) گرێیـەکە لـە قاچی هێندێ
باڵندەدا . پەررێکە پاشایان ئەیکەن بەسەریانا
(چقەچق) ز . گێررانـەوەی دەنگی
جوولانی هێندێ شت .
(چك) کەمێك لە شتێك : [چك]ێك
ئاو واتــــە کەمێك . شەپازللە [د] .
دڵۆپێك لە شتی شل
(چكان) ووشـك بوونی ئاوی بیرو
کارێز [ز] . تكان .
(چكاندن) رواندنی شت [ز] . تكاندن
(چكاندەرە) جۆرە یارییەکە
(چكانەوە) مانەوەی شتی شل لەسەر
ئاگر بەرەنگێك کە خەست وە ئاوەکەی
کەم بێتەوە .
(چكچكە) شوێنێكە لە شاخ کەدڵۆپ
دڵۆپ ئاوی لێ بێتە خوارەوە .
(چكرم) شتێكە بە قنجی بەزەوییدا
چەقێنرابێ .
(چكڵەچزێ) بریتییە لە پەیا کردنی
شت بە کەمو کووررییی وەبە رەنجی‌شانو
و ئارەقی ناوچەوان
(چكمەساو) باقەیەکی گەورە لەگیا
(چكۆلە) پچكۆلە
(چكۆڵە) چكۆلە
(چكە) تكە ، [چكەچك] تكەتك .
چك [د] .
(چكەکردن) تكەکردن
(چكەلە) پچكۆلە
(چكەڵە) چكەلە

(چل) ناوە بۆ ژمارەیەك كە چوار جار دەیە .
(چڵ) لقی درەختو گیا
(چڵاسك) د . چلۆسك
(چڵاك) د . نمام
(چلانن) د . دەرسكردنی شتێك و ئامادەكردنو ووردكردنەوەی . شێلان
(چلاو) جۆرە پلاوێكی سووكە بۆ نەخۆش ئەكرێ لە جیاتی رۆنی رووتئاوو رۆنی بەسەرا ئەكرێ .
(چلبەردە) هەستانو دانیشتن چل جار لەسەر یەك لە ماوەی هەنگاوێكا بۆ هەڵ گرتنو دانانی بەردێك لە چل بەرد تا تەواو ئەبێ .
(چلپانن) د . چەكاندنی مەمك . دەنگی ئاو خواردنەوەی سەگو پشیلە
(چلپاو) قورراوو پیساو
(چلپولیس) د . دەنگی لستنەوەو هەڵلووشینی شت
(چلپە) خواردنێكە بەچاوچنۆكیی و روو هەڵماڵراویی پەیدا بكرێو بهێنرێ بە لچا . دەنگی خواردنو هەڵلووشینی ، [چلپەچلپ] چلپەی یەك لە دوای یەك .
(چلتووك) ز چەڵتووك

(چلچرا)چەن پارچە ئاوێنەیەكەئەگیرێتە تەنەكە و چرای پیا ئەكرێ بۆ رووناكیی
(چلچنگ) ه . شانە
(چلچەنگ) چنگاڵێكە ئەكرێ بە تەڵەوە بۆ ئەوەی ئەگەر نێچیرەكە برراوو تەڵەكە بیا چنگاڵەكە لەشتێك گیر ببێ تا راوچییەكە ئەیگاتێ .
(چلفررە) گۆشتی سووررووەكراو
(چڵك) چەوریی و پیسی ئەندام كێمو زووخی برین .
(چڵكاو) ئاوێكی لێلی چەوری پیسە لە شتی چڵكنی شۆراو پەیدا ئەبێ
(چڵكاوخۆر) بریتییە لە مەردومی پاشماوە خۆر
(چڵكمردە) د . شتێكی چڵكنە كە ناپوخت شۆرابێ
(چڵكن) شتێكە كە چڵكی زۆری پێوەبێ
(چللە) ز . چلەی هاوینو زستان
(چڵم) تەررییەكی سوێرو لینجە لە لووت پەیدا ئەبێ .
(چلمسین) ز . سیس بوونی گوڵ
(چڵمن) گیاندانێكە كە چڵمیزۆری بێ
(چڵمەلەتە) د . ناوكی میوەیەكەیەشتا كاملَ نەبووبێ

(چلمێردە) نیرگەیەكو چەن دیرەگێکە
کە درایێتە ژێر بانێك بۆ بەرز کردنەوەی .
(چلمیرە) ز . پشکۆڵی دەرگا
(چلۆ) ز . گەڵای دار بەرروو کە
هەڵگیرابێ بۆ زستانی ئاژاڵ
(چڵۆسك) سەرەبزووت
(چلوفل) مەردومی نەوسنی چڵێس
(چڵۆك) چڵەپۆپەی دار
(چلۆن) ووتەی پرسیار لەچۆنێتی‌شت
(چلۆنها) ووتەیەکە بەکار دێنرێ لـە
جێی ووتەی [دەگمەن) : بە رۆژ نانووم
مەگەر [چلۆنها]
(چلوورە) سەهۆڵێکە کە زستانان بە
گوێسووانەو شوێنی بەرزا شۆرر ئەبێتەوە .
جۆرە خواردەمەنی‌یەکی ساردو شیرینە بە
پارچە تەختەیـەکی باریكو تەنکەوە هەر
دانەی لە رەنگێکە .
(چلووك) د . مەردومی چڵکنی پیس
(چلە) ناوە بۆ چل رۆژ لە ناوەرراستی
هاوینو زستانا . ناوە بۆ مانگی کانوونی
دووهەم . رۆبنی چل رۆژە بەسەر بوونی
مناڵێکا یا مردنی یەکێکا یا هێنانی بووکێکا .
چل رۆژە کە لە جێگایەکی تایبەتی‌دا هەر
خوا پەرستیی تیا بکرێ .
(چلە) چڵەگە . زیادە خۆریی کردن .
ترووکەو هەنایی چاو : [چڵە] ی چاوی
دێ واتە بە ئاستەم چاوی ترووکە ئەکا[د] .
(چلەبرر کردن) هاتنەوەی حاجی‌لەق
لەق لە چلەی زستانا : ئیمساڵ حاجی‌لەق .
لەق [چلە برری کردووە]
(چڵەپایە) دیلانێ
(چلەپچووك) چل‌رۆژ لە بەشی دوایی
زستانەوە .
(چڵەپۆپە) شوێنی هەرەبەرز لە درەخت
(چڵەچڵ) د . نێڵەنێڵی ئاگر
(چلەخانە) شوێنێکە چلەی تیا بگیرێ
بۆ خواپەرستیی
(چلەدار) مناڵێکی تازە بووە کەچلەی
نەچووبێ . زەیستانێکە کە چلەی نەچووبێ
(چڵەدان) د . چیقڵدانە
(چڵەك) ز . چڵێس
(چڵەگە) دارێکی درێژی دووپـەلـە
ئەدرێتە بەر ئەو گوریسانەی کەبـە مێخی
دەوارەوە بەستراوون لە حەلی شل بوونەوە
یا داتـەپینی دەوارەکەدا بۆ ئـەوەی کە
گورجی بکاتەوە .
(چلەگەورە) چل‌رۆژ لەسەرەتای زستانەوە

(چلەمیین) چل‌هەمیین
(چلەوەزیی) چزلیك
(چلهەم) شتێکە کەلە پایەی چل‌دابێ
(چلهەمیین) چلهەم
(چلیان) د . دروست بوونو جێ‌بە جێ بوونی کارێك : فیسارکەس کارەکەی بۆ [ناچلێ] واتە بۆی دروست نابێ . گلان
(چلیان) د . تروو‌کانی چاو
(چلی‌چلی) ز . شەمشەمەکوێرە
(چلێس) نەوسنی چاوچنۆك
(چلێسیی) نەوسنیی
(چلیك) ز . ئاسنی سەختی ساغ
(چما) ووتەی پرسیارە وەك [بۆچی]
(چمان) چما [د] . شکانی شت [ز]
(چمچم) کالاً . کەلاًشێکە ژێری چەرم بێ .
(چمچمە) جۆرە پێلاًوێکە لە سیرمە دروست ئەکرێ
(چمچە) د . چەمچە
(چمك) گۆشەی کالاًو بەرزەو شتی‌تر
(چمکە) د . چونکە
(چمە) چما
(چنار) درەختێکی جوانی بالاًبەرزی کەلاً پانی لووس‌و پووسی راستە
(چنارەکلە) گیایەکە گەلاًی وەك‌چنار وایە بە کوتراویی ئەخرێتە سەر بالووکەو برین زوو دەری ئەکا .
(چناکە) د . چەناگە
(چناکەدان) د .چەنەدان‌وقسەزۆرکردن
(چناکەشکیاگ) د . بریتی‌یە لە مەردومی سازندە
(چناوە) ل . چەناگە
(چنجرووك) چررنووك
(چنچرووك) چررنووك
(چنچك) برێشکە . ناووکی میوە [ل] . جینچك
(چنراو) شتی تەنراو
(چنگ) پەنجەو نینۆکی هێندێ‌باڵندەو گیانداری تر .
(چنگاڵ) قولاپی ئاسن . نانی گەرمی لە رۆنی داخا گوشراو . ئاسنێکی چنگ دارە گۆشت‌و هێندێ شتی پێ هەڵئەگیرێ بۆ خواردن
(چنگانە) جۆرە چنگاڵێکە هەنگوینی پێ لە کونی بەرد دەرئەهێنرێ
(چنگاووڵ) د . چەمۆڵە
(چنگ پانکردنەوە) بریتی‌یە لە سواڵ کردن .

(چنگ قژ کردنـەوە) دەست بڵاو کردنەوە لەگەڵ کووررپی پەنجەکانا بەهۆی ئازار یا ترسەوە .

(چنگکەوتن) دەست کەوتنی شت

(چنگگرتن) چررنووك گرتن

(چنگڵە) ھ . سەبەتولکەیەکە لەقامیش یالە تووڵي باریك دروست کرابێ

(چنگڵەچزێ) چکڵە چزێ

(چنگڵەسەرە) د . سەرقۆن

(چنگنە) گیاندایکی زۆر ووردو بە ئاڵۆشە ئەداتە بنکی مووی پێیسی چڵکن . گیایەکی کە ووردی خررە ریشەی زۆرە هاوینان لـە گەنکاوا ئـەرروێ . ناوە بۆ تیرەیەك لە کورد

(چنگنەسەرە) د . چنگڵەسەرە

(چنگنیی) دەعبایەکی چنگ چنگەلە دووپشك زلترە .

(چنگەپۆپان) دەست بازیی‌و شەرره چنگ کردن

(چنگەپۆپانێ) چنگەپۆپان

(چنگەررنێ) چنگ لە زەویی گیـر کردن لەبەر ئازارێکی زۆر

(چنگەکررە) چنگەکررێ

(چنگەکررێ) سەرکەوتن بۆ شوێنێکی بەرز بەهۆی گیر کردنی چنگەوە . چنکڵەچزێ

(چنگەڵـە) ھ . باڵنـدەیـەکی بۆری کلاۆوداره لە چۆلەکە گەورەترە

(چنگەمریشکە) پێ‌مریشکە

(چنۆك) نەوسنی چاوبرسیی

(چنۆکیی) نەوسنیی‌و چاوبرسێتیی

(چنوندەر) چەوەندەر

(چنوور) گیایەکی کوێستانی بۆن‌خۆشە لە شوێت ئەچێ .

(چنەچن کردن) هەڵپەکردن بۆ پەیا کردنی شت بەسووکیی‌و ریسوایی

(چنەو) ل . ووتەیەکە بەکار دێنرێ لەباتی ووتەی [ئاناوا]

(چنیك‌چنیك) با . شتێ‌رەنگاوررەنگ

(چنین) تەنین . کردنەوەی بـەری درەخت‌و هێندێ سەوزایی : شاتووەکە یا بامێکە [بچنە] . بژاردنی دانەوێڵە [د] . پەستاوتن [د] .

(چنینەوە) کۆ کردنەوەی شتی رژاو دەنك دەنك

(چۆ) لەوێ [ھ] . دەنگێکە کەرو ئێستری پێ لێ‌ئەخورری [ز] .

(چوار) ناوە بۆ ژمارەیەك کەلــە ناوەندی سێ‌و پێنج دایە

(چوارئاوێنە)جۆرە زرێیەکی جەنگییە لەبەر ئەکرێ ، چوار تەختە ئاسنی پێوەیە ئەکەونە پێش‌وپاش‌و هەردولای ئەو کەسەی لەبەری ئەکا .

(چوارئاێنە) د . چوار ئاوێنە

(چوارپا) د . چوارپێ

(چوارپاچکە) د . چارپایە

(چوارپاڵوو) شتی ئەستووری چوار گۆشەیِ رێك « مکعب »

(چوارپایە) د . چارپایە

(چوارپووڵەکە) چوار پارچە چەرمی قەبزە نوشتەیی‌یە بۆ قایمی ئەدرێ لەراست‌و چەپی کەوش لە ئاستی جەمسەرەکانی

(چوار پەل) هەردودەست‌وهەردوقاچ

(چوارپەل‌قەویی) بریتی‌یە لەگیانداری قەڵەوی پتەو .

(چوارپێ) گیاندارێکە بەچوارپێ بڕروا

(چوارپینە) چوار پینەیە ئەدرێ لەسەر پەنجەو پاژنەی کەوش .

(چوارچابوخ) چوار چاك . چوار پێچوولەیِ بچووکە ئەکەوێتە بن‌باخەڵی کەواوە

(چوارچاك) هەڵدڕراویی چوارچمکی ئەم‌لاو ئەولای کەوا

(چوارچاو) بریتی‌یە لە پیاوێك کە دوو ژنی بێ .

(چوار چاو بوون) بریتی‌یە لە سەر لێ شێوان .

(چوار چاوکردن) بریتی‌یە لە سەر لێ شێواندنی یەکێك

(چوارچمك) چوارچاك

(چوار چنگۆڵە) رووین لەسەر چوار چنگ یا هەڵگەڕران بەشتێکا بەچوارچنگ

(چوارچەقەڵ) د . چوارچنگۆڵە

(چوارچێوە) دارێکی چوار پارچەی چوار سووچە دەرگاو پەنجەرە یا ئاوێنە یا نوسراوێکی جوان یا وێنەیەکی تێ‌ئەخرێ

(چوار خاڵ کێشان) رەش کردنی ناوچەوان و هەردوو روومەت‌و چەناگەی یەکێك بۆ ریسواکردنی

(چوارخرت) بزن‌و مەرری چوارساڵە

[د] . بریتی‌یەلەمەردومێ‌قەڵەوی‌تێکسمڕراو

(چوارخشتەك) چوار پارچەی پچووکە لە کەوا هەر دووانیان ئەکەوێتە بن‌دەستێك

(چوار خشتەکیی) چوار نیوە شیعرە کە دووایی نیو شیعری یەکەم‌و دووهەم‌و چوارەمی وەك یەك وابێ

(چواردانگ)برنجێکی‌کوتراوی‌ووردەیە لە ناوەندی پلاویی‌و خاکەدا

(چواردانگی) چواردانگ

(چواردە) ناوە بۆ ژمارەیەك کەچوارە لەگەڵ دەدا .

(چواردەخانەی رەمڵ) چواردەخانە لسەر کاغەز ئەکێشرێ رەملی پێ‌ئەگیرێتەوە

(چواردەررێیان) شوێنێکە کە رێگای زۆری لێ‌بێتەوە .

(چواردەستەکیی) هەڵگرتنی شتێك بە چوار دەست .

(چوادەمین)شتێکە کەلەپایەی‌چواردە دابێ

(چواردەهەم) چواردەمین

(چواردەهەمین) چواردەهەم

(چوار دیوار) بریتی‌یە لە خانوو : هەموو کەس لە [چوار دیوار] ی خۆیا ئەحەسێتەوە .

(چوار ررێگان) چوار ررێیان

(چوار ررێیان)شوێنێکە کەچوار رێی لێ‌بێتەوە .

(چوارسوروشت) بە چوار شت ئەڵێن کە بناغەی دروست بوونی هەموو شتێکن وەك باو ئاوو خاکو ئاگر بێ .

(چوارسووچ) شتی چوارگۆشە

(چوارشانە) مەردومی ئەستووری‌قەڵەوی داررێژراو

(چوارشەم) چوارشەموو

(چوارشەموو) رۆژی پێنجەمی حەفتە لە هەینیی بەدواوە

(چوارشەمە) چوارشەموو

(چوارشممە) چوارشەموو

(چوارقوررنە) شوێنی چوار سووچ . ناوە بۆ دێیەك لە ناوچەی پشدەر

(چوارقەد) شتێکە کە چوار جارقەد کرابێ ، [چوارقەد کردن] نوشتاندنەوەی شتێك چوار جار

(چوار قەمچ) د . کەسێکە کەمووی ریشی‌و سمێڵ‌و برۆو برژانگی کرابێ ، [چوارقەمچ کردن] تاشینی مووی ریش‌و سمێڵ‌و برۆو برژانگ .

(چوارگا) ناوەبۆجۆرەمقامێکی‌کوردیی

(چوارگۆشە) شتێکی چوار سووچەکە پانیی‌و درێژیی بەقەد یەك بێ .

(چوارلا) پێش‌و پاش‌و راست‌وچەپی هەموو شتێك .

(چوارلوو) چوالوو

(چوارمەشقان) د . چوارمەشقیی

(چوارمەشقیی) جۆرە دانیشتنێکە بە تێك پەرراندنی هەردوو قاچ بە نوشتاوەیی

(چوارمێخە) چوار سنگی داکوتراوە

بــه زەوییدا بۆ ئـەوەی کە چوار پـەلی یەکێکی پێوە بەسترێتەوە .

(چوارمێخەکێشانەوە) بەزەوییدا دانی مەردوم لەسەر گازی پشـتو بەسـتنەوەی چوار پەلی بە چوار مێخەوە بۆ سزادانی

(چوارمێردەکیی) چوارمەشقیی

(چوارناڵ) چوارناڵە

(چوارناڵە) ئاخاوتنی وولاٚخ لەناوەندی لۆقەو پرتاوا .

(چوارنان) کەسێکە لە یاریی (قەلە مرداریّ) دا دەستەی بەرامبەری تیّخستبیّ

(چوارە) د . چوارناڵە .

(چوارەم) شتێکە لە پایەی چوارابیّ

(چوارەمین) چوارەم

(چوارهەم) چوارەم

(چوارهەمین) چوارەمین

(چوارهەنگڵ) شتێکە کە چوارهەنگڵی بیّ وەك خیگەو هەمانە .

(چوارهەنگۆڵ) د . چوارهەنگڵ

(چواریەك) لە چوار بەش بەشێك

(چواریەکیی) چواریەك

(چوالوو) چالەکە

(چوالە) درەختێکە گەلای وەك بیی وایە . بەری داری چوالە .

(چوالەبادام) چوالەی ناووك شیرین

(چوالە تاڵە) جۆرە چوالەیەکی تاڵە

(چۆبەچۆ) د . بەرامبەر

(چۆپ) د . درۆ

(چۆپچۆپان) کاتی بالاٚ کردنی گیا لە بەهارا بەرەنگێکی وا کە شوان ئێوارە دار دەسـتەکەی فریّ بـداتـە ناو گیاوە بەیانی نەیدوزێتەوە .

(چۆپچۆپێن) چۆپچۆپان

(چۆپر) ز . کوێر

(چوپلمە) ز . ئازارێکە لـە سـنگی وولاٚخا پەیائەبیّ .

(چۆپیی) جۆرێکە لە هەڵپەرریین .

(چۆپیی‌کێش) کەسێکە کەسەرچۆپیی بکێشیّ

(چۆپیك) ز . مەردومی بیّعەقڵ

(چوترم) پشوودان

(چوتورمە) د . ئاشووب .

(چۆجەڵە) ریزێك قوڵفەیە بە تەختە دەوارەوە لەسـەر باری درێژیی لـە کاتی هەڵدانیا بەیەکا ئەکرێن .

(چوچڵە) قیتکە

(چۆچەك) جۆرە چەکێکی ژنانەی‌پانی پلّپلّەدارە بەلای‌راست‌وچەپی‌سەریاشۆررئەبێتەوە

(چوخ) ز . چۆغە

(چوختیی) مەردومی چەقاوەسوو

(چوخك) با . چۆغەی شاڵی لەبەرکردن

(چوخم) تاقیگی گەورەیە کە بەسەر کۆڵانێکاهاتبێتەوە ، وەسەرەکەی کرابێ بەژوور

(چوخمە) چوخم

(چوخورر) د . چەمو چوغورد

(چۆخە) چۆغەیە کەلەگەڵ رانکالەبەرئەکرێ

(چورت) وەنەوز . چوارچێوەیەکە چەن تەلێکي بەرایەڵ تێ‌هەڵکێشراوە، یەکی چەن دارێکی گردی تیایە ژمارەی پێ‌ئەکرێ . شەوژەن [ھ]

(چۆرتان) ز کەشك

(چورتاندن) د . ترووکاندنی‌پەلەپیتکەی تفەنگ‌و دەمانجە .

(چورتانن) د . چورتاندن

(چورتدان) وەنەوزە کوتێ

(چورتك) د . چورر

(چورتکە) د . چورتی حساب‌کردن

(چورتم) نووچ بردنی دانیشتوو بە دەم وەنەوزەوە . سەغڵەتیی‌و دەردی‌سەریی : فیسارکەس تووشی [چووتم] ێکی گەورە بوو

(چورتم‌بردن) نووچبردن بەدەمخەوەوە

(چورتمدان) چورتم‌بردن

(چورتە) جووڵە : [چورتە] ناکا ، واتە ناجووڵێتەوە ، [چورتە چورت] جووڵە پێ کەوتنێکە کەلە ترسەوە بێ .

(چورخ) ز . چەرخی چەقۆتیژکردن

(چورر) سپێتی شت: ئەڵێ‌ی[چورر]ی شیرە . پاسخ‌و وەرام

(چۆرر) دڵۆپێك لە شتی شل . دێ یەکە لە مەرییوان .

(چۆررانەوە) هاتنە خوارەوەی شتێکی شل لە شتێکی تر بە خوارکردنەوەی بەرە بەرە ، [چۆررە چۆرر] چۆررانەوەی یەك لە دوای یەك

(چۆرراوگە) باراناوێکە بە گوێسوانەدا بێتە خوارەوە

(چۆرربرر) ووشك بوونی ئاو لە شوێنێك کە چۆرری نەمێنێ : کانی‌یەکە [چۆرربررە] ، [چۆرربرربوون] ووشك بوونی ئاو لە شوێنێك [چۆرر برر کردن] ووشك کردنی ئاو لە شوێنێك .

(چورردانەوە) د . وەرامدانەوە

(چۆررکە) شـوێنێکە کە ئـاوی لێ پچۆررێتەوە . لوو .

(چوررنوسقاو) تررنوسقاو

(چۆررە) دەنگی چۆررانەوەی ئاو

(چۆرریان) د . چۆررانەوە

(چۆرریانەوە) د . چۆررانەوە

• (چۆرەك) جۆرە خواردەمەنی‌یەکە لە هەویر دروست ئەکرێ .

(چۆریسك) با . پرریشکی ئاگر

(چوست) گیانداری چالاك

(چوستیی) چالاکیی

(چۆش) د . ووتەیەکە وەك [هۆش] گوێ درێژی پێ‌ئەوێستێنرێ

(چوشتر) چتیر

(چوشتیر) چتیر

(چۆغان) گیایەکي بەهاریی‌یە گەڵای وەك کەرەووز وایە وەك ئەسپۆن ئەکوترێو کاڵای پێ ئەشۆرێ

(چوغڵ) بەدی چەپخوون

(چوغڵیی) بەدیی‌و چەپخوونی

(چوغورد) چەمو دۆڵی چرر

(چۆغە) جۆرە تەنراوێکی خوریی‌خاو داریی جوانی بەنرخە . جۆرە کاڵایەکی شاڵیینی چاکەلداره لەگەڵ رانکا لەبەرئەکرێ

(چۆغەبازەڵە) بزەڵە

(چۆغەررەش) بریتی‌یەلەچێشتی‌ماشی‌رەش

(چۆغەڵ) چۆغەیەکە لەگەڵ رانکا لەبەر ئەکرێ .

(چۆڤ) ز . داردەست

(چۆقاندن) هێنانە لەرزەی مەردوم لەلایەن لەرز یا ترسەوە . هەڵقرچاندن لەلایەن تاوە .

(چۆقانن) چۆقاندن

(چۆقل) ز . قاچی گیاندار

(چۆقە) دەنگی لە یەك کەوتنی دان لەکاتی لەرز یا ترس یا سەرمادا ، [چوقە چۆق] چۆقەی یەك لە دوای یەك . گررەو تەووژمی تا : تا ئەی [چۆقێنێ]

(چۆقیان) د . هاتنە چۆقە بە دەم لەرزەوە . هەڵقرچان بەدەم تاوە

(چۆقیین) چۆقیان

(چۆك) ئەژنۆ

(چۆکانیی) ز . دانیشتن لەسەر ئەژنۆ یەك‌و هەڵنانی ئەوی تر .

(چۆکدان) بریتی‌یە لە خواردنی‌شتێك بەتەواویی‌و نەهێشتنی . لەسەر ئەژنۆ دانیشتن

(چوکداان) لەسەر ئەژنۆ دانیشتن

(چوکدانەسەر) تەپدانەسەر شتێك

(چوکڵە) پارچە دارێك یاچیلکەیەکی پچووك . نووکێکی بەرزی تیژە بۆهێندێ پیت ئەنووسرێ وەك [بێ] و [تێ] کە بە دەم پیتی ترەوە بنووسرێن

(چوکڵەخییگە) پشکی هیزەو مەشکە

(چوکڵەشکێن) د . بریتی‌یە لەیەکێك کە
چەڵتووك بخاتە کاروباری ئەمو ئەووەوە
(چۆکڵەشکێنی) بریتی‌یە لە چەڵتووك
خستنە کاری مەردومەوە . چەڵەمەشکێنە[د]
(چۆك هەڵنان) دانیشتن لەسەر قاچێك‌و
هەڵنانی قاچەکەی تر .
(چۆگە) ھ . لەوێ
(چۆل) چۆڵ .
(چۆڵ) شوێنێکە کە ئاوەدانیی تیانەبێ
(چۆڵاوە) ھ . چەن دارێکی دوو
پەلن دائەچەقێنرێن‌ورایەلیان‌لەسەرهەل ئەکرێ
(چۆلبرر) رۆیشتن بەبێ رێ .
(چۆڵبوون) بەمانی ئاوەدانی لەشوێنێك
(چۆڵپەرست) کەسێکە بە تەنیا هەر
لە چۆڵا بژیی
(چۆڵپەرستیی)ژیان‌ورابواردن لەچۆڵی‌دا
(چۆڵچرر) د . هۆرەیەکە هەر لە
بیابانا ئەکرێ
(چۆلك) ز . ئاودەستخانە
(چۆڵکردن) بەجێ‌هێشتنی شوێنێك‌و
مانەوەی بە چۆڵیی
(چۆڵگە) دەشت‌و بیابان
(چۆلوسك) د . چلۆسك
(چۆلوهۆل) شوێنێکە کەلە هەموگیان
لەبەرێك خالی بێ
(چۆڵەچرا) دارێکی تەررە بەقەدگەزێك
سەرەکەی ئەکوترێ تاشی ئەیتەوە کە
ووشك بوو لە تاریکی‌دا دائەگیرسێنرێ لە
باتی چرا .
(چۆڵەچراو) ھ . چۆڵەچرا
(چۆلەکە) باڵندەیەکی بچکۆلەی بۆرە .
دارێکە بەقەد مەچەکێك ئەبێ دوو کونی
تیایە هەر کونەی چەرخێکی تێ براوە
[گورد] ی جۆلای لەسەر هاتوچۆ ئەکا
لەکاتی کارکردنا .
(چۆلەکەبکوژ) بریتی‌یە لەئادەمیزادێك
[چۆلەکەبکوژ] ی‌تیانیەواتەهیچ‌کەسێکی‌تیانیە
(چۆڵمە) قووڵایی خرار قوزرگ
(چۆڵمێ) چۆڵمە
(چۆلیی) چۆڵیی
(چۆڵیی) شوێنی چۆڵ
(چۆم) چەمی ئاو
(چۆماخ) تێلا
(چومە) ز . هیچ
(چۆمیی) چەم
(چون) د . چۆنکە
(چۆن) ووتەی پرسیار لە چۆنێتی‌شت .
[چۆنیت] ؟
(چونکو) چونکە
(چونکە) ووتەیەکە بەکار ئەهێنرێ بۆ

هۆیەتی [علت] ی شتێك بۆ شتێك : چووم بۆ بلزارر [چونکه] کارم بوو

(چونکی) چونکه

(چۆنەر) د . چەوەندەر

(چۆنەرقەند) د . چەوەندەری شەکر

(چۆنەرین) چێشتی چەوەندەر بەترش

(چۆنێتیی) بوونی شت بەجۆرێکی تایبەتی

(چونیەك) ووتەیەکه بەکار دێنرێ له جێی ووتەی [وەك یەك] : ئەگەر لەکین هەموو [چونیەکین]

(چوو) میچ

(چۆو) د . داردەست

(چوواندن) نەکردنی نوێژ لـه کاتی خۆیدا : نوێژەکەی بەیانیت [چوواند]

(چوواو) نوێژێکه کەلەکاتی خویانەکرابێ

(چووپ) ز . داگیرکردنی شت

(چووتن) ز . جوونی شت

(چووچ) ز . چووکی کورری پچکۆله

(چووچك) ز . کەوچکی ماسـتاو . چۆلەکه

(چووچیی) ز . ووتەیەکـه وەك : [چیی چیی] بۆدانیشتنی منالْ بەکاردێنرێ

(چوور) ز . مەردومی شەل . جۆره مەررنێکه .

(چووز) لقی ناسکی تازەی سەوزی درەخت . دەرختێکه موتوربه کرابێ .

(چووزاندنەوه) سۆلاْندنەوەی ئـەندام

(چووزانم) ووتەیەکه له شوینی ووتاری [نازانم] بەکاردێنرێ .

(چووزانەوه) جۆره ئازاروسۆلاْنەوەیەکه هێندێ جار پەیدا ئەبێ له لەشا : دەستم [چووزایەوه] لەکاتێکا که قەلْەشـابێ یا لووتم [چووزایەوه] لەکاتێکا که سەرما لْی دابێ ، یادەمم [چووزایەوه] لەکاتێکا که شتێکی توونتخواردبێ، (چووزەچووز) چووزانەوەی زۆر .

(چووزکردن) موتوربەکردنی درەختێك له درەختێکی تر .

(چووزه) د . چووەر .

(چووزەره) لاسکی ناسکی گیا .

(چووزەشوانه) گیایەکی بەهارییەکه ی وەك بەررەزاوانه لاسکەکەی به ناســکیی ئەخورێ .

(چووك) بریتییه لەکێری ئادەمیزاد . بچووك: من برا (چووکی) تۆم . چۆك (با) . چۆلەکه (ز) .

(چووگان) ز . گۆچان

(چوول) ل . دار

(چوولە) ز . ئادەمیزادی قشمەر

(چوون) رۆیین لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر . پەڕرینی وو خی یەکسم. تەقینی هێلکەو رژانی بۆ ناو ئاگر . دامردنەوەی ئاگری کرر : ئاگرەکە (چوو) واتە دامردەوە . تەزیین و لەگۆچوونی ئەندام لەسەرمانا : دەستم (چوو) واتە تەزیی . بوونی دراو بەرەنگێکی واکە کەلەشت کرینا لێت وەربگیرێت : ئەم دراوە (ئەچێ)یا(ناچێ . شوبهانی شتێك بە شتێك : ئەم شتە لەو شتە (ئەچێ) واتە وەك ئەو وایە .

(چوونەبەست) نەتوانینی چوون بۆ شوێنێك بەهۆی شتێکەوە : بەهۆی فیسار کەسەوە ماڵەکمان لێ چۆتە بەست ، واتە لەبەر ئەو ناتوانیین بچیین

(چوونەژێر) دان نان بە شتێکا «اقرار»

(چوونەسەر) بریتییە لە سەر گرتنی کارێك و بڕانەوەی بە ئێجگاریی .

(چوونەسەراو) بریتییە لەچوونەسەرپێشاو

(چوونەلا) بریتییە لە دروست بوونی پیاو لەگەڵ ژنیا

(چوونەوە) بەخت کردنی رەنگی شت . چوونی یەکێك بۆ شوێنێك جاری دووهەم

(چوونەیەك) کرژبوونی هێندێ تەنراو بەهۆی تەڕبوونیەوە

(چوومر) د . زۆور

(چوێ) ز . برین

(چوێدار) ز . بریندار

(چوێشکە) چۆلەکە

(چوێل) وولاخێکە هەردوو پاشووی گیرو کەوانەدار بێ وەلە رۆینا لەیەك بدەن

(چوییت) جۆرە دەرمانێکی شینە ئەکرێتە ئاوەوە متیلی سپی و هێندێ کاڵای تری تێوە ئەدرێ بۆ جوانیی

(چوییتلی) شتێکەرەنگی وەك چوییت وابێ

(چوییك) ز . چۆلەکە

(چویین) ل . چۆن

(چە) ووتەیەکە پرسیاری پێ ئەکرێ لە شتێك کە ئادەمیزاد نەبێ : [چە] ئەکەیت ؟ واتە چی ئەکەیت . پیتی بچووك کردنەوە : [باخچە ، دەریاچە] . کەچی : هاتم بۆلات[چە]لەوێ نەبوویت ، واتەکەچی[د]

(چەبت) ز . جەوت

(چەپ) لای بەرامبەری راست لە شت . ووتەیەکە هەمیشە بەکار دێنرێ لە نەفیدا بۆ جیاوازییەکی کەم لە ناوەندی دوو شتا : ئەم خانووە (چەپ) ی نیە لەگەڵ ئەو خانووەدا واتە زۆر لەیەك جیاواز

نیین . چەپڵە [د] . شتی کلاوکەنار :
فیسارکەس خانووەکەیان زۆر [چەپ] ە
(چەپاڵ) پارچە تەنراوێکی ئەستووری
کۆنی کەم نرخ .
(چەپاڵك) چەپاڵ
(چەپاڵە) پارچەیەك لەھێندێ شت :
[چەپالە] یەك بەررەم نیە . بریتیە لە
زۆرو سزای زۆردار : خوا لە [چەپالە] ی
زۆردار بــــەدوورت کا . چەپۆلە [د]
زللە [د] .
(چەپاڵەدان) بەناداں بە یەکێك کە
پەنات بۆ بێنێ .
(چەپانن) د . تەتەپاندن
(چەپاو) تالان
(چەپاوکردن) تێکداتی ئاســـایشی
شوێنێك‌و شێواندنی . تالان کردن
چەپخون) د . شەبەیخوون
(چەپخوون) گیانداری‌نەگریسی‌هاروهاج
(چەپك) دەسکێك لـە گوڵ‌و گیا
دەست پێچکێك لە خوری .
(چەپکوتان) چەپڵە لێدان .
(چەپکوتانن) د . چەپکوتان
(چەپکە) چەپك
(چەپگەرد) بریتیەلەرۆزگاری ناهەموار

(چەپکەن) د . کوێکی ئەمسەرو ئەو
سەرە ئەگری لەژێر شاخا بۆ هاتوچۆپیاکردن
(چەپل) ز . قوڵی گیاندار
(چەپڵە) بەیەکا دنی هەردوو بەری
دەست بە رەنگێك کە دەنگی لێوەبێ
(چەپلەر) مەردومی چەپە
(چەپڵەرزان) چەپـڵە لێدانی چەن
کەسێك بەیەکەوە .
(چەپڵەقوزێ) بریتیە لە دەرکردنی
یەکێك لە شوێنێك بە سووکی‌و بەقاڵەی‌دەم
(چەپڵەکوتان) چەپڵەلێدان
(چەپڵەلێدان) لێدانی چەپڵە بە بەری
هەردوو دەست
(چەپڵە لێکوتان) بریتیە لە بەدناوو
ریسواکردنی یەکێك
(چەپوچێرر) شتی خوارو گێرر
(چەپورراست) چەلیپای گاوران
هەموو شتێك کە راستو چەپ تێکپەرری‌بێ
(چەپورراستکردن) راکێشانی دەستی
راســتو قاچی چەپ ، یا دەستی چەپو
قاچی راست بۆ چاکوونی ئازاری دەماری
پشت . برینی دەستی راستو قاچی‌چەپ
یا وەکی تر بۆ سزادان
(چەپوغان) کار کردن بە نهێنی
(چەپۆك) دەست بەسەرا مالین‌لە‌گەل

کردنەوەی پەنجەکانا .
(چەپۆکان) هەردوو دەست بەزەوییدا دانی ووڵاخی بەرزە .
(چەپوگووپ) چاپوگووپ
(چەپۆڵە) دەستو پەنجەی گیاندار
(چەپۆڵەشێرە) گیایەکی کوێستانییە لقەکانی روو ئەکەنەوە یەك وەك چنگی شێر
(چەپە) گیاندارێکە کەبە دەستی چەپ کاربکا . چەپك (د). دەست بەندیووڵاخ . سەوڵی بەلەم لێخوررین (د) .
(چەپەجاخ) ئاسنێکی دەم پانی تیژی کلك دارە گۆشتی پێ قیمە ئەکرێ .
(چەپەر) دەرگایەکەبەتەیمان چنرابێ . پۆستەچی [د] . سوپەر [ز] .
(چەپەربەن) د . ملپێچ
(چەپەربەندان) بریتییە لە وێستانی چەن کەسێکی زۆر بەگردی شتێکا بەجۆرێك کە وەك توولی چەپەر بەتەنشت یەکەوەبن
(چەپەك) شوێنێکە رێی هاتو چۆی کەم تێبکەوێ . چەن جۆگایەکی کەوانەدارە رائەکێشرێ بەناو مەرەزەیەکدا کە زەویی یەکەی لێژبێ بۆ ئەوەی کە مەرەزەکە هەمووی ئاو بخواتەوە .
(چەپەڵ) شتی چڵکنی پیس
(چەپەڵووك) چەپۆك
(چەپەڵیی) پیسیو پۆخڵی
(چەپەوانە) شتی پێچەوانە
(چەپیی) جۆرە هەڵپەرکێیەکە هەر قاچی چەپی تیا پێش ئەخرێ . چەپەوانە
(چەت) کۆزەری دەغڵودان
(چەتارە) ز . کاڵای ئاوریشمیین
(چەتاڵ) دارێکی دووپەلەئەچەقێنرێو لوولەی تفەنگی ئەخرێتە سەر بۆ ئەوەی لە حەلی تەقاندنیا نەجووڵێ . دەواری پچووك . چنگاڵی ئاسن کە نانی پێئەخورێ
(چەتاڵانە) بەشێکە لە خەرمان کە ئەدرێ بەوسەرکارانەی دەغڵودان کۆئەکەنەوە بۆ خاوەنی .
(چەتان) پەردەی سەری عەررەبانەیەکە کە خەرمانی پێ ئەگوێزرێتەوە
(چەتاوەرروو) مەردومی بێ شەرمی روو هەڵماڵراو
(چەتر) شتێکە لە ژوور سەرەوە هەڵ ئەدرێ لە کاتی باران یا گەرمادا
(چەترکردن) هەڵپاچینی درەخت بۆ ئەوەی سەرەکەی وەك چەتری لێبێ . خۆ گیف کردنی قەلەموونو تاووس .
(چەترەقیی) چەترەقە

(چەترهەڵدان) بریتی‌یە لە خۆ گیف کردنی قەلەموونو تاووس

(چەتفە) چەفتە

(چەتڵەمەز) مەردومی بزێوی فێڵباز

(چەتۆر) د . قررانی زیبویـــنی زنجیرەدار . تیغي کولی ژەنگن

(چەتوو) ز . ووتەیەکە وەك ووتەی [کابرا] بۆ پیاو بەکار دێنرێ

(چەتوون) گیانداری هاروهاج

(چەتە) جەردە . پۆلیس [د] .

(چەتەکاریی) جەردەیی

(چەتەگەریی) چەتەکاریی

(چەتەووڵ) مەردومی درێژی زەبەللاح

(چەتەیی) چەتەکاریی

(چەتیو) کچی بێ‌باووك .

(چەتیوە) ئافرەتی ناکەس بەچە

(چەچ) د . چەچە

(چەچڵە) د . چەچ

(چەچە) ووتەیەکە منالی ساوا بەکاری ئەهێنێ بۆ دەست

(چەخماخ) شتێکە پلیتەی تێ هەڵ ئەکێشرێو جۆرە بەردێکی تێ‌ئەخرێوئاگری پێ‌ئەکرێتەوە . ئەستێ . بریتی‌یە لەتفەنگ : دوو سەد [چەخماخ] م هەیە

(چەخماخچی) چەخماخساز .

(چەخماخساز)کەسێکەتفەنگ‌ودەمانچە دروست بکا .

(چەخماخە) بروسکەی ئاسمان

(چەخەر) ز . نیشانەی شت کەلـە رێ‌دا بەجێ مابێ

(چەدەنە) رێحانە کێوییلە

(چەرپا) چارپایە

(چەرپایە) چارپایە

(چەرچیی) کەسێکە ووردەواڵا بەرێتە لادێو بیگۆررێتەوە بە رۆنو دانەوێڵە

(چەرخ) ئاسنێکی کەوانەدارە کەلـە سەر شان بسوورڕێتەوە . گەردشی جیهانو سووررانەوەی : چی بکەم‌لەدەست [چەرخ]ی کەچ رەفتار ؟ . تـەختەیـەکە لەسەر پـیر دائەنرێوئاوی‌پێ‌هەڵ ئەگۆزرێ . چەخماخی ئاگر کردنەوە . سەدە « قرن »

(چەرخان) سوورران .

(چەرخاندن) سووررانـدن

(چەرخانن) چەرخاندن

(چەرخ خواردن) خول خواردن

(چەرخدان) چەرخاندن

(چەرخ لەچەمەر کێشان) بریتی‌یە لە بەی دەست‌کردنو سزادانی یەکێك

(چەرخە) سووررانەوە بە کەوانەیی

(چەرخەچیی) زەلامێکە کەبۆ ئاسایش لە ئاوەدانیدا بسووررێتەوە . ئاوگردان

(چەرخەدان) سووررانەوەبەگری شتێکا

(چەرخەکردن) چەرخەدان

(چەرخەمە) جۆرەسەبەتەیەکی گەورەیە لە قامیش دروست کرابێ

(چەرخیان) د . خول خواردن .

(چەرخیی)جۆرەدراوێکی زیوینی پچووکە

(چەرخین) چەرخیان

(چەرداخ) کەپر

(چەرداوەررووو) چەتاوەررووو . ناوە بۆ تیرەیەکی کورد لە ناوەندی سنەوهەمەداندا

(چەرراگا) شوێن لەوەرر

(چەررەدووکەڵ) دووکەڵێکی رەشی زۆرە کە پۆنگی خواردیێتەوەو بە جارێك بێتە دەرەوە .

(چەرم) پێستی گیاندار

(چەرمچی) د . کەسێکە کە پێستە خۆش ئەکا .

(چەرمقیین) د . چرچو لۆچی کاڵاو شتی تر .

(چەرمگ) شتی سپیی

(چەرمگسوور) مەرری دەموچاوومل سووری لەش سپیی .

(چەرمگیی) د . سپێتی

(چەرموو) چەرمگ

(چەرمووسوور) چەرمگ سوور

(چەرمە) ھ . سپیی

(چەرمەچەقاڵتە) گۆشتی لەررولاواز

(چەرمەسەرێ) دەردی سەریی

(چەرمەڵ) سپیکەلە

(چەرمەڵانە) د . چەرمەڵە

(چەرمەڵە) چەرمەڵ

(چەرمێنە) د . سپێنەی هێلکە

(چەرمیی) ل . سپیی

(چەرمیێلە) د . چەرمەڵە

(چەرمیین) شتێکە لەچەرم کرابێ

(چەرمیینە) د . چەرمیین .

(چەرندە) گیاندارێکە کە بلەوەررێ

(چەرووەدار) ل . قەتارچیی

(چەرەخۆرە) دارێکی کولۆرەسەرێکی ئەبرێتە دۆڵیانەوەوسەرەکەیتری [کەوچکە]ی پێوە ئەبەسترێ

(چەرەز) ز . خواردنی خۆش

(چەرەس) دۆشاوو باسوق دروست کردن لەناو رەزا . چەن خواردەمەنییەکی ووشکەیە دائەنرێ لە کۆبوونەوەدا بۆ خواردن بە دەم گوفتوگۆوە .

(چەرەگە) بەرچییغ

(چەرەنو پەرەن)ووررێنە کردن

(چەریین) با . لەوەرریین

(چەس) چیە ؟

(چەسپ) سەرێك لە تلیاك . شتێك کەبە شوێنێك توندو پرر بە پرری بێ .

(چەسپان) خێرا . چەسپیین

(چەسپاندن) جێگیر کردنی شتێك لە شوێنێك . لکاندنی شتێك بە شوێنێکەوە .

(چەسپانن) چەسپاندن

(چەسپیان) د . چەسپیین

(چەسپیین) جێ گیربوونی شتێك لە شوێنێك پرر بەپرر . لکانی شتێك بەشتێکی ترەوە

(چەسن) ل . چەس ؟

(چەش) گیاندارێکی راوییەکە دەمی شیریین بووبێ بەگرتن و خواردنی نێچیر . خواردنێکە کە ئەکرێ بە تەڵەوە بۆ گرتنی نێچیر : بەرازەکە [چەش] ی بۆ دابنێ

(چەشبوون) دەمشیریین بوونی گیانداری راویی بەگرتنو خواردنی نێچیر

(چەشتن) تاقی کردنەوەی تامی شت بەزبان

(چەشتە) گیانداری چەش . چەشەیەکە ئەکرێ بەتەڵەوە بۆ گرتنی نێچیر

(چەشتەبوون) چەشبوون

(چەشتەخۆرە) چەشەخۆرە

(چەشکردن) فێر کردنی گیاندار بە راو بە دەرخوارددانی چەشە

(چەشکە) چەشە . مێلاك

(چەشکەکردن) چەشتنی خواردەمەنی

(چەشمئەناز) د . چەشمەنداز

(چەشمئەنداز) د . چەشمەنداز

(چەشمە) کانیوسەرچاوە. ئاودەستخانە[ز]

(چەشمەنداز) شوێنی بەرچاوی خۆش

(چەشمیك) ز . جۆرەدەرمانێکی چاوە

(چەشن) تەحرو جۆر : بەم[چەشن]ە واتە بەم تەحرو جۆرە

(چەشنیی) تەرەقەی دەمانجەو تفەنگ . مەزەوتام [د] .

(چەشە) خواردنێکە کە بکرێ بەتەڵەوە بۆ گرتنی نێچیر . چەش

(چەشەبوون) چەشبوون

(چەشەخۆرە) گیاندارێکە کە چەشە بخواو بەتەڵەوە نەبێ

(چەشەکردن) چەشکردن

(چەعێ) ز . چاو

(چەعفك) ز . چاویلکە

(چەفت) ل . چەوت

(چەفتە) پارچەیەکی ئاوریشمی بەسیم یابە سورمە چنراوە . داڵییت [د]

(چەفتە رریّز) ئەڵقەرریّز
(چەفتەکەل) د . گای چوار ساڵە
(چەفتەلیی) ئـەنجامەی دەرگا . جۆرە
باڵا پۆشیّکی ژنانەیەوەك چەفتەی بەسورمەچنراو
(چەفتەو شیرە) د . چەوتەو چیلە
(چەفتیاگ) د . شتی چەوتاوە
(چەفیە) چەفتەی ئاوریشمیین .
(چەفرەییی) ز . درەختێکە وەك ییی وایە
(چەق) گۆشتی لەرری لاواز . ناوەرراستی
ریّگا : لە [چەقی] ریّگا مەوەستە . دیویّکە
لە میچ . کە سێکە کەگیربێ لە کررییْنو
فرۆتنا [د] .
(چەقاڵو بەقاڵ) بریتی‌یە لە مەردومی
هەرزەی بازارریی .
(چەقالە) شتێکە وەك بادام بەلاّم ئەم
پچووکترەوە ناوکەکەی تاڵە ، خۆش ئەکریّو
ئەخوریّ .
(چەقاندن) داکوتانی شتێك بە شوێنێکا
(چەقانن) چەقاندن .
(چەقانە) د . چەقەنە
(چەقانەژەن) د.کە سێکە چەقەنەلیّبدا
(چەقاوەسوو) مەردومی بیّشەرمی چوختیی
(چەقچەقۆك) گیایەکی بەهاریی گەلاّ
خررە بەریّك ئەگریّ وەك گویّز بەلاّم پچووکترە

(چەقچەقە) چەقەنەی ئاش . گیایەکە
گەلاّی لەگەلاّ ییی باریك ترە جۆش ئەدریّو
بۆ دەنگ بەربوون ئەخوریّتەوە . قەزوان (ل)
(چەقلانقۆچ)ل . دەنگی قەزوانقرتاندن
(چەقلماست) ز . ماستاوی خەست
(چەقۆ) تیغێکی مشتوودارە دەمەکەی
ئەنوشتیّتەوە بۆ ناو مشتوەکەی .
(چەقۆگەر)کەسێکە کە چەقۆ دروست بکا
(چەقە) قسەی زۆرکردن بەبیّ هوودە،
[چەقەچەق]چەقەی یەك لەدوای یەك .
(چەقەچەناو) چەنەباز
(چەقەخانە) جێگایەکی تایبەتی‌یە بۆ
کۆبوونەوەو قسە تیاکردنی .
(چەقەسوو) چەقاوەسوو .
(چەقەڵ) دەعبایەکی کێویی‌یە لە سەگ
ئەچیّ . بریتی‌یە لەگیانداری لەرر . پێچکەی
شت : ئەو کورسی‌یە چوار [چەقەڵ]ە
واتە چوار پێچکەیە .
(چەقەن) زەویی رەقەن .
(چەقەنە) داریّکە سەریّکی ئەخریّتە
ناو [کەوچکە]ی ئاشو سەرەکەی تری
ئەخریّتە سەر دیوار وە داریّك بەناوەرراستیا
شۆرر ئەبیّتەوە بۆسەربەرداش بە سووررانەوەی
بەرداش چەقەنەکە ئەجوولیّتەوەو دان دیّتە

خوارەوە . پل تەقاندن بە پەنجەی دەست . دەرختێکە بەرێك ئەگرێ وەك بەری مۆرد [ز] . چەقەوانە .

(چەقەوانە) چوارشتە لەزەردیالە شتێکی تر دروست ئەکرێ شەکەرۆکە ئەیکا بەسەری چوار پەنجەی دەستیەوە لەکاتی سەماکردنا چەقەنەی پێ لێ ئەدا

(چەقیان) د . چەقین .

(چەقین) زەویێ رەقەن . یاریی میچێن

(چەقین) رۆچوونی شتێکی رەق لە شتێکی نەرما .

(چەقیو) شتێکە کە رۆچوویێ بە شتێکی نەرما .

(چەك) هەر شتێکە لە ئاسن دروست بکرێو جەنگی پێ بکرێ . زێررو زیوێکە ژنان بۆ جوانی ئەیدەن لە خۆیان . تۆاڵەیەك لە ئاوریشمی رەشی خاو . پێلاوی کۆنی سۆل کە ئەکرێ بەسەرپێوە . چەکەی هەلاج. باریکە پینەیەکە بدرێ لە لایەکی پێلاو بۆ راست کردنەوەی . چەرمی پاژنەی کڵاش. پارچە کاغەزێکی نووسراوی چاپکراوی تایبەتیە بە پارە ئەگۆررێتەوە لە بانق . داروبەرد [د] . مەردومی رووتوقووت [د] . حوکمی حاکم

(چەکاندن) زۆر مژینی مەمك لەلایەن ساواوە .

(چەکانن) چەکاندن .

(چەکبەردە چەکبەردە) بەگیر هێنانو بگرەو بەردە : سالارونەریمان ئەمررۆ [چەکبەردە چەکبەردە] یەکیان بوونەوسەری نەبێ .

(چەکبەند) ز . کاڵایەکی قۆڵ کورتە ئەدرێ بەسەر شاناو قۆڵی پیا ناکرێ .

(چەکدراو) کەسێکە کە حاکم حوکمی دابێ .

(چەکمە) پێلاوێکی چەرمی لاسك درێژە لە قورروچڵپاوا لەپێ ئەکرێ .

(چەکمەبوون) بریتیە لە زۆر سووتانی شوێنێك لە ئەندامو داماڵینی پێستەکەی : نەریمان قاچی وا سووتاوە [چەکمەبووە]

(چەکوپووش) د . شررەی ناوماڵ .

(چەکوچ) چەکوش

(چەکوچرردان) مژینی مەمك بەجۆرێ کە هیچی تیا نەمێنێ .

(چەکوش) ئاسنێکی لووتداری مۆدارە کلکێکی دارینی تێئەخرێ بزماری پێ دائەکوترێ .

(چەکوشکاریی) کارکردن بە چەکوش

(چەكە) دارێكی خرری لووسی دەسك دارە هەلاجی پێ ئەكرێ . مەردومی رووتە(د)

(چەكەچەك) تەكەتەك .

(چەكەرداسیی) مەردومی زەبەللاحی شەپو شۆرر .

(چەكەرە) شیینایی‌یەكە تازە سەری دەرهێنابێ .شتێكی سپی‌یە لە باسوق‌و هەنجیرو هێندی شتی تری شیرین پەیدا ئەبێ بە هۆی مانەوەیانەوە .

(چەكەرەشكێن) د . كێلاٚنی زەویی‌و هەڵكێررانەوەی بۆ ئەوەی بەهێزبێ .

(چەكەرەكردن) سەوز بوونی شیینایی‌و سەردەرهێنانی . پەیدا بوونی شتێكی سپی وەك شەكر لە باسوق‌و هەنجیر بەهۆی مانەوەیانەوە . بریتی‌یە لە دوو دڵبوون

(چەكەرەهێنان) چەكەرەكردن

(چەكەوورر) بۆچرروك

(چەل) نۆرەدانەوەی یاریی بەوكەسەی كە دۆررانیدبێتی . هەل : بەسەر ئەم [چەل]ە تەوەمەررۆ . چەل‌ومل .

(چەلاخ) ئەسپی بزێو

(چەلاك) ز . چەلاٚك

(چەلاٚك) دارێكی درێژە گوێزومازووی پێ نەتەكێنرێ .

(چەلاكە) با . قەلاٚنگ

(چەلاٚكە) چەلاٚك

(چەلاو) گۆشتاو . ئاوی سەروپێ

(چەلتك) ز . جەوالّی پچووك

(چەڵتك) چەڵتووك

(چەڵتووك) برنجێكە كە هێشتا لە پووشا بێ‌و كررە نەكرابێ

(چەڵتووك تێفررێدان) بریتی‌یە لە قسەی خراپ كردن لەكاری ئەم‌و ئەوا

(چەڵتووك جارر) د . مەرەزە جارر

(چەڵتە) سازندەیی كردن ، [چەڵتە چەڵت] چەڵتەی‌یەك‌لەدوای یەك . چۆغلیی[د]

(چەڵماس) ل . چلێسی نەوسن

(چەڵماسك) ل . چەڵماس

(چەلوچۆم‌بوونەوە) پەلاماردان

(چەلومل) كەسێكە كە بووبێ بە بار بەسەر شانتەوە

(چەلووز) ز . سوالّكەری نووزەدرێژ

(چەلە) گورێس [ل] . نۆرەكایە لە یاریی‌دا : ئەم جارە [چەلە] ی منە

(چەلەپایی) جۆرە هەڵپەرركێ‌یەكە

(چەلەك) با . رەهوان

(چەلەكوررە) هـ . باڵندەیەكی‌راوكەری گۆشت خۆرە لە واشە پچووكترە

(چەڵەم) چاکڵ . تەپەی جۆلایی

(چەڵەمە) ئیسقانێکی بارێکی دووپەلە لەبەر سنگی باڵندەدا . چاکڵ . کەشاکەش و سەغڵەتیی: یاخوا کەس تووشی [چەڵەمە] نەیەت

(چەڵەمەشکانێ) د . چەڵەمەشکێنە

(چەڵەمەشکێنە) گرەوێکە ئەکرێ بۆ تاقی کردنەوەی یادو بیر بە شـــکاندنی [چەڵەمە] ی باڵندەیەك

(چەلەنگ) لەنجەولار . جوان [ز]

(چەڵەوان) ل . یاریی چاڵێن

(چەلی) ه . گیای دەرزیلە

(چەلیپا) شتی راست و چەپ . راست و چەپێکی تایبەتی یە بەلای گاورانەوە مووفەرر کە

(چەلیی) ز . ووتـەیەکە مانگای پێ لێ ئەخورر ڕرێ .

(چەم) ئاوێکی گەورەیە کەلە چەن ئاوێکی تر پەیدا بووبێ . چاو [ه] . شتێکە کە چەوتابێتەوە [د] .

(چەم ئاخوررە) تەیمان

(چەماندن) چەماندنەوە

(چەماندنەوە) چەمانەوە

(چەمانن) چەماندن

(چەمانەوە) چەوتاندنەوەی شت

(چەمانەوە) چەمینەوە

(چەماو) چەمیلە ترۆزیی . ئاوی چەم

(چەماوە) شتێکە کەچەوتابێتەوە

(چەمبل) ز . قولفەی دەفرو شتی تر

(چەمبزلە) چەمۆلە

(چەمبەر) چەمەر

(چەمپال) ز . سەربار

(چەمپل) ز . پەلی گیاندار لە پەنجەیەوە تا بن باخەڵی .

(چەمتاوە) چەماوە

(چەمچك) کەوچك

(چەمچور) ز . جۆرە مێشێکی گەورەیە گاز ئەگرێ لەلقی ناسکی مێوو ووشکی ئەکا

(چەمچە) کەوچك

(جەمچیر) ز . ترێ رەشکە . مێلووی منال

(چەمسووتەکە) چەنسووتەکە

(چەمك) د. چمك . مەعناومەبەستی شت

(چەموچوخمۆ) د . چەمو چوغورد

(چوموچوغورد) چەمو دۆڵێکە کەزۆر زەبەندو چرر بێ

(چەموخەم) د . نازونووز

(چەمۆلە) راست کردنەوەی دەست بە بلاوکردنەوەی پەنجەکانی بەرامبەر بە رووی یەکێك بۆ تەریق کردنەوەی .

[چەمۆلەگرتن] چەمۆلەنان لە یەکێك

(چەمۆلەلێنان) نانی چەمۆلەلە یەکێك
(چەمۆلەنان) چەمۆڵەگرتن .
(چەمووش) گیانداری سرکی چەتوون
(چەمە) چاوگەیەك لە خانوویالە کەپڕ.
سەرچاوە [ھ] . کەمەی بێژنگ‌و شتی تر [د]
(چەمەر) شیوەن‌و گریان بۆ مردوو
بەکۆمەڵیی . چەمەرە .
(چەمەرانە) دەھۆڵ‌و زورناییەکە لە
شیوەن‌و چەمەرا لێ بدرێ . شیوەنێکی دوو
دەستەیی‌یە دەستەیەك پیاوو دەستەیەك ژن
بەپێوە وەك ئەڵقەی چەمەرە ئەوەستن بۆ
شیوەن کردن .
(چەمەرچۆپیی) ھەڵپەڕیین بە کۆمەڵ
بەدەم گریان‌و شیوەنەوە .
(چەمەرە) دارێکە کەبە تەڕیی
چەمێنرابێتەوە بەرەنگێك کە ھەر دوو سەری
گەیشتبێتەوە یەك . ھەموو شتێك کە وەك
ئەڵقە وابێ .
(چەمەریی) د . دەھۆڵێکە کە بۆ شیوەن
لێ ئەدرێ
(چەمەسیاوڵە) ھ . قەیتەران .
(چەمەن) د . چیمەن .
(چەمەنتۆ) د . چیمەنتۆ
(چەمباگ) چەوتاوە
(چەمیانەوە) چەمینەوە
(چەمیحانی) ز . شوێنێکە درەختی
تووی زۆر تیابێ
(چەمیش) ل . کەوش
(چەمیلە) بەرروولە ترۆزیی ناسك کە
لە بەراواکرابێ .
(چەمین) چەمینەوە
(چەمینەوە) نوشتانەوەی شت بەکەوانەیی
(چەن) چەند . دەرزیی [ھ] .
چەناگە (ز) .
(چەناخ) د . چەناگە .
(چەناکە) چەناگە
(چەناگە) جەمسەری ھەروود شەویلە
لە خوار لێوەوە .
(چەناگەدان) بریتی‌یە لەزۆر قسەکردن
(چەناگە درێژ) بریتی‌یە لە چەنەباز
(چەناگە کوتان) چەناگەکوتێ
(چەناگەکوتێ) بریتی‌یە لە گیاندان
(چەنتك) با . توێشەبەرە .
(چەنچووز) ز . رژدی چرووك .
(چەند) ووتەی پرسیار لە ژمارەیا
ئەندازەی شت : پارەت [چەند] پێ‌یە ؟
یا ئەو ئاوە [چەند] قووڵە ؟ . ووتەیەکە
زۆرێتی شتێك پیشان ئەدا : [چەند] م پێ

ووتییت واتە زۆرم پێ ووتییت
(چەندان) ووتەیەکە هەمیشە بەکار دێنرێ لە نەفیدا بۆگەیاندنی شتێك کە زۆر نەبێ : فیسارکەس پارەیەکی [چەندان]ی نیە ، واتە زۆری نیە .
(چەندوچوون)گیرەگیرری زۆرلەسەودادا
(چەندوچونیی) چەندوچوون .
. (چەندە) چەند
(چەندەوەر) چەوەندەر
(چەندێتیی) ئەندازەی شت لەرووی ژمارەیا زۆرو کەمییەوە « کمیە »
(چەنسووتەکە) چێشتێکە لە ترخێنەی ووشك و ساوەر یا برنج دروست ئەکرێ
(چەنك) ز.چنگی ئلدەمیزاد.باڵی باڵدار
(چەنگ)چەند.ناوەبۆپارچەیەکی موسیقا
(چەنگاڵ) ز . چنگاڵ
(چەنگان) چەندان
(چەنگە) چەندە
(چەنگەك) د . قولاپ .
(چەنە) چەناگە
(چەنەباز) زۆربلێ . فیلباز [با] .
(چەنەبازیی) زۆر قسەکردن .
(چەنەبەچەنەوێستان) بەرامبەریی کردنی یەکێك بۆیەکێکی تر بەقسەلەرووداکردنەوەی

(چەنە چەن) چەنەدان
(چەنەدان) چەنەبازیی
(چەنەوەر) چەوەنەر . چەنەباز
(چەنەوەریی) چەنەبازیی
(چەنیی) دەرزیی [ه] . لەگەڵ (ه) . چۆنی ؟ (ه) . بۆچی (د) .
(چەو) ووردە بەردو زیخو لم .
(چەوا) با . چۆن ؟ .
(چەواشە) گیانداری سەرلێ شێواو
(چەوت) شتی لارو خوار
(چەوتاندنەوە) چەماندنەوەی شت
(چەوتانەوە) خواربوونەوەی شت
(چەوتاوە) شتێکە کە خوار بووبێتەوە
(چەوتە) با . رێگای قەدپاڵ
(چەوتەك) شەقەمێو
(چەوتەکەل) گای چوار ساڵانە .
(چەوتەو چیلەگرتنەوە) وورد بوونەوە لە شت بەرەنگێك کە جوانیو ناشیرینی ئەو شتە دەرکەوێ .
(چەوتیی) خوارییو گێرریی شت .
(چەودار) چەودەر.جامبازیرەشەوولاخ
(چەودان) گیایەکی قەفقەفە وەك گەنم بەلام ئەم دەنکی لەررە .
(چەودەر) شتێکە وەك جۆ بەلام ئەم

گیاکەی بەرزترو دەنکی لەررترە .
(چەور) شتێکە کە رۆناویی بێ ، (چەور بوون) رۆناویی بوونی شت ، (چەورکردن) رۆناویی کردنی شت .
(چەورریژ) رێگایەکە کە چەوی زۆری تیا راخرابێ .
(چەورسان) چەورستان .
(چەورستان) چەوریی : (چەورستان)م لە مالا نیە .
(چەورستانی) چەورستان
(چەورکە) جۆرە گیایەکە
(چەوروچلییك) د . شتی چلکن‌و چەور
(چەورۆکە)گیایەکی‌بەهاریی‌یە گەلاکانی بەسەر زەوییدا پان‌ئەبێتەوە ، نێرکێکی دررکاویی هەیە بە پاکراوی ئەخورێ . گیایەکی گەلا وردە گولێك ئەگرێ تۆوێکی وردی تیایە . دەسرۆکەی پچووك .
(چەورە) دەسەسرر . مەردومی بێ شەرمی هاروهاجی بەرەلا .
(چەورەسان) تۆزێك چەوری کە بکرێتە سەرهەسان . کەلە شاخ یا قوتوویەکی پچووکە دارتاش چەوربی‌تێ‌ئەکا بۆتییغ‌پێ تییژکردنەوە
(چەوریی) دووگ‌و رۆن‌یاپییوی‌ناوسك
(چەوریی‌دان) چەورەسانی دارتاش

(چەوسان)رەتان‌ومانەووبوونی‌مەردوم‌و گیاندار ، [چەوساندن] رەتان و ماندوو کردنی گیاندار .
(چەوسانەوە) چەوسان .
(چەولگ)شوێنێکەکەزییخ‌وچەوی‌زۆربێ
(چەولۆك) سەرکۆزەری دانەویلە
(چەوە) ل . چاو .
(چەوەل) پاشاخورری وولاخ .
(چەوەندەر)گیایەکی‌گەلا‌پانی‌پایزیی‌یە بنکێکی گەورەی پانی شیرینی هەیە .
(چەوەندەر بەترش) چیشتێکە دروست ئەکرێ لە چەوەندرو برنج‌و ئاوی ترش
(چەوەنەر) چەوەندەر
(چەوێل) شتی چەوتی لار .
(چەهرە) ز . چارە .
(چێ) لێرە [ه] . گیاندارێکە کە چەش بووبێ بەشتێك . شتی چاك [با] .
(چیا) کێو . سارد [ه] .
(چیاگ) ئاوێکە کە زۆر سارد بووبێ : ئاوەکە [چیاگ]ە .
(چێبوون) چەشبوونی گیاندار . چاك بوون (با) .
(چیچکان) لەسەر هەردوو پێ دانیشتن بە جۆرێك کە قنگ لە زەویی نەکەوێ .

(چیچکه) نەرمایی گوێچکە .

(چیچکەکردن) دانیشتنێکی کەم بە چیچکانەوە .

(چیچڵە) چیچکە

(چیچڵەمەچان) د . جۆرە یارییەکە منالاّن بەچیچکانەوەقونەئەکەن‌وبۆیەکتریی‌ئەچن

(جێخ) چیغ

(چێر) ژێری هەموو شتێك [هـ] . دۆست‌و برادەر [د] . شێر [د] .

(چێرت) ز . ریقنە

(چێرچێر) ز . جیرە جیرەی قەڵەم

(چێرر) د . تێرر

(چێرڕۆك) چیڕۆك

(چێرگ) باڵندەیەکی گەورەی قاچ‌و مل درێژە لە قەلەموون ئەچێ‌و گۆشتی ئەخورێ

(چێرۆك) ز . چیرۆك .

(چێرومێر) د . دۆست‌و برادەر

(چێرە) لەوەرر (ز) . دەم‌و چاو (د). قەرەبوو (د) .

(چێژیلە) چۆلەکە

(چێشت) خواردەمەنی‌یەکە کە بە ئاگر کولاّبێ .

(چێشتانە) شتێکە لە رووی وەلیفەتەوە ئەدرێ بەپیشەگەرلە پاش ئەوەی کە کارێکت بۆ تەواو بکا .

(چێشتخان) چێشتخانە

(چێشتخانە) جێگایەکە هەر چێشتی تیا لێ بنرێ .

(چێشتکەر) کە سێکە پیشەی هەر چێشت لێنان بێ .

(چێشتن) چەشتن .

(چێشتە) گیانداری چەش

(چێشتە خۆشە) د.بریتی‌یەلەتفاقی‌چێشت

(چێشتە قولێ)کۆکردنەوەی چەن جۆرە خواردەمەنی‌یەکە لەلایەن چەن منالێکەوەو دابەش کردنیەتی لە ناو خۆیانا

(چێشتە کولێن) د . چێشتە خۆشە

(چێشتە نگاو) کاتی هەتاو گەرمبوون لە پێش نیوەڕرۆدا .

(چێشتە نوێژ)نوێژێکە‌کەلەچێشتەنگاوانا ئەکرێ .

(چێشکەکردن) چەشکە کردن .

(چێکردن) چەشکردنی گیاندار . چاکردن (با) .

(چێکلە) د . چوکڵە

(چێکنە) ل . چنینی شت بە ووردیی

(چێکە) هـ لێرە

(چێل) ز . تاوێرەبەرد

(چیل) مانگا . چەوت

(چیلك) د . داری سووتەنی

(چیلکرر) د . باڵندەی کرر

(چیلکە) داری باریکی سووتاندن .

(چیلکەچنی) کۆ کردنەوەی چیلکە بۆ چاووگی ئاگر .

(چێلەك) ز . مانگا .

(جینچك) شتێکی کەم

(چینچکە) چیچکە .

(چینچینگ) نوقورچ .

(چینراو) تۆوێکە کرابێ بە زەوییەوە .

(چینکۆ) جۆرە تەنەکەیەکی ئەستوورە. جورە چیتێکە .

(چێو) بررەدار

(چێوبەس) چێوبەست

(چێوبەست) داربەست . کە پر

(چێوتاش) د . دارتاش .

(چێوجەڵە) دارێکی خوارە بستێك ئەبێ ئەکرێ بەقوڵفەی گوریسێکا کە رەشەووڵاخی پێ بەسترابێتەوە . بەرروولەی دەوار . پێنج پارچە داری تایبەتییە ئەخرێتە ناوەندی پەنجەی دەستی تاواندارەوە بۆ ئازاردانی .

(چێودەس) د . چێودەست

(چێودەست) د . دار دەست

(چێوشەقە) د . دارشەق .

(چێوکاریی) د . دارکاریی .

(چێوکوت) د سیخناخ دارکاریی

(چۆوەتەقێ) د . گۆچان کوتانی کوێر بۆ رێگا دۆزینەوە .

(چێوەزمە) چلوورەی گوێسوانە .

(چیی) ووتەیەکە پرسیاری پێ ئەکرێ لە شت : [چیی] ئەکەیت ؟ . نیشانەی فاعیلە واتە بە هەر ناوێکەوە نرا ئەیکا بە فاعل : پیینە [چیی] ، تەنەکە [چیی] شەکر [چیی] . شت : [چیی] م پێ نیە [د] . ووتەیەکە بەکار دێنرێ لە جێی ووتەی [هێین] : [چیی] یەکەم لە بیر چوو واتە هێینەکە

(چیاو) شتی سارد

(چییت) جۆرە پارچەیەکی رەنگاورەنگە ژنان ئەیکەن بەکاڵا . قامیش بەندێکە کە لە زستانا بەگردی رەشماڵا ئەکرێ (ز) .

(چیتك) ز . لوولەی قامیش و ئاسن

(چیتۆکە) چیتی خراپی کەم نرخ .

(چیجك) با . چیچك

(چیچرك) ز . سیسرك

(چیچك) چۆلەکە [با] . مەمك . جووجەڵەی مریشك [ز] .

(چیچە) هـ . گۆی مەمك .

(چیچیی) مەمك [هـ] . چیچکان (د) . ووتەیەکە بە منالی ساوا ئەووترێ بۆ ئەوەی دانیشێ : [چیچیی] واتە دانیشە

(چیچیلە) نەرمایی گوێ

(چیخ) چییغ

(چیخکردن) خشانی گوللە بەسەر شوێنێك لە جەستەداو رووشاندنی . برینییە

له ویستانی مەردوم بەگردی شتێکا بەزۆریی و
سفیی: بۆچیوا [چییختان کردووه] لەدەورم؟
(چییر) با . نووز درێژ
(چیرچیرۆك) چیرۆکی پچووك
(چییرر) د . ریچ .
(چییرراندن) د . زیقەی کەو
(چییرره) د. جۆرەدەنگێکە لەکەوەوەدێ
(چییررەوەبوون) د . ریچ بوونەوه
(چییررەوەکردن) د . ریچ کردنەوه
(چییرك)ز. لەتکەی سێوو هەڵووژەوهەرمێ
(چییرۆك) سەرگوزەشتەو داستان .
(چییرۆکه) چییرۆك .
(چییرین) ز . لە وەرراندنی ئاژاڵ.
(چییز) ز . خەرەنگەزە
(چییغ) شتێکە لە قامیشی باریك
دروست ئەکرێ و بەبەن ئەچنرێ .
(چییغکردن) چییخکردن
(چییق) ز . قاچی گیاندار
(چییقاڵ) ز . گیانداری لاواز
(چییقڵدانە) چییکڵدانە
(چییك) ز . تانەی سەرچاو
(چییکڵدانە) توورەکەیە کەلە بەرسنگی
باڵندەدا خواردنی تێ ئەچێ .
(چییکەنە)شتێکە لەداردروست ئەکرێ
لۆکەی تێ ئەخرێ و پەموانەکەی پێ جوێ
ئەکرێتەوه
(چییل) ماکەو . پووشی کورتان(ز) .
رەشی بازوو (د) . فیڵ (ز) .
(چییل) ﻫ . ماکەو

(چییلان) ز . سۆرانیی باریکی درێژ
(چییلك) ز . بەلۆکه
(چییله) تەیمان . شوێنێکه کە بەرزبێ
وگژوگیای زۆربێ . شووره (ز) .
(چییلەچەپ)ز.زەلامەرری لەشاخ و کێوا.
(چییم) ناوه بۆپیتێك لە بیستوحەوت
پیتەی کوردیی.رەگ و قوررێکە کە هەڵکەنرابێ
بۆ ناشتنی لە شوێنێکی تر ز) .مێرگ (د).
(چییمن) ل . رۆیشتن .
(چییمەن) زەمینێکی سەوزە کەفریزوو
دای پۆشیبێ .
(چییمەنتۆ) جۆره لمێکی شینکاره
لەگەڵ لمی ترا تێکەڵ ئەکرێ و ئەگیرێتەوه ،
وەلە قسڵ بەهێزتره .
(چیین) ریزێك لە شتێك
(چییناویی) جۆره پارچەیەکی ئاوریشمی
جوانی رەنگاوررەنگە ژنان ئەیکەن بەکاڵا.
(چیینچیین)شتی خاڵدار.چیین لەسەرچیین.
(چیینك) ز . ئەگرییجه
(چیینه) ملوموشی باڵندە لەزەوییدا .
پشتی مەردوم لە باوو باپیرەوه .
(چیینی) جۆره دەفرێکی گلینی زۆر
لووس و پووس و تەنکە وەك شووشە وایە .
دانە مریشك [ز] .
(چییه) چیی . پۆپەی شت [د] .
تەوێڵ [د] . نیشانەی شت [د] .
(چێیی) سارد
(چێییگ) سارد .

پیتی حی

[ح]

(حا) ووته‌ی پیاهه‌ڵشاخان : [حا] له کاتێکا که یه‌کێك شه‌ش حه‌وت جار بانگت بکا له سه‌ریه‌ك ، واته چیت کرد ؟ سه‌رت لێ سه‌ندم .

(حاپولك) ڕێدان به دوورخستنه‌وه‌ی هه‌ڵماتێك ـ که له تیل‌کردنا له‌به‌رهه‌ڵستێك که‌وتبێ‌و وێستاندبێتی ـ له هه‌ڵماتی یاریی که‌ره‌کانی تر بۆ ئه‌مه‌ی که نه‌ی‌کوژن .

(حاپوول) حاپولك

(حاتۆر) ز.دارێکه که‌گچی پێ‌بکوترێ

(حاجه‌ت) قاپ‌و قاجاخی ناو ماڵ . شتومه‌کێکه که پیشه‌گه‌ر پیشه‌که‌ی پێ ئه‌کا وه‌ك ته‌شوێ بۆ دارتاش .

(حاجی) که‌سێکه که حه‌جی کردبێ .

(حاجی‌بادام)خواردەمه‌نی‌یه‌کی‌شیرینی ناسکه له‌زه‌ردێنه‌ی هێلکه‌و نیشاسته دروست ئه‌کرێ .

(حاجی‌بایه‌ف)جۆره‌چه‌قاله‌یه‌کی‌ده‌نگ وورده .

(حاجی‌بایف) حاجی بایه‌ف .

(حاجی‌بایڤ) با . چه‌قاله .

(حاجی‌به‌یان) به‌ری گیایه‌که له ناو ده‌غڵا ئه‌ڕروێ .

(حاجی‌ڕره‌ش) ز . په‌ڕره‌سێلکه

(حاجی‌ڕره‌نگ) با . حاجی‌ڕره‌ش

(حاجی‌له‌قله‌ق) مه‌لێکی گه‌وره‌ی ره‌ش و سپی ده‌نووك‌و قاچ‌و مل درێژه

(حاجیله) گوڵێکی به‌هاریی لاسك به‌رزه وه‌ك نێرگس وایه به‌ڵام ئه‌م چاوه زه‌رده‌که‌ی به‌رزه . به‌ری گیایه‌که له‌ناوده‌غڵا ئه‌ڕرویی‌و تاڵه .

(حاچه) ئه‌م سه‌رو ئه‌وسه‌ری درێژایی ره‌شماڵ یاخانوو : له [حاچه]ی ره‌شماڵه‌که‌وه وه‌ستابووم ، واته له سه‌ری درێژایی‌یه‌وه . په‌ل‌و لقی شت : ئه‌م داره دوو [حاچه] واته دوو لقه [د] .

(حاحا) ووته‌یه‌که ره‌شه ووڵاخی پێ لێ ئه‌خورڕێ .

(حاش) ز . شتی بێ‌که‌ڵك .

(حان) که‌سێکه که دنیای دیبێ‌و به

تەجرەبە بێ : فیسـارکەس زۆر [حان]ە
واتە خاوەن بەراووردە . عاست : لەم (حان)ە
وە تەماشاکە واتە لەم عاستەوە

(حانەحەپەشێ) دەمەوەرییو چەنە بە
چەنە وەستانی یەکێك بۆ یەکێك .

(حرچ) ل . وورچ .

(حرحر) ز . لاسایی دەنگی ئەسپ .

(حسکە) جۆرە تفەنگێکە بەدەست
دروست بکرێ .

(خشك) ز . ووشك .

(حل) د . حێل

(حلکردن) پەسەندکردنو بەیاخ کردن
بە شتێك : ئەگەر تۆگزیی بکەیت لەم کایەدا
من (حلیناکەم) .

(حلحایي) گۆرانیەکەمنالاٚن بەدەم جۆرە
یارییەکەوە ئەیلێن .

(حلەلاویی) جۆرە مقامێکی مووسیقییە

(حلێب) شـتێکە کە پەسەندکرابێو
وەرگیٚرابێ : ئەم کارە (حلێبە یاحلێب) نیە .

(حلێرك) با . لووی ناوگۆشت

(حلێو) حلێب .

(حنگل) ل . سنجووق

(حنگل حنگل) ل . سنجووقین .

(حوبێ) ھ . بزن مژە .

. (حوزەیران) مانگی شەشەم لە سالێ
رۆژیی لەناوەندی مایسوتەمووزا، وەسیی رۆژە .

(حوزە) گیایەکی کوێستانی بنكدارە
بنکەکەی ئەبێ بەئەسپۆن .

(حوشتر) گیاندارێکی چوارپێی تووکنی
پێ پانی قاچو مل درێژی بەھێزی بارەبەرە

(حوشترئالووك) حوشترخوار

(حوشترانەقولقولێ) جۆرە یارییەکی
منالاٚنەیە لەکاتی کردنیا ئـەم ووتارەی بە
دەمەوە ئەلێن .

(حوشترخوار) جۆرە گیایەکی گەرمیانی
درركاوییە حوشتر ئەیخوا .

(حوشترگەروو) چەن گونجێکە سـەر
بەرەوژوور لە سەریەك دائەنرێن لە گونج
کاریدا بۆ بەرزبوونەوەی ئاو لەو ئەندازەیەی
کە راکێشراوە .

(حوشترمرغ) باڵندەیـەکی گـەرمیانی
گەورەی مل درێژە لە حۆشتر ئەچێ :

(حوشترەوان) کەسێکە کە حوشتر لێ
بخوررێو بیلەوەررێنێ .

(حوقە) د . فێڵو کەلەکە

(حوقەباز) د. فێڵباز

(حوقەبازیی) فێلبازیی

(حۆقە) سەنگێکە شتی پێ ئەکێشری

وە قورسیی و سوو کیی بەپێی شوێن ئەگۆررێ.
(حۆل) گیانداری گێژو وێژ . مەردومی زلو زبەللاح (د) . خێل (د) .
(حۆلبوون) گێژو وێژبوون .
(حولحولیی) مەردومی رازرا .
(حوللەسێ) ووتەیەکە بەکار دێنرێ لە کاتێکا کە یەکێك قسەیەك یاکردەوەیەکی ناشیرین بکا وەلەلایەن‌یەکێکەوە پێی‌ووترابێ بە نەکردنی کەچی ئەم هەر بچێتەوە سەری و بیکالەوحەلەدا پێی‌ئەووترێ:واچووەوەسەر (حوللەسێ) کەی خۆی .
(حولووك) با · هەڵووژە
(حولویسك) با . شیلاووگ
(حولوویی) با . لووس
(حولە) پشقلی حوشتر
(حولەسێ) حوللەسێ
(حۆلی‌بیابان) دێوێکە وەکو ئەڵێن‌گوایا خۆی‌لەچۆڵ‌لە رێبوار ئەگۆررێ‌وسواری‌ئەبێ .
(حولیچەك) با . هەڵووژە
(حولیی　با . شتی لووس
(حولیك) با . حولیچەك
حونجیی) د . حینجە
(حونەر) حونەر
(حونەریی) کردنی شتی هونەر

(حونەر) هونەر
(حونەریی) کردنی شتی هونەر
حووحەنە　گۆرانیی‌یەکی کچانەیە ئەیڵێن لە کاتێکاکە بەرامبەری یەك هەڵ ئەقونن بە چیچکانەوە .
(حوود) گلێنەی لێو شکاو
(حوییل ، ل . سوور
حۆیلانێ) جۆرەگۆرانیی‌یەکی‌جافەکیی‌یە
(حەبحەب) ز . ووتەیەکە پاڵەوانانو ئازایان لەجەنگا ئەیڵێن بۆ دەرخستنی هێزو تەوانایی‌یان .
(حەبیشاندن) ز . زۆرخواردن‌بەپەلە
(حەبیی) ز . لۆکەی نەکراوە .
(حەپلەریی) با . ناوەبۆجۆرە هەنارێك
(حەپۆل) مەردومی گێژو وێژی‌قەپۆلە
(حەپۆل‌مێش‌خۆر) کەسێکە کە زۆر گێژووێژبێ‌وەلەبەر گێژیی‌مێش‌لەخۆی‌دەرنەکا.
(حەپۆلە) حەپۆل .
(حەپوو) هەموو
(حەپە) وەرریینی سەگ بەهێواشی ،
[حەپەحەپ] حەپەی‌یەك لە دوای یەك .
(حەپەسان) سەرسام بوون
(حەپەساندن) سەرسام کردن .
(حەپەساو) گیاندارێکە سەرسام بووبێ

(حەپەنگ) د . مەردومی حەپۆلە .
(حەتار) ز . کەسێلە کە گەچ بکوتێ
(حەتحەتۆکە) چەن تـوورە کـەیە کی
پچکۆلەیە دەرمانی بۆن خۆشی تێ ئەکرێو
ئەکرێتملی منالْ بۆ ئەوەی کەبەبۆن نەکەوێ .
(حەترەك) ز . لێدان بەنهێم
(حەتۆتە) حەتحەتۆکە .
: (حەج) چەن کردەوەیەکی تایبەتی
ئاینی‌یە لە شاری [مەکە] وەلە مانگی‌قوربانا
بەجێ ئەهێنرێ .
. (حەجامەت) خوێن گرتن لە ناو شان
بە کەڵە شاخ
. (حەجامەتگا) د . ئەو شوێنەیە لەجەستە
کە حەجامەتی لێ ئەگیرێ .
. (حەجامەتگر) کەسێکە کە حەجامەتت
لێ ئەگرێ .
. (حەجامەتگرتن) گرتنی‌خوێن بەکەڵەشاخ
(حەجکردن) دواترین مووشێکە کە
لە یاریی مووشێنا ئەخورێ . چوون بۆ حەج
(حەچ) دارێکی سەرخوارە لە یاریی
[حەچان] دا لەگۆی یاریی‌یەکەی پێ ئەدرێ.
(حەچان) یاریی‌یەکی دوو دەستەیی‌یە
بەگۆوبە [حەچ] ئەکرێ .
(حەچاندن) هێنانە وەرریینی سـەگ

. هێنانە چەڵتە چەڵتی یەکێك .
(حەچچە) ووتەیەکە کەری‌پێ‌لێ‌ئەخورررێ.
(حەچڕلوور) چەن حەچەو لوورەیەکە
کە یەك بگرن .
(حەچە) حەچچە . وەرریینی سەگ بە
خێرایی‌لە کاتی توورەبوون‌و نزییك‌بوونەوەی
دوژمن لێ‌ی ، [حەچەحەچ] حەچەی‌یەك
لە دوای یەك . چەڵتە . سابرێن[د] .
(حەچەل) د . گێچەڵ
(حەچیکە) ز . ووتەیەکە لەشوێن‌ووتەی
[ئەگەر] بەکار دێنرێ .
(حەدەف) ز . تەپۆڵکە
(حەراج) ز . هەرراج .
. (حەرام) شتێکە کە خواقەدەغەی‌کردبێ
لێت لە کردنی یاووتنی یاخواردنی یاگوێ
بۆ گرتنی .
. (حەرامخۆر) کەسێکە ماڵی ئەم‌و ئەو
بەناررەوا بخوا .
. (حەرامزادە) زۆڵ . جارروو
. (حەرامزادەیی) زۆڵی‌و قوماربازیی .
(حەربلیین) ز . گرێ‌خواردنی گوریس
(حەرسیلە) با . بەردێکی گۆشەدارە
لەسـەر سـیلەی دیوار دائەنرێ لە کاتی
دروست‌کردنیا لەلایەن وەستاوە .

(حەرماندن) ز . پیس کردن .

(حەری) ز . قورر

(حەریر) ز . خەڵوایەکە لە دۆشاوو ئارد دروست ئەکرێ بە پارچەکراویی ووشك ئەکرێتەوەو هەڵ ئەگیرێ بۆ زستان . ناوە بۆ دێیەك لە ناوچەی دزەیی .

(حەرییف) هاولف .

(حەز) ئارەزوو : (حەز) م لە پیاوی درۆزن نیە ، (حەزکردن) ئارەزووکردن

(حەزلێکردن) ئارەزووکردنو ویستنی شتێك .

(حەزیا) ئەژدەها .

(حەزیرانیی) ز . جۆرە هەرەمێیەکە لە مانگی حوزەیرانا پێ ئەگا .

(حەژ) با . حەز

(حەژدە) ه . هەژدە

(حەژدەهیی) کاتێکەکە مەردوم تیا کۆئەبنەوە بۆ دییدەنی یەکتریی

(حەژمەت) خەفەت

(حەژێکرن) ز . حەزلێکردن .

(حەس) ووتەیەکە بەکار دێنرێ لە کاتی سەرسوررمانا .

(حەسار) دیواری حەوش

(حەساندنەوە) بەسەر بردنی ماندوویەتی یەکێك

(حەسانن) د . حەساندنەوە

(حەسانەوە) بەسەرچوونی ماندوویەتی

(حەساو) حەساوە

(حەساوە)گیاندارێکەماندوویەتی نەمابێ

(حەسپن) د . دڵداری شێتو شەیدا

(حەسحەس) کەسێکە بەشەو ئێشکی ئاوایی بگرێ .

(حەسس) حەس

(حەسیان) حەسانەوە

(حەسیانەوە) حەسانەوە

(حەسیر) ژێرەخەرێکەلەپووش ئەچنرێ و دائەخرێ .

(حەسیرباف) د . کەسێکە کەحەسیر دروست ئەکا .

(حەسیرمەیدان) راخستنێیەکێك بەسەر زەوییدا لەسەر دەم وە لەبەر چاوی مەردوم دارکاریی کردنیەتی .

(حەش) وورچ .

(حەشار) گەهەك

(حەشاردان) شاردنەوەی شتێك

(حەشاردراو) شتێکە کە شاردراێتەوە

(حەشت) ز . هەشت .

(حەشتێ) ز . هەشتا

(حەشەرەلاّ) د . هەراهەرا

(حەشەریی) ئافرەتێکە کە ئارەزووی پیاوی زۆربێ .

(حەشەنوورە) د . گیایەکە لەکاتی بێ تووتنی‌دا لە جیاتی تووتن ئەکێشرێ

(حەشیفاندن) ز . نووسین

(حەفت) د . حەوت .

(حەفتا) ناوە بۆ ژمارەیەك کە حەوت جار دەیە .

(حەفتاد) د . حەفتا

(حەفتار) ز . کەمتیار

(حەفتانە) مووچەیەکەحەفتەوحەفتەبدرێ

(حەفتامین) حەفتاهەم

(حەفتاو) د . گلاودەرکردنی‌شتێك کە گلاو بووبێ بەحەوت ئاو .

(حەفتاهەم) شتێکە لە پایەی حەفتادابێ

(حەفتاهەمین) حەفتاهەم .

(حەفتجۆش) د . حەوجۆش

(حەفترەنگ) ز.غمزەلی‌حەوترەنگ

(حەفترەنگیلە) د.باڵندەیەکی‌پچووکی رەنگاورەنگە بەقەد چۆلەکەیەك ئەبێ .

(حەفترنگە) چێشتێکە لەگەلێ سەوزیی دروست ئەکرێ .

(حەفتە) ناوە بۆ حەوت رۆژکە لە یەکێك لەرۆژەکانەوەدەست پێ‌ئەکا تائەگاتەوە رۆژێکی تر وەك خۆی ، واتە لەهەینی‌یەوە بۆ هەینی یا لە شەممەوە بۆ شەممە ... هەتاد

(حەفتەکۆك) جۆرە سەعاتێکە حەفتەو حەفتە کۆك ئەکرێ .

(حەفتەکێش) چاکردنی ماین‌و ماکەرە لە یەکەم حەفتەی زانیانا .

(حەفتەوانان) د . حەوتەوانە .

(حەفتێ) ز . حەفتا .

(حەفتیی) ز . حەفتە

(حەفجۆش) د . حەوجۆش

(حەفك) با . ئەستۆ

(حەفی) د . ئەژدەها .

(حەفیان) حەفی . زۆرخۆر .

(حەڤدە) ناوەبۆژمارەیەك کەحەوت‌ودەیە.

(حەڤدەم) حەڤدەمین .

(حەڤدەمین) شتێکەلەپایەی‌حەڤدەدابێ .

(حەڤدەهەم) حەڤدەهەمین .

(حەڤدەهەمین) حەڤدەمین .

(حەقحەقکەرە) تاقتاقکەرە

(حەقلێمەمان) د . حەقلی‌مەقۆ

(حەقلی‌مەقۆ) د . یاریی کاڵەمستێ .

(حەقەپەڵە) ناوەرراستی پایزە کە ئەبێ بارانی پەڵەی تیا ببارێ .

(حەقەوەسێن) شتێکە کە تۆڵەی کەم‌و

کووررِیی شتێکی پێش خۆی بکاتەوە
(حەل) کات
(حەلان) با . تاوێری بەرد
(حەلانە) دەفرێکی پووشیینی چنراوە خورمای تیادا ئەگیرێ .
(حەڵقەبەگوێش) بریتی‌یە لەبەندە
(حەڵقەدان) دانیشتنی چەن کەسێك بەگردیی . پێچ خواردنی مار
(حەلکیی) شتی بایەخ پێ‌کراو : ئەم کارە [حەلکیی] یە واتە بایەخی پێ‌ئەکرێ .
(حەللەقمەللەق) حەلەقمەلەق
(حەللەلا) ووتەیەکە بەکار دێنرێ لە کاتێکا کە یەکێك قسەیەکت بۆ بکاو تۆش بەلاتەوە وانەبێ وە زۆر دووربێ .
. (حەڵوا) خواردەمەنی‌یەکە لە ئاردو رۆن‌و شەکر یا دۆشاو دروست ئەکرێ .
. (حەڵواچیی) کەسێکەکەحەڵوادروست بکا بۆ فرۆشتنی .
. (حەڵوایی) شتێکە کە رەنگی وەك رەنگی حەڵوا سووربێ .
(حەلووکە) هەڵووژە
(حەڵەبیی) تەنەکە
(حەلەقمەلەق) قسەی هیچ‌و پووچی بێ‌سەوربێ.ووتەیەکەلەیاریی‌کاڵەمستێ‌دائەووترێ

(حەلەل) ووتەیەکە بەکار دێنرێ بۆ تێبەردانی سەگ لەگیاندارێك
(حەلیو) حلێب
(حەلیووچەك) با . هەڵووژە
(حەلییم) کە شکەکی شل
(حەلیماو) ئاوی پلاو.رنگاوی‌چێشتی‌شل.
. (حەماڵ) نیرگە . کۆڵ‌کێش .
. (حەمام) شوێنێکی تایبەتی گەرم کراوە کە مەردوم خۆی تیا بشوا .
. (حەمامچیی) خاوەن‌و سەرپەرشتی‌کەری حەمام کە دراووەرگرێ .
(حەمامکردن) بریتی‌یەلەخۆشتن‌لەحەماما
(حەمامۆکە) حەمامۆکێ .
(حەمامۆکێ) شتێکە منالان دروستی ئەکەن لە خۆڵ وەك گومەزی حەمام‌و ئاوی لێ ئەپرژێنن‌و ئەی پەستنەوە لە پاشا بەچیلکە هەڵۆڵی ئەکەن وەك گومەز
. (حەمایەڵ) چەرمێکە کیفێکی پێوەیە نوشتەی تێ‌ئەخرێ‌و راستوچەپ لەمل‌ئەکرێ.
. (حەمایەڵ‌کردن) کردنە ملی حەمایەڵ‌و شیرو شتی تر راستوچەپ .
(حەمتز) ز . کەری پچکۆلەی بەکار
(حەمحەم) چنگنە .
(حەمزك) ز . جۆرە خواردەمەنی‌یەکە

(حەمکە) هەموو .

(حەمل) ز . رابواردن بەقسەی خۆش وگوفتوگۆی شیرین .

(حەموو) هەموو

(حەمەدەشیین) تەرەقیی

(حەمەرەمزێ) د . بەربەرەکانێ

(حەمیسەن) ز . جۆرە بزنێکە

(حەمیی) ز . هەموو

(حەن) شوێنو عاشت .

(حەنا) حەن .

(حەندەرحۆ) یارییەکی منالاٌنەیەدارێکی درێژی ئەستوور لەسەر قۆقزایییەك دائەنێن دوو منالٌ هەریەکە سواری سەرێکی ئەبن وەهەر جار یەکێك خۆی قورس ئەکاو ئەویتریان بەرزئەبێتەوە .

(حەندەف) ز . تەپۆلکە

(حەندەگۆ) ز . ناوی جۆرە گیایەکە

(حەنەحەپەشێ) حانەحەپەشێ

(حەنەك) ز . گاڵتەو گەپ .

(حەو) ووتەی سەرسوورمان : [حەو ئەمەکاربوو تۆکردت ؟ . ووتەیەکە شوان لەپێش رانەوەئەیلێ بۆئەوەی کەدوای کەوێ .

(حەوا) لای ژوورووی سەر

(حەوادان) فرێدانی شت بەرەوژوور

(حەواق) بەرزیی : بەو[حەواق]ە وە دایمەنێ واتە بەو بەرزیی‌یەوە .

(حەوان) ز . حەوانەوە

(حەوانچە) د.شتێکەبەحەوادافرێدرابێ

(حەوانچەدان) د.فرێدانیشت بەحەوادا

(حەواندنەوە) حەساندنەوە

(حەوانن) د . قەدرگرتنو بەمرۆڤ ژماردنی یەکێك .

(حەوانەوە) حەسانەوە

(حەواویلکە) حەوانچە

(حەواویلکەیی) هاویشتنیشت بەحەوادا

(حەواویی) کەسێکەهەمیشەسەرەوژوور برروانێ .

(حەوایی) حەواویی

(حەوبرا) حەوتەوانە .

(حەوت) ناوە بۆ ژمارەیەك لەناوەندی شەشو هەشتا .

(حەوتا) حەفتا .

(حەوتبەند) حەوت غەزەلەکە ووترابێ لەلایەن شاعیرێکەوە لەباسێکا وەهەرغەزەلەی جۆرە قافیەیەکی هەبێ

(حەوتخشتەکی) چەن شیعرێکە هەر بەندێکی حەوت نیوە شیعرە .

(حەوتگۆشە) شتێکەحەوتسووچیبێ.

(حەوتم) رەشە وولاخ یامەرر یا بزنێکە کە سەربڕررێ بەخێر بۆ منالْ .
(حەوتە) حەو رۆژە بەسەر بووکانەرروا دووای گواستنەوەی یا بەسەر زەیستانا ئەرروا دوای منالْ بوونی.حەپەیسەگ، [حەوتەحەوت] حەپەچەپ .
(حەوتەحەمام) چوونە حەمامی بووکی تازەو زەیستانە لە رۆژی حەوتەیانا .
(حەوتەکێش) حەفتەکێش .
(حەوتەم) شتێکە لەپایەی حەوتابێ
(حەوتەمین) حەوتەم
(حەوتەوانە) حەوت ئەستێرەی گەشە چواریان بەرامبەرو سیانیان بەرودوا لە نزیك قوتبی شمالیەوە .
(حەوتهەم) حەوتەم
(حەوتهەمین) حەوتەمین .
(حەوتیر) جۆرە دەمانچەیەکە حەوت فیشەك ئەخوا .
(حەوجۆش) شتێکە وەك ئاسن بەلاّم ئەم تورتە .
(حەوحەو) دەنگی سوار لەکاتی تاودانو هەلْمەت بردنا .
(حەودەل) ز . پەلْوولە
(حەوز) قوولکەیەکی تایبەتی یەئاوی دێتەناو .
(حەوزانە) پارەیەکە کە میراو سالەو سالْ لەخاوەن حەوزی ئەسێنێ لەمزی ئاوەکەدا .
(حەوش) ماوەیەکە لە بەردەمی خانوو یالە چوار دەوریا کەدیواری بەگرداکرابێ .
(حەوشە) حەوش
(حەوشێ) حەوش
(حەوق) ز . پلەی پەیژە
(حەوێق) حەواق .
(حەوینج) شتێکی بۆن خۆشە وەك رازیانەئەکرێتە ناو نانەوە .
(حەوینەوە) حەوانەوە
(حەی) حەو
(حەیاز) با . چقەی بالْندە
(حەیتە) مەردومی زرتەبۆزی سەرسەریی
(حەیچە) د.دادوفوغان، [حەیچەحەیچ] حەیچەی یەك لە دوای یەك .
(حەیران) جۆرەگۆرانی یەکی کوردیی یە . بالاّ گەردان : ئەز [حەیران] ەتەمە ، واتە من بالاّ گەردانی تۆم .
(حەیرانۆکێ) گۆرانی حەیران .
(حەیرانە) حەیرانۆکێ .
(حەیزە) ترخە . بەئاوکەوتن [د] . سکچوون [د] .
(حەیزەران) جۆرەدارێکی نەرمی قەفقەفە وەك قامیش بەلاّم ئەم پتەوە .
(حەیشۆ) حەیاو شەرم : [حەیشۆ]ی

لێ هەڵگیراوه ، واته حەیاو شـەرمی نەماوه
(حەیشه) د . حەیچه ، [حەیشەحەیش]
حەیشەی‌یەك له دوای یەك .
(حەیف) ووتـەی داخ‌و خـەفەت :
[حەیف] بۆ کەسێك کەماڵی‌خۆی‌بداله بەرد .
(حەیفێ) حەیف
(حەینه) ووتـەیەکه بەکار دێنرێ له
جیاتی ووتەی [ووس]
(حەیوه) ل . بەهێ
(حێ) پیتێکه له بیست‌و حەوت پیتەی
کوردیی.ووتەیەکه ووڵاخی پێ‌لێ‌ئەخوررێ .
(حیجران) ز . بەڵاو مصیبەت .
(حێچ) ز . گیانداری یاخیی
(حێز) هێز
(حیشتر) حێشتر
(حێشتر) ز . حوشتر
(حیشیی) ز .گوریسی پانی ئەستوور
(حێل) بەرێکی خرره وەك دەنکی
پرتەقاڵ چەن دانەیەکی رەشی بۆن خۆشی
تیایه ، له ووڵاتی زۆر گەرما ئەبێ .
(حیلکه) دەنکی پێکەنین ، [حیلکه
حیلك] حیلکەی یـەك له دوای یـەك ،
[حیلکوهوورر] حیلکه حیلکی زۆر
(حێلم) بەێکه له قاڵبی هەڵ ئەپێچرێ
وگرێ ئەدرێ‌و ئەقرتێنرێ له کاتی تەنیینیا .
(حینجه) خوێندنـەوەی شـت لەگەڵ
خوێندنەوەی سەرو بۆرو ژێریا .
(حێولانه) حێولانێ .
(حێولانێ) جۆرەیاریی‌یەکه کچان دەستی
یەکتر ئەگرن‌و بەگردیی هەڵ ئەپەررن‌و ئەم
ووتەیه ئەڵێن .
(حییت) ز . جۆره بزنێکه
(حییز) گاندەر . پیاوی مێ‌باز [با] .
مەردومی گەمژی هیچ لێ نەهاتوو .
(حیزانه) کردەوەیەکەهەرلەحیز بوەشێتەوه
(حییزبگییر) کەسێکه که به نامەردیی
و له ناکاو بگییرێ .
(حییزەڵ) ئادەمیزادی‌هیچ‌لەبارانەبوو .
(حییزەڵه) حییزەڵ
(حییزێتی) بوونی مەردوم بوحییز
(حییزی حییزانگاو) بریتیی‌یه له کەسێك
که لەبەر دەستی حییزیشازەبوون بێ
(حییزیی) حییزێتی
(حییش) ز . زەوی‌یەکه خاکەکەی
سوور یا شین بێ .
(حییله) دەنگی‌ئەسپ‌و ماین‌و جوانوو،
[حیلەحییل] حیلەی یەك له دوای یەك
(حییلەباز) فێڵباز
(حییلەبازیی) فێڵبازیی
(حییناوه) ل . چەناگه
(حیینه) د . حیلەی ووڵاخ
(حییوه کێ) جۆره یاریی‌یەکی کچانەیه

پیتی خی

[خ]

(خا) خاتوون : [خا] پیرۆز . هێلکه [ل] .

(خاپاندن) ز . هەڵ فریواندن . خاڕفاندن

(خاپۆره) خۆڵەپەتانی کردنی ماڵ .

(خاپوور) شوێنیوێران ، [خاپووربوون] وێرانبوون ، [خاپوورکردن] وێرانکردن .

(خاپەرۆك) پاشەرۆكو ووردەی شتێکه که مابێتەوە .

(خات) خاتوون

(خاتر) خۆشەویستییوگەورەییەیەکێك لەلای یەکێك : فیسارکەس [خاتر] ی هەیە لەلام

(خاترانە) زیادەیەکەئەدرێ بەکرپارێکی خۆشەویست لەکاتی شت پێ فرۆشتنیا .

(خاترجەم) دڵنیا .

(خاترخۆیی) کردنی کارێك بۆیەکێك لەبەرخاتری . بوونییەکێك بەمختاروسەرپشك لە کردنی کارێکا

(خاترگرتن) خاترخۆیی

(خاترلێکردن) تکاکردن لە یەکێك

(خاتروخۆتر) کردنی ئیش بەخاترانە

(خاتو) خاتوون : [خاتو] نازدارهات

(خاتوو) د . خاتوون

(خاتوون) خانم

(خاتە) خاتوون

(خاچ) دووشتی راستو چەپەلە زێرر یا لە زیو یا لە شتێکی تر نیشانەی گاوورییە.

(خاچرگان) ز . سێپای ئاسن .

(خاد) خاتوون

(خار) د . لەو قوم . ئەشکەوت[د]

(خارا) د . غارا

(خاران　خارین

(خاراندن) پوختەکردنیگۆزەودیزەوچەرم

(خاراو) شتی پوختەی دەرهاتوو وەك گۆزەو دیزەو کووپەیەك کە زۆر شتی شلی تێ کرابێ . چەرمێکە لەناو ئاوا زۆر مابێتەوە

(خارچك) ل . قارچك

(خارخار) شتی لەت لەتو بریندار

(خارسك) ز . ژنەگاوور

(خارش) خارشت

(خارشت) ئالۆش .

(خارووف) ز . گلێنەی دەم پەل .

(خارووك) ز . پێلاوێکە دروست کرابێ لە گیایەکی رێسراو .

(خارییز) ز . پەلوولە

(خارین) پوختەبوونی گوزەودێزەوچەرم

. (خارییو) خاراو

(خاز) کاردوو . کێررێکە کە لەسەر زەویی بکێشرێ [ز] .

خازگینی) ز . خوازبێنی

(خاس) شتی باش ، [خاسبوون] چاکبوون [خاسکردن] چاك کردنی شتێك

(خاسبوونەوە) چاکبوونەوە لەنەخۆشیی

(خاسەرەنگ) جۆرە گلێکی سوورە بۆ دەرمان بەکار ئەهێنرێ .

(خاسەکیی) د . خاسەیی

(خاسەیی) د . تایبەتیی

(خاسیی) باشیی

(خاش) هـ . قاش

(خاشاڵ) د . خۆڵو خاشی ناو ماڵ .

(خاشخاش) تۆوی خەرتەلە . گیایەکە گوڵێك ئـەگرێ وەك گوڵە باخ تلیاکی لێ دروست ئەکرێ . جۆرە پاوانەیەکی ژنانەیە

(خاشە) چررنووکێکە کە برینداربکا : [خاشە]ی لێ هێنا . خاشاڵ [د] .

(خاشییل) ز . چێشتێکە لە برروێش کە رۆنی بکرێ بەسەرا ،

(خافۆ) قەراغو کە ناری شت .

(خاڤ) ز . خاو

(خاڤر) ز .گیایەکەرەگی بۆمایەسیریی باشە

(خاڤك) ز .کاڵای درراوی رزیو. کەلەکە

(خاك) گڵ

(خاکبازیی) د . یاریی کردن بە خاك .

(خاکبە توورەکەیێژان) بریتیەلەویران کردنی شتێك یا شوێنێك .

(خاکبێژ) لەوحێکی کون کونە خاکی پێ ئەبێژرێتەوە .

(خاکررن) د.ماڵەدانیزەوییدوایکێ ٘نی

(خاکررێز) دەرگایەکەلەدیویژوورەوە خرر داخرابێ .

(خاکرریی) ل . خۆڵەمێش

(خاکسار) بریتیەلەمەردومی هەژاری بێنەوا .

(خاکساریی) هەژارییو بێ نەوایی

(خاکنشیین) د . خاکسار

(خاکوپا) پەناودالدە:چۆوە (خاکوپای) واتە خۆی فررێ دایە لای .

(خاکەچەرمگە) د . گڵەسپی‌یەکە کە تەرراوی ناو ماڵی پێ‌ئەدرێ .
(خاکەسار) خاکسار
(خاکەساریی ، خاکساریی
(خاکشیر) گیایەکی بەهاریی بابڵاەرزە یەرێکی هەیە وەك تۆوی تووتن لەگەڵ‌شیری کچانا ئەدرێ بەمناڵ بۆ فێنکی
(خاکە) ووردەی برنج . جۆرە مێشوولە یەکی زۆر ووردە .
(خاکەرۆ) کۆکردنەوەی بن خەرمان لە پاش هەڵگرتنی .
(خاکە رۆك) خاکە رۆ .
(خاکەلێو) مانگی‌مارتە‌کەسێویەك‌رۆژە
(خاکەلێوە) دوایی زستان‌و سەرەتای بەهار کە لەوەرر تازە سەر دەردێنێ وە ئاژاڵ لە دەم بۆ بەردنیا لێوی خۆ ویی ئەبێ . خاکەلێو .
(خاکەناز ، ئاسنێکی دەم پانی کلك دارینی درێژە قوررەکاریی پێ ئەکرێ .
(خاکیی) جۆرە رەنگێکە وەك رەنگی خاك . بریتی‌یە لە مەردومی بێ فیزودەمار کە ئارەزووی پۆشینی کاڵای جوانی نەبێ. جۆرە تەنراوێکی تایبەتی خاك رەنگە
(خاڵ) برای دایك . پلێکی رەشی سوروشتی‌یە بەئەندامی هێندێ گیاندارەوە . پلێکی شینی دەستکردە بۆ جوانی لە ئەندامی ئادەمیزاد ئەکوترێ . پەڵەی رەش بە هەموو شتێکەوە:بەفری کوێستان [خاڵ]ی تی‌کەوت واتە جێ‌جێ رەش بووەوە ، (خاڵخاڵ) شتێکە خاڵی زۆری تیابێ . نیشانەیەکە وەکو : (.) لە شوێنێکا دائەنری کە باسێك ببڕێتەوە .
(خاڵانە) ووتەیەکە ئەووترێ بە یەکێك لە حەلێکا کە کارێك یاقسەیەك بکا ، وەئەو کارو قسەیە یەکێکی تر کردبێتی‌وەتۆپێت ناخۆش بووبێ : ئەبێژرێ بە یەکێك ـ کەبڵێ من ناخوێنم ـ (خاڵانە) ی فیسارکەستە کە ئەویش وائەڵێ ، واتە تۆش وەکو ئەو واتە کە هەر دوکتان خراپ ئەکەن .
(خاڵانی‌بریتی) نیشانەیەکە وەکو : (. . . .) لە بریتی چەن ووشەیەك دائەنرێ کە لەبەر ئاشکرایی یا شتێکی تر نەنوسرێن .
(خاڵەندیی ، دانانی‌چەن‌خاڵ‌و‌نیشانەیەکە لە میانەی نوسراوا دائەنرێ بۆ جیاکردنەوەی رستەیەك لەرستەیەك یاووشەیەك لەووشەیەك .
(خاڵخاڵۆك) ز . گیانداریکە وەك ئەسپێ بەڵام لەم پچووکترە
(خاڵخاڵۆکە) دەعبایەکی باڵداری پچووکی

ڕەش‌و سووره بەقەد مێشێك ئەبی .
(خاڵدار) شتێکەکە خاڵی‌زۆری‌پێوەبێ
(خاڵکوت) د . کەسێکە کە خاڵ بۆ ئەم‌و ئەو بکوتێ .
(خاڵکوتان) خاڵکوتاندن .
(خاڵکوتاندن) خاڵ‌پەیداکردن‌بەنووکی دەرزیی لەسەر جەستە .
(خاڵکوتان) خاڵکوتاندن
(خاڵۆ) برای دایك
(خاڵوان) بەرەی خاڵ
(خاڵۆزا) منالی خاڵ
(خاڵۆزازا) منالی منالی خاڵ
(خاڵۆزه) خەڵووزه
(خاڵۆژن) ژنی خاڵ
(خاڵومیل) نەقشی‌بەرسنگ‌وسەرباڵی‌کەو.
(خاڵومیل‌ڕرشتن) خاڵکوتانی ژنانە لە سەر ڕوومەت‌و چەناگەو گەردنیان . بریتی‌یە لە خۆ جوان‌کردنی ژن . دەرکەوتنی خاڵ‌و میلی کەو لەکاتی گەورەبوونیا .
(خاڵوو) ل . خاڵۆ
(خاڵەڕەشە) گیایەکە گەڵای وەك کەڕەووز وایە لاسکێکی باریکی ڕەشی هەیە
(خالیگه) بۆ شایی کەلەکە .
(خام) تەنراوێکی سپی‌یە لە جاو سفت تره . شتی ناپوخت : فیسارکەس [خامە] . خاوێکەکە کرژ نەبێ .
(خاماجی　د . خامباجیی
(خامباجی) د . پووری خوشکی دایك
(خامۆش) گیانداری بێ دەنگ ،
(خامۆش بوون) بێ دەنگ بوون .
(خامۆشکردن) کوژاندنەوەی‌ئاگروچرا . بریتی‌یە لە کوشتنی یەکێك .
(خامۆشیی) بێ دەنگیی
(خاموغ) ز . یەکەم ئاودانی زەویی داچێنراو .
(خامە) قەڵەمی نوسیین
(خامەك) جۆرە تەنراوێکی ئاوریشمی یەکڕرەنگی تەنکە .
(خامەکیی) شتێکە کە ڕەنگی وەك ڕەنگی خامەك وابێ .
(خامینه) هـ . کاڵە .
(خان) ووتـەیەکە بـەهێندێ کەس ئەووترێ لە ڕووی گەورەیی‌یەوە : ڕۆستەم [خان] ، گوڵچیین [خان] . چەندوکانێکی زۆرە لە حەوشەیەکدا بازرگان تیا دائەنیشن بۆ کڕیین‌و فرۆتن . خانوویەکی گەورەی هۆدە هۆدەیەکەرو وولاخی تێ ئەکرێ .
(خانچیی) کەسێکە سەرپەرشتی‌خان‌بکا

(خانخانەکێ) د . پاشا پاشایانەی‌مناڵان

(خاندووق) ز . بنکی گیایەکە ئەخورێ

(خانك) پنە [با].زەمیلە[ز].خانوو .

(خانگ) خانوو

(خانم) ووتەیەکەلەرووی‌گەورەیی‌یەوە بۆ ژنان بەکار دێنرێ .

(خانك) با . پنە

(خانوچکە) خانووی پچکۆلە

(خانومان) ئافرەتی‌شۆخی‌جوان.خانەدان

(خانوو) جێگای حەوانەوەی مەردوم کە لە داروبەردو قورر دروست ئەکرێ .

(خانووبەرە) خانووی گەورە

(خانە) خانوو [ل] . بۆ شایی هێندێ شت : هەزار پیشەکە [خانەخانە] یە .

(خانەبگیر)گرتنی یەکێك‌وبەی‌دەست کردنی لە خانووی خۆیا .

(خانەبێزار) کەسێکە لە ماڵی خۆی وەررس بێ .

(خانەخراپ) ماڵ‌وێران .

(خانەخوێ) خاوەن خانوویەکە کە تۆ میوانی بیت .

(خانەخوێگ) خانە خوێ

(خانەدان) کەسێکە لە بنەماڵەیەی گەورەی دیاربێ .

(خانەدانی) بوونی مەردوم بەخانەدان .

(خانەزا) گیانداریکەلەدەرماڵی‌خۆتازابێ

(خانەزاد) خانەزا

(خانەزاو) خانەزا

(خانەشاریی) دەست بەسەر

(خانەقا) شــــوێن‌و بارەگایەکە کە نەقشبەندیی خەتم‌و خواپەرستیی تیا بکەن .

(خانەکولانە) ووتەیەکە ئەووترێ بە مریشك بۆ ئەوەی کەپچێتە کولانەکەیەوە

(خانەکیی) د . گیانداری ماڵی .

(خانەگا) خانەقا

(خانەگومان) بریتی‌یە لە مەردومی دڵ پیس‌و بەدگومان .

(خانەنشین) د.کەسێکەلەماڵ‌دەرنەچێ.

(خانەوادە) خانەدان

(خانەوخان) بازددان لە بانێکەوە بۆ بانێکی تر .

(خانەی‌زین) ئەو شوێنەیە لەزین کە سوار لە سەری دائەنیشێ .

(خانیی) با . خانووی گڵین

(خاو) شتێکە کە کرژنەبێ . چەرمی خۆش نەکراو . خەو . گیانداری سست ، [خاوەخاو] سستەسست . تووکی چۆغەو قاڵی . گیایەکی گەڵا تووکنی گوڵ زەردی

بۆن خۆشە ئەکرێ بە مەشکەیەکەوە کە بۆگەن بووبێ .

(خاوان) خاوەن . خەڵەفان بەکارێکەوە : فیسارکەس بە نووسینەوە [خاواوە] .

(خاواندن) خەڵەفاندنی یەکێك بە کارێکەوە : منالەکە [بخاوێنە] .

(خاوانن) خاواندن

(خاوانە) بەنێکەکە دانرابێ بۆ پۆی بەرردو شتی تر .

(خاوبوونەوە) سست بوونی جەستە . نەمانی کرژیی شت . بریتییە لەسارد بوونەوەی یەکێك لە کارێك

(خاوپەرر) بەنێکە نە زۆر خاوو نە زۆر کرژبێ .

(خاوزان) د . کەسێکە مەبەستی خەو باش لێك بداتەوە .

(خاوکردنەوە) نەهێشتنی کرژیی شت . شل کردنەوەی شتی توند : ماستەکە یا قوورەکە [خاوکەرەوە] . بریتییە لەسارد کردنەوەی یەکێك لە شتێك .

(خاوکەر) جۆرە مقامێکی خاوی خۆشی کوردییە لەمقامی ئەڵلاوەیسی خاوترە

(خاولیی) جۆرە ئەنراوێکی نەرم وشلی توو کنی یەمووینەمەر دوم خۆی پێ وشك ئەکاتەوە

(خاونامە) د . خەونامە .

(خاووخلیچك) مەردومی سستی شل و شێواو .

(خاووخێزان) خێزانی ماڵ بەووردو دریشتی یەوە

(خاوە) سەرانەیەکەبەناررەوالەمەردوم بسێنرێ .

(خاوەن) خێوی شت

(خاوەند) خاوەن . کەسێکەکەزەویی و زارو خانووبەرەی زۆر بێ « ملاك »

(خاوەندار) خاوەنی شت

(خاوەنداریی) خاوەندیی وچاودێریی شت

(خاوێن) شتی پاك .

(خاوێنیی) پاك و تەمیزیی .

(خاوییر) گیانداری گێلو وێل . خەواڵوو [د]

(خایاندن) پێچوونی کارێك بۆ چەن دەمێك : چوونو هاتنەوەم بۆ بازارر نیو سەعاتی [خایاند] . هەڵخە ڵەتاندن

(خایانن) خایاندن

(خایە) ل . هێلکە

(خایەومایە) بریتییە لە سەرو ماڵ : فیسارکەس [خایەومایەی] تیا چوو واتە سەرو ماڵی .

(خپ) گیاندارێکە لەبەر نوستن یا

بێهۆشی بێدەنگ بووبێ : منالەکە [خپ]ە یا [خپ] خەوی لێ کەوت ، [خپبوون] بێدەنگ بوونی گیاندار بەهۆی نوستن یا بێهوشیەوە

(خپکردن) بریتی‌یە لە کوشتن : دارێکم کێشا بە مارەکەدا [خپم] کرد .

(خپلاك) ز . کورسیی‌و دەرگای رزیوی کۆن .

(خپەکردن) خۆمات‌دان .

(خپ‌هەلاتن) خپبوون

(خت) ووتەیەکە پشیلەی پێ دەرئەکرێ

(ختە) خت .

(ختك) پشیلە

(ختکە) خوتووکە

(ختکێ) د . خوتووکە . پشیلە

(ختکێنە) د . ختۆوکە .

(ختووکە) جۆرە تەزوویەکە پەیدائەبێ لەکەوتنی شتێك لە جەستەت .

(ختووکەدان) دەست‌دان لەکەلەکەو بەری پێی مەردوم بۆ ئەوەی کە تەزووبێ بە لەشیا .

(ختە) ختە

(ختەختەدان) ختووکەدان . بریتی‌یە لە هانە هانی مەردوم .

(ختەدان) ختووکەدان

(ختێ) د . پشیلە . ختووکە .

(ختیلکە) ختووکە

(خجڵ) خەریك .

(خدووك) ز . ختووکە

(خراپ) شتی بێ فەرری بێ کەڵك ، [خراپ‌بوون] لەکەڵك کەوتنی‌شت ، [خراپ کردن] لە کەڵك خستنی شت .

(خراپە) کردارو گوفتاری ناپەسەند. ناوی دێ‌یەکە لە ناوچەی عەربەت .

(خراپەکردن) کردنی‌شتی‌خراپی‌ناپەسەند

(خراپەکەر) کەسێکە هەر کرداری خراپ بکا

(خراپی) بێ فەرریو بەدیی .

(خرار) ز . خەرار .

(خرارك) با . خرار

(خرامان) ئافرەتی شەنگوا شۆخ . بژاردنی شتێك لەلایەن یەکێکەوە کەئەوشتەی لە ناو بردبێ .

(خراو) خراپ

(خراوە) کەلاوە . حراپە

(خراویی) خراپیی

(خرپ) زەمینی چەولك . ووتەیەکە بەکار دێنرێ بۆ کەسێك کە کوتوپرر خەوی لێ بکەوێ : فیسارکەس هەر کە سەربنێتە

سەرسەریین [خرپ] خەوی لێ ئەکەوێ .
(خرپن) خەپەتۆڵە .
(خرپنۆکە) خرپن ،
(خرپنە) خرپن
(خرپە) پرخەیخەو . دەنگی پێ لە دوور [د] . گەلەکۆمەکێ [ز] .
(خرت) گیسکە نێرێکە پێی نابێتە ساڵی دووهەم . شتی گردی خرر . ساڵ : ئەم بەرانە سێ [خرت] ە یا چوار [خرت] ە واتە سێ ساڵە یا چوار ساڵە .
(خرتك) گرتکە گۆشت . نەخۆشی‌یەکە تووشی مناڵ ئەبێ (ز) . خررك : (خرتك) یك بگرە ئەو سەگە .
(خرتکە) جومگەی ئەندام
(خرتوپرت) دوو دڵی لەکارێکا .
(خرتۆڵ) کۆبوونەوەو کۆمەڵ بوونی مەردوم [ز] . شتی گردی خرتی‌پچکۆلە [د]
(خرتومرت) د . مەردومی شلو مل .
(خرتە) جۆرە دەنگێکی پچووکەوەك دەنگی خواردنی مشك ، (خرتەخرت) خرتەی‌یەك لە دوای یەك ، (خرتوهوورر) خرتەخرتی زۆر
(خرتەخرتە) د . کررکرراگە
(خرتەك) د . خرتکە . پێچکەی
عەرەبانەو شتی تر .
(خرتەگل) د . گلۆربوونەوەی شت .
(خرتەڵە) خرریلە
(خرتیلانە) گیانداری خرتەڵە
(خرتیلە) خرتیلانە
(خرچ) د . کاڵەکی زرك .
(خرچە) جۆرە کاڵەکێکی شیرینی نەگەییوە . جۆرە دەنگێکە وەك دەنگی لەت کردنی‌شووتی‌نازاو ، (خرچەخرچ) خرچەی یەك لەدوای یەك . (خرچوهوورر) خرچە خرچی زۆر .
(خرر) شتی گرد . جێ لافاوێکە کە خررە بەردی زۆربێ . ووتەیەکە بۆ داخستنی کلۆمی دەرگا بە ئێجگاریی بەکاردێنرێ : دەرگاکە (خرر) داخە واتە شمشێرەکەی تەواو رەتکە .
(خرربوون) گردبوونو تۆپەڵ بوونی شوێنێك لە ئەندام لە نەخۆشیی‌یەکەوە .
(خررخاڵ) بازن . خاشخاشی پێ .
(خررخاڵە) چەن دارێکە وەك بازن ئەکرێتە ئەم سەرو ئەوسەری بێشکە بۆ ئەمەی خررەی بێو منال پێی ژیربێ .
(خررخاڵەدار) بێشکەیەکەخررخاڵەی‌بێ
(خررخررە) د . بەکرە . پێچکەی

عەررە بانەوە ئۆتۆمۆبیل . خررخاڵ .
(خررك) خررە بەردە .
(خرركردن) تۆپەڵ كردنی شتێك و خرر هەڵدانی . خرركردنەوە .
(خرركردنەوە) كۆكردنەوەی شت .
(خرركە) نیوە نانێكی ئەستورە كە لەسەر تەنوور ئەكرێ بۆ خواردن . خررەبەرد
(خرركەلە) شتی خرری پچكۆلە
(خرركەڵە) خرركەلە .
(خررناكە) بێچوە كەروێشك
(خررنووك) جۆرێكە لەبەری مازوودار لە مازوو پچووكترە . گیایەكی دەشتیەبەرێكی درێژكۆلەی تفت ئەگرێ . ناوی دێیەكە لە زاوچەی پێنجوێن .
(خرروخەپان) ئافرەتی قەڵەوی خررو نەرم و شل
(خررە) دەنگێكە وەك دەنگی گوێزو كاڵای شۆداروروخانی دیوار ، [خررەخرر] خررەی یەك لە دوای یەك [خرروهوورر] خررەخرری زۆر
(خررەلە) خرریلە
(خرر هەڵدان) خرركردن و تۆپەڵ كردن
(خرریید) كرینی شت بۆفرۆتنەوەی بە قازانج

(خررییدار) كرریار
(خررییدنامە) د . نووسـراوێكە ئەیدەیت بەوكەسەی كە شتت لێ بكررێ بۆ ئەوەی كە ئاگای لە خررییدو فرۆختەكەی خۆی بێ .
(خرریلانە) گیانداری خرری كوڵەبنە
(خرریلە) خرریلانە
(خرس) وورچ . گیانداری تەمەڵی لەش گران .
(خرستیان) گاوور
(خرسەك) كاڵای ئەستووری قورس . قاڵیی ئەستوور . كولێرەی ئەستوور
(خرماندن) كرماندنی شت
(خرمووتك) د . كوركورۆژە
(خرمووچك) د . خرمووتك
(خرمووشەك) ز . چررنووك
(خرمە) جۆرە دەنگێكە وەك دەنگی خواردنی ترۆزیی . [خرمەخرم] خرمەی یەك لە دوای یەك [خرموهوورر] خرمـەخرمی زۆر . دەنگی پێی كۆمەڵەسوار .
(خرندال) ز . جۆرە گیایەكە ئەخورێ .
(خرندوول) ز . فرۆ
(خرنگ) ز . ژنی جوان .
(خرنگە) جۆرە دەنگێكە وەك دەنگی

پاوانه ، [خرنگه‌خرنگ] خرنگه‌ی یه‌ك له دوای یه‌ك ، [خرنگوهوورر] خرنگه خرنگی زۆر .
(خرۆش) خورۆش
(خرۆشان) خورۆشان .
(خرۆشاندن) خورۆشاندن .
(خرۆشاو) خورۆشاو .
(خرۆشیان) د . خورۆشیان .
(خرووسه‌ك) خورووزه‌ك .
(خروێلكه) ئاوڵه
(خروێنكه) خروێلكه
(خره‌فان) گه‌وج‌بوون له‌به‌ر پییریی
(خره‌فاو) كه‌سێكه‌له‌به‌رپییریی‌گه‌وج بوو بێ .
(خره‌فیاگ) د . خره‌فاو
(خره‌فیان) د . خره‌فان
(خره‌فیو) خره‌فاو
(خرێ) دانی سه‌روخواری هه‌ردرو لاشه‌ویله
(خریپ) خرێ .
(خرێشكه) ره‌شه‌با
(خریكاندن) ز . راكێشانی شت به‌سه‌ر زه‌ویی‌دا
(خریكین) ز . پێ هه‌ڵخلیسكان
(خرێنه) به‌نێكی سێ‌چوار لۆی‌بادراوه دوو تای‌باری‌پێ‌ئه‌درویٚ‌و‌لێك‌ئه‌درێ . خرێ .
(خریین) به‌ڵغه‌م .
(خز) شوێنی لووس كه گیانداری لێ هه‌ڵ خلیسكێ . شتی لووس .
(خزان) هه‌ڵ خلیسكان
(خزاندن) خلیسكاندن
(خزانن) خزاندن
(خزبردنه‌وه) به‌گازی پشتاكه‌وتن‌له‌به‌ر قاقای پێكه‌نین .
(خزخزۆك) ز . ته‌رزه‌لووكه .
(خزگه) شوێنێكه گیانداری لێ‌هه‌ڵخزێ
(خزلك) ز . هێشووی پچووكی‌ترێ .
(خزم) كه‌س‌و كاری مه‌ردوم .
(خزمایه‌تی) نزیكی‌و كه‌سایه‌تی یه‌كێك له‌گه‌ڵ كه‌سێكا .
(خزم‌دۆست) كه‌سێكه‌نرخی‌خزمایه‌تی‌و دۆستایه‌تی بزانێ .
. (خزمه‌ت) كاركردن بۆ یه‌كێك‌وقازانج پێ گه‌یاندنی .
. (خزمه‌تچی) كه‌سێكه هه‌ر خزمه‌ت‌بكا
. (خزمه‌تكار) خزمه‌تچی .
. (خزمه‌تكاریی) بوونی‌مه‌ردوم‌به‌خزمه‌تكار
. (خزمه‌تكردن) كردنی‌خزمه‌ت‌بۆیه‌كێك
. (خزمه‌تگوزار) كه‌سێكه‌خزمه‌ت‌باش‌بكات

(خزن) د . قسن .
(خزیان) د . خزان . هاتن بەهێواشی و بەبێ هەستیی .
(خزیلك) شوێنی خز
(خزیین) خزان
(خستن) بەزەوییدا دانی شت . بریتییە لە زەبوونکردنو شکاندنی یەکێك : فیسارکەسیان[خست]واتە شکانیان.فڕێدان.
(خستنەکار) هێنانەکاری هێندێ شت : سەعاتەکەم (خستەکار) .
(خستنەگەڕ) خستنەکار
(خستنەوە) زایینو خستنە دنیای چەن منالێك : فیسارکەس منالی زۆری خستەوە
(خسکە) پیازی فیسقە .
(خشان) بەسەر زەوییدا کشان
(خشاندن) بەسەر زەوییدا کێش کردنی شتێك .
(خشانن) خشاندن .
(خشپە) خشەیەکی پچکۆلەیە کە پەیدابێ لە شتێکەوە کە نەبینرێ : گوێم لە [خشپە] یەك بوو ، [خشپەخشپ] خشپەی یەك لەدوای یەك ، [خشپوهوورر] خشپە خشپی زۆر
(خشپیلانە) گیانداری نەشمیلانەی ئێسك سووك .
(خشپیلە) خشپیلانە
(خشت) شتی ڕێكو تەخت . قوڕڕێکە بەقاڵب بڕرابێ بۆ دیوار پێ دروست کردن . شتیگرد : سینییە [خشت] ە کە بێنە
(خشتبڕ) کەسێکە بەقوڕرو قاڵب خشت دروست بکا .
(خشتبڕیین) دروست کردنی خشت بە قاڵب .
(خشتبوون) ڕێكبوون : دەغڵەکە [خشت بووە]واتە هەمووگوڵەکانیڕێكوەستاوە.
(خشتکردن) قرتاندنی شت بەڕێکیی
(خشتە) نیوە شعر
(خشتەنداز) کەسێکە خشت هەڵدا بۆ وەستای سەر دیوار .
(خشتەك) پارچەیەکیپچکۆلەیەنەکەوێتە بن دەستی کەواوە .
(خشتیلە) شتی خشتی پچکۆلانە
(خشر) ز . خشڵ .
(خشرووك) ز . خەرکانە
(خشك) هەزارپێ .
(خشکۆك) با . ژنو کچومنالی جوان
(خشکە) د خشك دەنگێکە لە خشانی شتێکەوە پەیدا نەبێ

(خشکەیی) رۆیشتنی شت بەحەوادا بە نزمیو نزیك لە زەویی : پەررەسێلکەکە بە [خشـــکەیی] فرریی . رۆیشـتنی گیاندار بەتیژییو بێ‌هەستی : فیسارکەس بە [خشکەیی] بە تەنیشتما تێ‌پەرریی .

(خشڵ) زێررو زیبوێکە ژنان بۆجوانی پیدەن لە خۆیان .

(خشندە) گیاندارێکە لەسەر سك بررروا وەك کرمو مار .

(خشۆك) خشندە

(خشە) دەنگێکەوەك‌دەنگی‌راکێشانی شتێکی نەرم بەسەر زەوییدا . (خشەخش) خشەی یەك لە دوای یەك ، (خشوهوورر) خشە خشی زۆر .

(خشیان) د . خشان . خزان

(خشیی) ل . هەزارپێ .

(خشین) خشان .

(خشینەك) ز . شوێنی راکێشانی شت بەسەر زەوییدا .

(خفتان) ز . کەوا

(خگ) لێدانی کوشندە

(خلاًفاندن) خلەفاندن

(خلاًفانن) خلاًفاندن

(خلانکە) خررخاڵی بێشکە

(خلانە) چاڵێکە میوەی وەك لیمۆو پرتقاڵی تیادائەپۆشرێ بۆ هەڵ گرتن .

(خلبوونەوە) گلۆربوونەوەی شتێك لە لێژییەوە .

(خڵت) د . خڵتە .

(خڵتە) مڵتەیـەکە لە دوای پالاًوتنی شتی شل ئەمێنێتەوە .

(خلکردنەوە) گلۆرکردنەوە

(خلنزەر) ز . مارمێلکە

(خلۆربوونەوە) خلبوونەوە

(خلۆرتە) هـ . باڵینەیەکەلەژێرکورتانەوە ئەنرێ بەم لاوبەولایەوە بۆئەوەی‌بارنەنیشێتە سەر کۆلۆکی وو‌خەکە .

(خلۆرکردنەوە) خلکردنەوە

(خلولیك) ز . تەرزەلووکە

(خڵەتان) هەڵفریوان

(خڵەتاندن) فریودان

(خڵەتانن) خڵەتاندن .

(خڵەتیاگ) د. کەسێکەکەهەڵخەڵەتابێ

(خلەخل) ووتەیەکە بەکار دێنرێ بۆ گێررانەوەی‌رۆینی‌مناڵی تازەپێ‌گرتوو:نەریمان سـەرپێ‌کەوتووە[خلەخل] ئەرروا

(خڵەفان) خەریك‌بوون بە شتێکەوەبۆ بەسەر بردنی‌کات . تێکچوونی‌مێشك‌لەبەرپیریی

(خلەفاندن) خەریك كردنی یەكێك بە كارێكەوە .

(خلەوبوون) د . خلبوونەوە

(خلێ) د . ووتەیەكە وەك [نۆنە] منالی ساوا بە مێووژو برێشكەی ئەلێ .

(خلیانەوە) د . تلۆربوونەوە

(خلێران) د . شتێكە كە تلۆربوویێتەوە

(خلێرە) د . شتی گردی گلۆلە .

(خلێرەوبوون) د . گلۆربوونەوە . گردبوونەوە

(خلێرەوكردن) د . تلۆركردنەوە . گردكردنەوە

(خلیسك) شوێنێكە كەپێی لێ هەڵخزێ . پیازی فیسقە .

(خلیسكان) هەڵخزانی پێ لەشوێنی خز

(خلیسكاندن) هەڵخزاندن .

(خلیسكە) پیاز

(خلیسكیان) د . خلیسكان

(خلێف) توێك‌و كاژێكە كە ئەندامی گیاندار هەڵی‌ئەدا .

(خلێنكە) قالۆ نچەیەكی زلی دەشتی‌یە شیاكە خرر هەڵ ئەداو خلی‌ئەكاتەوە بۆ ناو كونەكەی خۆی .

(خلێنە) پیسی ئاژاڵ كە بەپاشیەوە ووشك ئەبێتەوە .

(خلێنەوبلێنە) تەگبیرو رایەكە كە چەن كەسێك بە نهێنی بیكەن بۆ پێكهێنانی كارێك .

(خلیچك) كەسێكە زۆرخاوبێ لەئیشوكارا

(خلیرە) د . دانە وێڵەیەكی رەشی زەردباوی خررە .

(خلینە) دار یا ئاسنێكی سێ‌پەلە ماستاوی پێ ئەكرێ .

(خم) خوم

(خمخانە) خومخانە

(خمخمك) با . كونەلووت

(خمخۆرك) شوێنێكە لە زەویی كە لە خۆیەوە رۆچووبێ .

(خمگەر) خومخانەچیی

(خمەگەروو) قومقمۆكە

(خناف) با . شەونم

(خنانەوە) جۆرە پێكەنینێكی نەرمە : فیساركەس لە خۆشیانا [خنایەوە]

(خنج) خنجیلانە

(خنجوخۆڵ) د . شتی‌جوانی خنجیلانە

(خنجومنج) د . خنجوخۆڵ

(خنجەر) خەنجەر

(خنجەرە) د . كیایێكەلەبەردەمی‌گۆڕری مردوو دائەچەقێنرێ بۆ ئەوەی كە بزانرێ

مردووەکە پیاوەو ژن نیە .
(خنجەڵە) خنجیلە
(خنجیلانە) شتیپچکۆڵەیئێسكسووك
(خنجیلە) خنجیلانە
(خنچکە) د . خنج
(خنکان) مردنی گیاندار بەهۆی دەرنە چوونی هەناسەیەوە .
(خنکاندن) کوشتنیگیانداربەگرتنیهەناسەی
(خنکانن) خنکاندن
(خنکاو) گیاندارێکە مردبێ بەهۆی دەرنەچوونی هەناسەیەوە .
(خنگلین) ز . شەلین .
(خنەخن) دامانو نقاندن بەدەست کارێکەوە : فیسارکەس بەکارەکەیەوە [خنە خن] یەتی .
(خنیە) ل . خەنە
(خنینەوە) خنانەوە
(خۆ) ئاشناوناسیاویتێکەڵ. ناویشارێکە لە کودرستانی ئێران . پیتێکە لەسەر کۆنەو سەرزەنشتابەکار دێنرێ : [خۆ] تۆلای خۆت پیاویت ، واتە نەئەبوونەوکارە بکەیت ، یا [خۆ] منزبانمنەسووتا ، واتە نەئەبوو دڵگیربیبیت .
(خوا) ئەو کەسەیە کە بوەو هەر ئەبێ وە خاوەنو دروست کەری هەمووجیهانە .

خوێ . داواکەربویست : فیسارکەس کورد [خوا] یە ، واتە قازانجی کوردی ئەوێ . ئەگەر : [خوا] نا [خوا] ئەبێ بخوێنییت .
(خواپەرس) د . خواپەرست
(خواپەرست) کەسێکە کەلەخوابترسێو بی پەرستێ .
(خواپەرستیی) پەرستنی خواو بەجێ هێنانی فەرمانی .
(خواپێدان) میهرەبانی خوا لەگەڵ بەندەیەکی خوێ بەدانی بەهرەیەك پێی
(خواپێداو) کەسێکەکەخوابەبەهرەیەك خوێند بیەتیەوە .
(خواجا) ووتەیەکە بەگاوورو جوولەکە ئەووترێ .
(خواجە) خواجا . پیری گەورە
(خواجە نشین) دوو سەکۆی پچووکە لای راستو چەپی دەرگای حەوش لە دیوی دەرەوە لە دیوار ئەهێلرێتەوە بۆ دانیشتن .
(خواخواست) قەزاو قەدەر
(خواداد) د . بەشێکی باش یا بەهرەیەکە کە خوا پێی داست
(خوادادگ) د . خواداد
(خوادان) خوێدان (د) مشیخوا

(خوار) شتی گیرری چەوت ، (خوار بوون) چەوت بوونی شت

(خواربوونەوە) چەوت بوونەوەی شت

(خواردن) جوونو وورد کردن و قووتدانی شت .

(خواردنەوە) قووتدانی شتی شل قومقوم

(خواردە) کەسێکە زۆر حەز لە خواردن بکاو هەمیشە پێوەی خەریك بێ

(خواردەس) خواردەست

(خواردەست) کەسێکە لە ژێرفەرمانتا بێو چاوی لە دەستەوە بێ

(خواردەستی) بوونی یەکێك بە ژێر دەستیی یەکێك

(خواردەسیی) خواردەستیی

(خواردەمەنی) شتی خواردن

(خوارزا) خوشکەزا

(خوارزیی) ز . خوشکەزا

(خوارگ) د . خواروو

(خوارگین) د . خوارگ

(خوارن) ز . خواردن

(خواروو) لای خوارووی شت

(خوارەمرێ) ئاشووبو ئاژاوە : جیهان پررە لە [خوارەمرێ] .

(خواریی) بوونی شت بە حوار . ئاستی خواریی شت

(خواز) خواست : فیسار کچ داوا [خواز] ی هەیە

(خوازێنی) داواکردنی ژن بۆمارە کردنی

(خوازێنی کەر) کەسێکە کە خوازێنی بکا

(خوازتن) د . خواستن

(خوازدراو) خوازراو

(خوازراو) شتێکە بەخواستنەوە رگیرابێ

(خوازگار) د . کەسێکە کەشتێکی بوێ

(خوازگاریی) د . ویستنی شتێك . خوازێنی .

(خوازلۆك) د . خوازەلۆك

(خوازمەنیی) د . خوازگاریی

(خوازە) د . خوایشت

(خوازەلۆك) کەسێکە زۆر داوای شت لە مەردوم بکا .

خواس) خواز [د] خاووس

(خواست) ئارەزوو : [خواست] م وایە کە بخوێنم

(خواستن) داواکردنی شتێك لە یەکێك بۆ چەن دەمێك

(خواستەمەنی) شتی خوازراو

(خواکرد) شتێکە کە دەستکردی خوا بێو هی بەندە نەبێ

(خواگرتن) گرفتار کردنی خـــوا به‌نده‌یه‌کی خۆی به‌ده‌ردێکه‌وه

(خواگرتوو) که‌سێکه که‌خوا گرفتاری ده‌ردێکی کردبێ

(خواگیر) خواگرتوو

(خوان) ته‌ختێکی درێژه نانی لەسەر ئه‌خورێ . خوانکه

(خواناس) که‌سێکه خوا باش بناسێو له فه‌رمانی ده‌رنه‌چێ

(خواناسی) ناسینی خواو بـــه‌جێ هێنانی فه‌رمانی

(خواناسین) خواناسي

(خوانچه) ته‌شتی گه‌وره . خوانی‌نان . خواردن [د] .

(خواندن) د . خوێندن

(خونزایین) د . خانه‌ی زیین

(خوانکه) دارێکی ئه‌ستووره [مووره سه‌نگ]ی ئاشی تێ‌ئه‌برێ . ده‌رخۆنه .

(خوانووس) چاره‌نووس

(خوانه) پنه

(خوانه‌خواسته) ووته‌یه‌که لـه شوێنی [دووربێ] به‌کار دێنرێ ، واته ئه‌و شته خوا نه‌ی‌کا .

(خوانه‌کا) خووانه‌خاسته

(خواوه‌ن) د . خوای په‌روه‌ردگار

(خواوه‌ند) خواوه‌ن

(خواهیش) تکا : [خواهیش] ت لێ ئه‌که‌م . ئاره‌زوو : ئه‌گه‌ر [خواهیش] ته بیی به‌پیاو بخوێنه

(خواهیشت) خواهیش

(خوایش) خواهیش

(خوایشت) خواهیشت

(خوای) پێکه‌نیین

(خوای‌هه‌وریی) خوی‌ی‌هه‌وریی

(خۆبان) مه‌ردومی ناهومید

(خۆبردنه‌پێشه‌وه) بریتی‌یه لـــه خۆ خۆشه‌ویست کردن به کردن یا ووتنی‌شتێك به پێ‌ی دڵی یه‌کێك

(خۆبرریین) بریتی‌یه له له‌خۆدان

(خوبزه) نۆکه‌ر

(خۆبه‌ردان) بریتی‌یه له زیاده‌خه‌رج کردنێك که‌له‌وه پێش نه‌ت کردبێ

(خۆبیینی) خۆپه‌سه‌ند کردن

(خۆپاراستن) خۆ دوور گرتن لـه شتێك‌و پارێزگاریی لێ‌ی

(خۆپارێزیی) دفاع

(خۆپان) ز . که‌لاوه . خراپه

(خۆپه‌رس) خۆپه‌رست

(خۆپەرست) کەسێکە کە خۆی زۆر پەسەند بکا .
(خۆپەرستیی) پەسەندکردنی مردوم گوفتارو کرداری خۆی .
(خۆپەسەن) خۆپەسەند
(خۆپەسەند) کەسێکە کە بە خۆی بنازێ لە هەموو کارێکا .
(خۆپەسەندیی) بەخۆنازیین لەهەمووکارێکا
(خوت) د . خاڵیی ، زۆر تر لەگەڵ ووتەی خاڵیی‌دا ئەووترێ : [خوت] وخاڵیی
(خۆت) بریتی‌یە لەو کەسەی کەقسەی لەگەڵ ئەکەیت .
(خوتا) خوای گەورە
(خۆتان) بریتی‌یە لەو کەسانەی کە قسەیان لەگەڵا ئەکەیت .
(خوترەك) بەرچییغ
(خوتن) کەسێکە زۆر بۆڵەو خوتەبکا
(خوتووکە) ختووکە
(خوتە) بۆڵە ، [خوتەخوت]خوتەی زۆر
(خۆتە) ووتەیەکە ئەووترێ بە مەررو بزن لەکاتی دۆشیینیانا بۆ ئەوەی کە بوەستێ
(خوتەخوتکەر) کەسێکە کەخوتەخوتی زۆر بکا .
(خوتەك) خوترەك
(خوتەکردن) بۆ لەکردن .
(خۆتێگرتن) بریتی‌یە لە خۆهاویشتنە شتێکەوە بۆ پچرریینی سوودێك .
(خۆتێهەڵقورتاندن) خۆ قوت کردنەوە لە کارو باری مەردوما .
(خوچۆك) ز . شتی پچووك .
(خۆخەڵافاندن) سستەسست کردنو خۆ خەریك کردن بە شتێکەوە .
(خۆخەڵافانن) خۆخەڵافاندن
(خۆخەڵافکێ) د . خۆخەڵافاندن
(خۆخواردنەوە) پیش خواردنەوەو رق خواردنەوە . چکانەوەی چیشت لەبەر زۆر کوڵانی . شێ وەرگرتنی زەویی لەکاتی ئاو خواردنەوەیا بە جۆرێك کە بە تەواویی ووشکیی تیا نەمێنێ .
(خۆخۆر) بریتی‌یە لە کەسێك کەزیانی بۆ ناو خۆبێ
(خۆخوراندن) بریتی‌یە لە خۆ ئامادە کردن بۆ بەخشیینی شتێك .
(خودا) خوای گەورە
(خۆداریی) دان بە خۆداگرتن
(خۆداکوتان) بریتی‌یە لەخۆدامەزراندن
(خۆداگرتن) خۆ حەشاردان بوگوێ گرتن لە قسەی مەردوم

(خۆداگیرکردن) دان بەخۆدا گرتنو خۆراگرتن .
(خودان) با . خاوەن
(خۆدانان) بریتی‌یە لەسەر بەخت کردن لە کارێکا .
(خوداوەند) خودا
(خودبینی) خۆ پەسەند کردن
.(خودپەسەند) د . خۆپەسەند
(خودپەسەندیی) د . خۆپەسەندیی
(خودتەراش) مەکینەیەکە مەردوم ریشی خۆی پێ ئەتاشی
(خودداریی) دان بە خۆدا گرتن .
(خۆدزینەوە) خۆشاردنەوە
(خودسەر) کەسێکە هەر لە خۆیەوە بەبێ راوێژو پرسیار ئیش بکا .
(خودسەریی) تێ هەڵچوونلەئیشو کار بەبێ پرسو لێکدانەوە .
(خودگیریی) خودداریی
(خودێ) با . خودا
(خۆر) رۆژێکە کە جیهان رووناك ئەکاتەوە . هەتاو . پیتێکە بە هەر ناوێکەوە نرا ئەیکا بە أسمی فاعل : نان [خۆر] ، گۆشت [خۆر] ، پیاو [خۆر] .
(خۆرا) بخۆر

(خۆراك) خواردەمەنیی . ئەندازەیەکی تایبەتی‌یە لەچای ووشك ئەکرێتە ناو قۆریەوە بۆ لێنان .
(خۆراکیی) د . خواردەمەنی
(خوران) ئاڵۆشی ئەندام .
(خوراندن) نینۆك دان لە شوێنێك کە ئاڵۆشی بێ .
(خۆرانگاز) شوێنێکە لە ئەندام کە تیشکی خۆر سووتاندبێتی .
(خورانن) خوراندن
(خورانەوە) کلۆربوونو بۆش بوونی شت وەك دان .
(خوراو) شتێکە کە مۆرانە لێی دابێ یان گیاندار خواردبێتی .
(خۆراوا) کاتی‌ئاوابوونی‌رۆژ . شوێنێکە کە لەبەر چاوی تۆ رۆژ لێی ئاوا ئەبێ .
(خۆراوایی) کەسێکە کە لە خۆراوا لە دایك بووبێ .
(خورپە) داچڵەکینی‌دڵ‌لەشتێکی‌ناخۆش
(خورپیان) د . داخورپانی دڵ .
(خورت) ووڵاخی بزێوی سەرکێش . گیانداری قەڵەوی تەنگە تیلکە دەوڵەمەند [ز] . کورری گەنجی جوان [ز] .
(خورتیی) با . زۆرو دەگە نەگ : بە

[خورتی] هێنای واتە بەزۆر .
(خورج) دەفرێکی دوولایی تەنراوە وەك قالیی شتی تێ ئەکرێ و بەپاشکۆی وولاخا دائەبەسترێ .
(خورجەزیین) ز . هەگبەی پشتی سوار
(خورجیین) د . خورج
(خوردە) ووردە لە پارەو شتی تر
(خوردەگیر) رەخنەگر
(خوردەگیریی) رەخنەگیریی
(خورر) ئاوێکە خێرا برروا وەمەنگ نەبێ
(خۆرراگرتن) دان بەخۆدا گرتن لەبەر شتێکی ناخۆشا .
(خۆررایی) شتی بێ پارە
(خوررگە) جێگایەکی لێژە کە ئاوی بەتوندیی پیا برروا . ناوی جۆگایەکە لەخوار شاری سولەیمانییەوە کە ئاوەرێژی شاری ناوبراو ئەچێتەوە سەری .
(خوررم) خوررەم .
(خوررە) دەنگی ئاوو شتی شل کە هەڵ بررژێ ، [خوررەخورر] خوررەی یەك لە دوای یەك .
(خوررەم) هاتنەخوارەوەی باران بەلێزمە
(خورریین) نازیین بە یەکێك : تۆ بەکێ ئە [خورریت] واتە بەکێ ئەنازییت ؟ .

(خوررزم) خوررەم .
(خۆرزەدە) د . خۆرئەنگاز
(خۆرسك) درەختێکە لەخۆیەوە روابێ .
(خۆرش) خۆرشت
(خۆرشت) چێشتێکی شلەیەکە لەگەڵ چێشتی تونددا بخورێ .
(خۆرشیید) خورشیید
(خورشیید) خۆر
(خورشیدیی) جۆرە گۆرانییەکی خۆشی کوردییە . جۆرە کاغەزێکی سپی لووسە وێنەی خورشیدی تیایە .
(خۆرکەوتن) کاتی خۆر هەڵاتن . هەڵاتنی رۆژ
(خۆرلەزەردە) کاتی زەردەپەرر
(خورما) بەری دارێکی بەرزی گەرمیانییە زۆر شیرینەو بەهێشوو ئەیگرێ .
(خورماسیچان) گیاندارێکە وەك رێوی بەڵام ئەم گەلێ پچووکترە .
(خورماوررۆن) جۆرە خواردەمەنییەکە لە رۆنی داخکراوو خورما درست ئەکرێ
(خورمایی) جۆرە رەنگێکی سوورکارە وەك خورما .
(خورمایلە) گیایەکی بەهارییە وەك هەڵەکۆك بەڵام ئەم سەلکەکەی شیرین تروگەڵای شیین ترە .

(خورمە) ز . خورما

(خۆرنشین) ئەو شوێنەیە کە بە دیمەن ڕۆژی لێ ئاوائەبێ . کەسێکە لە خوراوا لە دایك بووبێ .

(خۆرنەوەزان) شوێنێکی سەختی نسرمە لە شاخ کە هەتاوی تێ نەکەوێ و گیای تیا سەوز بێ و دڵۆپ دڵۆپ ئاوی لێ بتکێتە خوارەوە

(خورۆش) ئاڵۆشی بەتین . خورۆشان

(خورۆشان) هەراو هوریاو بەیەکاچوونی مەردوم .

(خورۆشاندن) وورووکاندنو تێکدانی کۆمەڵێك . .

(خورۆشاو) چەنگیاندارێکن کەخورۆشابن

(خورۆکە) د . خورووکە

(خوروو) ئاڵۆش .

(خورووزەك) دەردێکە لەگەروودا پەیدا ئەبێو ئەی هێنێتەوە یەكو پەکی هاتوچۆی هەناسە ئەخا .

(خورووك) ئاڵۆش

(خورووکە) د . خورووك

(خۆروەزان) د . بەر بەرۆچکە . خۆر هەڵات .

(خۆرە) جۆرە برینێکە بەهەر شۆێنێك بگا دای ئەوەشێنێ .

(خۆرەتاو) هەتاو

(خۆرەزەرد) د . زەردەی ئێواران و بەیانیان .

(خۆرەن) د . خۆراك

(خۆرەنگاز) شتێکە کەخۆرزدەی کردبێ

(خۆرهەڵات) دەمی خۆرکەوتن . شوێنێکە کە خۆر لێی هەڵبێ .

(خوریان) خورانی جەستە [د] . خواردن

(خوریانەوە) د . خورانەوە

(خورێن) بەردومی زۆرخۆر: فیسارکەس بەدەوری یەك چێشت [خورێن] ە

(خورێنیی) ناشتا : بە [خورێنیی] جگەرە مەکێشە

(خوربی) تووکی مەرر . ئاوڵە [ز]

(خوریکە) ئاوڵە

(خوریین) خورانی جەستە . خورریین [د]

(خوز) بۆ شاییەکە لە کەناری ئاوا کە ماسیی ئەچێتە ژێری .

(خۆزگا) خۆزگە

(خۆزگایەکوو) خۆزگە

(خۆزگە) ووتەی ئاوات خواستن : [خۆزگە] هەموو ووتەی کوردیم کۆئەکردەوە .

(خوزگە) شوێنێکە لە چەمو رووبار ماسیی قوڵاەی تیا ئەدا .

(خۆزگەبردن) ئاوات خواستن .

(خۆزگەخواستن) خۆزگەبردن .

(خۆزە) د . خۆزگە

(خوزی) تف .

(خوژە) گیایەکی بەهاریی کوێستانی‌یە گەڵای باریك‌و سێ‌کووزو کولۆرە سریش لە بنکەکەی پەیدا ئەبێ .

(خوژیلك) گیایەکی گەڵا ئەستووری هەمیشە سەوزی شیردارە ، شیرەکەی بۆ [بیرۆ] زۆر باشە .

(خوس) ووس ، [خوسبوون] ووسبوون

(خوسپ) ناوبردنی مەردوم لە پاشملە بە خراپی .

(خۆسن) د . خۆسن

(خۆسن) د . جنێو

(خۆسەر) د . مەردومی سەرەخەر

خۆسەریی) د . سەرەخەریی .

(خۆش) شتی دڵگیر لە خواردەمەنی‌و بیستراو و بینراو و بۆن‌کراو : ئەم میوەیە یا ئەم‌دەنگە یا ئەم شوێنە یا ئەم بۆنە خۆشە .

(خۆشا) خۆزگە : [خۆشا] بەحاڵی فیسارکەس ، واتە خۆزگە بە حاڵی خۆشی .

(خۆشاب) ز . خۆشاو

(خۆشاتن) د . بەخێرهاتن کردن

(خۆشاردنەوە) خۆ دزینەوە

(خۆشاو) جۆرە شەربەتێکە لە مێووژو لە تکەی کوڵاو دروست ئەکرێ .

(خۆشاواز) دەنگ خۆش

(خۆشاوازیی) دەنگ خۆشیی

(خۆشباوەرر) کەسێکە زۆر زوو بە هەموو شت باوەرربکا .

(خۆشبوون) زۆر بوونی گرری‌ئاگرو چرا . پێگەیشتنی هێندێ خواردەمەنی : ترێ [خۆش‌بوە] واتە ترشیی نەماوە . دووربوون لە ئازارو سزای رۆژگا : یاخوا هەر [خۆش بیت] . بووردن لە گوناحی یەکێك : لە قەرزاری هەژار [خۆش ە] . رێکو پێك بوونی شوێنێك : سلیمانی [خۆش‌بووە] پوختە بوونی قوور .

(خۆشبوونەوە) چاکبوونەوە لەنەخۆشیی

(خۆشبەخت) خاوەن نگین‌و بەختیار

(خۆشبەختیی) بەختیاریی

(خۆشبەز) ووڵاخی خۆش رەوت

(خۆشحاڵ) مەردومی دڵشاد

(خۆشحاڵیی) دڵشادیی‌و شادمانی

(خۆشخۆش) خێرا خێرا

(خۆشخوو) خۆش رەفتار

(خۆشرروو) مەردومی رووخۆش

(خۆشرروویی) رووخۆشیی
(خۆشرەفتار) کەسێکەرەووشتی جوان بێ
(خۆشرەفتاریی) جوانیی رەووشت وخوو
(خۆشررەو) وولاٚخی خێرا
(خۆشررەوت) خۆشررەو
(خۆشزبان) مەردومي زبان شیرین
(خۆشزووان) د . زبان شیرین
(خوشك) مێینەیەکە لە باوكو دایکت یا لە یەکێکیان بێ .
(خوشکایەتی) بوونی دووئافرەت بەخوشك
(خۆشکردن) زۆرکردنی گرری ئاگرو چرا . شیرین کردنی چەقالەو بنێشتەتاڵ بە کولاٚندنیان . رازاندنەوەو رێکوپێك کردنی شوێنێك : ژوورەکەت [خۆشکردووە] . شیلاٚنو پوختەکردنی قورر . خۆشکردنەوە : بارانەکە [خۆشی کرد] . پوختە کردنی پێستە و هەمانە بەدەرمان .
(خۆشکردنەوە) وەستانەوەی باران و بەفرو تەرزە .
(خوشکۆك) ز . شتی جوان .
(خوشکەزا) منالی خوشك
(خوشکەزازا) منالی منالی خوشك .
(خوشکەلێ) ووتەیەکە ئەووترێ بە خوشك لەرووی خۆشەویستی یەوە .

(خوشکێ) خوشکەلێ .
(خوشکێش) ز . وولاٚخی رەهوان
(خۆش لێ هاتن) خۆشبوونی شتێك لەلات : [خۆشم لەوشتەدێ] یانایەت .
(خۆشناو) جۆرە ترێیەکی رەشی دەنك گەورەیە تاپایزێکی درەنگ ئەمێنێ . ناوچەیەکە لە لیوای هەولێر .
(خۆش نەکەر) دیوێکە لە میچ
(خۆشوچۆنی)هەواڵ پرسینی دووکەس لە یەکتریی .
(خۆشودشیی) د . خۆشوچۆنیی
(خۆش ویستن) ویستنی شتێك بەدڵ وبەگیان.
(خۆش هاتن) خۆشاتن .
(خوشە) دەنگێکە وەك دەنگي دۆشینی شیر ، [خوشەخوش] خوشەی یەك لەدوای یەك .
(خۆشە) چەرمێکە کەپوختە کرابێ .
(خۆشەبوون) پوختە بوونی چەرمو هەمانە . بریتی یە لە دەرهاتنو قاڵ بوونی کەسێك لە فرمانێکا .
(خوشەتاڵوو) کاهووە کێوییلە
(خۆشەچیین) گوڵەوەچن . بریتی یە لە یەکێك کە لە یەکێکی ترەوە بەهرەمەند بێ : من [خۆشەچیین] ی زانینی تۆم
(خۆشەکردن) پوختە کردنی چەرمو

هەمانە . بریتی‌یە لە قاڵ کردنو پوختەکردنی
یەکێك لە فرمانێکا .
خۆشەکراو) شتێکەپوختەوخوشەکرابێ
(خۆشەوبوون) د . خۆشبوونەوە
(خۆشەویس) خۆشەویست .
(خۆشەویست) کەسێکە کە زۆرت
خۆش بوێت .
(خوشەویستیی بوونی‌شت بەخۆشەویست
(خۆشەویسی) خۆشەویستی
خۆشەویی) با . خۆشەویست
(خۆشێ) ووتەیەکە بەکار دێنرێ لە
جێی ووتەی خێرا : [خۆشێ] هاتەوە ،
واتە خێرا هاتەوە .
(خۆشیان) چەن رۆژێکی خۆشە لە
زستانا کە بارانو قورری تیا نەبێ .
(خۆشی‌خۆشی) شادمانی‌و کەیف‌خۆشی
(خوشیلك) خوژیلك
(خوشیلکە) د . خوژیلك
(خۆشیی) دڵشادیی‌و نەبوونی خەفەت
(خۆشیرین‌کردن) بریتی‌یە لە ووتن‌و
کردنی شتێك لای یەکێك بەرەنگێك کە
پێی پچێتە پێشەوە
(خوشیل) د . خوژیلك
(خۆکوشتن) بریتی‌یە لە لەخۆدان .

(خۆکێشانەوە) پاشگەزبوونو دەست
هەڵگرتن‌لەکارێك . کێشمانی‌جەستە . ووتەیەکە
لەرووی‌سووکی‌یەوە ئەووترێ بۆمردنی‌یەکێك
(خۆکێش کردن) رۆیشتن بۆ شوێنێك
بەبێ هێزیی‌و بێ کەیفی .
(خۆگرتن) گوێ‌گرتن بەنهێنی لەقسەی
مەردوم . خۆداریی .
خۆگورجکردن) خۆ هەڵکردن .
(خۆگێلکردن) بەدرۆ خۆ بێگانە کردن
لە شتێك .
(خۆگیر) د . کەسێکە کە دان بە
خۆیا بگرێ .
(خۆگیریی) دان بەخۆداگرتن‌لە کارێکا
(خول) سووررو چەرخەی شت : ئەو
تەشی‌یە [خول] ی خۆشە ، [خولەخول]
خولی یەك لە دوای یەك . گیاندارێکە ملی
خواربێ‌و نەتوانێ بەرزی‌کاتەوە [ز] .
(خوڵ) د . خۆڵ
(خۆل) خۆڵ
(خۆڵ) خاکی ووردی ووشك .
(خولاٚ) خوا .
(خولاٚم) د . بەندەی کەمەربەستە
(خولاٚمانە) کاکۆڵ .
(خۆشەخانە) د . دەباخانە

(خولاندنەوە) سووڕراندنەوەی شت بەگردی خۆیا .

(خولانەوە) سووڕرانەوەی شت بە گردی خۆیا .

(خۆلاو) تیژاوی خۆڵەمێش

(خولخواردن) خولانەوە

(خولخولۆکە) شتێکەمناڵان ئەی خولێننەوە

(خولخولە) خولخولۆکە.فرفرۆکە[د] .

(خولخۆلە) ملی شەربەوجەرەوگۆزەی شکاو

(خوڵخوڵە) غولغولە

(خولدان) خولاندنەوە

(خوڵوپانن) د . گولۆفتنەوەی شت : تانجی یەکە کە روێشکەکەی [خوڵوپانەوە] .

(خولۆربوونەوە) گلۆربوونەوەی شتێك لە لێژیی یەکەوە .

(خولە) د . سووڕرانەوە : چی یە هەر [خولە] ت دێ

(خولەپۆت) د . خۆڵەپەتانی

(خۆڵەپۆت) د . خۆڵەپەتانی

(خولەپۆتێ) د . خۆڵەپۆتێ .

(خۆڵەپۆتێ) د . خۆڵەپۆت

(خۆڵەپەتانی) یاریی کردنی مناڵ بەخۆڵ.

(خۆڵەژان) د . ژانێکە تووشی مناڵ ئەبێ لە خواردنی خۆڵەوە

(خوڵەکەوە) خۆڵەمێش .

(خۆڵەمرر) خۆڵەمێش

(خوڵەمێش) خۆڵەمێش

(خۆڵەمێش) خۆڵی شتی سووتاو

(خولیا) مەراق پەرڕینە سەر بۆشتێك

(خولیانەوە) د . خولانەوە

(خولێنکە) خولخولۆکە

(خولیی) ز . خۆڵەمێش

(خۆلیی) با . خۆڵەمێش . خوریی .

(خوم) جۆرەرەنگێکی شینی لاجیوەردیی یە بەنو کالآی پێ رەنگ ئەکرێ .

(خۆم) برییتی یە لە قسەکەرێکی تەنیا کە خۆی بە خۆی بڵێ .

(خومار) مەردومی مەستی سەرخۆش . هەڵم و بوق و تۆزی ئاسمان .

(خوماریی) مەستیی و سەرخۆشیی

(خومالیك) ز . جەرەی گەورە

(خومالیی) ز . شتی خۆماڵیی .

(خۆماڵیی) شتی تایبەتی کە بۆ ماڵی خۆتت کردبێ .

(خۆمان) برییتی یە لە قسەکەرێك کە چەن کەسێکی لەگەڵا بن کە خۆی بیلێ لە زمان ئەوانیشەوە .

(خۆمانە) شتی تایبەتی خۆیی .

(خۆمانەخۆمانە) بریتی‌یە لە ماڵ جیایی کردنی یەکێك لەگەڵ یەکێکی ترا .
(خۆمانی) خۆمانە .
(خومچی) خومخانەچی .
(خومخانە)جێگایەکەشتی تیالەخوم بدرێ
(خومخانەچی) وەستایەکە کە شت لە خوم بدا .
(خومخۆرك) قلیشی زەویی .
(خومریی) ز . سووری تۆخ
(خومشێوان)بریتی‌یە لە بلاوبوونەوەو بیستنی درۆیەکی زلی دوور لە ژیریی‌و بیر: لە کاتێکا کە درۆیەکی زۆر زل بلاوبێتەوە (خوم شێواوە)
(خومگەر) خومخانەچی
(خومین) ز . دەنگی رووخانی شت
(خومەررژە) باڵندەیەکی سەوزی شین‌کارە بەقەد (قژاڵکە)یەك ئەبێ
(خومەررەژە) د . خومەررژە
(خومە شوینکە) د . خومەشێونە
(خومەشۆینە) د . خومەشێونە
(خومەشێونە) د . مەردومی بەئاشووب
(خومیزیین) ز . کوژانەوەی ئاگر .
(خومیی) شتێکە رەنگی وەك رەنگی خوم وابێ .

(خومیین) خومیی .
(خۆناسین) بریتی‌یە لە ناسینی مەردوم ئەندازەو پایەی خۆی : فیسارکەس (خۆی نا ناسێ) . بریتی‌یە لـە بلووغ بوون : ئەوەتی خۆم ناسیوە واتە ئەوەتی بلووغم‌بووە.
(خوناڤ) شەونم (با) . ئاوێکە لە شەوا هاتبێتە سەر شینایی (ز) . بارانی وورد (ز)
(خوناو) ئاوونگ
(خوناوکە) خوناو . بارانی وورد .
(خونجان) گونجان .
(خونجاندن) گونجاندن
(خونجانن) گونجانن
(خونجگا) د . شوێنێکە کە مەردوم بتوانێ تیا بسرەوێ .
(خونجگە) د . خونجگا
(خونجیان) د . خونجان
(خونچە) گوڵێکە کەبەشتا نەگەشابێتەوە
(خونخوار) بریتی‌یە لـە زۆرداری ستەمکاری دڵ رەق .
(خۆندن) خوێندن .
(خۆندنخانە) خوێندنخانە .
(خۆندنگا) خوێندنگا .
(خۆندنگاه) خوێندنگاه .

(خۆندنەوە) خوێندنەوە .

(خۆندەوار) خوێندەوار .

(خۆندەواریی) خوێندەواریی .

(خونقیین) ز . باران بارین بەووردیی

(خونك) کەسێکە زۆر ئارەزووی دەست بازیی وخۆتێ هەڵسوونی بێ . گونك ژمێر

(خونکار) ووتەیەکە بەپاشایان ئەووترێ

(خۆنمایی) د . خۆنواندن .

(خۆنن) د . خۆندن . بریتییە لە گۆرانی ووتن .

(خۆننەوە) د . خۆندنەوە .

(خۆنواندن) بریتییە لەخۆ دەرخستنی مەردوم بەکردنی شتی باش .

(خۆنوانن) خۆنواندن

(خۆنووس) قەڵەمی قوررقوشم

(خۆنوێن) کەسێکە کە خۆی بنوێنێ

(خۆنوێنیی) خۆپیشاندان وخۆبردنەپێشەوە

(خۆنەوار) خوێندەوار

(خۆنەواریی) خوێندەواریی

(خۆنیشاندان) خۆنواندن

(خوو) رەووشتێکە کە گیاندار هۆگری بوو بێ .

(خووانچە) سینی

(خووز) هێز : نەخۆشـــەکە بێ

[خووز] ه . زوقم .

(خووز تێکەرران) هاتنەوەی هێزی نەخۆش و کەوتنەوە سەرخۆی .

(خووز تێکەررانەوە) خووز تێکەرران. ژیانەوەی درەخت .

(خووز هێنانەوە) هاتنەوەیەکی بریینی ئەندام و درەخت .

(خووسار) ز . زوقمی سەرزەویی کە ببینرێ .

(خووسان) نەرم بوونەوەی شتی رەق بەهۆی تەرربوونیەوە . بریتییە لە دڵ نەرم بوونی کەسێك بەرامبەر بەیەکێك بۆ شتێك کە هیوای لێ نەکرێ .

(خووساندن) نەرمکردنی هێندی شت : سەرت (بخوسێنە) ئنجا بیتاشە . بریتییە لە دڵ نەرم کردنی یەکێك بۆ شتێك .

(خووساندنەوە) نەرمکردنەوەی هێندێ شتی رەقەوە بوو .

(خووسانەوە) تلیسانەوەو نەرم بوونی هێندی شت .

(خووساو) شتێکە بەهۆی تەرربوونیەوە نەرم بوویێتەوە .

(خووساوە) شتی خووساو .

(خووسیاگ) د . خووساو

(خووسیان) د . خووسان

(خووگ) بەراز

(خووگەمله) گوریس کێشەکێ

(خوول) با . خوڵ .

(خوولی) با . خۆلیی

(خوون) ز . خوێن

(خووهرا) ز . زۆرخۆر

(خووهریی) ز . خۆزگە

(خووهستن) ز . خواستن .

(خووهستەك) ز . خوازەڵۆك

(خووهستیی) ز . خوازیێنیی

(خۆ وێڵکردن) خۆ گێل کردن .

(خوه) با . ئارەقی ئەندام : من (خوه) دایە ، واتە ئارەقم کردۆتەوە .

(خۆه) ز . خوشك

(خۆهر) ز . خوار

(خۆ هەڵبەست) شتێکی درۆیە کە یەکێك لە خۆیەوە هەڵی بەستێ .

(خۆهەڵتراندن) بریتییە لـە خۆ هەڵکێشانی یەکێك بۆشتێك کەلێی نەوەشێتەوە

(خۆهەڵخستنەوە) هەڵپەررودا پەرر کردن

(خۆ هەڵدان) خۆ هەڵکێشان

(خۆ هەڵ شرنگاندن) خۆ هەڵتراندن

(خۆ هەڵکردن) چاك کردن بەلاداو خۆ گردکردنەوە .

(خۆ هەڵکێش) کەسێکە کە زۆر خۆی هەڵ بکێشێ بەقسەی پف هەڵدراو .

(خۆ هەڵکێشان) بریتییەلەمەدح کردنی یەکێك بۆ خۆی .

(خوێ) شتێکی سپی زۆرسوێرە ئەکرێتە ناوچێشتو نانەوە . خاوەن [د] .

(خۆی) بریتییە لە کەسێکی نادیار یا یەکێك کەرووی قسەت لێی نەبێ . ناوی شارێکە لە کوردستانی ئێران :

(خۆیابوون) ز . پەیدا بوون .

(خۆیان) بریتییە لە چەن کەسێکی نادیار یا چەن کەسێك کە رووی قسەت لێیان نەبێ . پەیدا بوون [ز] .

(خۆیانیی) با . ئاشنا

(خوێچەشتن) خواردنی کەمێك لە چێشت لەپێش تێکردنیا بۆ ئەوەی‌کە بزانێت خوێی تەواوە یا نا .

(خوێدار) د . خاوندار . بریتییە لەشتی‌جوانی دڵچەسپ : ئەم شتە[خوێدارە] واتە جوانە .

(خوێداریی) د . خاوەنداریی .

(خوێدان) دەفرێکی تایبەتییە هەر خوێی‌تێ‌ئەکرێ . رۆکردنی خوێ‌بۆ ئاژاڵ

(خوێدانە) دەفری خوێ .
(خوێررایی) د . خۆررایی
(خوێرریی) گیانداری بەرەلاّی سەرسەرریی
(خوێررێزگە) چەن بەردێکی پانەخوێ ی لەسەر رۆ ئەکرێ بۆ ئاژاڵ
(خوێز) د . زوقم
(خوێزا) خوشکەزا
(خوێس) د . سەهۆڵ
(خوێسە) د . زوقم
(خوێش) خزم
(خوێشایەتی) خزمایەتی
(خۆێشك) خوشك
(خۆێشکەزا) خوشکەزا
(خوێشیی) خزمایەتی
(خوێنگ) خاوەن
(خوێل) خێل
(خوێن) شتێکی سووری شلی گەرمە لەناو دەماری گیانـدارا دێتو دەچێ . ووتەیەکە بە دوای هێندێ ناوەوە ئەنووسێ ئەیکا بە فاعل : قورئان [خوێن] شـانامە [خوێن] داستان [خوێن] . پارەیەکە لە خوێنی کوژراوا بدرێ
(خوێناویی) شتێکە خوێنی تێوەچووبێ
(خوێنبایی) پارەیەکە لە خوێنی یەکێکا ئەدرێ .
(خوێنبەردان) بەرەلاّ کردنی خوێنی هێندێ دەمار بەنەشتەر
(خوێنتال) بریتی‌یە لە مەردومی ئێسك قورس .
(خوێنتاڵیی) ئێسك قورسیی
(خوێنجمان) خوێن جومان
(خوێنجومان) کاتی بەهارە کە جیهان گەرم ئەبێو خوێنی تیائەجووڵێتەوە
(خوێنخوا) د . کەسێکە داوای خوێن ئەکا لە پیاو کوژ
(خوێنخوار) بریتی‌یە لە دوژمنێکی وا کەبە خوێنی سەرت تینوو بێ
(خوێنخواریی) د . داوا کردنی خوێن لە پیاوکوژ
(خوێنخۆر) بریتی‌یە لە پیاوکوژ
(خوێندن) فـێربوونی نووسـراو لای مامۆستا لەبەر یالە پەرراوا
(خوێندنخانە) جێگای خوێندن
(خوێندنگا) خوێندنخانە
(خوێندنگاه) خوێندنگا
(خوێندنەوە) دەورکردنەوەی شتی نووسراو
(خوێندەڤان) با . خوێندەوار
(خوێندەوار) کەسێکە کە خوێندبێتی

(خوێندەواریی) بوونی مەردوم بەخوێندەوار

(خوێنرڕژاندن) بریتییە لە کوشتنی مەردوم

(خوێنرڕژانن) خوێن ڕرژاندن

(خوێنرڕشتن) بریتییە لە کوشتنی مەردوم.

(خوێنرڕێژ) بریتییە لە یەکێك کە مەردوم زۆر بکوژێ .

(خوێنرڕێژیی) بریتییە لە زۆر کوشتنی مەردوم .

(خوێنسارد) بریتییە لەیەکێك کە درەنگ رقی هەستێ .

(خوێنساردیی) بریتییە لە درەنگ رق هەستان .

(خوێنشیرین) بریتییە لە مەردومی ئیسك سووك .

(خوێنشیرینی) بریتییە لە ئیسك سووکی مەردوم .

(خوێنکردن) بریتییە لە کوشتنی مەردوم

(خوێنکردنە کاسە) بریتییە لە رەش کردنی یەکێك لای یەکێکی تر بەجۆرێکی زۆر خراپ .

(خوێنکوژاندنەوە) بریتییە لە ئاشتی خستنە ناو کۆمەڵێکی خوێنە خوێ .

(خوێنکەر) خوێن ڕرێژ .

(خوێنگرتن) گرتنی خوێن لە هێندێ ئەندام بەهۆی جنینی بەگوێزان و هەڵمژینی بەکەڵەشاخ .

(خوێنگەرم) بریتییە لە خوێن شیرین

(خوێنگەرمیی) بریتییە لە خوێن شیرینی

(خوێنمژ) بریتییە لە زۆرداری ستەمکار

(خوێنمژیی) بریتییە لە زۆرداریی و ستەمکاریی .

(خوێنمژیین) خوێنمژیی

(خوێنەخوار) خوێنەخوارە .

(خوێنەخوارە) دوژمنی خوێنیی

(خوێنەخوێ) خزمی نزیکی کوژراو

(خوێن هەڵهێنانەوە) هێنانەوەی خوێن بەدەم

(خۆیەتیی) تێکەڵیی و دۆستایەتی .

(خوێهدان) ز . ئارەق کردنەوە .

(خۆیی) خۆیەتی . خاوەن [ز]

(خوییرك) با . مۆرانە

(خوییسان) خووسان

(خوییساو) خووساو

(خوییساوە) خووساوە

(خوییل) با . خێل . شتی خوار

(خویین) ل . خوێن .

(خەبات) با . کۆشش و هەوڵدان .

(خەبەر) با . جوێن: بۆچ [خەبەر] دێژییت ، واتە جنێو ئەدەیت .

(خەپار) ووتەیەکە لەگەڵ ووتەی [خرر]دا بەکار دێنرێ : فیسار منداڵ خررو [خەپار]ە ، واتە خەپە تۆڵەیە .

(خەپراندن) ز . خۆشکردنی زەویی بۆ چاندنی .

(خەپکە) شتێکی درێژە کەهەردوو سەری هاتبێتەوە یەك و ئەڵقەی دابێ . خەپلە .

(خەپلە) جۆرە کولێرەیەکەلەگەنم نەبێ

(خەپوولێ) د . پوول پەرست

(خەپەتۆڵە) گیانداری خررو قەڵەو.

(خەپەخەپ) دەنگی گاڵۆلکێی منداڵ.

(خەپەرە) گیانداری ساوای قەڵەو ، [خەپەرە بوون] قەڵەو بوونی ساوا .

(خەپەرەکردن) نوستنی هێندێ گیاندار وەك تووتکە سەگ و پشیلە بەگرمۆڵەیی . (خەت) کێرری سەرکاغە یاسەرزەویی.

(خەتات) دەرمانێکە لە برۆئـەدرێ بۆ رەشبوونی .

(خەتاتی) ئارایش بە خەتات .

(خەتدان) بریتی یە لە دەرهاتنی مووی ریش و سمێڵ .

(خەتکێش) راستەیەکە خەتی راستی پێ ئەکێشرێ

(خەتەنەسـووران) شـایی یەکە کە بۆ خەتەنەکردن بکرێ .

(خەتەنەکردن) بررینی چەرمی سەر چووکی کورر .

(خەتیرە) ز . چۆڵەچرا .

(خەجیجووك) ز . گیایەکی گوڵ سوورە ئەخورێ .

(خەرار) جۆرە تەنراوێکی شاشی زبری موویینە زۆرتر تووتنی تیا دائەگیرێ .

(خەرامان) ئافرەتی شەنگوشۆخ .

(خەربەند) گیایەکی بـەرزە تۆوێکیووردی هەیەدوو کەڵەکەی بۆئەندامی قڵیشاو باشە

(خەربەندە) با . قەتارچیی

(خەربەنگ) د . جۆرە گەرچەکێکە . خەر بەند .

(خەرپشت) قوررو بەردێکە ئەدرێتە پشت دیوار بۆقایمی .

(خەرپنگ) خەرپونگ

(خەرپونگ) گیایەکی بەهاریی ئاویی یە وەك پونگەوایە بۆ بریینی پشتی وولاخ باشە .

(خەرپونگە) خەرپونگ .

(خەرت) مەتەوکەوانوتیپغێکەدارتاش داری پێ خررو لووس ئەکا .

(خەرتا) جۆرە شەڵتەیەکی گەورەیە .

(خەرتە) زەویی دووجار کێڵراو

(خەرتەلە) گیایەکی گەڵاپانی بەهارییە وەك گەڵا توور وایە بەڵام ئەم سەلکی نیە

(خەرجیی) جۆرە بافتەیەکی پانە ئەنرێ بەقەراغی کەواو سوخمەی ژنانەوە . رۆژانە یەکە ئەدرێ بەمناڵ .

(خـەردار) دوو داری ئـەستوورە [پردەڵە] یان لەسەر رایەڵ ئەکرێ .

(خەرداڵ) پەلەوورێکی گەورەی بۆری گۆشت خۆری کێوییە .

(خەررات) دارتاشێکە کە دارخەرت بکاو کاسەو کەوچك و کەمۆڵەی لێ دروست بکا .

(خەرراتی) خەریکبوون بـەخەرت و تاشینی کەوچك و کاسەوە .

(خەررك) د . هەررگ

(خەررۆ) کەسێکە کە بایی بووبێ : بەکێ [خەررۆ] بوویت ؟ . کەسێکە کە تەفرەی خوارد بێ ، [خەررۆبوون] بایی بوون. تەفرە خواردن : من بەقسەی تۆ [خەررۆ] بووم ، [خەررۆکردن] تەفرەدان .

(خەررە) د . مەردومی خودسەری سەر رەق .

(خەررەك) شتێکی دارینەپەررەیەکی گەورەی هەیە دووخێکی پێوەیە بە دەسکە لوولەیە یـەك بائەدرێ و لۆکەو خوریی پێ

ئەررێسرێ . بەرد کێشی دارینە

(خەررەمە) د . نێرەکەر

(خەرریی) ل . قورر

(خەرز) جووت گرتنی گیاندار بێجگە لە ئادەمیی [ز] . گەرای کوللەوشتی تر [با]

(خەرسانن) د . خەسانن

(خەرسکردن) قەبڵانی بەری بەرزە درەخت بۆ وەرگرتنی دەیەك لێی .

(خەرسەك) سیپاڵی ئەستوور . کولێرەی ئەستووری زبر .

(خەرکان) د . خەرکانە .

(خەرکانە) برینێکی بەئێشـی تەرری پەرەسێنە بەدەم و چاوی مناڵ هەڵئەپەررێ

(خەرکاو) ووتەیەکە هەمیشـە لەگەڵ ووتەی [خەریك] ئەووترێ : خەریك و [خەرکاو] ی کردم .

(خەرکۆڵ) کەرکۆڵ .

(خەرکەمان) شتێکەوەك چیکەنەکەمەی دەف و بێژنگ و هێندێ شتی تری پێ ئەچەمێنرێتەوە

(خەرکەوان) د . خەرکەمان .

(خەرگۆلك) کەرەکێویی .

(خەرمان) هێندێ شتی دروواوەی کۆمەڵە کراوی بـەئاخڵە دانراوە بۆ گێرە کردن و کوتانی وەك گەنم و جۆو شتی تر .

(خەرمانان) مانگی حوزەیران .

(خەرمانگا) جێ خەرمان .

(خەرمانلۆخە) دانەوێڵەیەکە لەسەر خەرمان بدرێ بەهەژاران .

(خەرمانلۆغە) خەرمانلۆخە

(خەرمانە) کێررێکە لە هەورێکی تەنك هێندێ جار پەیدا ئەبێ بەگردی مانگا وەنیشانەی باران بارینە .

(خەرمشك) د . مشکی دەشتی

(خەرموورگ) د . مووروەکەرانە .

(خەرناز) نازکردنی یەکێك کەلێی نەیەت

(خەروا) شتی پەپکەی پانەوەبوو وەك پەنیرو هەنجیروقیری پانکراوە . تۆتۆیی یەکە لە ژێر ئاگرا برژێنرابێ .

(خەروار) ناوە بۆ سەدمەن ووشکەدان

(خەرە) ز . دیواری ووشکەکەڵەك .

(خەرەبەنگ) د . خەربەنگ .

. (خەرەفان) تێکچوونی ژیریی‌و بیر لەبەر پیریی .

. (خەرەفاو) کەسێکە کە خەرەفابێ .

. (خەرەفیاگ) د . خەرەفاو

. (خەرەفیان) د . خەرەفان .

. (خەرەفین) د . خەرەفان .

(خەرەنگەز) جۆرە مێشێکی زلی سەوزە

(خەرەنگەزە) خەرەنگەز

(خەرییتە) شتێکە راوچی بارووتی تێ ئەکا لەکاتی راوکردنا . نەخشەی جیهان .

(خەریك) کەسێکە بەکارێکەوە ئاڵاّبێ ، [خەریکبوون] ئاڵاّن بەکارێکەوە ، [خەریك کردن] ئاڵاّندنی یەکێك بەکارێکەوە

(خەریکە) د . خەریك

(خەزام) ز . گەڵاّی زەرد بووی درەخت لە پایزا .

(خەزن) د . ژن خوشك

(خەزوور) باوکی ژن‌و مێرد

(خەزووران) بەرەی خەزوور

(خەزوورە) خەزوور

(خەزەڵ) بزنێکەکە تووکی دەست‌و شانی زەردباوبێ .

(خەزێم) قوڵفەیەکی زێررینە ژنان ئەیکەنە لووتیان بۆ جوانی .

(خەزیمووك) ز . چێشتی ترخێنە

(خەس) خەست .

(خەسارە) ز . نیرگەی خانوو

. (خەساس) کەسێکە گیاندار بخەسێنێ

(خەسان) خەسیین .

(خەساندن) کوتاندن یا دەرهێنان یا فلیقاندنەوەی گونی گیاندار بۆ ئەوەی کە

ئەپەرریێ . شکاندنەوەی تەرزی تەماتە بۆ ئەوەی پەل بهاوێو بەر داینێ . خەرس کردن [د] .
(خەسانن) خەساندن
(خەساو) گیاندارێکە خەسێنرابێ .
(خەست)شتی شل کە روونو تراو نەبێ
(خەستبوونەوە) توندبوونەوەی شتی شل
(خەستە)دۆیەکە کە کرابێتە ناو کیسەوەو توندبوو بێتەوە . نەخۆش .
(خەستەخانە)شوێنی دەرمانکردنی نەخۆش
(خەستەك) ووتەیەکە شتی زۆر شیینی پێ ئەشوبهێرێ: بوە بە[خەستەك]ی شیین
(خەستەویی) جۆرە خورمایەکی نەرمە ئەکرێتە حەلانەوە .
(خەستیی) بوونی شت بەخەست : چا بە [خەستیی] مەخۆرەوە .
(خەسرەوانی) د . جۆرە کووپەیەکی زۆر گەورەیە .
(خەسوو) دایکی ژنو مێرد
(خەسە) د.خەستەی تووره کە. نەخۆش . ماندووی شەکەت .
(خەسەخانە) د . خەستەخانە
(خەسیاگ) د . خەساو
(خەسیان) د . خەسان
(خەسیاو) د . خەساو
(خەشۆ) مەردومی شێتۆکەی گێل
(خەشیل) ز . جۆرە گیایەکە
(خەشیم) مەردومی گێلی نادان
(خەفاندن) د . سەرداخستن
(خافانن د . خەفاندن
(خەفتان) خەفتیان . داری ناخودای کەشتیی [د] . کەشتیوان [د] .
(خەفتك) خەوتوو
(خەفتن) د . نوستن
(خەفتوو) د . خەفتك
(خەفتیان)چلەیزستانە کەتۆوی تیانارروێ
(خەفك) ز . فاقە
(خەفگە) د . شوێنی نوستن . چاڵێکە شیشە تووتنی تیادائەنرێ [د] .
(خەفۆك) گایەکە لە جووت کردنا بخەوێ . کەسێکە زۆر خەفەت بخوا
(خەفە) شوێنێکە کەکپ بێو بابوێری نەبێ . سەماوەرێکە کونی گیرابێو ئاگرەکەی رەش بووبێتەوە . گیانداری تاساو ، [خەفە بوون] کپ بوون
(خەفەت) خەمو دڵتەنگی
(خەفەتبار) کەسێکە کەخەفەتێکی بێ
(خەفەتباریی) دڵتەنگی

(خەفەتخواردن) بریتی‌یە لە خەفەت پەچنیین، دڵ

(خەفەکردن) کپ کردنی‌شت بەرەنگێك کە بابوێری نەمێنێ . بریتی‌یە لە کوشتن‌و سەرنگوون کردنێ یەکێك

(خەفیاگ) د . لقی درەختێکە کەلە ژێر زەوی‌یەوە تووڵ‌کێش کرابێ بۆئەوەی کەبنجێکی تری لێ‌سەوز بێ

(خەل) با . کەڵەکە بەرد

• (خەڵات) شتێکە کە یەکێکی گەورە بی‌بەخشێ بە یەکێکی بەرەو خوارتر لەخوی لە رووی پیاوەتی‌یەوە

• (خەڵاتیی) شتێکە کەبە خەڵات‌بدرێ

(خەلان) ز . شکانی دەست‌وپێ

(خەلپۆت) ژەکێکە کرابێتە ئاگردانی گەرمەوەو مەیی بێ

(خەڵتان) شوێنێکە لە ئەندام یاشتێکە کەزۆر خوێناوی بووبێ : سەری یاکراسەکەی [خەڵتان] ی خوێنە . خەلییلە

(خەلتانە) خەلییلە

(خەڵف) لقی یەکساڵەی درەخت

(خەڵوا) خەروا

(خەڵووز) پشکۆ ئاگری کوژاوە

(خەڵووزان) شوێنێکی تایبەتی‌یە لەماڵا کە هەر خەڵووزی تێ‌بکرێ

(خەڵووزدان) خەڵووزان

(خەڵووزە) دەردێکە تووشی بێستان ئەبێ رەشی هەڵئەگێرێ . ناوی دێ‌یەکە لە مەرییوان لە سنووری شلێر

(خەلوول) مییچی قاچی رەشەووڵاخ

(خەلە) دەغڵ .

(خەڵەتان) تەفرەخواردن

(خەڵەتاندن) تەفرەدان

(خەڵەتانن) خەڵەتاندن

(خەڵەتاو) کەسێکە کەتەفرەی‌خواردبێ

(خەڵەف) د . توێکڵی درەخت

(خەڵەفاگ) خەڵەتاو

(خەڵەفان) تێکچوونی‌مێشك‌لەبەرپییریی

(خەڵەفاو) کەسێکەلەبەر پییری‌خەڵەفابێ

(خەلەفرۆش) کەسێکە پیشەی هەر خەلە فرۆشتن بێ .

(خەڵەفیاگ) خەڵەفاو

(خەڵەفین) خەڵەفان

(خەلەندوور)ز. جۆرە گیایەکی‌شیرینە ئەخورێ .

(خەڵیف) پلوورەی تووڵیینی هەنگ

(خەلییت)ز .دەرمان‌و ئەسبابی‌تفەنگی شینکە .

(خ‌لیلە) گیایەکی بەهارییە گوڵێکی پڕپڕی‌دانەدانەئەگرێ‌پڕەکانی‌دانی‌پێ‌ئەئاژنرێ

(خەم) خەفەتی دڵ‌ودەروون . پێچی شت : ئەم دارە [خەم] ێکی تیایە واتەپێچێك

(خەمازە) د . چاکڵە

(خەمبا) ئاوسانێکی کەمە کەبکەوێتە جەستەو ئەندامی ئادەمی‌یەوە .

(خەمباتێکەوتن) کـــەوتنی خەمبابۆ ناوچەستەی ئادەمیی

(خەمبار) خەفەتبار

(خەمباریی) خەفەتباریی .

(خەمخوار) کەسێکە کەبەخەم‌شتێکەوە بێ

(خەمخواریی) بەتەنگەوە بوونی‌شتێك‌و خەم بۆ خواردنی .

(خەمخۆر) خەمخوار

(خەمخۆرك) قلێیش‌و کونێکە کەلەهاوینانا لەبەر ووشکی لەزەویی پەیدائەبێ .

(خەمخۆرکە) خەمخۆرك

(خەمخۆرە) خەمەخۆرە

(خەمخۆریی) خەمخواریی

(خەمرەوێن) کەسێکە یا شتێکە کە خەم لەدڵ لابەرێ .

(خەمزە) غەمزەوناز [د] . ناوی دێیەکە لە شارباژێرر .

(خەمشەسەرێ) ووتەیەکە بەکار دێنرێ بۆ کردنی کارێك کە بە ناپوختیی‌و ناڕێکی بکرێ : تۆکار [بەخەمشەسەرێ] مەکە .

(خەمگین) خەفەتبار

(خەمل) ز . ئەسبابی جوانیی‌لەچەك‌و کاڵاوخشڵ .

(خەملان) خەملین .

(خەملاندن) خەمل‌کردن .

(خەملانن) خەملاندن .

(خەملکردن) دانانی ئەندازەیەك لە برر بۆ ووشکەدان‌و بەری رەزو باخ بۆ باج لێ سەندنی .

(خەملین) پێگەیشتن‌و بەخۆداهاتنی هەموو شتێك .

(خەملیو) شتێکە کە بەخۆیاهاتبێ

(خەمناك) د . خەمبار .

(خەمۆش) خامۆش .

(خەمۆشیی) خامۆشیی . سەبووریی : زووزوو وەرەلام‌چونکی [خەمۆشیی]م‌پێت‌دێ

(خەموور) ز . مەررێکە کە ناوچەوانی خاڵخاڵ بێ .

(خەمەخۆرە) باڵندەیەکی گەورەی قاچ‌و مل‌درێژە هەمیشەلەکەناری‌ئاوهەڵ‌ئەنیشێ‌بەماتی

(خەمیلاندن) ز . جوان‌کردن

(خەمیر) ل . هەویر

(خەن) گەردن

(خەناوکە) ز . ملوانکە

(خەناووك) خەناوکە

(خەنجۆك) خەنجەر

(خەنجەر) تیغێکی تیژی کەوانەداری دەمپانی لووتباریکی‌دووخداری‌مشتوودارە ئەخرێتە کێلانەوەو ئەکرێ بەبەر پشتێنا

(خەنجەربازیی) جۆرەیاریی‌یەکەهێندێ کەس بەخەنجەری رووت ئەی‌کا .

(خەنجەربالاّ) بالّ‌خەنجەرە .

(خەنجەربالّە) خەنجەربالاّ .

(خەنجەردەم) دارکون‌کەرە

(خەنجەردەمە) خەنجەردەم

(خەنجەرەدمە) جۆرە کـــوللەیەکی کللك دریژە .

(خەنجەلیس) ز . بنکی‌گیایەکەئەخورێ

(خەندەق) چالّێکی قوولّی دریژە کە لە زەویی هەلّ کە ندرابێ .

(خەندەق‌دانەوە) بناغەدانەوەی‌دیوار. هەلّ‌کەندنی خەندەق .

(خەنزراندن) ز . هەلّکرووزاندنی مووی سەرو پێی ئاژالّ لەسەر ئاگربۆ پاك‌کردنی .

(خەنۆك) تانجی‌یەکە لەبەر پیری بێ هێزبووبێ ونەتوانی راوبکا ، وە لەبەر چاوی خاوەنەکەی خۆی بکوتێ‌و پەلاماری ئێچیربدا بەلاّم کە دوور کەوتەوە خۆی بخلافێنێ . بریتی‌یە لە کەسێك لەبەر بێ هێزی خۆی بخلاّفێنێ لە کارێکا .

(خەنە) گەلاّیەکی‌سەوزەئەهارررێتەوەو ژنان بۆ جوانی لەسەرو دەستو پێ‌یانی ئەگرن . پێکەنین [د] .

(خەنەبەندان) بەکۆمەلّی خەنەتێ‌گرتن لە شایی‌دا .

(خەنەك) خەنۆك . خەندەق [د] .

(خەنیم) کەسێکە کە وەك یەکێکی تر وابێ لە دەسەلاّت‌و هێزو تەوانایی‌دا : فیسارکەس [خەنیم] ی دەکەسە واتە دەرقەتی دەکەس‌دێ ، یا تۆ [خەنیم] ی فیسارکەس‌نیت ، واتە هاوشانی ئەونیت .

(خەنین) پێکەنین .

(خەنینەوە) پێکەنین بەکولّ کە بە دەنگی بەرز نەبێ .

(خەو) بێ‌هۆشی‌یەکە بەسەرگیاندارادێ وە ئەبێ بەمایەی حەسانەوەی .

(خەوار) ز . گیاندایکە کە زۆربنوێ .

(خەوالّوو) کەسێکە کە خەو گرتبێتی

(خەوبردنەوە) نووچ بردن بەدەم خەووەوە.
(خەو بەسەر چۆون) خەوزڕران .
(خەوبینین) بینینی شت لەخەوا .
(خەوپەڕڕین) خەوزڕران
(خەوتن) نوستن
(خەوتنان) کاتی نوستن لە شەوا
(خەوتوو) نوستوو
(خەوتەقین) خەوزڕران
(خەوخۆش) کەسێکە زوو خەوی لێ بکەوێو درەنگ بێداربێتەوە
(خەوڕڕەوێن) شتێکە کەخەو نەهێڵێ
(خەوڕڕەوین)ڕەوینەوەی خەوونەمانی
(خەوزڕران) خەوڕڕەوین
(خەوش) زیوانو پیسی ناوخەلە
(خەوگا) د . شوێنێکە دانرابێ بۆنوستن
(خەوگران) کەسێکە کە خەوی قورس بێو درەنگ بێداربێتەوە
(خەوگرتن) سەردانی خەو لەیەکێكو خەواڵوو بوونی . قەدەغە کردنی خەو لە یەکێك بۆ سزادانی
(خەولێکەوتن) هاتنی خەو بەسەرگیاندارا
(خەون) خەو
(خەوۆك) کەسێکە کەزۆر بنوێ
(خەوون) ز . خەوبینین

(خەوەنوچکە) وەنەوزدوتێ
(خەوەنوچکێ) خەوەنوچکە
• (خەیات) کالاّدروو
(خەیاتە)جۆرەهەودایەکی‌رەنگاورەنگی ئاوریشمە
(خەیاتەکێش) جۆرە دەرزیی یەکی باریکی کونپچووکەزۆرترخەیاتەی پێوە ئەکرێ
• (خەیاتیی)خەریکبوون بەدروومانی کالاّوە
(خەیار) خواردەمەنی یەکی سەوزەوەك ترۆزیی .
(خەیارچەمەر)جۆرەدرەختێکی‌گەرمیانی یە بەرێکی هەیە وەك لوولە قامیش وایە ناوەکەی خانەخانەیە چەن پەڕرەیەکی تیایە لە ناویانا دانەیەکی زەردی تیایە پەڕرەکانی لەئاوا ئەسوورێتەوە بۆ رەوانی ئەدرێ بەمناڵ
(خەیارە) جۆرە دومەڵێکی گەورەیە لە ئەندام پەیدا ئەبێ وەبەقەد خەیارێك ئەبێ
(خەیانن) د . خایاندن
(خەیر) ووتەیەکە لە وەرامی پرسیارا ئەووترێو نەبوون ئەگەیەنێ : [خەیر] لە وەرامی یەکێکا کە لێت پرسێ خوێندووتە ؟ واتە نەم خوێندووە .
(خێ) ناوە بۆ پیتێك لە بیست و حەوت پیتەی کوردیی . خوێ

(خێت) د . کێرر لەسەر کاغەز یا لەسەر زەویی .

(خیپشنە) خیپشەملە .

(خیپشەملە) مەردومی کوڵەبنەی مل کورتی تێکسمرراو .

(خێچ)،وتەیەکەهەمیشە لەدوایووتەی خوارەوە بەکار دێنرێ وە هەر مەبەستی ئەو ئەگەیەنێ : خوارو [خێچ]

• (خێر) چاکەبە کردارىابە گوفتار لەگەڵ مەردوم یا گیانداری تر

(خێرا) گیانداری گورجو گۆڵ

(خێراتن) د. بەخێرهاتنی کەسێك کردن

(خێراندار) خێرەومەند .

(خێراو) ئاوێکە لەسەرە رێدا دابنرێ لە شوێنێکی دوور لە ئاو بۆ خواردنەوەی رێبوار بەخێر .

(خێرایی) چابوکیو گورجو گۆڵی

• (خێردانەوە) بەهرەو کەڵکی شتێك بۆ یەکێك : ئەم باخە زۆر [خێر]ی دایەوە

(خێرروو) خوێرریی . سەوزاییەکە لە جارری پێشووی خۆی سەوزبوویێتەوە

• (خێرکردن) چاکەکردن .

• (خێرلێ بینین) بەهرەو کەڵك دەست کەوتن لە شتێکەوە

• (خێرهاتن) خێراتن

• (خێرەومەن) خێرەومەند

• (خێرەومەند) کەسێکە زۆر خێربکا

• (خێرەوەدەر)شتێکەکە بەهرەوکەڵکی زۆری لێوە چنگ بکەوێ

(خێز) ز . کێرر

(خێزان) ژنی مەردوم . ئەوکەسانەن کە لەناوماڵا بەخێویان ئەکەیت

(خێزاندار) کەسێکە خێزانی زۆری بێ

(خێزەرە) چیلکەو چەواڵێکە لەسەر قامیش بەندی خانوەوە دائەنرێ

(خێزیان) د . هەستان

(حێسەکردن) مۆرربوونەوە ،

(خێل) کەسێکەکەچاویخوارو گێرربێ.
ئەو ژنانەن کە ئەچن بۆ بووك [ز] .

(خێڵ) چەن ماڵێکی کۆچەریی .

(خێڵاتیی) کەسێکە کە خێڵ نشینبێ .

(خێڵەوخوار) کاتێکەکە خێڵاتییپایزان لە کوێستانەوە دێن بۆ گەرمیان .

(خێڵەوژوور) کاتێکە کە خێڵاتیی لە هاوینانا ئەچن بۆ کوێستان .

(خیلیی) ز . سەرپۆش .

(خێو) خاوەن . درنج .

(خێوکردن) د . بەخێوکردن

(خێوەت) پارچە تەنراوێکی گەورەیە لە دەشتا هەڵ ئەدرێ وەکو خانوو .

(خێوەتگا) شوێنێکە کە خێوەتی زۆری تیا هەڵ بدرێ .

(خییچ) خێل . کێرر[با] . ژەك[ز]

(خییز) زیخ .

(خییزار) ز . مشاری گەورە .

(خییزان) هەژار .

(خییزخورر) با . کەناریچەموورووباری گەورەکە هاوینان ئاوەکەی کشایەوە بکرێ بە شیینایی .

(خییزە) دەنگێکە لە سنگەوە دێ لە کاتی هەناسەدانا لەبەر نەخۆشی ، [خییزەخییز خییزەی یەك لەدوای یەك . هییزە .

(خییسار) با . سییخوار .

(خییشکردن) متبوونو تۆگییف کردن لە قینا .

(خییشەخییش) نییخەنییخو دامان بەدەست شتێکەوە .

(خییگۆلکە) د . خییگەی پچووك

(خییگە) هییزە .

(خیین) خوێن .

پیتی دال

[د]

(دا)پیتێکه بەکار دێنرێ بۆبەستنەوەی دوو ووتار بەیەکەوە : لەگەڵ نەریمان[دا] بچۆ بۆ قوتابخانە ، یا پیاوی باش لەجیهان [دا] خوشەویستە . پیتی ووریا کردنەوە : [دا] وەرە . پیتێکە ئەکەوێتە پێش هێندێ ناو « اسم » ەوە مەعنای جووڵانەوەیەکی سەر بەرەوخوار ئەگەیەنێ : [دا] ماڵین، [دا] دڕین ، [دا] خستن . دایك [ز]،

(داب) ز . گوریسێکە لە مووی کلکی ووڵاخ دروست کرابێ

(داباڕین) کۆبوونەوەی چەن کەسێك یا چەن گیاندارێك بەسەر شتێکا

(داباش) ز . باسکردنی شتێك

(دابڕان) جوێ بوونەی شتێك لە شتێك : مەڕەکە لە ڕانەکە [دابڕا] . لەت بوونی شتێك بەهۆی شتێکی تیژەوە

(دابڕکردن) بڕکردنی شتێك لەشتێك

(دابڕین) بڕدانو جوێکردنەوەی شتێك لەشتێك:لایەکی لەزەوی یەکەم[دابڕی]. بڕین : چەقۆکە یا دەزووەکە پەنجەی [دابڕیم] . لەلەکردنی شتێك

(دابوون) سەرقەڵان کردنو پشت دانەواندن لە هێندێ یاریدا لەکاتی تێکەوتنا

(دابەرزین) ز.سنگدانەپێشەوە بۆجەنگ

(دابەزاندن) هێنانە خوارەوەی سوار لەسەر پشتی ووڵاخ .

(دابەزین) هاتنە خوارەوە لەسەر پشتی ووڵاخ .

(دابەستن) بەستنەوەی هێندێ ئاژاڵ و ئالیك پێدانیو چاودێری کردنی بۆقەڵەو بوونی . بەستنی شتێك بەسەر شتێکیترەوە : پاشکۆکەت (دابەستە) . نیەت هێنانو چوونە ناو نوێژەوە : نوێژەکەی دابەست

(دابەستە) ئاژاڵێکە کە بەسترابێتەوە بۆ قەڵەوبوون .

(دابەشکردن) بەشبەش کردنی شتێك بەسەر چەن کەسێکا .

(دابەلاندن) ز . قووتدان .

(دابێژان) بێژانەوەی دانەوێڵەو ئارد بە بێژنگو هێڵەك . کونکون بوونی شت

بە هۆی گولله یا مۆرانەوە .
(داپێژداپێژ) شتێکە کە کون کون بووبێ
(داپین) گیاندارێکە کە ئارامی گرتبێ ، [داپینبوون] ئارام گرتنی گیاندار ، [داپین کردن] ئارام پێگرتن .
(داپاچین) داهێنانی لق وپۆپی درەخت بەرەنگێك کەتیغەکەی سەر بەرەو خوار لێ بدرێ
(داپچڕان) داچەقانو دەمدانەوەی چاوو دەمو هێندێ شتی تر .
(داپچڕاندن) داچەقاندنو دەمدانەوەی هێندێ شت .
(داپچڕین) داپچڕاندن
(داپڕوزقان) داپڕوسقان
(داپڕوزقانن) د . دارڕووتاندن
(داپڕوزقیان) د . دارڕووتان
(داپڕوسقان) د . دارڕووتان
(داپڕوسقانن) د . داپڕوزقانن
(داپڕوسقیان) د . داپڕوزقان .
(داپژان) ڕزانو پژانو بلاوبوونەوەی دانەوێڵەو شتی تر .
(داپسکیان) د . فسدانی مریشك بۆ کەڵەشێر .
(داپسیان) د . داپسکیان
(داپلۆخان) سووتانو دامالانی شوێنێك لەجەستە بەهۆی ئاگر یا ئاوی لەکوڵەوە
(داپلۆخاندن) سووتاندنو داماڵینی شوێنێك لە ئەندام بەئاگر یا بە ئاوی لەکوڵ
(داپلۆخین) داپلۆخان .
(داپلۆسان) داپلۆساندن
(داپلۆساندن) داپلۆستن
(داپلۆستن) داپلۆسین
(داپلۆسکان) د . دارڕووتان
(داپلۆسکانن) د.دارڕووتانن.ڕووتکردنەوە
(داپلۆسکیان) د.ڕووت بوونەوە.دارڕووتان
(داپلۆسین) داگرتنی یەکێك بەلێدان یەك لەسەر یەك .
(داپۆشین) شاردنەوەی شتێك بە دانی شتێکی تر بەسەریا . بریتییە لە وونکردنی دەنگوباسێك یانەنگی یەکێك
(داپەڕین) هاتنە خوارەوەی گیاندار بەچالاکیی لەبەرزییەوە بۆ نزمی .
(داپێچان) پێچانی شتێك بەسەر شتێکی ترا
(داپیرۆشکە) ز . جالجالۆکە
(داپیر) نەنك .
(داپیرك) با . مامان
(داپیرۆکە) داپیرۆشکە
(داپیرە) داپیر
(داتاشراو) شتێکە کە تاشرا بێ

(داتاشین) تاشینی‌شتێك‌سه‌ربه‌ره‌وخوار . دروست‌کردنی ووشه‌یه‌ك له‌ ووشه‌یه‌ك .

(داتروسکان) داچڵه‌کین .

(داتروسکاندن) داتروسکانن .

(داتروسکانن) داچڵه‌کاندن .

(داتروسکیان) د . داتروسکان .

(داتسیان) داته‌پین .

(داتسین داتسان

(داتلیشان) تلیشان‌و له‌ت‌بوونی‌هێندێ شت له‌باری درێژیی .

(داتلیشاندن) تلیشاندن‌و له‌ت‌کردنی هێندێ شت له‌ باری درێژیی .

(داتورسکان) ترسان‌وراچه‌نینی‌گیاندار

(داتورسکاندن) ترساندن‌و داچڵه‌کاندن

(داته‌پین) نزم بوونه‌وه‌و داتسانی‌بان‌و گوێسوانه . بریتی‌یه له‌ پیر بوون‌وبه‌ناواچوونی گیاندار .

(داته‌قاندن) کردنی نوێژ به‌ په‌له‌و ده‌ستوبرد : نوێژه‌که‌ت (داته‌قێنه)

(داته‌کاندن) ته‌کاندن‌و راوه‌شاندنی هێندێ شت سه‌ربه‌ره‌وخوار به‌جۆرێك که‌ هیچی تیا نه‌مێنێ .

(داته‌کیان) د . داته‌کین .

(داته‌کین) بریتی‌یه له‌ نابوت بوونی مه‌ردوم : ئه‌وه‌نده‌م له‌مناڵه‌کانما به‌خت‌کرد (داته‌کیم) واته هیچم به‌ده‌سته‌وه نه‌ما . چۆڵ بوونی ده‌فرله‌وشته‌ی که‌تیایه‌تی‌به‌جۆرێك که‌ هیچی تیا نه‌مێنێ . بریتی‌یه له‌ پیربوون‌و به‌ناواچوونی گیاندار .

(داته‌میان) د . داته‌مین .

(داته‌مین) د . نیشتنی‌ته‌م‌وخه‌م‌له‌یه‌کێك

(داچاندن) تۆو وه‌شاندن به‌زه‌ویی‌ه‌وه. چین له‌سه‌رچینی دانانی هێندێ‌شت : بامێ که‌ (داچێنه) واته له‌گه‌ڵ گۆشت‌و ته‌ماته‌که‌دا چین‌چین دای‌نێ .

(داچزان) چزانێ شوێنێك له‌ ئه‌ندام به‌ ئاگر یا به‌ شتێکی داخا .

(داچڵه‌کان) داتروسکان .

(داچڵه‌کاندن) داتروسکاندن .

(داچڵه‌کیان) د . داچڵه‌کین .

(داچڵه‌کین) داچڵه‌کان .

(داچنین) چنین‌و ریزکردنی شت له‌سه‌ر شت .

(داچۆرران) هاتنه‌خواره‌وه‌ی شتێکی شل له‌ شتێکی تر .

(داچۆرراندن) خوارکردنه‌وه‌ی ده‌فرێك بۆهاتنه‌خواره‌وه‌ی شتێکی شل‌لێی به‌ره‌نگێك که‌ هیچی تیا نه‌مێنێ .

(داچۆررانن) داچۆرراندن .
(داچۆرریان) د . داجۆرران .
(داچۆرریین) داچۆرران
(داچوون) رۆچوون .
(داچەقانٚ) داچەقین
(داچەقاندن) بردنە خوارەوەی شتێك بەشتێکی ترا بەنهێم . داپچرراندن .
(داچەقانن) داچەقاندن
(داچەقیان) د . داچەقان
(داچەقین) چەقینی شتێك بەشتێکی ترا
(داچەکان) نارریکیو خوارو خێچی شانو مل
(داچەکاو)شانوملی نارریکی خواروخێچ
(داچەکین) داچەکان .
(داچەندن) داچاندن .
(داحلاندن) داهێشتن .
(داخ) خەفەت . پیتی دەر بررینی خەفەتی دەروون : [داخ] لەدەسترۆزگار . شوێنێکە لە جەستەی گیاندارکە سووتێنرابێ: لاجانگی[داخ]ی پێوەیە . شتی زۆر گەرم: چاییەکە زۆر[داخ]ە ، واتە زۆرگەرمە . ئاسنێکی‌سەریانەجەستەی‌گیانداری‌پێ‌داخ‌ئەکرێ
(داخدار) داخ لە دڵ .
(داخراو)شتی‌راخراو.شتی فرێ دراو.
دەرگاو پەنجەرەی هەڵ پێکراو .
(داخریاگ) د . داخراو
(داخزان) ترازانو خلیسکانی شتێك لە شوێنێك .
(داخزیین) داخزان .
(داخستن) راخستن . قایم کردنی ئەڵقەررێزو قفڵو شمشێرەی دەرگاو هێندێ شتی تر . هەڵکەندنو چاڵ کردنی شوێنێك لە زەویی : بناغەی دیوارەکە [داخە] . گەرم کردنی حەمامو تەنوور . فررێدان .
(داخکردن) سووتاندنی شوێنێك لە جەستەی‌گیاندار . گەرم‌کردن‌وقرچاندنی رۆن لەسەر ئاگر .
(داخ‌لەدڵ) کەسێکە دڵی پرر بێ لە داخو خەفەت لەدەست شتێك
(داخم‌ناچێ) داخەکەم .
(داخۆ) ئاخۆ
(داخوا) داخۆ
(داخواز)کەسێکە شتێکی بوێو هەوڵی بۆ بدا .
(داخوزایی) ویستنی شتێکو هەوڵدان بۆی . شتێکە کە بەدوویا ئەگەررێت .
(داخواستن) خواستنی شتێك .
(داخوران) داررووخان و کەلەبەر

تێکەوتنی شوێنێك لەسەرەوە بۆ خوارەوە : ئەم دیوارە [داخوراوە] .
(داخورپان) داترووسکان
(داخورپاندن) داترووسکاندن
(داخورپیان) د . داخورپان .
(داخوزیین) د . دابەزیین لەسەرووٚلاخ
(داخوستن) د . داخوزیین .
(داخۆم) د . داخۆ .
(داخەکەم) ووتەی دەربڕینی خەفەت.
(داخیبەجەرگم) داخەکەم .
(داخیداخانم) داخەکەم .
(داخیگرانم) داخەکەم .
(داد) نەکردنی جەوروستەم . ووتەی دەربڕینی داخو خەفەت : [داد] لەدەست پیاوی خراپ .
(دادا) نەنك[ل].دایك [د]. دایەن[د].
(دادار) خوا .
(دادان) تیژکردنی سەری داروقەڵەم. قورر رۆکردن لەسەر چینی دیوار . چوونە خوارەوەو دەڵاندنی شتی شل : حەوزە کە ئاو [دائەدا] یا کووپەکە رۆن [دائەدا] . دامەزراندنی کەلووی گۆرەویی و لفکە: سەری لفکەکەیا گۆرەوییەکە [دادە]. دامەزراندنی مەشق بەنووسینی دێرێك لەسەری لاپەڕەوە بۆ ئەوەی کە لەبەری بنوسرێتەوە : مەشقم بۆ [دادە] . داخستنی دەرگا [ز] .
(دادانەوە) شۆڕرکردنەوەی پەردە و دەررابەو هێندێ شتی تر .
(دادبەر) کەسێکە کە شکات بکات لە یەکێكو داد بباتە لای داد پرسێك .
(دادپرس) کەسێکە هاواری جەورو ستەم بپرسێ .
(دادپەروەر) کەسێکە کە جەورو ستەمی پێ ناخۆشبێ .
(دادخوا) د . دادبەر
(دادخواز) د . دادخوا
(دادخوازیی) د . دادخوایی
(دادخوایی) د . سکاڵا کردن .
(دادرران) دررانی کاڵاو هێندێ شتی تر لەسەر باری درێژیی .
(دادرر دادرر) کاڵایەکە لەگەلێلاوە سەربەرەوخوار دررابێ . شوێنێکە لەزەویی کە ناوبەناو ئاو دای درری بێ .
(دادررەس) فریاررەس .
(دادررەسی) فریاررەسی
(دادررین) درراندنی شت لەسەر باری .درێژیی .
(دادروون) دروونی شتێك بەسەر

شتێکی ترا . بریتی‌یە لەخەنجەردان لەیەکێك

(دادگە) مەحکەمە

(دادنووس) کاتبی عدل

(دادوبێداد) دادوفوغان

(دادۆشین) دۆشینی گوانی گیاندار بەنهێم . دەست بەئەندامی لەجێ چوودا هێنان لەناو ئاوی گەرما بۆ هێنانەوە جێی خۆی . بریتی‌یە لە داررووتاندنی مەردوم بە ناخونەك .

(دادوفوغان) هاوارو کرروزانەوە

(دادوەر) قاضی

(دادوەریی) قضاء

(دادە) خوشکی گەورە . دایك [د]

(دادیی) د . دایەن

(دار) لقی گەورەی درخت کە لێی بوو بێتەوە . درەخت : لەژێرسیبەری دارەکەدا نوستم . ئەندازەیەکە وەك ربە خوێی پێ ئەپێورێ . پیتێکە ئەنرێ بەدوایی هێندێ ناوەوە ، خاوەنداریی یەکێك ئەگەیەنێ بۆ ئەوناوە : دەفتەر [دار] ، کلیل [دار] ، خەزنە (دار) تاج (دار) .

(دارا) دەولەمەند . جۆرە دەمانێکی تیژە لەگەڵ دەرمانی چاوا بەکار دێنرێ .

(دارانەوە) بووردنەوەو بەلاداهاتن : فیسارکەس کوتوپرپ (دارایەوە) .

(دارایی) دەسەڵاتو دەست رۆیشتن. جۆرە پەشتەماڵێکە . دەرمانێکی تیژە بۆچاو بەکاردێنرێ کە پێی ئەڵێن [دارا] .

(دارباسقەندە) جۆرەدارێکەدارجگەرە و داردەستی لێ دروست ئەکرێ .

(دارباسقەنگە) دار باسقەندە

(داربر) ز.گیانداریکی‌پچکۆلەیەلەدررندە

(داربرر) دارکەر

(داربۆکردن) بریتی‌یە لە تۆڵەسەندن لە یەکێك : فیسارکەس دارێکی بۆفیسارکەس کرد ، واتە تۆڵەی خۆی لێ سەند بەتەواویی

(داربەس) داربەست .

(داربەست) چەن دارێکە لێك ئەدرێن لە شوێنی بەرز وەستا کاری لەسەر ئەکا

(داربەند) داربەست .

(داربەندەخوێن) دارێکی‌لووسی‌باریکی کورتە بەندە خوێنی پێ هەڵ ئەکێشرێ لە دەرپێو رانكو شەرواڵو دەمەرفۆیان

(داربێرە) دوو داری دوو پەلە سەرە دوو پەلەکانیان ئەخرێتەسەرزەویی ، سەرەکەی تریان یەکێکیان بستێك بەرەوخوار کوێکی تیایە ، سەری ئەوی کەیانی پیائەکرێ بەرەنگێك کەسەری هەردووکیان تێك پەررێ ، ئەم دارە

له مۆلکەی ئاژاڵ دائـەنرێ بۆ ئەوەی کە شوان لەسـەری دانیشێ‌و سەری ئاژاڵە دۆ شەنی‌یەکان بگرێ بۆ دۆشین .

(دارپاچ) د . تەورداس

(دارتاش) وەستایەکە لە دارو تەختە شت دروست بکا .

(دارتاشخانە) شوێنێکە کە دارتاشیی تیا بکرێ .

(دارتاشیی) پیشەی دارتاش

(دارتەپان) تەپەی جۆلایی .

(دارتەرم) شتێکي درێژی لاوانەداری دەسك دارینە مردووی پێ هەڵ ئەگیرێ

(دارتەقینە) د . دارکونکەرە .

(دارتەل) کۆڵەکەیەکی دار یا ئاسنە کە تەلی کارەبا یا تەلەفۆنی پیا رائەنگێورابێ .

(دارجگەرە) دارێکی کون تێکراوە جگەرەی پێ ئەکێشرێ .

(دارچین) دارچینی

(دارچینی) توێکڵە دارێکی سوورکاری بۆن خۆشی گەرمیانی‌یە لێ‌ئەنرێ بەچایی وە لەگەڵ بەهاراتیشا بەکاردێنرێ .

(داردەست) دارێکی راستی لووسەکە بگیرێ بەدەستەوە .

(داررزان) رزان‌و داوەشانی شت

(داررزاو) شتی رزاوی داوەشاو

(داررزیاگ) د . داررزاو .

(داررزیان) د . داررزان .

(داررزین) داررزان

(داررژان) هاتنەخوارەوەی باران بەلێزمە .

(داررژاندن) داررشتنی هێندێ شت بەقاڵب

(داررژیان) د . داررژان

(داررسان) پەلاماردان

(داررسکاندن) راپسکاندن

(داررشتن) تواندنەوەی شتێك‌و کردنە ناو قاڵبی . داررژان .

(داررشتە) شتی دارریژراو

(دارزنین) دەست هێنان بەلقوپۆپی درەختا بۆ داماڵینی گەڵای . داتاشینی سواغی کۆنی دیوار .

(دارڕۆچکە) شـتی شۆررەوە بوو ، [دارڕۆچکەکردن] شۆرر کردنەوەی شتێك لە بەرزی‌یەوە .

(داررو) دەرمانێکی تیژە لەقسڵ‌و زەررنیق دروست ئەکرێ لەهەر شوێنێکی موودار بدرێ ئەی‌رووتێنێتەوە .

(داررووتان) رووت بوونی درەخت لە گەڵاو لقوپۆپ . رووت بوونی سەروپێ لە موو .

(داررووتاندن) رووتاندنەوەی لقی درەخت لەگەڵا . رووت کردنەوەی یەکێك و هیچ پێ نەهێشتنی . کردنەوەی موو لەسەر و پێ.

(داررووتانن) داررووتاندن .

(داررووجان) گیایەکی بالآ بەرزە زۆرتر لەناو مەرەزەدا ئەرروێ ، دەنکی وەك دەنکی [ئەردرر] وایە .

(داررووخان) رووخانی دیوار و کۆسپایی سەربەرەوخوار . داررووخانە [د] .

(داررووخاندن) رووخاندنی دیوارو کۆسپایی سەربەرەوخوار .

(داررووخانە) شوێنێکە لە حەمام کە داررووی تیا ئەگیرێ .

(داررووخیان) د . داررووخـانی دیوارو شتی تر .

(داررووگرتن) هەڵسوونی داررووی لە موو لە حەماما

(دارڕژگە) قالب

(دارڕێژیی) داررشتن

(دارژمێر) ژماردنی هێندێ شت بەدار وەك ئاژاڵو خشتیھەررەکراو .

(دارستان) شوێنێکە کە درەختی زۆری تیا بێ .

(دارسان) دارستان .

(دارشەق) دوو دارە ئەدرێتە بن باخەڵ بۆ پێ رەیشتنی لەکاتی شەلیدا .

(دارشەقێن) دارێکی تایبەتیە بە یاریی [شەقێن]ی پێ ئەکرێ .

(دارقان) با . دارکەر

(دارقەپان) دارێکی گردی لووسە دوو کەس ئەیخەنەسەرشانیانوشتیپێلەقەپانئەدەن

(دارقەندە) دارێکی درێژی کون کراوە ئەکرێ بەکونی قەندەدا .

(دارقەوام) ز . شتێکە داری خواری پێ راست ئەکرێتەوە .

(دارك)لاسكودەماریووشکەوەبووی تووتن

(دارکاریی) لێدانی گیاندار بەدار یەك لەسەر یەك .

(دارکبژێر) کەسێکە دارك لە تووتن جیا بکاتەوە .

(دارکردن) بڕینی دار بۆسووتاندنی

(دارکنێر) درەختێکی بۆن خۆشی کوێستانی یە دارەکەی لەداری چواڵە ئەچێ.

(دارکونکەرە) باڵندەیەکی دەنووك درێژی سەر سووری بەرسنگ زەردی سەر باڵ رەشو سپی یە بەقەد ریشۆڵەیەك ئەبێ .

(دارکەپیچان) ووتەیەکە مەردومی زۆر لەررو لاوازی پێ ئەشوبهێنرێ : فیسار

کەس ئەڵێ [دار کەپیچان]ە، واتەوەك دارێکی رەق وایە کە پەررۆی تێوە پێچرابێ .

(دارکەر) کەسێکە کە دار بەزۆریی ببرێ بۆ سووتاندن .

(دارگوڵ) دارێکـە رەنگی لە داری بناو ئەچێ گوڵێکی سپی ئەگرێ . شـتێکە لەوێنەی بنجی گوڵەباخ لەدارو کاغەزی رەنگاو رەنگ دروست ئەکرێ .

(دارگەز) دارێکی باریکی جیرره لە داری سـەرو ئەچێ لەقەراغ رووبار شین ئەبێ ، گەڵای ریشاڵ ریشـاڵەو بەتەرریی ئەسووتێ لقەکانی لە گەزی پێوان ئەچێ .

(دارماڵ) بریتی‌یە لە دەفرێك کەلێوان لێوبێ لە شتێکی ووشك بەبێ قەڵاکردنی ، [دارماڵ کردن] لێوان لێوکردنی دەفرێك لە شتێکی ووشك .

(داروبار) بریتی‌یە لەقەڵافەت وقەبارەی شت : نەریمان [داروبار] ێکی بەهێزی‌هەیە

(دارودەسە) د . دەستەودایەرە .

(دارۆغە) کەسێکە لە لایەن دەوڵەتەوە پاسەوانیی ئاسایشی پێ سپێررابێ .

(دارۆغەبازارر) حەسحەسی بازارر .

(دارەبەن) درەختێکی بۆن‌خۆشەقەزوان ئەگرێو بنیشتەتاڵ دەرئەدا .

(دارەت) چونێتی‌وحاڵەت : خۆت لەو [دارەت] ە مـەدە واتە خۆت واپیشـان مەدە ، ئەم ووتەیە هەر لە نەبوون«نفی»دا بەکار دێنرێ .

(دارەتەرم) د . دارتەرم

(دارەدار) د . دارەدارە

(دارەدارە) هەستانە سەرپێی منالی ساوا لەپێش پێ‌گرتنیا .

(دارەررا) ئـەو دارانایە کە رایەڵی خانووی پێ ئەکرێ .

(دارەررەش) داری بناو

(دارەسمە) د . دارکونکەرە .

(دارەشـکێنە) دەرمانێکی سەوزی تیژی سووتێنەرە ئەکرێ بەهێندێ بریینی پیسەوە

(دارەکەوە) ھ . دارکونکەرە

(دارەگەز) دارگەز .

(دارەگەڵ) درەختێکی گەورەیەکە لە سـەرەوە دوو ناوبەلی قووڵێ بێ گـەڵای داربەررووی تیا هەڵچنرێ بۆ ئاژاڵ .

(دارەمەیت) دارتەرم .

(دارەوان) گیاندارێکە لە ھەنگەرران بە دارودرەختا چالاك بێ

(دارەوەن) دەرختێکی تۆپی جرری گەڵا ووردی خروە ، قۆزاخەیەك ئـەگرێ

ئاوەکەی پڕرە لە میشوولە

(دارهەڵووك) دارێکە لە هەڵووکی پێ ئەدرێ ،

(دارێ) ه . داس

(دارِیانەوە) د دارانەوە

(داریلانك) بـا گوڵێکی جوانی کوێستانی‌یە کە [ئستزانە]ی لەسەر بوترێ یا لەسەری بلاونرێتەوە گوڵەکەی هەڵئەوەرێ .

(دارِیێن) شتێکە لەدار دروست کرابێ

(دارِینە) دارِیێن . نانەشان .

(دارِینەوە) دارانەوە

(داژەنیێن) کردنەوەولەیەك هەڵوەشاندنی پارچەی سەعات و تفەنگ و دەمانچەو شتی تر .

(داس) ئاسنێکی کلك داریێی دەم کەوانەیی‌یە دروێنەی پێ ئەکرێ .

(داسپارِن) د . راسپاردن .

(داستان) بەسەرهات و سەرگوروشتە

(داسخالە) داسێکەهەرگیای پێ‌ئەدروێ

(داسرەفتن) د . سرەوتن .

(داسرەوین) د . داسرەفتن .

(داسك) دەزوو: فیسار کەس بووە بە [داسك]و دەرزیی .

داسماڵ) پاکودانی گیا بەداس .

(داسولکه) داسی بچووك

(داسووك) ز . داسولکه .

(داسەکنان) ئارام گرتن و دامرکان .

(داش) چەن پارچەیەکە لەسەر تەختەی دامەو شەترنج یاریی‌یان پێ‌ئەکرێ . گەورەی ئاگر [د] .

(داش‌بەداش) دانی داشێك بەداشێك لەیاریی دامەدا . بریتی‌یە لەووتن یا کردنی شتێك بەرامبەر بەشتێکی تر .

(داشت) هێشتنەوەی ئاژاڵی مێیینە بۆ سکوزا .

(داشتن) داشۆرِیێن

(داشدیار) بنەوانی مەردوم لەماڵا

(داشکاندن) شکاندنی ئاو بۆ سەر زەوویی و زار . حساب کردنی شتێك لەباتی شتێکی تر : لەو پارەیە کە لەلاتە رۆژانەکەی ئیمرِرۆتی لێ [داشکێنە] .

(داشکانن) داشکاندن .

(داشکەلەرم) قومری .

(داشۆررِیان) د . شۆرربوونەوەی شتێك بەجۆرێك کە تەکە تەکی بێ .

(داشۆریێن) شۆرِیی‌شتێك‌بەبەرزیی‌یەکەوە سەر بەرەوخوار .

(داشەهارە) تاقە داشێکە ئەمێنێتەوە بەدەست یەکێك لە یاریی‌کەرانی دامەوە ، وە

له راسته ئەتوانێ بەهەموو لایەکا بجوولێ.
(داشێ) د . برای گەوره .
(داشێلان) شێلانی هەوییر و قورر و هێندێ شتی تر بەدەست یا بە پێ .
(داغ) داخ .
(داغانکردن) بەرباد کردنی شت .
(داغدار) داخدار
(دافرەقان) داوەشان
(دافرەقیان) د . دافرەقان
(دافرەقین) دافرەقان
(دافەتان) دافرەقان
(دافەتین) دافرەقین
(داقرچیان) د . هەڵقرچان
(داقڵیشان) قڵیشانیشتلەباریدرێژیی
(داقڵیشاندن) قڵیشاندنیشتلەباریدرێژیی
(داقنین) دافەتان:یاخوا [داقنێیت]واته داوەشێیت
(داقەڵەشان) داقڵیشان
(داقەڵەشاندن) داقڵیشاندن
(داك) دایك
(داکاسیان) د . داکاسین
(داکاسین) هێدی بوونەوەو دامرکان
(داکتن) ز . شۆررکردنەوەی شتێك
(داکردن) رۆکردنی ووشکه دان له دەفرێکەوە بۆ دەفرێکی تر . دامەزراندنو تاقەت کردنی گیاندار: میوانەکان یا ئاژاڵەکه [داکه].دەستپێکردنی باران:باران[دایکرد]. تێخستنی یەکێك له یارییدا . دانانی دراو یا گوێزلەیارییمووشێندابەرییز:مووشەکان[داکه]
(داکرمان) داکرماندن
(داکرماندن) ووردکردنو هارریینی شتی رەق بەدان .
(داکشان) هاتنەخوارەوەی شتێك له بەرزییەوە بەگورجیی .
(داکشاویی) ئەلفێکی پچکۆلانەیە له ژێر پیتێکی عربیدا ئەنوسرێ کە [ی]ی بەدەمەوە بێ .
(داکوتان) بردنەخوارەوەی سنگو بزمار بەشوێنێکا بەنهێم .
(داکوتاندن) داکوتان .
(داکورۆژیین) داکورۆشتن ،
(داکورۆشتن) خواردنو ووردکردنی شتی رەق بەدان .
(داکوژان) بررانەوەی چنینیگۆرەوییو لفکه و هێندێ شتی تر .
(داکوژاندن) بررینەوەیچنینیگۆرەرییو لفکە:لفکەکه [داکوژێنه] واتە ئیتر لیێمەچنه
(داکوژانن) .داکوژاندن

(داکوژیان) د . داکوژان

(داکۆکیی) د.پشتیوانداریی . کۆشش‌و هەوڵ‌ و تەقەلا .

(داکەسین) داسەکنان

(داکەفتن) د . داکەوتن

(داکەندن) داماڵینی کاڵا یا هێندێ چەك لەئەندام وەك ئەموستیلەو گوارە .

(داکەنن) داکەندن

(داکەوتن) کەوتنە خوارەوەی شتێك لە بەرزیی . نزم بوونەوەی شتێکی بەرز : نیرگەکە [داکەوتووە] واتە نەوییوە . دەست هەڵگرتن‌و وازهێنان لە کارێك : [داکەوە] واتەوازبێنە . بریتی‌یە لەپیربوون‌وبەناواچوونی گیاندار . قەناعەت‌کردن بەوبەشەی کەهەتە .

(داکەوتوو) شتێکە کە داکەوتبێ .

(داکێشان) راکێشانی شـــتێك لە سەرەوە بۆ خوارەوە

(داگا) نەنگ

(داگرتن) هێنانە خوارەوەی شتێك لە بەرزیی‌یەوە . داپۆشین‌و داگیر کردنی شتێك بۆ شتێك : هەور ئاسمانی داگرت. پرکردنی هێندێ شـت لە ووشـکەدان‌و هێندێ‌شتی‌تر : باری خۆت [داگرە] . بریتی‌یە لە لندانی یەکێك بەزۆریی : فیسـارکەس فیسارکەسی [داگرت] واتە دەسـتی کرد بەلێدانی . بریتی‌یە لە قسەکردن بەزۆریی : فیسارکەس فیسارکەسی بەقسە [داگرت] .

(داگرتنەوە) پەستانەوەو گیررانی بان بۆ ئەوەی توندببێتەوەو دڵۆپەنەکا . هەڵپێچانی سەری دوو پارچە بەدروون کە لە پێشەوە لەیەك درابن . پررکردنەوەی قەوانی‌فیشەك بەبار ووت‌وتەرەقە .

(داگوشین) گوشین‌و دەسـت هێنان بە شتێکی نەرما سەربەرەوخوار .

(داگەرران) هاتنەخوارەوەلەشوێنێکی‌بەرز

(داگیرسان) هەڵگیرسانی ئاگرو چرا. بریتی‌یە لە داهێزران‌و تالێ هاتنی جەستە : لەشم [داگیرساوە]

(داگیرساندن) هەڵگیرساندنی‌ئاگروچرا

(داگیرسانن) داگیرساندن

(داگیرسیان) د . داگیرسان

(داگیران) گران بوونی گوێ . قورس بوونی جەستە لە نەخۆشی‌یەوە . داگیرسان .

(داگیراندن) داگیرساندن

(داگیرانن) داگیراندن .

(داگیرکراو) شوێنێکە کە دەولەتێکی بێگانە داگیری کردبێ . شتێکە کە یەکێك داگیری کردبێ .

(داگیر کردن) بردانوبردنی شتێك بەزۆر

(داگیرکەر) کەسێکە کە شتێکت لێ داگیر بکا . دەوڵەتێکی بێگانەیە کە خاکی دەوڵەتێکی تر داگیر بکا .

(داگیریان) د . داگیران

(دال) ناوە بۆ پیتێك لە بیستوحەوت پیتەی کوردی .

(داڵ) مەلێکی گەورەی گۆشت خۆری بەسزمانە . هێشوە ترێی شاش . بریتی‌یە لە گیانداری لاواز

(داڵاش) مەلێکی گۆشت خۆرە لە داڵ پچووکترە

(داڵان) جێگایەکی سەرگیراوە بەدەم قاپی حەوشەوە .

(داڵاندار) ل . خانچی

(داڵاندوورەپ) ژنی قووچی لۆقنی لاواز

(داڵبوون) بریتی‌یەلەلاوازبوونی گیاندار

(داڵدە) پەناو پشتیوان : فیسارکەس [داڵدەیەکی) باشە .

(داڵدەدان) پشتیوانی کردنو پەنادان .

(داڵدەهێنان) پەنابردنی‌یەکێك بۆیەکێك

(دالستن) لیستنەوەی شت .

(دالّك) ل . دایك

(دالکان) د . نووسانو لکانی شتێك بەسەر شتێکی ترا .

(دالکاندن) نووساندنو لکاندنی شتێك بەسەر شتێکی ترا .

(دالکانن) دالکاندن .

(داڵکەدزان) د . دەستەك دز .

(دالکیان) د . دالکان .

(داڵۆچکە) شتێکە لەشوێنێکی بەرزەوە داهێڵراپێتە خوارەوە

(داڵۆزکە) د . داڵۆچکە

(دالّووت) د . دالّییت

(داڵووچان) د . دارڕۆچکە کردن .

(داڵووچکە) د . داڵۆچکە

(داڵووچە) د . داڵۆچکە

(داڵووچیان) د.شۆڕبوونەوەی شتێك لە بەرزی‌یەکەوە

(داڵووزان) د . داڵۆچکە

(داڵووزکە) د . داڵۆچکە

(داڵووسکە) د . داڵووزکە

(داڵەڕۆچکە) دارڕۆچکە

(دالەقاندن)ز.هەڵواسینی شتێك بەشتێکا.

(داڵەکەرخۆر) مەلێکی گۆشت خۆرە وە لە هەموو جۆرە داڵێك گەورەترە

(داڵەکەرخۆرە) داڵەکەرخۆر

(دالّیە) ل.سی‌پێوانەیاسیی‌ژمارەیەلەشتێك

(دالیت) میوێکە کەچوو بێ بەقەددرەختێکا

(دام) داو

(داماگ) د . داماو

(داماگیی) د . داماویی .

(داماڵان) لیبوونەوەی شتێك لەشتێك :

بەتەکـە لەمل دابەستەکە [داماڵاوە] .

بریتی‌یە لە لاوازبوونی یەکێك : فیسارکەس

بە نچەتایەك [داماڵاوە] .

(داماڵیاگ) د داماڵاو

(داماڵیان) د . داماڵان

(داماڵین) داکەندنی شتێك لە شتێك .

لابردنو ماڵینی شتێك لە شتێك بەدەست :

مەنجەڵە ماستاوی‌یەکە [داماڵە] .

(دامان) دەستەو سان بوونی مەردومو

پەك کەوتنی لەسەر شتێك

(داماو) کەسێکە کە پەکی کەوتبێ

لەسەر شتێك .

(داماویی) دەستەوسانی

(دامردن) تەمانی گڕی ئاگر

(دامردنەوە) دامردن .

(دامرکان) لەبزووتن‌وجوولەکەوتنی‌شتێك

(دامرکاندن) لەبزووتن‌وجوولەخستنی‌شتێك

(دامرکانن) دامرکاندن .

(دامرکیان) د . دامرکان .

(داملەچەقان) نێوونی بەرکەڵ .

(دامۆچانن) د.تیژکردنو هانەهانەدان

(دامۆچیاگ) د . کەسێکە کە تیژ

کرابێو هانە هانەدرابێ .

(داموسك) مووی کلکیوولاخی‌یەکسم

(داموچانن) د . دامۆچانن

(داموچیاگ) د . دامۆچیاگ

(داموس) داموسك

(داموسك) داموسك .

(دامە) جۆرە یاریی‌یەکە بەدووکەس

ئەکرێ لەسەرتەختەیەکی‌شەست‌وچوارخانەیی ،

وەهەریەکەی بەشانزە داش .

(دامەرزان) د . دامەزران

(دامەرزاندن) د . دامەزراندن .

(دامەرزانن) د . دامەزراندن .

(دامەرزیان) د . دامەزران .

(دامەزران) جێ گیربوونی شتێك

لە شوێنێك .

(دامەزراندن) جێ گیر کردنـــی

شتێك لە شوێنێك .

(دامەزرانن) دامەزراندن

(دامەزراو) شتێکەکەلەشوێنێك‌جێگیربووبێ

(دامەلاغاسیی) کەسێکە کە رووت

کرابێو هیچی پێ نەهێڵرابێ ، (دامەلاغاسیی

کردن)رووت کردنی مەردوم و هیچ پێ نەهێشتنی
(دامەن) دامێن .
(دامێن) لای خوارووی هەمووشتێك.
چمکی کەوا .
(دامێنگرتن) بریتی یە لەهەنابردن بۆیەکێك
(دامێنگیر) بریتی یە لە کەسێك کە
هانات بۆ بێنێ .
(دامێنگیری) دامێن گرتن و هانابردن
(دان) دوو ریز ئێسقانی دانەدانەیەکە
لەسەر پووکی گیاندار ئەرروێ و خواردەمەنی
پێ وورد ئەکا . بەخشینی شتێك بە یەکێك .
دانەوێڵەیەکە بدرێ بەباڵندە . بەری چێشتی
شل : ئەم چێشتە [دان] ی کەمە . بریتی یە
لە کەمێك لە هەموو شتێك : [دان]
یك گۆشتم بەرێ ، واتە کەمێك . پیتێکە بەهەر
ناوێکەوە نرا ئەیکا بە اسمی مکان : ئاگر
[دان] خوێ [دان] ، گوڵ [دان] .
پیتێکە نەترێ بەهێندێ ناوەوە ئەیکا بەمصدر :
فرێ [دان] ، ئاو [دان] ، ئازار[دان] .
(دانا) مەردومی تێگەیشتووی ووریا .
(دانار دانار) شتێکە کە دانەدانە
وەستابێ و نەچووبێ بەسەر یەکا : ئەم قوبوولی یە
[دانار دانار] ە .
(دانئاڵبوونەوە) سرربوونی دان بەهوێ

خواردنی شتی ترشەوە .
(دانامە) د . مووی رەش و سپی .
(دانان) جێ گیر کردنی شتێك لەشوێنێك
(داناو) د.ئاودانی گەنم لەکاتی دانگرتنیا .
(دان بەخۆداگرتن) بریتی یە لە ئارام و
خۆگیریی لەبەر بارێکا .
(دان پیانان) بریتی یە لەراستی ووتنی شتێك
(دان جیرر کردنەوە) دان ریچ کردنەوە
(دان چوونەکلیلە) دەم چوونەکلیلە
(داندۆك) دۆینە
(دان رریچکردنەوە) لچ هەڵقورتاندن و
دەرخستنی دان .
(دانساز) کەسێکە کەدان دروست بکا .
(دانسازی) خەریکبوون بەپیشەی دان
دروست کردنەوە بۆ ئەمو ئەو
(دان سپی بوونەوە) بریتی یە لەسام لاچوون
وترس شکانی یەکێك لە یەکێك : دانی
خۆت [سپی مەکەرەوە] لە مناڵەکانت .
(دانسقە) شتی تایبەتی و نایاب .
(دانشتن) د . دانیشتن .
(دانکردن) د . دانگرتن : گەنمەکە
[دانی کردوە] واتە دانی گرتووە .
(دانکە) دەردێکەتووشی هێندی باڵندە ئەبێ

(دانگ) بەشێك لە شەش بەشی زەویی‌و زار : سێ [دانگی] ئەو دێیە هیی منە . شەش‌یەکی‌قیراتێك . ئەندازەوپلە : فیسارکەس سیی ساڵ لەمەوپێش چۆن بووە ئێستاش هەرلەو [دانگە] دا ماوە .

(دانگا) دەمێك : مەررەکان [دانگا] یەك لە وەرریین واتە کەمێك .

(دانگە) لای خوارووی شت .

(دانگیر) دانەوێڵەیەکە کە نیوەکوڵ بووبێ . چیکەنە [د] .

(دان‌لێ‌تیژکردن) بریتی‌یەلەچاوبررینە شتێك‌و بەتەمابوونی .

(دانوشتان) نوشتانەوەو رەق‌بوونی‌شت

(دانوشتاندن) دوو قەدکردن‌و دەق کردنی هێندێ شت .

(دانوشتانن) دانوشتاندن

(دانوشتاو) شتی نوشتێنراوەی‌دەق‌کراو

(دانۆکە) دانکە . دانە چۆلەکە

(دانوو) دانکە . ساوەر (ز) . پەلکە .

(دانووکە) دانۆکە

(دانوولە) گەنمی کوڵاو . چێشتی گەنم‌و نۆك . جۆرە گیایە کە ئاژاڵ‌ئەیخوا (د)

(دانە) دەنکێك لەشتێك . لای‌ژووررووی مەرەزە . ددانە : دانەی مشارەکە مەشکێنە

(د) . شتێکە وەك شانە بەڵام گەورەترو درێژترە هەودای رایەڵی تەنراوی پیاهاتوچۆ ئەکا لەکاتی جۆڵاییدا .

(دانەچۆلەکە) گیایەکی‌بەهاریی‌یەبەرزێك ئەگرێ وەك کە لووی نۆك پررەلەتۆوی‌وورد

(دانەخۆرە) دانەیەکە ئەکرێ بەفاقەو تەڵەوە بۆ گرتنی پەلەوور . .

(دانەدوو) هـ . دۆینە

(دانەددم) خستنی شتێك بۆ سەرشتێك‌و پیادروونی : پەردەکەکورتەقولانجێکی (بدەدەم)

(دانەر) کەسێکە شتێك لە شوێنێك دابنێ . کەسێکە بناغەی شتێك دابنێ کە لەوەپێش نەبووبێ . کەسێکە کتێبێك دابنێ

(دانەررۆکە) چێشتێکە لەگەنم‌و نۆك دروست ئەکرێ‌و ئەبەشرێتەوە بەسەر دراوسێدا لە کاتێکا کە منالی ساوای ئەو ماڵە تازە دانی رووابێ .

(دانەرریز) فرری دانی ئاشی دانەوێڵە بۆ ناو ئاردەکە .

(دانەقەتێ) گیایەکی بەهاریی‌یە بەرنگی خرری ئەکرێ وەك‌دانەچۆلەکەپررەلەدانەی‌وورد

(دانەکولانە) دانوولە

(دانەواندن) نرم‌کردنەوەی‌شت‌لەزەویی

(دانەوانن) دانەواندن .

(دانەوە) دانی شتێك بەیەكێك دووبارە . هەڵكەندن : زەوییەكە [بدەرەوە] .
(دانەوێڵە) هەموو جۆرەووشكە دانێك
(دانەوین) چەمینەوەوخۆنزم كردنەوەی گیاندار .
(دانەوینەوە) دانەوین .
(دانێرر) با . گەنمە كوتاو
(دانێررك) با . دانێرر
(دانەیەك) چنگێ دانەیەكو پرربوونو چرربوونی هێندێ شت: هەرێزەكە[داویەتەیەك]
(دانیان) د . دانان .
(دانیشتن) قنگدانەوە لەسەر زەوی یا لەسەر شتێكی تر .
(دانیشتو) كەسێكە قنگی دابێتەوە. كەسێكماوەیمووچەخۆرییمیریی‌تەواوكردبێ
(دانیی) دابەستە
(دانین) ز . دانان
(داو) جۆرە تەڵەیەكە ئەنرێتەوە بۆ گرتنی‌هێندێ‌گیاندار.تاوێك‌لەدەزوو.داوێن[ز].
(داوا) ویستن‌و خواستن بەزمان
(داواچی) كەسێكە كە دەعوا لەسەر یەكێك بكا .
(داواخواز) كەسێكە داوای ئافرەتێك بكابۆ مارەكردنی. كەسێكە داوای شتێك بكا.
(داواخوازیی) داوا كردنی ئافرەتێك بۆ مارەكردنی . داوا كردنی شتێك .
(داواكار) داواخواز
(داواكردن) ویستنی شتێك لەیەكێك
(داواكەر) داواخواز .
(داوباز) د . راوچی . بریتییە لەفێڵباز
(داوبازیی) د . راوچێتی . فێڵبازیی
(داوداخستن) داونانەوە
(داوكەفتن) د . كەوتنە ناو داوەوە
(داوگە) د.جێگایەكەداوی‌لێ‌ئەنرێتەوە. جێی بەهەڵە چوون .
(داولێدەر) د . راوچی . كەڵەكباز
(داونانەوە) نانەوەی داو بۆنێچیر . كەڵەكو فێڵ دروست كردن بۆ مەردوم .
(داوودەرمان) بەهاراتی چێشت .
(داوودێرونكل) ز . پەپووسلێمانە
(داووررداوورر) د . دابرردابرر
(داووررین) دابررین . قسەبررینەوە
(داووڵ) داهۆڵ .
(داووڵین) ووڵینی‌شت بەزۆریی بەسەریەكا
(داوەت) با . شایی‌و هەڵپەررگێ
(داوەر) خوا .
(داوەراندن) وەراندنی شت بەزۆریی
(داوەرانن) داوەراندن .

(داوەرریس) ئاوەرریس .

(داوەزاندن) دابەزاندن .

(داوەزین) دابەزین .

(داوەستن) دابەستن

(داوەشان) هەلا هەلاو پارچە پارچە بوونی شت .

(داوەشاندن) دەست هەڵ هێنانەوە بۆ لێدانی شتێك : دەست [دامەوەشێنە] . تێوەشاندنی بەرگ و کاڵا لەسەر ئاگر . هەلا هەلا کردنی شتێك .

(داوەشاو) شتی هەلا هەلا بوو

(داوەشیاگ) داوەشاو

(داوەشیان) د . داوەشین

(داوەشین) داوەشان .

(داوەکۆستە) باڵندەیەکی کێوییە لە کەو پچووکترە بەهەنگاو ئەروا ، دوو تەڵ موو بەپشت ملیەیەوەیە لەحەلی رۆینا مووەکان قنج ئەبنەوە .

(داوێن) دامێن .

(داهاتگ) داهاتوو

(داهاتن) رام بوونی گیاندار . دوو لەت بوونی داربەمشار . سوور بوونی چاوو هاتنەگلی . دانەدانەو رێك وەستانی مووی سەرو ریش بەهۆی داهێنانی بەشانە . تازە پەیدا بوونو باو سەندنی شتێك : ئەم گۆرانییە تازە [داهاتوە] . رووت بوونی درەخت بەهۆی داپاچینی لقەکانیەوە .

(داهاتوو) گیانداری رام بوو . دارێکە بەمشار دوو لەت کرابێ . چاوێکە هاتبێتە گل . مووی شانەکراو . شتێکە تازە باوی سەندبێ . درەختی هەڵپاچراو

(داهانین) داهێنان

(داهاوردن) داهێنان

(داهۆرر) د . شتی دەڵپی شەپ و شۆرر

(داهۆڵ) شتێکە وەك زەلام لە دارو پەررۆ دروست ئەکرێ و لە ناو کشتوکاڵا دائەچەقێنرێ بۆ لێ سڵەمینەوەی باڵندەوجانەوەر

(داهێزران) لەش قورس بوونو تێکچوونی بەهۆی نەخۆشییەوە . شل بوونەوەو ئاو دانەوەی هەوێر لەبەر زۆرمانەوەی : هەوێرەکە [داهێزراوە] نانی لێ نایەت .

(داهێزیان) داهێزران .

(داهێشتن) شۆرر کردنەوەی شت .

(داهێنان) رامکردنی گیاندار . لەت کردنی دار بەمشار . شانە کردنی موو . کردنی شتێك بەباو . داپاچینی دارو درەخت .

(دایان) د . دایەن .

(دایانی) د . دایەنی

(دایك) مێینەیە کە منالّی بێ .

(دایکە) چۆلەکەی مێ . دایك

(دایکەلێ) ووتەیەکە بەدایك ئەووترێ لەرووی خۆشەویستی‌یەوە .

(دایکەمارانە) دەعبایەکە لەرەنگا وەك مارمێکەولەشێوەوگەورەیی‌داوەك‌قو مقومۆکەوایە

(دایکێن) جۆرێکە لە یاریی شەقێن.

(داینە) د . داوێن . بناری شاخ

(دایە) دایك . دایەن

(دایەخ) کەلّك:بە[دایەخ]م دەرنایەت

(دایەق) دایەخ

(دایەلّکە) پەتێکە سەرێکی ئەبەسترێ بە [کەوچکە] ی ئاشەوەو ناوەراستیشی ئەبەسترێ بە [مەچەکە]وەو سەرەکەی تری بەردێکی‌پێوەئەبەسترێ‌بۆکەم‌وزۆر کردنی‌دان.

(دایەن) ژنێکی بەشیرەکە مەمك‌بدا بە منالّی شیرەخۆرە .

(دایی) ز . . دۆوکە

(داین) ز . دایەن .

(دبدب) د . ووتەیەکە پەلەوورو مەررو بزنی پێ بانگ ئەکرێ .

(دیبدێ) د . دبدب

(ددان) دانی گیاندار

(ددانە) دانەی چەرخو مشار

(دددۆ) ز . دوو

(دراخە) ز . مەلّۆ

(دراڤ) ز . شتی کالاّی خێزان . قلّیشی دیوار . دراو .

(دران) ز . ددان

(دراو) پارەی دەولّەتیی . جۆرەتامێکی خۆشە کە لەسەیبل‌و گۆزەو گلّێنەی‌تازەوەدێ: گۆزەکە [در] ی خۆشە .

(دراوسێ) کەسێکە کە مالّی لەمالّتەوە نزیك بێ .

(دراوسێوەزن) کەسێکە کە ئازاری دراوسێ بدا .

(درپشە) درەوش

(دردۆنگ) کەسێکەلەیەکێك‌دلّگیربووبێ

(دردۆنگیی) دلّگیری لە یەکێك .

(درر) شتی‌زۆرزبر . گیانداری‌هاروهاج

(درران) لەت بوون‌و کون تێبوونی شت . بریتی‌یە لە بلاّوبوونەوەی باسێکی شارراوە : فیسارباس [درزا] واتە هەموو کەس پێی زانی . بریتی‌یە لە قەلّەوبوونی گیاندار: مەررەکە ئەوەندەقەلّەوبووە[درراوە]. بریتی‌یە لە مردنی بێ دینی بێ باوەرو : هامان [درزا] .

(درراندن) پارچە کردنی شت

(درراو) شتێکە پارچە بووبێ

(درراویی) ئاستی درران لە شت

(درردان) تەکەکردنو جێکردنەوە

(دررك) شتێکی تییژە وەك دەرزیی لە هێندێ درەختو سەوزایی پەیدائەبێ .

(دررکاویی) شتێکەدررکێزۆری پێوەبێ

(دررکە) دەردێکە وەك گرمەژنە منالٚ دەرێئەداوسەرێزیپکەکانێوەكدررك‌تییژئەبێ

(دررکەئاسنینە) کە لەوێ .

(دررکەزیی) جۆرە دررکێکی قایمی بالاٚ بەرزێ هەمییشە سەوزە ئەکرێ بەپەرژیین.

(دررکێمەموزیین) برییتییە لەیەکێككە بە شتێکەوە ئالاٚ ئییتر لێی نەبێتەوە .

(دررکیین) د . دررکاویی .

(دررکیینە) د . دررکیین

(دررگە) د . دەرە

(دررن) چلٚك:فیسارشت بۆ[دررن]ێلێدێ

(دررنالٚ)گررنالٚ ، [درر نالٚدررنالٚ] شتێ گررنالٚگرنالٚ . دەرروویەکە لە ئاوکەدوو دەریابەیەك بگەیەنێ .

(دررندە) گیاندارێ گۆشـت خۆرێ چوارپێێ بەزیان .

(دررنە) دررندە

(درروو) دررك

(دررەی) ھ . تووتررك

(دررياگ) درراو

(دررییان) درران

(دررێلٚە) گیایەکی بەهارییەوەكچاوبازە بەلاٚم ئەم بنجی پچووکترە . دررکە

(دررێی) دررك

(دررێین) لەتکردنیتەنراووهێندێشتێتر

(درر) قلٚیشی بارییکی شت

(درزبردن) قلٚیش تێبوونی شت .

(درزدان) درزبردن

(درزیین) ز . درزبردن .

(درژ) د . شتێ خاوکەکرژ نەبێ . مەردومی تووررەو ترروٚ .

(درشت) شـتێکە کە وورد نەبێ . برییتییە لە مەردومی قەبەی تێ نەگەیشتوو .

(درشتیی) قەبەییو تێ نەگەیشـتوویی

(درکاندن) دەربرریینیشتێككەپێویست نەبێ بەووتن . دەربرریین .

(درگا) د . دەرگا

(درگابوون) د . کونبوونی برریین .

(درگازەنانە) د . کۆبوونەوەو قسـە کردن بەبۆنەی کردنەوەی «أفتاحیه»شتێکەوە

(درگاکردن) د . دەرگا بوون

(درگانە) د . دەرگانە

(درگە) ووشکاییێەکە کە هەر چوار

لای ئاو بێ [جزیره] .

(درم) جۆرەدەردێکی‌سووکی‌تێکرراییە وەك هەڵامەت : [درم] داکەوتوه .

(درمداکەوتن) بلاوبوونـەوەی درم لە شوێنێکا .

(درنج) دێو

(درنگانەوە) دەنگی درنگەی شت لە گوێدا .

(درنگە) جۆرە دەنگێکە وەك دەنگی مس ، [درنگە درنگ] درنگەی یەك لە دوای یەك .

(درنە) ز . کرمی ناو سکی مەرر

(درۆ) قسەی هەڵبەستراوی بێ‌بناغە

(درۆخەدرۆخ) چووزانەوەی ســەر سنگ‌و دەروون لەبەر سەرمابوون .

(درۆزن) کەسێکە زۆر درۆ بکا .

(درۆزنانە) شتێکە کەراستەقینە نەبێ: ئەم‌سەعاتە[درۆزنانەیە]واتەسەعاتی‌راستەقینەنیە.

(درۆزنە) درۆزنانە . ناوی دێیەکە لە نزیکی سولەیمانی .

(دروس) د . دروست

(دروسبوون) د . دروست بوون

(دروست) شتێکە کەرێکی دەستووری ئاسمانیی یازەمینی‌بێ : نوێژەکەت یاهەڵگرتنی دەمانچەکەت [دروست] نیە . شتی بەجێ: ئەمە کارێکی [دروست]ە ، واتە بەجێیە .

(دروستایی) سەروبن بەستن‌و گەڵاڵە کردنی فرمانێك : بۆ نان خواردنی نیوەررو [دروستایی] کراوە .

(دروستبوون) پێك‌هاتنی کارێك . بریتی‌یە لەکۆبوونەوەی پیاو لەگەڵ ژنی خۆیا

(دروستکردن) رێك‌خستنی شتێك لە چەن جۆرە کەرەسەیەك:خانوویاکورسی‌یەکەی [دروست‌کرد] .

(دروستیی) ساغی‌و بێ‌گەزەندیی : بە [دروستیی] سەری‌تۆ .

(دروسکردن) د . دروست کردن

(دروسیی) د . دروستیی

(دروشم) نیشانەیەکی تایبەتی‌یە کە هەموو دەوڵەتێك هەیەتی .

(درۆشم) شێوە:بە [درۆشــــم] ئەی‌ناسمەوە . وێنــــە .

(درۆڤ) ز . روخسار

(درۆکردن) ووتنی شت بەدرۆ .

(دروو) د . درۆ

(درووتن) ز . دروون . دروێنە

(درووخە) د . چووزانەوەو کاوەکاوی قورگ‌و دەروون .

(درووخیان) د . چووزانەوە

(درووزن) د . درۆزن

(درووشم) درۆشم

(درووشن) د . شتێکە کەبدرەوشێتەوە

(درووشە) د . وورشە

(درووشێ) ز . ئێسقانی خوار ئەژنۆ تا قولە پێ .

(درووشیان) د . درەوشانەوە

(درووشین) د . درووشیان

(دروومان) دروونی شت بەتەقەڵ

(دروون) تەقەڵ هەڵدان لە شت بە دەرزیی‌و دەزوو یا بەشووژن‌و بەن . بڕینی گیا بەداس .

(دروونەوە) دروێنە . دووبارەدروونی شتی هەڵپچڕاو یا دڕاو .

(دروێنە)دروونەوەی‌دەغڵ‌ودان‌بەداس

(درویین) دروون

(درەخت) دارێکی بەرزی سەوزە کە بە پێوە بێ .

(درەخشان) شتێکە کە زۆر پرشنگ‌و رووناکی بداتەوە .

(درەخشانەوە) بریسکەدانەوەوپرشنگدانی شتی درەخشان .

(درەخشینەوە) درەخشانەوە

(درەم) درهەم . چل‌وهەشت‌حەبەیە لەمزیو

(درەنگ) دوایی کاتی شت : رۆژ [درەنگە] واتە هاکا بڕرایەوە .

(درەنگان) کاتی‌درەنگ:بەم[درەنگان]ە بۆچی ئەڕرۆیت ؟ .

(دەرنگیی) درەنگان

(درەو) دروێنە . درۆ

(درەوان) د . دروێنەکەر

(درەوش) دەرزی‌یەگی‌ئەستووری‌گەورەیە چەرمی پێ کون ئەکرێ بۆ درووني

(درەوشانەوە) درەخشانەوە

(درەوشە) درەوش

(درەوشینەوە) درەوشانەوە

(درەوکەر) سەپان .

(درێخ) د . درێغ

(درێژ) شتێکە کە کورت نەبێ

(درێژا) د . درێژایی

(درێژایی) باری درێژیی لەشت .

(درێژبوون) بریتی‌یەلەپاڵکەوتن‌وراکشان

(درێژبوونەوە)دواکەوتنی‌کارێك‌وقەتیس بوونی : ئیشەکەم چاك [درێژبووەوە]

(درێژدادرر)بریتی‌یەلەمەردومی‌سازندە

(درێژدادرریی) سازندەیی‌وچەنەبازیی.

(درێژداهۆڵ) مەردومی‌درێژی‌لەڕرولاواز

(درێژکردن) بڕینی‌یە لەبەزەویی‌دادانی یەکێك .

(درێژکرنەوە) درێژەدان بەقسەیەك یاکردەوەیەك .

(درێژکۆلە) شتێکە کەمێك درێژبێ .

(درێژەپێدان) درێژکردنەوە

(درێژەوکردن) د . درێژکردنەوە

(درێژیی) باری درێژایی شت .

(دریسمە) گرێژەنە

(درێشك) ز . درەوش

(درێغ) حەیف:[درێغ]بۆنەخوێندەواریی کورد . کۆتاهیی‌و قسوور .

(درێغا) درێغ

(درێغ‌کردن) کۆتایی‌کردن لە کارێکا

(درێغیی) درێغ کردن .

(دریی) ز . تووترك

(دز) کەسێکەبەپەنهانیی‌شتی‌ئەم‌وئەوبا .

(دزدەسەك) د . دەستەك‌دز .

(دزراو) شتێکە کە دزبردبێتی

(دزکۆشکە) شوێنێکە کە دزخۆی تیا حەشار بدا .

(دزگا) د . دزکۆشکە .

(دزگین) ز . دەستەجڵەو

(دزنەبەر) شتێکی بێ نرخە کەدزنەی‌با

(دزە) پەنهانیی:بە[دزە]کاری‌خۆی‌ئەکا

(دزەخورجێنی) کردنی شتێك بەدزیی‌یەوە و پەنهان کردنی لەم‌و لەو .

(دزەخەنە) د . زەردەخەنە

(دزەکردن) خۆدزینەوە

(دزیاگ) د . شتی دزراو

(دزێو) شتی ناشیرین

(دزیی) دزیی‌کردن : فیسارکەس پیشەی هەر (دزیی) یە .

(دزیی‌کردن) دزینی شتی مەردوم

(دزین) بردنی شت بە پەنهانی .

(دزینەوە) دزین‌و کەم کردنەوەی شت بەرەبەرە : لفکەکە لە ئاستی دەمەکەی هەر دەورەی دووکە لووی لێ [بدزەرەوە]

(دژ) گیانداری وەررس لە شت : ئەو وولاٚخە [دژ] ئاوە . رووگرژ . چەپەڵ [د] .

(دژایەتی) بوونی دووشت بەجۆرێك کە هەرگیز کۆنەبنەوە « تضاد » .

(دژبوون) د . کرژبوون . رق‌هەستان . پیس بوون .

(دژمان) جوێن .

(دژمن) دوژمن

(دژمنایەتی) دوژمنایەتی

(دژمنی) دوژمنی

(دژمێن) د . دژمان

(دژمین) ز . دژمان

(دژوار) شتی سه‌خت وگران.توونی که‌سکوون

(دژواریی) سه‌ختییو گرانی

(دژوون) ز . چڵکن .

(دژوێن) جوێن . چڵکن

(دژوێنیی) چڵکنی

(دژهۆنیی) کۆکردنه‌وه‌ی دوو ووشه که دژایه‌تی بێ له‌ناوه‌ندیانا له‌رسته‌یه‌کا «طباق» .

(دژیی) جۆره نه‌خۆشی یه که به‌ئاژاڵ ئه‌گا

(دش) خۆشکی مێرد . دژ (د) .

(دشکردن) خۆکێشانه‌وه له‌کارێكو ده‌ست لێ هه‌ڵگرتنی : [دشکه‌م] .

(دشمن) د . دوژمن .

(دشمنی) د . دوژمنی

(دفن) با . لووت .

(دفمریی) ز . مه‌ردومی بێ ده‌م‌وپل

(دفنزه‌م) ز . مه‌ردومی زبان شیرین

(دفێل) ز . کونێکه‌چه‌رمی‌سه‌رپه‌نجه‌ی نه‌علی تێ هه‌ڵئه کێشرێ .

(دك) ز . سه‌کۆ

(دکین) ز . چڵکنیی‌کاڵا به‌جۆرێك که بوواردبێتی .

(دگدگه)مزراحێکه‌له‌خولانه‌وه‌دانه‌یه‌ته سه‌ر ده‌ست .

(دگمه) ز . دوگمه

(دگه‌ل) ز . له‌گه‌ڵ .

(دل) با . دڵ .

(دڵ) پارچه گۆشتێکی سووره له ژێر گۆی مه‌مکی چه‌پی گیاندارو ناوه‌ندی هه‌ردووسیی دا،وه‌جه‌مسه‌ری‌هه‌مووشاده‌مارێکه و خوێن له‌وه‌وه هاتوچۆ ئه‌کا .

(دڵارا) شوێنێکه دڵی تیا بکرێته‌وه

(دڵازار) مه‌ردومی دڵ شکست

(دڵازاریی) دڵ شکان .

(دڵئاوخواردنه‌وه) بریتی‌یه له باوه‌رر کردن به‌شتێك به‌دڵ .

(دڵئاودان) بریتی‌یه ئه‌گه‌یاندنی‌خۆشی یا ناخۆشیی‌یه‌کی زۆربه‌دڵی یه‌کێك : فیسار که‌س به‌و مژده‌یه [دڵی ئاودام] یا به‌و توانچه [دڵی ئاودا]

(دڵئاوورشێنکردن) بریتی‌یه‌له‌دڵخۆش کردنی یه‌کێك به‌مژده پێ دانی .

(دڵئاوه‌دان) بریتی‌یه له مه‌ردومی ووریای زۆرزان .

(دڵبردن) بریتی‌یه له تێکچوونی دڵ به‌خواردنی شتێك : هه‌نگوینه که‌[دڵی‌بردم] ئاره‌زوو کردنی خواردنی شتێكو توانینی : [دڵم هیچ نابا] .

(دڵبەجێ‌هێنان) بەجێ‌هێنانی ئارەزووی دڵی یەکێك .

(دڵبەر) خۆشەویستێکە دڵت راکێشێ بۆ خۆی .

(دڵبەستە) کەسێکە ئارەزووی شتێك بکاو دڵی پێوەی بێ .

(دڵبەند　دڵبەستە

(دڵبەیەکاهاتن) دڵ تێکەڵاتن .

(دڵبیی) ز . جۆرە هەنجیرێکە

(دڵپاك) بریتی‌یە لە کەسێك کە دڵی خاوێن بێ دەربارەی مەردوم .

(دڵپاکیی) بریتی‌یە لە پاکیی دڵو بێ‌خەوشیی دەربارەی مەردوم .

(دڵپر) کەسێکە لەبەر خەفەتێك دڵی تەنگ بووبێو نزیك بێ بەگریان . کەسێکە ئەوەندەی خواردبێ سەر دڵی کەوتبێ . کەسێکە کە قینی لە یەکێك بێ پرر بەدڵ،

[دڵپرربوون] بریتی‌یە لە دڵ تەنگبوون بەجۆرێك کە نزیك بێ بەگریان . زۆر خواردن بەجۆرێك کە سەر دڵ بکەوێ . رق هەستان لە یەکێك پرر بەدڵ .

(دڵپرریی) بریتی‌یە لە دڵ تەنگی . قورس بوونی دڵ بەهۆی زۆر خواردنەوە

(دڵپیاچوون) بریتی‌یەلەحەزکردن‌لەشتێك

(دڵپیاکاهاتن) دڵ پێکاهاتن .

(دڵپێسووتان) بریتی‌یەلەبەزەیی‌هاتنەوە بە گیاندارێکا .

(دڵپێکاهاتن) دڵ تێك‌هەڵاتن .

(دڵپێوەبوون) حەز کردنی دڵ لەشتێك

(دڵپیس) بریتی‌یە لەکەسێك کە دڵی باش نەبێ لەگەڵ مەردوم .

(دڵپیسکردن) بریتی‌یە لەگومان پەیا کردن دەربارەی یەکێك بەخراپی .

(دڵپیسیی) بریتی‌یە لە ناپاکی‌وخراپی دڵ لەگەڵ مەردوما .

(دڵتەرر) بریتی‌یە لە کەسێك کەحەز لە کاڵاو شتی جوان بکا .

(دڵتەرریی) بریتی‌یە لە حەز کردن لە بەرگ‌و کاڵای جوان .

(دڵتەنگ) خەفەتبار

(دڵتەنگیی) خەفەتباریی .

(دڵتێچوون) حەز کردن لەشتێك :

(دڵتێکچوون) دڵ تێکهەڵاتن .

(دڵتێکهەڵاتن) دڵ بەیەکاهاتن بەجۆرێك کە نزیك بێ لەرشانەوە .

(دڵچوون) بێخوودبوونی‌دڵ‌وسست‌بوونی

(دڵچوونەسەر) بریتی‌یە لەحەز کردن لە شتێك .

(دڵچەسپ) شتێکە کە بچێتە دڵتەوەو جێگیربێ تیایا .

(دڵخاوبوونەوە) سست بوونی دڵ وتێکچوونی

(دڵخوا) د . دڵچەسپ . دڵخواز

(دڵخواز) شتێکە کە دڵت ئارەزووی بکا . دڵدار .

(دڵخوازیی) دڵداریی

(دڵخۆر) د . دڵتەنگ .

(دڵخورد) د . کەسێکە لە یەکێك دڵگیر بووبێ .

(دڵخوردیی) دڵگیریی

(دڵخۆریی) د . دڵتەنگیی .

(دڵخۆش) کەسێکە خۆشیی لە دڵیا بێ ، [دڵخۆشبوون] پەیابوونی خۆشیی لە دڵا ، [دڵخۆشکردن] خۆشییگەیاندن بەدڵێك

(دڵخۆشکەرە) شتێکەبێ بەمایەی خۆشیی دڵ

(دڵخۆشیی) کەیف و خۆشیی دڵ .

(دڵخۆشیدانەوە) بەسەریەکێکاهاتن و خەفەت رەواندنەوە لە دڵێ . لاواندنەورام کردنی یەکێك کە کارێکت پێی بێ : جوتیارەکە تۆراوە [دڵخۆشییبدەرەوە] .

(دڵداخورپان) دڵراچەنین .

(دڵداخورپیان) د . دڵداخورپان .

(دڵدار) دڵبەر

(دڵدارانە) هۆنراوەو پەخشانی دڵداریی

(دڵداریی) عاشقێتیی و دڵخوازیی

(دڵداکەفتن) د . دڵداخورپان

(دڵداگ) د . کەسێکە دڵی دوای شتێك کەوتبێ و شێت و شەیدابووبێ بۆی .

(دڵدزیی) با . نهێنیی ناودڵ .

(دڵراگیرکردن) پارێزگاریی کردنی دڵی یەکێك لە زویربوون .

(دڵرفین) دڵفرڕێن .

(دڵروون) بریتییە لە دڵخۆش

(دڵرۆین) بریتییە لە بێخودبوون .

(دڵرەش) دڵرەق

(دڵرەشیی) دڵرەقیی

(دڵرەق) بریتییە لە مەردومی بێ باکی نامیهرەبان .

(دڵرەقیی) بریتییە لە بێباکیی و نامیهرەبانیی دڵ .

(دڵرەنجان) زویربوون

(دڵرەنجاندن) زویرکردنی دڵی یەکێك

(دڵسارد) بریتییە لە کەسێك نەکارێکا دوو دڵ بێ و گەرموگوڕ نەبێ ، [دڵسارد بوونەوە] دوو دڵبوون لە کارێکا ، [دڵسارد کردنەوە] دوو دڵ کردنی یەکێك لە کارێکا .

(دڵساردیی) بریتییە لە دوو دڵیی و

ساردو سرریی لە کارێکا .
(دڵسۆز) کەسێکە کە میهرەبانو دەربایستت بێ .
(دڵسۆزیی) میهرەبانییوبەتەنگەوەبوون
(دڵسووتان) بریتیی‌یە لە بەزەییهاتنەوە بە یەکێکا .
(دڵسووتاو) مەردومی خاوەن بەزەیی
(دڵسووتیاگ) د . دڵسووتاو
(دڵسووتیان) د . دڵسووتان
(دڵسەخت) دڵرەق
(دڵسەندن) بریتیی‌یە لە هۆگرکردنی یەکێكو دڵ لێ سەندنی .
(دڵشاد) کەسێکە کە بە ئارەزوویەك گەیی بێو سەرودڵی خۆشبێ پێی .
(دڵشادیی) سەرو دڵخۆشیی
(دڵشکان) رەنجانی دڵ
(دڵشکاندن) دڵرەنجاندن
(دڵشکست) کەسێکە کە دڵی لە شتێك رەنجابێ .
(دڵشکستە) دڵشکست
(دڵشکستیی) بریتیی‌یە لە دڵ ررەنجان
(دڵشکیان) د . دڵشکان
(دڵفراوان) بریتیی‌یە لە مەردومی هێمنی لەسەرخۆ .
(دڵفراوانی) بریتیی‌یە لە هێمنیو لەسەرخۆیی مەردوم .
(دڵفرێن) شت یا شوێنێکی خۆشە کە دڵی مەردوم رابکێشێ .
(دلق) جۆرە درزێکە لە[ووڵ] ئەچێ بەرێکی سووری رەوانی هەیە .
(دڵکرانەوە) گوشادیی دڵ بەهۆی هەر شتێکەوە بێ .
(دڵکرمن) کەسێکە کە لە شتێك بەدگومان بووبێ .
(دڵکرمۆڵ) دڵکرمن .
(دڵکرمێ) دڵکرمۆڵ .
(دڵکریانەوە) د . دڵکرانەوە
(دڵکورکان) ئارەزوو کردنی شتێكو دڵ لێدان بۆی .
(دڵکورکیان) دڵکورکان
(دڵگران) بریتیی‌یە لە مەردومی زویر لە شتێك .
(دڵگرانیی) زوییریی
(دڵگوشا) دڵگوشاد
(دڵگوشاد شوێنێکە کەدڵتیا بکرێتەوە
(دڵگوشادیی) کرانەوەی دڵ بەشوێن یا بەشتی دڵگوشاد .
دڵگەرم) بریتیی‌یە لەکەسێك کە لە

کارێکا سەرگەرم بێ .
(دڵگەرمیی) بریتییەلەسەرگەرمیی لەکارێکا
(دڵگیر) دڵکوشاد . کەسێکە کە لە
یەکێك زویر بوو بێ .
(دڵگیران) دڵتەنگ بوون .
(دڵگیریی) دڵتەنگیی .
(دڵلەدڵدان) بریتییە لە دوو دڵیی و
گومان لەکارێکا: [دڵلەدڵمەدە] واتە بێگومان
بەو دوو دڵ مەبە .
(دڵلێچوون) حەز کردن لەشتێك
(دڵلێسەندن) راکێشانی دڵی یەکێك
بەگوفتار و کرداری جوان .
(دڵمایین) ز . دڵشکان .
(دڵمردگ) دڵمردوو
(دڵمردوو) بریتییە لە کەسێك کە
ئارەزووی شتی خۆش و جوانی نەبێ .
(دڵنەوایی) ئاشت کردنەوەی دڵی
یەکێك کە زویر بوو بێ .
(دڵنیا) کەسێکە کە بێگومان بێ و دوو
دڵ نەبێ لەکارێکا ، [دڵنیابوون] بێگومانی و
یەك دڵی لەکارێکا .
(دڵنیایی) دڵنیابوون
(دڵۆپ) ز . دڵۆپ .
(دڵۆپ) تکەی ئاوو شتی شل
(دڵۆپە) تکەی بنمیچی بان .
(دڵۆرە) ھ . راکشان .
(دڵۆڤانی) با . بەزەیی
(دلووڤان) ز . دۆستی خۆشەویست
(دڵەتەپێ) دڵە خورپێ
(دڵەخورپێ) دڵە گورپێ
(دڵەخورت هێزی دڵ
(دڵە رراوکێ) دوو دڵیی لەکارێکا
(دڵەررەپێ) د . دڵەخورپێ
(دڵهشتن) ز . دڵ شکاندن
(دڵەکزە) دڵەکزێ .
(دڵەکزێ) جۆرە دڵ تێکچوونێکە
هێندێجار پەیدائەبێ لەخواردنی هێندێشتەوە
(دڵەکوتێ) لێدانی دڵ یەك لەسەر
یەك بەهۆی خورپە یا ماندووبوونەوە .
(دڵەکەڵەشێر) جۆرە ترێیەکی سپی
دەنگ درێژی بنك ئەستووری سەر باریکە
یەك دەنك ناوکی پچووکی تیایە .
(دڵەگورپێ) دڵەکوتێ
(دڵەلەرزە) دڵەگورپێ
(دڵەلەرزێ) دڵەلەرزە
(دڵهەڵشێوان) دڵ تێکهەڵاتن
(دڵهەڵشێوانەوە) دڵهەڵشێوان
(دڵهەڵشێویان) د . دڵهەڵشێوان

(دڵهەڵکەفتن) د . دڵهەڵکەوتن
(دڵهەڵکەنران) دڵهەڵکەوتن
(دڵهەڵکەنیان) د . دڵهەڵکەنران
(دڵهەڵکەوتن) لەپێش چاوکەتنێشت
(دڵهێنانەجێ) دڵنەوایی کردنی یەکێك
(دلێ) ﻫ .پیتی تیادابوون «ظرفیت»وەك وونەی [ناو] : [دلێ] دەر ، واتە ناوچەم
(دلێر) پاڵەوان .
(دلێری) پاڵەوانیی
(دلێق) دلیق
(دلیق) دلق
(دلیوان) تەبەنە
(دم) کێر [ﻫ] . کلك [ل] . کات [ز] .
(دما) ﻫ . پاش
(دمارەکۆڵ) دمارەکۆڵە
(دمارەکۆڵە) دووپشك
(دمانکرن) ز . بەئیجارەگرتنی دەیەکی دێهاتو شتی تر .
(دمە) ﻫ . دووگ
(دمەد) ز . شیشەتووتن
(دمەك) د . دومەك
(دمەڵ) د . دومەڵ
(دمەڵان) د . دومەڵان
(دمەهۆسنگنێ) کلك هەڵسەنگێنە

(دنان) ل . ددان
(دمبەك) د . دومەڵەك
(دندان) ز . ددان .
(دندك) ز . تۆوی کاڵەكوشووتیوشتی تر
(دنگ) دۆڵێکی دارینەبرنج وساوەری تیا ئەکوترێ . دەنگ [ز] .
(دنگبوون) بریتییە لە تێرخواردنو توند بوونی وورگ .
(دنگبێژ) ز . گوێندەی دەنگ خۆش
(دنگچیی) کەسێکە بەدەسكو دیبەگ برنج بکوتێ .
(دنگکوت) د . دەسگی دنگ .
(دنیا) ئەم جیهانەی کە تۆی تیا ئەژییت
(دنیاداریی) خەریکبوون بەپەیداکردنی ماڵی دنیاوە .
(دنیادیدە) کەسێکە لە دنیا شارەزابێ
(دنیاریی) دنیاداریی
(دنیایی) ﻫ . کاووررو بەرخ
(دو) ز . دۆ
(دۆ) ماستی ژەنراوی کەرە لێگیراو
(دوا) پاش : [دوا] رۆژت لە بیربێ
(دوابرران) بررانەوەی شتێكو کۆتایی هاتنی
(دوابرراو) بریتییە لە شتێك کەحەزی لێ نەکەیتو نەتەوێ ناوی بیەیت : ئەم

گرانی‌یە [دوابرراوە] هەرنەبررایەوە

(دوابرریاگ) د . دوابرراو

(دوابەدوا) کردنی کارێك لە دوای کارێکی‌ترەوەبەگورجیی : [دوابەدوا]ی‌تۆهاتم

(دوابینی) د . دووربینی‌وخوێندنەوەی ئاکامی کار .

(دوابینین) دوابینی

(دواپێهێنان) بررینەوەوکۆتایی‌هێنان‌بەشتێك

(دواجەنگ) د . پاشداری لەشکر

(دواچۆرر) دوادوایی هەموو شتێك

(دوادوایی) ئاخرو ئۆخری شت

(دوارۆژ) پاشەرۆژ

(دوازدە) دوانزە

(دوازدەمین) دوانزەمین

(دوازدەهەم) دوانزەهەم

(دوازدەهەمین) دوانزەهەمین

(دواکەوتن) پاشکەوتن.دووکەوتنی‌شتێك

(دواکەوتوو) دواکەوتە

(دواکەوتە) پاشکەوتوو

(دواگین) د . دواین

(دوان) دووجار یەك لەشتێك

(دوانزە) ناوە بۆ ژمارەیەك کە [دە] و [دو] و ە .

(دوانزەمین) شتێکەلەپایەی‌دوانزەدابێ

(دوانزەهەم) دوانزەمین

(دوانزەهەمین) دوانزەمین

(دوانە) دووگیاندارن‌کەبەسکێك‌ووبن

(دواوان) شوێنێکە کە دوو ئاوی تیا تێکەڵ بێ .

(دواوەدان) د.گێررانەوەونارد نەوی‌شتێك

(دواهێنان) تەواوکردن‌وبررینەوەی‌شتێك

(دوایەك) ووتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی ووتەی [هەموو] : [دوایەکیان] هاتن واتە هەموویان .

(دوایی) ئاخری شت : [دوایی] مە ، واتە ئاخریمە . لەپاشان : تۆ بررۆ من [دوایی] دێم . دواین [د] .

(دوایی پێهێنان) دوایی هێنان و بررینەوەی شتێك .

(دواین) د . دواهەمینی شت .

(دوایی‌هاتن) تەواوبوون‌وبررانەوەی‌شت

(دوایی هێنان) دواهێنان .

(دوبارە) ز . فێڵ

(دۆبە) ز . خڵتەو لیلەی هەنگوین کە ئەکەوێتە بنکی .

(دۆپ) دۆڵو دەرە . نزم .

(دۆپەررۆ) پشکی مەشکە

(دۆت) با . کچ

(دۆتن) ز . دۆشین

(دۆچ) گیایەکی بەهاریی درره بەگژ دەغڵو دانا ئەچێو کزی ئەکا

(دۆچن) د . شتی لینج

(دۆخ) چۆنێتی شـــت : جیهان بە [دۆخ]ی خۆی نماوە واتە تێك چووە. تافو هەررەتی شت: لە [دۆخ]ی گەنجیما واتە لە تافی لاویما . شتی تیژی کە سکوون [د] .

(دۆخاو) گەچی شلی گیراوە

(دوختەر) پزیشك .

(دوختەر کەیبانوو) ئافرەتی ژیری دەست رەنگین .

(دوخشار) د . شتی سەختو گران

(دۆخوا) د . دۆخەوا

(دۆخە) دانی ئاژاڵی دۆشەنی بەیەکێك بۆ بەخێوکردنی ، سەری بەئەندازەیەك رۆن

(دۆخەوا) چێشتی دۆکوڵیو

(دۆخیان) هەررەتو تافی شت .

(دۆخیانەت) دۆخیان

(دۆخێن) بەندەخوێن

(دۆخیین) ز . دۆخێن

(دۆدان) دۆدانە

(دۆدانە) توورەکەیەکە دۆی تێئەکرێ

(دور) توخن: [دور] ئەم شـــتە مەکەوە ، واتە توخنی مەکەوە .

(دۆر) دەهۆڵ

(دۆراخ) شوێت

(دوردیی) قەیچیی

(دورر) دور . بەردێکی جوانی گران بەهایە لە دەریا دەرئەهێنرێ .

(دورراجی) هۆزێکە لە کورد

(دۆرران) لەدەست چوونی شتێك لە گرەو یا لە یارییەکدا .

(دۆرراندن) لەدەستدانی شتێك لە گرەو یا لە یارییەکدا .

(دۆررژنگ) تۆزو دووکەڵی بنمیچەکە شۆرر ئەبێتەوە .

(دۆرنج) دۆررژنگ

(دوروست) دروست

(دوروستایی) دروستایی

(دوروستبوون) دروستبوون

(دوروستکردن) دروستکردن

(دوروستیی) دروستیی

(دورووما ن) دروومان .

(دوریش) با . لە ئەژنۆوە تاقولەپێ

(دۆریە) دۆریی

(دۆریی) گونۆرر

(دوریین) دروون .

(دورینەوە) دروونەوە

(دۆز) ئامانج
(دۆزراوە) شتێکە کە دۆزیبێتەوە
(دۆزکرن) با . داواکردن
(دۆزەخ) ئەو جێگا ناخۆشە ئاگرینەیە کە خوالەوەجیهاناناامادەی کردوە بۆتاوان باران
(دۆزەخە) دۆزەقە
(دۆزەق) د . دۆزەخ
(دۆزەقە) کونێکە لەژێر ئاشا ئاوەکەی لێوە دەرئەچێ .
(دۆزیین) گەرران لەناونوێن وکالاّدا بۆ کێچو مۆریان . دۆزینەوە .
(دۆزینەوە) دەستکەوتنەوەی شتی وون بوو . پەی بردن بەشتێك کەلەوەپێش نەزانرابێ
(دوژ) شتێکە پێچەوانەوضدی شتێکی تربێ
(دۆژ) د . دووریی .
(دۆژزر) ز . دۆزەقە
(دوژمن) کەسێکە کە ناحەزت بێ .
(دوژمنایەتی) ناحەزیی ورقەبەریی کردن
(دوژمنیی) دوژمنایەتی
(دوژوار) شتی گرانو سەخت
(دۆژە) ز . دۆزەخ .
(دۆژەن) د . دۆژەنك .
(دۆژەنك) دارێکی درێژی زبانەدارە ئەکرێ بە لۆرەلەپەکانی مەشکەدالەکاتی ژەندنا .

(دۆژەنکە) دۆژەنك .
(دۆژەنگ) د . چرچی ناوچەوان کە لە ررق هەستانا پەیدا ئەبێ .
(دوژێن) د . جنێو
(دوژێندان) د . جنێودان
(دوژێنفرۆش) د جنێوفرۆش
(دۆس) د . دۆست .
(دۆسایەتی) د . دۆستایەتی
(دۆست) کەسێکە ئاشناو خۆشەویست بێ . دۆستك .
(دۆستایەتی) ئاشنایی وتێکەڵیی لەگەڵ یەکیکا
(دۆستك) ز . دۆستی دڵداریی
(دۆستیی) دۆستایەتی
(دۆسیی) د . دۆستیی
(دۆش) هـ . گۆشتی پاش ران و نزیك دووگ
(دۆشاب) ز . دۆشاو
(دۆشاڤ) با . دۆشاو
(دۆشانیی) ز . ئاژاڵی دۆشەنی .
(دۆشاو) شیلەی کوڵیوی ترێ یا توو یا خورما یا هێندێ شتی تر .
(دۆشاومژە) پەنجەی تەنیشت پەنجە گەورەی دەست .
(دۆشاویی) جۆرە ترێیەکی سپی درێژ کۆلەی زۆرشیرینە . شتێکە رەنگی لە

رەنگی دۆشاو بچێ .

(دوشت) د . درشت

(دوشته) د . درشته

(دۆشدامان)دامان‌وبیرکردنەوەلەشتێك

(دۆشداماو) کەسێکەداماێ‌وبیربکاتەوە لە شتێك .

(دۆشراو)گیاندارێکی‌مێینەی‌شیرداره که شیرەکەی دۆشرابێ .

(دوشك) با . سەکۆ

(دوشمن) دوژمن

(دوشمنایەتی) دوژمنایەتی

(دوشمنیی) دوژمنیی

(دۆشەك) ژێرەخەرێکی پرر لەلۆکە یا خوریی یا پەرۆیە .

(دۆشەکلە) دۆشەکی پچکۆلانە

(دۆشەکە) دۆشەك

(دۆشەمە) دۆشەکێکە کە دابکوترێ بە کورسیی دانیشتنا .

(دۆشەنیی) ئاژاڵی شیردار

(دۆشیاگ) د . دۆشراو

(دۆشیدەنی) د . دۆشەنی

(دۆشین) دەرهێنانی‌شیرلەگوانی‌شیردار

(دۆغاو) دۆخاو

• (دۆغرەمە) خواردەمەنی‌یەکە لە ماست و خەیاری جنراو دروست ئەکرێ .

(دۆغەوا) دۆخەوا .

(دۆق) سورمە یا سیمێکی چنراوی پانە ئەگیرێت بەملیوانی عەبادا بۆجوانی . پارچە تەنراوێکی رەشە ژنان ئەیکەن بەعەبا . کوتەك [ز] .

(دۆك) د . دۆووك

(دوکان‌چەفتیی) ل.شتی‌شەفتول‌وقەنگاس

• (دوکتۆر) مامۆستایەکی زانیارە کەلە دوای سانەویی حەوت ساڵێ خوێندبێ . پەزیشکێکە کە دەرمانی نەخۆش بکا .

(دوکلە) د . دووکەڵ .

(دۆکولیو) چێشتێکە لەدۆ یا ماستاو لەگەڵ برنج یا ساوەردا دروست ئەکرێ

(دۆکەشك) دۆی کەشکی سووراوە . چێشتێکەلەدۆی کەشك‌و برنج دروست ئەکرێ

(دوگمە) جۆرە گرێیەکی گەورەی گردە بەیەخەی سوخمەدا ئەگیرێ بۆداخستن

(دوگمەودۆلاب) چەکێکی زێرریین یا زیوینی پلپلەدارە ژنان ئەیدەن لەگۆشەی سوخمە وەلەخوارەمکیانەوە دای ئەخەن

(دوگمەوقەیتان) دەستەیەکە لە دوگمە لەگەڵ قەیتانا ئەگیرێ بەقەراغی سوخمەدا بۆ داخستنی .

(دوگون) ل . گرێ

(دوگم) ﻫ . پارچە دەوارێکە کە بە گردی دەواری زستانەدا ئەگیرر ڕێ بۆ بەر هەڵستی باران .

(دۆڵ) شیوو دەرە . شتێکی قووڵـە دروست ئەکرێ لە دار یالە بەرد شتی تیا ئەکوترێ . دەهۆڵ .

(دۆڵاب) تاقێکی قووڵی دوو دەری دار یا سنووقێکی باڵابەرزی دوو دەریی داری خانەخانەیە شتی تێئەخرێ .

(دۆڵابە) کوتێکی گەورەیە لەسەربانی ئاش ئەهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی لەوێوە [نێ] دا بهێڵرێتەوە خوارەوە

(دۆڵاو) بەردی چاڵی پرر لەئاو

(دوڵئەنگێو) دەهۆڵژەن

(دولبەر) دلبەر

(دۆڵچە) شتێکە وەك سەتڵ لەچەرم یالە خامی ئەستوور دروست ئەکرێ ئاو یا قورری ناو بیرێ پێ هەڵئەهێنجرێ .

(دۆلکە) دەفرێکی پچووکی قووڵە لە مس یالە تەنەکە ئاوی پێئەخورێتەوە .

(دۆڵکە) دۆلکە

. (دۆڵمە) یاپراخ

(دۆڵە) کوول

(دۆڵەدرێژ) پەنجەی باڵا بەرزە

(دۆڵەمێ) دەڵەمەی هێلکە

(دۆلیان) نێی ئاش

(دۆلیانە) ئەو جێگایەیە کە دانـەی ئاشی تێ ئەکرێ .

(دۆم) تیرەیەکە لـە کورد زێر تر پیشەیان کلاش دروست کردنە .

(دوما) ﻫ . دوای شت

(دۆمانە) د . گورگەلۆقە

(دومبەلان) ل . دومەلان

(دومدووك) دەندووك

(دومەك) د . دومەڵەك .

(دۆمە) بەرماڵی دەوار

(دومەڵ) جۆرە برینێکی خرری بەسۆیە لە جەستە دەردێ .

(دومەلان) جۆرە قارچکێکی بەهاریی خرری گەرمیانیە لەزەویی هەڵ ئەتۆقێ .

(دومەڵەك) جۆرە دەهۆڵێکە سەرێکی پانو سەرێکی تەسکە چەرمی خاو ئەگیرێتە سەرە پانەکەی ، ئەخرێتە بن دەست و لە زەماوەندا لێ ئەدرێ .

(دومەڵەك ژەن) کەسێکەدومەڵەك لێ بدا

(دۆمینە) ناوە بەجۆرە قومارێك

(دون) د . چیچکان . چۆك

(دۆن) د . توخن‌و قەرە

(دوندووك) دەندووك

(دوندە) لووتی هەوجارر کە گاسنی پیا ئەکرێ .

(دونگك) دووگك .

(دونگڵە فسە) کەڵەشێرو مریشکێکە کە یەك پەرری درێژ بەکلکیەوە بێ .

(دۆنێ) دوێنێ .

(دوو) ناوە بۆژمارەیەك کە لەناوەندی یەك‌و سێدایە . دووکەڵ [ز] . کلك[د] .

(دووئاوکردن) برریینی ئاوخواردنەوە بە یەکێك .

(دووئاوکەوتن) نەخۆش‌کەوتنی‌یەکێك بەهۆی ئاوی جێگایەکەوە کە تازە بۆی چووبێ‌و پێی رانەهاتبێ .

(دووارد) ه . قەیچیی

(دووادرگك) دووارد

(دووان) گوفتوگو کردن

(دووادن)گوفتوگۆکردن‌لەگەڵ یەکێکا

(دووادەر) کەسێکە کە خوتبەبدا .

(دووادەریی) خوتبەدان

(دووانگە) جێ‌یەکی‌تایبوتی‌یەکەخوتبەی لەسەر ئەدرێ .

(دووانن) دوواندن .

(دووباد) ریسی دوولۆنە . تەنراوێکە کە ریسەکەی دوولۆنەبێ: ئەم فاســـۆنە [دووباد]ە.برییتی‌یەلەبەردومی‌قەڵەوی‌داررێژراو

(دووبـارە) ووتەیەکە ووتنەوە یـــا کردنەوەی کارێك ئەگەیەنێ : [دووبارە] باسی فیساری کردەوە،یا [دووبارە] هاتەوە . ئارەق‌و گوڵاوێکە کە دووجار بگیرێتەوە.

(دووبارەپات) ووتە یا کردەوەیەکە کە دووجار ووترابێ یا کرابێ .

(دووبارەکردنەوە) دووبارەپات

(دووبرا) باڵندەیەکی راوکەرە وەك هەڵۆ وایە هەمیشە دوانیان پێکەوە ئەفررن

(دووبرالە) دووبرا . سەلکە پیازێکە کە دوو تێرکی بێ .

(دووبررە) جۆرە خشـڵێکە ژنان ئەیکەن بەسەریانا .

(دووبرریاگك) د . دوابرراو

(دووبەختیی) فرمـانێکە کە ئەنجامی بگونجێ باش یا خراپ بێ .

(دووبەرە) شتێکی گردی کولۆرە لە دار یا لە قورر دروست ئەکرێ‌و ئەنرێ بەپاشەوانەی هەنگەوە کە شانی تیا هەڵبەستێ

(دووبەرەکیی) بـەربەرەکانی‌و ملەملە وێستانی دووکەس یازیاتر لەگەڵ‌یەکا .

(دووپاتە) دووبارە

(دووپاییلکە) دەعبایەکی کێوییە لە سمۆرە پچووکترو لە مشك گەورەترە .

(دووپایلە) د . دووپاییلکە .

(دووپشك) دەعبایەکی چنگ چنگی کلك گرێ گرێی چزوودارە بەگیاندارەوەئەدا .

(دووپڵ) شتێکە کەرەنگی پلّپلّ وەستابێ . بریتییە لە مەردومی دووررووو [د] .

(دووپلیی) د . دوورروویی

(دووپەررە) گیایەکی بەهارییە وەك سێپەررە بەلاّم ئەم پەررەکانی دوان دوانە

(دووپەلان) د . شتی دووفلیچقانە

(دووپەللە) ھ . قنگاوڵە .

(دووپەلەبوون) رووانی هێندێ سەوزایی و پەل دەرکردنی

(دووتا) ز.گیانداری بەهێزلەسەرئیش وکار

(دووتایی) جەواڵ یا هۆررێکە کە هەر دووتاکەی پێکەوە بێ .

(دووچار) گیاندارێکە گرفتاریچورتمێك بووبێ ، [دووچاربوون] گرفتاربوونی گیاندار ، [دووچارکردن) گرفتارکردنی گیاندار .

(دووچاریی) گرفتاریی .

(دووچەرخە) عەررەبانەی دەستییکە خاك و خۆڵی پێ فرێئەدرێ . پایسکل

(دووچەنانە) د . دووچەندانە .

(دووچەندان) دووچەندانە

(دووچەندانە) شتێکە کەدووئەوەندەی شتێکی تر بێ : ئەرییمان [دووچەندانە] ی سالاّرزییرەکە،یابەشەکەی تۆ [دووچەندانە]ی بە شەکەی منە .

(دووحاچە) د . دووپەلان

(دووخ) شتێکی لووت تییژەبەخەررەکەوە رێسراوەکەی لەسەر هەڵ ئەکرێ .

(دووخاڵ) نیشانەیەکە وەکو : [:] لە شرێنێکا دائەنرێ کە پاشەکەی راڤەی پێشەکەی بێ .

(دووخشتەکیی) تاقەشیعرێك

(دووخەت) ئائب عریف

(دووخەوبوون) بێدارییەکی زۆر لە ناوەندی دوو خەوا .

(دووخەویی) دووخەوبوون .

(دووخێن) بەندەخوێن .

(دووخیین) با . دووخێن .

(دوودانگ) دانەوێڵەیەکەکەدەنکەکانی دوو جۆربێ : ئەم برنجە [دوودانگ] ە .

(دوودك) با . شمشاڵی لێدان .

(دوودڵ) بریتییە لە کەسێك لەووتن یا کردنی کارێکا راررابێ .

(دوودڵیی) بریتی‌یە لەرارراییی لەکردن یا ووتنی کارێکا .

(دوودووکەرە) جۆرێکە لە گوززروان بەڵام ئەم ناخورێ ·

(دوودە) د . دووکەڵ

(دوودەریی) دەرگاوپەنجەرەی‌دووتایی

(دوودەست بەناڵە) بریتی‌یە لە یەکێك بەکرریین‌وفرۆتنی‌شتی‌هێچ‌وپووچ دەسمایەیەکی باش پێکەوە بنێ‌و دەست بکا بەکرریین‌و فرۆتنی شتی گەورەتر .

(دوودەسماڵە) د.جۆرەهەڵپەرر کێ‌یەکە دوودەسەسرری تیا هەڵ ئەسوورێنن .

(دوودەمان) هۆزی گەورە . بنەماڵەی گەورە .

(دوودیی) د . دوودە

(دوور) شتێکە کەنزیك نەبێ

(دووراندوور) لـــە دوورەوە : [دووراندوور] تۆم دیی

(دوورانن) د . درووونی شت

(دوورانەوە) د . درووونەوەی کاڵا

(دووراودوور) بوونی دووکەس بە دوور لە یەك .

(دوورئەندێش) کەسێکە زۆر بییر لە ئەنجامی شت بکاتەوە

(دووربا) ووتەیەکە لە شوێنی [خوانەکا] بەکار دێنرێ .

(دووربەدوور) دووراودوور

(دووربێ) دووربا

(دووربیین) دوورئەندێش . شتێکە کە تەماشای شتی دووری‌پێ بکرێ نزیکی‌بخاتەوە

(دووربیینی) ووردبوونەوەلەئەنجامی‌کارێك

(دوورخستنەوە) گێرراني‌شت بەدوورلەخۆت

(دووردەس) دووردەست .

(دووردەســت) شــتێکە کە دووربێ لێت‌و دەستت نەیگاتێ

(دوورراز) د . مەردومی دووررروو

(دووررروو) کەسێکە لە رووجۆرێك‌و لە پاش مله جۆرێکی تر بێ

(دووررروویی) قسەکردن لە روو بە جۆرێك‌و لە پاشمله بە جۆرێکی تر

(دووررەگ) گیاندارێکە کە باوك و دایکی‌لەجۆرێك نەبن . بریتی‌یە لەئادەمیی‌یەك کە باوکی لەگەلێك‌و دایکی لەگەلێکی تربێ .

(دووررەنگ) بریتی‌یە لە مەردومی دووررروو .

(دووررەنگیی) دووررروویی

(دووررریان) شوێنێکە کە دووریی لێ بووبێتەوە .

(دوورڕێویله) گیایه‌که‌دوولقی‌لێ‌ئه‌بێته‌وه سه‌ربه‌ره‌و ژوور ، له‌کلکی ڕێویی ئه‌چێ .

(دوورك) با . له‌واشه . شمشێره‌ی‌ده‌رگا

(دوورکوژ) بریتی‌یه له‌شتێك‌ئه‌وه‌نده‌ی له‌دووره‌وه جوان ئه‌نوێنێ له‌نزیکه‌وه وانه‌بێ

(دوورکه‌وتنه‌وه) جوێ بوونـــه‌وه‌ی شتێك له‌شتێك‌و پێکه‌وه نه‌مانیان .

(دوورنوارر) د . دووربین.

(دوورنیازیی) کنایه

(دوورروا) د . دووریی

(دوورونزیك) ووته‌یه‌که به‌کاردێنرێ بۆ دواکه‌وتنی یه‌کێك بۆ گیاندارێك به‌جۆرێك که نه‌دووربێ لێی به‌ته‌واوی وه‌نه‌نزیکیش‌بێ به‌ته‌واوی:[دوورونزیك]دوای‌فیسارکه‌س‌بکه‌وه

(دووره‌به‌رد) هاویشتنی‌به‌رد له‌دووره‌وه: ئیمرڕۆ به‌[دووره‌به‌رد] مارێکم کوشت

(دووره‌په‌رێز) ســـڵ کردن‌و هاتنه پێشه‌وه‌ی یه‌کێك له‌یه‌کێك به‌پارێزه‌وه .

(دووره‌ده‌س) دووره ده‌ست

(دووره ده‌ست) دوور ده‌ست

(دووره‌وپه‌رێز) دووره په‌رێز

(دووره‌وه که‌فتن) د . دوورکه‌وتنه‌وه

(دووره‌وه‌که‌وتن) دوورکه‌وتنه‌وه

(دووریاگ) د . درواو

(دووریی) بوونی شـــت به‌دوور . جۆره ته‌نراوێکی ته‌نکی کون کونه ژنان ئه‌یکه‌ن به‌سه‌رپۆش .

(دوورین) دروون

(دووڕینه‌وه) دروونه‌وه

(دووز) با . بووزوو

(دووزاخه‌دان) ســـه‌غڵه‌ت کردن‌و به‌گیر هێنانی یه‌کێك .

(دووزبان) دووڕروو

(دووزبانیی) دووڕروویی

(دووزمان) دووزبان

(دووزمانیی) دووزبانیی

(دووزوان) د . دووزمان

(دووزوانیی) د . دووزمانیی

(دووزه‌له) دوو لووله قامیشی باریکه له‌پاڵ یه‌کا به‌قیر پێکه‌وه ئـه‌نرێن وه‌هه‌ر یه‌ك چه‌ن کونێکی تیایه فووی پیا ئه‌کرێ‌و ده‌نگێکی لێ په‌یدا ئه‌بێ .

(دووژ) ز . دۆزه‌خ

(دووژنه) پیاوێکه دوو ژنی بێ

(دووژه‌نگ) دۆژه‌نك . چینی برۆو ناوچه‌وان .

(دووسم) بریتی‌یه لـــه گاو مانگاو مه‌ڕرو بزن .

(دووسمە) د . دووسم

(دووشاخە) د . شتی دوو لپ .

(دووشك) مەردوومی دوودڵ

(دووشەمب) با . دووشەممە

(دووشەممە) رۆژی سێ‌هەمی حەفتە لە هەینی بەدواوە .

(دووشەموو) دووشەممە

(دووشەمە) دووشەممە

(دووشەویلە) هەردوولای شەویلە

(دووفاق) شتی دووپەل

(دووفلیچقانە) شتێکە دوو پەلی لێ بوویێتەوەو پەلەکانی لەیەك نزیك بن .

(دووفلێقان) د . دووفلیچقانە

(دووفلیقان) د . دووفلیچقانە

(دووڤ) ز . کلکی گیاندار

(دووڤرەیك) ز . چۆلەکەیەکی کلك رەپی بۆرە .

(دووڤسنك) ز . جۆرێکە لە کوللە کلکێکی هەیە وەك بەرد رەقە .

(دووڤسۆرك) ز . ئالیسۆر

(دووڤ‌مەساس) ز . جۆرە مەلێکەشەو بەچنگ خۆی هەڵئەواسێ بەدرەختاو ئەفیکێنێ بۆ ئـەوەی کەخەوی لێ‌نەکەوێ نەوەك بیگرن .

(دووقات) تەنراوی دووباد : ئـەم فاسۆنە [دووقات]ە . خانووی دوو نهۆم .

(دووقۆچکە) د . جۆرە کلاَوێکە ئەکرێتە سەر وەك کلێتە وایە .

(دووقەد) شتی دوو توێ

(دووقەدەرە) بلقەدەرە

(دووقیمەکردن) دوونیمەکردنی شتێك

(دووك) خەررەك [ه] . لقی ووردی داربەررووو کە لەقەدەوە دەری ئەکا .

(دووکان) ژوورێکی دەررابەدارە لە بازاررا شتی تیا دائەنرێ بۆ فرۆشـتن . خانەیەکی چوارگۆشەی برردراوە. لەزەویی بۆ شت تیا چەندنی : بـاخەکەی هەموو [دووکان دووکان] کردوە . نـاوی دوو دێیە لە ناوچەی سوداش‌و قەرەداخ .

(دووکاندار) کەسێکە لـە دووکانـا دابنیشێ بۆ شت فرۆشتن .

(دووکایچ) ه . دووخ

(دووکلکە) دەعبایەکی رەش‌وسووری درێژکۆلەی شاخدارە لەقالۆنچەئەچێ کلکێکی دووفاقی هەیە .

(دووکڵە) تەشیلە

(دووکورر) جۆرە مراوییەکە

(دووکوڵیە) ه . دووکڵە

(دووکۆیی) د . شتی دووبەشیی لە ناوەندی دوو کەسا « مشترك » .
(دۆوکە) شتێکی سپی لینجە ئەدا لە هێندێ شینایی لە کەڵکی ئەخات .
(دووکەك) ھ . چیکەنە
(دووکەڵ) هەڵمێکی رەشی تارییکە لە شتی سووتاو بەرز ئەبێتەوە
(دووکەڵدان) دووکەڵکێش .
(دووکەڵکێش) بۆرری‌یەکە دووکەڵی لێوە دەرئەچێ .
(دووکەڵگیر) دووکەڵکێش .
(دووکەوتن) لە پاش‌شتەوە رۆیشتن
(دووگ) چەوریی‌یەکی نەرم‌و شلی سپی‌یە بەپاشی مەررەوە .
(دووگاسنە) زەویی‌یەکە دووجار کێڵرابێ
(دووگرد) پێخەفێکە وەك جاجم‌بەڵام ئەم لە لۆکە ئەررێسرێ .
(دووگردیی) جاجم‌وەمەوجی‌پێ‌لێ‌وەرگێرر
(دووگور) ز . دووگردیی .
(دووگورد) دووگردیی
(دووگوردیی) دووگردیی .
(دووگومان) دوودڵ
(دووگومانیی) دوودڵیی
(دووگونە) تۆوێکی تاڵی بچووکی شەنکۆڵە لە ناو خەڵەدا ئەبێ .
(دووگوە) ز . دارێکی دووپە لەدرزکی پێ ئەشکێنرێتەوە .
(دوولا) دوولۆنە .
(دوولازەن) د . دووررووو
(دوولانە) دووقەد
(دوولایی) لووتەوانەیەکە ئەدرێ لە دەرگا بۆ داخستن‌و هەڵپێکانی
(دوولۆ) دوولانە
(دوولۆرە) د . کەسێکە کە بەسەر دەما کەوتبێ .
(دوولۆنە) دوولۆ
(دوولەپان) د . شتی دووپەل
(دوولەقان) د . دوولەپان .
(دووماڵەکیی) ماڵ‌جیایی‌کردن‌لەئەھڵ‌یەکێکا
(دوومان) ز . تەم‌و تومان .
(دوومور) ز . ووڵاخی جووتە .
(دوومەشقان) د . دانیشتن بەچۆکا
(دوومەڵ) دومەڵ
(دوومەڵان) دومەڵان
(دوومەڵەك) دومەڵەك .
(دوونان) کەسێکەلەیاریی[قەلەمرداریٚ] دا دوو جار لەسەریەك لە تۆپ بدا
(دوونییمە) شتێکە بووبێ بە دوولەتی

راستەوە ، [دوونیمەبوون] بوونی شتێك بە دوولەتی راستەوە ، [دوونیمەکردن] کردنی شتێك بە دوولەتی راستەوە .
(دۆ ووشکە) دۆینە
(دۆ ووك) چڵکی کەرەی گەرم کراو
(دووە) ھ . ھەڵمێکە لە کەناری ئاسمانا پەیدا ئەبێ لە گەرمادا .
(دوومم) شتێکە لە پایەی دوودابێ .
(د ووەمین) دوومم .
(دووھۆیی) د . دووررووی .
(دووھەم) دوومم
(دووھەمین) دووھەم
(دووهێشە) د . وەرد
(دووینە) د . دۆینە
(دووێن) دوێنێ
(دۆە) ز . دوێنێ
(دوھیی) ز . دوێنێ
(دوێ) دوێنی . دوو (ھ) .
(دوێت) شتێکی بچکۆلەی قوولەمەرە کەبێ تووسینی تێ ئەکرێ . کچ
(دوێتە) کچ : دادەبیینەو[دوێتە] بخوازە
(دوێداندۆك) خەستەی توورەکە
(دوێرد) دوێردگ
(دوێردگ) قەیچیی
(دوێردە) قەیچیی
(دوێردیی) دیاریی کردن
(دویساندن) ز . ئاخنینو داگرتنی شت
(دوێشەو) شەوی پێش ئەو شەوەی کە تۆی تیایت
(دوێکە) دوێنی
(دوێکەرە) دوودووکەرە
(دوێل) ز . زویلی چەرم کەدرووەمانی پێ بکرێ
(دوێڵ) د . تەلەبەرد
(دوێڵبەن) د . شوێنی تەختەپۆش کراو بە تەلەبەرد .
(دوێن) دۆینە [با] . دوێنێ
(دۆینە) برروێشێکە لەگەڵ دۆداتێکەڵ کرابێو ووشك کرایێتەوە . دۆکولیو
(دوێنە) د ٠ دوێنێ
(دوێنێ) رۆژی پێش ئەو روژەی کە تۆی تیایت .
(دوێنێشەو) دوێ شەو
(دویر) با . دوور
(دویین) دۆینە [با] . گوفتوگۆ کردن[د]
(دۆیین) چێشتی دۆینە
(ده) ناوە بۆ ژمارەیەك کەلە ناوەندی نۆو یازدە دایە . پیتی ھاندانە ئەچێتەسەر

فعلی ئـەمری حازر لە ئێستادا : [دە] بنووسە ، [دە] بڕرۆ ، واتە ئێستا . پێتی رابووردووی درێژەدار« ماضی استمراری »ە: پار [دە] م خوێند ، واتە هەموو پار لـە خوێندنا بووم . پێتی لەمەولا « استقبال » : [دە] خوێنم ، واتە لەمەولا

(دەبا) پێتی هاندانە ئەچێتە سەرفعلی ئەمری حازرو غائب بۆ لەمەولا : [دەبا] بچێت ، [دەبا] بڕروا ، واتە لەمەولا

(دەباخانە) شوێنێکەپێستەی‌تیادە باخ بدرێ

(دەباخچی) کەسێکە پێستە دەباخ بدا

(دەباخدان) خۆشکردنی پێـستە بـە جەوت‌و مازوو

(دەباخکردن) دەباخدان

• (دەباشیر) شتێکی سپی‌یە وەك گەچ لەسەر تەختەی رەش پێی ئەنوسرێ

(دەبان) جۆرە پۆلایەکی جەوهەردارە خەنجەری لێ دروست ئەکرێ .

• (دەبدەبە) هەراوزەنالەگەڵ کۆبوونەوەی مەردوما : فیسارکەس بە (دەبدەبە) ژنیان بۆ هێنا .

(دەبر) ز . ژیان‌و گوزەران

(دەبلاخ) بەچکە ووشتری یەك ساڵە

(دەبوقان) ز . دەمووکانە

(دەبووش) ز . شتی لینج

(دەبە) سواغ یا دیوارێکە هەڵتۆقی بووبێ‌و وورگی دابێ . بریتی‌یە لە هێندێ گیانداری سك پرر . بریتی‌یە لە مەردومی قۆرر . بەرمیل

(دەبەنگ) مەردومی وورری گێژو وێژ . مەردومی دەوییت [د] . قەحبە[د]

(دەبیش) با . لینج

(دەپ) ز . لەوحی دار

(دەتیر) دەمانچەو تفەنگێکە کەدە گوللە بخوا

(دەحادەحا) د . تەحاتەحا

(دەحبە) ز . دررندە

(دەحشك) ز . جاش‌و جوانوو

(دەحل) دارستانی کەم [با] . باخ‌و پێستان [ز] .

(دەخس) ز . مەردومی رژد

(دەخسین) ز . جەسادەت‌و قین

(دەخڵ) د . دەغڵ

(دەخڵوداں) د . دەغڵودان

(دەر) دەرگا . دەرەوە : بجۆرە [دەر] واتە بجۆرە دەرەوە . دەشت[د] .

(دەرابدان) ز . قارسکردنی کالا

(دەرازینك) با . ئاستانەی دەرگا

(دەرامەد) دەستکەوتێکە گوزەرانی پێ بکرێ .

(دەرانیین) ز . دەرهانیین

(دەراو) دەربەند : [دەراو]ی گۆیژە فێنکە . دراوی گۆزەو دیێزەو سەیلی تازە. شوێنێکە کە ژنان بەرگی تیا بشۆن

(دەربات) ز . هاوشان لەهێزو بازوودا

(دەربار) دەربارە.

(دەربارە) ووتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی ووتەی [لەلایەن] : [دەربارە] ی مەردوم باش بدوێ .

(دەرباز) کەسێکە لەچورتمێك رزگار بووبێ ، [دەربازبوون] رزگاربوون ، [دەرباز کردن] رزگار کردن .

(دەربازگە) شوێنێکە کە مەردوم لێوەی دەرباز بێ .

(دەربان) دەرگەوان

(دەربایست) دەربەست

(دەربایستی) دەربەستیی

(دەربردن) هەڵکردنوگوزەران کردن. دەربوواردن .

(دەربرریین) درکاندنی شتێك کە لە دڵنا شاردێتەوە .

(دەربك) ز . دارێکی پچکۆلەی کولۆرە بارووتی تێئەکرێ بۆ هەڵگرتن

(دەربوواردن) دەربردنو فرێدانی شتێك لەناو چەن شتێکی ترا: لە نووسینەکەدا دێررێکت [دەربووارد] .

(دەربوون) کەیینو دەرگاتیوونیدومەڵ . (دەربوونە) کۆڵانی تەسکی بارییك کە دەر نەچێ .

(دەربەدەر) کەسێکە کە لە شوێنی خۆی ئاوارە بووبێ ، [دەربەدەربوون] ئاوارەبوون ، [دەربەدەرکردن] ئاوارەکردن

(دەربەدەریی) ئاوارەیی

(دەربەس) د . دەربەست

(دەربەست) کەسێکەبەتەنگشتێکەوەبێ

(دەربەستە) دەربایست

(دەربەستەیی) دەربایستی

(دەربەستیی) دەربەستەیی

(دەربەسە) د . دەربەستە

(دەربەن)دەربەند[د].قوڵفەیدەفر[ز]

(دەربەندن)دەرەیەکە لەناوەن دووکێوا

(دەربێن) د . دەمبێن

(دەرپاچە) د . دەرەلنگ

(دەرپوشك) با . سەرقاپ

(دەرپۆقیین)هاتنەدەرەوەی گلێنەی چاو

(دەرپۆقییو)گلێنەیچاوێکەکەدەرپەرریی بێ

(دەرپەڕراندن) دەرکردن و دوورخستنەوەی شتێك لە شوێنێك بەزۆر. زەق کردنەوەی چاو یاقوت کردنەوەی شوێنێك لەئەندام: چاوی یاسمێ[دەرپەڕراند]

(دەرپەڕرانن) دەرپەڕراندن .

(دەرپەڕرین) دەرچوونی شتێك لەشوێنێك

(دەرپەڕریو) شتێکە کە لە شوێنێك دەرچووبێ .

(دەرپێ) کالاّیەکی پڕووداری دوو لنگە ئەکرێتە پێ .

(دەرتەقین) د . ئاسنێکە بە دەرگاوە پێی لێ ئەدرێ .

(دەرچاو) ز . دەسەسرر .

(دەرچڕرانن) د . دەرکردن .

(دەرچك) ز . ژێردەرگا

(دەرچوون) دەربازبوون بە چالاکی . تەقینی چەك لە خۆیەوە . پوختەو قاڵ بوونی هێندێ شت : پیاڵە کە یا گۆزەکە [دەرچووە] واتە لە تەقینو شکان رزگاربووە . لەخرتکە چوونی ئەندام:دەستم [دەرچووە].رزگاربوونو سەرکەوتنی یەکێك لەتاقیکردنەوە«امتحان» دا

(دەرحەسین) با . خلیسکان

(دەرخستن) ئاشکرا کردنی شتێك

(دەرخوارد) هاوشانو هاولف : من [دەرخوارد]ی تۆ نیم .

(دەرخوارد دان) پێ خواردنی شتێك بە یەکێك بەزۆر . ووردە وردە تێوەدان و تێکەڵ کردنی شتێکی وورد لەگەڵ شتێکی شلا:ئاردەکە[دەرخواردی]سەمەنی یەکەبدە.

(دەرخون) ز . دەرخۆنە

(دەرخۆنە) سەرپۆشێکی گڵینی دەسکدارە ئەخرێتە سەر دەمی مەنجەڵ لەسەر ئاگر . جۆرە پنەیەکە .

(دەرخوینك) دەرخۆنەی دار

(دەرد) نەخۆشیی

(دەردان) هەڵ هێنجانی شتێك لە دەفرێك یا لە شوێنێك . دەرکردنی لفوپۆی سەوزایی : مێوەکە چرۆی [دەرداوە] . پەیابوونی ئاوڵەو سوورێژەو شتی تر لە جەستە

(دەردانك) ز . پەررۆیەکە پەنیری تازەی تێ ئەکرێ بۆ ئاوە چۆرر بوونی .

(دەرداویی) شتێکە کەدەردێکی پێوەبێ

(دەردمردە)گیانداریدەغەزاریدەردەدار

(دەردۆك) د . دەردۆنگ .

(دەردوو) د . دەرپێ .

(دەردەباریکە) دەردی سیل

(دەردەدار) گیانداریکە کە دەردێکی پێوەبێ

(دەردەداریی) بوونیگیانداربەخاوەندەرد

(دەردەست) شتێکە لەژێر دەستابێ،

[دەردەستبوون] هاتنە ژێردەستی شتێك ،

[دەردەستکردن] هێنانە ژێر دەستی شتێك

(دەردەکۆپان) دەردێکی گرانەتووشی هێندێ منالٚ ئەبێ لە عەزرەتا کەف ئەچێنێ‌و چنگ قژ ئەکاتەوە .

(ددەردی‌سەر) بریتی‌یە لــە رەنج‌و سەغلەتیی:تووشی[دەردی‌سەر]م مەکە.سەرێشە

(دەردی‌سەریی) دەردی سەر

(دەردی‌کاریی) دەردی بێ دەرمان .

(دەرر) مالۆس .دەلٚ[د].دررندە[د] .

(دەررابە) شتێکی پانە لە تەختە یا لە چینکۆ ئەگیرێ بە پێشی دوکانا .

(دەرراشۆ) د . ژنی بێ‌حەیا .

(دەرز) ئەندازەیەکە لە نوسراو کە بە قوتابی ئەووترێ .

(دەرزە) ھ . کۆمەڵێك لە [لۆ]

• (دەرزەن) دوانزە دانە لە هێندێ‌شت

(دەرزیی) ئاسنێکی باریکی نوكتیژە سەرێکی کونێکی تیایە هــەودای تێ هەڵ ئەکێشرێ‌و دروومانی پێ ئەکرێ .

(دەرزیی‌ئاژن) دەرزیی کردن بەشتێکا یەك لە سەریەك .

(دەرزیی‌دان) شتێکی کولۆری‌باریکە دەرزیی تێ‌ئەخرێ

(دەرزیی‌لۆکە) گیایەکی بەهاریی‌یە بە رێك ئەگرێ وەك دەرزیی وایە

(دەرزیلە) دەرزیی لۆکە

(دەرسۆك) با . دەسەسرر

(دەرشۆ) ز . شالٚی کاسەوکەوچك‌شتن

(دەرفەت)هەل : لە «دەرفەت»ێکاوەرە

(دەرڤە) ز . چوونەدەرەوەی‌شـتێك لە شوێنێك .

(دەرقیل) ز . چاکلٚ

(دەرك) دەرگا

(دەرکردن) رۆیاندن‌ودوورخستنەوەی یەکێك لە شوێنێك . خوێندنەوەی نوسراوێك بە ئاسانی : فیسارکەس کاغەزەکە [دەرناکا] واتە نازانێ بیخوێنێتەوە . دەرباز کردنی شـتێکی قاچاغ‌و رزگار کردنی . دەرگـا تێکردنی بریین . پـەیا بوونی گەڵاو لقو پۆپ لە درەخت . دەردانی ئاوڵەوسوورێژە . جیاکردنەوەی مووچەخۆر لە پیشەکەی

(دەرکردە) ئەو بەروبوومەیە کە لـە وولاٚتێکەوە بۆ وولاٚتێکی تر ئەنێررێ بە بازرگانیی . ئەو نوسراوانەیە کەژمارەیەکی تایبەتی ئەخرێتە سەر وەلـە دائرەیـەکەوە ئەنێررێ بۆ دائرەیەکی تر « صادرە »

(دەرکوت) د . دەرتەقین

(دەرکودوو) دەرماڵ : یاخوا لە هیچ [دەرکودوو] یەکا نەبیت

(دەرکە) دەرگا

(دەرکەتن) ز . دەرکەوتن

(دەرکەفتن) د . دەرکەوتن. تەرەبوون

(دەرکەفتە): . گیانداریتەرەوتوونابوو

(دەرکەنار) مەردومی گۆشە گیر . چەن دێرڕێکی کورتە کە نوسرابێ لـــە داوێنی نوسراوێکی ترەوە لەلایەن گەورەیەکی دەوڵەتییەوە .

(دەرکەناریێ) گۆشەگیریی

(دەرکەوتن) ئاشکراو نمایان بوونی شت . چوونەدەرەوە لە شوێنێك .

(دەرکەوتوو) شتی ئاشکراو نمایان . کەسێکە چووبێتە دەرەوە .

(دەرکەوتە) دەرکەوتوو

(دەرکێشان) هێنانە دەرەوەی شتێك لە شتێك بە زۆر

(دەرگا) دەلاقەیەکە لە ژوورو حەوشا هاتوچۆی پیانەکرێ . چوارچێوەو تەختەیەکە کە بگیرێ بە دەلاقەی دەرگادا . دەمی هەموو دەفرو کوێك .

(دەرگابوون) کونبوونی بریـن لـە خۆیەوە : دومەڵەکە (دەرگای بوە)

(دەرگابێن) پەتێکە دەرگای هەمانەو شتی تری پێ ئەبەسترێ

(دەرگاخن) پڕرکردنی دەفرێك لـە شتێكو ئاخنینی تا دەرگاکەی

(دەرگاکردن) دەرکردنی بریین

(دەرگاکەل) دەرگا

(دەرگڤانك) با . سەرقاپی کووپەوگۆزە

(دەرگوشادانە) د . درگاژەنانە

(دەرگە) دەرگا

(دەرگەوان) کەسێکەدەمیشە ئاگای لە دەرگابێ بۆ کردنەوەو داخستنی

(دەرگیل) ز . چەپەر

(دەرماڵ) خانووبەرە : لە [دەرماڵ]ی فیسارا گەورە بوە . دۆمە .

(دەرماڵە) ز . دابەستە

(دەرماڵیی) کاروبەرخێکەبەهۆیدرەنگ لەدایكبوونیەوەلەناومالا بەخێوبکرێ . خانەزا

(دەرمان) شتێکە بۆ چابوونەوە بدرێ بە نەخۆش . بریتییە لە دارروو

(دەرمانخانە) کۆگای دەرمان

(دەرمانخوار) د . دەرمانخوارد

(دەرمانخوارد)کەسێکەزەهریدرابێتێ. باررووت .

(دەرمانخوارد کردن) زەهردان بە یەکێك بۆ کوشتنی

(دەرمانخواز) چاوێکە کە بیەشێ و پێویست بێ بەدەرمان

(دەرمانساز) کەسێکە دەرمان دروست بکا بۆ نەخۆش « صیدلی »

(دەرمانك) با . ئاڵەت

(دەرمانکردن) تیمارکردنی نەخۆش

(دەرمانکوت) کەسێکە پیشەی هەر باروت دروست کردن بێ .

(دەرمانکەر) د . پەزیشك

(دەرمانگە) شوێنێکە کەدەرمانی تیا ئەفرۆشرێ .

(دەرمانگەر) کەسێکە کە دەرمان بگرێتەوە « صیدلی »

(دەرمانگەریی) خەریکبون بـــە گرتنەوەی دەرمانەوە « صیدلە »

(دەرمەجێڵ) د . دەرمەنجەڵە

(دەرمەجێڵە) د . دەرمەجێڵ

(دەرمەنجلە) هـ . دەرمەنجەڵە

(دەرمەنجەڵە) چەپەر

(دەرمەنە) د . داماو

(دەرنخوون) د . دەمەونخوون

(دەروازە) دەرگای گەورەی دووتایی حەوش

(دەروازەوان) د . دەرگەوان

(دەروان) د . دەرگەوان

(دەروبان) دەوروبەری خانوو : نەخۆشەکە [دەروبان] ئەکا .

(دەروبانکردن) دەرودەشت کردن

(دەرودراوسێ) : دراوسێی نزیکی دەوروبەرت

(دەرودوو) دەروبان .

(دەرودەشتکردن) هاتو چۆ کردنی دەشتو دەر : فیسارکەس [دەرودەشت ئەکا]

(دەرۆر) هـ . سەرکەوتن بەناوشییو دەرەدا

(دەرۆزان) خاکەڕۆ

(دەروژوورکردن) هـاتنە دەرەوەو چوونەوە ژووری مناڵی تـازە پێ گرتوو ، وە نەخۆشی تازە چاکەوە بوو : مناڵەکە یا نەخۆشەکە [دەروژوور] ئەکا .

(دەرۆم) د . ژەقنە .

(دەروو) دەربەند . دەرەتان : خـوا [دەرووت] لێ بکاتەوە .

(دەروون) دیوی ناوەوەی بۆشیی جەستە

(دەروەن) د . دەربەندودەرە .

(دەروەنجەڵە) د . دەرمەنجەڵە .

(دەروێش) کەسێکە کە بەراســـتی خواپەرست وە بە بەشی ئەو دابکەوێ .

(دەروێشیی) خواپەرستیی و بە بەشـی

ئەو ڕاکەوتن .

(دەرە) ناوشیوی قووڵ

(دەرهاتن) هاتنە دەرەوەی شتێك لە شوێنێك . پوختەبوونو پێگەیشتنی شتێك : مناڵەکە باش [دەرهاتوە] واتە ژیرو زرنگ بوە،یا گۆزەکە [دەرهاتوە]واتە باش دەرچوە

(دەرهاتوو) مەردوم یاشتێکە کەپوختە بوو بێ

(دەرهانین) دەرهێنان .

(دەرهاووردن) دەرهێنان

(دەرهاوێژران) دەرهاویشتن

(دەرهاوێژراو) شتێکە لە شتێکی تر فڕێ درابێ .

(دەرهاویشتن) فڕێدانی شتێك لەناو چەن شتێکی ترا .

(دەرەبۆڵە) جورە ترێیەکی سووری دەنك گەورەی خڕە .

(دەرەبەگی) ئاژاوەوتێکچوونی ئاسایشی وولات بەهۆی زۆرداریی ئەغاودەستڕۆیشتووەوە

(دەرەتان) ڕێگای ڕزگاریی ودەرچوون: [دەرەتان] م نیە ، یا بێ [دەرەتان] م .

(دەرەرە) ھ . باخی ناوچەمو دۆڵێکە کە کەوتبێتە لای خواروو .

(دەرەقەت) توانینو دەسەڵات

(دەرقەتهاتن) تواناییودەستڕۆیشتن بەسەر شتێکا : [دەرقەت]ی ئەو فرمانە یا ئەو زەلامەنایەم .

(دەرەك) ز . جێگای نەزانراو .

(دەرەکیی) گیانداریکە کە بێگانە بێ لە ناو ئەو کۆمەڵەدا کە تیایەتی .

(دەرەلنگ) کونی خوارووی دەرپێو شەرواڵو ڕانكو پانتۆڵ کە پێی پیاوەکرێ

(دەرەنگ) ز . درەنگ .

(دەرەو) درۆ [ز] . دەرەوە [د]

(دەرەووریی) ھ . باخی ناوچەمودۆڵێکە کە کەوتبێتە لای ژووروو .

(دەرەوە) دیوی ئاشکراو بیدراو لە شت کە لە ڕووی ناوەوە نەبێ .

(دەرهێنان) هێنانە دەرەوەی شتێك لە شتێکی تر .

(دەرهێنراو) شتێکە کە لە شتێکی تر هێنرابێتە دەرێ .

(دەرێ) دەرەوە

(دەریا) ئاوێکی ئێجگار زۆری بێ پەیە کە ئەم پەڕرو ئەو پەڕری دیار نەبێ وەلەوانە بێ کە کەشتییو پاپۆڕری بەسەرەوەبگەڕرێ .

(دەریاچە) دەریای پچووك

(دەریاگر) جەردەی ناو دەریا .

(دەریایی)کەسێکەکەهەرلەدەریادائیش بکا

(دەرێخستن) ز . دەرخستن .

(دەریزان) ز . بەردەمی قاپی

(دەریی) ز . دەرگا

(دەرییچە) دەرگا یاپەنجەرەی پچووك

(دەزبێنك) د . بازن

(دەزگ) دەزوو

(دەزگا) شتێکی پانە لە ئاسن یالەدار دروست ئەکرێ و ئاسنگەر یا کالادروو کاری لە سەر ئەکا .

(دەزگر) پەرڕۆیەکی درێژی ئەم سەرو ئەوسەر پانە مەنجەڵی لەسەر ئاگر پێ دائەگیرێ . کارێکە زوو بەدەستەوە نەیەو دەست بگرێ .

(دەزگێرر) فرۆشیارێکە شت بەدەست بگێررێ بۆ فرۆشتن .

(دەزگیر) دەستگیر . دەزگر

(دەزگیران) کورر یا کچێکە کەناویان بۆیەکتری برابێ وخوازابێنی کرابێ وبەتەمای یەك بن

(دەزوو) هەودای باریکی رێسراو لەلۆکە

(دەزووران) دەزگیران

(دەزوولە) شتێکە وەك دەزوو لە کشانی شتی لینج پەیا ئەبێ .

(دەزوولەبەستن) دەزوولەکردن .

(دەزوولەکردن) پەیابوونی دەزوولە لە شتی لینجەوە : شەربەتەکە یادۆ شاوەکە (دەزوولەئەکا) واتە خەست بوەتەوە .

(دەزیی) ز . دەزوو .

(دەزییران) دەزگیران

(دەژ) شتی دەست نەزەدە .

(دەژاندن) داخکردنی دانی کولۆر بۆ ژان شکانی .

(دەس) دەست .

(دەسا) ووتەیەکەبەکاردێنرێ لەناوەندی دوو ووتاراهۆیەتی « علیت » ی پێشووەکەیان ئەگەیەنێ بۆ پاشووەکەیان : (دەسا) بخۆ لە وەرامی یەکێکا کە بلێ زۆرم برسی یە .

(دەس ئاژۆ) د . دەستەمۆ . دەسەسرر

(دەس ئاگر) د . دەستەچییلە

(دەس ئاوان) د . دەسکەوان

(دەس ئاوێژ) د . هەڵمەت:فیسارکەس [دەس ئاوێژ] بوو،واتەهەڵمەتی دامێ.ووچان.

(دەسان) د . داستان

(دەساندەس) د . بەرامبەر.دەستاودەست

(دەساو) د . دەستاو . دەستیاو

(دەساودەس) د . دەستاودەست

(دەسبازیی) د . دەستبازیی

(دەسبرر) د . دەستبرر

(دەسبرریی) د . دەستبرریی

(دەسبررین) د . دەسبرترین

(دەسبەجێ) د . دەستبەجێ

(دەسبەدەس) د . دەستبەدەست

(دەسبەن) د . دەستبەند

(دەسپەرژان) د . دەستپەرژان

(دەسپەرژیان) د . دەستپەرژان

(دەسپێچ) د . دەسرازە . پەرڕۆیەکە نان پێوە دەرلەدەستی ئەئالێنێ لەکاتی نان پێوەدانا

(دەسپێچك) دەسپێچ . ئەندازەیەکە لە خوریی شییکراوە کە لە دەســـتەوە بئالێنرێ بۆ رستن .

(دەسپێچەنە) دەسپێچك

(دەسپێکردن) . دەستپێ کردن

(دەست) پەلی گیاندار لە شانییەوە تا پەنجەکانی . بریتییە لەدەسەڵات : فیسار کەس (دەست)ی هەیە. بریتییە لەقاتێك کاڵا. جۆرو چەشن: کەواکەم لە (دەست) ی کەواکەی تۆیە،واتە لەچەشنی ئەوە . ووتەی پەسەندو ئافەریین : لەکاتێکا کەیەکێك کارێکی جوانی لەدەست دەرچێ ئەڵێیت (دەست) واتە ئافەریین دەستت خۆش بێ .

(دەست ئاژۆ) د . دەس ئاژۆ

(دەستارر) دوو بەردی پانی گردە بە دەست ئەگێررێو دانەوێڵەی پێ ئەهاررێ

(دەستان) داستان

(دەستاو) مەلوولاوێکی شلە ئەگیرێتەوە لە ئاردو ئاو بۆکارو بەرخی ساوا . دەست بە ئاوگەیاندن (ز)

(دەستاوبرد) دەستوبرد

(دەستاودان) دەستتەرر کردنی هەوییر شێل بۆ ئەوەی کە هەوییرەکەی باش بۆ بشێلرێ یا بۆی شل بێتەوە . دانی دەستاو بەکاروبەرخ.

(دەستاودەست) چوونی شتێك لە دەستی ئەمەوە بۆ دەستی ئەو .

(دەستاوێز) جێگە دەست لەشت بۆ دەست پێوەگرتنێ .

(دەستاوێژ) ماوەی هاویشتنی بەردێك بەدەست: ماڵی ئێمە تا بازارر(دەستاوێژێکە)

(دەستبازیی) جنگەپۆپانو یاریی کردن

(دەستبرر) بریتییە لەفێڵبازیی مەردوم خەڵەتێن .

(دەستبرریی) دەستبررین

(دەستبررین) بریتییە لەفێڵبازیی و مەردوم خەڵەتاندن .

(دەستبڵاو) بریتییە لە کەسێك کە ماڵی خۆی بەفیررۆ بدا .

(دەستبڵاویی) ماڵ بەفیررۆدان

(دەست بووریی) ز . کەسێکە کە هەر قسەی بێ‌و کردەوەی نەبێ .

(دەست‌بوون) بریتی‌یە لەدەسەڵات‌و دەست رۆیشتن : یاخوا زۆردار هەرگیز [دەستی نەبێ] . بریتی‌یە لەبەشداربوون لە شتێکا : فیسار کەس دەستی هەیە لەو کارەدا ، یا دەستی کەریەتی هەیە ، واتە بەشدارە تیایانا .

(دەست‌بەئاوگەیاندن) بریتی‌یە لەچوونە سەر پێشاو

(دەست‌بەتاڵ) بریتی‌یەلەمەردومی بێ‌کار

(دەست‌بەتاڵیی) بریتی‌یە لە بێ‌ئیشیی

(دەست‌بەجێ) کوتوپرر

(دەست‌بەدەست) دەست‌بەجێ

(دەست‌بەدەستادان) بریتی‌یەلەپەشیمانیی و دەرچوونی هەلێك لە دەستت

(دەست‌بەردار) بریتی‌یە لەکەسێك‌کە دەستی لە کارێك هەڵگرتبێ ، [دەست بەرداربوون] بریتی‌یە لە دەست هەڵگرتن لە کارێك .

(دەست‌بەرداریی) دەست‌بەرداربوون

(دەست‌بەردان) بریتی‌یەلەجیابوونەوەی دووکەس لەیەك : ژنو مێرەدەکە [دەستیان لەیەك بەردا) واتە لەیەك جیابوونەوە

(دەست بەررو وەوەنان) بریتی‌یە لە جوابدانو ناهومێدکردنی یەکێك کەداوای شتێکت لێ‌بکا .

(دەست بەزاخا کردن) بریتی‌یە لە دەست بررینو هەڵخەڵەتاندنی یەکێك .

(دەست بەستن) بریتی‌یە لەدەست خەررۆکردن:فیسار کەس چاك[دەستی‌بەستم]

(دەست بەستە) بریتی‌یە لە مەردومی دەست خەررۆ .

(دەست بەسەر) کەسێکە بەفەرمانی دەوڵەت لە شارێك یا لە شوێنێك نەتوانی بچێتە دەرەوە .

(دەست بەسەراگرتن) بریتی‌یە لە داگیر کردنی شتێك .

(دەست‌بەقرپ) کەسێکە هەر شتێکی بێتە دەست زوو لە ناوی ببا .

(دەستبەند) گوریس یازبخیرێکە کە دەستی ووڵاخی پێ ببەسترێتەوە .

(دەست‌پانکردنەوە) بریتی‌یە لەسواڵ‌کردن

(دەستپەرر)خۆرەحەت‌کردنی ئادەمیی بەدەست .

(دەستپەرژان) دەست نەگیرانو فریاکەوتن بۆ کردنی کارێك .

(دەستپێچك) دەسپێچك .

(دەست‌پێشکەریی) دەست پێشخستن لەیەکێك لە کردار یاگوفتارێکا کە ئەوکەسە

بەتەمای کردن یا ووتنی بێ لەپێش تۆدا .
(دەستپێکردن) دەستدانە کردار یا گوفتارێك‌و لەسەر رۆیشتنی .
(دەستپێوەنان) بریتی‌یەلەدەربازکردنی یەکێك یا شتێك .
(دەست‌پیس) بریتی‌یە لە مەردومی گەندەدزی ناو ماڵ .
(دەست‌پیسی) بریتی‌یە لە ووردە دزیی ناو ماڵ .
(دەست‌تەنك) بریتی‌یە لە مەردومی کەم دەست .
(دەست‌تەنکیی) بریتی‌یە لە کەم‌دەستیی
(دەست‌تەنگ) دەست‌کورت .
(دەست‌تەنگیی) دەست‌کورتیی .
(دەستچن) شتێکە بەدەست‌وتەقەڵ‌چنرابێ
(دەستچێن) شتێکە بەدەست چێنرابێ لە زەوی‌یدا .
(دەستخورێنە) گەزگەزۆك .
(دەستخۆشانە) د . بەخشیشێکە کە بدرێ بە یەکێك لە ئەنجامی کارێکا .
(دەستخەت) شتێکە کەبەدەست‌نوسرابێ
(دەستخەررۆ) کەسێکە تەفرە درابێ و دەستەشکێن کرابێ ، [دەستخەرروبوون] تەفرەخواردن ، [دەستخەررۆکردن] تەفرە دان‌و دەستە شکێن کردنی یەکێك .
(دەستخەررۆیی) تەفرەخواردن‌ودەستە شکێن بوون .
(دەستدار) بریتی‌یە لـــە مەردومی دارای بەدەسەڵات .
(دەستداریی) دارایی‌و دەسەڵات
(دەستدان) بەکارهاتنی شتێك بۆشتێك : ئەم زینە بۆ ئەم ووڵاخە [دەست‌ئەدا] .
(دەستدروو) کاڵایەکەبەتایبەتی‌دروابێ
(دەستدرێژ) دەستدار
(دەستدرێژیی) دەستداریی،زۆروستەم
(دەستراست)کەسێکەشت‌زووبەئەنگێوێ
(دەستڕۆیشتن) بریتی‌یە لە دەسەڵات بەسەر شتێکا .
(دەستڕۆین) بریتی‌یە لە دەوڵەمەندیی
(دەستڕۆیو) دەوڵەمەند
(دەستڕەس) شتێکەدەست‌کەوتنی‌ئاسان‌بێ
(دەستڕەش) بریتی‌یە لە کەسێك کە هەر شتێکی لێوە دەستکەوێ‌فەرری‌لێ‌نەبینرێ
(دەستڕەنگین) بریتی‌یە لە کەسێك کە بە دەستی خۆی پیشەی جوان بزانی .
(دەستڕێژ) تەقاندنی چەن گوللەیەك بەجارێك لەلایەن چەن‌کەسێکەوە روو،ەوشتێك
(دەست‌سپی) بریتی‌یە لە کەسێك کە

پیشەیەکی وانەزانێ خۆی پێ بژیەنێ .
(دەستشۆر) شوێنێکی تایبەتی‌یەکەهەر دەستی لێ بشۆری
(دەسشۆرك) دەستشۆر
(دەستشێل) هەویر یا قوررێکە بە دەست شێلرابێ .
(دەستفرۆش) دەزگێرر
. (دەستقالە) ز . دەست بەتاڵ
(دەستقڵپ) دەست بەقرپ
(دەستقووچان) بریتی‌یەلەرژدیی‌وچرووکی
(دەستقووچاو) بریتی‌یەلەمەردومی‌چرووك
(دەستقەرز) قەرزێکە کەدەست بە دەست بدرێ بەیەکێك
(دەستك) ز . چەپکێك لە گوڵ یالەگیا
(دەستکار) دەستکرد
(دەستکاریی) زۆر دەستدان لە شتێك
(دەستکراوە) بریتی‌یە لە مەردومی‌دڵ فراوانی بەخشندە .
(دەستکرد) شتێکە بەدەست دروست کرابێ . شتی تایبەتی دروست کراو
(دەستکردنەوە) بریتی‌یە لە دەست وەشاندن لە جەنگا .
(دەستکوتان) دەستگێررانی کوێر یا چاوساغ لە تاریکی‌دا

(دەستکورت) بریتی لەمەردومی‌نەدارا
(دەستکورتیی) بریتی‌یە لەنەدارایی
(دەستکەلا) هەڵمات یا گوێزێکە کە هەمیشە تیلی پێ‌بکرێ
(دەستکەوت) دەرامەتێکە کەگوزەرانی پێ بکرێ .
(دەستکەوتن) شت هاتنە دەست
(دەستکێش) تەنراو یا چەرمێکەئەکرێتە دەست . چاوساغێکە کەپەلی کوێر بکێشێ
(دەستکێشان) راکێشانی دەستی کوێر
(دەستکێشاندنەوە) کارسەندنەوە لە یەکێك کە کارێکی پێ سپێررابێ .
(دەستکێشانەوە)دەست‌هەڵگرتن‌لەکارێك
(دەستگر) دەزگر
(دەستگرتن) دەزگیرۆیی . بریتی‌یە لە جڵەوگیریی یەکێك لە کارێك .
(دەستگرتنەوە) دەستکێشانەوە.دەست پانکردنەوە . خوێندنەوەی بەری دەست . بریتی‌یە لە پاشەکەوتیی کردن .
(دەستگرتیی) ز.خەریکیی بەکارێکەوە
(دەستگەیشتن) دەست پەرژان .
(دەستگێرر) دەزگێرر
(دەستگێررانەوە) گێررانەوەی دەست لەکارێك‌و پەشیمان بوونەوەی لێ‌ی .

(دەستگیر) پیرێکی خوا پەرســتی خوێندەوارە کە بە ئامۆژگاریی جوان دەستی مەردوم بگرێ بۆ ڕێی ڕاست . یارمەتی دەر

(دەستگیران) خەریکی بەکارێکەوە . دەزگیران .

(دەستگیربوون) دەستکەوتن

(دەستگیرۆیی) یارمەتی دانی یەکێك بە شت پێدانی .

(دەستلێدان) دەستکاریی کردنی شتێك

(دەستلێکبەردان) بریتی‌یە لە جۆی بوونەوەی دووکەس لەیەك بەئێجگاریی

(دەست لێکیشانەوە) کیشــانـەوەی دەست لەشتێك .

(دەستلێنان) دەست نانە سەر شوێنێك لە ئەندامی ئادەمیی بۆ ئـەوەی کەبزانرێ لێ ئەدا یان نا .

(دەستلێوەشاندن)دەستکردنەوەلەیەکێك

(دەستلێهەڵگرتن) وازهێنان لەکارێك

(دەستمایە) دراوێکە کـە خرریدو فرۆختی پێ بکرێ .

(دەستمایەدار) کەسێکە دەستمایەی بەدەستەوە بێ

(دەستمز) حەقدەست

(دەستمیز) خۆرەحەت کردنی گیاندار بە هێنانەوەی ئاوی

(دەستنوێژ) دەموچاوو دەستوسەر وقاچ شتنە بۆ نوێژکردن

(دەستنەزەدە) شتی‌دەست لێ‌نەدراو

(دەستنێژ) نەمامێکە کە بە تایبەتی نێژرابێ . بریتی‌یە لەیەکێك کە پێتگەیاندبێ‌و داتمەزراندبێت .

(دەستنیشان) شتێکە لەبەر نایابی‌دەست نیشانە کرابێ کە دەستکاریی نـەکرێ . ئانەوەی شتێك بۆ دزینی . ئامزەدکردنی یەکێك بۆ کارێك

(دەستوبرد) خێرایی لە فرمان‌و کارا

(دەستوپێوەند) ئەو کەسانەن کەلەژێر دەستتا کارت بۆ ئەکەن .

(دەستومشتاخ) دەست‌و مۆچ

(دەستومۆچ) ماچکردنی‌دەستی‌یەکتریی لە رووی خۆشەویستی‌یەوە

(دەستوور) باوی کۆمەڵایەتی . شتێکە ـابووناوی لە کۆمی نەخۆشەوە پێ‌تێ‌ئەکرێ بۆ ردوان بوونی . یاسای بنەرەتیی دەوڵەت

(دەستووردان) فەرماندان بـەکارێك

(دەستوورکردن) رایی کردنی گرفتی نەخۆش بەهۆی دەستوورەوە .

(دەستە) کۆمەڵێك لـــە گیاندار .

دەرزەنێك لە هێندێ شت . ژمارەیەکی تایبەتی‌یە لە سەرباز « فصیل »

(دەستەئەژنۆ) بریتی‌یە لە مەردومی پەك کەوتە .

(دەستەبرا) چەن کەسێکن کەدۆستایەتی‌و برادەری‌یان خۆش بێ .

(دەستەبوخچە) دەسەبوخچە

(دەستەبوخچەڵە) دەستەبوخچە

(دەستەبەر) کەسێکە کە بەڵێنی بە شتێك دابێ ، [دەستەبەربوون] بەڵێن‌دان بە کردنی کارێك

(دەستەبەرە) شتێکە لە تەختەدروست ئەکرێ‌وبەچواردەستەکیی‌شتی‌پێ‌ئەگوێزرێتەوە

(دەستەبەریی) بوونی‌یەکێك‌بەدەستەبەری شتێك .

(دەستەپاچە) مەردومی دەستەوسان

(دەستەپارچە) دەستەپاچە

(دەستەجڵەو) قایشێکەلەلغاوهەڵەکێشرێ

(دەستەچرا) چرای‌دەستیی

(دەستەچیلکە) دەستەیەکە لەچیلکەی ووشکی باریك کە ئاگری پێ‌ابکرێتەوە

(دەستەچیلە) دەستەچیلکە

(دەستەخورد) لۆرە لەپ

(دەستەخوشك) چەن کچێکن کە دۆستایەتی‌یان خۆش بێ .

(دەستەدز) دەستەك دز

(دەستەدوو) دارێکە ئەکوترێ بەسەر هەوجارراودەستی‌پێ‌ئەگیرێ‌لەکاتی‌جووت‌کردنا

(دەستەر) شەقڵ

(دەستەرە) دەستەر

(دەستەرییقانە) د . دیاریی یەکە کە کەبە دەستی خۆت بی‌بەیت بۆ کەسێك

(دەستەسرر) دەسەسرر

(دەستەسوار) ئەندازەیەکە لەسەربازی سوارە « کتیبە »

(دەستەشکێن) مەردومی دەستخەررۆ

(دەستەك) داری‌دارەررا لەدار بەرروو

(دەستەکچ) کچێکە لە تەمەنی هەشت ونۆساڵەدابێ،واتەنەزۆرمناڵو نەتەواوپێگەیشتبێ

(دەستەك دز) کەسێکە کە ماڵ‌بنێتەوە بۆ دزینی .

(دەستەکردن) کردنی شت بە دەستە

(دەستەکورر) کوررێکەلەتەمەنی‌هەشت ونۆساڵەدابێ،واتەنەزۆرمناڵ‌ونەتەواوپێگەیشتبێ

(دەستەکەوشە) دەستەدوو

(دەستەگوشە) دەستەکەوشە

(دەستەگیرە) گیرگەیەکە مۆرهەڵکەن مۆری پێ ئەگرێ بۆ هەڵکەندنی .

(دەستهلانیین) ز . دەستکردنەوە
(دەستەڵە) گۆزەی پچووکی بێ لوولە
(دەستەمۆ) گیاندارێکی ماڵی‌یەکە رام بووبێ وە هەر دەمێك دەستی بۆ ببرێت بگیرێ
(دەستەنك) دەستتەنك
(دەستەنکیی) دەستتەنکیی
(دەستەنگ) دەستتەنگ
(دەستەنگیی) دەستتەنگیی
(دەستەوا) دەستیاو:شیین‌وشایی[دەستەوا]یی
(دەستەوارە) چەن نان یا چەن کولێرە یەکە کە لەسەر یەك دانرابێ .
(دەستەوانە) چەن‌مووروویەکی‌هۆنراوەیە منالاَن ئەیکەنە دەستیان .
(دەستەوئەژنۆ) دەستەئەژنۆ
(دەستەوسار) هەوسار
(دەستەوسان) مەردومی دەستەپاچە
(دەستەوکێرد) گیاندارێکە کەکەوتبێ‌و چرچی لنگی لێ راکێشابێ .
(دەستەوناو) رێگـایەکە کە تۆزێـك سەربەرەو خوار بێ .
(دەستەویەخە) دەستدانە یەخەی یەك لە کاتی جەنگا . شوێنی‌زۆرنزیك : فیسارەشوێن [دەستەویەخە] یە ، واتە زۆر نزیکە .
(دەستهەڵبەست) درۆیەکە بە تایبەتی رێك خرابێ .
(دەستهەڵگرتن) بریتی‌یە لەوازهێنان لە کردارێك یاگوفتارێك .
(دەستەی‌فەقێ‌یان) سفرەی فەقێ‌یان
(دەستیار) یارمەتیدەر « معاون »
(دەستیارئەفسەر) نائب ضابط
(دەستیاو) چاکەکردن لەگەڵ یەکێك بەرامبەر بە چاکەی ئەو .
(دەستیدەستیی)تەفرەدان‌وهەڵفریواندن
(دەستیی) شتێکە دەست بەدەست بدرێ بەیەکێك . دەسك [ز] .
(دەسچەپەڵ) د . دەس پیییر
(دەسخۆش) بەیەکێك ئەووترێ کە کارێکی جوانی کردبێ ، واتە ئافەرین .
(دەسخۆشانە) د . مزێکە ئەدرێ لەباتی کارێکی باش کە بۆت کرابێ .
(دەسخەت) دەست نووس
(دەسخەررۆ) دەسـت خەررۆ ،
[دەسخەررۆ بوون] دەستخەررۆ بوون ،
[دەسخەررۆ کردن] دەستخەررۆ کردن .
(دەسخەررۆیی) دەستخەررۆیی
(دەسخەررە) د . دەستخەررۆ
(دەسدار) دەستدار
(دەسداریی) دەستداریی

(دەسدرێژ) دەست درێژ

(دەسدرێژیی) دەست درێژیی

(دەسرازە) پەتێك یا بەنێكی هۆنراوەیە مناڵی لە بێشکەدا پێ دائەپێچرێ .

(دەسررۆیگ) د . دەستدار

(دەسرروێین) دەستررۆیین

(دەسررەس) دەستررەس

(دەسررەش) دەستررەش

(دەسرۆك) دەسەسرر

(دەسرۆکە)پارچەیەکی رەشی چوارسووچی تەنکی قەراخ سپییە . دەسەسرر .

(دەسفرۆش) دەست فرۆش

(دەسقووچان) دەست قووچان

(دەسقووچاو) دەستقووچاو

(دەسقووچیاگ) د . دەسقووچاو

(دەسقووچیان) د . دەستقووچاو

(دەسقووچیاو) د . دەسقووچاو

(دەسقەرز) دەستقەرز

(دەسك) جێی دەست پێوەگرتن لە هەموو شتێك . دەزگ [د] .

(دەسکاریی) دەستکاریی

(دەسکراوە) دەستکراوە

(دەسکوتان) دەستکوتان

(دەسکە) چەپکەیەك لەگوڵ یا شتی تر

(دەسکەجۆنیی) دەسکە دۆڵ

(دەسکەفتن) د . دەسکەوتن

(دەسکەڵووجە) جێی دەست پێوەگرتنی خەررەك لە کاتی بادانیا .

(دەسکەنە) رنینەوەی گیاو خوریی و موو و هێندێ شتی تر بەدەست .

(دەسکەوان) شتێکی قووڵە لە زەرد دائەررێژرێ و دەسکێکی سەر خرری هەیە شتی تیا ئەکوترێ .

(دەسکەوت) دەست کەوت

(دەسکەوتن) دەست کەوتن

(دەسکێش) دەستکێش

(دەسکێشان) دەستکێشان

(دەسکێشانەوە) دەستکێشانەوە

(دەسکییسیی) ز . یارمەتی دانی یەکێك بەدزییەوە .

(دەسگا) دەزگا

(دەسگر) دەزگر

(دەسگرتن) دەستگرتن

(دەسگرۆیی) د . دەسگیرۆیی

(دەسگوشاد) دەست کراوە

(دەسگیر) دەزگیر.یارمەتیدەر.دەزگر

(دەسگیران) دەزگیران

(دەسگیرۆیی) دەستگیرۆیی

(دەسگیریی) دەست گیرۆیی
(دەسلەملان) دەستلەملان
(دەسلێدان) دەستلێدان
(دەسلێکێشانەوە) دەستلێکێشانەوە
(دەسلێهەڵگرتن) دەستلێهەڵگرتن .
(دەسماشانن) د . لەپەکوتنی کوێر
(دەسماڵ) جۆرە لەچکێکی سێ‌سووچی
کلکدرێژە ژنان ئەیگرنە کۆڵیان . دەسەسرر.
جامانەی سەر [ھ] .
(دەسمایە) دەستمایە
(دەسمایەدار) دەستمایەدار
(دەسمەررێزانە) د . دەسخۆشانە
(دەسمێژ) ز . دەستنوێژ
(دەسمیز) دەستمیز
(دەسندە) شت‌دان‌بەمەردوم‌بەئەندازەو
کەم‌و کووررپی .
(دەسندەخۆر) کەسێکە هەر بەدەسندە
شتی بدرێتێ .
(دەسنگە) دەسندە
(دەسنگەخۆر) دەسندەخۆر
(دەسنووس) دەستخەت
(دەسنوێژ) دەستنوێژ
(دەسنوییس) دەسنووس
(دەسنیشان) دەستنیشان

(دەسوبرد) دەستوبرد
(دەسوبۆس) دەستومۆچ
(دەسوپەیمان) د . دەسوپێوەند
(دەسودیم) ھ . دەستنوێژ
(دەسوکار) د . دەستکرد
(دەسومشتاق) دەسوبۆس .
(دەسومۆچ) دەستومۆچ
(دەسوور) د . دەستوور
(دەسووشك) د . پیاوی رژد
(دەسە) د . دەسکی شت . دەستەیەك
لە شتێك : [دەسە] یەك گوێزانم کرریی .
چەپك : [دەسە] یەك گوڵم بۆبکە.دەستوپێوەند
(دەسها) د . دەستار
(دەسهاووردن) پەیداکردنی شت‌و
هێنانە ژێر دەستی .
(دەسەبرا) دەستەبرا
(دەسەبوخچە) توورەکەیەکی بچکۆلەیە
ژنان وورده شتومەکی ناوگیرفانی تێ ئەخەن
(دەسەپاچە) دەستەپاچە
(دەسەپارچە) دەستەپارچە
(دەسەجڵەو) دەستەجڵەو
(دەسەچرا) د . دەستەچرا .
(دەسەچڵەو) د . دەستەجلەو
(دەسەچینە) د . سەبەتولکەیەکی

دەسکدارە میوەی تیا ئەکرر رێ .

(دەسەخلاّفکێ) خررخاڵەی ئەمسەرو ئەوسەری بێشکەیەکە منالی ناو بێشکەخوێ پێ ئەخلاّفێنێ .

(دەسەخوشك) دەستەخوشك

(دەسەداس) د . تەورداس

(دەسەداو) د . داو

(دەسەژەن) لۆرەلەپ .

(دەسەسرر) پارچە تەنراوێکی چوار گوشەیە هەڵ ئەگیرێ بۆ دەست سررین .

(دەسەسەر) د . سەرگەردان .

(دەسەشکێن) دەستەشکێن .

(دەسەك) د . دەستەك .

(دەسەکردن) د . دەستەکردن .

(دەسەکەشتیی) کەشتیی پچکۆلانە .

(دەسەکەوشە) د . دەستەکەوشە

(دەسەگیرە) د . دەستەگیرە

(دەسەلاّت) تەوانایی و دەست رۆیین

(دەسەڵقوت) ھ . لۆرەلەپ .

(دەسەناو) د . دەستە، ناو

(دەسەنە) د . بەخشش

(دەسەنەدار) د . کەسێکە خاوەنی پیاوەتیو بەخشش بێ .

(دەسەوار) د . دەستەوارە

(دەسەوارە) د . دەستەوارە

(دەسەواکردن) د . پەلەکردن .

(دەسەوانە) د . دەستەوانە

(دەسەودەس) د . دەساودەس

(دەسەوسار) د . دەستەوسار

(دەسەوسان) د . دەستەوسان .

(دەسەوەرە) د . دەستەبەرە

(دەسەویەخە) د . دەستەویەخە .

(دەسەهررە) د . جۆرە مشارێکی پچکۆلەیە وەك چەقۆ ئەنوشتێتەوە ، لقیگوڵی ناو باخی پێ ئەبرررێ .

(دەسەهەڵبەس) د . دەستەهەڵبەست

(دەسەهەوسار) د . دەستەوسار

(دەسیاریی) د . دەستگیرۆیی

(دەسیدەسیی) د . دەستیدەستیی

(دەسیی) دەستیی

(دەشت) شوێنی چۆڵی تەختی رووتەن

(دەشتان) دەشتانی

(دەشتانی) جێگای تەختی پانی رووت لە دارو درەخت .

(دەشتایی) دەشتانی

(دەشتەکیی) گیاندارو گوڵو گیای دەشت کە ماڵیی نەبێ .

(دەشتیی) جۆرە مقامێکی خۆشە .

دەشتایی . شتی دەشتیی

(دەشۆ) ز . دەڤشۆ

(دەعبا) برییتی‌یە لە گیاندارێك کە ناوی نەزانرێ .

(دەعجانیی) دەعەجانیی

(دەعەجانیی) ووتەیەکە بەکار دێنرێ بۆ گیانداری زۆر ناشیریین : فیسار کەس ئەڵێی [دەعەجانی]یە ، واتە زۆر ناشیریینە .

(دەغل) گەنم‌و جۆ

(دەغلکردن) دەســتدان لەشتێك‌و . توخن کەوتنی : [دەغلی مەکە] .

(دەغلودان) دانەوێڵەیەکە کە چێنرابێ

(دەغمە) د . ئەشکەوت

(دەغەزار) گیاندارو درەختی لەررو لاوازی دەردەدار .

(دەغەڵ) گیانداری بڵحی بێکارەی فێڵباز

(دەغەڵباز) د . فێڵباز

(دەغەڵە) د . دەغەڵ

(دەغەڵیی) بڵحیی‌و بێکارەیی‌و فێڵبازیی

(دەف) کە لە بێژنگێکە چەرمی خاو گیرابێتە دیوێکی بۆ ئـەوەی کە بەلـەپی دەست لی‌ی بدەن تادەنگی‌بێ.

(دەفتەر) سیپارەیەکی پەررە پەررەی سپی‌یە شتی تیا ئەنوسرێ .

(دەفتەرخانە) د . نوسیینگا

(دەفتەردار) نووسەر

(دەفر) شتێکەکە شتێکی تری تێ بکرێ

(دەفزك) د. برییتی‌یەلەمەردومی‌زڵـزل.

(دەفزەن) کەسێکەکە دەف باش لێبدا .

(دەفك) با . دەف

(دەفگەم) ز . ئاستی لناو کە ئەکەوێتە ناو دەمی ووڵاٚحەوە .

(دەفن) ز . اووت

(دەفە) تەختەیەکی‌پانەجۆلاٚ لەکارکردنا تەنراوی پێ‌سفت ئەکا . ئێسقانی‌شانی‌گیاندار.

(دەفەزکە) د . دەفزك

(دەڤ) با . دەم . کەناری شت

(دەڤخۆر) ز . دەسەلاٚت بەسەر ئەم‌و ئەوا .

(دەڤشۆ) ز ئاڤشۆ

(دەڤە) ز . حوشتری نێر

(دەڤەدەشتیی) ز . تەپاڵە کێوییلە

(دەڤەر) ز . رێزەی دەمی تییغ. شوێن

(دەڤیی) ز . درەختی پچووکی لـە یەکەوە نزییك .

(دەق) قەدی شتی قەدکراو . کەیف: ووڵاٚخەکە بە [دەق] یا بێ [دەق]ە . تەواو : بەدەرۆژی [دەق] گەیشتمە کرماشان ،

واتە بە دە رۆژی تەواو . میچ [ز] . ئەندازەو پایە : فیسارکەس لە [دەق] ی خۆیا ماوە ، واتە هەر وەکو خۆیەتی .

(دەقاق) کەتیرە یـا جەویی‌یـە کە ئەدرێ لـەرووی هێندێ تـەنراو بۆ دەق بستن‌و جوانیی .

(دەقاقدان) ووتوودان[د]. کەتیرەدان لە شتی تەنراو بۆ جوان وێستانی .

(دەقاقی) تەنراوێکە دەقاقی لێ‌درابێ.

(دەقاودەق) شتێکە لەپاش کێشانەوەی یا دابەش کردنی دەق دەرچێ: گەنمەکەم کێشایەوە [دەقاودەق] دەرچوو یا گۆشتی قوربانی‌یەکەم دابەش کرد بەسەر گەررەکا [دەقاودەق] دەرچو .

(دەقبەستن) دەق گرتنی شتی قەدکراو

(دەقدان) سافکردن . قەدکردن

(دەقدانەوە) .دووبـارە بێژانـەوەی دانەوێڵە بەبێژنگ بۆ وورده لێ برریینێ. دووبارە کوتانەوەی برنجی نیوەکوتراو. بریتی‌یە لە لێدانی یەکێك: ئەمرڕۆنەچییت بۆ مەکتەب [دەقت ئەدەمەوە] .

(دەقکردن) قەد کردنی شـتێك ، [دەقکراو] شتی قەدکراو .

(دەقگرتن) نوشتانەوەی شتی قەدکراو بەرەنگێ کە شـوێنی دەقەکەی دیاربێ .
وێستانی، نرخی شت لە ئەندازەیەکا : نرخی گۆشت [دەقی‌گرتوە] واتە ناجوولێ .

(دەقل) ز . شوێنی زۆر سەخت لە زەویی‌کە نەکێلرێ .

(دەقلووس) ز . سەرمەوقولات

(دەقلووك) ز . مازوو

(دەقنە) ئازووخەیەکەقوتابیانی‌مزگەوت کۆی ئەکەنەوە بۆ زستانیان .

(دەقۆر) ز . مەررێکە کەخوریی‌یەکەی لە ناوەندی کورك‌و خوریی‌دا بێ. بزنێکە کە مووەکەی لەناوەندی مەرەزو موودا بێ .

(دەقەقاندن) ز . خوتووکەدان

(دەك) ووتەیەکە نزیکیی شتێك لە شتێك ئەگەیەنێ : [دەك] لە کاتێکا کە بەردێك بگرییتە شتێك‌و نزییك بێ لێ‌ی بدەیت ، واتە وەختە بوو بەری بکەوێ. پییتی نزا : [دەك] بەرخوردار بییت ، یا [دەك] دەستی شکێ .

(دەکووش) ز . بێشکەی منالّ

(دەگمە) ز . دەگمەن

(دەگمەن) ووتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ کەمیی‌و نایابی شتێك : فیسارە شت دەست ناکەوێ مەگەر بە [دەگمەن] .

(دەگەر) لێهاتنی کاری گەورەوگران لە یەکێكورەوایی فەرمانی:فیسار کەس بە[دەگەر]ە .

(دەگەل) ز . گاڵتە

(دەگەڵ) لەگەڵ . ناخوای کەشتی [د].

(دەگەنەك) زۆر : بە [دەگەنەك] کارت پێئەکەم ، واتە بەزۆر .

(دەل) د . گیانداری روو قایمی ئازا .

(دەڵ) سەگی مێ

(دەلاقە)کونی گەورەلەشت : دیوارەکە یا کەواکەم [دەلاقە] ی تێکەوتوە . دەرگا

• (دەلاك) کەسێکە کە سەر بتاشێ یا چاکی بکا . ناتری حەمام

• (دەلاکخانە)شوێنێکەسەری تیاچاك بکرێ

• (دەڵاڵ) کەسێکە شتی مەردوم بفرۆشێ

• (دەڵاڵانە) مزێکە کە بدرێ بەدەڵاڵ

• (دەڵاڵخانە) شوێنێکە کە دەڵاڵ شتی تیا بفرۆشێ .

(دەڵاڵیی) بوونی مەردوم بەدەڵاڵ . دەڵاڵانە : [دەڵاڵییەکە] ی لێ بسێنە

(دەڵاندن) نمدانی ئاو لەگۆزەوحەوزو شتی ترا .

(دەڵانن) دەڵاندن

(دەڵب) پێڵاوو کاڵای زۆر فراوان

(دەڵپ) دەڵب

(دەڵپودۆپ) شتی زۆر دەڵب

(دەلقین)ز.ئابرروچوون ونەمانی شەرم

(دەلە) ز . جبە

(دەڵمە) د . دەڵەمە

(دەلنگ) دەرپێ [ز] . دەرەلنگ[با].

(دەلوبیبەر) بەری گیایەکە توونەو ناوەکەی کولۆرەوزۆرتر بە ترشیاتەوەئەخورێ

(دەلوقەل) مەردومی رووهەڵماڵراوی ئازای چەنەباز .

(دەلوو) شێتۆکە . لۆتیی

(دەلووکار) کەسێکە کەمێك دەلووبێ

(دەلۆیی) ل . دەلوو

(دەڵەبەبا) سەگی مێ کەهاتبێتە با .

(دەڵەچە) مەردومێکی پەستەکەمێچکە مێچکە بۆ ئەمو ئەو بکا

(دەڵەچەیی) پەستیی و مێچکە مێچکە کردن بۆ ئەمو ئەو

(دەلەدەڵ) زەرد بوونو نەرم بوونی دوومەڵ بەرەنگێك کە کاتی دەربوونی هاتبێ

(دەلەسە) درۆو فیشاڵ

(دەڵەق) دەڵەبەبا

(دەڵەك) دەعبایەکی سوری تاریکە پێستەکەی زۆر بەنرخە . دەڵەبەبا

(دەڵەکدان)ل.پاڵ پێوەنان :[دەڵەکدە]

واتە باڵی پێوە نێ

(دەڵەمە) شیرێکە لەبەر کەم کوڵاندنی ترش نەبووبێ‌و کەمێك مەیی بێ . هێلکەیەکە کە شل بێ‌و نیوە برژ بووبێ .

(دەلیا) دەریا . بریتی‌یە لەشتیٖ زۆر : فیسارکەس [دەلیا] یەك ئەخوا

• (دەلیالووش) بریتی‌یە لەگیانداری زۆرخۆر

(دەڵیان) د . دەڵاندن

(دەلیقانیی) ئافرەتی بێشەرم

(دەلینگ) دەرەلنگ

(دەلیدوومان) ز . کەسێکە کەلەسەر زەویی لاسایی پاڵەوان بکاتەوە لەکاتی تەنافبازیی دا

(دەم) کونێکە لە ناوەندی هەردوولێوا شتی پێ ئەخورێ . کاتێکی کەم . دەمە[د] . تیغ:[دەم]ە خەنجەرێکم بوو دەسکێکم تێ‌خست

(دەماخ) لووت : فیسارکەس[دەماخ]ی کردووە ، واتە بەرلووتی هەڵبەستووە . کەیف خۆشیی : فیسارکەس [دەماخ] ی هەیە

(دەماختەختکردن) بریتی‌یە لە خۆ نواندن‌و هەوەس تەخت کردن بەسەرمەردوما

(دەماخشکاندن) بریتی‌یە لەلەلووتدان‌و نەهێشتنی کەیف‌و خۆشیی یەکێك

(دەماخکردن) هەڵبەستنی دەم‌ولووت بە لەچك .

(دەماخ‌هەڵبەستن) دەماخ‌کردن

(دەماخ‌هەڵدان) دەماخ‌کردن

(دەمار) رەگ . لاسکی گەڵا توونن .

فیزو دەعیە: فیسار کەس زۆر بە[دەمار]ە

(دەماردەرهاتن) بریتی‌یە لەتیین پێگەیین‌و تەنگەتاوبوونی مەردوم لەشتێکەوە: بەدەست ناڵەوە [دەمارم‌دەرهات] .

(دەمارەکۆڵ) دووپشك

(دەمانچە) چەکێکی ئاگرینیٖ پچکۆلەیە ئەکرێ بەقەدا وەك تفەنگ ئەتەقێنرێ .

(دەماندن) گەشاندنەوەی ئاگر بە مووشە دەمە .

(دەمانن) دەماندن

(دەماودەم) باڵاوبوونەوەی قسە لەم دەمەوە بۆ ئەو دەم .

(دەماودەم‌کەوتن) دەماودەم

(دەماوەر) دەمەوەر

(دەمبرر) بررینەوەی ئیشێك لەگەڵ یەکێکا بگوترە: [دەمبرر] ئەم کارەم بۆبکە.

(دەمبوون)پێگەیشتنی چایی‌وقوبوولیٖ‌و...و

(دەمبوونەتاقیچرا) بەیەکێك ئەووترێ کە لەشتێکی کوتوپرریی‌یەوە واقی‌وورماب‌و قسەی پێ نەکرێ .

(دەمبوونە تەڵەی تەقیو) دەمبوونە تاقیچرا

(دەمبەدەم) د . ووتەیەکە بەکاردێنرێ لە باتی ووتەی هەمیشە .

(دەمبەردان) هەرزە چەنەیی کردن

(دەمبەس) دەمبەست

(دەمبەست) پەتێکە دەمی گای پێ ئەبەسترێ لەکاتی گێرەدا بۆ ئەوەی هیچ نەخواو باش گێرە بکا ، وە ئەکرێتە دەمی کارو بەرخیش بۆ ئەوەی دایکیان نەمژن.

دەمبەیەکاهاتن) دەم پیاکاهاتن .

(دەمبێن) چەڵەمەیەکە وەك دەمبەست دەمی گای پێ ئەبەسترێ لەکاتی گێرەدا . پەتێکە دەمی هەمانەو جەواڵی پێ‌ئەبەسترێ .

(دەمپوخت) چێشتێکی شلەیە لـــە کشـمیش و لـەتکە نـۆك و کفتەی وورد دروست ئەکرێ .

(دەمپووچ) دەمپووچەڵ .

(دەمپووچەڵ) مەردومی بێ‌دان .

(دەمپیاکاهاتن) دەم تێکەڵ بوون لە قسەدا لە ترسا یا لە شەرما .

(دەمپێکاهاتن) دەمپیاکاهاتن

(دەمپیس) بریتی‌یەلەمەردومی جنێوفرۆش

(دەمتاڵ) بریتی‌یە لەمەردومی قسەرەق

(دەمتەرر) بریتی‌یە لەیەکێك کە هەر بەدەم پیاوەتیی بکا : فیسار کەس [دەمتەرر]ی کاسە ووشکە .

(دەمتەررکەرە) بریتی‌یە لـە میوەو هەرچی دەم تەرر بکا .

(دەمتێژەندن) دەم نانی گیاندار لە خواردەمەنی : پشیلە کە[دەمی‌ژەندە] ناو چێشتەکە . سەرکردنە شتێك‌و لەناو دانی: فیسار کەس [دەمی‌ژەندە] دەوڵەتەکەی باوکی هیچی نەهێشت .

(دەم تێکەڵبوون) دەمپیاکاهاتن

(دەمتێوەدان) دەم بردن بۆ قسەیەك‌و دووان لەبابەتیەوە .

(دەمجاو) ئەندازەیەکە لە بنێشت کە لەدەما بجوورێ .

(دەمچوونەکلیلە) بریتی‌یە لەبەسترانی دەم‌و نەکرانەوەی لە ترسانا .

(دەمچەپەڵ) د . دەمپیس

(دەمچەرخدان) بریتی‌یە لەچەنەدان

(دەمچەفت) د . دەمچەوت.

(دەمچەوت) بریتی‌یە لە یەکێك کە قسەی بایەخی نەبێ‌و بەگوێی نەکەن .

(دەمخاو) کەسێکە قسە بەخاویی بکا.

(دەمخۆش) بـە یەکێك ئەووترێ کە قسەیەکی باشی کردبێ ، وانە ئافەریین .

(دەمخۆشانە) د . مزگێنیی

(دەمداچەقاندن) دەم کردنەوە
(دەمدار) مەردومی بەدەموقسەوگوفتوگۆ
(دەمدان) برییتی‌یە لە لەوەرریینێکی کەمی ئاژاڵ: ئاژالەکە بەربدە با [دەم]ێك بدەن . دەماندنی کوورەو شتی تر [د] .
(دەمدانەوە) گەشانەوەی گوڵ . دەرگا بوونو والاّ بوونی برین .
(دەمدرراو) برییتی‌یە لەیەکێك کە قسە لە دەمیا نەوەستێ .
(دەمدروون) برییتی‌یەلەدەم کوت کردنی یەکێك .
(دەمدرێژ) برییتی‌یە لە مەردومی درێژدادرری بێشەرم .
(دەمدرێژیی) درێژدادرریی‌وبێ‌شەرمیی
(دەمدوور) زارێن
(دەمدەمیی) مەردومی راررا . شتێکە کەناو بەناو بیێت: سەرێشەکەم(دەمدەمیی)یە.
(دەمرراس) د . دەمرراست
(دەمرراست)مەردومی‌قسەزان‌وفەرمانررەوا
(دەمرراستبوونەوە) برییتی‌یەلەدەوڵەمەند بوونوتێرخواردنی‌یەکێك‌لەپاش‌برسێتی‌وهەژاریی
(دەمرروت) برییتی‌یەلەپیاوی‌منالکاری بێ نموود کە شەرمی لێ نەکرێ .
(دەمررەش) برییتی‌یە لە یەکێك کە هەر نوقلانەی خراپ لێ بداو شووم‌بێ .
(دەمسپیی) برییتی‌یە لەپیاوی‌قسەرەواکە شەرمی لێ بکرێت .
(دەمسوور) د . برییتی‌یە لە یەکێك کە پشت ئەستوور بێ لە کارێکا .
(دەمشرر) دەمدرراو .
(دەمقاڵیی)مشتومرری‌دووکەس‌لەسەرشتێك
(دەمقررە) دەمقاڵی
(دەمکار) چینی دییوارە بەررووکاری دییوی دەرەوەی‌دا .
(دەمکردن) لێنانی چایی ، [دەمکراو] چایی لێنراوی ئامادەکراو . دەمگرتن .
(دەمکوت) کەسێکە لەبەرشتێك‌لەقسەو گوفتوگۆخرابێ،[دەمکوتبوون]لەگوفتوگوکەوتن لەبەرشتێك ، [دەمکوتکردن]لەگوفتوگۆخستن
(دەمکێشان) دەمبوون .
(دەمگرتن) برییتی‌یە لە رووشکانو کردنی قسە بە بێ شەرم : فیسارکەس چاك [دەمی‌گرتوە] .
(دەمگرتنەوە) برییتی‌یە لەخۆگیررانەوە لە خواردن
(دەمگەرم) برییتی‌یەلەمەردومی‌قسە ەوان
(دەملارە) د . ئەوجۆرەسوراحی‌یەیەکە تۆزێك دەمەکەی لارە .

(دەملیدان) سازندەیی

(دەملیکنان) بریتی‌یە لەمردن‌وهەناسەبرران

(دەمنە) شتێکی‌درێژکۆلەی‌کون‌تێ‌کراوە جگەرەی پێ ئەکێشرێ .

(دەمنێ) تەختەیەکە ئەدرێ لەسەری خوارووی‌نێ‌وکونێکی‌تێ‌ئەکرێ‌و[شاگونج]ی تێ ئەبرێ .

(دەموپل) دەموچاو : [دەموپل] ی خواتەوە . بریتی‌یە لەقسەرەوانیی: فیسارکەس بە [دەموپل] ە .

(دەموچاو) رووی گیاندار

(دەموچاوهەڵگر) ئافرەتێکە کە موو لە دەموچاوی ژنان بکاتەوەو جوانی بکات .

(دەموچاوهەڵگرتن) موو هەڵکەندن لە دەموچاوی ژن بۆ جوانیی .

(دەمودوو) بریتی‌یە لە قسەوگوفتوگۆ : فیسارکەس [دەمودوو] ی خۆشە .

(دەمودووان) دەمودوو

(دەمودەس) دەمودەست .

(دەمودەست) کوتوپرر

(دەموفلچ) دەموفلق .

(دەموفلق) دەمودووی ناشیریین .

(دەموقەوچ) د . دەموفلق .

(دەموکانە) جۆرێکە لەبەری مازوودار وەك دەنکی بەڵاڵووك وایە ئەکوترێ‌و ناوە لینجەکەی‌خۆش‌ئەکرێ‌و‌بۆهێندێ‌شت‌بەکاردێنرێ

(دەموکاوێژ) دەموفلق .

(دەموکە) دەموکانە .

(دەمووکە) دەموکانە .

(دەمە) شتێکە ئاسنگەرو چەقۆگەرو مسگەر ئاگری پێ‌ئەگەشێننەوە.رۆژی‌باوبۆران

(دەمهاتن بەیەکا) دەم بەیەکاهاتن .

(دەمهار) دەمهەراش .

(دەمەتەقێ) بریتی‌یە لە قسەو گوفتوگۆ کردن بۆ رابواردن .

(دەمەجاو) ئەندازیەکە لە بنێشت کە لە دەما بجوورێ .

(دەمەداچەقێ) دەمدانی گیاندار بە یەکالەکاتی‌گیانەڵاواکەهەناسەی‌درەنگ‌دەرئەچێ

(دەمەدەم) سەرەتای هەموو کاتێك : [دەمەدەمی] بەیانیان یا ئێواران خۆشە .

(دەمەررێزە) تیغێکەکەدەمی‌هەڵوەریی بێ ، [دەمەررێزەبوون] هەڵوەریینی‌دەمی‌تیغ

(دەمەرقۆپان) جۆرە شەرواڵێکە لەسەر دەرپێوە لە پێ ئەکرێ .

(دەمەزەردکردنەوە) تیژکردنەوەی دەمی تیغ بە برربەند لەگەڵ ئاودانەوەی .

(دەمەقررە) دەمقررە

(دەمەقەیچیی) د . بررشتی مەقەست

(دەمەکوتێ) دەمەداچەقێ

(دەمەلاسکە) لاسایی کردنەوەی قسەی یەکێك و دەم خوارکردنەوە لێی لە رووی گاڵتە پێ کردنیەوە .

(دەمەلاسکێ) دەمەلاسکە .

(دەمەڵبێن) پارچەمسقاڵییەکی درێژکۆلەیە دەمی مردووی پێ هەڵئەبەسترێ .

(دەمەنیی) هەڵامەت

(دەمەوخوار) شتی دەمەونخون

(دەمەورروو) دەمەوخوار

(دەمەوژێر) دەمەوخوار

(دەمەونخون) دەفرێکە کەنخون بووبێتەوە

(دەمەونخونبوون) بەدەماکەوتنی دەفر

(دەمەونخونبوونەوە) دەمەونخوونبوون

(دەمەونخونکردن) بەدەماخستنی دەفر

(دەمەونخونکردنەوە) دەمەونخونکردن

(دەمەوەر) خواردەستێکە لەگوفتوگۆدا بەگژ دەمتاپێتەوە .

(دەمەوەریی) بەگژدەما چوونەوەی خواردەست بۆ گەورەی

(دەمهەراش) مەردومی دەمگەرمی سازندە

(دەمهەراشیی) سازندەیی

(دەمهەڵبەس) دەمهەڵبەست

(دەمهەڵبەست) قسەیەکە لە حۆتەوە هەڵت بەستبێت .

(دەمهەڵپچرران) بریتییەلەقسەکردن: بۆچی[دەمهەڵناپچرریت]واتەقسەناکەیت؟.

(دەمهەڵە) د . دەمشرر

(دەمهەڵهێنانەوە بریتییە لە خۆئامادە کردنی مەردوم بۆ قسەکردن .

(دەمێکە) ووتەیەکەبەکاردێنرێ بۆکاتێکی رابووردووی زۆردوور:[دەمێکە]کوردنوستووە

(دەمیەکێیان) د . دەم لێکنان .

(دەن) هـ. پەراسوو .

(دەنا) ووتەیەکە بەکار دێنرێ لەجێی ووتەی ئەگینا .

(دەند) زبانەی ئێرەق

(دەندوکچە) با.ناوەبۆجۆرەهەنارێك.

(دەندووك) دوو ئێسقانی باریکە بەدەم باڵندەوە شتی پێ ئەخوا .

(دەنك) دانەی دانەوێڵەو هەنارو ترێو گەلێ شتی تر .

(دەنکە) دەنك .

(دەنگ) ئاوازێکە پەیدا ئەبێ لە لێکەوتنی دوو شت لە یەکتریی بەتوندیی وەبەگوێ بیبسترێ ، [دەنگە دەنگ] دەنگی یەك لەدوای یەك . باس و خەبەر : [دەنگ]

بڵاوەکە کارگەی شەکر لەسلیمانی دائەنرێ.
(دەنگبەرز) گیانداری دەنگ زل
(دەنگخۆش) گیانداریکە ئاوازێکی دلگیری بێ .
(دەنگخۆشیی) خۆشیی دەنگ‌و دلگیریی
(دەنگدابرربین) قسە بررینەوە لەگەڵ یەکێکا .
(دەنگدار) شتێکە کەدەنگی لێوە بێ.
چوار پیتە لە بیستوحەوت پیتەی کوردیی کەدەنگیان لێوە دێ وەك [ا ، و ، ە ، ی] .
(دەنگدان) بانگێشتێکی تێکراییی‌یە بۆ سەر شتێك : فیسار کەس شاییی‌یەکەی کردئاواییی‌یەکانی دەوری خۆی هەمو [دەنگدا]
(دەنگدانەوە) بڵاوبوونەوەی دەنگوباس بەجۆرێك کەگەلێ کەس بی‌بیستێ . هاتنەوەی دەنگ لەناو شاخ‌و دۆڵ‌و گومەزا .
(دەنگدران) برییتی‌یەلەزۆر هاوارکردن
(دەنگدەرچوون) چوونە دەرەوەی قسەیەك لە یەکێکەوە بۆ ناو مەردوم .
(دەنگدەرهاتن) دەنگ دەرچوون بەجۆرێك کە ئەم‌و ئەو بی‌بیستن .
(دەنگکردن) قسەکردن: [دەنگ] ناکەم یا [دەنگ] مەکە
(دەنگ لێکردن) بانگ کردن یا دەرکردنی شتێك : ئەریمانم پێویستە [دەنگی‌لێ‌بکە] یا وولاخەکەم مانی گرتووە [دەنگێکی لێ‌بکە] با بررِوا .
(دەنگنووسان) کپ بوونی دەنگ‌و دەرنەهاتنی ، [دەنگنووساو] گیانداریکە کە دەنگی کپ بوو بێ .
(دەنگێر) کەسێکەدەنگی گرروقەبەبێ
(دەنگوباس) قسەو گوفتوگۆیەکە کە بکەوێتە سەر دەمانو بڵاببێتەوە .
(دەنگەشە) د . دەنگەدەنگ‌وژاوەژاو
(دەنگەوەرە) کەسێکە دەنگی‌یەکێك بەیەکێك یا بەچەن کەسێکی دوور بگەیەنێ وەك ئەو کەسانەی کە دەنگی پێشەوای نوێژ « امام » لە مزگەوتێکی زۆر گەورەدا ئەگەیەنن بەو نوێژکەرانەی کە دوورن‌لێ‌ی .
(دەنووك) دەندووك
(دەنووك کەوچکە) جۆرێکە لەمراریی
(دەنووکە) د . دەموکانە
(دەو) پەلەو دەستو برد: بە[دەو]هاتە جۆرە ژمارەیەکە لەناو چەن کەسێکا ئەکرێ بەم رەنگە دوانیان یەکی چەن پەنجەیەك ئەهێننە پێشەوەو یەکێکیان ئەڵێ [دەو] لە تو ، ئنجا پەنجەکان لێك ئەدەنەوەو دە ژمارەی تری ئەخەنە سەر ،کردی‌یە هەرچەند

لەو کەسەوە کە دەوی لێ کراوە ئەژمێررێ، لەسەر هەرکامیان تەواو بوو ئەو ئەیباتەوە.
دەم . دو [با] .
(دهۆ) دردۆنگ‌و زوییرو دڵگیر .
(دەواخ) د . دەباخ
(دەواخانە) د . دەباخانە . دەرمانخانە
(دەوار) پەلاسێکی پانی درێژی تەختە تەختەی لێکدراوە لەموو ئەچنرێ کۆچەریی هەڵی ئەدەن‌و لەباتی خانوو ئەچنە ناوی . چارموێ . وولاخ (با) .
(دەواساز) د . دەرمانساز
(دەوافرۆش) د . دەرمانفرۆش
(دەوان) گیانداری چەسپان . تییغی جەوهەردار .
(دەوانچە) دەمانچە
(دەوردان) ئاخڵەدانی شتێك
(دەورگرتن) ئاخڵەدان . پارچەگرتن بەلێواری پێلاوا
(دەوروپشت) ناوچەو دەوروبەر
(دەورەدان) دەوردان .
(دەورەگرتن) دەورگرتن
(دەوریی) دەفرێکی پەلی لێوداره
(دەوش) با . شوێن پێ
(دەوكییس) ز . خەستەی توورەکە

(دهۆڵ) ز . دەهۆڵ .
. (دەوڵەت) دارایی . حکومەت
. (دەوڵەتیی) شتێکە کەهی حکومەت بێ
(دەوڵەمەن) دەوڵەمەند
(دەوڵەمەند) کەسێکە دارایی زۆربێ
(دەوون) د . دەوەند
(دەوە) تەپاڵە . دەبە
(دەوەلان) ریزە تەپاڵەیەکە بەگردیی دائەنرێ وناوەکەی پرر ئەکرێ لەتەپاڵەی وورد
(دەوەن) بنکە دار بەرروو یامازوو کە برر رابێ‌و هەڵی دابێتەوە .
(دەوەن بەئاش) بریتیی‌یە لە قسەو گوفتوگۆکردنێکی بێ‌هوودەی‌زۆر لەسەرشتێك
(دەوەند) دەوەن
(دەویقاندن) ز . تاقی کردنەوەی سەختیی‌وناسکی هێلکەیە بە مالیینی بەپێشی‌دانا
(دەویك) ز . دۆووك
(دەوییت) کەسێکە ژنان تاوبکا بۆ ئەمو ئەو . دوێتی نووسیین [د] .
(دەوویین) با . دۆینە
(دەهۆ) جاجمێکە وەك شەڵتە هەڵ ئەدروێ‌ودەغڵی‌لەسەرخەرمان‌پێ ئەگوێزرێتەوە
(دەهۆڵ) شتێکی بۆشی گەورەیەچەرمی خاو ئەگیرێ بەهەردوو روویاو لێی‌ئەدرێ

(دەهۆڵژەن) کەسێکە کەدەهۆڵ لێ بدا
(دەهۆڵکوت) دەهۆڵژەن
(دەهەم) شتێکە لەپایەی دەدابێ
(دەهەمین) دەهەم
(دەهیە) ز . دررندە
(دەهیەك) دەیەك
(دەی) ووتەی هاندان
(دەیز) ز . گەڵای گزرە بۆئاژاڵ
(دەیلەم) د . نوێل . تیرەیەکی گەورەیە
لە کورد .
(دەیم) دێم
(دەیمەرۆ) د . دێدەزار
(دەیمەکار) دێم
(دەیەك) لە دەبەش بەشێك
(دەیەم) دەهەم .
(دەیەمین) دەهەمین .
(دێ) چەن خانویەکی ئاوای دوور لە
شارە . گەڵای دا بەرروو و مازووەکە لە
پایزا دائەپاچرێو لە ناوپەلی درەختا هەڵ
ئەگیرێ بۆ زستانی ئاژاڵ . دەنگێکە لەووڵاخ
ئەکرێ بۆگێررانەوەی لە کارێك.دایك (ز)
(دیار) شتی بینراوی نمایان . دیدار
(د) . تەنیشت: دانیشت بە (دیار) یەوە ،
(دیاربوون) دەرکەوتن‌ول بەرچاوبوونی‌شتێك
(دیاردیی)ووتەیەکەلەکاتی‌بەدیی‌کردنی
کەروێشك‌و بەدەوراهاتنیا راوکەر ئەی‌لێ
(دیاردیی‌کردن) بەدیی کردنی‌نێچیر
لە کاتی راوا
(دیارناو) ناوی یەکێکی تایبەتی «علم»
(دیاروئاخربوون) مردنی یەکێك لە
پێش بینینی خۆشەویستێکیا .
(دیارەوئاخربوون) دیاروئاخربوون .
(دیاریی) شتێکەبیرێیابنێررێ بۆدۆستێك
(دیارییدان) دەرکەوتنی شتێك
(دیاریی‌کردن)نیشانەکردنی‌دەزگیران
بە ناردنی دیارییەك بۆی لە دوای خوازێنێ
(دیان‌چەرمگەوبوون) دان‌سپی‌بوونەوە
(دیانرروکڵە) د . دانەررۆکە
(دیان‌کڵێڵەبوون) د . دەم‌چوونە کلیلە
(دیان‌لێتیژکردن) دان لێتیژکردن .
(دیانە) د . دانەی‌شت . ناوی‌دێیەکە
لە نزیك مووسڵ
(دیانەررێکێ) د . دانەچێررێ .
(دێباچە) چەن گوفتارێکی رێکوپێکە
کە لە سەرەتای هێندێ کتێبەوە ئەنوسرێ
(دێبکە) جەوەندە
(دێبەر) رۆژە جووتێکە لەزەویی .
(دێدك) با . سپڵی گیاندار

(دەیدەکانێ) ﻫ . دیلانێ

(دێدێ) ﻫ . خوشکی گەوره

(دێر) درەنگ .

(دێران) جێبوونەوەی شتێك لەشتێکا : ئەم دەفره دوو مەن [ئەدێرێ] واته دوو مەنی تیا جێئەبێتەوه [د] . تەتەڵە کردنی دانەوێڵە [ز] . ئاودانی زەویی .

(دێرانن) د . ئاودانی زەویی

(دێراو) جۆرەجۆگەلەیەکی‌هەڵدراوەیه هێندێ سەوزیی لەم بەرو ئەوبەری ئەرروێنرێ

(دێرز) ریزێکه له نوسراو

(دێرس) د . درەنگ

(دێرسی) د . درەنگی

(دێرندێز) ز . ئاگرێکی گەورەیەکه گاوران لەرۆژی چواردەی شوباتا ئەیکەنەوه

(دێریی) درەنگیی

(دێریین) شتێکه که زۆر کۆن بێ‌و ساڵی زۆری دیی بێ .

(دێرینه) دێریین

(دێز) شتی بۆزی رەشتاڵە . دیزه [ز]

(دیزداشه) شەوکراس

(دێزك) شتی دێز

(دێزگ) دێزك . مەردومی کلۆڵ

(دێزه) دیزه

(دیسك) با . سوێنەیەکی پچکۆلانەیه لە قورری سوورەوەکراو بەقەد لەگەنێك ئەبێ ماستی تیا دروست ئەکرێ .

(دێسه) ز . مەررەکێویی

(دێق) د . دیق

(دێکانه) با . دەمۆکانه .

(دێکانیی) لادێیی .

(دێگه) پوور

(دێل) ز . دێڵ

(دێڵ) سەگی مێ

(دێڵه) د . دوێڵ

(دێڵەبەبا) دەڵەبەبا

(دێڵەبەن) د . دوێڵ‌بەن

(دێڵەکانێ) د . دێڵەکانێ

(دێڵەکانێ) دیلانێ

(دێڵەمار) ز . بزنمژه

(دێڵێ) چەن تەلەبەردێکە لەسەر دارەرراوەدائەنرێ‌و قوررپەستی‌لەسەر ئەکرێ [ﻫ] . ناوی دێیەکه لەوبەری سیروان .

(دێم) زەویی بێ‌ئاو .

(دێمکه) جۆره جەوەندەیەکه ئاوی تێ ئەکرێ .

(دێمونایه) جۆره یاریی‌یەکه چەن منالێك بەرودوا دەست بەشتێ بەکەوت

ئەگرنو گۆرانی ئەڵێن .
(دێمەرۆك) شوێنی دێم
(دێمەرووك) دێمەرۆك
(دێمزاز) د . دێمەرۆك
(دێمەکار) دێمەزار
(دێمیی) شتێکە لەشوێنی دێم پەیابووبێ
(دێمیلە) کەردرر
(دینج) ئاسوودەی بێخەفەت .
(دێو) شتێکی وونی سامداری هەڵبەستی پررو پووچە . رووی شت .
(دێواچە) د . دێباچە .
(دێوان) د . کوێخا
(دێواندەر) دیواندەر
(دێواندێوکردن) دیواندیوکردن
(دێوانە) شێتۆکە . ناوی رووبارێکە لە ناوچەی قەرەداخ .
(دێوبەند) نوشتەیەکە ئەڵێن گۆیا بە هەر کەسێك بێ دێوو درنج زیانیپێناگەیەنێ
(دێوجامە) پارچەیەکی رەنگاو رەنگە راوکەر لەکاتی راوەکەودا هەڵی ئەواسێ بۆ ئەوەی کە کەو لێی کۆبنەوەو بیان کوژێ .
(دێودڵ) د . دڵ قایم
(دێوەدەر) د . شتی کون بووی دیواودەر
(دێوەرژەن) دۆرژنگ

(دێوەڵووکە) ووتەیەکە بەهێندێمەردومی زلی کوڵکنی چڵکن ئەووترێ
(دێویی) کردەوەیەکەلەکردەوەی دێوبچێ
(دێە) ووتەیەکە ووڵاخی بەرزەیپێ دەرئەکرێ .
(دیهات) دێهات
(دێهات) چەن دێیەك
(دیهاتی) دێهاتی
(دێهاتی) لادێیی
(دیی) ووتەیەکە لەجێی ووتەی[تر] بەکار دێنرێ : ئەوی [دیی] یاجارێکی[دیی]
(دیان) گاوور
(دیای) هـ . تەماشاکردن
(دیبەگ) دنگی گەورەی برنج کوتان
(دیتن) چاو پێکەوتن
(دیتنەوە) دۆزینەوەی شتیوون بوو
(دیخوون) بەندەخوێن
(دیدار) روخسار
(دیداربینیی) د . دیدەنی
(دیدە) چاو
(دیدەن) دیدەنی
(دیدەنی) چوون بۆ لای یەکێك بۆ چاو پێکەوتنیو تازەکردنەوەی دۆستایەتی .
(دیرەك) کۆڵەکە

(دیرەکیی) با . جۆرە هەنجیرێکە
(دیرەگ) دیرەك
(دیزە) :ەفرێکی گلێینی خرری سورەوە کراوە
(دیزە بە دەرخۆنە) بریتی یە لە داپوشین و شاردنەوەی کاریك : ئەم کارە با هەر
(دیزە بە دەرخونە) بێ .
(دیزە بە کۆل) بریتی یە لە کە سێك کە خاوەنی ماڵومناڵ یا دارایی یەکی زۆر بێ و نەتوانێ بە ئاسانی کۆچ و بار بکا .
(دیزە لۆکە) دیزەی پچکۆلانە .
(دیزەلە) دیزەلۆکە . چا لاێی ژو ور هەر دووسمت .
(دیسا) ز . دیسان .
(دیسان) ووتە یە کە بە کار دێنرێ لە جیاتی ووتەی (دووبارە) .
(دیسانەوە) دیسان .
(دیش) د . پررو پیتی ناوماڵ .
(دیشلەمە) چای بێ شەکر کە شەکرەکە بخزێتە دەمەوەو چا تاڵە کەی بکرێ بەسەرا .
(دیف) با . کلك .
(دیفەلانَ) با . یەکیکە کە هەمیشە وەك کلك بە دوای یەکیکەوە بێ .
(دیق) سوێ و خەفەتی دەروون .
(دیق پێکردن) سوێ خستنەناو دڵ .
(دیق چوونە دڵ) سوێ چوو نە دڵ .
(دیق کردن) سوێ بوونەوە .
(دیقە دیقەدان) قینە قینە دانی یەکێك
(دیکل) ز . کە لە شێر .
(دیل) یەکێکە لە جەنگادوژمن گرتبێتی
(دیلان) د . مەردومی گێل وگەمژوشێتۆکە
(دیلانە) دیلانێ .
(دیلانێ) لە گۆرییس نیشتن . زەماوەند
(دیلباز) ز . مەردومی کارامەی شارەزا
(دیلۆك) ز . گۆرانی هەلپەررکێ .
(دیلۆکڤان) ز . گۆرانی بێژی هەلپەرکێ
(دیلەك) ز . تکا
(دیلەکچی) ز . تکا کەر .
(دیم) هـ . روخسار
(دیماتی) ز . دێکانی
(دێماریی) ز . باوەژن .
(دیمان تەحرو شێوە
(دیمانە) دیمان : (دیمانە) ت بە خیر
(دیمە شۆر) دیمە شۆرە .
(دیمە شۆرە) شتێکی سپی یە وەك سابوون ژنان دەمو چاوی پی ئە شۆن بو جوانی .
(دیمەك) زبانەی ئێرەق کەگاسنی پێوە ئەکەن . مووری چوار پاڵوو کە بۆ قایمی

ئەخرێتە چینی دیوارەوە .

[دیمەن] دیمان .

[دین] بینین . شـێت : مرۆڤێکی (دین) ە واتە شێتە (با) . ئایین . زان : ئەمشەو کورێکی (دی) واتە بـووی .

. [دینار] جۆرە دراوێکی بە نرخی دەوڵەتی یە .

[دینج] دینج

[دیندار] کەسێکە لە دینی خۆیـا قایم بـێ . درە ختێـکـە وەك مازوو دار بەڵام گەڵاّی ئەم زەردە (ز) .

[دینە] دۆزینەوە .

[دینەوە] دۆزینەوە . بینینی شتێك جاری دووهەمو سێ هەم .

[دیو] ژوور . رووی جوانی کاڵاو پێخەفـو هێندێ شتی تر : ئەم قوماشە یـا ئەم قاڵی یە دیوی خۆی نیە .

[دیواخان] شوێنێکە لە خـــانوو کە ئەرخان کراین بۆ میوان .

[دیواخانە] دیواخان .

[دیوار] بارستاییەکی ئەستووری ڕێکی بەرزە درووست ئەکرێ لە خشـــتوقورر یـا بەردو گـەچ .

[دیوار برر] ئاسنێکی لووت تیژە دز دیواری پێ ئەبرێ .

[دیوارە] د . زێواری شت .

[دیوان] دیواخان . کتێبی شــعری شاعرێك

(دیوانخانە) دیواخان .

(دیواندرر) : مەردومیِ د مرراست

(دیواندەر) دیواودەر .

(دیواندیوکردن) هەڵگێرانـەوەی شت ئەم دیو بۆ ئەو دیو .

(دیوانیی) جۆرە خەتێکی تێهەڵکێشە وەك خەتی شکستە .

(دیواودەر ، دیواندەر .

پیپیتی ری

— ر —

(را) جار : ئیمررو دوو (را) هاتمه لات . رێگـه . رأی : (را) م لی نی یه .

(رائەسپاردە) راسپاردە .

(رائەنگاوتن) رایەڵ کردنی دار یا ئاسن بە سەر شوێنێکا .

(رابردوو) رابوردوو .

(رابگار)د . رێبوار .

(رابگردن) د . رابواردن .

(رابواردن) کات به سەر بردن .

(رابوردن) تێپەڕینی شتێك : فیسارەکەس بە بەردەما (رابورد) .

(رابوردوو) شتێکە کە تێپەڕیی بێ

(رابوردە) را بور دوو : قسە لە (رابوردوو) مەکە .

(رابوون) ز . هەستان

(رابەر) کە سێکە نامە یا ڕاسپاردەی مەردووم بە یەك بگەیەنێ .

(رابەریی) گەیاندنی نامـە یا راسپاردەی مەردووم بە یەکێك

(را بەرییکردن) رێ نیشان دان

(رابیین) با رابوون .

(رابیینیین) راپەرموون .

(راپسکان) راپسکاندن

(راپسکاندن) فررا ندنی شتێك له دەست یەکێك له ناکاو .

(راپۆرت) نامه یه کی په نهانی یه که بنوسرێ له یەکێك .

(راپورتچی) کە سێکە نامەی پەنهانی لەم و لەو بنوسێ .

(راپەرراندن) جێ بە جێ کردنی کار بە دەستوو بردیی . داچڵەکاندنییە کێك لە ناکاو .

(راپەڕریین) راست بوو نەوە لە پرر . داچڵەکیین .

(راپەرموون) ئومێدکردنی شتێك له یەکێك کە له باریا بێ : وات پیـا (رائەپەرمووم) کە هەردەستی هەژاربگرێت

(راپێچان) راپێچ کردن .

(راپێچکردن) فرراندنی شتێك به

خێرا له لایەن با ، یا ئاو ، یاگیاندارێکەوە
(راپیتە) پیاسە و هاتوچۆ کردنی زۆر
له شوێنێکا .
(راتلە قان) راتلەقاندن .
(راتلەقاندن) ژەندنی مەشکە
راژەندنی بێشکە . ئاو تێوەردانی دەفرێك
(راتوو) رۆژانە لە خەرجی یا نان
کە ئەدرێ بە هەژار .
(راتەکان) راچلەکین: دڵم رراتەکی .
جوولانەوەی شت بە هوی راتەکاندنیەوە .
(راتەکاندن) راکێشانی شت بە توندیی
(راجە) د . داری درێژ وەك بەرچییخ
(راچلە کان) داچلەکان .
(راچلەکاندن) راپەراندنی گیاندار
لە ناکاو .
(راچلەکین) راچلەکان .
(راچوون) رۆچوون .
(راچەنین) راچلەکین .
(راخستن) بڵاو کردنەوەی ژێرە خەر
لە سەرزەوی ، (راخراو) شتێکە کەداخرابێ .
خستنە رێ (د)
(راخوررین) خوریین : بە کێ وا
(را ئەخورریت) .
(راخوستن) ز . پەنا بردن .

(راخەر) ژێرە خەر
(رادار) د . کەسێکە کە ئاگاداریی
رێ و بان بکات . جەردە . باجگر .
(رادارانە) د . باج .
(رادارخانە) د . باجگە
(راداریی) د . باج .
(راداشتن) راهێشتنی منال .
(رادان) راماڵینی شت سەربەرەوخوار :
ئەو لیتەیە بە خاکەناز (رادە) . بر یتی یە
لە دررینی وورگی یەکێك : بە خەنجەر سکی
(رادا) .
(راددە) ئەندازەو پاە : فیسارکەس
بە (راددە) یەك چروو کە مشك لە مالیا
کلکی چەور نابێ .
(رادووکەوتن) د وا کەوتنی ئافرەت
بە شوێن پیاوی بێگانەدا .
(رادوونان) راونان .
(رادیۆ) جورە سندوقێکە بە هۆی
هێزی کارەبا یا پیلەوە گۆرانیوقسەو گفتوگۆ
وەر ئەگرێ لە ئێستگەی شارانەوە .
(رار) سەگی یاخی . شتی زۆر کولاو (د)
(رارا) کەسێکە هەردەمە لە سەر
ئارەزوویەك بێ .
(رارایی) بوونی مەردووم هەردەم

لە سەر ئارەزوویەك .

(راررفان) هەرراکردنی گیانداربە هۆی را ررفاندنیەوە .

(رارفاندن) راوەدوونانو دوا کەوتنی گیاندارێك .

(رارفین) راررفان .

(رارەو) دالآنێکە کە هاتو چۆی بە سەرا بکرێ .

(راز) قسەی نهێنی : (راز) ی دڵی خۆت لای کەس مەڵێ . داستانو سەرگوزەشت . قسەو گوفتوگۆ : چووم بۆ ماڵی فیسارکەس (راز) یان لێگرتبو ، واتەکۆرری قسەیان گەرم کردبو .

(رازان) ئامادەو سازبوون : (براز) ێ . واتە ئامادەبە. پاڵکەوتن(با) نووستن (ز).

(رازاندن) رازاندنەوە .

(رازاندنەوە) جوان کردنو رێکو پێك کردنی شت .

(رازانن) د . رازاندن .

(رازانەوە) رازاندنەوە .

(رازانە وە) جوان بوونو رێکو پێك بوونی شت : باخەکە جوان رازاوەتەوە

(رازاوە) شتی رازێنراوە .

(رازقی) جۆرە ترێیەکە وەك سپیکە بەڵام ئەم نەختێ تفتە . جۆرە گوڵێکی بۆن خۆشی پەسەندە گەڵای وەك گەڵای بامێ وایە .

(رازیانە) بەری گیایەکە لە زیرە ئەچێ بۆنی خۆشەو ئەکرێتە ناونانەوە ، گەڵای وەك شوییت وایە ، بۆ ژانە دڵ باشە . ناوێ دێیەکە لە دەستەراستێکی رۆژهەڵاتی سلێمانییەوە .

(رازیانەوە) رازانەوە .

(رازێنەر) کەسێکە یەکێك یا شتێك برازێنێتەوە .

(رازیین) رازانو ئامادەبوون. راکشان (با) .

(راژە) کاریتەی کەپر . دەستەك و داری دارەررا .

(راژەندن) راوەشاندنی بێشکەو جۆلانە

(راژەنیین) راژەندن

(راس) د . راست

(راسا) د . راستەوخۆ : لەم (راسا)یە برۆ ، واتە راستەو خۆ .

(راسایی) د . تەختایی.

(راسپاردن) ناردنی ووتەیەك بەیەکێکا بۆ یەکێکی تر ٠

(راسپاردە) کە سێکە کە ووتەی یەکێك بیا بۆ یەکێکی تر. ووتەیەکە بە یەکێکا بنێررێ بۆ یەکێکی تر ٠

(راسپارە) راسپاردە ٠

(راسپێر) کەسێکە کەیەکێك راسپێرێ

(راسپێرراو) کە سێکە کە راسپاردەی یەکێك بگەیەنی بە یەکێکی تر ٠

(راسپێرە) راسپێرراو ٠

(راسپێریی) ووتەیەکە بە یەکێکا بنێررێ بۆ یەکێکی تر ٠

(راست) شتێکە کەخوارنەبێ . ووتەیەکە درۆ نەبێ . ئاقار : لەو (راست) ە واتە لەو ئاقارە ٠ جۆرەمقامێکی کوردیی‌یە ٠ راستگۆ٠ لای بە راسبەری چەپ لە شت ٠

(راستاڵ) کەسێکەکە زۆرر استگۆبێ ٠

(راستان) راستایی ٠

(راستایی) عاستی راستی شت ٠

(راستبونەوە) هەڵسان لە پاڵکەوتنەوە بۆ دانیشتن یا لە دانیشتنە وە بو سەر پێـان ٠ لاچوونی چەوتیی و خواریی شت ٠

(راستبێژ) راستگۆ ٠

(راستبێژیی) راستگۆیی ٠

(راست ررۆ) راست ررەو ٠

(راستررۆیین) قسەی راست کردن ٠ دان نان بە قسەیەکی پەنهاناو دەرخستنی ٠

(راست ر ەو) راستگۆ ٠

(راستکار) راستگۆ ٠

(راستکردن) ووتنی قسەی راست

(راستکردنە وە) لابـردنی چەو تی و خـواریی شت . هەڵساندنی گیـانـدار لە پاڵکەوتنیەوە بۆ دانیشتن یا لە دانیشتنە وە بۆ سەرپـێـان ٠

(راستکوتن) راست ووتن ٠

(راستکە رەوە) کە سێکە هە ڵەی شتی نوسراو راست بکاتەوە ٠

(راستگۆ) کە سێکە لە گوفتوگۆدا درۆ نە کا ٠

(راستگوتن) راستگویی ٠

(راستگۆیی) درۆنەکردن لەگفتوگۆدا ٠

(راستو چەپ) ز . ئاسنـێکی خواری لووت دارە زمەی تفەنگی پێ دەر ئە هێنرێ لە کاتێکا کە گیر ببێ ٠

(راستو چەپکردن) بە دەمە وە خستنی یەکێك و دەستی راستو قاچی چەپ یا دەستی چەپ و قاچی راستی لە یە کدان بۆ ناوك هێنانەوەی یا بۆ نەرم کردنی پشتی ٠

(راستویَژ) راستگۆ ·

(راستوێژیی)راستگۆیی ·

(راستە) دارێکی دوو پەلە ئەکرێ بە (بلۆسکە) دا بەرزیی و نەرمی بەرداشی پێ تاقی ئەکرێتەوە · دار یا تاسێکی راستە کێرری راستیپێ ئەکێشریَ · جۆرە هەڵپەرینێکە قاچی راستی تیا پێش ئەخرێ و بە لای راست داسوورر ئەخورێ·کۆلانێکی راستە چەن دەرگایادوکانێکیَ لە سەر بیَ ·

(راستەرریَ) رێگای راستی بیَ پێچ و پەنا

(راستە قینە)شتێکە کە دروزنە نەبیَ ·

(راستەك) ز . راستە ·

(راستەکیی) راستە قینە ·

(راستە کیـە) راستەقینە ·

(راستەوانە) شتێکە کە پێچەوانە نەبیَ ·

(راستە و چەپە) جۆرەیاری یە کە لە هەلوو کینا بە دەستی راست و چەپ لێیَ ئەدریَ ·

(راستەوخو)ووتەیەکە کردن یا ووتنی کارێك ئەگەیەنیَ بەبیَپێچ و پەنا (راستەوخۆ) بررۆ واتە هیچ لا مە دە، یا (راستەو خو) قسەکەت بکە واتە درۆی تیا مەکە ·

(راستەو رراست) راستەو خۆ

(راستەو رریَ) راستەو رراست ·

(راستەوە بوون) راستبوونەوە ·

(راستەوەکردن) راستکردنەوە ·

(راستیی) بوونی ووتە بەرەنگێك کە درۆ نەبیَ · بوونیشت بەجۆرێك کە خوار نەبیَ

(راسررۆین) د · راست رۆیین ·

(راسویَژ) راستگۆ ·

(راسە) د · راستە

(راسە قانیی) د · راستە قینە ·

(راسەوبوون) د · راستبوونەوە

(راسەوکردن) د راستەوەکردن

(راسیی) د · راستیی ·

(راشورروت) د · رەشوررووت ·

(راشەکان) راشەکاندن ·

(راشەکاندن) راوەشاندنیَ شت .

(رافرران) را ررفان ·

(را فرراندن) راررفاندن ·

(رافررین) را ررفیین ·

(راڤە) ز · شرح ·

(راڤەکار) ز . راڤەکەر .

(راڤەکرن) ز . شرح کردن ·

(راڤەکەر) ز . کەسێکە کەراڤەی شتێك بکا · دووخاڵی لە سەریەکە لە هەرشوێنێك کە دانرا پیشانی ئەدا کە پاشووەکەی راڤەی پیشووەکەی ئەکا ·

(راکردن) ڕۆیینی گیـا ندار بە تاو ٠ هەڵ گرتن (با) ٠

(راکرن) ز ٠ مانەوە لە شوێنێکا ٠

(راکشان) پاڵکەوتن ٠

(راکشاندن) پاڵخستن ٠

(راکشاو) بریتی یە لەگیانداری درێژی بە قەڵافەت ٠ پاڵکەوتوو ٠

(راکەتن) ز ٠ نوستن ٠

(راکەوتن) خۆ ئامادە کردن بو دزیین یا فرراندنی شتێك ٠

(راکێشان) گرتنی شتێكو بە زورکێش کردنی ٠

(راگر) شتێکە کە مایەی وێستانی شتێکی تر بێ . سەرۆکی خێزان . سەرۆکی دانشگای بەرز (عمید) ٠

(راگرتن) بەندکردنی شت : کەس لەسەرە ررێ (رامەگرە) ٠

(راگوزار) رێیەکە کە هاتوچۆی پیا بکرێ

(راگوزەر) راگوزار٠ رێبوار (د) ٠

(راگە) ﻫ ٠ رێگا

(راگەیاندن) گـەیاندنی قسەیەك یـا شتێك بەیەکێك .

(راگەیشتن) گەیشتن بە شتێکا .

(راگەیێن) کەسێکە کە دەنگ و باس بڵاو بکاتەوە .

(راگیر بوون) بەندبوون و مانەوە

(راگیرکردن) راگرتن .

(رام)گیاندارێکە کە هۆگری شـتێك بووبێ

(رامان) بێ دەنگ بوونـو بیر کردنەوە لە شتێك .

(رامالْبوون) راپێچ بوونی قوررولیتە ٠ رافرراندنی گیاندار .

(رامالْدان) رامالْین ٠

(رامالْکردن) راپێچ کردنی قورر و لیتەو رادانی لەسەر زەویی ٠ رافرراندنی گیاندار

(رامالْین) رامالْکردن ٠

(رامان) بیر کردنەوە لە شتێك ٠

(راماو) کەسـێکە کە بێ دەنگ بووبێ و بیر لە شتێك بکاتەوە .

(رامبوون) راهاتن٠

(رامکردن) راهێنانی گیاندار بەشتێك

(رامکە) راوکە ٠

(راموز) با ٠ ماچ

(راموس)راموز ٠

(راموو‌سان) با ٠ ماچ

(راموسیین) رامووسان ·

(امه) د · راوکه

(رامیار) مەردوومی سیاسی

(رامیاریی) سیاسەت

(ران) ئەستوورایی لاق له سمت بەرەوخوار تا ئەژنۆ . گەلەی بزنومەرر ·

(رانان) واونان ·

(راناو) ضمیر ·

(راندن) لێخورریین ·

(رانك) جۆره دەرپێیەکی شالینی شاشه .

(رانکه) مووی لا رانی بزنه که له به هارانالەکانی بررینەوەی ئاژالانەهێلرێتەوە بۆ ئەوەی که دررك لەگوانی نه دا ·

(رانما) د · رابەر .

(رانموونیی) د · رێ نموونی ·

(رانواندن) پیشاندانی شت به مەردوم .

(رانه) رانك ·

(رانەکیی) د · پالدوو ·

(راو) هەوڵ دان بۆ گرتن یا کوشتنی گیاندارێك که گۆشتی بخورێ له دەشت یا له ئاوا . فێڵ و تەڵەکه (د) ·

(راوار) د · خۆشررەوت ·

(راوبان) رێ و بان ·

(راوچی) که سێکه که بزانیت راوبکات

(راوکردن) نێچیرکردن له دەشت یا له ئاوا ·

(راوکه) هێلکەیەکه کەدانرابێ بۆمریشك بو ئەوەی که هێلکەی له لاوه بکات ·

(راوکەر) راوچێ ·

(راوگه) جێی راو ·

(راونان) بەرو دوانانی گیاندار ·

(راونیان) د · راونان

(راووررۆو) د · رووپامایی ·

(راوو رررووت) رووت کردنەوەی مەردوم له لایەن جەردەوه به زۆرێ ·

(راوورریس) رایەڵو رییسیشتی تەنراو : ئەم جاجمه (راوو رریسێکی) جوانی هەیه

(راوورریو) د · کەلەك و فێڵ ·

(راووك) توورەکەیەکی شالینه دەنکه ترێ و هەناری تێ ئەکرێ وله سەر (کۆلیت) دا ئەنرێ و به پی ئەشیلرێ بۆ ئەوەی که ئاوه کەی بگیرێ ·

(راوه دوونان) راونان ·

(راوەرراوه) راونانی گیاندار ووردە ووردە بۆ گرتن یا دەرکردنی ·

(راوەررێویی) برێتییه له پێچووپەنا هێنانەوه له کاروبارا .

(راوەستان) بە پێوە وەستانی گیاندارو هێندێ شتی‌تر . مانەوەی ئاو لە شوێنی‌خۆی بە بێ رۆیین . لە جووڵە کەوتنی هێندێ شت : سەعاتەکەم یا ئاشەکەم [راوەستاوە]، یا ئەیێژرێ بە یەکێك کە قسە بکا یا بنووسێ یا کارێکی‌تر بکا [راوەستە] واتە مەدوێ یا مەنووسە یا مەکە .

(راوەستاندن) بە پێوە راگیرکردن . لە جووڵە خستنی شت .

(راوەستاو) شتێکە کە وەستابێ .

(راوەشان) راوەشاندن .

(راوەشاندن) جووڵاندنەوەی شتێك بە توندیی .

(راوەك) توورەکەی دۆ .

(راوەکانی) جۆرە راوە کەوێکە کە لە سەر کانی ئەکرێ .

(راویار) رێبوار [د] . راوچی .

(راوێچکە) هاتووچـــۆکردن . بیر کردنەوە لە شتێك .

(راوێژ) لێکدانەوەی ئەنجامی کارێك لە گەڵ یەکێکا: هاتووم‌کە [راوێژ] ێکت پێ بکەم . بیرکردنەوە لە شـــتێك : تا لە دڵی خۆما [راوێژ] نەرکەم هیچ کارێك ناکەم .

(راوێژکردن) راوێژ .

(راوێژکە) راوێچکە

(راوێژگا) د . شوێنێکە کە هـــەر راوێژی تیا بکرێ .

(راوێژگە) راوێژگا .

(راوێژەر) کەســـێکە کە راوێژی لە گەڵ بکرێت « مشاور »

(راوێژیار) راوێژەر .

(راوێستان) راوەستان .

(راوێستاندن) راوەستاندن .

(راوێستاو) راوەستاو .

(راوێشکە) راوێچکە .

(راویی) تووڵەو تانجی‌و باڵندەیەکە کە راویان پێ بکرێ .

(راه) رێگا .

(راهاتن) ئاشنا بوون بە شتێك‌کە لەوە پێش پێ ی ئاشنانە بوو بێت .

(راهاتوو) گیاندارێکە کە راهاتبێ .

(راهانین) راهێنان .

(راهشتن) ز . پەلاماردانی‌شتێك

(راهێشتن) دانانی‌ماڵی ساوا بۆ مێزو گووکردن .

(راهێلان) راهێشتن .

(راهێلبوون) رەهێلبوون .

(راهێڵکردن) رەهێڵکردن .

(راهێنان) رامکردن .

(راهیی) رایی ، [راهیبوون] رایی بوون ، [راهیی کردن] رایی کردن .

(رایاخ) رایخ .

(رایج) شتی خراپی ناپەسەند : زێرره کە یا قوماشەکە [رایج] ە .

(رایخ) ژێرەخەر

(رایە) دەسەڵات و تەوانایی و سزاواریی یەکێك بۆ قسە یا کردەوەیەك ، ئەم ووتەیە هەر لە نەبوون « نفی » دا بە کاردێنرێ : کەس [رایە] ی نیە دەربارەی تۆ خراپە بکات .

(رایەخ) رایخ

(رایەکەوتن) شایانی و لێهاتن ، ئەم ووتەیە هەر لە نەبووندا بە کار دێنرێ : فیسارکەس (رایەی ناکەوێ) جوێن بە فیساربدا .

(رایەڵ) چەن هەودایەکی راستە کە پۆی شتی لە سەر ئەتەنرێ . دارەررا .

(رایەڵکردن) کردنی هەودا بەرایەڵ . دانانی داری دارەررا بەسەر دیوارا .

(رایەڵکە) راویچکە

(رایەلە) د . رایەلکە .

(رایی) شتێکە کە خرابێتە رێ ، (رایی بوون) ، ئەمانی بەر هەڵست و کەوتنە رێی شت ، (رایی کردن) خستنە رێ و رەوانەکردنی شتێك بۆ شوێنێك .

(رایی ررایی) رارزا .

(رائێل) رایەڵ .

(ربە) ناوە بۆ ئەندا زەیەك لە ووشکە دان . جۆرە دەفرێکە دانەوێڵەی پێ ئەپێورێ .

(ربە نار) دۆشاوی هە ناری گوشراو .

(رپاررپ) ز . رەپەررەپ

(رپن) ز . باقەیەك لە گیا .

(رپندان) ر . بنج داکوتانی گیا .

(رتل) با . گون .

(رتورۆیین) شێوەی ر ۆیین : فیسارە کەس (رتوررۆ ینێکی) جوانی هەیە .

(رجرر جیین) ز . سووربونەوەی شوێنێك لە ئەندام لەگەڵ زەردبوونی بە هۆی لێدانی یا کەوتنی لە شتێك بە نهێم .

(رجوا) رەوا : من ئەم کارە بە تۆ (رجوا) نابینم .

(رجوا بینین) رەوا بینین .

(رجوادیین) رجوابینیین .

(رچ) د . بە ستەڵەك و سەهۆڵ .

(رچان) بەستنی بەفرو ئاو بە هۆی زۆر

ساردیی یەوە .

(رچاندن) بە ستن و مەیاندنی سەرماهی شتێکی تەرر .

(رچانن) د . رچاندن .

(رچە) باریکە رێگایەکە کە کرابێتە وە لە ناو بەفرا . بەفرێکە کە بەستبێتی [د]

(رچە شکاندن) رێگا شکاندن لە ناو بەفرا . بریتی یە لە کردنی کارێك لە لایەن یەکێکەوە بۆ ئەوەی کە چاوی لێ بکرێ .

(رچەکوتانن) د . رچە شکاندن .

(رچیان) د . رچان .

(رچیین) رچان .

(رچیو) شتیمەییولەبەر سەرمای زۆر

(ردۆز) رۆز

(ردێن) رییش .

(رزان) رزیین .

(رزاندن) پوواندنو هەلا هەلاکردن

(رزانن) رزاندن .

(رزدە) ز . ئەلقەررێز

(رزق) دەعبایەکی سپی‌یە لە مشك گەورەترو لە سمۆرە بچووکترە .

(رزگار) گیاندارێکە لە چورتمێك قوتار بووبێ . (رزگاربوون) قوتاربوون

(رزگارکردن) قوتارکردن

(رزگارگە) جێگای رزگاریی .

(رزگاریی) گوشادبیو دەروو لەچورتم

(رزن) د . قەتارەو رێچکەی شت . دێرر .

(رزۆك) مێوژێکە کە رزیی‌بێو کرم تێی دابێ . رزەلۆك .

(رزەك) د . رزۆك .

(رزەل) د . بریتی‌یە لە مەردومی کەنەفت

(رزەلۆك) شتێکە لەبەر رزیوی لە خۆیەوە هەلوەرێ .

(رزیاگ) رزیو

(رزیان) د . رزیین .

(رزیانك) ز . رازیانە .

(رزیین) پۆرتکان و لە کار کەوتنی شتێك لە بەرکۆنیی .

(رزیو) شتی پۆرتکاو .

(رژان) پەرش و بلاوبوونەوەی شتی شل یا دانە وێلە .

(رژاندن) پەرشوبلاوکردنەوەی شتی شل یا دانەوێلە .

(رژانن) د . رژاندن .

(رژانەیەك) بە یەکا دانی دوو دەستەی گەورەو تێکەلاو بوونیان .

(رژاو) شتی شل یا دانەوێلەیەکە پەرش و بلاو بوو بێتەوە ·

(رژتن) رشتن ·

(رژد) مەردومی چرووك ·

(رژدکردن) د · بالاّ کردن ·

(رژدیی) چرووکی ·

(رژیاگ) رژاو ·

(رژیان) د · رژان ·

(رژیانەیەك) د · رژانەیەك ·

(رژێم) نظام ·

(رژیی) ز · خەڵووز . چێشتی بێ رۆن ·

(رژیین) ز · رژان ·

(رس) رست ·

(رست) ریزێك شتی هونراوە: (رست) ێك مووروو یا بامێ · تەناف · بە تێکە ئەکرێتە ملی تانجی کە ببرێ بۆ راو ·

(رستك) ملوانکە (ز)· تەناف ·

(رستکردن) هۆنینەوەو بە پەتەوە کردنی هێندێ شت · پەت خستنە قەڵاتەی ملی تانجی بۆ راکێشانی ·

(رستگ) با · تەناف ·

(رستگار) رزگار ، (رستگار بوون) رزگاربوون (رستگارکردن) رزگار کردن ·

(رستگاریی) رزگاریی ·

(رستن) بادانی لۆکەوخوریی بە خەررەك یا بە تەشـی بۆ کردنیان بە دەزوو یا بەن · بریتی یە لە زۆر قسە کردن ·

(رستە) گوریـیس . هەر شتـە [ز] . بریتی یە لە چەن ووشەیەك کە مەبەستێکی تەواو بگەیەنن « جملە » . رشتە ·

(رسق) رزق ·

(رسکان) گیرسان و لکانی خەڵفی درەخت کەموتوربەکرابێ · بەستن«تجمد» . لکان ·

(رسکاو) خەڵفێکە لە پاش موتوربەکردن پەیوەست بوو بێ ·

(رسگار) د · رزگار ·

(رسگارکردن) د . رزگار کردن ·

(رسگاریی) د · رزگاریی ·

(رشاندن) رژاندن . ئاو ررشین کردن

(رشانەوە) هێنانەوەی خواردەمەنی بە دەم . وەرینی گوڵی بەرسییلە لە پێش خرر بوونیا ·

(رشتن) رژاندن · کل بە چاوا هێنان بە کلچێوك ·

(رشتنەوە) بە دەمەوە دانی مەردوم و تێوەگلاندنیان لە چور تمێکا : فسارکەس ئەم

شارەی (رشتەوە) .
(رشدە) ل . هەرشتە
(رشك) گەرای ئەسپێ .
(رشكن) مەردومێكە كە رشكی زۆری پێوەبێ .
(رشێنە) بارانی وودی لە سەرخۆ
(رفاندن) پەلاماردانی شتێك و بردنی بە دەستوبردیی .
(رفانن) د . رفاندن
(رفۆك) چنگ .
(رفە) تاقێكی بەرزە لە دیوا را بۆ شت تیا دانانی .
(رفیاگ) فررێنراو .
(رفێدە) مادەی نان پێوە دان .
(رفین) باڵ گرتنەوەو كەوتنە ئاسمانی باڵندەو فررۆك .
(رق) توندیی و توورەیی گیاندار .
(رقاویی) رق ئەستوور .
(رقئەستوور) كەسێكە كە رقی هەستا درەنگ هێواش بێتەوە .
(رق جویین) رق هە ستان .
(رق خواردنەوە) دان بە خۆ داگرتن و رق بە سەر بردن لە كاتی رق هە ستانا .
(رقدار) رق ئەستوور .

(رقررقۆك) ز . خررە خرری كاڵای تازە
(رقگرتن) قین گرتن و دانەمركانەوەی مەردوم .
(رقلەسك) كە سێكە كە رقێكی لە دلاّ بێ .
(رقلێكێشان) قینە بەرییكردن لە گەڵ یەكێكا .
(رق لێهەڵگرتن) رق هەڵگرتن لە دلاّ لە یەكێك بۆ تۆڵە لێ كردنەوەی لە هەڵێكا
(رقن) د . مەردومی رقاویی .
(رقە بەرییی) بەر بەرەكانی كردن لە گەڵ یەكێك لە رقی ئەو .
(رقە كێشان) هەڵگرتنی رق لە دلاّ بە رامبەر بە یەكێك .
(رق هەستان) توند و توو ررە بوونی گیاندار .
(رق هەڵسان) رق هە ستان .
(رق هەڵساندن) رق هەستاندن .
(رك) رق . پە تێكە ئەكرێتە ملی كارو بەرخ بۆ بە ستنەوەیان .
(ركدابردن) د . رق گرتن .
(رككۆیی) ز . رق ئەستوور .
(ركگرتن) د . رق گرتن .
(ركن) د . رقن .
(ركە) لاپاڵی سەرەو لێژ لە شاخ وگرد .

قەفەز [با] .

(ركەو) ز . قەفەز .

(ركێشە) گیایەكی گەڵا پانی رەگ رەگاوی یە بۆ برینی باشە .

(ركێف) ئاوزەنگی وولاخ . بریتی یە لە دەسەڵات : فیسار كەس لە (ركێف)ی كەسانی یە .

(ركێف دواڵ) د . قایشی ئاوزەنگی .

(ركێو) ركێف .

(رم) دارێكی درێژی قەڤقەفی لووسە ئاسنێكی لووت تیژی بە سەرەوەیە لە جەنگا بە كار دێنرێ .

(رمان) رووخان .

(رماندن) رووخاندن .

(رمانن) د. رماندن .

(رماز) ز . كەسێكە باش رم بوەشێنێ

(رمبازێی) یاری كردن بە رم لە كاتی ووڵاخ تاودانا . غاركردن بە ووڵاخ .

(رمبە) رمە .

(رمبێز) ز. رێواس .

(رمبێشك) دەفرێكی پچكۆلەی گوێچكە دارە چێشتی تیا لێ ئەنرێ .

(رموودە) گیانداری هۆگر .

(رمووزن) ووتەیە كە گیا نداری ئێسك قورسی پێ ئەشوبهێنرێ .

(رمە) دەنگێكە وەك گرمە (رمەررم) رمەی یەك لە دوای یەك .

(رمیاگ) رووخاو .

(رمیان) د . رمان .

(رمین) د . رمان .

(رنك) لاسكی كەنگرە كە بە ناسكی وەك رێواس پاك ئەكرێ و ئەخورێ .

(رنگ) شێلەی خەستی بێ گرێ و قۆرتی شیرین .

(رنگاڵ) هەنگوین و دۆشاوی پوختی پاڵاوتە .

(رەنگانە وە) ووتنەوەی قسەیەك چەن جارێك بە بێ هوودە .

(رنگاو) سركەیەكە هێشووە ترێی رەشی تێ خرابێ بۆ خواردنی لە زستانا .

(رنگە) رەندە .

(رنوو) پارچە سەهۆڵ و بەفری گەورە .

(رنە) ووردە بارانێكە كە دەوار دای ئەدا . چنین و كردنەوەی بەری هێندێ شت(د) .

(رنەك) ئاسنێكی درێژكۆلەی كولۆری گرنج گرنجە ووڵاخی پێ پاك ئەكرێتەوە .

(رنیاگ) شتی رنراو .

(رنین) رووشا ندنی شتێك بە نینۆك یا بە شتێکی تر . کردنەوەی بەری هێندێ درەخت و سەوزایی : میوەکە یا بامێ کە کاتی (رنین) ی هاتوە .

(رنینە وە) دروونە وەی گیا و خە لە بە دەست .

(رۆ) ووتەیەکە لە شیوەنی خۆشەویستێکا ئەوترێ: باوکە [رۆ] یا برا [رۆ]. رۆژ [ھ] . جۆگەی پچووك . شوێنێکە لە دەریاکەچوو بێتە وە ناو زەویی یەوە (خلیج) .

(روانین) تەماشاکردن .

(رۆب) جۆرە بالاپۆشێکی قۆڵداری فراوانە هەر لە ناو مالا لە بەر ئەکرێ .

(رۆبنار) ربە نار .

(روت) د . رووت .

(رۆت) ز . داری درێژ .

(رۆجیار) د . رۆژگار

(رۆجیار پەرس) د . گولەبەرۆژە

(رۆچن) رۆشن [ھ] . کالاورۆژنە [د]

(رۆچنایی) ھ . رۆشنایی .

(رۆچنە) ھ . کالاورۆژنە

(رۆچوون) چوونە خوارەوەی شتێك بەناو ئاو یا بەناو زەویدا

(رۆچە) رۆژوو .

(رۆچەوان) رۆژووەوان .

(رۆچێ) ھ . رۆچە .

(رۆچیار) رۆژگار .

(رۆچیی) ھ . رۆچێ

(رۆحتۆتیا) کانێکە جۆرە دەفرێکی لێ دروست ئەکرێ ، ناسکە زوو ئەپەررێ

(رۆحچوون) بریتییە لە ترسان

(رۆحزل)بریتییەلە مەردومی بە فییز .

(روخ) ناوە بۆ دوو داش لە داشەکانی شەترنج .

(رۆخ) کەنارو قەراغی دەریا .

(روخان) د . رووخان .

(روخانن) د . رووخاندن .

(رۆخانە) ھ . چەمی ئاو .

(روخسار) دەموچاو .

(روخسارە) د . روخسار

(روخە) د . روخەك

(روخەك) د . شتی داررووخاو .

(روخیاگ)رووخاو

(رووخیان) د . رووخان .

(رۆدیی) ز . ریخۆلە

(رۆز) لەیەكدان و دروونی پارچەی کالا لە دوای بررینی .

(روزقە) گیایەکی بەهارییـــە لە گیلاخە ئەچیو بە برژاویی ئەخوریّ .

(رۆزگار) کاتو دەمێکە کە بەرەبەرە دێتو ئەرروا .

(زۆزیی) پێ بژیو .

(رۆژ) خۆر . لە خۆرهەڵاتنەوە تـا خۆر ئاوابوون .

(رۆژاڤا) با . رۆژاوا .

(رۆژانە) مووچەیەکـە لە دراو کە ئەدرێ بە کرێکار یا بە یەکێکی تر .

(رۆژاوا) کاتی ئاوابوونـــی رۆژ . شوێنێکە کە بە دیمەن کەوتبێتە لای ئاوا بوونی رۆژەوە .

(رۆژاوایی) ئەو کەسانەن کە لـــە خۆرنشین دا ئەنیشن

(رۆژبرر) رۆژانە : (بەرۆژبرر) ئەم کارمم بۆ بکە .

(رۆژبوونەوە) ئەمانی شـەوو هاتنی رۆژ

(رۆژ بەسـەربردن) بریتی‌یە لە دان بە خۆدا گرتنو گوزمرانکردن هەرچۆنێك هەڵسووررا .

(رۆژپەرست) گیاندارێکەوەك مارمێلکە بەڵام لەو گەورەترە هەمیشە روو ئەکاتە رۆژ ، لەبەرهەتاوبەگەلێ رەنگ ئەنوێنێ . گوڵەبەرۆژە . کەسێکە کە رۆژپەرستێ

(رۆژ ررەش) بریتی‌یە لە بەدبەخت .

(رۆژ ررەشیی) بەدبەختیی .

(رۆژ کردنەوە) نەنووستن و دانیشتن لە شەوا تا بەیانی .

(رۆژك) رۆژوو .

(رۆژگار) درێژایی‌رۆز لە بەیانی‌یەوە تا ئێوارە . رۆزگار .

(رۆژگارپەرست) گوڵە بەرۆژە .

(رۆژگەوان) رۆژووەوان .

(رۆژگیران) نەمانی رووناکی رۆژ بەهۆی بەرگرتنی لە لایەن مانگەوە .

(رۆژمژ) د . رۆژبرر .

(رۆژن) ز . کلاورۆژنە .

(رۆژنامە) نووسراوێکە رۆژو مانگو ساڵ پیشان ئەدا . نووسراوێکی چاپ کراوە رۆژ بەرۆژ دەرئەچێ بۆ بـڵاوکردنەوەی دەنگ وباس .

(رۆژنامەچی) کەسێکەرۆژنامە دەرکا .

(رۆژنامەگەریی) خەریکبوون بـــە دەرکردنی رۆژنامەوە « صحفی » .

(رۆژنامە نووس) کەسێکە کە لـــە رۆژنامەدا بنووسێ .

(رۆژناهیی) رۆشنایی .

(رۆژنایی) رۆژناهیی .

(رۆژ نشین) رۆژاوا .

(رۆژوو) نەخواردن و نە خواردنەوەو نەکردنی هێندێ شتی تری تایبەتی یە لە شەبەقی بەیانەوە تا رۆژاوا بە نیازی خوا پەرستیی .

(رۆژووگر)رۆژووە وان .

(رۆژووگرتن) بە رۆژوو بوون .

(رۆژووە وان) مەردومی بە رۆژوو .

(رۆژە جووت) ئەندازەیەکە لە زەویی کە بە رۆژێك بە جووت بکێڵرێ .

(رۆژە ررێ) ئەندازەیە کە لە رێگا کە بە رۆژێك بە پێ ببرررێ .

(رۆژەن) کلاو رۆژنە .

(رۆژهەلاّت) دەمی هەلاّتنی رۆژ .
شوێنێکە کە بە دیمەن کەوتبێتە لای هەلاّتنی رۆژەوە .

(رۆژهەلاّتی دوور) ئەو پەری ئاسیا بە لای رۆژ هەلاّتەوە .

(رۆژهەلاّتی ناوە راست) ناوە راستی ئاسیا .

(روژهەلاّتی نزیك) قە راغی ئاسیا بە دیو دەریای سپی دا .

(رۆژیی) پێ بژیوێکە کە خوا بتداتێ .

رۆژوو [ز] .

(رۆژیدەر) ئەوخوایەیەکەرۆژییت ئەدا .

(روشتە) هەودای بادراو

(رۆشن) رووناك .

(رۆشنا) رۆشن [د] . ووتەیەکە زۆرتر لە گەڵ ووتەی (ئا شنا) دا بە کار دێنرێ : ئاشناو (رۆشنا) .

(رۆشنایی) رووناکی .

(رۆشنبوونەوە) رووناکبوونەوە .
بریتی یە لە دەرکەوتنی مەبەستی شتێکی نا دیار : دەرسەکە [رۆشن بووەوە] .

(رۆشنکردن) د . داگیرساندن .

(رۆشنکردنەوە) رووناك کردنەوە . دەرخستنی مەبەست لە شتێك .

(رۆشنیی) رۆشنایی .

(رۆغان) ل . رۆن .

(رۆقلك) ز . مووی بەر .

(رۆقیی) ز ریوی .

(رۆکردن) داکردنی شتێك لە دەفرێك بە سەر بەرەوخوار کردنەوەی ، [رۆکراو] شتێکە لە دەفرێك دا کرابێ .

(رۆکەوتن) پاڵکەوتن .

(رۆڵە) مناڵ .

(رۆڵە خوای) هـ . ریخۆڵە

• (رۆمان) چیرۆ کی گه‌وره «روایه» •

(رۆمه‌ڵغه‌زا) د . هۆمه‌ڵغه‌زا .

(رۆن) چه‌وری یه‌که له ماست وگه لێ شتی تر ئه‌گیرێ . روون .

(رۆنان) دانان : (رۆی نێ) واته دای نێ .

(رۆناو) چه‌وری یه‌که له‌گه‌ڵ ئاوا تێکه‌ڵ بێ .

(رۆناهیی) رووناکیی .

(رۆنایی) رووناکیی .

(رۆنتك) فرمێسك .

(رۆندان) شوێنێکه‌که‌رۆنی‌تیا دائه‌نرێ .

(رۆندك) با . فرمێسك .

(رونگ) خوریی‌دابه‌ سته‌یه‌که‌ له پاش برِرینه‌وه‌ی دووباره برِرا بێته‌وه .

(رۆنگرتن) گرتنی رۆنی گوێزو بادام‌و هه‌مو شتێکی تر که رۆنی بێ .

(رۆنه‌که‌ره) که‌ره .

(رۆنیـاس) گیایه‌کی کوێستانی یه به‌نی پێ سوور ئه‌کرێ .

(رۆ نیاسیی) شتێکه که ره‌نگی وه‌کو ره‌نگی رۆنیاس وا بێ .

(رۆنیشتن) دانیشتن .

(رۆنیی) ز . رووناکیی . شتی رووناك .

(رۆنیین) رۆنیشتن [با] . روانیین .

(روو) ده‌موچاو. دیبوی ده‌ری شت .

گوستاخی‌وزات‌کردن: فیسار که‌س‌به [روو] ه یا (رووی) نایه .

(روووار) د . رووبار .

(رووواس) ه . رێویی .

(روووال) هه‌رزه‌کار .

(رووواڵه‌ت) ووتن وکردنی گوفتار و کرداری چاك بۆ چاوه‌ی مه‌ردوم .

(رووواڵه‌تباز) د . ریا کار .

(رووواڵه‌تیازیی) د . ریا کار بی .

(رووان) ره‌گ داکوتان‌و سه‌وز بوونی دره‌خت و گیاومووی له‌ش‌و دانی گیاندار .

(رووواندن) چه‌قاندنی‌گوڵ و دره‌خت‌و سه‌وزایی بۆ ریشه داکوتانی .

(رووانگه) جێگایه‌کی تایبه‌تی یه که به ئاسانی مانگی یه‌ك شه وه‌و ئه ستێره‌ی تیـا بدۆزرێته‌وه .

(روووا نه‌کردن) د . ره‌وا نه کردن .

(رووانه‌وه) خه ست بوونه‌وه‌و تونـد بوونی دۆشاوو هێندێ شتی تر .

(رووواو) شتێکه که سه‌وز بووبێ و ره‌گی داکوتابێ .

(رووواوه) شتێکه که خه‌ست بووبێته‌وه .

(رووبار) چه‌می گه‌وره .
(رووباربـوونه‌وه) د . به‌ ره‌و روو بوو نه‌وه .
(رووباز) د . رياكار .
(روو با زارريى) بـريتى يه‌ له‌ ئافره‌تى جوان . بريتى يه‌ له‌ شتى به‌ ديـيمه‌ن جوان كه‌ زوو بفرۆشرێ .
(رووبازيى) د . ريا كاريى .
(رووبال) ز . به‌ ره‌و روو بوونه‌وه .
(روو به‌ رروو) بـوونى دوو شـت به‌ جۆرێك كه‌ روويان له‌ يه‌ك بێ .
(روو به‌ رروو بوونه‌ وه‌) به‌ ره‌و روو بوونه‌وه‌ى دووكه‌س .
(روو به‌ رروويى) به‌ رامبه‌ ريى .
(رووبه‌ند) رووپـۆش .
(رووبه‌نه‌) د . روو به‌ند .
(رووپامايى) رووالّه‌ت كردن .
(رووپـۆش) پارچه‌ ته‌نـراوێكى ته‌نكه‌ ژنان له‌ كاتى چـوونه‌ ده‌ره‌وه‌ يا نـدا روو يانى پێ ئه‌پوشن .
(رووپه‌رره‌) ديـوێك له‌ په‌رره‌يه‌ك كاغه‌ز .
(رووپێدان) رووخۆشيى له‌ گه‌لّ يه‌كێكا و زۆر دوواندنى .
(رووت) شتى بێ كالاو به‌رگ .

(رووتالّ) روو گرژ .
(روه‌تاندن) د . دارروتاندن .
(رووتاندنه‌وه) كردنه‌وه‌ى گه‌لاّى دارو ده‌سكه‌نه‌ى مووى گياندارو هه‌لّكيشانى په‌ررى بالّنده . بريتى يه‌ له‌ شت سه‌ندن له‌ يه‌كێك به‌ زۆر : زۆردار پيشه‌ى هه‌ ررووتـاندنه‌ وه‌ى مه‌ردوومه .
(رووتان) د . رووتاندن .
(رووتانه‌وه) هه‌لّوه‌رينى گه‌لاى دارو مووى گياندارو په‌ررى بالّنده .
(رووتاوه) دره‌خت و گياندارو بالّنده يه‌كه‌ كه‌ گه‌لاّ يا موويا په‌ررى وه‌ريى بێ .
(رووتبـوون) نه‌مانى گه‌لاّى دا رو مووى گياندارو په‌ررى بالّنـده .
(رووتبوونه‌وه) داكه‌ندنى كالاى به‌ر .
(رووترش) بـريتى‌يه‌ له‌ مه‌ردومى روو گرژ .
(رووترشياگ) د . روو ترش .
(رووتكـردن) رووتكـردنه‌وه .
هه‌لّوه‌شاندنى تفه‌نگ و ده‌مانچه‌ بۆ پاك كردنه‌وه‌ى . كـردنه‌وه‌ى لق و پۆپى دره‌خت و رووتانـدوه‌ى مووى سه‌رو بێ .
(رووتكردنه‌وه) داماڵينى به‌رگ و كالا له‌ به‌ر يه‌كێك .

(رووتـوقووت) شتی زۆر رووت و بێ به رگ .

(رووته) مه‌ردومی لاتی بێ ناو نـیشان

(رووته‌خت) د . تارا یه‌که ئه درێ به سەر ئەوتەختەی‌که بووکی‌تیا سوار ئه‌کرێ .

(رووته‌ڵ) رووته‌ڵه . دارو دره‌خت وگوڵی کزی کەم‌گەڵا .

(رووته‌ڵه) مه ردوومی ره‌ش و رووتی کزی بێ بەرگ .

(رووته‌ن) شوێنێکه که گژوو گیا و دره‌ختی پێوه نه‌بێ .

(رووته‌نیی) رووته‌ن .

(رووته‌و بوون) د . رووته وه بوون .

(رووته‌وکردن) د . رووته‌وه کردن .

(رووته‌وه‌بوون) رووت بوونه‌وه .

(رووته‌وه‌کردن) رووت کردنه‌وه .

(رووتیانه‌وه) د. رووتانه‌وه .

(رووتێکردن) روو کرد نه شتێك .

(رووتیی) بوونی شت به رووت .

(رووچك) ده‌موچاو .

(رووخان) هه‌ره‌س هێنان و که‌وتنی دیوارو شاخ و شتی به‌رز .

(رووخاندن) رماندنی‌دیواروشتی به‌رز .

(رووخانه) رۆخانه .

(رووخاو) شوێنێکه‌که هه‌ره‌سی‌هێنابێ .

(رووخۆش) بریتی یه له یه‌کێك که زبانی شیرین‌وناوچه‌وانی روون بێ له‌گه‌ڵ مه‌ردوما .

(رووخۆشیی) بریتی یه له زبان شیرینی و ناوچه‌وان روونی له‌گه‌ڵ مه‌ردوما .

(روودار) نه‌ترس و خاوه‌ن روو .

(رووداماڵراو) رووهه‌ڵماڵراو .

(رووداماڵیاگ)د . رووداماڵراو .

(روودان) قه‌ومان و په‌یدا بوونی‌شتێك : ئیمرۆ شتێکی سه‌یر (روویدا). رووپێدان[د]

(رووداو) شتێکه که رووی دابێ .

(رووده‌ربایست) رووگیر .

(روو ره‌ش) بـــریتی یه له مه‌ردومی شه‌رمه‌زاری ته‌ریق .

(روو ره‌شیی) بریتی‌یه له شه‌رمه‌زاریی‌و ته ریقی .

(رووزه‌رد) بـریـتی یه له مـه‌ردومی شـه‌رمه‌زار .

(رووزه‌ردیی) بریتی‌یه له شه‌رمه‌زاریی .

(روو سارد) بر یتی یه له که سێك که ساردوو سرر بێ له گه‌ڵتـا .

(روه‌ساردیی) بریتی یه له ساردیی له‌گه‌ڵ یه‌کێك .

(رووسپێتی) بریتی‌یه له کچێنی بووك .

(رووسپی) بریتی‌یه له ئافرەتی سۆزانی .
(رووسوور) بریتی‌یه‌له‌یه‌کێك که‌سه‌ری به‌رز بێ‌وهیچ جۆره نه‌نگێك‌رووی تێ نه‌کردبێ .
(رووسووریی) بریتی‌یه له سه‌ربه‌رزیی و بێ نه‌نگی مه‌ردوم . رووسپێتی .
(رووسه خت) روو قایم .
(رووسه‌ختی) رووقایمی .
(رووش) شتی زبر . بریتی‌یه له مه‌ردومی ده‌م و چا و ئاولاْویی . جۆرێکه له به‌ری دار مازووکه چڵچلاْوی یه . پررووش : ته‌خته‌که [رووش] ی هه‌ڵداوه .
(رووشاڵ) د . رووش .
(رووشان) برینداربوونێکی که می جێ جێ یه له جه‌سته‌ی گیاندارو هێندێ شتی تر به هۆی کەوتنیان له شتێکی زبر .
(رووشاندن) بریندار کردنێکی که‌می جێ جێ‌یه له جه‌سته‌ی‌گیاندارو‌هێندێ شتی‌تر .
(رووشانن) رووشاندن .
(رووشاو) شتێکه که جێ جێ که مێك بریندار بوو بێ .
(رووشاویی) شتێکه که رووشی هه‌ڵدابێ
(رووشکان) بریتی‌یه له ته‌ریق بوونه‌وه‌ی مه‌ردووم .
(رووشکاندن) بریتی یه له ته‌ریق کردنه
وه‌ی مه‌ردووم .
(روشکانن) رووشکاندن .
(رووشکێن) بریتی یه له که سێك که زۆر مه‌ردووم ته‌ریق بکاته‌وه .
(رووشکێنی) رووشکاندن .
(رووشیان) د . رووشان .
(رووڤیی) رێویی [با] . رییخۆ له [ز]
(رووقایم) بریتی یه له که‌سێك که هه‌رگیز ته‌ریق نه‌بێته‌وه .
(روو قایمی) ته‌ریق نه‌بوونه‌وه .
(رووك) د . رووش .
(رووکار) ده‌مکار .
(رووکان) د. رووشان .
(رووکانن) د. رووشاندن .
(رووکرانه‌وه) بریتی یه له لا چوونی شه‌رم : فیساره‌که س [رووی کراوه‌ته‌وه] واته شه‌رمی شکاوه [رووکراوه] که سیکه شه‌رمی شکابێ .
(رووکراوه‌یی) بریتی‌یه له شه‌رم شکان .
(رووکردن) بریتی‌یه له شه‌رم کردن .
(رووکردنه‌وه) بریتی‌یه له شه‌رم‌شکاندنی یه‌کێك .
(رووکرن) ز . رووکردن .
(رووکه) د . رنه .

(رووکەش) شتێکی جوانە کە بە دیوی ناشیرینی شتێکی ترا بگیرێ لە دیوی دەرەوە
(رووکە شکردن) داپۆشینی دیوی ناشیرینی شتێك بە شتێکی جوان .
(رووکیان) د . رووکان .
(رووکێش) د . رووکەش .
(رووکێشکردن) رووکە شکردن
(رووگرتن) بریتی یە لە شەرم کردن و لە روودا دامان .
(رووگرتیی) ز ، قالب بەستنی ماست و شتی تر .
(رووگرژ) بریتی یە لە مەردومی توورەو تررۆ .
(روو گرژیی) بریتی یە لە توورەو ترۆیی .
(رووگە) ئەو شوێنەیە کە لە نوێژ ئەبێ رووی تێکەیت « قبلە » .
(رووگەش) رووخۆش .
(رووگیر) کە سێکە کە لە رووی یەکێکا دامابێ .
(رووگیریی) لە روودا دامان .
(روول) ژاڵە [با] . گیایەکی سەوزە بە درەختا هەڵ ئەگەرێ .
(رووڵك) ژاڵە .

(رووڵکەن) ز . رووخۆش .
(رووڵە) منالێکە کە هێشتا لەسکی دایکیا بێ
(روو لێنان) بریتی یە لە تکا کردن لە یەکێك بۆ کردنی کارێك .
(رووڵێوەرگێرران) بریتی یە لە زویر بوون لە یەکێك .
(رووم) مووی بەر .
(روومەت) تەختایی یەکی بێ مووە لە خوارچاوو تەنیشت لوتەوە . شەرەف [ز] .
(روومەتگرتن) د . دەموچاوهەڵگرتن .
(روومەتگیر) دەمو چاو هەڵگر .
(روون) شتی شلی تراو . رووناك . رۆن . بریتی یە لە کەسێك کە سەرو دڵی خۆش بێ : فیسارکەس [روونە] ە واتە دڵی خۆشە .
(رووناك) شوێنێکە کە بە باشیی چاو تێ یا ببینێ .
(رووناکایی) رووناکیی .
(رووناکبوونەوە) رۆشن بوونەوە .
(روناکردنەوە) رۆشن کردنەوە .
(روناکیی) شەوقێکە کە بە هۆی ئەوەوە تاریکی لابچێ .
(رووناهیی) با . رووناکیی .
(روونبوونەوە) رۆشن بوونەوە .
(روونبێژیی) زانینێکە کە بە هۆی ئەوە

وە بتوانیت تاقەیەك مە بە ست بەچەن دەستـە
واژەیەکی جۆێ جۆێ لێك بدەیتەوە «یان» .
(روونکردنەوە) ڕۆشنکردنەوە .
(روونووس) وێنەگرتنی شتی نوسراو .
(روونوییس) د . روونووس .
(روونیی) ڕووناکیی . بـوو نی شت بە
شل و تراو .
(روو وەرگێرران) لادانی ڕوو لە شتێك
لە بەر نارەزایی لێی .
(رووە) د . بەری کاڵا .
(رووهاتن) بریتی یە لە شەرم نەکردن
لە گوفتارو کردارا .
(رووهن)ڕۆن .
(رووهەلچەرخاندن) روو وەرگێرران
(رووهەڵماڵاو) بـرێتییە لە مەردومی
بێ شەرم .
(رووهەڵماڵراو) رووهەڵماڵاو .
(ڕۆهستێین)گیان ستێن «ئیزرائیل» .
(روهن) ز . ڕۆن .
(ڕۆهن) شتی شلیروون .
(روهنیی) ز. روناکیی .
(رویال) با . شوێنی کررێن .
(ڕۆێز)گومان .
(ڕۆیشتن) چـوون لە جێگایە کە وە بۆ
جێگایەکی تر .
(ڕۆین) ڕۆیشتن .
(ڕۆینە) جـۆرە هەڵپـەرركێ یە کە بە
هێۆاشیی‌سووررئەخۆن بەبێ‌خۆبەرز کردنەوە ،
وە پێشررەوە بۆ [سێ پێ یی] .
(رویی) رێویی [ل]. روو [با] ،
(روییت) [با]. رووت .
(روییس) با . روییت .
(رویفك) با . ڕیخۆڵە .
(روییل) با . جۆرە دارێکی بچکۆلانەیە
گولیکی سوور ئەگرێ .
(رویین) ڕۆیشتن .
(ڕۆیین) ڕۆیشتن .
(روینیشتن) با . دانیشتن .
(ڕە) لە : [ڕە] گەڵی خە ، واتە لەگە لێیا
بینێرە .
(ڕە) با . ریش .
(ڕەبەت) جێگایەکە کە ڕاوچی خۆی
تیا حەشار ئەدا بۆ نێچیر . ناوی دێ یەکە لە
ناوچەی قەرەداخ .
(ڕەبـەق) ووتەیەکە بە کار دێـنرێ بۆ
ئەندازەیەك لەکات بەبێ کەمو کووررییی : ئەمە
مانگێك یاسالێکی [ڕەبەق] ە تۆم نەدیوە .
(ڕەبەن) زەلامی گەنجی بێ ژن وماڵ .

کە سێکە سەری خۆی هەڵگرتبێ و ئاوارە بووبێ هەژاری بێ نەوا [ز] . گەمـژ [با] .

(رەییـیت) ز . گیانـدار یا گیایەکە کە خێرا پێ بگا .

(رەپ) شتی راستی رەق .

(رەپاڵ) ز. کاڵای کۆنی درراو .

(رەپاندن) تەپە هە ستاندن لە شتێك بە دەست پیادانی : خۆ تۆ قورئانت [رەپاند] کە درۆ نەکەیت .

(رەپاو ررەپ) بریتی یە لە ووتنی شت بە بێ پەردە .

(رەپبوون) ئێرەق بوونی کێر . ئاوسانی جەستە بە جۆرێك کەگرێ وقۆرتی تیا نەمێنێ .

(رەپررەپان) د . تەپە تەپ کردن .

(رەپکردن) ئێرەق کردن .

(رەپە) تەپە ، [رەپەررەپ] تەپەتەپ .

(رەپەڵ) د . دەستەیەك لە یاریی کەران .

(رەپەڵگا) د . جێی یاریی . رەپێڵگە .

(رەپەڵە) د . رەپەڵ .

(رەپێڵگە) رێ یەکە کە زۆر هاتوچۆی پیا کرابێ .

(رەت) گە هـەك . بیبر : « رەت » ت لێ تێك داووم . شتێکـەکە لە شوێنی خۆی تێپەرری بێ : کولۆمی دەرگاکە (رەت) کە دەست کە وتن : فیسار کەس بەر « رەت » ناکەوێ . رووت « د » .

(رەتان) ماندوو بوونی گیا ندار لە بەر زۆر لنگدانی .

(رەتاندن) هێنان و بردن و ماندوو کردنی گیاندار .

(رەتانن) رەتاندن .

(رەتاو) گیاندارێکە کە لە بەرزۆرهێنان و بردنی ماندوو بووبێ .

(رەتبردن) نووچبردنی گیاندار .

(رەتبوون) تێ پەررین .

(رەتدان) رەتبردن .

(رەتکردن) تێپەرراندنی شتێك لە شوێنێك .

(رهتن) ز . رشتن .

(رەتە وە) د . بنە چە . رە سـەن نا مە « شجرە » .

(رەتەویی) د . بەچکەی مە ررێکە کە لە ناوەندی کاووررپی و شەکیدا بێ .

(رەتیاگ) رەتاو .

(رەتیان) د . رەتین .

(رەتیما ندن) ز . پرر کردنەوەی چاڵ بە قـورر .

(رەتین)رەتان .

(رەجاڵ) مەردومی هەژاری رووتی بێ نەوا .

(رەجاڵی) نەبوونی و بێ نەوایی .

(رەجڵ) شتێکە کە شایستەبێ و بشێ : ئەم کارە « رەجڵ » ی تۆ نیە واتە بۆ تۆ ناشێ هەر لە نە بوونـا بە کار دێنرێ .

(رەجوا) رجوا .

(رەجوان) ز . ووڵاخی رەهوان .

(رەچەڵەك) بنەچە .

(رەچەڵەکناس) کە سێکە بنە چەی مەردوم باش بناسێ .

(رەحت) ز . ماندوو .

(رەحەتیی) شتێکی دەم پانی کلك تەسکە نەوتو شتی شلی پێتێ ئەکرێ بۆ ئەوەی کە نەرژێ .

(رەخ) ز.قەراغی شت . روخی شەترنج . بە رێك لە شوێنێك: ڤی رەخی ، واتە ئەمبەر ، یاویی رەخی واتە ئەو بەر .

(رەخت) جۆرە خشڵێکی زیوینە بۆ جوانی ئەدرێ لە ووڵاخ .

(رەختە) شتی ساغی توندو تۆکمە .

(رەخدار) ز . قۆڵچی أنحصار .

(رەخسان) گەیشتنی شتێك لە لایەکەوە کە چاوە رروانی نەکرابێ .

(رەخساندن) گەیاندنی شتێك لە لایەن خواوە بۆ بەندەی خۆی لە لایەکەوە کە هیچ بە تەمای نەبووبێ .

(رەخساو) شتێکە کە لە لای لا بە لاوە گەیشتبێ .

(رەخسین) رەخسان .

(رەخسیو) رەخساو .

(رەخش) رەخت .

(رەخشان) درەخشان .

(رەخنە) رەغنە : کە لە بەر (د) . سستی (ز) .

(رەخنەگر) رەغنەگر .

(رەخنەگرتن) رەغنەگرتن .

(رەخنەگریی) رەغنەگریی .

(رەدبوون) رەتبوون.

(رەددە) بیتا کێکە کۆ ئەکرێتە وە لە لایەن چەن کە سێکەوە بۆ شتێك .

(رەدکردن) رەتکردن .

(رەدووخستن) هەڵگرتنی ئافرەت و بردنی لە لایەن یەکێکەوە .

(رەدووکەوتن) رادووکەوتن .

(رەدووکەوتوو) ئافرەتێکە کە دووی پیاوێکی بێگانە کەوتبێ کە هەڵی گرتبێ .

(رەدیماندن) ز . پررکردن و سەر

رریژ کردنی شت .
(رەز) باخی مێو .
(رەزا) شێوەو تەحر : «رەزا» ی قورسە
(رەزا تاڵ) ئێسك قورس .
(رەزا سووك) ئێسك سووك .
(رەزا شیریین) رەزا سووك .
(رەزا قورس) ئێسك قورس .
(رەزاقی) ناوە بۆ جۆرە ترێ یەك .
(رەزا گران) رەزا قورس .
(رەزانە) باجێکە ساڵەو ساڵ لە بە ری رەز ئە سێنرێ .
(رەزبەر) مانگی ئەیلوول .
(رەزررەزۆك) تووڵە زەررە .
(رەزڤان) ز . رەزەوان .
(رەزلە) تووڵە زەررە مووررغەی پشت . ناوە بۆ دێ یەك لە سنووری سر ۆچك .
(رەزم) بەزم .
(رەزەڵخوا) کەسێکی داماوە کە شایستەی شت پێدان بێ .
(رەزەڵخوایی) داماویی و پێنە وایی .
(رەزەوان) کەسێکە کە رەز بەخێو بکا .
(رەزیل) مەردوومی چرووك .
(رەژتن) د . رشتنی چاو .
(رەژتنەوە) د . رشتنەوە .

(رەژمیریی) رەشمیـیریی .
(رەژوو) خەڵووز .
(رەژیی) با . خەڵووز .
(رەسا) شتی پان و پۆرر .
(رەسایی) پان و پۆرریی .
(رەسەن) مەردومی خانەدان . ووڵاخی بە ناوو نیشان .
(رەسیدە) کورر و کچێکە کە قەدرە بووبن .
(رەش) جۆرە رەنگێکی تاریکە وەك رەنگی خەڵووز . جۆرە هەنجیرێکە .
(رەشاو) جۆرە ئاوێکی رەشە ئە چێتە ناو پەردەی چاوەوەو کوێری ئەکا . خەڵووزا وێکە دارتاش داری پێ خەت ئە کێشێ بو داهێنانی .
(رەشـا یی) تارمایی یەکە لە دوورەوە رەش بکاتە وە · لادێ یی یەکە کە جووت و بەرەی نەبێ (د) . پارچـەیەکە لەزە ویی کە لە ناو بەفرا دیار بێ .
(رەشایی داهاتن) بریتی یە لە تا ریك بوونی چاو.
(رەشباز) رەشبازوو .
(رەشبازگ) رەشبازوو .
(رەشبازوو) شتی رەشو سپی .

(رەشبام) د . رەشباو .

(رەشباو) شتێكی بۆرە لووكە كە بە سەر رەشا برروانێ .

(رەشبگیر) گرتن و كۆكردنەوەی مەردومە لە لایەن دەوڵەت یا گەورەیەكەوە بۆ فرمانێكی قورس .

(رەشبۆرە) وولاخی بەرزەی بۆرە كە بە سەر رەشا برروانێ .

(رەشبوون) بریتی یە لە ئێسك قورس بوون لە پێش چاوی یەكێك .

(رەشبوونە وە) دا مردنەوەی ئاوڵە و سوورێژە . چوونەوەی بەفر . بوو نی ئاگر بە خەڵووز لە خۆیەوە . بریتی یە لە كوژانەوەی چرای دەروون : ئەوە ندەت سوێنـد ی درۆ خوارد [رەشبوویتەوە] .

(رەشبەڵەك) هەڵپەرزینی ژن و پیاو بە تێكەڵیی . شتی رەش و سپی (د) .

(رەشبین) بریتی یە لە مەردومی بەدبین

(رەشپۆش) كە سێكە سەر تاپا كاڵای رەشی لە بەركردبێ لە ماتەما .

(رەشتاڵ) رەشتاڵە .

(رەشتاڵە) مەردومی رەشباو .

(رەشتن) چاورەش كردن بە كلو كلچێوك .

(رەشتنەوە) د . رشتنەوە .

(رەشتیی) مشكی سەرپێچ یا كۆڵی ژنان .

(رەشخوێن) كە سێكە كە قور ئان بە ناپوختی بخوێنێ .

(رەشداگەرران) رەشهەڵگەرران .

(رەشداگەرریان) رەشداگەرران .

(رەشداگیر سان) رەشبوونی ئەندام لە بەر هەتاو یا لە رقانا .

(رەشرراهاتن) وون بوون ـ وونە مانی شتێك بە كوتو پرریی .

(رەشررەشك) ز . زیزانە .

(رەشك) كلاشی پەررۆ [ز] . كالاو پێتاوی لباد .

(رەشكار) رەشباو .

(رەشكردن) بریتی یە لە ئێسك قورس كردنی یەكێك لای یەكێك . بریتی یە لە زەرد كردن و مراندنی كاردوو بە ترش و خوێ .

(رەشكردنەوە) داپۆشینیزەلیسەربانی تازە بە گڵ . دیاربوونی شتێك لە دوورەوە بە رەشیی: ئەوشتەلە دوورەوە (رەشئەكاتەوە). نووسینەوەی مەشق بە پرریی .

(رەشكوژ) بریتی یە لە یەكێك كە ئازاری مەردوم بدا بە بێ لێكدانەوەو كۆڵینەوە : فیسارە كەس (رەشكوژ) ە یاهەر لە (رەشیی

ئەكوژێ) واتە دەست ناپارێزێ .

(رەشكۆیی) ناوە بۆ جۆرە ترێ یەك .

(رەشكە) گیایەكی بەرزی گەڵاّ ووردە دەنكێكی رەش ئەگرێو ئەكرێتە ناو نانەوە . جۆرە ترێ یەكی رەشی پێست ئەستووورە . دەفرێكی كونكونی گرێ چنە لە موودروست ئەكرێ كاو كولۆشی پێ ئەگوێزرێتەوە .

(رەشكەلە) رەشتاڵە .

(رەشكەڵە) رەشكەلە .

(رەشكەن) د ، رەشایی ناو بەفر .

(رەشكەو پێشكە كردن) تارمایی رەش‌و سپی هاتن بە پێش چاوا بە جۆرێك كە شت باش نەبینیت .

(رەشكەوسپیكە) بریتی‌یە لەشتی‌نوسراو : خۆ تۆ بە [رەشكەو سپیكە] تا روانییوە ، واتە خوێندووتە .

(رەشكەووگ) رەشكە وە .

(رەشكەوە) رەشێكە كە بە سەر بۆرا برزوانێ .

(رەشكەوەگ) د . رەشكە وە .

(رەشمار) جۆرە مارێكی زۆر رەشە .

(رەشماڵ) دەواری رەشی هەڵدراو .

(رەشمە) شتێكە ئەكرێ بە سەرووڵاّخی بەرزەدا گوریسێكی پێوەیە بۆ ئەمەی كە پێی بە سترێتە وە .

(رەشمێو) با. مێوی زوو رە س .

(رەشمیێریی) جۆ رە ترێ یەكی دەنك گەورەی درێژی رەشی هێشوو شاشە .

(رەشو بازگ) رەشبا زگ .

(رەشـو رروت) مـەر دومی رروتی هەژاری كە ساس .

(رەشۆكیی) شتێكە كە تایبەتی نەبێ .

(رەشۆڵە) ریشۆڵە .

(رەشوە) رەشمە .

(رەشە ئۆلاخ) د . رەشە ووڵاّخ .

(رەشەبا) بایەكی بە هێزە لە هێندێ شوێن لە رۆژهەڵاتیكی دەستە چەپەوە ناو بە ناو هەڵ ئەكا .

(رەشەجوو) جوولەكەیەكە كە زۆر باوەرری بە دینی جوولەكە بێ .

(رەشە خێزان) خێزانی زۆر .

(رەشە داڵ) جۆرە داڵێكە .

(رەشەررێحانە) جۆرە ریحانەیەكی رەشی گەڵاّ پانە .

(رەشە ساڵ) ووشكە ساڵ .

(رەشە سیل) دەردی سیلە كە بگا تە ئەندازەیەك چابوونەوەی نەبێ .

(رەشەك) باسێكە یەكەمجار نوسرابێ

ولێی کووژابێتەوە (مسودە) .
(رەشەگاوور) گاوورێکە کە زۆر باوەری به ئایینی خۆی بێ .
(رەشە گرانەتا) رەشە گرانەتێ .
(رەشەگرانەتێ) تایەکی زۆر گرانە پەیدا ئەبێ لە ئەندامی مەردوما بە رەنگێکی وا لە گرانەتا قورسترو بە مردن نزیك ترە .
(رەشەگەوون) جۆرە گەونێکی رەشە .
(رەشە موسوڵمان) موسڵمانێکی سادەیە کە زۆر باوەرری بە ئایینی خۆی بێ .
(رەشە مە) رەشە مێ .
(رەشەمێ) مانگی شوباتە کە (٢٨) رۆژە .
(رەشە نەخوێندە وار) مەردومی زۆر نەخوێندەوار .
(رەشەوبوون) د . رەشبوونەوە .
(رەشە ووڵاخ) گاو مانگا و گامێش .
(رەشهەڵگەران) رەشداگیرسان .
(رەشێلە) ز. چۆلەکەیەکی رەشی دەنگ خۆشە .
(رەشێنە) رەشیی گلێنەی چاو .
(رەشیی) بوونی شت بە رەش. رەشایی .
(رەغنە) رەنگ .
(رەغنەگر) کەسێکە رەنگ لە شت دەر بێنێ .
(رەغنەگرتن) رەنگ گرتن لە شت .
(رەغنەگریی) خەریکبوون بە رەنگ گرتن لە شت .
(رەف) جوێن دان بە مەردومی زۆر موسوڵمان .
(رەفتار) کردارێکە کە خووی پێوە گیرابێ .
(رەفتەنی) کەسێکە لە سەر رۆیشتن بێ .
(رەفك) ز . رفە .
(ردفکە) رفە .
(رەفە) رفە .
(رەفیسك) قوولایی ژێر ئەژنۆ .
(رەفیسکە) رەفیسك .
(رەفیی) با . قەراغ و کەناری شت .
(رەڤاندن) ز . شکاندنی دوژمن .
(رەڤدە) ز . گەلەی سەگ و گورگ .
(رەڤۆ) ز . رەووك .
(رەڤین) ز. شکانی لەشکرورەوکردنی .
(رەق) شتی زۆرتوندی سەخت . رەقە .
(رەقاڵە) پێچکەی بێشکە .
(رەقان) شوێنی رەق .
(رەقاندن) لە دەرگادان .
(رەقاندنەوە) گەلاڵە کردن و رێکخستنی ئاسن لە پاش سارد بوونەوەی .

(رەقانن) رەقاندن .

(رەقانەوە) رەقاندنەوە .

(رەقانیی) رەقەن .

(رەقایی) رەقانیی .

(رەقبردنەوە) رەقبوونەوەی گیاندار .

(رەقبوون) رەقییتەکردن لە سەرما توند بوون و سەخت بوونی هێنـــدێ شت : چیمەنتو یا قوررو قسلە کە (رەقبووە) .

(رەقبوونەوە) مردن لەسەرمانا .

(رەقشاندن) ز . ئاوررشێن کردن .

(رەقفاندن) بەردرێژ کردن .

(رەقوتەق) شوێنی خاڵی: لە خانوویەکی (رەقوتەق) دا دانیشتووە . شتی رەق و ووشك

(رەقو رەواڵ) د . رەق و تەق .

(رەقو فیق) د ریق و فیق .

(رەقو ووشك) شتی لە ررو لاواز .

(رەقە) دەعبایەکی ئاویی رەقی کلکدارە وەك کیسەڵ وایە .

(رەقەڵ) رەقەڵە .

(رەقەڵاتن) رەق هەڵاتن .

(رەقەڵاتوو) رەق هەلاتوو .

(رەقەڵە) گیا نـداری رەقی لاوازی بێ گۆشت . کەشکە ئەژنۆو لوو لاقی گیاندار .

(رەقەن) زەویی سەختی بەرد ەڵان .

(رەقەنیی) شوێنی رەقەن .

(رەقەو بـووگ) د . گیا نـداری رەق بووەوە .

(رەقەوبوون) د . رەق بوونەوە .

(رەقهەڵاتن) ووشك بوونەوە و رەقبوونی شت .

(رەقهەڵاتوو)شتی ووشك و رەقەوە بوو .

(رەقهەڵگەرران) رەق هەڵاتن .

(رەقهەڵهاتن) رەقهەڵاتن .

(رەقیاو) رەقە .

(رەقیلە) د . کەمێڵ .

(رەقین) رەقان .

(رەقینە) رەقەڵەی قاچ . کەمێڵ . کور کورۆژە .

(رەقیی) سەختیی . جۆرە سابوونێکە .

(رەقییتە) دەردێکەلە ساردی و گەرمی یەوە تووشی گیاندار ، وەئەندامی رەق ئەبێ .

(رەگ) چەن لـولەیەکە لە جەستەی گیاندارا کە خوێن پیا هاتو چۆ ئەکا . ریشەی دارو درەخت و سەوزایی .

(رەگدا کوتان) چوونە خوارەوەی رەگی دارودرەخت و سەوزایی . بریتی یە لە مانەوەو جێ گیربوونی یەکێك لە شوێنێك .

(رەگەز) بنەمالێکە کە (عێل) ی

لێ کە وتبێتەوە . جنس .

(رەگەز ناس) رەچەڵەکناس .

(رەم) سڵ .

(رەمکار) گیانداریکە سڵ بکا .

(رەمکردن) سڵکردن .

(رەملکردن) رەشکەوپێشکەکردنیچاو .

(رەمڵ گرتنەوە) گرتنەوەی رەمڵ بۆ دۆزینەوەی شتێکی نادیار .

(رەمڵ لێدان) قسەکردن لە شتێکی نادیار کە پەشتا رووی نەدابێ .

(رەمڵگرەوە)کەسێکە رەمڵ بۆ مەردوم بگرێتەوە .

(رەمەدانە) جۆرێک لە گاڵ .

(رەمەکیی) شتی رەشۆکی .

(رەمەن گیانداریکە لە ترسا هەڵاتبێ .

(رەن) زنجیرە کولۆشێکە بە گردیی لە جێ خەرمان دا ئەنرێ و لە پاشا ناوەکەی پرر ئەکرێتەوەوئەکرێ بەخەرمان. رەند (د) .

(رەنج) ماندو بێتی یەکە کە لە هەوڵ و تاقەلایەکەوە تووشی مەردوم ئەبێ .

(رەنجان) دڵ شکان لە شتێك .

(رەنجاندن) دڵشکاندنی بە کێك .

(رەنجانن) رەنجاندن .

(رەنجاو) دڵشکاو .

(رەنجبەر) کرێکاریکە کە گیرا بێ بە مانگ یا بە ساڵ .

(رەنجبەریی) کردنیکارێك بۆ یەکێك بە مانگانە یا بە سالانە .

(رەنجدان)خۆ ماندووکردنو تەقەلادان لە کارێکا .

(رەنجدەر) رەنجبەر .

(رەنجەررۆ) کە سێکە زۆر رەنج بدا لە کارێکاو کەچی بێ هوودە دەرچێ .

(رەنجە رریی) رەنجدان لە کارێکاو بێ هوودە بوونی .

(رەنجیاگ) رەنجاو .

(رەنجیان) د . رەنجان .

(رەنجیدە) د . رەنجاو .

(رەنجین) رەنجان .

(رەند)مەردومیرووخۆشی قسەخۆش . زەمینێکە کە پەیا بووبێ لە ناو چە ما بە هۆی لافاوەوە .

(رەندە) ئاسنێکی دەمپانی تیژە براوەتە ناو دارێك و دارتاش داری پێ لووس ئەکا . تەنە کە یەکی کون کونی زبرە پەنیر و چەوەندەروهێندێ شتیتری پێ ووردئەکرێ .

(رەنگ) چۆنێتی شت لە رەشێتی و سپێتی و سووریتیو . . هەتەد . جۆر: بەم(رەنگ)ە

واتە بەم جۆرە .
(رەنگار) شتی پرر رەنگ .
(رەنگاڵ) رنگاڵ .
(رەنگاڵە) مەلیکی رەنگاو ررەنگی جوانە بە قەد ریشۆڵەیەك ئەبێ .
(رەنگاندن) جوان کردنی شتێك بە گەلێ جۆر رەنگ .
(رەنگاو) رنگاو .
(رەنگاوورەنك) شتیکە کە گەلێ رەنگی پێوە بێ .
(رەنگبەستن) بەربەست کردنی رەنگ بۆ نەچوونەوەی . سەرگرتنی کارێك : ئەو کارە (رەنگی بە ست) واتە جێگیر بوو .
(رەنگپەرریگ) د . رەنگ پەریو .
(رەنگپەررین) تێکچوونی رەنگ و دیمەن لە ترسا یا لە بەرنەخوشیی . کاڵ بوونەوەی رەنگی شت .
(رەنگپەرریو) کەسێکە رەنگی تێکچووبێ
(رەنگدانەوە) لێ بوو نە وەی رەنگ لە شتێك .
(رەنگررژاندن) رەنگ رشتن .
(رەنگررژانن) د . رەنگرژاندن .
(رەنگررشتن) نیشانە کردنی بناغەی خانووبە شتێك بۆ هەڵکەندنو بناغە دانەوەی .

(رەنگررەز) د . کە سێکە کە شت رەنگ بکا .
(رەنگررێژ) نقاش .
(رەنگکردن) رەنگدان لە شت .
(رەنگگرتن) بریتی یە لە سەرگرتنی کارێك .
(رەنگواررەنگ) د . رەنگاوررەنگ .
(رەنگوررێس) شێوەی تەنراو بە رەنگ و تەنینەوە : ئەم قوماشە (رەنگوررێس) ێکی جوانی هەیە .
(رەنگوررێسە) د . رەنگوررێس .
(رەنگوررو) شێوەو رەنگی روخسار .
(رەنگە) رەندە . ووتەیە کە بەکار دێنرێ لە جیا تی ووتەی (ئەگونجێ) : (رە نگە) بێمەلات .
(رەنگە ررژیلە) هـ . گوڵە عەمرۆکە .
(رەنگ هەڵبزرركان) رەنگ پەررین لە ترس یا لە شەرما .
(رەنگین) شتی رەنگاو ررەنگی جوان.
(رەنە) رنە . رەندە .
(رەو) گوریزو راکردن .
(رەوا) شـا یستە : ئەمە (رەوا) نیە . بررکردنی قسەوفەرمانی یەکێك: فیسارە کەس قسەی یا فەرمانی (رەوا) یە .

(رەوا بینین) بینینی شتێك بە شایستە

(رەوادیتن) رەوا بینین .

(رەوال) ز . كـورر ێكە كە مووی لێ نە هاتبێ .

(رەواڵ) رەجاڵ .

(رەوان) شتی بێ گیرو گرفت : ئەم وولاْخە (رەوان) ە، یادەرسەكەم (رەوان)ە. گیاندارێكە كە گووی شل بێ .

(رەوانبوون) زا نین و خوێنـد نەوەی نوسرا و بێ گیرو گرفت. گووشل بوونی یەكێك.

(رەوانبێژ) كەسێكە نوسین وگوفتوگۆی زۆر جوان و رەوان بێ « بلیغ » .

(رەوانبێژیی) جوانی ورەوانی لە نوسین و گوفتو گۆدا « بلاغه » .

(رەواندن) بلاْو كردنەوەی شت و تەفرو توونا كردنی: نێچیرەكان (مەررەوێنە) .

(رەواندنەوە) بلاْوكردنەوەی شتی هاتووەوە یەك وەك پزووی سەریین و دەرپێ و قەفی گۆچان .

(رەوانكردن) زانینی شت بە هۆی زۆر پیاچوونەوەیەوە : دەرسە كەم (رەوان كرد) . رەوانەكردن .

(رەوانن) رەواندن .

(رەوانەوە) رەواندنەوە .

(رەوانە كردن) ناردنی شتێك یا كەسێك بۆ شوێنـێك . بە رێ كردنی میوانـێك و لە گەلیا چوونی تا ئەندازەیەك .

(رەوانەوە) رەوینەوە .

(رەوانیی) شل بوونی گووی گیاندار .

(رەوت) رۆینی وولاخ .

(رەوررەوە) پێچكەیەكی خررە ئەخرێتە هێندێ شتەوە بە ئاسانی ئەخولێتەوەو ئەروا بە سەر زەوییدا .

(رەوسە) سوور .

(رەوش) ز . رەونەق و جوانی شت .

(رەوشەن) رۆشن .

(رەوق) د قەبارە .

(رەوكردن) رۆیـن و بە جێ هێشتنی جێ یەك لە ترسـا .

(رەوكەوان) رەوگەوان .

(رەوگ) د . رەووگ .

(رەوگە) شـوێنێكـە لە نیشتمانی یەكەمەوە بۆی بچێت و بیكە یت بە نیشتمانی دەوهەم «مهجر» .

(رەوگەوان) د . رەووگەوان

(رەونە) د .رەووندە .

(رەووز) د . رێ پێڵكە .

(رەووش) رەووشت .

(رەووشت) خو .

(رەووگ) گەلەی وولاخی بەرزە

(رەووگەوان) کە سێکە کە رەووگ بلەوەڕێنێ .

(رەوونج) رەقیتە .

(رەووندە) رێبووار .

(رەوە) رەووگ . لیسێکی گەورەیە گەزۆی پێ ئەتەکێنرێ .

(رەوەك) رەوەکیی .

(رەوەکیی) د . گیاندارێکە بەدەمی خۆی بلەوەڕرێ و شوانی نەبێ .

(رەوەن)کۆچەریی (با) . رێبووار[د] .

(رەوەند) رەوەن .

(رەوەوان)کە سێکە کە بە دار گوێز بتەکێنێ .

(رەویانەوە) د . رەوینەوە .

(رەوێتن) ز . تاشینی شت .

(رەوێژەك) ز . تیغێکی کەوانەیی‌یە ناوی کەوچك و کاسەی پێ هەڵ ئەکۆڵرێ .

(رەوین) رەوکردن .

(رەوینەوە) کرانەوەو بڵاوبوونەوەی پزووی دەرپێ و سەرپێن و قەفی گۆچان . لاچوونی خەو . بڵاوبوونەوەی هەورو لاچوونی . بڵاوبوونەوەی شوێنێك لە جەستە کە خرر بووبێ . بڵاو بوونەوەی ژەمەنە کەرەلە مەشکەدا لە حەلێکا کەلە کاتی کەف و کولا دەستی لێ بەردرێ . قەڵەوبوون یا ئاوسانی زۆر .

(رەهـ) رەگ (با) . پەی (ز) .

(رەها) شتی رایی . رەگ (ز) .

(رەها بوون) رایی بوون .

(رەها کردن) رایی کردن .

(رەهبەر) کە سێکە کە پەیام یا راسپاردەی یەکێك بە یەکێك بگەیەنێ .

(رەهبەریی) گەیاندنی پەیام و راسپاردەی مەردوم .

(رەهرەو) رارەو . رێبووار .

(رەهندە) دەربەدەر .

(رەهندەیی) دەربەدەریی .

(رەهواڵ) ز . رەهوان .

(رەهوان) وولاخی خۆش رەوت .

(رەهەنە) د . رەهندە .

(رەهیسیابۆ) با . لاسکی گیایەکی تام خۆشە ئەکرێتە ناو ماستەوە .

(رەهێل) رەهێڵە .

(رەهێلبوون) لنگەو قووچ کەوتن بە هۆی هەڵەنگووتنەوە .

(رەهێلکردن) لنگەو قووچ خستن

یەکێك .

(رەهێڵە) بارانی لێزمەو بەخورر .

(رێ) رێگا . پیتێکە لە بیستو حەوت پیتەی کوردی .

. (ریاڵ) جۆرەدراوێکی دەوڵەتی‌یە .

(ریان)گوو کردن .

(رێبار) با . باخ .

(رێباری) با هاورری‌یی .

(رێباز) رێگا .

(رێبازگە) مذهب .

(رێبرر) جەردە .

(رێبرری) جەردەیی .

(رێبررین) رێبرری .

(رێگار) رێبووار .

(رێبووار) کەسێکە بە رێگادا بررروا .

(رێ بە دێ یکردن) بریتی یە لـــە شارەزایی‌و ســـەر لێ دەرچوون لە شتێك : فیسار کەس لە خوێندنا (رێ بە دێ یی) ئەکا واتە شتێکی لێ ئەزانێ .

(رێبەر باخچە . جەردە (ز) . رەهبەر (با) .

(رێ بەرخستن) رێگا خستنەبەریەکێك کە پێی گران بێ .

(رێ بەرنانـــ) پیشاندانی رێگایەکی خراپ بۆ یەکێك : ئەم (رێ‌یە مەنێرە بەرم) . رێ بەرخستن .

(رێ بەندان) کانوونی دووهەم .

(رێ بیر) بیروباوەررێکە کە مەردوم لە سەری بێ « مبدأ » .

(رێ‌پێبردن) دۆزینەوەی نهێنی‌شارراوە .

(رێ پێگرتن) چوونە سەر رێی یەکێك بۆ بەگژا چوونی .

(رێ پێڵکە) رەپێڵکە .

(رێتن) ریتن .

(رێ تێچوون) گونجانـــو بەرداشتی شتـــێك بۆ شتێك : (رێی تێ ئە چێ) کە ... بە باوێکی گەورە .

(رێ تێکەوتن) چوونە جێگایەك بـــە رێکەوت . دۆزینەوەی مەبەستی شتێکی نادیار بەرێکەوت .

(رێجە) د. رێژە .

(رێچ) ز . جێگا پێ . رۆینی گیاندار .

(رێچکە) ریزێکە لە گیـــاندار کە قەتارەیان بەستبێ . باریکە رێ .

(رێچکەبەستن) قەتارە بەستنی گیاندار .

(رێچکە کردن) رێچکە بەستن .

(رێحانە)گیایەکی گەڵا پانی رەشی بۆن خوشە .

ا ڕێحانە ئەستەموولی) جۆرە ڕێحانەیەکی گەڵا ووردی سپی یە .

(ڕێحانەکێویلە)جۆرەڕێحانەیەکی دەشتی بۆنخۆشە .

(ڕێخ) د . ووردە چەو .

(ڕێخت) د . سوروشت .

(ڕێختمان) ئەو کەرەسەیەیە کە شتی لێ دا ئەرڕێژرێ : فیسارکەس [ڕێختمان] ێکی باشی هەیە .

(ڕێختە) ڕەختە .

(ڕێخستن) ڕێك خستن .

(ڕێخەر) کەسێکە کە شت ڕێك بخا .

(ڕێخەڵۆ) زیپخۆڵە .

(ڕێدار) ڕێبووار .

(ڕێ داگرتن) ملنان و بە ئاسانی بە ڕێدا ڕۆیشتن .

(ڕێدان) ڕێگا کردن .

(ڕێدەر) مفتی .

(ڕێڕۆ) ڕێبووار .

(ڕێ ڕەو) کاتی بە ڕێدا ڕۆین: مەگەر بە (ڕێ ڕەو) بت بیینم ، واتە مەگەر لە ڕێ ڕۆینا . ڕێبووار .

(ڕێڕێ) زەویی یەکە ئاوناو بە ناو دررییێ . تەنراوێکە ناوبە ناوچووبێو رایەڵی دەرکەوتبێ . تەنراوێکە کە پویەکەی ناو بە ناو جووت نەبووبێ .

(ڕێز) ڕییز (ز) . ووردە بەرد (د) . حورمەت .

(ڕێزاڵ) پارچەیەکی پچووك لە شتێك.

(ڕێزاڵ ڕرێزاڵ) شتی هەلا هەلا .

(ڕێزان) شارەزای ڕێگاو بان

(ڕێزلآنە) د . ڕێزاڵێك لە شتێك .

(ڕێزۆڵە) د . ڕێزلآنە .

(ڕێزە) نە ختێك لە شتێك : ڕێزەیەك نانی بەرێ . ئەنـدازە : تۆ نەگە یشتوو یتە ئەو (ڕێزە) یەی لە خۆتەوە شت بکەیت .

(ڕێزە ڕرێزە) هەلا هەلا .

(ڕێـزەلۆك) بەردێکە کە لە خـۆیەوە هەڵوەرێ.

(ڕێزەڵە) ڕەزەڵە

(ڕێزەوپێزە) د . ووردەیەکە کە لە شت ئەبێتەوە .

(ڕێزە ووڵ) شتێکە کە بە ووڵین ڕێزە ڕرێزە بووبێ .

(ڕێژاف) با . ڕێژاو .

(ڕێژان) ڕشتنی شت: ئاوەکەی (ڕێژا). پیت و بەرەکەت (د) .

(ڕێژاو) تاڤگە .

(ڕێژگاو) ڕیژگاو .

(ڕێژگە) جێگای لێوە ڕژانی شت .

(ڕێژوو) خەڵووز .

(ڕێژە) د . بەر دێکە کە شووشەی لێ دروست ئەکرێ . بۆتە .

(ڕێژەن) پیت و بررشت : خەڵەی ئیمساڵ بە (ڕێژەن) ە .

(ڕێژەو) ڕێژەن .

(ڕێس) ڕیس: ئەم قاڵیە ڕەنگو(ڕێس) ێکی جوانی هەیە ، (ڕێسراو) خوریی یادەزوو یا موویەکە بەتەشی یابە خەررەك ڕێسرابێ . ئەستوورایی مل : پێ ی نایە (ڕێس) ی ملی .

(ڕێسپیی) ز.گەورەی دێ . ڕیش سپی.

(ڕیسوا) کە سێکە کە ئابرووی چوو بێ ، (ڕیسوابوون) ئابرووچوون ، (ڕیسوا کردن) ئابروو بردن .

(ڕیسوایی) نەمانی ئابروو .

(ڕێسە) درێژە دان بە شت «اطناب» .

(ڕیشوە) ڕییشوو .

(ڕێفنگ) با . ڕێبووار .

(ڕیفیک) با ڕیخۆڵە .

(ڕیفینگ) با . ڕێفنگ .

(ڕێفینگ) با ڕیفینگ .

(ڕێق) د . ڕیق .

(ریقنە) گووی باڵندە . بـــریتی یە لە ڕیپۆقی چاو .

(ڕێك) شتی ڕا ستی بێ گرێ و قۆرت . ڕێگا (با) .

(ڕێکایی) عاستی ڕێکی و تەختیٚ شت .

(ڕێکبوون) بێ گرێ و قورت بوونی شت . بریتی یە لە ئاشنایەتی و تێکەڵیی لەگەڵ یەکیکا .

(ڕێکخستن) ڕاست کردنەوە و ڕیـز کردنی شت . جێ بەجێ کردنی کارێـك بە ڕێکو پێکیی .

(ڕێککردن) ڕێکخستن

(ڕێککەفتن) د . ڕێك کەوتن .

(ڕێککەوتن) ڕێکەوتن .

(ڕێکو پێك) شتی ئامادەی ڕێکخراو .

(ڕێکۆك) کۆڵانی باریك .

(ڕێکەوت) هەل : مەگەر بە (ڕێکەوت) بت بینم .

(ڕێکەوتن) یەك کەوتنی چەن کەسێك . جێ بە جێ بوونی کارێك . هەڵ کەوتنی هەڵ «تصادف» .

(ڕێکەو توو) شتی ئامادەوساز . شتی جێ بە جێ بوو .

(ڕێکیی) بوونی شت بە ڕێك . تێکەڵیی .

(ڕێگا) شوێنێکە کە گیاندار پیا بڕوا .

(ڕێگاوبان) ڕێ و بان .

(ڕێگا کردن) ڕێ دان بە یەکێك بۆ ڕۆیشتن .

(ڕێگر) جەردە .

(ڕێگرتن) بەر هەڵست وەستانی شتێك لە ڕێ یەکدا .

(ڕێگریی) جەردەیی .

(ڕێگومکردن) ڕێ وون کردن .

(ڕێگە) ڕێگا . کێرڕێگەلە چیمەنتۆ دروست ئەکرێ لە چەشنی ڕێگا .

(ڕێگە خستن) د . خستنە ڕێ .

(ڕێگە کەوتن) د . کەوتنە ڕێ .

(ڕێگە گیر) د . ڕێگر .

(ڕێگەوبان) ڕێگاو بان .

(ڕێگیر) جەردە .

(ڕێگیریی) ڕێگریی .

(ڕێل) با . لێرەوار .

(ڕێلەبەرچوون) ڕێ بڕرین بەئاسانی .

(ڕێلە خۆ) د . ڕیخۆڵە .

(ڕێلیی) گوێژ .

(ڕێن) ردێن .

(ڕێنامە) بەرنامە .

(ڕێنج) ڕەنج .

(رینجبەر) ڕەنجبەر .

(رینجەبر) ز . ڕەنجبەر .

(رینك) لەرری لاوازی بێ هێز .

(ڕێنکە) د . کۆبوونەوەی چەن کەسێك .

(ڕێنکە دان) د . کۆمەڵە بوونی گیاندار .

(رینگ) رنگ .

(ڕێنگ) خوریی یەکی کورتە کە لە پێستە دەسکەنە کرابێ .

(ڕێنگاڵ) د . رنگاڵ .

(رینگانە وە) رینگە ررینگ کردن .

رنگاڵ دەردانی شتی شیلەدار : هەنگوینە کە بخەرە سەر سەبەتەکە با (بررنگێتەوە) .

(رینگە ررینگ) زۆر ووتنەوەی شتێك بە بێ هوودە : بەس (رینگە ررینگ) بکە .

(رینگە ررینگ کەر) کە سێکە زۆر رینگە ررینگ بکا .

(ڕێنما) د . نیشانەیەکەلەسەرڕێگادائەنرێ بۆ پیشاندانی ڕێبووار .

(ڕێ نوێن) ڕێ نیشاندەر .

(ڕێنوێنیی) ڕێ نیشاندان .

(ڕێ نیشاندان) بریتی یە لە ئامۆژگاریی کردن بۆ سەر ڕێی ڕاست .

(ڕێو) د . کەلەك و فێڵ .

(ڕێوار) د . ڕێبووار .

(ڕێواز) د . ڕێ پێلکە . ڕباز .

(رێواس)گیایەکی کوێستانی بە هاریی گەڵاپانە تێرکێکی خرری ناسکی خۆشی هەیە.

(رێواسیی)گیایەکی کوێستانی بەهاریی یەگەڵای لە (کالاّ قنگ) ئەچێ بەلاّم ئەم لاسکی باریك ترە گەڵاکەی بۆ کوشتنی کرم ئەخورێ .

(رێوان) پۆلیسی سەر رێگا .

(رێوبان) رێگا یەکەکە هاتو چۆی زۆری بە سەرا کرابێ .

(رێوررا) رێورراست .

(رێو رراست) راستە و خۆ : ئەگەر وا بـرروێت . (رێو رراست) ئە چێتە فیسارە شوێن .

(رێو شوێن) پلان و نقشەی شت .

(رێ وونکردن) بر یتی یە لە سـەر لێ شێوان .

(رێوەنگیی) ز . رێبووار .

(رێویی)گیاندارێکی کێویی چوار پێی تووکنی کلـــك فشی گوێ قوتی فێڵبازە لە کەروێشك گەورە ترە . رێبووار . (ز) .

(رێویی پێچ) فێڵ و تەڵەکە .

(ریە) با . ریش .

(ریە سپی) با . ریش سپیی .

(رێهەڤ) هاودەم .

(رییپ) فێڵ (ز) . تەکان (د) .

(رییپاڵ) شتی درراوی چڵکن .

(رییپۆ) فێڵباز.

(رییپۆق) چڵکی چاو . چڵمی ووشکەوە بوو .

(رییپوکار) رییپۆ .

(رییپۆڵ) مەردومی پۆخڵی بێکارە .کاڵای شرری هەلا هەلا : (رییپۆڵ) ێك کاڵای لە بە را نیە .

(رییت) د . تەکان . شررەوکۆنە .

(رییتاڵ) شیاکە .کەسێکەکە هەرگەشت و گوزار بکا « سیاح » .

(رییتاڵە) رییتاڵ .

(رییتك) د . رییت .

(رییتك و پییتك) د . پررووییت .

(رییتکە) فریشك .

(رییتن) رشتنی شت . ریان (ز) .

(رییتو پییت) د . رییتکو پییتك .

.(رییتە)شتێکە کاڵای خوریی پێ ئەشۆرێ.

(رییچ) دانی گرر . گیانداری گرر .

(رییچاڵ) ز . میوەی پەروەردە لە ناو شیلەی شەکرا کە پێ ی ئەڵێن (مرەبا) .

(رییچبوونەوە) دان چییرکردنەوە .

چاو بزکردنەوە لە یەکێك .

(ریچکردنەوە) ریچبوونەوە .

(ریچەوکردن) د . ریچکردنەوە .

(ریخ) شیاکە . لم .

(ریخن) گیانداری پیسی گەمژ .

(ریخنە) ریخن . ریپۆق .

(ریخۆڵە) شتێکی با ریکی درێژە لە سکی گیاندارا پیسی تێ ئەچێ .

(ریخۆ ڵە ئە ستوورە) ریخوڵە یەکی گەورەیە بە دەم ریخۆڵەی باریکەوە

(ریخۆڵەباریکە) ریخۆڵەیەکە لە پێش ریخۆڵە ئەستوورەوە .

(ریخۆڵە کوێرە) سەرە ریخۆ ڵەیەکی پچکۆلە یە بە ریخۆڵەی گەورە وە ئەو سەری بێ کونەکە شتی تێ چوو بۆ گەنێ ئەکاو ئەگەر فریای نەکەون گیاندارەکە ئەکوژێ .

(ریخە خۆرە) د . باڵندەیەکە هەر زیخ ئەخوا .

(ریخەڵان) زیخەڵان . شوێنێکە کە شیاکەی زوری تیا بێ .

(ریخەڵۆك) ریخۆڵە .

(ریخەڵوو) ل . ریخۆڵە .

(ریز) چەن شتێکە بە قەتارە کە پاڵیان دابێتە یەك . حورمەت و پایەی مەردوم .

(ریزبوون) پاڵدانی چەن شتێك بە یەکەوە بەرێکیی .

(ریز پێوەگرتن) بەریز هاتن بە سەر چەن شتێکا بە بێ بواردنیان .

(ریزکردن) دانانی چەن شتێك لە تەنیشت یەکەوە بە ریز .

(ریزکێن) ریزێن .

(ریزلێگرتن) ریز پێوەگرتن . حورمەت گرتنی یەکێك .

(ریز لێنان) حورمەت گرتن .

(ریزێن) یاریی سێ ریزکێن یا نۆ ریزکێن کردن .

(ریژگاو) کەسێکە بە خۆررایی دووی مەبەستێکی هیچ و پووچ کەوتبێ .

(ریژگاویی) خەررۆیی و دوا کەوتنی شتی هیچ و پووچ : ئەمە (ریژگاویی) پێ ئەڵێن .

(ریس) خوریی یاموو یالۆکەی رێسراو .

(ریسوگوریس) بریتی یە لە کردار یا گوفتارێکی دوورودرێژ: من تاقەتی ئەم (ریسو گوریسە) م نیە .

(ریسپی) ز . گزرە گیا .

(ریش) مووی عاستی سەر شەویلە و چەناگە زیکەی ئەندام (ز) .

(ریشاڵ) ریشووی بەر بووەوەی شتی

دڕراو ، (ریشاڵ ریشاڵ) ریشاڵی زۆر .
(ریشالۆك) تەرخون .
(ریشاڵە) ریشاڵ .
(ریشبابا) جۆرەترێ یەکی سپی یە
(ریشباوا) د. ریشبابا .
(ریشخەن)گاڵتەوقەشمەریی:(ریشخەن) بەکەس مەکە .
(ریشدار) گیانداری خاوەن ریش
(ریش سپی) بریتیی یە لەدەم راستو قسەرەوای کۆمەڵێک .
(ریشگاو) ریژگاو
(ریشگاوی) ریژگاوی
(ریشۆڵ) د . ریشوو
(ریشۆڵە) باڵندەیەکی رەشی کونجی دەنوك درێژە لە چۆلەکە گەورەترە وەبە گەلێک جۆر ئەخوێنێ . ریشۆڵ (د) .
(ریشوو)تاوی بادراوی جامانەو مشکی وهێندێ شتی تر .
(ریشە) رەگی سەوزایی و درەخت . رەگی ئەندام . ریشوو (د) .
(ریشە بڕبوون) بریتی یە لە بڕرانەوەی خێزان یا تیرەیەك .
(ریشەبن) د . شتێکە لە بنجوبن هاتبیتە دەرەوە .

(ریشە داکوتان) روانورەگ داکوتانی سەوزایی . بریتی یە لە جێگیر بوونی یەکێك لە شوێنێکا .
(ریشەدەرهاتن) بریتی یەلەکەنەفت بوونی یەکێك بە هۆی شتێکەوە : (ریشەم دەرهات) بە دەست تۆ وە .
(ریشە دەرهانیین) بریتی یە لەکەنەفت کردنی یەکێك .
(ریشە دەرهێنان) ریشە دەرهانیین .
(ریشەکەشکردن) ریشەکێش کردن.
(ریشەکەن) ریشەکێش .
(ریشەکێش)گیاندار یا درەختێکە کە ریشەی دەرهاتبێ ، (ریشەکێش بوون) ریشە دەرهاتنی شت ، (ریشە کێشکردن) ریشە دەرهێنان .
(ریشەیجگەر) بریتی یە لە منالی خۆت.
(ریشیی) ز . ریشوو .
(ریفیك) ریخۆڵە .
(ریق) شتی نەرمەلیقەی تەنك .
(ریقوفیق) شتی زۆر تەنکی نەرمەلیقە
(ریقوولە) د . شتی رەقەڵە .
(ریکە) د . کیرەی دان یا قەڵەم
(ریکەرریك) ریکەی یەك لە دوای یەك .
(ریگ) شتێکی ووشکی ووردی بریسکە

داره ئەکرێ بە سەر نوسراوا بۆ ووشك بوونەوەی .

(ریگی‌بیابان) جۆره لمێکە لە دوورەوە ئەبریسکێتەوە وەك ئاو .

(ریل) ژاڵە .

(ریین) ریان . دەنگدانی سەگ (ز) .

(ریواو) ھ . رێواس .

(ری یۆن) ھ . رێحانە .

(رییوە رریو) رینگەررینگ .

(رییوە رریـیو کەر) کە سێکە قسە زۆر بررینگێنێتەوە .

(رییوەڵە) گیانداری لەرری لاواز .

(رییوەن) بنکی رێواسەکە بۆ رە وانیی ئەدرێ بە مەردوم .

پیـیـتی زی ٧

- ز -

(زا) بە چکە :(زا) ی لە سکا یە .

(زابـووق) ز . سەرە نو ێلك . دۆڵ و دەرەیە کە کە ئاوی باراناوی پیا برروا .

(زابەند) دەفتەرێکە کە ھەر ناوی منالی تازەبووی تیا بنوسرێ .

(زاپان) ل . سافسافێن .

(زات) نەترسانو ئازایی : فیسارکەس زۆر بە (زات) ە .

(زاتبردن) بریتی یە لە ترساندنی یە کێك

(زاتچوون) بریتی یە لە ترسان .

(زاتدار گیانداری بە جەرگی‌چاو قایم.

(زاتکردن) نەترسانو وێران بۆکردنی شتێك .

(زاج) دەرمانێکی سپی یە ئەکرێتە ئاوو چەرمی پێ رەش ئەکرێ .

(زاجو پەرچەم) پەرچەم وە رییزە موو یە کە ئەھێڵرێتەوە بە کە ناری سە ری کورری منالا بە رێکیی لە بەر جوانی .

(زاخ) شتێکی سپی یا زەردی ترش و تفتەوەك خوێ لە کان دەرئەھێنرێ.کە وورگ (د) . تاوێری گەورە (د) .

(زاخاو) بـریتی یە لە داخ و خەفەت : ئەوەندە (زاخاو) مەکە بە دڵما . دەرمانێکە ئەگیرێتەوە بە زاخ بۆ مشتوو ماڵی تیێغ .

(زاخاودان) زاخاودانەوە .
(زاخاودانەوە) مشتوماڵ‌کردنی شیرو خەنجەر بە زاخاو . بریتی یە لە پێ خۆشبوونی دڵ بە تووش بوونی‌دوژمنت بە ناخۆشی یەك: بە دەرکردنی فیسار کەس دڵم (زاخاو درا یەوە). بریتی یە لە تە ماشا کردنی‌یەکێك بۆ یە کێکی جوانی دڵبە ر : ئە وەندە تە ماشای فیسارە ئافرەتی کرد (زاخاوی) چاوی خۆی دایە وە .
(زاخدار) تیبغی جەوهەردار . بریتی یە لە مەردومی بە جەوهەر .
(زاخرر) ناو دەرەیەکی سـەرەو لێژی بەردەلانی .
(زاخۆ) جۆرە پاڵتۆیەکە لە بەر ئەکرێ . ناوە بۆ شارێك لە کوردستانی عراق .
(زاخۆن) زاخە .
(زاخوور) ئەشکەوت .
(زاخە) ژێر زەمین .
(زاخێ) د قشقەررە .
(زاخێرر) زاخرر .
.(زاد) ئەو خواردنەیەکە پێی بژیت .
.(زاد دان) توێشە بەرە .
(زادە) زا .
(زادەگان) نەوەی خانە وادە .

(زار) دەم . دوو بەر ی شە ش رووە هەر رووەی چەن خاڵێکی تیایە یاریی پێ ئەکرێ . دەنگی‌گریان . ژار: (زار) ی چاوی تێ رشت . خەفەت باری دڵتەنگ . ووتەیەکە بە دوای هێندێ ووشەوەکە نرا شوێنی ئەوشتە پیشان ئەدا : گوڵ (زار) ، لالە (زار) میرغو (زار) واتە شوێنی گوڵ و لالەو مێرگ .
(زاراوە اصطلاح .
(زاربەست) زاربێن .
(زاربێن) پەتێکە دەمی مەشکەوهێزەو کوندەو هەمانەوشتی تری پێ ئەبەسترێ .
(زارخەنە) د . پێکەنینێکە کە بە رق و قینەوە بێ
(زاردرراو) دەم درراو .
(زاررۆ) با . مناڵ .
(زاررۆك) ز . مناڵ .
(زاررۆڵە) هـ . مناڵ .
(زارگا) بەرموسڵدان .
(زارنەرم) ز . زبان لووس .
(زارنە رمیی) ز . زبان لووسی .
(زارۆ) ز . مناڵی‌پچووك .
(زارۆك) با . زارڕۆك .
(زاروو) زەرووە .
(زارووك) با . مناڵدان .

(زاره) د . گەنمی‌نیوە هار ر راو (د). زراو . بریتی یە لە مەردومی بە جەرگ .
(زاره ترەك) کەسێکە لە ترسا نا تۆقی بێ ، (زاره ترەکبوون) تۆقیـین لە تر سانا ،
(زاره ترەککردن) ترساندنو تۆقاندن .
(زارەزار) . دەنگی گریان.
(زارەگا) زارگا .
(زارەوانە) زاربێن .
(زاریان) د . گریان .
(زاری) شیـوەن و گریان .
(زازا) بەچکەی بەچکە. تیرە یە کە لە کورد لە رۆژاوای کوردستانی ترکیادایە .
(زاغ) ز . کیرو خەت .
(زاغۆر) ز . زاخرر .
(زاغوری) ز . مشکیي سەر .
(زاڤا) ز . زاوا .
(زاق) د . زەق . رەنگی کاڵ .
(زاقوروق) دەنگە دەنگی منال .
(زاقو زیق) زاقوزووق .
(زاکوزووك) زاقوزووق .
(زاکوزیك) زاقوزیق .
(زاکە) جۆرە دەنگێکە دێ لە هێندێ گیاندارەوە لە کاتی زۆر بۆهاتنیا ، (زاکە زاك) زاکەی یەك لە دوای یەك .

(زاگ) د . زا .
(زال) ز . هەزار .
(زاڵ)گیانداری زۆردار .
(زاڵبوون) زۆر سەندنی گیاندارێك بـە سەر گیاندارێکی ترا .
(زاڵو) زراو .
(زالوو) زەروو .
(زاڵە) د . زراو .
(زاڵی) زاڵبوون .
(زام) برین .
(زاما) زاوا .
(زامار) برینـدار .
(زامدار) زامار .
(زامەت) کێم .
(زان) بەچکەبوونی گیاندار . ووتەیەکە بە هێندێ ووشەوەکەنرا ئەیکا بە اسمی فاعل: زۆر (زان) ، فرە (زان) ، هیچ نە (زان)، پێ نە (زان) .
(زانا) خوێندەواری شارەزا .
(زاناندن) زانین .
(زاناهیی) زانایی .
(زانایی) شارەزایی و خوێندەواریی .
(زانست) زانای شـارە زا . زانـین و شارەزایی : فیسار کەس بە (زانست) ە .

(زانستگا) زانستگە .

(زانستگە) زانستگایەکە دوای سانەویی تیا ئەخوێنرێ .

(زانستیی) علمی .

(زانوو) زەنگۆڵ . گونج یا لوولەی ئانیشکەدار .

(زانەخرۆ) زیانەخرۆ .

(زانەر) زانـا .

(زانیار) زانا .

(زانیاریی) مەعاریف .

(زانیین) ئاشکرایی و نمایانییەکە پەیدا ئەبێ بۆ مەردوم لە کاتی بینیین یا بیستنی شتێکا .

(زاو) گیاندارێکی مێینەیە کە تـازە بەچکەی بووبێ .

(زاوا) کەسێکە تـازە ژنی هێنـا بێ . مێردی خزمی نزیك : فیسارکەس (زاوا) مانە لە کاتێکا کە خوشکت یا خوشکەزات یـا یەکێکی نزیکت ژنی بێ .

(زاوزۆ) زاوزێ .

(زاوزوو) سك کردن و منالْ بوون .

(زاوزووە) زاوزوو .

(زاوزێ) سك کردنی مێ ینە یەك لە دوای یەك .

(زاوما) تێکەڵ کردنی کارو بەرخی ساوایە لەگەڵ دایکیانا لە بەیانییەوە تا ئێوارە : ئیمرۆ مەررو بەرخ (زاوما) یە .

(زاوور) زراو . زات : فیسارکەس بە (زاوور) ە .

(زاوورچوون) زراوچوون .

(زاوە) د . تیر . ئەستێرەی عەتارید .

(زاوەرە د . زاوور .

(زای) زاخ .

(زایڵە) د . زایەڵە .

(زایە) زا : فیسارکەس (زایە) ی لـە سکە .

. (زایەبوون) بریتییە لە مردن .

. (زایەکردن) بەخشینی شتێك بەکەسێك

(زایەڵە) گریان و زاریی .

(زاییچە) راپۆرتی لە دایك بوونی منالْ

(زاییگە) شوێنێکی تایبەتییە کە منـاڵی تیا لە دایك ئەبێ .

(زایین) زانی گیاندار .

(زبارە) ر . هەرەوەز .

(زبان) پارچە گۆشتێکی پانی پفەڵە لـە دەماقسەی پێ ئەکرێ و پارووی پێ ئەمـدیو ئەودیو ئەکـرێ و تامی خواردەمەنی پێ ئەچێژرێ . ووتاری تایبەتی هەموو گەلێك کە قسەی پێ ئەکەن و شتی پێ ئەنووسن : زبـانی

کوردیی (زبان) ێکی خۆش و زیندووه .

(زبانبەد) کەسێکە کە دەربارەی مەردوم هەر بەد بڵێ .

(زبانبەدیی) بە دیی ووتن دەربارەی مەردوم .

(زباناپاك) کەسێکە دەر بارەی مەردوم هەر باش بڵێ .

(زباناپاکیی) بریتی یە لە ناو نە بردنی کەس بە خراپە .

(زبانپیس) بریتی یە لە جوین فرۆش .

(زبانپیسیی) بریتی یە لە جوێن فرۆشیی .

(زباتاڵ) د. بریتی یە لە مەردومی قسەرەق .

(زباندرێژ) بریتی یە لە کە سێك کە لە ئەندازەی خۆی زیاترو بە رەو ژوور تر دەر بارەی مەردوم بدوێ .

(زباندرێژیی) بریتی یە لە قسەی ناشیرین کردن دەریارەی یەکێك .

(زبانزان) کەسێکە کە چەن زبانێك بزانێ .

(زبانشکان) لە قسە کەوتنی مەردوم بە هۆی نەخۆشی یەکی زۆر قورسەوە .

(زبانشیرین) بریتی یە لە یەکێك کە قسەی خۆشبێ لە گەڵ مەردوما .

(زبانگرتن) هاتنە زبانی مناڵ . بریتی یە لە قسەکردن بە بێ شەرمی : فیسارکەس چاك (زبانی گرتووە) واتە قسە بە بێ پەروا ئەکات .

(زبانگەستن) بریتی یە لە پەشیمان بوونەوەو خەفەت خواردن بۆ شتێك کە لە دەست چووبێ .

(زبانگیران) زبان شکان . گیرانی زبان بە هۆی لاڵی یەوە : فیسارکەس لە قسەکردنا (زبان ئەگرێ) .

(زبانلووس) بریتی یە لە کەسێك کە بە زبانی خۆش مەردوم لاس بدا .

(زبانە) سەری دارێکی لە لەکراوی دادراوە بۆ ئەوەی کە بکرێ بە کونی دا رێکی ترا . ئاسنێکی باریکە لە ئاوزوونەدا ئەچێ بە کونی قایشا . بڵێسەی ئاگر .

(زبانە بچکۆلە) پارچە گۆشتێکی باریکە لە ناو قوورگا .

(زبر) شتێکە کە لووس نەبێ . شتی درشت : ئەم ساوەرە (زبرە) واتە درشتە .

(زبران) شوێنی بەردە لانی .

(زبرە) سەر کۆزەری ساوەرو قەرەخەرمانی هارڕراو : (زبرە) ی ساوەرەکە بهاڕرە رەوە .

(زبریی) بوونی شت بە زبر .

(زبڵ) خۆڵ و خاش و پووش و پەلاشی ناوماڵ .

(زبلچی) کە سێکە کە زبلی ئاوایی
کۆبکاتەوە و فرێی بدا .
(زبلدان) سەرە نوێلك .
(زبلرێژ) زبلچی .
(زبلکێش) زبلچی .
(زبلگە) زبلدان .
(زپرکە) زیپکە .
(زپك) ز . زیپکە .
(زچ) دەعبایەکی سوورکەلەی پچووکی
چنگنە بە ئاژاڵەوە ئەنووسێ .
(زر) ز . زل .
(زرازر) ز . زەررە زەرر .
(زراق باریك (با) . شتی وورد (ز) .
(زرانیی) ئەژنۆ .
(زراو ئاوێکی زەردی تاڵە وا لە ناو
توورەکەیەکا بە دەم سیوجگەرەوە هەمیشە
دلۆپ دلۆپ ئەررژێ بە سەر خواردنی ئاشك
(معدە) دا بۆ ئەوەی کە زوو بتوێتەوە .
(زراوبردن) بریتی یە لە تۆ قاندن .
(زراوتۆقین) بریتی لە زۆر ترسان .
(زراوچوون) زراو تۆقین .
(زرب) د . زبر . شتی زلو قەبە .
(زربان) د . شوێنی بەردەلانی .
(زربە) د . زبرەی شت .

(زربی) د . زبریی .
(زرت) خۆهەڵکێشان (ز) . مەر دومی
زیبت .
(زرتۆڵە) گاڵتەکردن بە یەکێك .
(زرتە) زەقەی چاو : (زرتە) ی
چاوی دێ ، (زرتەزرت) زەقەزەقی چاو .
(زرتەبۆز) بریتی یە لەمەردومی زەبەلاح .
(زرتەك) ز . کە سێکە کە خۆی هەڵ
بکێشێ .
(زرتیی) د . بێکارەیی و هیچ لێ نەهاتوویی .
(زرر) درەختی بێ بەر . شتی ووشك :
قەرە خەرمانەکە (زرر) بووە .
(زرران) بڵاو بوونەوەو دەنگدانەوەی
باسێك لە ناو مەردوما .
(زرراندن) بڵاو کردنەوەی باسێك بە
ناو مەردوما . زرنگە زرنگ کردن بە شت .
(زررانەوە) دەنگدانەوەی زەنگۆڵە و
جام و هێندێ شتی تر .
(زررباب) زررباوك .
(زررباووك) باوە پیارە .
(زرربرا) برای دایکی .
(زررت) جررت .
(زررخوشك) خوشکی دایکی .
(زررخەسوو) باوەژنی ژن بۆ مێردەوە

باوەژنی مێرد بو ژن .

(زررداك) زرردایك .

(زرردایك) باوەژن .

(زررزرره) د . شتێکەمناڵان بەدەستیەوە ئەگرن وە زرره زرری پێ ئەکەن .

(زررکتك) زررکێتك .

(زرر کچ) کچی ژن لە مێردێکی تری وە کچی مێرد لە ژنێکی تری .

(زرر کورر) کورری ژن لە مێرد ێکی تری و کورری مێرد لە ژنێکی تری .

(زررکێتك) با . زەردە زیپرە .

(زررگوێز) دارێکی گەورە یە وەك دار گوێز بەڵام ئەم گەڵای با ریکە و بێ بەرە . ناوە بۆ دوو دێ ی خـوارو ژوور لە دە ستە رراستێکی رۆژاوای سلیمانی یەوە .

(زررمام) برای دایکی باووك .

(زررنا) زوررنا .

(زررنوچقاو) چەوری یەکی کە مە کە ئەکەوێتە سەر چێشتی شلە .

(زررنووقاو) زررنوچقاو .

(زرروزەنگیانە) متوموورووو .

(زرره) جۆره دە نگیکە وەك دەنگی پارە لە کاتیژماردنیا ، (زرره زرر) زررەی یەك لە رروای یەك . (زررو هو ورر) ز رره زرری زۆر .

(زررەبلبل) جۆرە باڵندە یەکی بۆرە لە فیسقە گولەگەورەترە وەك بلبل ئەخوێنێ .

(زررەکەو) سوێسکە . پۆرر (د) .

(زررەوەلیی) ﻫ . گیایەکی درێـژی تۆکمەیە وەك قامیشوایە لەگوێ ئاو ئەررروێ .

(زرریان) د . زرران .

(زرریانەوە) د . زررانەوە .

(زرقتك) ز . جۆرە مێشێکی زەردە بە قەد هەنگێك ئەبێ .

(زرك) کاڵەکی نەگەیو .

(زرکۆ) د . گزرە گیایەکە بۆ ئازاڵ دابنرێ .

(زرکوزینگ) د . چوستوچالاك .

(زرکە) زرك .

(زرکەتاڵ) جۆرە کاڵەکێکی زرکی تاڵە .

(زرکێتك) با . زررکێتك .

(زرم) د . زرمە .

(زرموکوت) تەپو هووررر .

(زرمە) دەنگیکە لە لێکەوتنی شتێکی قورس لە شتێکیتر کە دەنگ نەداتەوە پەیدا ئەبێ ، (زرمەزرم) زرمەی یەك لە دوای یەك ،

(زرمو هووررر) زرمە زرمی زۆر .

(زرمەزلێ) خۆ بە سەریەکا دانو زرمە

زرم کردنی چەن کەسێك .

(زرنگ) مەردومی زیرەکی ووریا .

رۆنی قاڵی شل .

(زرنگانەوە) زررانەوەی دەفرێك کە لە مس یا لە زەرد یا لە زیو دروست کرابێ . زررانەوەی گوێ . روون بوونەوەی شتی شل بە نیشتنی خڵتەی : ئاوە کە یا رۆنە کە (زرنگاوەتەوە) . بە ناوا چوون و درە نگ بوونی شەو : شەو تا (نەزرنگێتە وە) خەووم لێ ناکەوێ . کزربوونەوەی شتی تەرر .

(زرنگە) دەنگدانەوەی زێرر و زیو و مس و زەرد لەکاتی کەوتنی شتێك لێیان (زرنگە زرنگ) زرنگەی یەك لە دوای یەك (زرنگو هوورر) زرنگە زرنگی زۆر .

(زرنگیی) ووریایی و چالاکیی .

(زروو) د . زبری رووش . درشت .

(زرووقان) ز . رەو کردنی گیاندار لە ترساںا .

(زرووقانەوە) پێکەنینی مناڵ .

(زرووکە) رەنگی باڵندەی پچووك ، (زرووکە زرووك) زرووکەی یەك لە دوای یەك .

(زروە) گیایەکی کوێستانی یەگەڵای وەك (تەربیی) وابە (ھ) . درشتەی شت (د) .

(زروێ) زروویی .

(زروویی) ھ . ئەسپۆن .

(زرۆیی) ئەسپۆن .

(زرە) ز . زرێ .

(زرەقیان) د . پێکەنین بە دەنگی بەرز .

(زرەك ووڵاخێکە کە رەشێنەی چاوی سپی بێ .

(زرەکبوون) بە شەوارە کەوتنی بزن و مەرر بە هۆی بروسکەوە .

(زرێ) کاڵایەکی جەنگی یە لە زرێیژەی ئاسن ئەتەنرێ و لە جەنگا لە بەر ئە کرێ بۆ ئەوەی شیرو تیر نەی بررێ . زەریا .

(زریان) رەشەبا . بەفروبارانی زۆر کە بە بای ساردی بە هێزەوە بێ . گۆپکە کردنی درەخت (د) .

(زرێبار) زەمینێکە کە رۆ چوو بێ و بووبێ بە دەریاچە . ناوە بۆ دەریا چەکەی مەریوان .

(زرێپۆش) کەسێکەکە زرێی لە بەرابێ .

(زرێچە) دەریاچە .

(زرێدار) زرێپۆش . فرۆکەو ئۆتۆمبیل و کەشتی جەنگیی بۆ لابێن .

(زریسك) زریشك .

(زریشك) درەختێکی زۆر دررکاوییە

ئەکریٚ بە پەرژین هێندێکیان بەرێکی خۆش ئەگریٚ و ئەکریٚ بە سەر پلاٚوا .

(زرینچك) زرینچکاو .

(زرینچکاو) ئاوێکی زەرد باوە لە برین دیٚ .

(زرینگانەوە) زرنگانەوە .

(زرنگە) زرنگە .

(زرێوار) زرێبار . تەپۆلکە .

(زرێوان) کەشتی وان .

(زریە) دەریا .

(زریچ) ز . قوررقوشم .

(زریزانە) زیزانە .

(زریزە) چەن پارچە تە لێکی لێك هەڵکێشراوی درێژە .

(زریسك) مۆرد .

(زریکاندن) توند قیژاندنی گیاندار .

(زریکانن) زریکاندن .

(زریکە) دەنگی بەرزی تیژی توندی گیاندار . (زریکە زریك) زریکەی یەك لە دوای یەك . (زریکوهوورر) زریکە زریکی زۆر .

(زریکەکردن) زریکاندن . بریتی یە لە توقینوترسان: دەك (زریکەکەیت) . پلدانی ئەندام بە ئازارەوە .

(زریکە لیٚ هەڵساندن) ئازار گەیاندن بە یەکێك بە جۆرێ کە بزریکێنیٚ .

(زریین) ز . زەرریین .

(زریینگ) زرنگ .

(زریینگە) زرنگە .

(زرییوە) دەنگێکەوەك دەنگی چۆلەکەو سیسرك (زرییوەرریو) زرییوەیەكلە دوای یەك . وورشەو پرشەی شت (د) .

(زسان) زستان .

(زستان) سیٚ مانگەی دوای پاییز .

(زستانە) زستانیی .

(زستانەوار) زستانە هەوار .

(زستانەیی) زستانیی.

(زستانیی) شتێکە کە هەر لە زستا نا بە کار بهێنریٚ .

(زغاڵ) ل . خەڵووز .

(زغرك) ز . وورده بەرد .

(زفت) جۆرێکە لە قیر بەلاٚم ئەم بۆرە لووکە .

(زڤار) با . پارچەی شت .

(ز ڤر) ز . زبر .

(زڤران) با . سووررردان .

(زڤرك) با . شەنگە سوورە .

(زڤر یین)گەررانەوە (با) . سووررانە

وه (ز) .

(زڤستان) با . زستان .

(زڤنگ) با . ئه شكه وتێكه كه بشێ بۆ ئه وه ی تیا بحه سێنیته وه .

(زڤاف) ز . گا سێكه كه ده ستی لێ هه لبرابێ بۆ ئه وه ی كه زۆر بچه قێ .

(زك) سك .

(زكئێشه) سك ئێشه .

(زكبه ردان) بریتی یه له زۆرخواردن.

(زكپڕ) گیانداری ئاووس .

(زكچوون) بریتی یه له ره وان بوون و سه رپێ پێ كردن .

(زكدڕاو) بریتی یه له گیانداری زۆر خۆر .

(زكرزین) زكچوون .

(زكره ش) ز . قین ئه ستووری دڵ پیس .

(زكزل) زكدڕاو .

(زككردن) ئاووس بوونی مێینه وه رانی .

(زك له وه رراندن) بریتی یه له كه سێك كه به هه واته خۆی بژیه نێ .

(زك له وه ررین) كه سێكه به هه واته خۆی بژیه نێ .

(زكماك) ده ردێكه كه تووشی گیاندار بووبێ له سكی دایكیا .

(زكن) د . نه وسن .

(زكوزا) سكوزا .

(زكوونیی) ز . نه وسنی چلێس .

(زكه شۆره) زكه شۆرێ .

(زكه شۆرێ) سكچوون .

(زكه شۆرێپێكه وتن) بریتی یه له ماندوو بوونی یه كێك به هۆی هاتو چۆی زۆره وه .

(زكه ماسێ) د . ئاو به ند .

(زگ) زك .

(زگار) هه ره وه زكردن بۆ تووتن شكاندنه وه . چنینه وه ی خورماو مێوه ی تر له ژێر داره كه یا (ل) .

(زگ ئێشه) سك ئێشه .

(زگپڕ) سكپڕ .

(زگچوون) سكچوون .

(زگدڕاو) سكدڕاو .

(زگرزین) سكچوون .

(زگزل) سكزل .

(زگسووتان) سكسووتان .

(زگماك) سكماك .

(زگه ررۆ) سكه ررۆ .

(زگه شۆره) سكه شۆره .

(زگه شۆرێ) سكه شۆرێ .

(زل) شتی گه وره . په ل و پۆی گیای

هەڵوەرییو (ز) .

(زلان) رەشەبا .

(زلبوون) بەرز بوونەوەو ئەستوور بوونی گیاندارو درەخت و سەو زایی . بر یتی یە لە بەرز بوونەوەی پایەی یەكێك .

(زڵچە) دەنگێكە لە خواردن یا تێكردنی پلاوو قبوولی زۆر چەورە وە دێ : پلاوەكە (زڵچە) ی دێ ، (زڵچە زڵچ) زڵچەی یەك لە دوای یەك .

(زلحۆ) زلحۆرت .

(زلحۆرت) بریتی یە لە مەردومی قەبەی زەبەللاح .

(زلحۆل) زلحۆرت .

(زلزلە) جەرە تاوو زەر داوێكە كە لە بریین دێتە دەرەوە . ناوی‌دێ یەكەلە ناوچەی سرۆچك .

(زلف) ئەگریجە .

(زلفگیر) د . شتێكە ئەدرێ لە زلف بۆ ئەوەی تێك نەچێ .

(زلفنج)گیایەكی زۆر تاڵی بەهاریی یە گەلای وەك كەرەووز وایە بە هارر راوەیی ئەكرێ بە بریینی كرمە ژنەی ئاژاڵەوە . قوززەڵقورت .

(زلفنج كردن) ووتەیەكە لە رووی سووكی یەوە ئەووترێ بە یەكێك لە جیاتی ووتەی قوززەڵقورت .

(زڵق) سڵق .

(زڵقاو) قورراو (د) . سڵقاو .

(زڵقیاك) د . قورری شڵە قاو .

(زلكوێر) چاو شڵە قاو .

(زلكە) ناوە بۆ جۆرە ترێ یەك .

(زللە)لێدانبە بەری‌دەست لە بناگوێی یەكێك .

(زلۆبیی) ناوساجی .

. (زلوو بیا) جۆرە شیرینی یەكی كون كونە وەك پەنجەرە لە هەوییرئەكرێو شیلەی شەكری بە سەرا ئەكرێ .

(زلووك) ز.دەنك: (زلووك) ە شقارتە یەك واتە دەنكێكی .

(زلووكە) ز . شقارتە .

(زلە) زل : ئەم‌شتە (زلە) یە . زللە .

(زڵە) دەنگی چەن كەسێك بەكۆمەڵیی

(زڵە زڵ) دەنكە دەنگی چەن كەسێك .

(زلە قیاك) د . زڵقیاك .

(زڵەقیان) د . شڵەقانی قوررو شتی‌تر .

(زلیی) زەلامی و گەورەیی شت .

(زماك) ز . شوێنی نسرم‌لە شاخ‌كە هەتاو نەی گرێ .

(زمان) زبان .

(زمانبەد) زبان بەد .

(زمانبەدیی) زبان بە دیی .

(زمانپاك) زبان پاك .

(زمانپاکیی) زبان پاکیی .

(زمانپیس) زبان پیس .

(زمانپیسیی) زبان پیسیی .

(زمانتاڵ) زبان تاڵ .

(زماندار) مەردومی بە دەم .

(زماندرێژ) زبان درێژ .

(زماندرێژیی) زبان درێژیی .

(زمانزان) زبان زان .

(زمانشرر) دەم شرر .

(زمانشکان) زبان شکان .

(زمانشیرین) زبان شیرین .

(زما نکێشان) بریتی یە لە تینوێتی یـا ماندوێتی .

(زمانگرتن) زبان گرتن .

(زمانگەستن) زبان گە ستن .

(زمانگیران) زبان گیران .

(زمانلووس) زبان لووس .

(زمانه) زبانه .

(زمانه پچکۆله) زمانیکی پچکۆلا نه ی لە قوورگی گیاندارا .

(زمانه چکۆله) زمانه پچکۆله .

(زمرروت) جۆرە بەردێکی سەوزکاری جوانی بە نرخە .

(زمرق) چزووی دووپشك و زەردە والّەو زەردە زیررە .

(زمسان) زستان .

(زمسانه) زستانه .

(زمسانی) زستانی .

(زمه) تەلێکی راستە وا بە ژێر لوولەی تفەنگەوە گیروگرفتی ناو لوولەکەی پێ رایی ئەکرێ . لوولە ئاسنێکیدەم تیژە چەرمی پێ کون ئەکرێ بۆ تێ هەڵکیشانی (چاخمە) .

(زمهارر) د . ئاردێکە کە بۆ زستان ئەهاررێ و هەڵ ئەگیرێ .

(زمهەرر) زمهارر .

(زن) ز . زن .

(زنار) ز بەردی گەورە . ماهی ـ ەرد (با) . .

(زنتۆت) گ . پێکەنین بە مەردوم .

(زنج) هۆدەیەکە لە قامیش و چیلکە و پووش و قووردروست کرابێ . چەنا گە (د) . دوو تاسە کە لە مووسیقادا لە یەك ئە درێ .

(زنجاف) ل . پەرا وێزی کەوا .

(زنجیر) چەن پارچە ئاسنێکی ئەستووری

تێك هەڵکێشراوی درێژە .

(زنجیرە) هەڵبەستنی لێواری چەفتە و بەرماڵ و مشکی و هێندێ شتی تر بە دە وو یا بە ئاوریشم . چەن شتێکە کە لە تەنیشت یەکەوە بە قەتارە وەستابن . بررگە بررگەی لێواری شت .

(زنجیرەبەستن) وێستانی چەن شتێکی زۆر بە گردیی بە تەنیشت یەکەوە .

(زنجیرە دار) شتێکە کە زنجیرەی بێ وەك پەنجا فلسیی .

(زنجیرە دان) زنجیرە بەستن .

(زنچکاو) زرینچکاو .

(زنگازنگ) ز . دەنگی زەنگ .

(زنگرین) ز . تۆپینی سەگ .

(زنگل) ز . زەنگوڵە .

(زنێر) ماهی زەرد .

(زۆ) گیایەکی بەهاریی کوێستانی بۆن خۆشە ئەخورێ و گەڵای لە گەڵای چنوور ئەچێ .

(زوان) زبان . زیوانی ناو دەغڵ .

(زوبەرجەد) جۆرە بەردێکی جوانی بە نرخە .

(زۆپا) سۆپا .

(زۆپە) سۆپا .

(زۆتك) ز . لێواری کونی قنگ .

(زوخ) د . هێزو تەوانایی .

(زۆخ) زووخ .

(زوخاڵ) خەڵووز .

(زوخاڵدان) خەڵووز دان .

(زوخم) د . بنکی گیایەکی تاڵی بۆن خۆشە .

(زۆر) شتێکە کە کەم نەبێ . هێز : بە (زۆر) شت لە کەس مەسێنە . ستەم : (زۆر) داریی خراپە .

(زۆران) باوەش کردنی دووکەس بە یەکاو هێنان و بردنی یەکتریی بۆدان بە زەوییدا .

(زۆرانباز) کەسێکە کە زوران باش بگرێ .

(زۆرابازیی) زۆران گرتن .

(زۆرانگرتن) ئامادەبوونی یەکتریی بۆ زۆران .

(زۆربگیر) شتێکە کە بە یەکێکی بکەی بە زۆر .

(زۆربگیریی) بێگاریی .

(زۆربڵێ) کەسێکە کە قسە زۆر بکا .

(زۆربڵێیی) سازندەیی و قسەزۆر کردن .

(زۆربۆهاتن) تەنگە تاو بوونی گیاندار .

(زۆر بۆهێنان) تەنگە تاوکردنیگیاندار.
(زوربە) بەشی زۆر لە شت : مەررەکان
(زوربە) ی زاوە . شتی زۆر: فیسارکەسنانو
چێشتێکی (زوربە) ی دا .
(زوربەسەندن) زۆر بوون و پەرەسەندنی
شت : ئاگرەکە یا ئاوەکە (زوربەی سەند) .
(زۆربێژ) زۆر بلێ .
(زۆر بێژیی) زۆر بلێ یی .
(زۆرخانە) جێگایەکی تایبەتی یە هێندێ
جۆرە یاریی تیائەکرێ بۆبە هێز بوونی ئەندام
و جەستە .
(زۆرخۆر) گیاندارێکە کە زۆر بخوا .
(زۆر خۆریی) خووگرتن بە خواردنی
زۆرەوە .
(زۆردار) ستەمکار .
(زۆرداریی) ستەمکاریی .
(زۆردە) د . فەرییکی جۆوگەنمو نۆك
(زوررات) زەررات .
(زوراتە کێوییلە) جۆرێکە لە زورات .
(زوررنا) لوولەیەکی کونکونە سەرێکی
خررو والە سەرەکەیتری بارییکە (فیقەنە)
یەکی پێوەیە فووی پیائەکرێودەنگێکیزییقی
لێ پەیدا ئەبێ .
(زوررناتك) گیا یەکی بە هاریی گەڵا
ووردی.پررە دۆشاوەکەی بۆ دەردی شوقاقی
باشە .
(زورناژەن) کە سێکە کە باش زوررنا
لێ بدا .
(زوررناسەقەتە) زەررنە قووتە .
(زۆرزان) بریتییە لەمەردومی فێڵباز.
(زۆرزانیی) فێڵبازیی .
(زۆرگ) زنجیرە گردێکە کە خررە
بەردی زۆر بێ .
(زۆرلێکردن) پێ نانەرێسیملی یەکێك
بۆ کردن یا ووتنی شتێك بە زۆر .
(زۆرم)د . زورمە .
(زۆرملێ) د . زۆرەملێ .
(زورمە) زوربە .
(زۆرمە) زورمە .
(زۆروزەبەند) شتی زۆر .
(زۆر وەرر) هەڵەوەرر .
(زۆر وێژ) زۆر بێژ .
(زۆرە زمێ) د . زرمە زلێ .
(زۆرەکیی) زۆر بگیریی .
(زۆرە ملە) زۆرە ملێ .
(زۆرە ملێ) زۆر لێکردن .
(زۆرە ملیی) زۆرە ملێ .
(زۆرەوانیی) زۆرانبازیی .

(زۆرێتی) زۆریی .

(زۆریی) بوونی شت بە زۆر .

(زۆزان) با . کوێستان .

(زوسان) . زستان .

(زۆسان) د . زستان .

(زۆڤ) ز . هەزار پێ .

(زوقم) شتێکی سپی یە وەك بەفر لە شەوی سایەقەی زستانا پەیا ئەبێ .

(زۆڵ)مناڵێکە کە لە باوکێکی هاوسەری شرعی پەیا نە بووبێ . زوێڵ . بریتی یە لە مەردومی زۆر زانی فێڵباز .

(زوڵاڵ) شتی بێ گرێ و قورت : دەنگی (زوڵاڵ) ە یا ئاوەکە (زوڵاڵە) ە واتە روونو بێ خەوشە .

(زوڵف) زڵف .

(زۆڵەك) جۆرە دەنکێکە لە ناو گە نمە شامی و نۆکو بەرروودا کە نابرژێو ناکوڵێ. زۆڵ .

(زۆنپ) ز . پیێکی بەرد شکاندن .

(زۆنکاو) زونکاو .

(زۆنگ) زەمینێکی چاڵە کە ئاوی تیا وەستابێ .

(زونکاو) زۆنگ .

(زوو) پێش وەخت : (زوو) هاتییت . خێرا : (زوو) کە ، واتە خێرا کە .

(زووالّە) د . زوێڵ . هەڵما تێکە کە لە قوورر دروست کرابێ .

(زووان) زبان .

(زووانباز) د . درۆزن .

(زووانبەد) زبان بەد .

(زووانبەدیی) زبان بەدیی .

(زووانبەس) دەمبەست .

(زووانبەسە) د . بریتی یە لە گیانداری بێ زبان .

(زووانپاك) زبان پاك .

(زووانپاکیی) زبان پاکیی .

(زووانپیسیی) زبان پیسیی .

(زووانتاڵ) زبان تاڵ .

(زووانخۆش) زبان شیرین .

(زووانددرێژ) زبان درێژ .

(زووانددرێژیی) زبان درێژیی .

(زووانددار) بریتی یە لە مەردومی دەم هەراش .

(زووانزان) زبان زان .

(زووانشکان) زبان شکان .

(زوانشیرین) زبان شیرین .

(زووانگرتن) زبان گوتن .

(زووانگەستن) زبان گەستن .

(زووانگیران) زبان گیران .

(زووانلووس) زبان لووس .

(زووانمه‌لیچك) د . تۆوی دره‌ختی بناو.

(زووانه) زبانه .

(زووانه پچکۆله) زبانه پچکۆله .

(زوواو) با . شتی ووشك .

(زووبه‌زوو) شتی زۆر زوو : من ئه‌ررۆم تۆش (زوو به زوو) وه‌ره .

(زووخ) کێماوی برین .

(زووخال) خه‌ڵووز .

(زووخاڵدان) خه‌ڵووزدان .

(زووخاو) زرینچکا وێکه له ده‌روون دێته‌ده‌ره‌وه . بریتی‌یه له‌تاڵاو:زۆرم (زووخاو) به ده‌ستەوه چه‌شت .

(زوور) زبر . زه‌ویی کرڕێنی که‌مگڵ.

(زووران) زبران .

(زووررە) ده‌نگی گریانی‌مناڵ که‌به‌جه‌ختی بگری (زووررە زوورر) زووررەی یه‌ك له دوای یه‌ك .

(زووررەز) جۆره ترێ یه کی پێست ئه ستووری ره‌شه‌زووپێ‌ئه‌گا.ترێی یاقووتی.

(زووررەس) زووررەز .

(زووره) زبره .

(زووره‌با) ئا زارێکی کوتو پڕیی یه هێندێ جار ئه‌داته جه‌سته‌ی مه‌ردوم .

(زووره زوور) ز . قووررە قوو رری سه‌گ .

(زووریی) زه‌روو (ز) . زبریی .

(زووز) گیا یه‌کی ئاویی یه که لای له (پیزڵ) ئه‌چێ‌به‌ڵام ئه‌م نه‌رم‌تروباریك تره.

(زووسان) زستان .

(زووشك) دووپشك .

(زووگیین) د . له مه پێش .

(زووم) با . هاوینه هه‌وار .

(زوونا) گیایه‌کی به‌هاری‌یه که‌ڵای وه‌ك رێحانه وابه‌گوڵێکی شین ئه‌گرێ .

(زووه) د . زه‌وه .

(زوهم) ز . رۆنو پیو.

(زوهۆر) د . شوێنی ئاوه‌زێ .

(زوێڵ) پارچه چه‌رمێکه له سه‌ر باری درێژیی هه‌ڵ‌هێزابێ . زبلی ناو ماڵ (د) .

(زوێر) گیانداری‌زیزی‌دڵگیر له شتێك (زوێر بوون) دڵگیر بوون ، (زوێر کردن) دڵگیر کردن .

(زوێریی) دڵگیریی .

(زوێل) زوێڵ .

(زه‌ب) ز . شتی زۆر ره‌ق .

(زه‌بر) هێزونهێم: (زه‌بر) ی مه‌ده‌رێ.

(زەبردار) زەبر بە دەست .

(زەبر بە دەست) بریتی یە لە مەردومی دەست درێژی زۆردار .

(زەبرگەیاندن) نیم گە یاندن بە شتێك

(زەبروزەنگ) توندو تیژیی لە ئیش‌و کارا .

(زەبرەقوون) هێلکە .

(زەبرە قوونە) زەبرە قوون .

(زەبلۆق) ز . شتی لووس .

(زەبوون) گیانداری کزی لاوازی بێ هێز ، (زەبوون‌بوون) بێ هێزبوون ، (زەبوون کردن) بێ هێز کردن .

(زەبوونیی) کزیی‌و بێ هێزیی .

(زەبەر) ز. ژێر .

(زەبەرجەد) زوبەرجەد .

(زە بەردەست) زەبر بە دەست .

(زەبەش) ز. شووتی .

(زەبەللاح) گیانداری زلی چـوار پەل قەویی .

(زەبەن) زەبەنگ .

(زەبەند) زەبەنگ .

(زەبەنگ) شوێنی‌چرری پرر لە قامیش‌و دررکو داڵ .

(زەحف) ز . زۆر لە هەموو شتێك .

(زەحفکردن) دڵ چوون .

(زەحفەران) زەعفەران

(رەحفەرانیی) شتێکە کە رەنگی وەك رەنگی زەحفەران وابێ .

(زەخت) ز . نەقیزە .

(زەختە) زەخت .

(زەخم) برین .

(زەخماویی) برینداز .

(زەخمدار) بریندار .

(زەخم دەرکردن) پەیابوونی برین لە ئەندام .

(زەخمك) ز . قایشێکە کە ئاوزەنگی پێ توند ئەکرێ لە زین .

(زەخم‌کردن) برین‌کردن لە یەکێك .

(زەخمە) بـا . سوخمە .

(زەخەڵ) قوماریاز .

(زەدوخورد) دانی دووکەس یا زیاتر لە یەکتریی .

(زەدە) شتی شکست .

(زەر) ز . زەرد .

(زەرا) شتی زۆر کەم .

(زەراڤە) ز . کونی پچووکی دیوار .

(زەرانیی) ئەژنۆ .

(زەراهیی) زەردیی .

(زەرایی) زەراهیی .

(زەربەژ) با . زەبەش .

(زەرپچیی) ز . مـەردومی لەرری زەردەڵە .

(زەرتك) گیایەکی بەهارییە بە تەرریی رەشباوەکە ووشك بوو زەرد ئەبێ و بەنی بێ زەرد ئەکرێ.گەڵایەکی پچکۆلەیە لەبن‌گەڵای پانی تووتنە وە ووشك ئەبێ . ناوە بۆ جۆرە ترێ یەك (با) .

(زەرتکە) جۆرەگەنمێکی زەردی دەنك قەڵەوە .

(زەرد) جۆرە رە نگێکە وەك رەنگی زەردێنەی هێلکە . جۆرە شتـێکی زەردە لە کان دەرئەهێنرێ‌وئەکرێ‌بە سەماوەرو هێندێ شتی‌تر . شاخی زۆرسەخت .

(زەردالوو) هەڵوژە زەردە .

(زەرداو) شتێکی تاڵی‌زەردە لە دەروونی هێندێ کەس دێتە دەرە وە کە پێی ی ئەڵێن (سە فرا) .

(زەردایی) زەردێنە . زەردێتی شت .

(زەردایی کردن) بە ئاستەم ترو سکە کردنی چاو .

(زەردباو) شتێکە کە بە سەر زەردا برروانێ .

(زەردبوون) رەق بوونی گەنم و جۆ . گەییی برییـن و دوومەڵ . بر یتی یە لە ترسانی یەکێك .

(زەردکردن) بریتی‌یە لە زۆر ترسان.

نیوە کوڵاندنی هێندێ سـەبزە : بامێکە یا کاردووەکە (زەردکە) .

(زەردو زۆڵ) شتی زەردی جوان .

(زەردوسوور) بریتی‌یە لە مناڵ : فیسار کەس کۆ شێك (زەردو سورر) ی لە پاش بە جێ ماوە .

(زەردۆیی) ناوە بۆ تیرەیەکی‌کورد لە رۆژەڵاتی سیروان .

(زەردویی) جۆرە مووروویەکی زەردە ژنان ئەیکەنە مل‌و دەستیان. دەردێکە تووشی مەردوم‌ومەرەزەئەبێ زەردیان‌هەڵ ئەگیررێ.

(زەردە) جۆرە ماسی یەکە وەك (قاشنە) بەڵام پووڵە کەکانی رەق و زل نی یە ، وە لە خواردنا فررێ‌نادرێ. ناوە بۆجۆرەترێ‌یەك . تیشکی هەتاولە بەیانیانوئێواراندا : (زەردە) کەوتوە یا (زەردە) ماوە . زەردە خەنە . حەڵوای شەکر (ز) .

(زەردە پەرر) کاتی ئاوابوونی خۆر کە زەردە بە سەر کەلەوە بێ .

(زەردە چۆ) د . زەردە چەوە .

(زەردە چوو) زەردە چەوە .

(زەر دە چە وە) دەر مانێكی زەردە ئەهارر رێتەوەو ئەكرێتە ناو هێندێ چێشتی شلەوە .

(زەردە چێو) زەردە چەوە .

(زەردە خەنە) پێكە نینی بێ دەنگ .

(زەردە دررك) د . درركە زەردە .

(زەردە زیررە) باڵندە یەكی پچووكی سەر رەشە لە هەڵفررینا ئە زیر ێنێ . جۆرە مێشێكی چزوودارە هێلانە لە بنمیچ و پاڵ دیوارا ئەكات .

(زەردەسیریی) گیایەكی گەڵا ووردی درركاوی یە بۆ كەچەڵیی زۆر باشە .

(زەردە كەنیی) زەردە خەنە .

(زەردەڵپەرر) زەردە پەرر .

(زەردە لوو) هەڵوو ژە زەردە (با) . قەیسیی (ل) .

(زەردەلە) میوەیەكە بە هەتاو ووشك كرابێ .

(زەردەڵە) مەردومی زەرد باو .

(زەردە مار) جۆرە مارێكی زەردی رەقی پیسیی كوشندەیە .

(زەردەواڵە) گیاندارێكیچزوودارە لە هەنگ گەورەترەنیوەی زەردو نیوەی ئاڵە.

(زەردەوەلیی) هـ . باڵندەیەكی زەردی جوانی باڵ رەشە .

(زەردەی) هـ . زەردوو یی یەكە ژن ئەیكاتە دەستی .

(زەردیوەرە) هـ . باڵندە یەكی زەردی پچووكە .

(زەردەیی) د . ەردوویی .

(زەردێنە) شتێكی زەرد دە لە ناو سپێنەی هێلكە دا .

(زەردیی) زەردێتی شت .

(زەردینە) بریتی یە لە زێرر و چەكی ژنان : (زەردینە) لە ماڵما نیە .

(زەردیویی) زەردویی .

(زەرر) زێرر . ووتەیەكە بە رامبەر بە گوێ درێژ ئەووترێ بۆ ئەوەی كە بزەررێ .

(زەررات) گەنمە شامی .

(زەرراندن) زەرریینی كەر .

(زەرر خرریی) د . زەرر خرر ید .

(زەررخرریدە) بەندەیەكە كە بە پارە کررابێ .

(زەرر كفت) شتێكی زەردی جوانە ئەگیرێتە وەو ئەدرێ لە رووی هێندێ شت بۆ جوانیی .

(زەرركەش) جوانكردنی دیوی دەری

شت بە زێر .
(زەررکەشیی) ئالْدۆزکاریی شت بە زێرر
(زەررگەر) زەررەنگەر .
(زەررناس) سەنگی محەك (د) . بریتی یە لە مەردومی دانای شارەزا لە شت .
(زەررنەقووتە) بەچکەی باڵندەی پەرر دەر نەکردوو . پەنجەی باڵا بەرزە (د) .
(زەررنیخ) د . زەررنیق .
(زەررنیق) دەرمانێکی زەردی قورسە لە کان دەر ئەهێنرێ و بۆ گەلێ شت بە کار دێنرێ .
(زەررە) دەنگی زەررینی کەر ، (زەررە زەرر) زەررەی یەك لە دوای یەك . تە حرو شێوە: فیسار کەس (زەررە) ی تاڵە ، واتە ئێسکی قورسە .
(زەررهاتن) بریتی یە لە یاخی بوونی یەکێك بە جۆرێ کە بەرزتر لە خۆی بدوێ وقسە بکا.
(زەررەتاڵ) ئێسك قوورس .
(زەررە شیرین) ئێسك سووك .
(زەررەنگەر) کەسێکە کە زێرزکاریی بکا.
(زەررین) تێ هەڵکردنی کەر بە زەررە. بریتی یە لە یاخی بوونی یەکێك بەشتێك : فیسار کەس (زەررییوە) واتە لە خۆی یاخی بووە .
(زەر زانیق) ز . دارێکی درێژە ناوە راستەکەی لە سەر قوقزایی یەك دا ئەنرێ ، دوو منالْ سواری ئەم سەرو ئەو سەری ئەبن هەر دەمەی یەکێکیان بەرز ئەبنەوە .
(زەرزەڤات) سەبزەوات .
(زەرسك) جۆرە دارێکە توێکڵەکەی ئەکرێ بە دەرمانی چاو .
(زەرف) پاکەتێکە کە کاغەزی نوسراوی تێ ئەخرێ . بریتی یە لە هوشیاریی و زرنگی لە کارو بارا : فیسارکەس بە (زەرف) ە یا بێ (زەرف) ە .
(زەرقیی) شتی جوانی رەنگاو رەنگ.
(زەرك) توێکڵی سەوزی گوێز. زەرگ . ناوە بۆ جۆرە ترێ یەك (با) . زەردێنەی هێلکە (ز) .
(زەرکەتاڤ) ز . زەردەی ئێواران.
(زەرگ) شیشێکیی درێژە وەك دووخی خەررەك ، سەرێکی تیژە و سەرەکەی تری ئەکرێ بە گۆیەکی دارینەو زرییزەی بە بزمار لێ ئەدرێ .
(زەرگاڵ) با . کاڵەیەکە لە موودروست کرابێ .
(زەرگۆز) ز . پەڵك .
(زەرگەتە)زەردەزیپرە . ناوی دێیەکە لە سەرچناری خواروو لە سلیمانی .

(زەروو) کرمێـکی رەشی ئاویی دەم تیژە ئەگیرێتە جەستە بۆ هەڵمژینی خوێنی پیس .

(زەرووریی) ئاودەستخانە .

(زەرووگر) کە سێکە بە پارە زەروو بنێ بە جەستەی مەردووما .

(زەرەیی)ز . جۆرێکە لە داری بیی .

(زەرەك) ز . ملوانکەی کارەبا . نەخۆشی زەردوویی .

(زەرەکەت) گیایەکە تۆوەکەی ئەچێنرێ و گزرە ئەکرێ بۆ ئاژاڵ .

(زەرەکەو) ز . زررەکەو .

(زەرەنگ) گیایەکی بەهاریی گەڵا پانە دوو بەرئەگرێ یەکێکیان وەك گوێچکەو ئەوی تریان وەك شەمامە وایە بۆکوشتنی کرم ئەکرێ بە بریینی ئاژەڵەوە .

(زەریا) دەریا .

(زەریقیین)ز . هەڵاتنی رۆژو تریسکو هووررێ .

(زەریف) شتی باش .

(زەریلە) ز . باڵندە یەکی پچکۆ لەی زەردە .

(زەریوەن) هـ . گیایەکی کوێستانی یە بنجەکەی ووشك ئەکرێو ئەهاررێو ئەکرێ بە بریینەوە بۆ گۆشتەو زوون زۆر باشە .

(زەعفەران) گوڵێکی زەردی بۆن خۆشی سوور باوە زۆر بە نرخ و بە کەڵکە .

(زەعفەرانیی) شتێکە کە رەنگی وەك زەعفەران وابێ .

(زەغەڵ) مەردومی چاو کراوەی زیت و ووریا .

(زەفت) د . زفت .

(زەفیی) ز . زەوییەکە کە کشتوکاڵی تیا بکرێ .

(زەق) شتی قۆقز . چاوی بز .

(زەقکردنەوە) چاو بز کردنەوە .

(زەقنە) شتی زۆر تاڵی ناخۆش .

(زەقنە بووت) زەقنە مووت .

(زەقنە پووت) ز . زەقنەمووت .

(زەقنەکردن) ووتەیەکە بە کار دێنرێ لە رووی سووکی یەوە بۆ خوار دنی شتێك لە لایەن یەکێکەوە .

(زەقنە مووت) رەقنە .

(زەقنەمووت کردن) زەقنەکردن .

(زەقە) بزەی چاو (زە قە زەق) بزە بزی چاو .

(زەقەڵ) زەغەڵ .

(زەقە هاتن) بزە بزی چاو : چاوی (زەقەی دێ) .

(زەقین) د . پێکەنین بە دەنگی بەرز .

(زەگر) ز . ووردە بەردی لەت بوو .

(زەل) گیایەکی لق درێژی سێ کووزە لە گوێ ئاو ئەڕروێ . جۆرە قوررە رەشێکە بەنی پێ رەش ئەکرێ .

(زەڵاتە) جۆرە خـوار دە مەنی یە کە دروستئەکرێ لە ترۆزیوتەماتە یالە سرکەو هێندێ شتی چنراوی تر .

(زەڵاڵ) د . زوڵاڵ .

(زەلام) ووتەیەکە بە کار دێنرێ بۆ کەسێك کە ناوی نە زانرێ یا بزانرێ و لە بەر بێ نموودیی نەووترێ: (زەللام کێیت)؟ بە کە سێك کە نەی ناسییت یا (زەلام) ێکم نارد حەلێككە نەتەوێت ناوی بیەییت . شتی گەورە .

(زەلامەررێ) رێگایەکەکە هەر زەلام بتوانێ پیا برروا وە سوارو وولاخ نەتوانێ پیا برروا .

(زەلان) رەشەبا (ھ) . ناوی دێ یە کە لە ناوچەی سرۆچك .

(زەلاندنەوە) حەواندنەوەی یەکێك بە سەر یەکێکەوە بە هەوانتە : میوا نە کەت بە سەر منەوە (زەلاندەوە) .

(زەلانەوە) رابواردن و حەوانەوە بە تێرو پرریی : فیسارکەس بە سەر ئەم سامانەیە وە چاك (ئەزەلێتەوە) . حەوانەوەی یە کێك بە سەر یەکێکەوە بە هاوانتە .

(زەلکاو) شوێنێکە کە ئاوی بۆگەنی تیا وەستابێ وە ناو بە ناو زەلوگیای تیا روابێ .

(زەلکۆ) د . زەلکاو .

(زەلکە) شۆربای برنجی بێ تام . ناوی دێ یەکە لە هەورامانی ئێران .

(زەلوو) زەرروو .

(زەلە) ز . زللە .

(زەڵەویان) شڵە ژان .

(زەلیقاندن) ز . نوو ساندنی شتێك بە شتێکەوە .

(زەلینەوە) زەلانەوە .

(زەما) ھ . زاوا .

(زەماخوا) د . شیرینی زاوایی .

(زەماوەن) د . زەماوەند .

(زەماوەند) شایی .

(رەمبەلەك زەنبەلەك .

(زەمبیلە) دەفرێکی پووشینی دەم پەلە شتی تیا هەڵ ئەگیرێ .

(زەموورەك) تەنوورەی ئاش .

(زەمەق) جۆرە گوڵێکی زەردو سوورو سپی یە گەڵاکەی وەك گەڵای قامیش وایە

بەڵام پان ترە .
(زەمیلە) زەمبیلە .
(زەمین) زەویی .
(زەنبوور) ل . زەردەواڵە .
(زەنبەلەك) تەلیکی پانی تەنکی درێژی هەڵکراوە لە ناو سەعاتا بە خاو بوونەوەی سەعاتەکە ئەنوێو بە کۆك کردنی ئەکەوێتەکار .
(زەنبیل) د . زەمبیلە . ناوی دێیەکە لە موکریان .
(زەنبیلە) زەمیلە .
(زەنجەفێل) د . زەنجە فیل .
(زەنجەفیل) رەگی گیایەکی گەرمیانییە زۆر توونە .
(زەنجیر) زنجیر . ئەڵقە رریز (ل) .
(زەندە زیرره) زەردە زیرره .
(زەندەق) وورە : (زەندەق)ی چوو ، واتە وورەی بەردا .
(زەندقچوون) تۆقین لە ترسانا .
(زەندەك) ز . قۆڵ پێچێکە لە کاتی کارا ئەکرێتە قۆڵ .
(زەنگ) شتێکی بۆشی دەم واڵە لە ئاسن یا لە زەرد یا لە مس دروست ئە کرێ پارچە ئاسنێکی تیایە بە کەوتنی لە کەنارەکانی ئەزرێتەوە . رۆنی زرنگ . ئاو زەنگی (با) . ژە نگ (ز) . درز .
(زەنگاڵ) ترێی هێشو وداڵ (ز) .
زەندەك (د) .
(زەنگ بردن) درز بردنی شت ،
(زە نگ زە نگ) شتێکە درزی زۆری تێ بوو بێ .
(زەنگزرران) بریتییە لەئابرروو چوون.
(زەنگڵە) زەنگوڵە .
(زەنگن) د . زەنگەن .
(زەنگۆ) ز . ئاوزەنگیی .
(زەنگو قۆرر) زەنگێکی گەورەو چەن زەنگێکی پچکۆلانەیە ئەکرێتە ملی پێشە نگ وە ئەشکرێ بە داری چەرخو فەلەکدا بۆ ئەوەی کە دەنگی بێ .
(زەنگۆڵ) تەپڵە سەری شاخ . زەنگوڵە (ل) . دڵۆپی ئارەق و فرمێسك .
(زەنگۆڵ) ئەژنۆ .
(زەنگۆڵە) د . زەنگوڵە .
(زەنگۆڵە و پنچك) گیایەکی بنج دارە وەك گەسك تۆوێك ئەگرێ وەك زەنگوڵە .
(زەنگوول) زەنگۆڵ .
(زەنگووڵە) زەنگی پچووك .
(زەنگوون) ز . زەنگیین .
(زەنگەتە) زەردەواڵە .

(زەنگە سوورە) زەردەواڵە .

(زەنگە قلّیشە) داری ووشکی بە تەور

ات کراو .

(زەنگەن) جۆرە پاچێکی گەورەی لووت

درێژی کەوانەدارە .

(زەنگیانە) جۆرە مووروو یەکی زۆر

ووردە وە گەلێ رەنگی هەیە .

(زەنندە) ماردومی بە زەبرو زەنگ .

(زەنە) چاو سپی یەکی پچکۆلەیە لەسەر

پیتێکی عەرەبی دائەنرێ کە سەرو بۆرو ژێری

نەبێ .

(زەنەق) د . زەندەق .

(زەنەقدار) نەترس .

(زەو) زاوزێ .

(زەوتکردن) داگیر کردنی شتی مەردوم

بە ناررەوا . دەرەقەت هاتن: هەر چەن ئەکەم

(زەوت) ی ناکەم .

(زەوتیی) شتی داگیرکراو .

(زەود) ز . بێگار .

(زەوزان) هاوینە هەوار .

(زەوۆك) ئافرەتێکە کە زۆر منالّی ببێ .

(زەوونج) د . زۆنگ .

(زەوونگ) د . زەوونج .

(زەوە) برینێکی پیسە لە خواردنی

گۆشتی ئاژالّی دەرد مردەوە پەیا ئەبێ ، وە

جێگا کەی دواێ چابوونە وە چالّ ئەبێ .

عارەبە (د) .

(زەوەن) گورگەی گوێسوانە (هـ) .

زەبەنگ .

(زەوی زار) د . زەویی و زار .

(زەویی) ئەم ئەستێرە گەورە گەررۆکەیە

کە ئێمە لە سەری ئەژیین . پارچە یەکە لە

دەشتێك : ئەم (زەویی) یە بەراوە .

(زەویی بە چنگ هەلّکەندن) بریتی یە

لە ئێش و ئازاری زۆر .

(زەویی پێو) مۆوچە خۆرێکی میری یە

کە هەر زەویی بپێوێ « مساح » .

(زەویی و زار) کێلّگە .

(زەویین) د . زەمیین .

(زەویین گیر) د . بریتی یە لە مەردومی

کەفتە کاری گردە نشیین .

(زەها) د . زێی گیانداری مێ یینە .

(زەهاو) شوێنی ئاوەزێ (د) . ناوە بۆ

ناوچەیەك لە کوردستان .

(زەهر) شتێکە کەخواردن وخواردنەوەی

کوشندە بێ .

(زەهراویی) شتێکە کە زەهری پێوە بێ .

(زەهرخەنە) د . زارحەنە .

(زەهردار) شتێکە کە زەهری بێ .

(زەهر کردن) ژەقنەکردن .

(زەهرە ترەك) زارە ترەك ، (زەهرە ترە کبوون) زارە ترەکبوون ، (زەهرە ترەککردن) . زارە ترەککردن .

(زەهرەمار) زاری مار . ووتە یەکە لە رووی سووکی یەوە بە خواردەمەنی یەکێك ئەووترێ : دە (زەهرە مار) ە کەت بخۆ .

(زەهرەمارکردن) زەهرکردن .

(زەهری هەلا هەل) زەهری هەلا هەلا .

(زەهری هەلا هەلا) جۆرە زەهرێکی کوشندەیە لە گیا دروست ئەکرێ .

(زەهلك) ل . زراو .

(زەی) ل . زەویی .

.(زەیتوون) جۆرە درەختێکە بەرێکی چەور ئەگرێ ، بە خۆشکراویی ئەخورێ .

(زەیسان) زەیستان .

(زەیستان) ئافرەتێکە کە تازە زابێ .

(زەین) هێزی بیرو تێگەیشتن : فیسار کەس زۆر بە (زەین) ە .

(زەینرروون) کەسێکە لەشت زوو بگا .

(زەینکوێر) کەودەنی نازیرەك .

(زێ) ناوی پیتێکە لە بیست و حەوت پیتەی کوردیی . ژێ . جۆگە ئـاوی زۆرگەورە .

ناومالی مێیینە . رێگە . رەووشت . ئەندازە .

.(زیاد) شتێکە لە ئەندازەی خۆی بە دەربێ ، (زیاد بوون) زۆر بوون ، (زیـاد کردن) زۆرکردن .

.(زیادە) شتێکە لە ئەندازە بە دەربێ و پێویست نەبیت پێی . سیانزە .

. (زیـادیی) زیادەو لە ئەندازە بە دەریی شت .

. (زیارەت) د . بریتی یە لە گۆرر .

. (زیارەتان) د . بریتی یە لە گۆررستان .

.(زیارەتگا) شوێنی زیارەت .

(زیان) لەکیس چوونی ماڵ : خوابکەم (زیان) ت لێ نەکەوێ . گەزەندو ئـازار : (زیان) ت بۆکەس نەبێ .

(زیاندار) شتی بەزیان .

(زیانداریی) بوونی مەردوم بە جۆرێك کە زیانی لێ بوەشێتەوە .

(زیانکار) گیانداری بە زیان .

(زیانکردن) زیان گەیاندن .

(زیانگەیاندن) لەکیس دانی شتی مەدوم . ئێش و ئازار گەیاندن بە مەردوم .

(زیانە خورۆ) گیاندارێکە کە گیاندارێکی تر بخوا بە زیان یا شتت بخوا بە زیان .

(زیانیی) زیان کردن .

(زیکه) ووردە برینێکی سەر تیژه له ئەندام دەردێ .

(زیتکه) زیپکه . جۆرە ماسی یەکی چووکه بە قەدپەنجه یەك وه هەرگیز لەوه گەورەتر نابێ .

(زیچ) ژەك . زیت (د) .

(زیچکاو) زرینچکاو .

(زێد) نیشتمان . گۆرر . شوێنێکه که مەردوم تیا بحەسێتەوه .

(زێدەوان) پاسەوانی گۆرر . پاسەوان (د) .

(زێر) ز . زبر .

(زێراب) گۆرریچەیەکه له ناومالا ئاوی پیسی لێ دەربچێ .

(زێراو) د . زێراب .

(زێرر) تەلا .

(زێرر باف) زێرر بافت .

(زێرر بافت) تەنراوی گوڵ سورمه .

(زێرر کار) زەررەنگەر .

(زێرر کفت) زەرر کفت .

(زێرر گەر) زەررگەر .

(زێرر ریین) شتێکه له زێرر دروست کرابێ .

(زیرگ) د چلك .

(زیرگن) د . چلکن .

(زێروو) زەردوو .

(زێسان) د . رەیستان . ژێر زەمیین .

(زیڤار) ز . هەزار .

(زێڵ) هـ . دڵ .

(زیلکه) جۆرە ترێ یەکی ناسکی مزری سپی بزمار کوته ساڵی دووجار بەر ئەگرێ .

(زێلوو) زەروو .

(زینات) ز . زۆرو ستەم .

(زیناتکار) ز . زۆرداری ستەمکار .

(زینان) زیندان . گوپکه کردن (د) .

(زینچکاو) زرینچکاو .

(زیندان) بەندیخانەی قووڵی تاریکی ناخۆش له زەویی دا .

(زیندانەوان) پاساووڵی زیندان .

(زیندانیی) کەسێکه که له زیندانا بێ .

(زیندگ) زیندوو .

(زیندوو) گیان لەبەر .

(زیندوو بوونەوه) بریتی یه له بەخۆدا هاتنەوەی گیاندارو سەوزایی .

(زیندوو کردنەوه) بریتی یه له تازه کردنەوەی شتێك که کۆن بوو بێ .

(زیندوویی) زیندوێتی .

(زیندوێتی) بوونی شت بـه زیندوو .

(زینده بەچاڵ) گیاندارێکه کەبەزیندوویی نێژرابێ ، (زینده بەچاڵ کردن) مەردوم ناشتن

بە زیندووبی .

(زیندە بە گۆرر) زیندە بە چاڵ .

(زیندە چاڵ) د . زیندە بە چاڵ .

(زیندە گانیی) ژیان .

(زیندەگیی) زیندەگانیی .

(زیندە ماڵ) ئاژاڵی ناو ماڵ .

(زیندەوار) زیندەوەر .

(زیندەوەر) زیندووی گیان لەبەر .

(زیندەوان) سەرۆکی بەندیخانە (مدیری سجن) .

(زیندیی) زیندوو .

(زینگان) زیندان .

(زینگانیی) زیندانیی .

(زینگانەوان) زیندانەوان

(زینگوو) زیندوو .

(زینگووبوونەوە) زیندوو بوونەوە .

(زینگووکردنەوە) زیندووکردنەوە .

(زینگە بە چاڵ) زیندە بە چاڵ (زینگە بە چاڵ کردن) زیندە بە چاڵ کردن .

(زینگە چاڵ) د . زیندە چاڵ .

(زینگەو بوون) د . زیندوو بوونەوە .

(زینگیی) د. زیندەگیی .

(زینـنان) د . زیندان .

(زیننە) د . زیندوو .

(زێو) زیو .

(زێوار) شتێکە کە گیرابێ بە قەراغی شتێکی ترا .

(زێوارگرتن) گرتنی زێوار بە قەراغی شتا .

(زێوارە زێوار .

(زێوان) زێدەوان .

(زیی) زریشك . تەحرە کشتە کێکە کەوشدروو کەوشی پێ ئەدروێ . بەرۆك . حەواس : بە هەر پێنج (زیی) خەریکە ، واتە بە هەر پێنج حەواس . جۆرە درر کێکی قایمی هەمیشە سەوزە ئەکرێ بە پەرژین .

(زییپ) رۆژانی رەشی شووم لە ساڵا (ر) . زۆر هێنان وتەنگە تاو کردن (-) . رییە .

(زییپك) . تەرزە (ز) . زیپکە .

(زییپلك) ژیلە مۆ .

(زییپە) با . برجی پییرێژن .

(زییت)گیانداری ووریا .

(زییتبوونەوە) ووریابوونەوەی گیاندار .

(زییتك) ر . لەقەی ووڵاخ .

(زییتە) دارێکی باریکە لەفاقەدا سەرێکی بە کشتە کێك بە ستراوە بە ژێ یەکەوە سەرە کەی تری کە دوو فاقە ئەو دەنکەگەنمەی پیا ئەکرێ کە بە دەزوویەکە وە بە ستراوە بە ژێ کەوە .

(زیتەڵ) زیت .

(زیتەڵە) زیت .

(زیتەو بوون) د . زیت بوونەوە .

(زیخ) بەردی زۆروورد . زیرەك (با) .

(زیخەڵان) شوێنێکە کە زیخی زۆر بێ .

(زیخەڵانی) زیخەڵان .

(زیراڤ) ئارد . شتی دوور .

(زیرراندن) قیژاندنی زۆر بە توند و تیژیی .

(زیررە) دەنگی تیژی گەورەی گیاندار ،

(زیررە زیرر) زیررەی یەك لە دوای یەك ،

(زیررو هوورر) زیررە زیرری زۆر .

(زیررە کردن) بریتی یە لە ترسانی یەکێك بە جۆرێك کە بزیررێنێ .

(زیررە لێ هەستاندن) پەیا بوونی زیررە بە هۆی لێدان یا شت پێوە دانەوە .

(زیرە) دەرمانێکی دەنك ووردی سەوز کاری بۆن خۆشە ئەکرێتە ناو هێندێ چێشتەوە .

(زیرەڤان) با . پاسەوان .

(زیرەك) مەردومی ووشیاری زرنگی تێگەیشتوو .

(زیرەکیی) ووشیاریی و زرنگیی .

(زیرەوان) جاسووس .

(زیز) گیانداری زوویر . دڵی نەرم (ز) .

(زیزانە) گیایەکە لە ناو دەغڵانەڕروێ بە رێکی رەشی تاڵی هەیە وەك زە نگیانە .

(زیزیك) ز . جۆرە مێشێکی سەوزە بەقەدهەنگێك ئەبێ ئەنووسێ بە لقی مێواوئەمرێ .

(زیڤ) ز . زیو .

(زیڤار) هەزار .

(زیڤاریی) هەزاریی .

(زیڤزیڤ) هەزار پێ .

(زیقاندن) زیقە کردن .

(زیقانن) د . زیقاندن .

(زیقاوڵە) مەلێکی سوورباوە لە کۆتر پچووکترە کە ئەنیشێتەوە ئەزیقێنێ .
گیاندارێکی بۆری چوارپێیە لە دەڵەك گەورەترە پێستی بە نرخە .

(زیقن) گیاندارێکە کە دەنگی زیقەی لێوە بێ .

(زیقە) دەنگێکە لە زیلە گەورەترو ناخۆشترە (زیقەزیق) زیقەی یەك لە دوای یەك (زیقو هوورر) زیقە زیقی زۆر .

(زیك) ز . کشتەکی مێوکراو .

(زیکاندن) زیکە کردن .

(زیکانن) زیکاندن .

(زیکن) گیاندارێکە کە دەنگی زیکەی لێوە بێ .

(زیکه) دەنگی تیژیی ناسکی باریك

(زیکه زیك) زیکەی یەك لە دوای یەك .

(زیل) دەنگیکە کە زیلەی لێوە بێ . سەری گیاکە لە رەویی دەر دێ . شتێکە کە دەستی پیا نرا دەنگێکی لێوە دێ بۆ بانگ کردنی بەر دەست . پارچەیەکە لە موسیقا .

(زیڵ) د . دەنگی زیل .

(زیلك) ز . قیتکە .

(زیلۆ)ز . زەروو .

(زیلە) دەنگیکە لە زیکە گەورەترە .

(زیلەزیل) زیلەی یەك لە دوای یەك . زللە (د) .

(زیڵە) د . زیلە .

(زیڵە مۆ) ژیڵەمۆ .

(زین) شتێکە لە چەرمو تەختە دروست ئەکرێ و لە سەر پشتی ووڵاخی بەرزە توند ئەکرێ و سوار لە سەری دائەنیشێ .

(زینپۆش) پەردەیەکی جوانە ئەدرێ بە سەر زینا .

(زیندروو) کەسێکە کەزین دروست بکا.

(زیندوور) د . زین دروو .

(زین کردن) زین بەستن لە ووڵاخ .

(زینکۆ) د . قەڵپووسی زین .

(زینگ) زیندوو .

(زینگیر) د . سنگێکە لە تەو یلە دا زینی پیا هەڵ ئەواسرێ .

(زینو) باسکی شاخ و یاڵ .

(زینە ماڵ) د . زیندە ماڵ .

(زینیی) تەپۆڵکە (ز) . تیغی تیژ .

(زیو) شتێکی رەقی سپیی گران مایەیە لە کان دەر ئەهێنرێ دراوو چەکی ژنانوگەلێ شتی تری لێ دروست ئەکرێ .

(زیوا) گولە زەنبەق .

(زیواڵ) ریشووی کا و شتی درراو .

(زیوان) زیزانە .

(زیوانن) د . جووڵاندن .

(زیو زیوە) ویز ویزە .

(زیوور) زیفزیڤ .

(زیوە) د . جووڵە .

(زیویان) د . جووڵان .

(زیویین) شتێکەلە زیودروست کرابێ.

(زیی یە) درر کەزیی .

پیــــتی ژی ٧

ژ

(ژ) بـا . له : (ژ) بەختییمە، واتە لە بەختی ئیمە .

(ژار) زەهر . لەرروِلاواز (ز) .

(ژاراو) تالاّو .

(ژاراویی) شتیکە کە ژاری پیّوە بیّ .

(ژاردار) ژاراویی .

(ژارقەندە) ژارقەنگە .

(ژارقەنگە) ژاریّکە لە کلکی سەبیل و قەنگەدا کۆ ئەبیّتەوە .

(ژار ماسیی) جۆرە زەهریّکە ماسیی پیّ ئەکوژریّ لە ئـاوا .

(ژارو ژەنگ) ئاژاوەو ناکۆکیی .

(ژاژ) قامیش.قەررەم.گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانیبە تیکەلّی پەنیروسوێرەکە ئەکریّ.

(ژاژك) بنیشت .

(ژاژکە) د . جاچکە .

(ژاژەلاّن) قامیشەلاّن .

(ژاژیی) شیریّژیّکە کە لە پیستەدا هەلّگیرابیّ بۆ زستان .

(ژاژبیرۆن) ز . خواردەمەنییەکە لە (ژاژیی) و رۆن و ئارد دروست ئەکریّ .

(ژاکان) چرچ بوون و تیکچوونیشت : ئەم کەوایە یا ئەم کاغەزە یـا ئەم گولّە یـا ئەم منالّە (ژاکاوە) .

(ژاکاندن) چرچ کردن و دەق شکاندنیشت .

(ژاکانن) ژاکاندن .

(ژاکاو) شتی چرچ بووی دەف شکاو .

(ژاکیاگ) ژاکاو .

(ژاکیان) د . ژاکان .

(ژاکیاو) ژاکاو .

(ژالّ) زار .

(ژالّە) درەختیّکی هەمیشە سەوزی تالّە ، گەلاّی وەك گەلاّی بیی وایە گولّی زەرد یا سوور یا سپیی ئەگریّ . ناوی دوو دیّیە لە ناوچەی سەنگاو و تانجەرۆ .

(ژان) ئازارو ئێشیکە هێندیّ جارتووشی

گیاندار ئەبێ .

(زان بژاردنەوە) ژانێکی دەم دەمی یە لە پێش منالّ بوونا بە چەن دەمێك تووشی ئافرەت ئەبێ .

(زان پیا هاتن) ژانێکە بە گیانداری ئاووسا دێ لە پێش زانیا .

(ژاندار) گیاندارێکە تووشی ژان بوو بێ .

(ژاندن) ژەندن .

(ژانکردن) هاتنە ژانی سکی گیاندار .

(ژانگرتن) جۆرە ژانێکی سەختە لە کاتی زانا تووشی گیانداری ئاووس ئەبێ .

(ژانوژوور) بەرەژانی پێش منالّ بوون .

(زانە زراف) ز . سیل .

(ژا نەسك) سك ئێشە .

(ژانە سەر) سەرئێشە .

(ژاوە) دەنگە دەنگی زۆری تێکەلّ

(ژاوە ژاو) ژاوەی یەك لە سەر یەك .

(ژاوین) جوونی شت بە دان .

(ژبل) ووتەیەکە لە باتی ووتەی بێجگە بە کار دێنرێ .

(ژبۆ) ز . لە بەر .

(ژبەر) ز . لە باتی .

(ژبەر ئاخەفتن) با . بزرکاندنو ووررێنە کردن .

(ژبەرکردن) ز . لە بەر کردن .

(ژبە ش) ز . کالّەك .

(ژبیرکرن) ز . لە بیر چوون .

(ژ زژۆ) ز . ژیژك .

(ژڤژیی) ژیشك .

(ژلووق) شلووق .

(ژلووقاندن) د . شێواندنی شوێنێك و پشێویی تێ خستنی .

(ژلووقانن) د . ژلووقاندن .

(ژلووقاو) د . شلّە ژاو . شلّە قاو .

(ژلووقیاگ) د . ژلووقاو .

(ژلووقیان) د . شلّە قان . شلّە ژان .

(ژلیقانن) د . ژلووقانن .

(ژلیقیاگ) د . ژلووقیاگ .

(ژلیقیان) د . ژلووقیان .

(ژلّیوان) ژلّیویان .

(ژلّیوانن) د . شێواندن .

(ژلّیوە) د . پشێویی .

(ژلّیویان) د . شێوان .

(ژمار) ژماردن : لە (ژمار) نا یەت .

(ژمارتن) ژماردن .

(ژمار دن) بە سەر کردنی شتی زۆر دانە دانە بە ووتنی (یەك ، دوو ، سێ ، چوار) تا تەواو ئەبێ .

(ژمارده) شتی ژمێرراو .

(ژماره) ژماردن .

(ژمارەگر) ژماریار .

(ژمارەگریی) بە سەر کردنی ژمارەی شت «محاسبه» .

(ژماریار) کەسێکە پیشە ی هەر ژمارە بێ «محاسب» .

(ژمێرە) ژمارە .

(ژن) مێ ینەی ئادەمیزادێکە کە شووی کردبێ .

(ژنانە) شتێکە کە بە تایبەتی هینی ژن بێ . گوفتار یا کردارێکە کە هەر لە ژن بوەشێتەوە .

(ژنانیی) پیاوێکە کە خووی لە خووی ژن بچێ .

(ژناو ژن) د . ژن بە ژن .

(ژنباز) مێ باز .

(ژنباق) باوەژن .

(ژنبرا) برای ژن . ژنی برا .

(ژن بە ژن) ژن دان بەیەکێك بە رامبەر بە ژن لێ خواستنی .

(ژن خوشك) خوشکی ژن .

(ژن خوێشك) ژن خوشك .

(ژنك) ژن .

(ژنۆ) ئەژنۆ .

(ژنواژن) د . ژن بە ژن .

(ژنو ژنخوازیی) ژن هێنانی دوو تیرە لە یەکتریی .

(ژن هاووردن) ژن هێنان

(ژنەیی) ز . بێوەژن .

(ژنەفتن) بیستن بە گوێ .

(ژنەوا) د . کەسێکە کە گوێی سووك بێ و باش شت بیستێ .

(ژنەوایی) د . بیستن بە گوێ .

(ژنەوتن) د . ژنە فتن .

(ژنەویین) د . ژنەفتن .

(ژن‌هێنان) مارە کردنی ژن‌وگواستنەوەی بۆ خێزانیی .

(ژنیای) هـ . ژن هێنان .

(ژنێتیی) بوونی ئافرەت بە ژێری دەرهاتوو .

(ژۆ) با . ووتەیەکە لە جێی ووتەی (لە بەر) .

(ژۆر) ز . لای ژووروو .

(ژۆریین) لای ژووروی شت .

(ژوماره) ژمارە .

(ژووان) بەڵێن . جێگایەکە کە راوێژو پەیمانێکی تیا گیرابێ .

(ژوور) هۆدە . ژووروو .بەرسیلە (ز) .

(ژووران) کاتیچوونەژوورەوە لە سەرما

(ژوورگ) ژووروو .

(ژووگین) ژوورگ .

(ژوورنگ) ژووروو .

(ژووروو) لای بەرەو ژوور .

(ژووریٚ) ژوورەوەی شت : بچۆرە (ژووریٚ) .

(ژووژانن) د . حەساندنەوە .

(ژووژك) ژیشك .

(ژوو ژوو) ژیشك .

(ژووژیان) د . حەسانەوە .

(ژووژیانەوە) د . حەسانەوە .

(ژووژیی) ژیشك .

(ژووشك) ژیشك .

(ژووڤان) پەشیمان .

(ژوولاٚن) جوولاٚن .

(ژوولٚە) د . جوولە .

(ژوولٚیاگ) د . شتی ژ اکاوی تێکە لو پێکەڵ .

(ژوولٚیان) د . تێکچوونو دەق شکانی شت .

(ژووم) کات .

(ژە) ز . ژێ .

(ژەبەژ) ز . شووتیی .

(ژەحر) ز . زەهر .

(ژەرەژ) هـ . کەو .

(ژەقنە) زەقنە .

(ژەقنە بووت) زەقنە مووت .

(ژەقنە مووت) زەقنە مووت .

(ژەقنە مووتکردن)زەقنە مووتکردن .

(ژەك) شیرێکیخەستە لەگوانیگیاندار پەیا ئەبیٚ لە پاش زانی تا دوو سیٚ ژەم .

(ژەم) نۆرەیەك تێر خواردن یا تێر خواردنەوە . نۆرە : ئیمرۆ دوو (ژەم) هاتمە لات .

(ژەمبوردوو) ژەمبوردە .

(ژەمبوردە) کەسێکە لە پاش نەخۆشیی و نەخواردنێکی زۆر ئارەزووی خواردنی کرابێتەوە .

(ژەمك) ئەندازەیەکە لە ماست کە دانرابیٚ بۆ ژەندن .

(ژەمەن) کەرەی بەرە مەشکەیەك .

(ژەمەنبردە) ژەمەن بوردە .

(ژەمەنبگردگ) د . ژەمەن بوردە .

(ژەمەنبوردوو) ژەمەن بوردە .

(ژەمەنبوردە) ژەمبوردە .

(ژەمەنە) ژەمەن .

(ژەن) ووتەیەکە لە دوای هێندێ ووتە وە دێ ئەیکا بە فاعل: زوررنا (ژەن) بۆرریە (زەن) .

(ژەندن) هێنان و بردنی ماست لە ناو مەشکەدا بۆ گرتنی کەرەکەی . داخستنی دەرگا و پەنجەرە : دەرگا کە (بژەنە) واتە دایخە . لێدانی زوررناوشمشاڵ . کردنی شتێك بە شتێکا: نانەکە (بژەنە) بە ئاوەکەدا . کردنە وەی لۆکە (ز) . ئاگر کردنەوە بە بەردو بە ئەستێ . بریتی یە لە هەڵپەررین .

(ژەنگ) جۆرە چڵکێکی سوور کارە ئەکەوێتە سەر ئاسن وزەردومس وگەلێ شتی تر .

(ژەنگار) رەنگی سەوزی تێر . مووررووە شین .

(ژەنگاریی) جۆرێکە لە هەنجیر (با) . ژەنگاڵیی .

(ژەنگاسن) د . گووراسن .

(ژەنگاڵ) د . چەرمێکە ئەپێچرێتە پێ .

(ژەنگاڵیی) د . رەنگی ئاسمانیی .

(ژەنگاویی) شتێکە کە ژەنگی پێوە بێ .

(ژەنگ‌لێدان) ژەنگ‌کەوتنە سەرشت .

(ژەنگن) شتی ژەنگاویی .

(ژەنگ‌هاووردگ) د . ژەنگاویی .

(ژەنگە سوور) زەردەواڵە .

(ژەنگ هەڵهێنان) ژەنگ لێدان .

(ژەنگ هێنان) ژەنگ هەڵهێنان .

(ژەنن) ژەندن .

(ژەنوو) ئەژنۆ .

(ژەنیای) هـ . ژندن .

(ژەنیی) هـ . ژن .

(ژەنیین) داخستنی دەرگاو پەنجەرە . هەڵپەررین . ژەندن .

(ژەهردار) زەهردار .

(ژێ) ناوە بۆ پیتێك لە بیستو حەوت پیتەی کوردیی . ریخۆڵەی بادراوەکە ئەکرێ بە کەوانی هەلاجەوە . ناوە بۆ تیرەیەك لە کورد .

(ژیان) مانی گیاندار و گوزەرانی لە جیهانا .

(ژیاندار) گیاندار .

(ژیاندن) گوزەران دانی گیاندار .

(ژیانن) ژیاندن .

(ژیانەوە) تازە بوونەوەی هێندێ شت پاش کزیی و زەبوونی .

(ژێر) بن شت . نیشانەیەکی بچکۆلەی راستەلە بن هێندێ پیتی عەرەبی دا دائەنرێ .

(ژێر ئاگرە) بن ئاگرە .

(ژێر ئاویی) ژێر دەریایی .

(ژێر باڵخستن) بریتی یە لە دەست بە سەر یەکێکا گرتن و پەنا دانی .

(ژێر بە رەو ژوور) چاوێکە لە بەر بێ هۆشبوون رەشێنەکەی چوو بێتە بە رەو ژوور .

(ژێر پیاڵە) دەفرێکی یە لە پیاڵەی لە سەر دا ئەنرێ .

(ژێر جلەکیی) د . بریتی یە لە شتی پەنهانیی

(ژێر چە پۆ کە) بریتی یە لە کە سێك کە لە ژێر دەستی زۆردارێکا بێ .

(ژێر چەنا کە) ژێر چەنە .

(ژێر چەنە) مووروو یا پە تێکە ژنان ئەیگرن بە ژێر چەنەیانا بۆئەوەی کلاّوەکەیان دا نەماڵێ .

(ژێر خان) نهومێ هەرە خوارلە خانوو .

(ژێر خستن) بریتی یە لە قەرزار کردنی یەکێك . بریتی یە لە زەبوون کردنی یەکێك لە کارێکا .

(ژێر خوان) خوانکە .

(ژێردار) پیێتێکە کە ژێری بێ . هێندێ دەفری بنك دار .

(ژێر دەرگا) دارێکە لە ژێر دەرگادا گرێژەنەی لێ هەڵئەکەنرێ .

(ژێر دەرگانە) ژێر دەرگا .

(ژێردەریایی) جۆرەپاپۆرێکی جەنگی یە بە ژێر دەریادا ئەرروا «غواصە» .

(ژێردەست) کە سێکەکە خوار دەست و فەرمان بەرت بێ .

(ژێر دەستە) ژێر دەست .

(ژێر دەستی) بوونی مەردوم بە ژێر دەست .

(ژێر دەسە) د . ژێر دەست .

(ژێر رراخەر) پارچە شتێکە کە راخرابێ بۆ لە سەر دانیشتن .

(ژێر زریە) ژێر دەریایی .

(ژێر زووان) د . بریتی یە لە بەرتییل : فیسارکەس (ژێر زووانی ناگە) واتە بەر تییلی داوەتێ .

(ژێر زەمیین) ژوورێکە لە زەویی دا دروست کرابێ .

(ژێر زەوییِن) د . ژێر زەمیین .

(ژێر زیین) لباد یا پە تۆیەکە لە ژێر زیین وە لە سەر پشتی وڕلاخ دائەنرێ .

(ژێر سەماوەر) خشت یا تەنەکە یەکی تایبەتی یە لە ژێر سەماوەرا دا ئەنرێ .

(ژێر قلیان) د . بەر قلیان .

(ژێر قلیانیی) د . خۆراکێکە کە بەیانیان لە ناشتا ئەخورێ .

(ژێر کراس) کراسێکی کورتی بێ قۆڵە

منالٌو ژنان لە ژێرکراسەوە لە بەری ئەکەن.

(ژیرکە) ژیشك .

(ژێرکۆڵ) د. شێرکۆڵ. بەچکەی شێر.

(ژێرکەفتن) ژێر کەوتن .

(ژێر کەوتن) بریتی یە لە زەبوون بوونی یەکێك لە کارێکا. بریتی یە لە قەرزار بوون .

(ژێر کێرە) بریتی یە لە ژێر دەستێکی سووك .

(ژێرگ) ژێروو .

(ژێرگین) د . ژێرگ .

(ژێر لچەکیی) د . چەکردن .

(ژێرماڵە) ماڵێکە کە بە کرێ لە دەستەی خانویەکتا بێ کە خۆتی تیا بیت .

(ژێرەوژووربوون) وێران بوونی شوێنێك بە جۆرێك کە سەرەونگوون بووبێ .

(ژێرە خەر) ژێر رراخەر .

(ژێرین) ژێرگین .

(ژێڵ) د . گوڵووکی بەر سیلەی کە ئەوەرێ لە کاتی رشانەوەیا .

(ژێهاتن) ز . قاڵبوونی گیاندار .

(ژێهاتن) ز . گیانداری دەرهاتوو .

(ژیی) ز . ژیان .

(ژیی بوون) ز . جوێ بوونەوە .

(ژیدەرکەفتن) با. رابووردنی کارێك :

(ژیی دەرکەفت) واتە رابوورد .

(ژیر) مەردومی تێگەیشتووی بە بیر.

(ژیر بوون) بێدە نگ بوونی منالی ساواو نەگریانی .

(ژیر بوونەوە) دەست هەلگرتنی منال لەگریان و بێدەنگ بوونی .

(ژیرکردن) خلافاندنی منالٌو مەیدان نەدان بەگریانی .

(ژیرکردنەوە) بێدەنگ کردنی منال لەگریان .

(ژیرکەلە) منالی ژیری جوا نکیلە .

(ژیرکەڵە) ژیرکەلە .

(ژیرەو بوون) د . ژیر بوونەوە .

(ژیرەوکردن) د . ژیرکردنەوە .

(ژیریی) تێگەیشتن و وورپایی .

(ژیژوو) ژیشك .

(ژیژیی) ژیشك .

(ژیشك)گیاندارێکی خرپنەی ئەندام درڕکاوی یە گۆشتی ئەخورێ .

(ژیفان) با . پەشیمان .

(ژیفانی) با . پەشیمانی .

(ژیکەلە) ژیر کە لە .

(ژیل) ئاگرێکە کە بووبێ بە خۆلەمێش و تین و ووردە پشکۆی مابێ .

(ژیلّ) ژیل .
(ژیلاووك) شیلاووک .
(ژیلك) ژیلاوك .
(ژیلەمۆ) ژیلّ .
(ژیلّەمۆ) ژیلەمۆ .

(ژیین) ژیان .
(ژیوار) د . گوزەران و ژیان .
(ژیوان) پەشیمان .
(ژیوانی) پەشیمانیی .

پیــتی سین

س

(سا) پیتێکە ئەچێتە سەر وەرامی شەرتێکی فرێ دراو لە بەر ئاشکرایی : (سـا) منیش نایەمەلات لە وەرامی یەکێکا کە پێت بلّێ ئیتر هاتوچۆت ناکەم، واتە ئەگەر نەیەیتە لام منیش نایەمەلات . سایەقە (هـ) . سێبەر : لە (سا)ی تۆدا حەسامەوە (د) . وەخت و کات : ئـەو (سا) (ئیسا) لەو (سا) وە .

(سابات) کەپرێکە کە بۆ سێبەر دروست کرابێ .

(ساباق) شوێنی گەورەی ووردراقی بەر بەرەلاّ .

(سابرێن) بزنە نێرێکە کە پێی نـابێتە سالّی سێهەم و هێلّرابێتەوە بۆ تۆو .

(سابوون) شتێکە لە چەوریی و قلّیە دروست ئەکرێ شتی چلّکنی پێ ئەشۆرێ .

(سابووناو) کەفاوێکە لە ووردە سابوون و ئاوی گەرم ئەگیرێتەوە بۆ کالاّ پێ شتن .

(سابوونچی) کەسێکە کە سـابوون دروست بکا .

(سابوونی) جۆرە کۆترێکە .

(سابیین) سابوون .

(ساپ) ز . کۆمەلّەی گەنم و دانەوێلّە .

(ساپیتك) با . رووی سەربان لە دیوی ژوورەوە .

(ساپیتە) ساپیتك . چلّەپۆپە . بن میچ .

(سات) دەمێکی کەم .

(ساتان) دەرپێ .

(ساتاندن) ز . برنج کوتان .

(ساتمەکردن) هەلّەنگووتن لە رۆینا . هەلّەکردن لە گوفتوگۆدا .

. (ساتۆر) ز . کێردی گەورە .

(ساتۆرە) ساتۆر .

(ساج) ئاسنێکی گردی لووسی قۆقزی تەنکە ئەخرێتە سەر ئاگرو نانی پێ ئەبرژێنرێ . جۆرە دارێکی سەختی جوانی بەنرخـە لە دارتاشی‌دا بە کاردێنرێ .

(ساجاخ) ساچاخ .

(ساجلەخ) چەن پلێلەیەکی زێرپین یـا زیوینە ئەکرێ بەسە پرچا .

(ساچاخ) جۆرە ریشوویەکی بادراوی جوانە ئەهێلرێتەوە لە چوار کەناری سووزەنی‌و گۆشەی تاق و زین . بافتەی کەناری سەڵتەو کەوا .

(ساچمە) ووردە پارچەی قورر قوشمە لە نـاو قەپاغی فیشەکا ، بە تفەنگ باڵندە و هێندێ نیچیری تری پێ ئەکوژرێ .

(ساچوپەرچەم) زاج و پەرچەم .

(ساخ) ساغ .

(ساخت) د . کاری دەست : ئەم خانووە (ساخت) ی فیسار وەستایە .

(ساختمان) کۆشکی گەورە .

(ساختو باخت) د . خلێنەو بلێنە .

(ساختە) فرروفێڵ‌و تەڵەکە .

(ساختەچێتیی) کردنی کاری ساختەوفێڵ .

(ساختەچیی) مەردومی فێڵبازی درۆزن .

(ساختەکار) ساختەچیی .

(ساختە کاریی) ساختە چێتیی .

(ساخکردنەوە) ساغکردنەوە .

(سادانی) جۆرە ترێیەکی سپی دەنك خرری ناسکی هێشوو شاشە .

(سـادە) شتێیەك رەنگ . بریتی‌یە لە مەردومی ساویلکە . کوررێکەکە هێشتا مووی لێ نەهاتبێ .

(سادەکار) سادە لۆح .

(سادەکاریی) سادە لۆحیی .

(سادە لۆح) مەردومی بێ هۆش‌و بیر .

(سادە لۆحیی) سادەیی و بێ هۆش و بیریی مەردوم .

(سار) سارد (ز) . ووتەیەکە بەدوایی هێندێ ووتەی ترەوە کە نووسا زۆریی مەعنای ووتەکەی پێشو ئەگەیەنێ : کۆ (سار) ، سەنگ (سار) ، واتە شوێنێك کەکێو و سەنگی زۆر بێ .

. (سارا) دەشت .

(ساراکردنەوە) کردنی شوێنێك بە دەشت و تەخت کردنی .

(سارانشین) دەشت نشین .

(سارد) شتێکە جگە لەوە گەرم نەبێ لە نێنکیش بەولاوە ترەوەبێ .

(سارداو) ژێرزەمیین. چاڵێکە لەدەشت هەڵکەنرابێ و سەرەکەی گیرابێ و ئاوی تێکرابێ بۆ خواردنەوە .

(سارداوە) ل . حەوز .

(ساردایی) تینی شتی سارد .

(سارد بوون) نەمانی گەرما و هاتنی سەرما . بریتییە لە لوتە لابوونی یەکێك لە یەکێك .

(ساردبوونەوە) لاچوونی گەرمییشت . بریتییە لە خاو بوونەوە لە کردنی کارێك . بریتییە لە مردن : فیسارکەس لە شەوەوە (ساردبۆتەوە) واتە مردووە .

(ساردکردن) پەیابوونی سەرما : پایز هاتو دنیا (ساردی کرد) .

(ساردکردنەوە) نەهێشتنی گەرمییشت . بریتییە لە کوشتنی گیاندارێك . بریتییە لە پەشیمان کردنەوەی یەکێك لە کارێك .

(ساردوسرر) شتی زۆر سارد . بریتییە لەکەسێك کە رووی خۆش نەبێ لەگەڵ مەردوما .

(ساردوسرریی) بریتییە لە رووپێنەدانی یەکێك بە یەکێك .

(ساردو سەرما) کاتی سەرماو سۆڵە .

• (ساردۆنیا) گوڵێکی سووری جوانی گەلاپانە .

(ساردو گەرم) شتی شیرتێن .

(ساردو گەرمکەوتن) بریتییە لە با پەرر کردن .

(سـاردە) برنجێکە کە ئـاوی پـایزی خواردبێتەوە .

(ساردە سنگان) ووتەیەکە لە رووی سووکییەوە ئەووترێ بە یەکێك کە بانگت کا. ئازارێکە لە سەرماوە پەیـا نەبێ و ناوسك کرژ ئەکا .

(ساردەمەنی) هەموو شتێکی سارد کە بۆ خواردن و خواردنەوە ئامادە کرابێ .

(ساردیی) سەرماو سۆڵە : نەخۆشییەشی زۆری لە (ساردیی) یەوەیە . شتی سـارد : (ساردیی) مەخۆ .

(سارریژ) برینێکە کە گۆشتەو زوونی هێنا بێتەوە .

(سارریژ بوون) چابوونەوەو پێست بە سەرا هاتنەوەی برین .

(سـارریژ کردن) بریتییە لە ئاشت کردنەوەی یەکێك و دڵ هێنانەوە جێ .

(سارمە) گیایەکی پایزیی یە گەڵای وەك شنگ وایە گوڵێکی زەردی پچووك ئەگرێ . جۆرە تەقەڵێکی تێ هەڵکێشە زیین درووبۆ جوانی ئەیکا لە زیین . قۆزاخەی ئاوریشمی

هەڵکراو (د) .

(سارۆخ) د . سەرپۆش .

(سارومار) ووتەیەکە شتی زۆر بۆگەنی پێ ئەشوبهێنرێ : ئەو شتە بۆنی (سارومار) ی لێ دێ ، واتە زۆر بۆگەنە .

(سارە) سبەینێ .

(سارەما) تێ بەردانی کار و بەرخ لە بەیانیانا لە پێش دۆشینی دایکە کانیانا .

(سارەوان) حوشترەوان .

(ساریی) با . ساردیی .

(ساز) شتیجوانی رێکخراو . قامیش . پارچەیەکە لە پارچەکانی مۆسیقا .

(سازان) رێکەوتنی یەکێك لەگەڵ یەکێکی ترا : فیسار کەس و فیسار کەس (سازان) . ناویدێ یەکە لە ناوچەی هەڵەبجە .

(سازاندن) رێك خستنییەکێك یاشتێك .

(سازبوون) رێکەوتن .

(سازبەند) ر . کە سێکەکە (ساز) باش لێ بدا .

(سازدان) سازکردن .

(سازکردن) رێك خستنی شتێك .

(سازگار) ئاوو هەوایەکە کە سووك بێو بە ئەندام بکەوێ .

(سازگاریی)سووکییو خۆشیی ئاوو هەوای شوێنێك .

(سازندە) چەنەباز .کاروفرمان رێکخەر .

(سازندەیی) چەنە بازیی .

(سازنە) د . سازندە .

(سازو سەودا) کەڵکە ڵەی شتێك : تۆ منت خستە سەر ئەم (سازو سەودا) یە .

(سازیان) د . سازان .

(سازیین) سازان .

(ساغ) شتی دروستی بێ کەل و کۆم . گیاندارێکە کە نەخۆش نەبێ . بریتی یە لە مەردومی راستی بێ فررو فێڵ .

(ساغبوونەوە) چابوونەوەی نەخۆش . فرۆشرانی شتێك و نەمانە وەی : تووتنە کەم هەموو بۆ (ساغبووەوە) واتە فرۆشرا . دەر چوونی شەرێك لە شتێکاو مانەوەی بۆ تۆ : خانوەکەم بۆ (ساغ بووە وە) واتە هەموو بەشە کانی بوو بە هی خۆم .

(ساغکردنەوە) چاك کردنەوە .فرۆشتنی شتێكو نەهێشتنەوەی . دەر کردنی شەرێك لە شتێکاو هێشتنەوەی بۆ خۆت .

(ساغڵەم) ساغ .

(ساغیی) بێکەلو کۆمییشت . نەخۆش نەبوونیگیاندار .راستییو بێفررو فێڵیی مەردوم .

(ساف) شتیلووس . شتی پاکی بێ خەوش:

ئەم ئاوە (ساف) ە . كندر (د) .
(سافسافێن) یاریی‌یەكە منالاّن بەردێك
بە قنجەوە دا ئەنێن‌و لە دوورەوە بەردی پانی
سافی بەخشكەیی تێ ئەگرن .
(سافیلكە) ساویلكە .
(ساڤ) زوكام .
(ساڤا) با . ساوا .
(ساڤار) ز . ساوەر .
(ساق) ساغ . ریقنەی‌شلی پەلەوور.قەدی
درەخت‌و سەوزایی .
(ساقۆ) پالْتۆ .
(ساقۆلْ) سەبەتەی ترێ . لوولاق (د).
باسكی دەست (د) .
(ساقەتە) د . قەدی‌درەخت‌وسەوزایی.
(ساقیی) ساغیی .
(ساقیوباقی) گۆررینەوەی‌شتێك بە شتێك
لەگەلْ باقی دانەوەدا .
(ساك) ز . بەچكەی‌گامێش .
(ساكار) شتی یەك رەنگی بێ گولْ .
(ساكۆ) د . سەكۆ . كێوی سادە كە
بەردو داری پێوە نەبێ .
(ساكۆل) ز . گیانداری‌گەمژ .
(ساكول) قوولْ .
(سالْ) ناوە بۆ دوانزە مانگ كە رۆژ
چەرخەیەكی تەواوی تیا ئەكا لەكەلووی بەرخ
«حمل» ە وەتادوایی كەلووی ماسیی (حوت)
(سالار) سەرداری هۆزێك .
(سالاریی) سەرداریی.
(سالاّنە) مووچەیەكە سالْەو سالْ بدرێ
بە یەكێك . خێرێكە ئەكرێ بۆمردوو لە پاش
تێ پەررینی سالێك بە سەر مردنیا .
(سالم) د . سالمە .
(سالمە) گیایەكی‌سەلك داری بە هاریی‌یە
سەلكەكەی بە نرخەو بە كاری‌گەلێ شت دێ
(سالْنامە) نوسراوێكەباسی‌هەموو رۆژێك
ئەكا لە سالْ .
(سالْنما) د . سالْنامە .
(سالۆس) ز . ریاباز .
(سالۆغ) سۆراخ كردن .
(سالووس) شتی سادەی سافو لووس .
(سالووق) تووكی نەرمی گیاندار .
(سالْیان) د . سالْیانە .
(سالْیانە) سالاّنەی مردوو .
(سالییس) تێلاّی لووسی بێ گرێ .
(سام) ترس و بییمێكە كە هێندێ جار
لە گیاندار ئەنیشێ .
(سامالْ) . سایەقە .
(سامالْكردن) لاچوونی هەور و پەیا

بوونی سایەقە .

(ساماڵەکردن) ماڵەکردنی دوو بارەی زەویی .

(سامان) دارایی و دەست رۆیشتن . ئامان : ئاوو ئاگر (سامان) یان نیە ، واتە بێ ئامانن .

(ساماندار) دەوڵەمەند .

(ساماندن) د . رێکخستنی شت .

(سامانگە) شوێنێکە دراوو سامانی تیا دابنرێ .

(سامتیین) جۆرە دەزوو یەکی پوختی بریقەداری قایمە .

(سامدار) شتی بەسام .

(سامکردن) ترسان .

(سام لێکردن) ترسان لە شتێك .

(سام لێنیشتن) زۆر ترسان لە شتێك .

(سامۆتك) تارمایی .

(سامۆتە) بەن سامۆتە .

(سامناك) شتی بە سام .

(سامیتیل) ز . بەنێکە هەردووسەری نیلی پێ ئەبەسترێ .

(سامیر) ز . جۆرێکە لە هەرزن .

(سان) ووتەیەکە بە دوایی هێندێ ووتە وە ئەنووسێ زۆریی معنای ووتەی پێشو ئەگەیەنێ: کێو (سان) ، گوڵ (سان) کورد(سان) واتە جێگای کێو گوڵو کوردی زۆر . ووتە یەکە لە رووی گەورەیی یە وە ئەووترێ بە هێندێ پیاو (هـ) .

(سانا) ئاسان .

(ساناڵە) هـ . شوێنێکە کە سواغ درابێ و هێلە ساو کرابێ بۆ میوە لە سەرهەڵخستن .

(ساناهیی) با . ئاسان .

(سانایی) ساناهیی .

(سانە ستن) کۆبوونەوە لە شوێنێك بۆ رۆیین لەو شوێنەوە بۆ جێگایەکی تر : لەشکرەکە (سانی بەستوە) .

.(سانتیمتر) سەد یەکی مەترێك .

.(سانتیم) سانتیمتر . سامتیین .

(سانجۆر) ز . ژانە سك .

(سانجۆل) ز . قەڵاتەی ملی سەگ .

(ساو) مەودای تیغ : ئەو تیغە لە (ساو) چوە ، واتەمەودای نەماوە . هەتاو . سێو(هـ) .

(ساوا) بەچکەی کۆرپەی گیاندار . سەوزایی تازە دەرهاتوو . لێکەوتنی ئەندام لە شتێك : ئەم شتە (ساوا) ی زبرە یا لووسە یا ساردە یاگەرمە (د) .

(ساوار) ساوەر .

(ساویان) ساویین .

(ساوایی)هه‌ستی لێکه‌وتن«قوه‌ی لامسه». کاتی منالیی گیاندار . سێو .

(ساودان) سوونی تیغ .

(ساورێن) سابرێن .

(ساوور) د . ساوه‌ر .

(ساوورمه) داری سووته‌مه‌نیی ووشکی لووسی بێ قه‌لبه .

(ساوورین) د . چێشتی ساوه‌ر .

(ساوون) د . سابوون .

(ساوه‌ر) گه‌نمی کولاوی کوتراوی هارڕراو . سابرێن (د) .

(ساوه‌رکوت) که‌سێکه ساوه‌ر بکوتێ .

(ساوه‌رین) د . سابرێن .

(ساوه‌ڵ) چوار چێوه‌یه‌کی دارینه ئه‌خرێته سه‌ریشتی وولاخ بۆ دار پێ کێشان .

(ساویاگ)چه‌قۆیه‌که سوورابێ . شتێکه که وورد کرابێ‌و سوورابێته‌وه .

(ساویلکه) مه‌ردومی به‌سه‌زمان .

(ساویی) ز . خوارده‌مه‌نی‌یه‌که که له دێهات کۆبکرێته‌وه .

(ساوین) سوونی تیغ بۆ تیژبوویی . هارڕینه‌وه و وورد کردنی شت .

(ساوینه‌وه) سوونه‌وه .

(ساهیی) ز . سایه‌قه .

(سای) سایه‌قه . سێبه‌ر .

(سایقه) د . سایه‌قه .

(سایله) په‌ڵووڵه .

(سایه) سێبه‌ر . خوێندنه‌وه‌ی شت به حینجه . ڕه‌نگی ئاسن . ژماره‌یه‌که له یاریی ئه‌سکه‌ملدا : پاپاز چوار (سایه) رائه‌کێشێ .

(سایه‌بان) سایه چه‌ور . شتێکه که سێبه‌ری بێ .

(سایه چه‌ور) بریتی‌یه له مه‌ردومی به‌رچاو تێر که مه‌ردومی تر له سایه‌یا بحه‌سێته‌وه .

(سایه‌دار) بریتی‌یه له که‌سێك که مه‌ردوم له سێبه‌ریا بحه‌سێته‌وه .

(سایه‌قه) ئاسمانی بێ هه‌ورو ته‌م و مژ .

(سایه‌ك) ل . سێبه‌ر .

(سایه‌وان) د . سایه‌بان .

(سایه‌ووشك) بریتی‌یه له مه‌ردومی رژدی چرووك .

(سایین) ساوین .

(سبحه‌ینی) سبه‌ینێ

(سبزوو) سبه‌ینێ زوو .

(سبه) ز . سبه‌ینێ .

(سبه‌ی) سبه‌ینێ .

(سبه‌ینان) ده‌مه‌ده‌می به‌یانیان .

(سبه‌ینه) د . سبه‌ینێ .

(سبەینێ) رۆژی پاش ئەورۆژەی کەتیایت .

(سبەینیان) سبەینان .

(سبیل) سمێل (ل) . سەبیل .

(سپا) لەشکر .

(سپات) شتێکە کە رەنگی سپیی واش بێ .

(سپارتن) ز . سپاردن .

(سپاخانە) جێی سۆپا .

(سپادار) سەر لەشکر .

(سپاردن) دانانی شتێك لە لای یەکێك بۆ ئاگاداری کردنی . بە ررێ کردن .

(سپاردە) شتێکە لەلای یەکێك دانرابێ بۆ ئاگاداریی کردنی . بە ررێ کراو .

(سپاردەیی) شتی سپاردە .

(سپاررانیی) لەشکر گێرریی (قیادە) .

(سپارە) سپاردە .

(سپارەیی) شتی سپاردە .

(سپاس) د . سوپاس .

(سپا سالار) سپادار .

(سپاسکار) کەسێکە کە سوپاسی یەکێك بکا .

(سپاگا) سپاخانە .

(سپایی) ئەسپایی . سەرباز .

(سپر) هەلۆ .

(سپڵ) لە پارە گوشتێکی شپین کارە بە لای جەرگی گیاندارەوە .

(سپڵۆ) ل . سەگ .

(سپڵۆت) د . سپڵۆك .

(سپڵۆتیی) د . گلاوییی .

(سپڵۆك) سەگ . گاڵو .

(سپڵوێنك) دارێکی ووشکی کەوتوە کە لە بەر کۆنیی سپی هەڵگەررابێ .

(سپڵە) کەسێکە کە چاکەی لە بەرچاو نە بێ .

(سپڵەیي) لە پێش چاونەبوونی چاکەی مەردوم .

(سپڵی لاوورگ) بریتی یە لە کە سێك کە نەتەوێ وهەمیشە لووتیشی بە لووتەوە بێ .

(سپۆن) ئە سپۆن .

(سپە) ئەسپێ (ز) . سەگ .

(سپەر) قەڵغان . سەنگەر .

(سپەردە) د . سپاردە .

(سپەناخ) ئەسپەناغ .

(سپەهی) با . شتی زۆر چاك .

(سپێ) ئەسپێ .

(سپیاف) ز . سپیاو .

(سپیان) مەرر . گۆشتی مەرر .

(سپیاو) جۆرە دەرمانێکیووردی سپی یە لە قەڵایی و هێندێ شتی تر دروست ئەکرێ ژنان دەموچاوی پێ جوان ئەکەن .

(سپاوکردن) سپاودان له دەم و چاو.

(سپاۆوکه) هێلکاو .

(سپاهی) سپایی .

(سپایی) بریتیی یه له شیر و ماست و دۆو کەره .

(سپێتی) بوونی شت به سپی .

(سپێده) با . سپیده .

(سپێر) سپەر .

(سپێرراو) سپارده .

(سپیلك) گلّه سپی . ئەسپی سپی .

(سپیلکه) جۆرێکه له مازووکه پێستەی پێ خۆش ئەکرێ .

.(سپێناغ) ئەسپەناغ .

(سپێندار) سپیدار .

(سپێنه) بەشی سپی له هێلکه . بەشی سپی له گلێنەی چاو .

(سپێوون) ئەسپێ وون .

(سپی) جۆره رەنگێکه وەك رەنگی بەفر

(سپی بوون) سپی هەلگەرران . بریتییه له ترسان .

(سپی بوونەوه) کاڵ بوونەوەی رەنگی شت و سپی واشبوونی .

(سپیدار) چنار .

(سپید بالا) رووناکی یه که له پێش بەیانیانا بەرز ئەبێتەوه بۆ ناوەرراستی ئاسمان « فجری کاذب » .

(سپید پەهنا) رووناکی یه که دوای سپید بالا به کەناری ئاسمانا بلاّو ئەبێته وه (فجری صادق) .

(سپیده) کاتی بەری بەیان که کەناری ئاسمان رووناك ئەبێتەوه .

(سپیکاریی) گەچکاریی: هۆدەکانم هەموو (سپیکاریی) ن .

(سپیکردن) گورووی پێستی ئاژاڵی سەر برراو . پاکردنی بادام و هێندێ شتی تر له توێکڵه تەنکەکەی .

(سپیکردنەوه) گەچکاریی کردنی شوێنێك . پاکردنەوەی قاپی مسین به قەلاّیی.

(سپیکه) جۆره ترێ یه کی دەنك درێژ کۆلەی پێست ئەستووری سپی زۆر شیرینه .

(سپیواش) شتێکه کەمێك سپی بێ .

(سپی هەلگەرران) سپی بوون له ترسایا لەبەر نەخۆشیی .

(ستار) ئارام: مناڵەکه ئەمشەو (ستار)ی نەداوه .

(ستارخانی) جۆره کالاّیه که وەك (مراد خانی) بەلاّم ئەم یەخه بەرەلاّو چەسپ تره .

(ستارکردن) ئارام گرتن .

(ستارگرتن) ئارام گرتن .

(ستاره) دیوارێكی نزمی كون كونه به گردی سەربانا ئەكرێ . ئەستێره . ستار .

(ستاڤ) هەتاو .

(ستان) پیتێكه به دوای هێندێ ناوەوه ئەنرێو ئەیكا به أسمیمكان : كورد (ستان)، دار (ستان) ، گۆرر (ستان) واته جێی ئەمانه.

(ستاندن) سەندن .

(ستاندنەوه) سەندنەوه .

(ستانك) با . زەردەواڵه .

(ستایش) مەدح و پیاهەڵدان .

(ستایشت) د . ستایش .

(ستر) ما . پەیژه .

(ستران) ز . گۆرانی .

(سترانبێژ) ز . گۆرانی بێژ .

(سترانڤا) ز . سترانبێژ .

(سترد) ستر .

(سترۆ) ز . سترۆه .

(سترۆه) ز . شاخی گیاندار .

(ستر ه) سترۆ .

(ستریی) با . تووترك . دررك .

(ستریبرك) ز . دارێكی دووپەله دررکی پێ ئەشكێنرێتەوه .

(ستك) گیایەكه له كاتی جۆ درەوا پەیا ئەبێ ، بەرێكی شیرینی به هێشوو وەك ترێ ئەگرێ .

(ستۆ) بـا . ئەستۆ .

(ستۆ پارێز) ملپیچ .

(ستو) ز . ئەستۆ .

(ستوور) ز . ئەستوور .

(ستووریی) ئەستووریی .

(ستووڤدان) گەواهیی دان .

(ستوون) ئەستوون . ریزه نووسینێكه كه له سەر شان بێته خوارەوه .

(ستوونه) كۆلەكه .

(ستوونیی) شتی راستی عامودیی .

(سته) با . ئەستێ .

(ستەرك) مێزی له سەر نووسین .

(ستەكان) ئیستیكان .

(ستەم) ئازاروسزا بەناررەوا . شتیگرانی به ئەرك : به زستانان زۆر (ستەم) ه بێمه دەرێ .

(ستەمدیده) كەسێكه ستەمی لێ كرابێ

(ستەمكار) كەسێكه زۆر ستەم بكا له مەردوم .

(ستەمكاریی) ستەم كردن به پیشه .

(ستەمكردن) ئازاردانو زیان گەیاندن به مەردوم به نارروا .

(سته‌مگه‌ر) زۆردار .

(سته‌نك) با . زه‌رده‌واڵه .

(سته‌و) با . ئه‌ستێ .

(سته‌ور) نه‌زۆك .

(ستێر) ز . ئه‌ستێره .

(ستێره) ز . ئه‌ستێره .

(ستینك) با . كوڵه‌كه .

(ستینگ) شه‌نگه سووره .

(سج) زچ .

(سجووق) شتێكی درێژ كوڵه‌ی شیرینی پرر له بادام و كاكڵه‌گوێزه له نیشاسته‌و شیله‌ی ترێ دروست ئه‌كرێ .

(سجه مار) جۆره مارێكه له تیره مار درێژ تره هه‌رحه‌لێ رقی هه‌ستا قه‌ڵه‌مبازد ئه‌با به قه‌د گوریسێك .

(سچ) زچ .

(سحاله) ل . ئارده برنج .

(سخ) سفت .

(سخان) ل . ئێسقان .

(سخمه) سوخمه .

(سخێف) جوێن .

(سبر) ز . بای سارد .

(سرپه) قسه‌كردن له ژێر لێوه وه بۆ ئه‌وه‌ی كه كه‌س گوێی لێ نه‌بێ ، (سرپه‌سرپ) سرپه‌ی‌یه‌ك له دوای‌یه‌ك (سرپو هورر) سرپه سرپی زۆر .

(سرت) هـ . دررك .

(سرته) سرپه .

(سرد) ز . گیانداری سرك .

(سردیی) هـ . په‌یژه .

(سردیین) ز . كه‌وتنه قه‌ف‌و گوڵی جۆو گه‌نم و دانه‌وێڵه .

(سرر) شوێنێكه له ئه‌ندام كه ته‌زیی‌بێ . گیاندارێكه كه له سه‌رما كه سیره بووبێ .

(سرربوون) ته‌زیین . كه سیره بوون .

(سرركردن) ته‌زاندن‌و بێ هه‌ست كردنی ئه‌ندام به ده‌رمان .

(سرركه‌وان) سه‌ره‌نوێلك .

(سررنا) زوورنا

(سررناتك) زوورناتك .

(سررنازه‌ن) زوورنازه‌ن .

(سررروار) رییتاڵه .

(سرره) گه‌مرره .

(سرریی) ته‌زیینی ئه‌ندام .

(سررین) لابردنی شتێك له سه‌رشتێك ، به هۆی لێ خستنی ده‌ست یـا په‌ررۆیه‌كه‌وه . فم‌كردنی لووت‌و پاكردنه‌وه‌ی .

(سررینه‌وه) هه‌ڵگرتنه‌وه‌ی نوسراو به

زمان یا بە پەنجە .
(سرشت) د . سوروشت .
(سرەفتن) د . سرەوتن .
(سرك) گیان لەبەرێکە کە لە شت زۆر بسڵەمێتەوە .
(سرکاـن) د . رەنگێکی رەشە کەوشدروو لە سرکەو ئاـن دروستی ئەکاو چەرمی پێ رەش ئەکا .
(سرکاندن) چرپاندن بەگوێی یەکێکا.
(سرکانن) د . سرکاندن .
(سرکە) شتێکی شلی ترشە لە ترێ و میوە دروست ئەکرێ . سرپە ، (سرکەسرك) سرکەی یەك لە دوای یەك ، (سرکوهوورر) سرکەسرکی زۆر .
(سرکەی دە ساڵە) د . بریتی‌یە لە قینی کۆن کە لە دڵا مابێ .
(سرکەیی) پارچە ئاوریشمێکی رەنگاو ررەنگی زۆر تەنکە ژنان ئەیبەستن بە سەرەوە.
(سرگ) سرك .
(سرمە سرم) هەراو زەنا .
(سروشت) طبیعت .
(سروشتی) سوروشتی .
(سرووت) لاسکی گەنم و جۆ .
(سروود) گۆرانی نیشتمانی .

(سرووش) فەرمانێکە بە هۆی فریشتەوە لە خواوە بێ بۆ پێغەمبەران (وحی) .
(سروە) دەنگی بای سووك . سووسەکردنی دەنگ‌و باسێکی تازە .
(سرەوان) سرەوتگرتن .
(سرەوانن) د . سرەوتگرتن بە یەکێك
(سرەوت) ئارام : نەخۆشەکە ئەم شەو (سرەوت) ی نەبوو .
(سرەوتکردن) سرەوتگرتن .
(سرەوتگرتن) سرەوتن .
(سرەوتن) ئارام گرتن .
(سرەوین) سرەوتن .
(سرێش) شتێکی لینجی‌کەشدارە ئەهاررێتە وەو بە ئـاو ئە گیرێتەوە بۆ بەیەکەوە لکاندنی کاغەزو هێندێ شتی تر .
(سرێشلەمە) بریتی یە لە کاری جەڵغەمەی ناپوخت .
(سرینچك) د . سنجوو .
(سرینچکەتاڵە) د . جۆرێکە لە سنجوو
(سرییوە) سروە .
(سزا) ئازارو دەردی سەریی .
(سزاچەشتن) سزا خواردن .
(سزاخواردن) داخ‌و خەفەت چوونە دڵ
(سزادان) ئازارو دەردی سەریی دانی

گیانداریك .

(سزك) ئاوی پەنیرە کە ئەکرێ بەلۆرك .
ئاوی دۆیەکە سیریژی لێ ئەکرێ .

(سژ) زچ . .

(سس) د . سست .

(سست) گیانداری بێ دەستوبرد ، (سست بوون) نەمانی تەووژمو دەستو بردیی .

. (سستە پەلە) کەسێکە کە لە کارو بارا سست و دەسە پاچە بێ .

(سستەك) زەویی فشی بێ بەرد .

(سستیی) خاوو خلیچکی و بێ دەستو بردیی ، (سستە سست) خاوە خاو کردن لە کارێکا .

(سسە) د . سستەك .

(سسێ) ز . سێ .

(سسیی) د . سستیی .

(سغ) سخ .

(سفارش) سفارشت .

(سفارشت) د . قسەیەکە بە یەکێکا بنێررێت بۆ یەکێك .

(سفت) چنراوێکە کە شاش نەبێ .

(سفتاح) فرۆشتنی شتێك یەکەم جار سەر لە بەیانی لە لایەن شت فرۆشێکە وە بە پارەی دەستیی .

(سفتبوون) د . سەخت بوونی شت .

(سفتۆ) ز . شتی بۆگەن .

(سفتوسۆ) سفتوسوێ .

(سفتوسۆڵ) شتی زۆر سفت .

(سفتوسوێ) ئازارو ئێشی بریین : ئەم دەرمانە (سفتو سوێ) ی بریین ئەشکێنێ .

(سفتە) د . شتی سوورا وەی لووس .

(سفرە) پارچە تەنراوێکی چوارگۆشەی درێژە نانی لە سەر ئەخورێ .

(سفرە بررە) جۆرە قالۆنچەیەکی رەشی خێرایە سفرە کون ئەکا .

(سفرە چیی) کەسێکە کە چاو دێریی نانو خوان بکا .

(سفرە مار) جۆرەمارێکی کورتی کوێرە اۆچێك لە سکیا هەیەکاتێك کە برسیی بوو وەك سفرە یەکاڵای ئەکاتەوە ، مێشو دەعبای لێ ئەنیشێ و ئەی هێنێتەوە یەك و ئەیان خوا.

(سفرەی فەقێیان) د . هەشت ئەستێرەن لە ناوەندی ئەستێرەی دووپشك وترازوودا .

(سفرەی فەقیران) د . سفرەی فەقێیان .

(سفرەی فەقیران) د . سفرەی فەقێیان

(سفریی) ز . بەردە ئەستێی چەخماخی تفەنگی شیینکە کە درێژ کولەبێ .

(سفك) با . هەیوانی خانووی یەك نهۆم

(سفكيى) سووكيى .

(سفن) ز . بنج و بناوانى هەموو شتێك.

(سفۆريى) ز . كەوڵێكە لە پێستى سەگ ڵ و دروست كرابێ .

(سفەت) چاكە لە بەرچاو بوون «وفا»: فيساركەس بە (سفەت) ە .

(سفيى) د . سپيى .

(سفيدە) د . سپيدە .

(سفدە هـ) ز. سەر دەرگاى خانووكە بە خشت بەرز ئەكرێتەوە .

(سفسفيلك) ز . جۆرە چۆلە كەيەكى رەنگاو ررەنگە .

(سفك) با . سووك .

(سفنك) ز . گەسكێكە ئەهێنرێ بە پشتى گادا بۆ پاك كردنەوەى .

(سفۆك) سماق .

(سفووريى) سمۆرە .

(سفيشك) ز . گومانو دوودڵى لە شتێكا.

(سفيك) بن مێيچ .

(سقان) د . ئێسقان .

(سك) بۆشاييەكە لە گياندارا ريخۆڵەو ووركى تيايە . بريتىيە لە منالى ناوسك : فيسارە ئافرەت (سك) ەكەى دانا . شتى ناشيرين لە هەموو شتێك .

(سكاسن) د . سركاسن .

(سكاڵا) هەڵرشتنى داخ و خەفەتى دڵ لاى يەكێك ، (سكاڵا كردن) سكاڵا .

(سكاڵانامە) پێشكەش كردنى سكا به نووسين بۆ فەرمانبەرێك .

(سكانن) د . چەسپانن . جوێن دان .

(سك ئێشە) ئازارى سك .

(سكبەردان) زكبەردان .

(سكپ) د . دارى گرێژەنەى دەرگا .

(سكپرر) گياندارى ئاووس .

(سكپرربوون) ئاووسبوونى ئافرەت .

(سكچوون) زكچوون .

(سكدار) سكپرر .

(سكدرراو) بريتى يە لە گياندارى زۆر خۆر .

(سكر) با . بەرهەڵستێكە دروست ئەكرێ لە بەريانى ئاوا بۆهەڵسانى بۆ شوێنێكى بەرز .

(سكررۆيين) سكچوون .

(سكزل) زكزل .

(سكسووتان) بريتى يە لە مردنى رۆڵە .

(سكف) د . سكپ .

(سككردن) زككردن .

(سكڵ) پشكۆى ئاگر .

(سكڵفوو) جۆرە يارىى يەكە پشكۆيەك

ئاگر به دەرزیی یەك و تاوێ دەزوو هەڵ ئەواسرێ به بنمیچا چەن کەسێك به دەوریـا فوویلێ ئەکەن ، هەریەکه بەرەورووی ئەوی‌تر.

(سکماك) ز کماك .

(سکن) سکزل .

(سکنانەسەر) بریتی‌یە له خواردنی شتێك به هەڵمەت و ئارەزووەوە .

. (سکور) ملی گیاندار .

(سکورد) سکور .

(سکوزا) زاوزێ .

(سکووم)روخسار .

(سکە) دراوی هەڵکەنراوی دەوڵەتی.

(سکەررۆ) سکدرراو .

(سکه شۆرە) سکه شۆرێ .

(سکەشۆرێ) رەوانیی مەردوم‌به جۆرێك که هیچی له سکا نەمێنێ .

(سکەڵ) سکڵ .

(سکه لێدان) دراولێدان به زۆریی.

(سکەنجەبیین) شەربه تێکه له سرکه و هەنگوبین ئەگیرێتەوە .

(سکێشه) ئازاری سك .

(سکەنجەمیین) سکەنجەبیین .

(سگار) د . جگەرە .

(سگین) د . پیوەبوونی سەگی نێرو مێ

(سل) پیسی توندی درێژ کۆلەی مەردوم و سەگ و هێندێ گیانداری‌تر . سییل [١]د) .

(سڵ) ز . توورره .

(سڵ) ترسان‌و کۆ کردن ، (سڵکردن) سڵ .

(سلاربوونەوە) تلۆر بوونەوە .

(سلاڤ) با . سەلام .

(سلاو) زیادەیەکه ئه خرێته سەر ئەو شتەی که به ترازوو ئەکێشرێ بۆ ئەوەی که له سەنگەکه قورستر بێ . سەلام .

(سلاودانەوە) کێشانی شت به ترازوو به رەنگێك که قورستر بێ لەسەنگەکە . له نوێژ بوونەوە به ئاووردانەوە به لای راستا .

(سلبوون) با . تۆران و زوییر بوون .

(سڵپ) د . مەردومی تەمەڵ .

(سلساردبوونەوە) بریتی یە له مردن .

(سلساردکردنەوە) بریتی یە له کوشتن.

(سلسڵە) پۆیلەو پڵپڵەیە که ژنان ئەیدەن له خۆیان .

(سلسەردەوەبوون)د . سلساردبوونەوە.

(سلف) د . تلپەی‌شت .

(سلق) گیایەکی گەڵاپانی بنك دارە ئەکرێ به چێشت .

(سڵقاو) شۆربایەکه له ئاوو سڵق و

گۆشت ئەکرێ .

(سڵـقی رووت) ووتەیە کە مەردومی بێکە سی پێ ئەشوبهێنرێ : فیسارکەس وەك (سڵقی رووت) وایە، واتە بێکەسە .

(سلك) ز . سڵق .

(سڵکردن) سڵەمینەوە لە شتێك .

(سڵۆرت) بێ ئیش .

(سڵەمانەوە) سڵە مینەوە .

(سڵە مە) د . سڵەمینەوە .

(سڵە میانەوە) د . سڵەمینەوە .

(سڵەمینە وە) کوتوپرر گەررانەوە لە شتێك و ووردبوونەوە لێی .

(سلەوەجە) جۆرە نەخۆشیی یەکە ئەدا لە مەررو بزن خواردەمەنی بۆ قووت ناچێ و ئەچێتە ناوەندی گووپ و دانیەوە .

(سلەوە جێ) سلەوەجە .

(سلێمانی) جۆرە مووروویەکی رەشی پانە کێررێکی سپیی لە ناوەرراستیایە ، ژنان ئەیگرنە زێررو ئەیکەنە ملیان . ناوە بۆ جۆرە ترێ یەك (با) . ناوە بۆ شارێکی گەورە لە کوردستـانی عراق کە پایتە ختی حاکمانی بە بە بووە .

(سلێمانی) د . مووررووی سلێمانی .

(سم) شتێکی رەقە بە ژێر چوار پەلی ئاژاڵ و ووڵاخی بەرزەوە وەك نینۆك بۆ ئادەمیی وایە .

(سماتە) سمارتە .

(سمارتە) کاغەزێکی زبـرە وەك بـرر بەند ئاسن و گەلێ شـتی تری پێ ئەکررێنرێ .

(سماق) داریترش. بەریداریترش .

(سماقپاڵان) ز. سووزگی‌یەکەکەبرنجی پێ ئەپاڵێورێ .

(سماقدەر هێـنان) بریتی یە لە ئازار گەیاندنێکی زۆر بە یەکێك .

(سماقە) د . رەوونج .

(سمبر) ز . سم تەراش .

(سبۆرە) سمۆرە .

(سمبێل) سمبڵ .

(سمبێڵ) سمێل .

(سمبیلەك) ز. جۆرە ماسی‌یەکی زەردە

(سمپارە) کاغەز .

(سمت) دوو گوڵمە گۆشتی گەورە یە بە لای واستو چەپی کۆمی گیانداره وە .

(سمتاش) سم تەراش .

(سمتو ساتان) سمتو نەرمایی هەردوو ران کە لە پشتەوە دەرئەکەوێ .

(سمتۆڵ) د . سمت .

(سمتەجۆلە) ئێسقانی جەمسەری هەردوو سمتی گیاندار .

(سمتەراش) ئاسنێکی پانی تیژە نالبەند سمی وولاخی پێ ئەتاشێ .

(سمتە کڵ) گلمتك .

(سمدار) بریتی یە لە گیاندارێك کە سمی بێ .

(سمرر) هەراوهوریاو دەنگە دەنگ : لە فیسارە شوێن (سمرر) بوو ، (سمررسمرر) هەراو هوریای زۆر .

(سمقە) راستە زەویی یەکە کە بکرێ بە مەرەزە بە بێ کێلان .

(سمکاك) ز . دەنکی گیایەکی سوورە لەگەڵ بەزا ئەکوترێ و ئە نرێ لە گوێچکەی منال کە بیەشێ .

(سمکۆ) د . سمکۆڵ .

(سمکۆت) کەوچکی ماستاوی پچکۆلە

(سمکۆڵ) دەست بە زەویی دا دانی وولاخی بەرزەو هەڵ کۆلینی .

(سمکۆلان) سمکۆڵ .

(سمەکوتێ) سمکۆلان .

(سمل) بنکی گیایەکی بەهاریی بۆن خۆشە

(سمنج) چرووك .

(سمۆ) قەڵەمێکی پۆلایینە ئاسنی پێ کون ئەکرێ .

(سمۆرچکە) سمی ئاژالی ووردەیە کە دەرهاتبێ .

(سمۆرە) دەعبا یەکی چنگ تیژی کێویی یە لە رێویی ئەچێ بەلام گەلێ پچووکترە پێستەکەی ئەکرێ بە کیسە پارە .

(سمووچك) سمۆرچکە .

(سمە) سمۆ .

(سمەخرتە) د . گیان لەبەرێکی دەستو پێ کورتە .

(سمەر) هـ . کا .

(سمەریی) کا . کای کۆن .

(سمە سا) ملە ما : (سمەسا) ی برریی واتە ملە مای برریی .

(سمە شەلە) د . شەلکە .

(سمیارك)ز . سیسارك .

(سمیتك) با . پیرخەنیلە .

(سمێرریان) د . تێکسمرران و قەلەو بوون .

(سمێل) مووی سەر لچ و بەر لووتی گیاندار .

(سمێل بابرر) مەردومی سمیل زل .

(سمیلە) جۆرە ماسی یەکی سمیل دارە .

(سمین) کون کردنی شت .

(سن) : ەعبایەکی پچکۆلەی پشت قۆقزی بۆرەتنەی باڵداره له هەر گەنم و جۆیەك بدا بێ پێزی ئەکات .

(سنان) د . سندان .

(سنپنك) ز . گیایەکی بۆن خۆشه تێکەڵی پەنیر ئەکرێ .

(سنتر) ز . منالی هەتیوی بێ کەس .

(سنجاخ) سنجاق .

(سنجاف) پەراوێز .

(سنجاق) دەرزیی یەکی سەر خرره له یەخه ئەدرێ .

(سنجراندن)ز. تەنوور داخستن .

(سنجك) ز . دەفرێکی درێژ کۆلەیه له قورر دروست ئەکرێ له ژێر بێشکەی منالّ دائەنرێ بۆ پیسی تێ چوونی .

(سنجۆق) ز . ریخۆڵەگەورەی گیاندار .

(سنجو) دارێکه گەلای وەك بیی وایه به رێکی شیرینی هەیه وەك خورما بەلام تۆزێك پچووکتره .

(سنجووق) دارێکی تیژی سەر دادراوه منالان به زەویی دا دای ئەکوتن له یاریی سنجووقێنا .

(سنجووقێن) یاریی کردن به سنجووق

(سنجەق) سنجاق .

(سنجەی) هـ . عەنناب .

(سنجێریی) ز . جۆره ترێ یەکی شیرینه ئەکرێ به دۆشاو .

(سنجیی) ز . درەختێکه دەنکێکی ترش ئەگرێ .

(سندان) سنگان .

(سنداناویی) سنگاناویی .

(سندانك) کووپەڵە .

(سندان لێدراو) سنگان لێ دراو .

(سندك) ز . پییرخەنیله .

(سندم) پێوەندی ئاسن .

(سندمکردن) پێوەندکردن .

(سندۆڵ) دۆڵی بەردکەشتی تیا ئەکوترێ .

(سندووق) شتێکی چوار سووچی سەر قاپ داره له تەخته یا ئاسن دروست ئەکرێ بۆ شت تێخستن . غەرامەفۆن .

(سنده) گڵمتك .

(سندەگڵ) سنده .

(سنسل) برر بررەی پشت .

(سنك) سەمەندۆك .

(سنك کردن) سەمەندۆك کردن .

(سنگ) دار یا ئاسنێکی سەر تیژه به دیيوار یا به زەویی دا دا کوترێ . یا نایی ناوەندی هەردوو مەمك و خوار چۆ لەمەی

مل . كرمی ناوسك (د) . شووژن (د) .
(سنگان) جۆرە نەخۆشی‌یەكی كوشندەیە تووشی گیاندار ئەبێ . جۆرە نەخۆشی یەكە ئەدا لە كاڵەك و شووتی‌و ترۆزیی‌و رەقی ئەكا .
(سنگاناویی) میوەی سنگان لێدراو .
(سنگان لێدراو) سنگاناویی .
(سنگدانە پێشەوە) درر دان بە مەردوم و چوونە پێشەوە بۆ شتێك .
(سنگ‌زەردە) مەلێكی پچكۆلانەی ژێر سك زەردی سەرپشت رەنگاورەنگە بە قەد چۆلەكەیەك ئەبێ زۆرتر لە كاتی جۆ درەوا ئەبینرێ .
(سنگك) ز . زیپكە .
(سنگ‌كوتان) بە سنگا ماڵیین لە داخی شتێك .
(سنگگ) سنگ .
(سنگ لێكوتان) بە سنگا ماڵیین لەگەڵ نزا كردن لە یەكێك .
(سنگە سنگ) د . نیخە نیخ و خۆ خەڵافاندن بە شتێكەوە .
(سنگەوبا ز) سنگەو بازد .
(سنگەوبازد) هەڵچوون بە سەر یەكێكا كە لە یاریی كەوشەكا تێكە وتبێ .
(سنگ هەڵكێش) بریتی‌یە لە مەردومی بێ شەرمی نالەبار .
(سنان) د . سندان .
(سنوور) كەنار و قەراغی شوێنێك كە جیای بكاتەوە لە شوێنێكی تر .
(سنوور چە) تازە گەڵا دەر كردنی درەخت و گژو گیا .
(سنووردار)شتێكە كە سنووری ببێ .
(سنووق) سندووق .
(سنەوبەر) درەختێكی تۆبی‌گەڵا ووردی باڵا بەرزی هەمیشە سەوزی جوانە .
(سنەیی) ناوە بۆ جۆرە ترێ یەك كە لە پێش (زووررەز) ا پێ ئەگات .
(سنیتر) ز . شتێكە وەك قیر هەنگ لە بەردەمی پلوورەكەیا دای ئەنێ .
(سۆ) كونی دەرزیی . سوێ . بنەماڵەو وەچە : (سۆ)شیان هەربررەوئازایە . گیایەكی بۆن خۆشە ئەكرێتە پە نیرە وە بۆ تام و بۆن خۆشیی . سبەینێ (د) . كەپەك .
(سوا) د . سبەینێ .
(سواخ) سواغ .
(سواخدان) سواغدان .
(سواخكێشان) سواغدان .
(سوار) كەسێكە بە سەر پشتی وولاخەوە بێ . بریتی‌یە لە شتێك كە بە سەر شتێكی ترا

برروانیو زاڵ بێ : بـانی ئێوە بە سەربـانی ئیمەدا (سوار) ە . منالێکە لە کاتی لە دایك بوونیا لە پێشەوە قاچی بێ .
(سواربوون) پەررینە کۆڵی گیاندار .
(سوارچاك) کەسێکە کە سواریی باش بزانێ .
(سوار خاس) سوار چاك .
(سوارخە) ز . چیلکە .
(سوارکردن) بریتیە لە راپەرراندنی کارێك : ئەو کارە زوو (سوارکە) .
(سوارە) کەسێکە کە بە سواریی بررەوا . کۆمەڵە سوار .
(سوارەی شەترنج) ناوە بۆ شەش داش لە یاریی شەترنجا کە پێیان ئەڵێن شا ، وەزیر، فیل ، ئەسپ ، روخ ، پیادە .
(سواریی) بوونی مەردوم بەسوار : بە (سواریی) چووم . ناوە بۆ دێیەك لە ناوچەی خور ماڵ .
(سواغ) قورر یا گەچێکە کە بە دەست یا بە ماڵە درابێ لە شوێنێك .
(سواغدان) تێهەڵسوونی قورر یا گەچی گیراوە لە شوێنێك بە دەست یا بە ماڵە .
(سواغکێشان) سواغدان .
(سواڤ) تافگە .
.(سواڵ) داواکردنی شت لە مەردوم .
(سواڵك) کۆتەرە دارێکە هەل کەنرابێ بۆ ئاو تیا خواردنەوەی سەگ .
(سواڵکردن) داواکردن وخوازەڵۆکیی شت لە مەردوم .
(سواڵکەر) کەسێکە داوای شت لە مەردوم بکا .
(سواڵە) قولێك گەنم یا جۆ یا مەرەزەیە کە سەپان بە داس درووبێتیەوەو هێشتا دای نەنابێتە زەویی .
(سواڵەت) پارچەی شتی سوورەوەکراو وەك گۆزەو دیزە .
(سوان) برربەند .
(سواندۆکە) سواندووکە .
(سواندولکە) سواندۆکە
(سواندووکە) چۆلەکە پاساریی .
(سواندە) سوانە .
(سوانە)گوێسوانە .
(سۆبە) سۆپا .
(سوپا) لەشکر .
(سۆپا) کوورەیەکی لوولەداری لەوح یا تەنەکەیە زستانان لە ژوورا ئاگری تیـا ئەگرێتەوە .
(سوپا خانە) سپاخانە .

(سوپارران) سپاررانیی .

(سوپاررانیی) سپاررانیی .

(سوپاس) ستایشی یەکێك لە پا داشی چاکە یەکیا .

(سوپا سالار) سپا سالار .

(سوپاس کردن) سوپاس .

(سوپاگە) سپاگە .

(سۆپە) سۆپا .

(سوپەر) سپەر .

(سوپێر) سپەر .

(سۆتك) سەرەبزووت .

(سۆتکە) سمڵ . ناوە بۆ دێیەك لە ناوچەی سەرچنار .

(سۆتن) سووتان .

(سۆتە) بێ باوەرری بێ ئایین. داوین پیس .

(سۆتەك) سووتك .

(سۆتەی) سووتان .

(سوچیای) سووتان .

(سوخاڵ) د . زوخاڵ .

(سوخاڵدان) د . زوخاڵدان .

(سوخت) مەردومی بێ پارەو پوول . پەستی زوبیر . سۆخت (د) .

(سۆخت) سووتەمەنی .

(سوختبوون) بێ پارەو پوول و سامان بوون .

(سوختکردن) داماڵە غاسیی کردنی یەکێك و هیچ پێ نەهێشتنی .

(سوختە) کەسێکە کە تازە دەستی کردبێ بە خوێندن لە مزگەوتا وە ئیش و کار بکا بۆ مامۆستای .

(سۆختە) د . سوختە .

(سوخرە) سوغرە .

(سوخمە) جۆرە کاڵایەکی دوگمەداری کورتە لە سەر کراسەوە لەبەر ئەکرێ . دارێکە دائەچەقێنرێ و مێوی ئەخرێتە سەر (ز) .

(سۆر) سوور . سوێر .

(سوراحیی) جۆرە شەربەیەکی شووشەیە ئاوی تێ ئەکرێ .

(سۆراخکردن) سووسە کردن و بەڵگە کرتنی شتی وون بوو .

(سۆراغکردن) سۆراخکردن .

(سۆراف) با. ناوە بۆ جۆرە ترێیەك .

(سۆران) ناوە بۆ بەشێك لە کورد کە دائەنیشێ لە ناوەندی زێی گەورەو زێی پچووکا .

(سۆرانیی) فەقیانەی کراس . کوردی سۆران . هەرمێ لاسوورە (ز) .

(سۆرپاز) ز . جۆرە سیرێکی کێوییە .

(سورخ) دەرمانێکی سوورە وەك کل

وایە ، ئەگیرێتەوە و شتی پێ ئەنووسرێ .
(سورخکاریی) جوان کردنی نووسراو
بە سورخ .
(سورر) د . شوێنی لێژو خزو سەر
بەردو خوارە .
(سورر سوررە) باڵندەیەکی پچکۆلەی
گێژو وێژی نازییرەکە .
(سوررنا) زوررنا .
(سوررناتك) زوررناتك .
(سوررناژەن) زوررناژەن .
(سورریان) د . خلیسکان .
(سۆرسۆرك) سوورێنچك .
(سۆرك) سوورێژە (ز) . هەرزن.
(سۆرکە) سوورێژە .
(سورمە) شتێکی بارییکە وەك دەزوو
لە زیو دروست ئەکرێ بۆ دۆقی عەباو
گوڵەنگەی چەفتە و شتیتر . کل .
(سورمەدان) ئەڵقە ئاسنێکە بەم سەرو
بەو سەري تۆپی جەنجەررە وە میلەکانی ئەم
سەرو ئەو سەری پیا ئەچێ . کلدان .
(سورمەرریژ) کالاْ یا پارچەیەکە کە بە
سورمە جوان کرابێ .
(سورمەیی) رەنگی شینی تاریك .
(سۆرنجان) جۆرە گیایەکە .

(سورروشت) طبیعت . خووی مەردوم .
(سورروشتیی) شتی طبیعی .
(سۆرە) بۆنە : بە (سۆرە) ی تۆوەهاتم
واتە بە بۆنەی تۆوە . یێگانە : (سۆرە) هەر
(سۆرە) یە . هەنەزا (د) .
(سۆرەو تۆرە) خـزم و خۆشیی ژن بۆ
پیاو ، وە هی پیاو بۆ ژن .
(سۆریاس) گیایەکی کوێستانی یەگەڵای
وەك کەوەر وایە بەڵام بارییك ترە ئەکرێ
بە چێشت .
(سۆرییچك) ز . سوورێنچك .
(سوریین) سمتی ئادەمیی .
(سۆز) شەوق و کەیف : فیسار کەس
زۆر بە (سوز) ە .
(سۆزان) سووتان .
(سۆزانیی) ئافرەتێکە کە لە ناو پیاوانا
سەما بکاو سوورر بدا . ژنی بێ شەرم .
(سۆزرەت) شتی سەیر .
(سۆزکردن) گۆرانی ووتن بە سەر
خۆشەویستێکا بە دڵێکی گەرمی بە کوڵەوە .
(سۆزمانی) د . سۆزانیی .
(سۆزە) کزە بای سووك . سۆز (د) .
(سۆزەکردن) سۆزکردن .
(سۆزیاگ) سووتاو .

(سۆزیان) سووتان .

(سۆزیاو) سووتاو .

(سۆزیی) سبەینێ .

(سۆژە) بێگار .

(سۆس) كەپەك .

(سۆست) سۆس .

(سۆسرەت) سۆزرەت .

(سۆسك) د . سۆس . سوێسكە .

(سۆسكە) سوێسكە .

(سۆسن) سۆسەن .

(سۆسەن) جۆرە گوڵێكی جوانی بۆن خۆشە گەلێ رەنگی هەیە .

(سوغرە) بێگار كردن بە مەردوم .

(سۆغیین) ز . ئەنجامی كار .

(سۆفە قیتە) كڵاو كوررە .

(سۆفیلكە) كڵاو كوررە . مەردومی صوفی خوا پەرست .

(سۆفیلە) دارێكە دا ئەچە قینرێ بە خەرمانا دوای سوور كردنی .

(سۆڤ) ز . گرانیی .

(سۆقان) ئێسقان .

(سۆك) كوت ، (سۆكە سۆك) كوت پێوەدانی یەك لە سەر یەك . سووك .

(سۆكدان) د . كوت وەشاندن

(سوكوم) ز . تەحرو شێوە .

(سۆكیی) د . سووكیی .

(سوڵ) د . سڵ .

(سۆل) پێڵاوێكە ئەكرێ بەسەر پێوە .

(سۆڵ) سوێر . ووتەیەكە هەمیشە لە دوای ووتەی (سفت) ەوە بە كار دێنرێ : سفتو (سۆڵ) واتە زۆر سفت .

(سۆلاڤ) تاڤگە . ناوی شوێنێكە لە ناوچەی عەمادیە .

(سۆلان) د . نەژادو رەسەن .

(سۆڵان) د . گوڵی سەوڵ .

(سۆڵاندنەوە) چووزاندنەوە .

(سۆڵانەوە) د . سۆڵاندنەوە .

(سۆڵانەوە) چووزانەوە .

(سۆلاوكە) پلوسك .

(سولتان) جۆرێكە لە زاخە .

(سۆلدروو) كەسێكە كە سۆل بدروێ .

(سۆلكەر) سۆلدروو .

(سۆلۆلە) بەچكە دووپشك .

(سۆلوخوا) د . شتی سوێر خوێ .

(سولوسات) ز . كۆبوونە وەی پیاوان بە زۆریی .

(سۆڵە) سەرماو بە تیین . شەوقێكی كەمكە لە دوورەوە دیاربێ (د) . بڵێسە (د) .

ناوه بۆ چوار دێ له ناوچەی بازیان و قەراخ و مەریوان .

(سۆڵه چرا) د . چۆڵه چرا .

(سۆ ڵه سۆ ڵ) د . چوو ز ه چووزی ئەندام : ناو دەمم (سۆڵەسۆڵ) ی لیوه دێ .

(سۆڵکه) سوێرەکه .

(سوڵیانەوه) د . چووزانەوه .

(سۆلینه) با . گونجی ئاو .

(سۆڵینەوه) سۆڵانەوه .

(سۆما) بینایی چاو. ئاسۆ (د) . رۆشنایی (د) .

(سۆمایی) بیبیلەی چاو .

(سۆمایی داهاتن) بریتی یه له کوێر بوون

(سون) سن .

(سوند) سوێند .

(سۆند) سوێند

(سونکه) وورده کەشکێکه دوای سوونەوه مابیتەوه . بنیسکه سابوون (د) .

(سۆنگه) د . دەست پەرژان .

(سونی) ئیزه . که سێکه له سەر پەیرەوی پێغەمەرو یارانی بێ .

(سۆنه) مراویی .

(سوو) د . سوود: ئەم ئیشه بێ (سوو)ه .

(سووان) له کار کەوتنی تیغ بەرەنگێك که به هەسان تیژ نەبێتەوه . هەسان. لووسبوون و نەمانی زبریی شت .

(سوواندن) نەهێشتنی زبریی شت .

(سوواندنەوه) سوونەوه .

(سووانده‌ر) ز . گوێسوانه .

(سووانن) سوواندن .

(سووانەوه) توانەوەی کەشك و هێندێ شتی تر به هه لکلۆفتن و خستنی له شتێکی تر : کەشکەکه (سوواوەتەوه) . لووسبوون و چوونه یەکی لبادو فەرەنجی لەبەر زۆر سوونەوەی .

(سوواو) شتێکه که لووس بوو بێ و بررگەی نەمابێ .

(سوواوه) شتی سووراوه .

(سووبا) ز . مەلەوان .

(سووباهیی) ز . مەله کردن .

(سووپ) ز . چەن بەردێکه له بەریانی ئاوا دائەنرێ و داری پیارائەنگێورێ بۆماسیی گرتن .

(سووت) ز . چاڵێکه تەپکەی له سەر دا ئەنرێ بۆ گرتنی هێندێ باڵنده .

(سووتار) مەردومی سەرسەریی(ز) .قووڵ .

(سووتال) سووتار .

(سووتان) ئاگر تێ بەر بوونی شتێك و نه مانی .

(سووتاندن) ئاگر بەردان لە شتێك و نەهێشتنی .

(سووتانن) سووتاندن .

(سووتانەوە) سووربوونەوەو هەڵ زڵە پێپی شوێنێك لە ئەندام بە هۆی تەرر بوون و زۆر مانەوەیەوە لە تەرریی دا .

(سووتاو) شتێکە کە ئاگری تێ چووبێ .

(سوتاوە) شوێنێکە کە سووتابێتەوە .

(سووتك) سووتوو .

(سووتوو) خۆڵەمێشی شتی سووتاو .

(سۆوتە) د . شتی سووتاو .

(سووتەڵ) شتێکە کە لایەکی سووتابێ .

(سووتەمەرۆ) داری نیوە سووتاوی هەڵ پرروزاو .

(سووتەمەنیی) شتێکە کە ئامادە کرابێ بۆ ئاگر کردنەوە .

(سووتەنیی) سووتەمەنیی .

(سووتیان) د . سووتان .

(سووتیانەوە) د . سووتانە وە .

(سووتێن) شتێکە کە بسووتێنێ .

(سووتێنەر) سووتێن .

(سووجگەر) د . سیوجگەر .

(سووجەرگ) د . سیوجگەر .

(سووچ) گوناح و تاوان . قوژبن .

(سووچدار) تاوانبار . شتی گۆشە دار .

(سووچناى) هـ . سووتان .

(سووچەر) سووچەرر .

(سووچەرر) گیاندارێکە بەقەدقەلەموونێك کە رقی هەستا پەررەکانی ئەهاوێژێ بەر هەر شتێك بکەوێ بریندا ری ئەکا ، وە گۆشتی ئەخورێ .

(سووچێو) مەقەڵیی .

(سووخار) ز . بەڵمی برنج .

(سووخاڵ) خەڵووز .

(سووخاڵدان) خەڵووزدان .

(سووخۆر) د . سوود خۆر .

(سوود) قازانج . کرێی پارەیە کە کە بە ساڵ یا بە مانگ بدرێ بە یەکێك .

(سوود خۆر) کەسێکە کە پارە بدا بە سوود .

(سوود دار) شتی بەکەلك .

(سوودکردن) پارە دان یا وەرگرتنی بە سوود .

(سوور) جۆرە رەنگێکە وەك خوێن . شایی . سوێر .

(سووراقك) ز . سووراو .

(سووران) شایی .

(سوورانچك) سوورێنە .

(سووزانە) پارەیەکە ئاغا دێ ئەیسێنێ لە زاوا لە کاتی ژن هێنانیا .

(سووراو) جۆرە ترێ یەکی سوورە وەك (کاژاویی) بەڵام ئەم ناسك ترە . دەرمانێکی سوورە ژنان بۆ جوانی سەرکوڵم و لێوی پێ ئاڵ ئەکەن .

(سووراوە) شتێکە کە سوورا بێتە وە .

(سوورباش) گزێر .

(سوورباو) شتێکە رەنگی سوور کرابێ .

(سووربلەتیی) گۆیژە سوورە .

(سووربۆرە) ووڵاخی بۆری سوورباو .

(سوور بوونەوە) سوور هەڵگەررانی مەردوم لە کاتی تەریقی یا توورە بوونیا . سوور هەڵگەررانی گۆشت و شتی تر لە رۆنی داخا .

(سوور بە سوور) ووتەیەکە ووتنی شتێك بە یەکێك بە بێ پەردە نیشان ئەدا : (سوور بە سوور) قسەکەم پێ ووت .

(سوورپرر نۆڵ)شتی سووری شلی ناشیرین .

(سوور پیاز) هـ . زەردەواڵە .

(سوورچك) سوورێنچك .

(سوورچی) ناوە بۆ تیرە یەکی گەورە لە کورد .

(سوورخون) سوورفل .

(سووردا گەرران) سوور هەڵگەرران

(سوور داگەرریان) سوور داگەرران .

(سوورر) چەرخەوخول . سەما .

(سوورران) چەرخان و خول خواردن .

(سووررراندن) چەر خدان بە شتێك و خول پێدانی .

(سووررراندنەوە) خولاندنەوەی شتێك .

(سووررانگە) ئوێنێکە تیا بسووررێتەوە .

(سوورانن) سووررراندن .

(سووررانەوە) سووررراندنەوە .

(سووررانەوە) خولانەوە . گەرانی مەردوم بەبێ ئاەانج .

(سووررخواردن) خول خواردن .

(سووردان) خولدان . سەما کردن .

(سووررك) با . جوررنە .

(سووررگە) سووررانگە .

(سووررنانك) سوورێنچك .

(سووررنەخۆش)مەردومی جۆشنی سوورر دەر .

(سوورره) خولە و چەرخە بە گردی شتێکا ، (سوورره سوورر) سوورر خواردنی یەك لە دوای یەك .

(سووررریان) د . سووررران .

(سووررریانەوە) د . سووررانەوە .

(سوورسات) خەرج و باجێکە ئاغادێ بیسێنێ .

(سوور شامیی) جۆرە ترێ یەکی سوورە دەنکی لە سادانی گەورەترە .

(سوورفل) سوور پرر تۆڵ .

(سوورك) با . مۆرانە .

(سوورکردن) پاك کردنی دانە وێڵە لە خەرمانا بە جیاکردنەوەی کاکەی .

(سوورکردنەوە) ئەم دیوئەودیو کردنی گۆشت و شتی تر لە رۆنی داخا تا سوور هەڵ ئەگەررێ. پشت راگرتن بە رووتیی لە بەرئاگرو دەست پیا هێنانی لە کاتی سەرمابوونا تا سوور ئەبێتەوە . خستنی خشت و گۆزەو دیزەو شتی تر بۆ ناو ئاگر تا سوور ئەبێتەوە .

(سوورکە) جۆرە مێووژێکی سوورە لە ترێ سپکە دروست ئەکرێ . برنجێکە کە دەنکی سووری زۆربێ . شوێنێکە لە زەویی کە سووربێ و سەوزیی تیا نەبێ . بریتی یە لە منالی ووردە .

(سوورکەلە) ئادەمیی سوورباو .

(سوورکەڵە) سوورکەلە .

(سوورکەووگێ) د . سوورکەوە .

(سوورکەوە) وولاخی کەوەی سوورباو .

(سوورگوم) شتی وونی بێ سەروشوێن ، (سوورگومکردن) وون کردن و بێ سەرو شوێن کردنی شتێك .

• (سوورگیی) ئاسنێکی زبانەدارە لە دیوی ناوەوە پەنجەرەو دەرگای پێ دائەخرێ .

(سوورم) د . زەویی سووری بێ گژوگیا .

(سوورۆونە) گیایەکی کوێستانیی یە کە سەر دەرئەهێنێ وەك چنگی کەو سوورە .

(سوورەبنە) گیایەکی بەهاریی کوێستانیی یە ئەکرێتە ناو دۆکولیرەوە .

(سوورە بیی) جۆرە بیی یەکە .

(سوورە پیاز) جۆرە پیازێکی سوورە .

(سوورەتا) جۆرە تایەکی بێ مو چررك و لەرزە سێ شەوو سێ رۆژ ئەخایەنێ .

(سوورە چنار) پەڵك .

(سوورە چێو) دارێکی سوورباوە بەقەد دار هەنارێك بەرز ئەبێتەوە گەڵای وەك بەهێ وایە .

(سوورە داڵ) جۆرێکە لە داڵ بەڵام ئەم گۆشت خۆر نیە .

(سوورە داڵە) سوورە داڵ .

(سوورە رریۆیی) جۆرە رێویی یەکی سوورباوە .

(سوورەقانگ) جۆرێکە لە مراویی .

(سوورە ماسیی) جۆرە ماسیی یەکی سوور

کاره گۆشتی زۆر خۆشه .

(سوره مۆزه) شەنگه سووره .

(سوورەو بووگ) د . شتی سوور بوەوه .

(سوورەوبوون) د . سوور بونەوه .

(سووردەو کردن) د . سوور کردنەوه .

(سوورەو کریاگ) د . شتی سوور کراوه .

(سوورهوول) د . شلی سوور پرر تۆل .

(سوور هەلگەرران) سوور بوونەوەی مەردوم لە توورره بوون یا تەریق بوونەوه یا سەرما بوونیا . ئالو بۆلبوونی خورماو هێندێ شتی تر .

(سوورێتی) سووریی شت .

(سوورێجه) د . سوورێژه .

(سوورێچکه) د . قوررگ .

(سوورێژه) دەردێکه وەك ئاوله بەلام ئەم ئاو ناگرێ .

(سوورێکه) سوورێژه .

(سوورێنجه) سوورێژه .

(سوورێنچك) سوورێنه .

(سوورێنچکه) سوورێنچك .

(سوورێنه) لوولەیەکه لە قوررگی گیاندارا ئاوی پیا ئەچێته خوارەوه .

(سووریی) بوونی شت بە سوور .

(سووریجه) د . سوورێژه .

(سووزان) سووتان .

(سووزاندن) سووتاندن .

(سووزمه) چێشتێکه کە بەرەکەی گوشرا بێ و تلپەکەی فرێ درابێ .

(سووزن) سووژن .

(سووزن‌ئاژن) سووژن ئاژن .

(سووزەنەك) دەردێکی پیسه زۆرتر ئەگا بەجێی‌میزی ئادەمی‌و بە ئازارەوه میزی بۆ ئەکرێ .

(سووزەنیی) دۆشەکلەیەکی جوانی‌پرر تەرییی ساچاغداره لە حەماما خۆی لە سەر پۆشته ئەکرێتەوه .

(سووزیان) گرری دەروون : سووزیان)م ئەگررێ ، واته دەروونم جۆشی سەندووه .

(سووزیاو) سووتاو .

(سووژن) ئاسنێکی درێژی لووت تیژه کورتان و هێندێ شتی تری پێ ئەدرووێ .

(سووژن ئاژن) سووژن‌کردن بە شتێکا بە زۆریی .

(سووژندان) چه رمێکی درێژ کۆله یه سووژنی تێ ئەخرێ .

(سووژیان) سووتان .

(سووژیاو) سووتاو .

(سووسك) ز . سوێسکه .

(سووسکە) سوێسکە .

(سووسە) دەنگو باسێکە کە یەشتا بلاّو نەبوو بێتە وە : (سووسە) یەك هەیە لە لایەن فیسارەباسەوە ، واتەدەنگوباسێکی کزیهەیە . بای سووك .

(سووسەکردن) دەنگوباس وەرگرتنێکی کەم لە شتێکی نهێنی یەوە .

(سووسەلێ) بزنی رەشێ دەموچاوسوور.

(سووسە مار) بزن مژە .

(سۆوسەن) ز . سۆسەن .

(سووسیی) هـ . سوێسکە .

(سووش) ز . جۆرەگیایەکی بۆنخۆشە.

(سووقان) ئێسقان .

(سووك) شتێکە قورس نەبێ . بریتی یە لە مەردومی بێ مایەی بێ نرخ .

(سووکبار) بریتی یە لە کەسێك کە ئەرکی کەم بێ .

(سووکباریی) بریتی یە لە کەم ئەرکی.

(سووکرە) دییزە .

(سووك کردن) بریتی یە لەئابرروو بردنی یەکێك .

(سووکە) د . شیشێکە کە گۆرەویی پێ ئەچنرێ .

(سووکەڵە) شتێـکە لە هەڵگرتنا سووك بێ .

(سووکیی) بوونی شت بە رەنگێك کە قورس نەبێ . بریتی یە لە بێ نرخیی و بەدناویی یەکێك .

(سوول) با. جوررنە . تاڤگە . پلوسکی ئاو .

(سوولاف) تاڤگە .

(سوولاووك) سوولاوگە .

(سوولاوگە) پاوسکی سەربان .

(سوولك) مناڵی ساوا . سوو لاووك .

(سوولکە) بنیسکە سابوون . بریتی یە لە مناڵ : دوو (سوولکە)م هەیە ، واتە دوومناڵ.

(سووڵگە) شوێنی لێژ .

(سوولە) چەن سنگێکی باریکی نووك تییژە (بەرماڵ) ی دەواری لە دەوارا پێ قایم ئەکرێ . لاسکی هەرزن (ز) .

(سوولەررمە) چلوورە .

(سوولیین) با . زێراب .

(سوون) سن . ساوین .

(سوونەوە) هەڵگلۆفتن و دەست هێنانی زۆر بە شتێکا : کەشکە کە یا لبادو فەرەنجی یەکە بسوورەوە .

(سووەیل) د . ئەستێرەی سییوەیل .

(سوویاگ) د . سواو .

(سوویان) سووان .

(سوویه) سپڵ .

(سوهتن) ز . سووتان .

(سوهون) ز . سام و ترس .

(سوەی) سبەی .

(سوێ) خەفەت و داخ : (سوێ) ی برد بە دڵیا . ئێش و ئازار : ئەم برینە بە (سوێ) یە . تەماشا .

(سوێ بوونەوە) مردن لە داخا یا لە ئازارێکا .

(سۆیتەلیی)مەردومی هەڵەشەی سەرسەریی.

(سویجگەر) سیوجگەر .

(سوێر) خواردنێکە کە تامی وەك تامی خوێ وابێ .

(سوێر خوێ) خواردنێکە کە مەزەی سوێریی بێ .

(سوێرۆ) د . ریشۆڵە .

(سوێرەکە) جۆرە خواردەمەنی‌یەکە لە خەستەی دۆ دروست ئەکرێ . جۆرێکە لە مازوو دەباخی پێ ئەدرێ .

(سوێرە لووك) شتی سوێری ناخۆش .

(سوێرێژك) ل . سوورێژە .

(سوێس) تارمایی .

(سوێسکە) مەلێکە وەك کەو بەڵام ئەم پچووکترو گۆشتی خۆشترە .

(سوێسن) سۆسەن .

(سوێسنایەتی) ناوە بۆ ناوچەیەك لە کوردستانی ئێران .

(سوێسنە)گوڵێکی جوانی بۆن خۆشی کوێستانی‌یە .

(سوێکە) ئاسو .

(سوێل) سمێڵ .

(سوێڵ) سمێڵ .

(سوێن) سوێند .

(سوێند) پاکانە بە ناوی خوا .

(سوێند خوار) دووکەس یا زیاترن کە پاکانەیان بۆ یەکتریی کردبێ لە شتێکاو بووبن بە یەك .

(سوێندخواردن)پاکانەکردن بەناوی‌خوا.

(سوێند خواریی) یەکێتی دووکەس یا زیاتر بە هۆی سوێند خواردنەوە .

(سوێندخۆر) کەسێکە کە سوێند بخوا .

(سوێنددان) پاکانەکردن بە یەکێك .

(سوێندگیر) کەسێکە کە سوێندی درۆ پێی نواندبێ .

(سوێنکە) سونکە .

(سوێنگ) سوێند

(سوێنگخوار) سوێندخوار .

(سوێنگخواردن) سوێندخواردن .

(سوێنگخواریی) سوێندخواریی .

(سوێنگخۆر) سوێند خۆر .

(سوێنگدان) سوێند دان .

(سوێنگگیر) سوێندگیر .

(سوێنە) دەفرێکی گڵێنی سوورەوەکراوی پەلە بەرگ و کاڵای تیا ئەشۆرێ .

(سۆیە) سبەی .

(سوێر) ل . شایی .

(سوێل) ل . سمێڵ .

(سویبلاق) با . تاڤگە .

(سوێن) سوونی شت .

(سە) سەگ . سێ (ز) . سێبەر (ز) .

(سها) سێبەر .

(سەبا) ناوە بۆ جۆرە مقامێك .

(سەبارەت) ووتەیەکە بە کار دێنرێ لە جیاتی ووتەی (لە بەر) : (سەبارەت) بە نەخوێندەواریی یە کە کورد پاش کەوتوە .

(سەبرگە) ریخ و شیاکە .

(سەبرگەچیی) کەسێکە ریخ و شیاکە پاك بکاتەوەو فرێی بدا .

(سەبزە) سەوزایی یەکە بە کاڵی یا بە کوڵاویی بخورێ . هەموو جۆرە شینایی یەك کە روا بێ .

(سەبوون) بای گەرم .

(سەبەتولکە) سەبەتەی پچکۆلە .

(سەبەتە) دەفرێکی تووڵیینی دەم پەلە .

(سەبەتە بە سەرێ) جۆرە یاریی یەکە ئەوی تێ بکەوێ دا ئەنیشێ و یەکێك ئەبێ بە وەستا بە ژوور سەریەوە پاسی ئەکاو ئەوانی تر دێن لێی بدەن وەستاکەش نایەڵێ لەو حەلا دەستی بەرهەرکامێکیان بکەوێ تێ ئەکەوێ .

(سەبەتچن) کەسێکە کە سەبەتە دروست بکا .

(سەبەل) جۆرە دەردێکە بە چاو ئەگا زیادە گۆشتی تیا پەیدا ئەبێ .

(سەبەڵ) د . سەبەل .

(سە بیل) شتێکی خواری کونداری گڵێنە سوورئەکرێتەوەو تووتنیپێ ئەکێشرێ .

(سە بیلچی) کە سێکە کە سە بیل درو ست بکا .

(سەبیل خۆر) سەبیل کێش .

(سەبیل ساز) سەبیلچی .

(سەبیل کێش) کەسێکە کە سەبیل بکێشێ .

(سەبیلە) شتێکە وەك سەبیل ئەمسەرو ئەو سەری بۆریەی ئاوی پێ قایم ئەکرێ .

(سەپان) کە سێکە کە بە یانزە یەك

دانەوێڵە بدروێتەوەو بیهێنێتە ناو بۆ خاوە نی .

(سەپاندن) جێ کردنەوەی شتێك لە شوێنێك بە زۆر .

(سەپانیی) وەرزێریی .

(سەپك) تێلاً . دارێکە وەك چنگی ئادەمیی دەواری پێ ئەکوترێ لە کاتی‌تەنینا بۆ سفتیی . کولێرەیەکە لەکەپەك دروست ئەکرێ بۆ سەگ .

(سەپلە) جۆرە کولێرەیەکە بۆ سەگ ئەکرێ .

(سەپۆڵە) مەردومی گەلحۆی‌گێژو وێژ .

(سەپوول) د . سەپۆلە .

(سەپەل) د . مەردومی سەپۆلە .

(سەپەلیك) سپڵ .

(سەتك) گیایەکی بەهارییە بەرێك بە هێشوو ئەگرێ دە نکەکانی وەك نۆك وایە تام‌و بۆنی خۆشە .

(سەتڵ) دەفرێکی قوڵفداری گەورەیە لە مس یا لە تەنەکە یا لەوح دروست ئەکرێ ئاوو هێندێ شتی تری پێ ئەهێنرێ .

(سەتماندن) ز . پرر کردنەوەی بیر . وێران کردنی شوێنێك .

(سەتمە) ز . ساتمە .

(سەحکرن) ز . گوێ گرتن .

(سەحەریی) جۆرە مقامێکی کوردیی یە .

(سەحەن) دەفرێکی مسینە وەك دەوریی پەلە بەڵام ئەم قووڵترە .

(سەحەنچە) سەحەنی پچووك .

(سەچێتین) ز . تەفتیش .

(سەخت) شتی زۆر رەق . رۆژی سەرماو باوە . مەردومی تووررە بوو .

(سەختبوون) تووررە بوون . رەق بوون

(سەختکردن) تووررە کردن .

(سەختە گرێ) د . گرێ کوێرە .

(سەختەوبرون) د . رەق بوون . تووررە بوون .

(سە ختیان) کەوڵی نان کردن . شە قە چەرم .

(سەختیی) رەقیی . سەرماو سۆڵە : بەم (سەختیی) یە مەچۆرە دەرەوە . راسپاردن : فیسارکەسم (سەختیی) کرد واتە رام سپارد . تووررەیی .

(سەخڵەت) د . سەغڵەت .

(سەخڵەتکردن) د . سەغڵەتکردن .

(سەخڵەتیی) د . سەغڵەتیی .

(سەخورر) ریخی ناو سکی ئاژاڵ .

(سەخورر دان) توورەکەیەکە لە ناو سکی ئاژاڵا سەخورری تیایە .

(سەخوررگا) د . شوێنێکە کە سەخورری تێ فرێ بدرێ .

(سەخورمە) د . سیخورمە .

(سەخەریی) د . پێستی کەفەڵی گاو گامێش و ووڵاخی بەرزە کە ژێری پێڵاوی لێ دروست ئەکرێ .

(سەد) ناوە بۆ ژمارەیەك کە دەجار دەیە .

(سەدارە) جۆرە کڵاوێکی لا پانە ، هێندێ لە کار گوزەرانی دەوڵەتی عراق ئەیکەنە سەر .

(سەدان) ئەو ژمارانەن کە لە پلەی سێ هەما ئەنوسرێن لە ژمارەدا . چەن سەدێك لە شتێك : فیسارکەس بە (سەدان) مەرری هەیە

(سەدریی) جۆرە برنجێکی دەنك بارییکی درێژکۆلەیەو بۆنێکی خۆشی هەیە .

(سەدە) چەرخێکە کە بریتی یە لە سەد ساڵ (قرن) .

. (سەدەف) شتێکی سپی سەختی بریقەدارە قۆپچەو شتی تری لێ دروست ئەکرێ .

(سەدەم) سەدەمین . ووتەیەکە بە کار دێنرێ لە جیاتی ووتەی (لەبەر) (ز) .

(سەدەمین) شتێکە لە پایەی سەدا بێ .

(سەدهەم) سەدەمین .

(سەد هەمین) سەدەمین .

(سهر) ز . زرر .

(سەر) سەلکی گیاندار . لای ژوورووی هەموو شتێك . نیشانەیەکی پچکۆلەی راستە لە بان هێندێ پیتی عەرەبی دا ئەنرێ . جار : بەیانی (سەر) ێك هاتم بۆلات . سەرقابی شت: (سەر) ی شووشەکە شکاوە . دەمی دەفر : (سەر) ی دەفرەکە بنێرەوە . بریتی یە لە تاقە گیاندارێك: خێزانی فیسارکەس چوار (سەر)ن . ئەندازەیەکە لە ئاوکە کشتوکاڵی پێ ئاو بدرێ: کارێزەکەم (سەر) ێك ئاوی هەیە .

(سەرا) کۆشکێکی گەورەی دەوڵەتی یە کە سەرۆك و فەرماندەری دەوڵەت و بەردەستەکانی بیشەی دەوڵەتیی تیا ئەبینن .

(سەراپا) ووتەیەکە لە باتی ووتاری (لە سەرەوە تا خوار) بە کار دێنرێ : کتێبەکەم سەراپا خوێندەوە ، واتە لەسەریەوە تاخواری .

(سەرا پەردە) پەردەیەکە بە دەرگای سەراو ژووری پیاوی گەورەدا بگیرێت .

(سەرا پیتە) بن مییچ .

(سەراراو) کەف وسابوو ناوێکە کە یەکەم جار بەرگی پێ ئەشۆرێ .

(سەرازا) سەر بەخۆ .

(سەرارایی) سەر بە خۆیی.

(سەرا سوێ) سەرە تاتکێ .

(سەراسەر) سەراپا .

(سەراسێ) سەر ێشە : دراو سێ لە دراو سێ ئەگرێ (سەراسێ) .

(سەرا سیمە) کەسێکە کەسەری سورر مابێ لە کارێك .

(سەراك) ز . سەرۆك .

(سەرامەد) مەردومی قاڵی زیرە کی دەرهاتوو .

(سەرانسەر)سەراپا . توێژاڵی سەرەوەی شت : (سەرانسەر) ی ماستەکە بگرە .

(سەرانگوێلك) سەرە نوێلك .

(سەرانە) باجێکە لە مەردوم بسێنرێ لە جیانی سەری خۆی .

(سەراو) پێشاو . ئاوێکی زەردە ئافرەت لە پێش منداڵ بوونیا بە چەن دەمێك لە بەری ئەرروا . سەرچاوەی گەورە .

(سەراو تۆقین) تەقینی ئەو پەردە یەی کە منالی تیایە لە ـکی دایکیاوە هاتنە دەرەوەی ئاوەکەی کەمێك لە پێش منداڵ بوونا .

(سەراوورد) سەرە ئاو بناوانی هەموو شتێك : جاف لە (سەراوورد)ە وە کۆچەریی بووە . لای ژووورووی شت .

(سەراوەرد) د . سەراوورد .

(سەرئەژمێریی) سەر ژمێرە .

(سەر ئەناز) د . لاکێشێکە لە ژوورقاڵی یەوە رائەخرێ لە سەر باری پانی .

(سەر ئەنجام) ئەنجام و ئاکامی کار .

(سەر ئەنناز) ز . سەرپۆشێکە کە بدرێ بە سەر شتا .

(سەر ئێشان) سەر ئێشە .

(سەرئێشاندن) بریتی یە لە سەر کردنە سەر یەکێك .

(سەر ئێشە) ژانە سەر .

(سەرئێلچی) نوێنەری هەرە گەورەی دەوڵەتێك لە پایتەختی دەوڵەتێکی ترا .

(سەربار) بریتی یە لە ئیش وکارێکی لاوەکی کە خرایێتە سەر ئیش وکارێکی تایبەتیت . شتێکە کە خرایێتە سەر دووتای بار .

(سەربارە) سەربار .

(سەرباز) کەسێکە کە چوویێتە ژێرچەکی دەوڵەت بۆ پاسی نیشتمان .

(سەربازخانە) شوێنێکە کە سەر بازی دەوڵەت تیا دانیشێ .

(سەربازکاریی) خزمەتی سوپایی .

(سەربازگە) سەربازخانە .

(سەربازگیریی) گیرانی لاوان بۆ سەر بازیی .

(سەرباس) باسێکە کە قسەی لێ بکرێ

« موضوع »

(سەربالّ) سێ پەرری گەورەیە بە سەر باڵی باڵندەوە .

(سەربان) سەری ژوورو خانوو .

(سەر برر) د . قەد برر .

(سەر برراو) گیاندارێکە کە سەری لە لەشی کرابێتەوە .

(سەر بررباگ) د . سەر برراو .

(سەر بررین) برریینی سەرو جیا کردنەوەی لە لەش .

(سەربزێو) بریتی یە لە مەردومی جەر بەزەی هارو هاج .

(سەر بزێوبی) بریتی‌یە لە جەر بەزەیی‌و هارو هاجیی .

(سەربلّن) د . سەر بلّند .

(سەربلّند) بریتی‌یە لە یەکێك کە نەنگ رووی تێ نەکردبێ .

(سەربلّندکردنەوە) سەر بەرز کردنەوە .

(سەر بلّندیی) بریتی یە لە بێ نەنگی .

(سەربلّنیی) د . سەربلّندیی .

(سەر بە) وویەکە ئاشنایەتی یەکێك ئەگەیەنێ بە کەسێك کە لە دوایەوە ئەووترێ : (سەربە) من ،(سەربە) تۆ، (سەربە) ئەو ، واتە ئاشنای من یا تۆ یا ئەو .

(سەر بە تاك) سەر بە تاڵ .

(سەربە تاڵ) شتی دانە پۆشراو .

(سەر بە خۆ) مەردومێك یا گەلێکە کە لە کاروباری خۆیا ژوور دەستی نەبێ .

١
(سەر بە خۆیی) بوونی مەردوم یا گەل بە رەنگێکی وا کە ژوور دەستی نەبێ لە کارو باری خۆیا .

(سەر بە دوو) ز . چێشتی دۆینە .

(سەر بە دەرەوە) کەسێکە کە هاتوچۆی دەرەوە زۆر بکا .

(سەربەرز) سەر بلّند .

(سەربەرزکردنەوە) بریتی‌یە لە دووبارە پەیدا بوونەوەی کارێك : جەردەکان (سەریان بەرزکردۆتەوە) .

(سەربەرزیی) سەر بلّندیی .

(سەر بەرەخوار) سەربەرەوخوار .

(سەربەرەخوارە) سەربەرەو خوارە .

(سەربەرە ژوور) سەربەرەو ژوورە .

(سەربەرە ژوورە) سەر بەرەو ژوورە.

(سەربەرە ژێر) سەربەرەوژێر .

(سەربەرە ژێرە) سەربەرەو ژێرە .

(سەر بەرەو خوار) سەربەرەو خوارە . شتێکە سەری کەوتبێتە خوارەوەو خۆی کەوتبێتە سەرەوە .

(سەر بەرەو خوار بوون) دەمەو ژێر بوونی شت .

(سەر بەرەو خوار بوونەوە) ڕۆیین بە ڕێگایەکی لێژا لە سەرەوە بۆ خوارەوە .

(سەربەرەو خوارکردن) دەمەو ژێر کردنی شتێك .

(سەربەرەوخوارکردنەوە) ناردنی شتێك لە سەرەوە بۆخوارەوە. سەربەرەوخوار کردن.

سەربەرەو خوارە) هەڵدێرگەو لێژیی.

(سەربەرەو ژوور) شوێنێکە کە بەرز بێ و ژوور تۆ کەوتبێ .

(سەربەرەو ژوور بوونەوە) ڕۆین بە ڕێگایەکی لێژا لە خوارەوە بۆ سەرەوە .

(سەربەرەو ژوورکردنە) ناردنی شتێك لە خوارەوە بۆ سەرەوە .

(سەربەرەو ژوورە) شوێنی هەوراز .

(سەربەرەوژێر) سەربەرەوخوار .

(سەربەرەو ژێر بوون) سەر بەرەوخوار بوون .

(سەر بەرەو ژێر بوونەوە) سەر بەرە و خوار بوونەوە .

(سەربەرەوژێرکە) سەر بەرەو ژێرە .

(سەربەرەو ژێرە) سەر بەرەو خوارە .

(سەربەس) سەر بەست .

(سەربەست) کەسێکە لە هیچ سڵ نەکاو شەرم نەکا . سەر پێچ . سەربەخۆ .

(سەربەستکردن) نرخێکی زۆر دانانە لە سەر شتێك بۆ ئەوەی کە خاوەنەکەی دەستخەررۆ بێ وە لەو نرخە کەمتر نەی فرۆشێ و دابمێنێ بە دەستیەوە .

(سەربەستە) بریتی‌یە لە شتی پۆشراوی شارراوە .

(سەربەستیی) شەرم و سڵ نەکردن . سەر بەخۆیی .

(سەر بەسە) د . سەربەستە .

(سەربەسەر) گۆڕرینەوەی دوو شت بە یەکتریی بەبێ باقی دانەوە .

(سەربەسەرێ) سوار بوونی‌دوو ئیرینەی ئادەمیی بۆ یەکتریی و ئارەزوو بەجێ هێنا نیان بە یەکتریی .

(سەربەسیی) سەربەستیی .

(سەربەش) بەشێکی سەرپشکە لە ناوچەن بەشێکا لە شتێك .

(سەربەفەتارەتدان) تووشکردنی یەکێك بە چورتمێك بە ڕێکسختنی هەلاتێك بۆی بە ڕەنگێك کە سەری تیا بچێ .

(سەربەکڵاوە) کاتی هاتنە خوارەوەی باران و بەفر بەلێزمەورە هێڵە .

(سەربەگۆبەنگ) کەسێکە لە هەموو شوێنێك هەر گۆبەنگ بنێتەوە .

(سەربەگێچەڵ) سەربەگۆبەنگ

(سەربەمۆر) قوتوو یا شووشەیەکە کە پرر بێ لە شتێکی بە نرخ و سەرەکەی مۆر کرابێ .

(سەربەن) ز . چەرمی سەر پەنجەی نەعل .

(سەربەند) تاقە شیعرێکە کە لە (حەوت بەندا) بووترێتەوە .

(سەربە هەوێ) ژنێکە کە هەوێی بێ .

(سەربێشکە) پەردەیەکە ئەدرێ بەسەر بێشکەی منالا .

(سەرباچ) دروونەوەی گیایەکە کە لەناو مەرەزەدا روابێ و کەوتبێتە سەر مەرەزەکە .

(سەرپارێزەر) محامی .

(سەرپاك) ووتەیەکە بەکار دێنرێ لە جیاتی ووتەی (هەموو) : مەرەزەکەم (سەر پاك) درووەوە .

(سەر پاڵان) سەرکورتان .

(سەرپاڵە) سەپانێکە لە کاتی دروێنەدا پێش سەپانەکانی تر بکەوێ .

(سەرپایی) د . سەرپێ یی .

(سەر پرر) دەفرێکە لێواولێو پرربێ لە شت . سەرجەنجاڵ .

(سەرپزوو) شوێنی بەندە خوێن لە دەرپێ و رانكو دەمەر قۆپان .

(سەرپشك) شتێکی زۆر باشە لە ناو چەن شتێکی ترا کە پشك خرابێ و بەر یەکێك کەوتبێ .

(سەرپۆت) کردنی کارێك بە ناپوختیی:

(سەرپۆت) یەك تووتنەکەم دارك بژێر کرد .

(سەرپۆرت) د . سەرپۆت .

(سەرپۆش) پارچەیەکی تەنراوی چوار گۆشەیەکە بدرێ بە سەر شتا . تەنراوێکە کە ژنان ئەیدەن بە سەریانا .

(سەرپەتی) مەردومی سەر رووت .

(سەرپەرچەم) جۆرە چەکێکی ژنانانەیە ئەکەوێتە سەر پەرچەم .

(سەرپەرر) شتێکە لەوپەرری چەن شتێکی ترەوە بێ .

(سەر پەررە) پارچە کاغەزێکی رەنگاو رەنگە کە بۆ جوانیی ئەدرێ لەرووی شت .

(سەرپەرشت) کەسێکە چاودێریی شتێك بکا .

(سەرپەرشتیی) چاودێریی کردنی شتێك.

(سەرپەل) سەر لقی درەخت .

(سەر پەڵە) مانگی تشرینی دووهەم کە سیی رۆژە .

(سەر پەنجە) جومگەی یەکەمی پەنجە .

(سەرپێ سپاردن) بریتی یە لە دڵنیایی و پشت بەستن بە یەکێك: فیسارکەس لە وانەیە کە (سەری پێ بسپێرێت) .

(سەرپێچ) شتێکە کە بەسترێ بە سەرەوە . بریتی یە لە کەسێك کە ئەو فەرمانەی پێ دراوە نەیکا .

(سەر پێچانەوە) بریتی یە لە سڵەمینەوەو کۆ کردن : فیسارکەس لە هیچ شتێك (سەرنا پێچێتە) واتە کۆ ناکا .

(سەرپێچیی) خۆ دزینەوە لە کارێك و نەکردنی .

(سەر پیل) سەرشان .

(سەرپێوەنان) بریتی یە لە مل نان و راست رۆیشتن : لە شکرەکە (سەری پێوە نا) واتە راست رۆیشت .

(سەر پێ یی) گوزەران پەیا کردن بە بۆنەی هاتو چۆکردنی دەرەوە .

(سەر پێ یی کردن) بریتیی یە لە رەوان بوون و زۆر چوونە سەر پێشاو .

(سەرتا) میوەیەکی جوانە ئەخرێتە سەر دەمی تا .

(سەرتاپا) سەراپا .

(سەرتا سەر) سەرانسەر .

(سەرتاش) وەستای سەرتاشین . چەقۆ یەکە کە سەر بتاشێ .

(سەرتاشین) تاشینی سەر بە گوێزان .

(سەرتاق) دارێکە رایەڵ ئەکرێ بە سەر تاقاو دیواری لە سەر دروست ئەکرێ . پەتێکە ئەبەسترێ بە دەمی جەواڵەوە بۆ دروونی .

(سەرتاڵ) سەری تاوی بە کرەو کندر .

(سەرتڵ) بریتی یە لە شتی نایابی هەڵبژاردە .

(سەرتلیك) رەحەتیی . ئەمو ستیلەی درومان .

(سەرتۆ) د . سەرتوێ .

(سەرتۆپ) چەن قەدێکە لە تۆپی تەنراو لە سەرەوە کە لە وانی کەی باشترە . ووتەیەکە بە کار دێنرێ لە جێی ووتەی (هەموو): (سەر تۆپ) ی گەررەگ چوونە تەسەیران .

(سەرتوو) با . توێژی قەیماغ .

(سەرتوێ) توێژی ماست .

(سەر توێژ) سەرتوێ .

(سەرتەرز) تەرزی هەرە ناسکی هێندێ گیاو درەخت .

(سەر تەریدە) گەورەی جەردە .

(سەر تەریە) سەر تەریدە .

(سەرتەڵ) د . شتی هەڵبژاردەی نایاب .

(سەرتەنگ) تەنگە یەکە بە سەر باری

وولاخا ئەکێشرێ .

(سەرتەندوور) سەر تەنوور .

(سەر تەنوور) شوێنێکە کە تەنووری تیا دانرابێ بۆ نان تیا کردن .

(سەر تیا چوون) بریتی یە لە مردن لە پێناوی شتێکا .

(سەرتێشت) با . بەرچایی .

(سەرتێکردن) بریتی‌یە لە هاتوچۆکردن بۆلای‌یەکێك:فیسارکەس (سەری‌تێکردووم) . بریتی یە لە دەم ژەندنە شتێك و لە ناو دانی : فیسارکەس (سەری‌کردووەتە) دارایی‌یەکەی.

(سەرتیپ) قائدی فرقە .

(سەرتیل) چەن گوریسێکە سەرێکیان ئەبەسترێ بە دەوارەوەو سەرە کەی تریان بە مێخەوە .

(سەر تیلك) سەر تلیك .

(سەرجل) پارچە هۆررێکە ئەدرێ بە سەر کورتانا بۆ ئاگاداریی کورتانەکە .

(سەر جەم) ووتەیەکە لە جێ ی ووتەی تێکرا بە کار دێنرێ : جاف (سەرجەم) چوون بۆ کوێستان ، یا (سەرجەم) ئەم کاڵەکانە بە چەند ؟

(سەرجەنجاڵ) کەسێکە کە زۆرخەریك بێ بە شتەوە ، وە نەپەرژێتە سەر شتی تر .

(سەر جێ‌ی‌کردن) بریتی‌یە لە دروست بوونی پیاو لەگەڵ ژنی خۆی .

(سەرچاوکە) د . سەرچاوگە .

(سەرچاوگە) سەرچاوە .

(سەرچاوە) شوێنێکە کە ئاوی کانی یا کارێزی لێ دەرکەوتبێ .

(سەرچڵ) مەردومی جەربەزەی چەتوون کە ئەنجامی کار لێك نەداتەوە .

(سەرچلیی) سەر پێچیی‌و سەر رەقیی .

(سەرچۆپی) هەڵپەرریین لە پەرری لای راستی ریزەوە .

(سەرچۆپی کێش) کەسێکە لە پەرری لای راستی ریزەوە چۆپی بکێشێ .

(سەر چە شمە) سەرچاوە .

(سەر چەوت) کەسێکە لە پەیمان و بەڵێنا راست نەبێ .

(سەرچەوتیی) ناراستیی‌لەپەیمان‌وبەڵێنا.

(سەرحەد) سنووری‌شوێنێك‌کە دووخاك لە یەك جوێ بکاتەوە .

(سەرحەد دار) کەسێکە کە چاودێریی سەرحەدێکی پێ سپێررابێ .

(سەرخان) نهۆمی سەرە وە لە خانوو .

(سەر خستن) خستنی شتێك لە نزمی یە وە بۆ بەرزی یەك . بریتی یە لە پەرراندنی

وولآخی نێر . زاڵ کردنی یەکێك بە سەر یەکێکا یا بە سەرمەبەستێکا .

(سەرخستنە سەر) سەرنانە سەر .

(سەرخواردن) بریتی یە لە مردنی یەکێك دوای پەیدابوونی یەکێك : فیسار مناڵ (سەری باوکی خوارد) .

(سەرخوران) بریتی یە لە ئارەزوو کردنی یەکێك بۆکارێك: فیسارکەس (سەری ئەخورێ) لە ئاژاوە .

(سەرخۆش) کەسێکە بە هۆی خواردنەوەی ئارەق و مەیەوە مەست و بێ هۆش بووبێ

(سەر خۆشبوون) بێ هۆش بوون بە هۆی خواردنەوەی ئارەق و مەیەوە .

(سەرخۆشیی) مەستی و بێ هۆشیی .

(سەرخۆشیی کردن) دڵ نەوایی کردنی یەکێك کە مردووی مردبێ یا تووشی چورتمێك بووبێ لە گەڵ دڵخۆشی دانەوەی .

(سەرخەوشکاندن) بریتی یە لە نوستنێکی کەم بۆ حەسانەوە .

(سەرخەوکردن) سەرخەوشکاندن .

(سەرخێڵ) گەورەو سەرۆکی خێڵ .

(سەرد) سارد (د) . بریتی یە لە مەردومی بێ هەوەس لە شتێك .

(سەرداب) سارداو .

(سەرداخستن) بریتی یە لە شەرمەزاریی و تەریقیی .

(سەردار) گەورەی کۆمەڵێك .

(سەرداریی) گەورەیی کردنی کۆمەڵێك.

(سەردان) دیدەنی کردنی یەکێك . بە سەرکردنەوەی شتێك .

(سەردانان) بریتی یە لەگیان بەخت کردن لە رێی شتێکا .

(سەردانەواندن) بریتی یە لە شەرمەزار کردنی یەکێك : فیسارکەس چاك (سەری بە فیسار دا نەواند) .

(سەرداو) د . سارداو .

(سەرداهاووردن) سەردا هێنان . سەری قسە دامەزراندن (د) .

(سەر داهێنان) شانەکردنی مووی سەر.

(سەر درر) شتێکە کە مەردوم بە دەستی خۆی تەنیبێتی : جۆلآ بە (سەر درری) خۆی نارازابە .

(سەر درووو) کۆکی درووومان .

(سەردۆشەك) تەنراوێکی جوانە ئەدرێ بە سەر دۆشەکا .

(سەردوگەرم) د . ساردوگەرم .

(سەردولکە) ئەو ووتارانەن کەلەپرسەی ژنانا سەردولکە بێژ ئەیان لێ و ئەوانی تر بۆی

ئەسێننەوە .

(سەر دولکە بێژ) ژنێکە کە لە پرسەی ژنانا بە چەن ووتارێکی دڵگیر ئەلاوێنێتەوە بە سەر مردووەکەداوژنەکانی تر بۆی ئەسێننەوە.

(سەردۆڵە) کەوڵی نان لە سەر کردن.

(سەر دەرچوون) بریتیی یە لە شارەزایی لە شتێکا : فیسارکەس لە هەمووشتێکا (سەری دەرئەچێ) .

(سەر دەرکردن) خۆ رزگار کردن لە چورتمێك .

(سەردەرکەر) رابەری شارەزا .

(سەردەرگا) چەن دارێکە رایەڵ ئەکرێ لە سار دەرگا و دیـواری لە سەر دروست ئەکرێ .

(سـەر دەر هاتن) بریتی یە لە سەوز بوونی گیا .

(سەر دەر هاوور دن)سەر دەرهاتن .

(سەردەرهێنان) سەر دەرهاتن .

(سەر دەریی) کالآیەکی قۆڵ دارە لە سەر کالآی ترەوە لە بەر ئەکرێ .

(سەردەست) سەر قۆڵی هێندێ کالآ .

(سەردەستان) کاتی منال بوونی ئافرەت کە مامان ئەیخاتە سەر دەستی. ساردە سنگان.

(سەر دەستە) شتی هەڵبژاردەی نایاب : سەعاتەکەم (سەردەستە) یە . سەر دەست .

(سەردەسێر) د . کوێستان .

(سەردەفتەر) یەکەمین کەسێکە کە ناوی نوسرابێ لە سەرووی چەند ناوێکەوە .

(سەردەق) دەقی دەست لێ نەدراوی هەموو شتێك .

(سەردەق شکاندن) بریتی‌یە لە کردنی کارێك یا ووتنی قسەیەك کە پەشتا کەس نەی کردبێ یـا نەی ووتبێ : (سەردەقی) ئەم کارە یـا ئەم ووتارە مەشکێنە .

(سەردەم) کات و حەلێکی تایبەتی‌یە کە کارێکی تیا کرابێ و ئێستا باسی بکەویتەوە : لەو (سەردەمە) دا کە من ئـەم خوێند خوێندەوار زۆر بوو . عصر .

(سەردەمە) تەنراوێکی تەنکە ئەدرێ بە دەمی منالآ لە ناو بێشکەدا .

(سەردەمیی) شتی‌دەمدەمیی « موقت » .

(سەردەنشت) سەرزەنشت .

(سەردەوبوون) د . ساردبوونەوە .

(سەردەوکردن) د . ساردکرنەوە .

(سەردیی) ساردیی .

(سەرراد) ز . کەوی بێژانەوە

(سەرراندن) زەرراندن .

(سەر ررا) سەرەررا .

(سەرڕراست) بریتی یە لە کەسێك کە لە پەیمان و ئیش وکارا راست بێ .

(سەر ڕراستیی) بریتی یە لە پەیمان دروستیی و راستیی .

(سەر ڕروشتە) بەڵگە : لە بابەت شتە دزراوەکەوە (سەرڕروشتە) یەکم دەست کەوتووە . دەست مایەیەکی کەم لە خوێندە واریو ژیریی : فیسارکەس لە خوێندنا (سەر ڕروشتە) یەکی هەیە ، یا فیسارکەس بە (سەر ڕروشتە) یە ، واتە ژیرە .

(سەر ڕرەق) بریتی یە لە ەردومی رق ئەستوور کە لە کێشی کەسا نەبێ .

(سەر ڕرەقیی) تووڕرەییورق ئەستووریی

(سەرڕرە) زەڕرەی کەر ، (سەرڕرەسەرڕر) زەڕرەی یەك لە دوای یەك .

(سەرڕرهاتن) زەڕر هاتن .

(سەرڕرین) زەڕرین .

(سەرزارەکیی) سەر زاریی .

(سەر زاریی) قسەیەکە هەر بە دەم بووترێ و لە دڵ نەیەتە دەرەوە .

(سەر زەدە) خشتێکە لە نیوەی کەمتری کەل بێ . کەسێکە بێ پرس و بێ پەروا بچێتە شوێنێك .

(سەرزەنش) سەر زەنشت .

(سەر زە نشت) تەریق کردنە وەی یەکێك لە رووی ئامۆژگاری یەوە .

(سەرزیین) شتێکی جوانی رەنگاو ڕرەنگە ئەدرێ بە سەر قەڵتاغی زینا .

(سەرژماردن) ژماردن و نووسینی سەری ئادەمیی یا گیانداری تر بە تێکرایی .

(سەرژمێر) ئەوکەسەیەکە سەرئەژمێرێ .

(سەرژمێرە) سەر ژماردن .

(سەر ژمێریی) سەر ژمێرە .

(سەرژنانیی) پیاوێکە کە خووی ژنانە بێ .

(سەرساڵ) ز . ساڵیانە .

(سەرسام) کەسێکە لە شتێك سەری سوورمابێ .

(سەرسامبوون) واق وورمان .

(سەرسامە) نیشانەیەکە وەکو : [!!] لە دوای رستەیەکەوە ئەنوسرێ کە واتای سەر سامی ببەخشێ .

(سەرسامیی) سەر سوورمان .

(سەر سپاردن) خۆ بە دەستەوە دان و سەر تەسلیم کردن .

(سەر سپیی) ژنێکی پیرە کە ژنانی تر پرس و رای پێ بەکەن .

(سەرسکڵیی) هەویرێکی پانە وەکراوە وەك کولێرە کە لە سەر پشکۆ برژابێ .

(سەرسم) نووچ .

(سەرسم بردن) سەرسم دان .

(سەرسمدان) هەڵەنگووتنی گیاندار .

(سەرسوالکەر) کە سێکە کە چاوی لە دەستی مەردومەوە بێ .

(سەرسوڕمان) سەرسامبوون لە شتێك

(سەرسووت) ز . سەرەبزووت .

(سەرسووك) بریتی یە لە مەردومی کەم ئیش .

(سەرسووکبوون) بریتی یە لەکەم بوونەوەی ئیش و کار .

(سەرسووکیی) بریتییە لەکەمیی ئیش و کار .

(سەرسەخت) بریتیی یە لە گیاندارێك کە بەکێش بێ .

(سەرسەختیی) بریتییە لە بەرگەگرتن و بەکێشیی گیاندار .

(سەرسەریی) مەردومی بەد خووی بێ وێڵی بەرەڵا . بێموبالاتیی و هۆش نەدانە شت: هەروا (سەر سەریی) تەماشای نوسراوەکەم کرد .

(سەرسەنگ) زیادە یەکە ئەخرێتە سەر شتێکی فرۆشراوی کێشانەکراو بۆ خاترانە .

(سەر شا بەدەر) نوێنەری تێکرایی دەوڵەتێك لای دەوڵەتێکی تر «قنصلی عام» .

(سەرشار) شوێنێکی تایبەتی یە لە یاریی چاوشارکێدا کەلەوێوە ئەچن بۆخۆشاردنەوە . سەر رێژکردنی لافاو (د) .

(سەرشان) سەریاڵ و تەپەو کێو . ئەندازەیەکە لە شت کە بە سەر شان هەڵ بگیرێ : (سەرشان) ێك رێواسم بۆ هات . بریتی یە لە توێشە بەرەیەك کە تێشووی تیا بێ .

(سەرشکێنە) د . سەرە شکێنە . دابەش کردنی پاشماوەی شتێکی بەشکرا و بە سەر خاوەن بەشەکانا .

(سەرشۆر) ناتری حەمام کەمەردوم بشوا. سەر شۆرك .

(سەر شۆرر) بریتییە لە یەکێك کە لە بەر نەنگ و بەد ناویی یەك تەریق بێ .

(سەر شۆرربوون) بریتی یە لە تەریق بوونەوە .

(سەر شۆرر کردن) بریتی یە لە بەد ناو کردنی یەکێك .

(سەر شۆرریی) بریتیی یە لە بەد ناویی .

(سەرشۆرك) شوێنێکی کەناری تایبەتییە لە مالا بۆ خۆ تیا شتن لە هاوینانا .

(سەر شۆرکە) سەر شۆرك .

(سەر شوو) ز ، سەر شۆرك .

(سەر شەقێن) جۆرێکە لە یاریی شەقێن .

(سەر شێت) مەردومی سەر لێ شێواو .

(سەر شێت بوون) سەر لێشێوان (سەر شێت کردن) سەر شێواندن لە یەکێك .

(سەر شێو) د . بەربانگ .

(سەر شێوان) سەر لێ تێکچوون .

(سەر فراز) مەردومی رزگار .

(سەرفراز بوون) رزگاربوون لە چورتمێك .

(سەرفراز کردن) رزگار کردن لە چورتمێك .

(سەر فرازیی) رزگاریی .

(سەر قاپ) شتێکە بخرێتە سەر دەمی هێندێ قاپ بۆ پاکیی و خاوێنی .

(سەر قاپ نانەوە) دانانی سەر قاپ لە سەر دەفر .

(سەر قاڵ) کەسێکە لە بەر ئیش و کار زۆریی نەی پەرژێتە سەر هیچ (سەرقاڵ بوون) نەپەرژان لە بەر کار زۆریی .

(سەر قاڵ کردن) سەرشێواندن لە یەکێك بە سەر خستنە سەری .

(سەر قاڵیی) سەر قاڵبوون .

(سەر قۆتیی) سەر قۆتیین .

(سەر قۆتیین) سەر رووت .

(سەر قۆڵ) پارچەیەکە لە کراس بە سەر (بن قۆڵ) دا دائەدرووریێ . سەرۆکی حەسحەسی شەو .

(سەر قوولە) جۆرە ترێ یەکی سوورە وەك (مام برایمە) وایە سەری دەنکەکانی کەمێك قوولە .

(سەر قەبالاندن) دانی ئەندازەیەك لە ئازووقە بە هەژار بە نیازی (سەر فیترە) لە جەژنی رەمەزانانا .

(سەر قەپاغ) سەر قاپ .

(سەر قەل) د . لوتکەی شاخ .

(سەر قەڵەم) سەرۆکی نووسەران .

(سەرقەڵەمانە) وەڵیفەیێکە ئەدرێ بەو کەسەی کە نوشتە ئەنووسێ .

(سهرك) ز . نیشانگای تفەنگ . ز رر .

(سەرکار) کەسێکە کرابێ بە سەرگەورەو چاودێری چەن کەسێك لە فرمانێکا .

(سەرکارانە) شتێکە ئەدرێ بە سەرکاری ئاغا دێ .

(سەرکاریی) گەورەیی و سەرپەرشتیی یەکێك بۆ چەن کەسێك لە فرمانێکا .

(سەرکاوان) د . کۆساران .

(سەرکردن) لاسەنگ بوونی ترازوو بە جۆرێك کە لایەکی سووکتر بێ . لێ نەدانی

گوللە لە نیشانەو بە سەرا رۆیشتنی .
(سەرکردن بەگۆما) بریتی یە لە لە ناو بردنی شتێك .
(سەر کردنە سەر) سەر نانە سەر .
(سەرکردنەوە) بیرکردنەوەو ئەندێش کردنی یەکێك لە شتێك: فیسارکەس لە هەموو شتێك (سەرئەکاتەوە) .
(سەرکردە) فەرماندەری لەشکر .
(سەرکردەیی) فەرماندرێتی لە شکر .
(سەرکز) بریتی یە لەمەردومی بێ دەنگ .
(سەرکزیی) بریتی یە لە بێ دەنگیی .
(سەر کل) د . سەر کلۆم .
(سەر کڵاو) تەنەکەیەکە وەك کڵاو کوتێکی درێژ کۆلەی تیایە ئەکرێ بە سەر پلیتەی لەمپای چرادا .
(سەر کلۆم) دەرگایەکە دا خرابێ و کلۆمەکەی رەت کرابێ .
(سەرکڵاوە) سەرکڵاو .
(سەرکلە) د . سەر کل .
(سەرکۆ) د . سەر دە نشت .
(سەرکورتان) سەرجل .
(سەرکۆزەر) پووش و پەلاشێکە ئەکەوێتە سەر دانەوێڵە لە گێژو تەتەڵە کردنیا .
(سەرکۆل) با . مەردومی سەر رووت.

(سەرکۆڵ) د . تەپڵەکی کۆڵەکە .
(سەرکولۆم) سەرکلۆم .
(سەرکۆمار) گەورەی چەن خێڵێکی کۆچەریی . رەئیسی جمهوور .
(سەرکۆنە) سەرزەنشت .
(سەرکوێر) بریتی یە لە مەردومی سەر لێ تێکچوو ، (سەر کوێربوون) بریتی یە لە سەرلێ شێوان ، (سەرکوێر کردن) بریتی یە لە سەر شێواندن لە یەکێك .
(سەرکوێریی) سەر کوێربوون .
(سەرکەتن) با . سەرکەوتن .
(سەر کە چ) د . مل کە چ .
(سەرکەش) سەرکێش .
(سەرکەشی) سەرکێشیی .
(سەرکەف) کەفێکی خەستە لە کوڵانی سابوونی بەزیی پەیدائەبێ و ئەگیرێ و لە دەفرا ئەمەیەنرێ و ئەبێ بە سابوون . خوێ یەکی سپیی یە کە لە سەرەوە ئەگیرێ .
(سەرکەفتن) د . سەرکەوتن .
(سەرکەل) تەپڵە سەری شاخ .
(سەرکەڵ) بەرچییغ .
(سەر کە للە) شتێکە لە چەرم یا بەنی هونراوە دروست ئەکرێ و سەرێکی بە لغاو یا بە رەشمەوە قایم ئەکرێ و سەرەکەی تری

لە سەری وولاخ هەڵ ئەکێشرێ . پارچە دەوارێکە کە خرابێتە سەر تەختە دەوارێکی کورت لە سەر باری درێژیی .

(سەرکەنە) ز . چەن هەودا بەنێکی ئەستوورە ئەبەسترێن بە چەن دارێکەوە کوڵۆ شەی پێ ئەگوێزرێتەوە .

(سەرکەوتن) چوون لە نزمایی‌یەکەوە بۆ بەرزایی یەك . زاڵبوون لە کارێکا .

(سەرکەوتوو) کەسێکە لە نزمی‌یەکەوە چووبێ بۆ بەرزی یەك . کەسێکە کە لەکارێکا زاڵ بووبێ .

(سەرکێش) وولاخێکە کە لە غارا بۆت نەوەستێتەوە . بریتی یە لەمەردومی سەر رەق .

(سەرکێشان) سەرە تاتکێ کردن . پێ کێشانی شتێك بۆ شتێك : ئەم کارە (سەر ئەکێشێتە) فیسار شت .

(سەرکێشك) د . سەرۆکی پاسەوانان .

(سەرکێشیی) نەوەستانەوەی وولاخ لە غارا . سەر رەقیی .

(سەرکێف) د . سەرکەل .

(سەرگ) د . لای سەروو .

(سەرگاوییگ) هـ . گیایەکی سەلك دارە وەك پیشۆك بەلاَم گەلاَی ئەم کورت ترە و ئەخورێ .

(سەرگران) بریتی یە لە مەردومی سەر خۆش .

(سەرگرتن) دارە رراو گلەبان کردنی سەربان . دروست بوون و پێکهاتنی کارێك : فیسارکار (سەری‌گرت)

(سەرگندان) ز . سەر گەردان .

(سەرگۆ) ز . سەرە نوێلك .

(سەرگوروشتە) بە سەر هاتی یەکێك یا گەلێك .

(سەرگوزەشت) سەر گوروشتە .

(سەرگوزەشتە) سەر گوروشتە .

(سەرگوڵ) یەکەم‌چا لە قۆریەی تازە دەم بوو کە یەشتا ئاوی بە سەرا نەکێشرابێتەوە .

(سەرگوم) سوورگوم ، (سەرگومکردن) سوورگوم کردن .

(سەرگۆم) گیسکی گەمژ .

(سەرگوێلك) سەرە نوێلك .

(سەرگەرد) بریتی‌یە لە کەسێك کە خۆی کردبێ بەبابلاگەردانی‌یەکێك: بە (سەرگەرد ت بم .

(سەرگەردان)گیانداری سەر لێ شێواو ، (سەرگەردان بوون) سەر لێ شێوان ، (سەر گەردان کردن) سەر لێ شێواندن .

(سەرگەردانیی) سەرگەردان بوون.

(سەرگەرر) سیسارك .
(سەرگەرم) بریتی یە لە کە سێك کە لە کارێکا گەرم و گورر و بە جەخت بێ . بریتی یە لە سەرخۆش .
(سەرگەرمیی) بریتی یە لە گەرم و گورریی یەکێك لە کارێکا . بریتی یە لە مەستیی .
(سەرگەڤار) ز . سەرگەورە .
(سەرگەورە) سەرۆك .
(سەرگێجە) د . سەرە خولێ .
(سەرگین) سەرگ (د) . شیاکە .
(سەرلق) لقی سەرەوەی درەخت. جۆرە هەنارێکە کە توێکڵی لای قنچکەکەی زۆر ئەستوور بێ .
(سەرلە) ووتەیەکەیەکەم دەمی کات پیشان ئەدا : (سەرلە) ئێوارێ بنوو ، (سەرلە) بەیانی هە ستە .
(سەر لەشکر) قائدی فریقە .
(سەر لە نوێ) ووتەیەکە لە باتی ووتەی (دووبارە) یا (دیسان) بەکار دێنرێ : بریینە کەم (سەر لە نوێ) هەڵی داوەتەوە .
(سەر لێ بادان) بریتی یە لە نارەزایی لە کارێك یا لە ووتارێك .
(سەر لێ تێکچوون) سەر لێ شێوان .
(سەر لێ تێکدان) سەر لێ شێواندن .

(سەر لێ خوران) سەر خوران .
(سەرلێدان) سەردان لە شتێك .
(سەرلێ دەرچوون) سەر لێدەرکردن.
(سەر لێ دەرکردن) بریتی یە لە شارەزایی یەکێك لە کارێك .
(سەر لێ سەندن) وەررس کردنی یەکێك بە زۆر چوونە لای یا بە زۆر ووتن لە گەڵیا .
(سەر لێ شێوان) تێکچوونی بیرو راوێژ لە یەکێك لە کارێکا .
(سەر لێ شێواندن) تێکدانی بیرو راوێژ لە یەکێك .
(سەر لێ شێواو) کە سێکە سەری لێ تێکچووبێ .
(سەرلێشێویاگ) د . سەر لێ شێواو .
(سەر لێ شێویان) د . سەر لێ شێوان.
(سەر لێ کردن) سڵەمینەوە لە کردنی کارێك لە بەر شتێك .
(سەرکردنەوە) سەر لێ کردن .
(سەرما) ساردیی و سۆڵە .
(سەرما بردگ) سەرما بردوو .
(سەرمابردن) کارکردنی سەرما لە شتێك.
(سەرمابردوو) شتێکە کە سەرما کاری تێکردبێ و ژاکاندبێتی .

(سەرما بردە) سەرما بردوو .

(سەرما بردەڵە) کەسێکە کە سەرما زۆرو کاری تێ بکا .

(سەرما بوون) کارکردنی سەرما لە مەردوم .

(سەرمازەڵە) قومقومۆکە .

(سەرماوسۆڵە) کاتی سەرماو بادە وە .

(سەرماوەز) تشرینی یەکەم .

(سەرمایە) دەستمایە .

(سەرمایە دار) دەسمایە دار .

(سەر مایە داریی) بوو نی مەردوم بە خاوەن سەرمایە .

(سەرمك) د . سەرجەم .

(سەرملە) تەوقە سەری گردو شاخ .

(سەرملە گیر) د . جەردەو رێ گر .

(سەر مەڵا) د . سەر وەستای یاریی .

(سەرمۆر) شتی سەر بە مۆر .

(سەرمەس) سەرمەست .

(سەرمەست) سەرخۆش .

(سەر مەستیی) سەرخۆشیی .

(سەرمەشق) نوسراوێکی جوانە لە سەری لاپەڕرەوە بۆ ئەوەی لە بەری بنوسرێتە وە بۆ جوان بوونی خەت .

(سەرمەشقانە) دراویا پارچە زێرێکە کە زاوا یەکەم شەو ئەیدا بەبووك .

(سەرمەشکانە) سەرمەشقانە .

(سەرمە قولات) سەرمەوقولات .

(سەرمەوقولات) سەر لە زەویی داتان و بە پشتا خۆ هەڵ گێررانەوە .

(سەرمیان) ز . سەرمایە .

(سەرمێز) شتێکی جوانە ئەدرێ بەسەر مێزا .

(سەرمێکوتە) دە عبایەکی سەر خرری کلك باریکی پچکۆلەیە لە ناوزەلکاوا ئەژیی .

(سەرمێوژە) جۆرە ملرێکی پچووکی بۆرە سەری وەك مێووژ وایە .

(سەرناز) سەرەنداز .

(سەر نامە) عنوانی نامە .

(سەر نانە سەر) بریتی یە لە قسە زۆر کردن لەگەڵ یەکێکا بۆ تووررە بوونی .

(سەرنانەوە) بریتیەیە لە دەربەدەریی و دوورکەوتنەوەی یەکێك لە شوێنی خۆی . دا پۆشینی سەری شتێك .

(سەرناو) لەقەب .

(سەرناوکانە) دراو یا دیاریی یەکە کە لە حەوتەی زەیستانا ئەبرێ و ئەدرێ بە مامان لە لایەن دۆست و ناسیاوەوە .

(سەرنج) تەماشا کردن بە ووردیی

« تەدقیق » .

(سەرنجدان) وورد بوونەوە لە شت بۆ لێ تێگەیشتن .

(سەرنجدەر) وورد بیین « مدقق » .

(سەرنجە) سەرنج .

(سەرنخوون) شتی دەمەو نخوون .

(سەرنزم) سەر شۆرر .

(سەرنزمیی) سەر شۆرریی .

(سەرنقاب) ز . عینوانی کاغەز .

(سەرنوخوون) سەر نخوون .

(سەرنشیشت) قضاو قدر .

(سەرنگوم) سەرنگوون .

(سەرنۆگە) د . سەرۆکی یاساووڵ و حەسحەس .

(سەرنووس) سەر زمێر .

(سەرنەویی) سەر شۆرر .

(سەرنێ) دیوارێکە (نێ) ی ئاشی تیا هەڵ ئەسپێررێ .

(سەر نیان) د . سەرنانەوە .

(سە رو) درە ختێکی راستی بە رزی هەمیشە سەوزە گەڵای ووردو خررە .

(سەروا) د . قافیە .

(سەرواز) د . سەرباز .

(سەروازخانە) د . سەربازخانە .

(سەروبن) جۆرە نەخۆشی یەکە لە سەروبنی مانگا دووچاری منالی ساوا ئەبێ .

(سەرو بەر) شتێکە بە قەد پێویست بێ بە بێ زیادوکەم : نان و چێشتە کە (سەروبەر) دەرچوو .

(سەروبەند بەستن) رێکخستن و ئامادە کردنی شت .

(سەروبەندگرتن) سەرو بەند بەستن .

(سەرو پاچك) سەروپێ .

(سەرو پۆتلاّك) سەرو پێچ .

(سەروپۆتەلاّك) سەرو پۆتلاّك .

(سەرو پۆرت) د . سەروپۆرتك .

(سەروپۆرتك) د . سەرو پۆتلاّك .

(سەرو پەچك) د . سەرو پۆتلاّك .

(سەروپێ) کەلە پاچە .

(سەرو پێچ) شتێکە کە بە سترێ بە سەرەوە : ئەو (سەروپێچ) ەم بۆ بێنە . چۆنێتی بەستنی سەرو پێچ : فیسارکەس (سەرو پێچ) ێکی جوانی هەیە .

(سەروچاو) بریتی یە لە روخسار .

(سەرو دەروو) پەی بردن بە زانینی شتێکی وورد : ئەم کارە ئەوەندەگرانە (سەرو دەروو) ی لێ دەر ناکەم .

(سەروژێر) پێلاّوی بن کۆنی سەرتازە .

ئاسنێکی تیرو میی پچووکە وەك قرتێنە لە هێندێ چەرم هەڵ ئەکێشرێ . خا نووی دوو نۆم .

(سەرو ژێر بوون) روو خان و کەوتنی شوێنێك .

(سەر وێژ کردن) رووخاندن و وێران کردنی شوێنێك .

(سەروساخت) نا سیاوی و ئاشنایی لە گەڵ یەکێك : لە گەڵ فیسارا (سەروساخت)م هە یە .

(سەروساختی) سەروساخت .

(سەروسەکوت) ووتەیەکەلە رووی سووکی یەوە ئەووترێ لە جێی ووتەی سەرو چاو .

(سەروسەمەنە)سەرو سەنەمە .

(سەروسەنەمە) پێو قدووم : فیسار کەس منالەکەی (سەروسەنەمە) یەکی باشی نەبوو .

(سەروسیما)شێوەوقەدوبالاّوروخساری یەکێکی بەرراوررووو کە شەرمی لێ بکرێ .

(سەرۆك) گەورەو پێشەوای گەلێك .

(سەروکار) سەرەوکار .

(سەرۆکایەتی) گەورەیی و پێشە وایی گەلێك .

(سەروگوێلاك) سەرو سەکوت .

(سەرومرر) ووتەیەکە لە جیاتی ووتەی (هەمیشە) بەکار دێنرێ لە هێندێ شوێنا : فیسارکەس مانگێکە (سەرومرر) کەوتوە .

(سەرو مێقل)سەرو پۆتالاّك .

(سەرومیت) ووتەیەکە لە یاریی مووشێنا ئەووترێ لە کاتێکا کە لە پاش یەکێکەوە تییل بکەیت ، واتە ئەگەر بەرمووش و بەر هەڵماتی هاوررێ کەت بکەوێ هەر حل بێ .

(سەرو ناوکردن) داکوتانی سنچووق لە ژوور سەرو پایین و ئەم دیوو ئەو دیوی سنجووقی هاوررێکەت کە ئێ کەوتوە .

(سەروو) لای ژووروو .

(سەروونگ) سەرنگ .

(سەروەر) گەورەی خۆشەویست .

(سەروەریی) گەورەیی .

(سەر وەستا) سەرۆکی وەستایان

(سەر وە سەرێ) سەر بە سەرێ .

(سەرە) نۆرە :(سەرە)م هاتووە.مەردومی نە زۆر گەنج و نە زۆر پیر . گای سەر پەرر .

(سەرهات) د . بە سەرهات .

(سەرهاتن) بە سەر هاتن .

(سەرە بزووت) بزووتی ئاگر .

(سەرەتا) دیباچەی نوسراو . پێشرەوی شت .

(سەرە تاتکێ) سەر خوار کردنە وەو

تەماشا کردنی یەکێك .

(سەرەتایی) ابتدائی .

(سەرەتەشیی) سەرێکی دارینی ئەستووری گردە بە سەری تەشی یەوە .

(سەرە تیر) پەیکانی تیر .

(سەرە خۆرە) بریتی یە لە منالێك کە لە پاش بوونی ، باوکی یا دایکی مردبێ .

(سەرە خولێ) نەخۆشی یە کە تووشی مەردوم ئەبێ سەری گێژ ئەبێ .

(سەرەخەر) مەردومی لاسار کە قسەی کەس نە چێتە گوێچکە یە وە . بێ خەف . داهۆڵ (د) .

(سەرە خەریی) لاساریی .

(سەرەد) یێژنگ .

(سەرە دووگ) بەرە تەشیی .

(سەرە ررا) سەر بارە .

(سەرە ررم) ئاسنێکی تیژە ئە کرێ بە سەری رمەوە .

(سەرە ررۆ) گیاندارێکە ناو بە ناو برروا بۆ شوێنی دوور .

(سەرە ررێ) ناو چەقی رێگا .

(سەرە ررێگە) سەرە ررێ .

(سەرە سوورێ) د . سەرە سووررێ .

(سەرە سووررە) سەرە سووررێ .

(سەرە سووررێ) سەرە خولێ .

(سەرە سمرنیان) د . سەر نانە سەر یە کێك .

(سەرهشك) ز . وولاخی سەر کێش .

(سەرە شکێنە) لابردنی سەری فەردە توتن و رێك خستنەوەی . کردنەوەی کارێکە کە لە وە پێش کرابێ بە سوو کتر لە جاری پێشوو .

(سەرە شۆرگا) د . سەر شۆرك .

(سەرەقەنگە) شتێکە وەك سەرە سەبیل لە زەرد یا ئاسن دروست ئەکرێ و دارقەنگەی پیا ئەکرێ و تووتنی پێ ئەکێشرێ .

(سەرەقەننە) سەرە قەنگە .

(سەرەك) سەرۆك. دارێکی درێژە چەن مەلۆیەك گزرە گیای پێ هەڵ ئەگیرێ . شتێکە کە مەلەوان لە ئاوا بە سەر بیپە ررێنێتە وە . سەرۆك .

(سەرەگێجە) د . سەرە خولێ .

(سەرە گێجێ) سەرە گێجە .

(سەرە مر) مریشکی سەرە .

(سەرە مرر) د . سەرو مرر .

(سەرەمژان) ئاسنێکی دەم پەلە ئەکرێ بە سەری مژانداد مەی گاسنی بێ پاك ئەکرێتەوە لە کاتی جووت کردنا .

(سەرە مەرگ) کاتی گیانەلاو .

(سەرە مەقەست) بررشتی کالا یەکە لە کاتی بررینا پەیدا ئەبێ. سەرە پارچەی حەلوا کە بەمەقەست ئەبرر رێ. بریتی یە لەناخونەك .

(سەرەن) کەوی شت بێژانەوە .

(سەرەناز) لاکێشی باریکی درێژ .

(سەرەند) سەرەن .

(سەرەنگا) سەرپێن .

(سەرهەنگافتن) دەست خستنە سەر سەر بۆ گەورەیی یەکێك .

(سەرەنگرێ) گیاندارێکە کە بە سەرا کەوتبێ . بریتی یە لە یەکێك کە تووشی چورتمێکی گەورە بووبێ ، (سەرەنگرێ بوون) بە سەرا کەوتن و رەهێلبوونی گیاندارێك دوو چار بوونی گیاندارێك بە چورتمێك ، (سەرە نگرێ کردن) رەهێل کردنی گیاندارێك . بریتی یە لە دووچار کردنی یەکێك بە چورتمێك .

(سەرەنگیا) د . سەرەنگا .

(سەرە نوێلك) جێگایەکە زبل و پیسی لێ فررێ بدرێ .

(سەرەوخوار) سەر بەرەوخوار (سەرەو خواربوون) سەر بە رەو خوار بوون ، (سەرەو خوار کردن) سەر بە رەو خوار کردن .

(سەرەو خوار بوونەوە) سەر بە رەوخوار بوونەوە .

(سەرەوخوارکردنەوە)سەربەرەوخوار کردنەوە .

(سەرەوخوارە) سەر بەرەوخوارە .

(سەرەو ژوور) سەر بەرەو ژوور .

(سەرەو ژوور بوونەوە) سەربەرەو ژوور بوونەوە .

(سەرەو ژوورکردنەوە) سەربەرەوژوور کردنەوە .

(سەرەو ژوورە) سەر بە رەو ژوورە .

(سەرەو ژێر) سەر بەرەو ژێر (سەرەو ژێر بوون) سەر بەرەو ژێر بوون ، (سەرە و ژێر کودن) سەر بە رەو ژێر کردن .

(سەرەو ژێر بوونەوە) سەر بەرەو ژێر بوونەوە .

(سەرەو ژێرە) سەر بەرەو ژێرە .

(سەرهوستە) سەر وەستا .

(سەرەو کار) خەریك بوون بە کارو فرمانی خۆتەوە : بررۆ بە (سەرەوکار) ی خۆتەوە .

(سەرەوکاریی) سەرپەرشتی کردنی کارێك.

(سەرەولێژ) سەر بەرەوخوارە .

(سەرەولێژە) سەر بەرەو خوارە .

(سەرەولێژیی) سەرەو لێژە .

(سەرەو ناو) دەستەو ناو .

(سەرەو ناوە) دەستەو ناو .

(سەردو نخوون) شتی دەمە و نخوون ، (سەرەونخوون‌بوون) هەڵگەررانەوەی دەفرو بە دەما کەوتنی ، (سەرە و نخوون کردن) هەڵگێررانەوەی دەفرو بە دەما خستنی .

(سەرە و نگوون) گیاندار یا شتی وونی بێ سەرو شوێن ، (سەرەونگوون بوون) وون بوون و بێ سەرو شوێنیی شت ، (سەرەونگوون کردن) وون‌کردن و بێ سەرو شوێن کردنی شت .

(سەرەوگرد) گەورەیەکە بەسەر منالێکی بێ باوکەوە دانرابێ بۆ سەرە و کاریی و چاو دێریی تاگەورە ئەبێ « وصی » .

(سەرەوییر) پارچەخامێکی چوارگۆشەیە ئەدرێ بە سەر هەوییرا

(سەر هەڵدان) بریتی یە لە پەیدا بوونی شتێك : کوللە (سەری هەڵدا) .

(سەر هەڵگرتن) بریتی یە لە رۆیین و بەجێ هێشتنی شوێنێك .

(سەرهەنگ) عقید .

(سەرهەوییر) سەرەوییر .

(سەریاڵ) هاشرمە . سەرملە .

(سەرێش) ناوە بۆ هەموو یار چەکانی جووت .

(سەرێشان) سەر ئێشە .

(سەرێشە) ژانە سەر .

(سەرینگا) سەریین .

(سەرێنیی) کاتی بوونی تۆ لە شتێکا یا لە حەلێکا: بە (سەرێنی) من‌دووجەنگی تێکرراییی بووە .

(سەریین) شتێکی نەرمە سەری ئەکرێتە سەر لە کاتی‌نوستن یا پاڵکەوتنا . لای سەرووی شت .

.(سەعات) ماوەی شەست دەقیقە . شتێکە کۆك ئەکرێو کار ئەکاو کات پیشان ئەدا .

(سەعدانی) سادانی .

(سەعلەب) گیا سالمە .

(سەغڵەت) مەر دومی دڵ تە نگ ، (سە غڵەت بوون) دڵتە نگ بوون ، شوێنی تەنگە بەر .

(سەغڵەتکردن) دڵتەنکردن .

(سەغڵەتیی) دڵتە نگیی .

(سەفان) زنجیرە شاخ .

(سەفتە) شتی یەك لە سەر یەك دانراو .

(سەفتەکردن) دانانی شت یەك لە سەر یەك .

(سەفەربەر) جەنگێکی تێکرِرایی یە کە هەرچیگیرا راپێچ بکرێ‌وبنێررێ بۆجەنگ.

(سەفین) سەفان .

(سە فۆربی) با . سمۆرە .

(سەڤی) ز . سەوی .

(سە قادان) د . رێکخستن .

(سەقاوش) باڵندەیەکی گەورەی درێژی قوررك ئەستوورە چینەڵدانەی ئاو زۆر هەڵ ئەگرێ .

(سەقام) رێکیی .

(سەقامدان) رێکخستنی شت .

(سە قامگیر) شتێکە کە لە شوێنێك جێگیر بووبێ .

(سەقاو) د .دەردێکە لە (مقاو) قورس ترە تووشی ووڵاخی یەك سم ئەبێ .

(سەقا هەڵگرتن) پاراو بوونی زەویی بە هۆی زۆریی بارانەوە .

(سەقیی) ز . جۆرە بەردێکی سەختی زەرد باوە .

(سەك) با . سرکە .

(سەکار) سەلەیەکی گەورەیە هەنجیری تیا دائەنرێ (ز) . کورتان .

(سەکاڤ) ز . سەگلاو .

(سەکاڵ) د . سکاڵا .

(سەکتین) ز . تۆپیین .

(سەکرە) ز . جامێکە هەر دۆی تێ ئەکرێ .

(سەکسار) مەیموونی نێری قنگ سوور

(سەکۆ) بەرزایی یەکە لە قوررو بەرد دروست ئەکرێ بۆ لە سەر دانیشتنی .

(سەکوت) شێوەو سیما ، ئەم ووشەیە هەر لەگەڵ ووشەی (سەر) بە کار دێنرێ : (سەروسەکوت) .

(سەکوم) ز . سەروسەکوت .

(سەکەتبوون) مردن : فیسار کەس (سەکەت بوو) واتە مرد .

(سەکەماتی) پیاوی سەر سەری .

(سەگ) گیاندارێکی چوار پێ ی دررە

(سەگاو) سەگلاو .

(سەگاویی) د . سەگلاو .

(سەگبە حەسار) سەگبە حەوش .

(سەگبە حەوش) بریتی یە لە خستنە ناوی یەکێك‌و لێ دانی .

(سەگپسێنکە) کەروێشکی یەك ساڵە .

(سەگسار) سەکسار .

(سەگلاو) دە عابەیەکی ئاو یی درێژی چوار پێ یە لە گوێرەکەی ساوا ئەچێ ، چنگی وەك چنگی سەگ وایەو پێستی زۆربە نرخە .

(سەگلاوی) جۆرە ئەسپ یا ماینێکی رەسەنە .

(سەگ لوور) لوورەی زۆری سەگ .

(سەگەاسیی) د . سەگی دەریایی .

(سەگمان) نیشانێکەئەنرێتەوە بۆئەنگاوتنی

(سەگمان ئەنگێو) نیشان شکێن .

(سەگمەرگ) بریتی یە لە مەردومیگیان سەخت .

(سەگمەرگیی) بریتی‌یە لەگوزەرا نکردن بە تاڵیی .

(سەگ‌وەرر) وەررەی سەگی زۆر .

(سەگە سەگە) بریتی یە لە مێ بازیی .

(سەگە ناز) دەردێکی گرانە تووشی سەگ ئەبێ و ئەیکوژێ .

(سەگەناس) سەگە ناز .

(سەگەوان) کەسێکە کە هەر سەگ بەخێو بکا .

(سەگەوانیی)کردنی سەگ بە خێوکردن بە پیشە

(سەگێتی) قومار بازیی‌و زۆر زانی و بە دبی .

(سەل) ز . تەلە بەرد .

(سەلار) سەلارە .

(سەلارە) ژنی شۆخ و شەنگ .

(سەلارێ) سەلارە .

(سەلاقوچکان) سەرمەو قولات .

(سەلان) سەرەوە : فیسار کەس لە (سەلان) ە .

(سەلبەند) ز . ووشکەسیی .

(سەلپاندن) لێخووررینی بەلەم لە ئاوا بە سەووڵ .

(سەلپی) سەوڵی بەلەم لێخوورریین .

(سەڵت) مەردومی تە نهای بێ کەس . گۆشتی لایەکە لە ئاژاڵ کە دەست و رانەکەی لێ کرابێتەوە .

(سەڵتە) جۆرە کالایەکی قۆڵداری کورتە لە سەر کەواوە لە بەر ئەکرێ .

(سەڵتە دروو) وەستایەکە کە هەر سەڵتە بدروێ .

(سەڵتەزەلام) رێبوارێکی‌سەڵتی بێ‌چەك .

(سەلك) سەری گیاندار . بنکی خرری هێندێ سەوزایی وەك پیازو توورو شێلم و چەوەندەر . سەبەتە (ز) .

(سەلکە بزووت) سەرە بزووت .

(سەلکدار) سەوزایی یەکە کە سەلکی بێ .

(سەلك کردن) خرر بوونی سەلکی سەوزایی .

(سەلکە) گولێکە لەتەونا دروست ئەکرێ لە وێنەی سەلکی گیاندار . سەلك (د) .

(سەلمان پیسە) ل . شەوگەرد .

(سەڵمکە) گیایەکی بە هاریی گەڵا پانە بە سوورەوە کراویی ئەخورێ .

(سەلە) دەفرێکی پەلی پووشینە .

(سەلەشیرك) با . جۆرە سەلە یەکی گەورەیە قاپ و قاچاخی تیادا ئەنرێ .

(سەڵەف) لغاو . سوود : فیسار کەس

(سەڵەف) خۆرە . غاریی وولاخ : (سەڵەف) کە .

(سەڵەفکردن) غاردانی وولاخ .

(سەلەندە) ر . گوێسوانە .

(سەڵیتە) ئافرەتی بێشەرمی بێ ئابرروو .

(سەلیلانك) ز . رەوررەوەی منالْ کە پێی ئەرروا تا فێری پێ گرتن ئەبێ .

(سەلین) ز . بەردی دەمەڵێنی گۆرر .

(سەما) هەڵپەررین و قنگ سووررردان و چەقەنە لێدان ، (سەما کردن) سەما .

(سەمار) بزن مژ .

(سەماکار) سەماکەر .

(سەماکەر) کەسێکە کە سەما بکا .

(سەماگە) شوێنێکە بە تایبەتی دروست کرابێ بۆ سەما تیا کردنی .

(سەما نەك) ز . جۆرە چۆلەکەیەکی گەورەی قەڵەوە .

(سەما وەر) دە فرێکی دوو توێ یە لە ژەردیا تەنەکە ، توێ یەکی ئاوو توێ یەکی ئاگری تێ ئەکرێ بۆ هاتنە کولْی ئاوەکە .

(سەمتوور) شتێکە وەك کەمانچە لێ ئەدرێ و دەنگێکی خۆشی لێوە دێ .

(سەمسیر) ز . تلْپەی ترێی گوشراو .

(سەمموور) گیاندارێکە پێستەکەی زۆر بە نرخەو ئەکرێ بە کەوڵ .

(سەمەت) ز . لە سەرخۆیی و هێمنیی .

(سەمەرە) ئازارو چەرمە سەرێ . سەر گوزەشتە .

(سەمەن) درەختی یاسەمەن .

(سەمەندۆك) پەتێکە سەرێکی ئەخرێتە ملی سەگ یا تانجیی و سەرەکەی تری ئەبەسترێ بە دارێکەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە سەری دارە کە ئەگرێ سەگەکە نەیگەزێ ، (سەمەندۆك کردن) پەتکردنی سەگ بە سەمەندۆك .

(سەمەنگوڵ) کەسێکە کە گێرر بێ و کولْۆکێکی ساغ نەبێ .

(سەمەنیی) جۆرە خواردەمەنی یەکە لە ئاردو قەرسیلی گەنمی ناسك دروست ئەکرێ و بە ئاگر ئەکولێنرێ .

(سەناهیی) با . ئاسان .

(سەندن) وەرگرتنی شتێك لە یەكێك بە زۆر . كڕیین .

(سەندنەوە) وەرامدانە وە بۆ گۆرانی یەكێك لە چەشنی گۆرانیەكەی . وەرگرتنەوەی شتێك كە لێت سێنرابێ بە زۆر .

(سەندەڵ) جۆرە دارێكی بۆن خۆشی گەرمێانی بە نرخە .

(سە ندە ڵیی) جـۆرە كورسی یە كی دانیشتنە .

(سەنگ) بەرد . ئەندازە یەكە لە بەرد یا ئاسن كە شتی بە ترازووی پێ بكێشرێ . جۆرە یاریی یەكی پاڵەوانانەیە .

(سەنگاتی) د . سەنگایی .

(سەنگانن) د . هەڵسەنگاندن .

(سەنگایی) قورسایی شتێك: (سەنگایی) تۆ پارەی هەیە .

(سەنگباران) بەردە باران .

(سەنگتراش) كەسێكە كە بەرد بتاشێ و رێكی خا .

(سەنگتراشیی) بەردتاشینورێك خستنی

(سەنگدادان) لاسەنگ بوونی شتێكی قورس : ئەم دیوارە (سەنگی دا داوە) .

(سەنگزاوەر) د . بەردی پازار .

(سەنگەراش) سەنگتراش .

(سەنگەراشیی) سەنگتراشیی .

(سەنگكێش) جۆرە دارێكە لە سەر پشتی وولاخ دا ئەنرێ بەردی پێ ئەكێشرێ .

(سەنگگا) د . سەنگزاوەر .

(سەنگ لێـنان) بریتی یە لە حورمەت نان لە یەكێك .

(سەنگ لێنیان) د . سە نگ لێنان .

(سەنگوبەرد نان) بەردیزۆر دانان لە سەر شتێك بۆ دەقگرتنی .

(سەنگوسووكیی) بریتی یە لە چەند و چوونی كردن لە سەوداێ شتێكا بۆكەمكردنی نرخی . وەكو یەك لێ كردنی چەن شتێك لە قورسیی و سووكیدا بە زیادو كەم كردنیان : بارەكان (سەنگوسووك) بكە تا وەكو یە كیان لێ دێ .

(سەنگوڵ) ز. شتیناشیرینیئێسكقورس.

(سەنگەر)چاڵێكە مەردوم خۆی تیاحەشار بدا لە كاتی جەنگ كردنا .

(سەنگەربەستیی) دروست كردنیسوپەر بە گردی شوێنێكا بۆ پاراستنی لە دوژمن .

(سەنگەر بەندیی) سەنگەر بەستیی .

(سەنگە سار) كەسێكە ئە وەندە بەردە باران كرابێ مردبێ ، (سەنگە سار كردن)

کوشتنی یەکێك بە بەردە باران کردنی .
(سەنگەکیی) جۆرە نانێکی گەورەی درێژکۆلەیە .
(سەنگەلاٚ) لاسەنگ .
(سەنگەڵقۆ) شەیتان : ئەڵێی (سەنگەڵقۆ) یە لە هەموو شتێکا ئامادەیە .
(سەنگیا) ل. سەریین .
(سەنگی محەك) جۆرە بەردێکە کە زێررو زیوی پێ تاقی ئەکرێتەوە .
(سەنگین) شتی قورس‌وگران . بریتی‌یە لە مەردومی لە سەر خۆی ئاغر .
(سەنگین‌وگران)مەردومی لە سەرخۆی بە حورمەت .
(سەنگینی) قورسیی و گرانی . بریتی یە لە سەر بەخۆیی و ئاغریی مەردوم .
(سەنن) د . سەندن .
(سەننەوە) د . سەندنەوە .
(سەنەڵ) د . سەندەڵ .
(سەنەڵیی) د . سەندەڵیی .
(سەنیار) کەسێکە کە شت بکرێ .
(سەنێر) شیاکە .
(سەنێرکێش) پەین کێش .
(سەنێرگا) سەرە نوێلك .
(سەنێروانك) سەرە نوێلك .

(سەوا) سبەینێ (د) . سەوداکردن .
(سەواد) هێزی شت نووسین و شت خوێندنەوە : فیسارکەس بێ (سەواد) ە واتە ناتوانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە .
(سەوادار) د . خوێندەوار .
(سەوادە) د . پیادەیەکی سەڵتی بێ تفاقی لە سەر سەفەر .
(سەواڵە) چەپکێ گەنمی دروا وە
(سەوچیان) پۆرریان .
(سەودا) دەردێکی زور بە ئاڵۆشە لە جەستەی مەردوما پەیدا ئەبێ و دەستو پێ ی شەقار شەقار ئەکا . کەڵکەڵە : (سەودا) ی ژن هێنانی کەوتۆتە سەر. چەندو چوون لەکرریی شتا ، (سەودا کردن) چەند و چوون کردن لە سەر کرریی شتێك .
(سەودا دار) سەودایی .
(سەوداسەر) کەسێکە کەڵکەڵەی شتێك کەوتبێتە سەری .
(سەوداگەر) کەسێکە کەسەودا بکا .
(سەوداگەریی) خەریکبوون بە خررید و فرۆختەوە .
(سەوداویی) شتێکە بۆ دەردی سەودا خراپ بێ . سەودایی .
(سەودایی) کەسێکە دەردی سەو دای

پێوە بێ .
(سەودە سەر) ز . سەودا سەر .
(سەور) د . سەنێر .
(سەورگا) د . سەنێرگا .
(سەورگە) د . سەبرگە .
(سەورۆ) هـ . شیاکە .
(سەوز) جۆرە رەنگێکە وەك رەنگی گیا .
(سەوزاو) جۆرە ئاوێکی سەوزە ئەچێتە ناو پەردەی چاوی هێندێ کەسە وە کوێری ئەکاو میلی لێ نادرێ .
(سەوزایی) شینایی .
(سەوز بوون) رووانی گیا . بریتی یە لە سەرگرتنی کارێك: کارەکەی فیسارکەس (سەوز بوو) .
(سەوز خرر) کرینی دانەوێڵەو میوەو شینانی لە پێش پێگەیشتنیا .
(سەوز فرۆش) د . سەوزە فرۆش .
(سەوز کردن) بریتی یە لە بنیات نانی شتێك: شتێکم(سەوز کردوە) واتە بنیاتم ناوە.
(سەوزە) مەردومیگەنم رەنگ. سەبزە.
(سەوزە کۆ) د . خومەررەژە .
(سەوزە لاْن) شوێنێکە کە سەوزایی زۆر بێ .
(سەوزەلاْنیی) سەوزەلاْن .

(سەوزەوات) چەندجۆرێك لە سەبزە.
(سەوزیی) سەبزە. بوونیشت بە سەوز.
(سەوقات) د . دیاریی .
(سەوقاتیی) د . قەرتاڵە . ئەو شتەیە کە بە دیاریی بنێررێ .
(سەوك) با . کولێرە .
(سەوڵ)گیایەکیگەلاْ پانی بەرزەگوڵێکی پانی سوورئەگرێ وەك پۆپنەیکەڵەشێر . دوو داری درێژە سەریانکەمێ پانە بەلەمو کەڵەکی لە ناو ئاوا پێ ئەبرێ بە رێوە .
(سەووڵك) ئەستێوڵك .
(سەوە) د . گۆرە .
(سەوەتە) سەبەتە .
(سەویك) ز . کولێرەی ئاوەشکێنە .
(سەویی) بەرچنەی گەورە .
(سەوییك) گۆزە .
(سەوییل) سەبیل . گۆزە (ز) .
(سەویین) د . دەفر .
(سەهندە) مەردومی لاساری نەگریس.
(سەهندەیی) لاساریی و نەگریسی .
(سەهنگە) سەهندە .
(سەهنگەیی) سەهندەیی .
(سەهۆڵ) ئاوێکە لە بەرساردییمەیی بێ .
(سەهۆلاْو) ئاوی سەهۆڵی تووا وە .

(سە هوڵبەنان) د . سە هۆڵبەندان .

(سەهۆڵبەندان) کاتێکەلەبەرزۆر ساردیی ئاو بی بەستێ و ببێ بە سەهۆڵ .

(سەهۆڵخانە)زوووڕێکی سەر نەگیراوە لە بەرد و قوررو قسڵ دروست ئەکرێ لە زستانا پرر ئەکرێ لە ئاوو ئەی بەستێ و لە هاوینانا سەهۆڵەکەی بە کار دێنرێ . شوێنێکە کە سەهۆڵی تیا دروست بکرێ .

(سەهەن) د . سە هەند .

(سەهەند) سێبەری چرر .

(سەهەندە) سەهندە .

(سەهەنگ) سەهەند .

(سەهەنە) سەهەندە .

(سەی) سەگ .

(سەیاق) با . سە گلاو .

(سەیدا) مامۆستا .

(سەیدك) چلەی زستان .

(سەیدۆکە) د . ستك .

(سەیر) تەماشا : چووم بۆ (سەیر) ی شایی . شتێکە کە سەرت لێی سوور بمێنێ : یەکێك دەستی برروا نەخوێنێ زۆر (سەیر) ە

(سەیرارا)گوڵێکی باریکی لاسك درێژ ە ، پەررەکانی رووی دەرەوەیان سوورە و رووی ناویان نیوەی سەوزەو نیوەی رەشە .

(سەیران) چوونە دەشت لە کاتی خۆشیانا بۆ گەشت .

(سەیرانکردن) چوون بۆ سە یران .

(سەیرانکەر) کەسێکە بچێ بۆ سەیران

(سەیرانگا) شوێنێکەسەیرانی لێ بکرێ .

(سەیرانگە) سە یرانگا .

(سەیر کردن)تەماشا کردنی شت .

(سەیرکەر) کەسێکە کەتەماشای شتێك بکا .

(سەیزان) د . ژێر زەمین .

(سەیڤان) ڕاوچی (ز) .سەیوان .

(سەیوان) چەتر . خێوەت . گردێکە لە قەراخ شاری سلیمانی کەگۆررستانی شارەکەیە

(سێ) ناوە بۆ ژمارەیەك لە ناوەندی دوان و چوارا .

(سیا) رەش : بەختی (سیا) یە .

(سیاتاڵە) د . رەشتاڵە . بەد بەخت .

(سیاچارە) بەد بەخت .

(سیاچەمانە) جۆرەگۆرانی یەکی هەورامانەیە .

(سیار) د . یارمەتیدەر. شاگرد. بەرزایی یەك لە ناوەندی شوێنێکی نزما (با)

(سیاررێحان) د . رێحانە کێوییلە .

(سیارە) ز . جۆرە گەنمێکە . ریا دەی

چوار چێوەی دەرگایەکە ئەچێتە دیوارە وە .
ناوی دێ یەکە لە ناوچەی وارماوا .
(سیا زاخ) گیایەکی بەهاریی گەرمیانیی کەم تەمەنە لە پێش هەمووگیایەکاپێ ئەگاو ووشك ئەبێ وەك چەوەدەر وایە بەڵام ئەم کەم گەڵاو باڵای کورت و گوڵیکی پڕ پڕی هەیە . زاج (د) .
(سێازدە) سیانزە .
(سیازدەمیین) سیانزەمیین .
(سیازدەهەم) سیانزەهەم .
(سیازدەهەمیین)سیانزە هەمیین .
(سیازووخاڵ) بریتییە لە شتیزۆر رەش.
(سیا زەند ووق) گیا نداری رەش هەڵگەرراوی رەقو تەق .
(سیا ساڵ) ووشکە ساڵ .
(سیا ساڵیی) ووشکە ساڵیی : بەم (سیا ساڵیی) یە دەست بڵاویی مەکە .
(سیامالٚ) د . رەشماڵ .
(سیان) سێ شتی ژمێرراو : میوانەکان (سیان) ن .
(سیانزە) ناوە بۆ ژمارەیەك کە دەو سێ یە .
(سیانزە میین) شتێکە لە پایەی سیانزە دا بێ .

(سیانزەهەم) سیانزەمیین .
(سیانزە هەمیین) سیانزە هەم .
(سیانکە) قوڕر .
(سیاو) هـ . رەش .
(سیاوا) هـ . رەشەبا .
(سیاو پووزە) گیایەکی لاسك رەشی ئاویی یە گەڵای وەك کەرەووز وایە .
(سیاو سەدە) هـ . سمڵ .
(سیاوڵە) د . رەشکەی ناو نان .
(سیاوون) بزن .
(سیـاهە) د . ریزە نوسراوێکە لە سەر باری درێژیی کەبا سی تاکەتاکەی شتی کرراوو فرۆشراو بکا .
(سیاهیی) د . سیاهە .
(سیایی) سیاهیی .
(سێبارە)ووتەیەکە ووتنەوەی کارێك یا کردنەوەی کارێك ئەگەیەنێ بۆ جاری سێهەم.
(سێبارەپات) ووتەیاکردەوەیەکە کە سێ جار ووترابێ یا کرابێ .
(سێباز) سێبازد .
(سێبازد) جۆرە یاریی یە کە کە سێ بازدی تیا ئەبرێ .
(سێبکۆك) سێ پەرڕە .
(سێبکۆڵە) گێلاخە .

(سێبسکه) سێبسکۆك .
(سێ بنهەرد) سێوی بن عەرد .
(سێبەر) جۆرە تارمایی یەکە پەیا ئەبێ لە قەبارەیەك کە بەری روو ناکی گرتبێ .
(سێبەردە) بریتی یە لە سێ تەلاٰقە : فیسار کەس (سێبەردە) ی فرێ دا واتە سێ بە سێ تەلاٰقی خوارد . سێ کوچکە .
(سێ بە ررۆ) لەرزو تایەکە کە رۆژە نە رۆژێك بتگرێ .
(سێبەندە) ناوەندی هەر دوو سمت و موورغەی پشت .
(سێبەندیی) لۆتیی .
(سێپ) ز . دەستە دووی جووت .
(سێپا) ئاسنێکی سێ پێ یە لە سەر ئاگر دا ئەنرێ و مەنجەڵی ئەخرێتە سەر . سێپك .
(سێپاڵو و)شتی‌سێ‌سووچ.جۆرەدرر کێکی سێ سووچە .
(سێپایە) سێپا .
(سێپك) ز . سێپایەکە مەشکەی پیا هەڵئەواسرێ بۆ ژەندن .
(سێپەررە) گیایەکی سێ پەرری لووسی گوڵ خرردە هێندێ شوێن ئەچێنرێ و دوو سێ جار ئەدروێتەوەوگزرە ئەکرێ بۆ ئاژاڵ .
(سێپێی) سێپا .

(سێپێیی) جۆرە هەڵپە رر کێ یە کە لە هەموو قونەیەکا دووجار ئەچێتە پێشەوەو جارێك ئەچێتە پاشەوە .
(سێتاڤ) با . هەتاو .
(سێتکە سلاٰوە) سێچکە سلاٰوە .
(سێتە) پەتك .
(سێتەبەسەر) ناوە بۆتیرەیەك لە هەمەوەند کە (سێتە) ئەبەستن بە سەرەوە .
(سێ جرتەکیی) سێ مررەکیی .
(سێچکە) جۆرێکە لە بەری دار مازوو بە قەد (گزگڵ) ئەبێ و چڵ چڵە بەلاٰم چڵەکانی کۆڵن .
(سێچکە سلاٰوە) برینێکی پچکۆلەیە لە پێڵووی چاو دێ .
(سێچوار)ناوە بۆ دوانزە رۆژەی دوای (سێ شەش) .
(سێ چوکڵە) شتێکە سێ ددانەی بێ وەك دانەکانی پیتی سین‌و شین .
(سێ حاچە) د . سێپاڵوو .
(سیخچوولە) ل . سیخورر .
(سیخناخ) شتی پرری ئاخنرا و (سیخنا خبوون) پرر بوونی شتێك لە شتێکی تر ، (سیخناخ کردن) پرر کردن و ئاخنیی شتێك لە شتێکی تر .

(سێداره) قەنارەی زەلام پێ خنکاندن.
(سێدەریی) ژوورێکە کە سێ پەنجەرەی لە ریز یەکەوە تیا بێ .
(سێر) هـ . تێر .
(سێرمەکیی) سێ مررە کیی .
(سێر رۆژگانە) خواردە مەنی یەکە بە خێر بۆمردووئەکرێ دوای سێ رۆژلە مردنی.
(سێررۆژە) سێ رۆژگانە .
(سێرریان) رێگایەکە سێ قۆڵی لێ بوو بێتە وە .
(سێرریزکێن) جۆرە یاریی یەکە وەك دامە .
(سێرریزێن) سێرریزکێن .
(سێرمە) چەرمی خاوی زوییڵ زوییڵ کراو . ویژەی جووت .
(سێرمەکیش) شیشێکی باریکی درێژە سیرمەی بنکی کلاشی پێ هەڵئەکێشرێ .
(سێرۆچکە) قورر قورراگە .
(سێروو) ریشۆڵە .
(سێره) تەمەن: لە (سێره) ی تۆدا شەوو رۆژ خەریکی خوێندن بووم .
(سێزدە) سیانزە .
(سێزدەمیین) سیانزەمیین .
(سێزدە هەم) سیانزە هەم .
(سێزدەهەمیین) سیانزە هەمیین .
(سێزۆ) د . سۆزیی .
(سێ سووچ) شتی سێ گۆشە .
(سێ سێخە) د . سێ پاڵوو .
(سێ شەش) ناوە بۆ هەژدە رۆژ لە هەوەڵی بەهاردا .
(سێشەمب) با . سێشەممە .
(سێشەممە) چوارەم رۆژی حەفتە لە هەینی بە دواوە .
(سێشەموو) سێشەممە .
(سێشەمە) سێشەممە .
(سێف) سێو . ناوی دوو دێ یە لە مەریوان .
(سێفتۆ) ز . شتی بۆگەن .
(سێفزەمیین) سێفەزەمیین .
(سێفۆکە) گیایەکە ئاژاڵ ئەیخوا .
(سێفە زەمینە) شتێکی خررە وەك سێوی بن ئەرز تامی زەردێنەی هێلکە ئەدا وە ئەکرێ بە گەلێ جۆر خواردە مەنی .
(سێفەڵووکە) گیایەکی بە هاریی گەڵا پانە بەرێکی خرری شیرینی هەیە .
(سێف) ز . سێو .
(سێفسێفۆك) پیازە خووگانە .
(سێك) ز . سرکەی ترێ .

(سێکوچکە) سێپای ئاگر .

(سێکووزە) گیایەکی ئاویی سێ سووچە گەزێك بەرز ئەبێتەوە ، گوڵێکی توپ دەر ئەکا بە دەوری گوڵەکەیا گەڵایەك دەر ئەکا وەك گەڵای کەوەر .

(سێکا) جۆرە مقامێکی خۆشی کوردیی‌یە

(سێگۆشە) شتی سێ سووچ .

(سێگوە) ز . شەن .

(سێل) با . ساج .

(سێڵ) ساج .

(سێلاخ) ز . لم .

(سێلاو) لافاو .

(سێلخان) ز . لمی ناو جۆگە .

(سێلك) دارێکی سێ پەلە کای پێ ئەم دیو ئەو دیو ئەکرێ .

(سیلکە) نێرەکەر .

(سێلکا) شوێن لافاو .

(سێلەیی) جۆرە حەڵوایەکە دروست ئەکرێ لە ئاردو دۆشاوو پەنیری کولاو .

(سێلۆقیی) سێبازد .

(سێلوولە) لوولەو زنجیری ملی ژنان .

(سێلە) بەردێکی پانە لە جیاتی ساج ئاشەوان کولێرە ئاشیی پێ ئەبرژێنێ .

(سێمرەکیی) هەڵپەڕرین و هەڵقونین بە کوڵ و بە جەخت .

(سێن) ووتەیەکە بە دوای هێندێ ووتەی ترەوە ئەنووسێ و ئەیکا بە اسمی فاعل : مەرپر (سێن) حەقەوە (سێن)

(سێنج) ز . پەرژینی باخ بە دررك .

(سینچکە) زیپکەی پچووك .

(سینچکە سلاوە) سیچکە سلاوە .

(سێنزە) سیانزە .

(سێنیزدمین) سیانزەمیین .

(سێنزەهەم) سیانزە هەم .

(سێنزە هەمیین) سیانزە هەمیین .

(سینگ) سنگ .

(سینگەو بازد) سنگەو بازد .

(سێنیك) با . دەوریی .

(سێنیی) ز . سینی .

(سێو) میوەیەکی خرری گەورەی توێکڵ جیرری تام و بۆن خۆشە .

(سیواد بوونەوە) چاو کردنەوە لە خوێندن یا لە کارو بارا .

(سێو دووکردن) بریتی‌یە لە دوو دڵیی کردن لە کارێکا .

(سێوورسات) خەرج و باج .

(سێوونگ) سیاوون . ناوە بۆ دێ یەك لە شار بازێرر .

(سێوەختە) بریتی یە لە بەیانیان و نیوە
رروان و ئێواران : فیسار کەس (سێوەختە)
نان ئەخوا .
(سێوەر) سێبەر .
(سێوەررۆ) سێبەررۆ .
(سێوە زەمینە) پەتاتە .
(سێوەلاسوورە) جۆرە سێوێکە لایەکی
سوورە .
(سێوەنگ) د . سێبەندە .
(سێوەنگی) د . سێبەندە .
(سێو هەرمێ) جۆرە هەرمێ یەکە وەك
سێو وایە .
(سێوێ) سێویی .
(سێویاگ) د . شتی سواو .
(سێویان) د . سوان .
(سێوی بن ئەرز) گیایەکی گەلاّ پانی
بەرزە بنکێکی خرری خۆشیهەیەوەك پەتاتە .
(سێویی) هەتیو (ز) . کەسێکەکە دایکی
مردبێ (با) .
(سێهەم) شتێکە لە پایەی سێدا بێ .
(سێهەمین) سێهەم .
(سیی) ناوە بۆ ژمارەیەك کەسێ دەیە .
پارچەگۆشتێکی سووری دوو پەلی پفەڵە لە
ژوور جگەرەوە . جۆرە قازێکی کێویی یە .

(سیپ) رەبەت .
(سیپارە) سیی جزمەی قورئان کە جزم
جزم بێ .
(سیپاڵ) پارچە جلی کۆنی چڵکن .
(سیپاڵ بە ررۆن) شلکێنە یە کە کە لە
دۆشاوو رۆن هەڵکێشرابێ .
(سیپە) رەبەت . پارچە ئاسنێکە بە سەر
پشتی تفەنگەوە بۆ ئەنگاوتنی نیشان بەرزو نزم
ئەکرێتەوە . (ز) .
(سیپە کوورر) جۆرە تفە نگێکە کە
سیپەکەی کووررە .
(سیپەل) شەپۆل .
(سیپەلاك) سیپەلك .
(سیپەلك) سیپی گیاندار .
(سیتاقك) با . سێبەریی ئادەمیی .
(سیتل) ز . مەنجەڵی مسین .
(سیتە) با . تەپکەی راو .
(سیچك) سیچکە .
(سیخ) شیشی ئەستووری لووت تیژ .
سیخوار .
(سیخ ئاخن) سیخا خن .
(سیخاخن) شتی سیخناخ .
(سیخن) گیانداری سیسی نە خۆش .
(سیخوار) زوقم .

(سیخورر) سووچه‌رر . پیسیی ناوسکی تا ژاڵ .

(سیر) گیایه‌کی به‌هاریی یه گه‌ڵای وه‌ك که‌وەر وایه ئه‌چینرێ و بنکێکی سپیی بۆن ناخۆشی هه‌یه وه‌ك پیاز .

(سیراج) هـ . سیرێژ .

(سیر ئه‌نجن) بریتی یه له شتێك که زۆر وورد چنرابێ .

(سیرره) جیرره . ده‌نگی سه‌ما وه‌رێکه که تازه هاتبێته جۆش ، (سیرره سیرر) سیررەی یه‌ك له‌دوای یه‌ك ، (سیرروهوورر) سیرره سیرری زۆر .

(سیرك) ز . جۆره سیرێکه ئه‌کرێته ناو په نیره وه .

(سیرکۆ) دیبه‌گی برنج کوتان .

(سیرم) د . سیرمه .

(سیرمۆکه)گیایه‌کی به‌هاریی یه گه‌ڵای وه‌ك گه‌ڵای سیر وایه به‌ڵام وه‌ك ئه‌و بۆنی ناخۆش نیه .

(سیرموك) ز . سیر مۆکه .

(سیرۆ) د . باڵنده‌یه‌کی ده‌نگ خۆشه .

(سیرو ماست) نانی وورد کراوه که رۆنی داخ و ماستی کرابێ به‌سه‌را .

(سیره) ووته‌یه‌که زه‌رده‌واڵه‌ی پێ ده‌ر ئه‌کرێ .

(سیره‌کۆ) هـ . به‌ردێکی پانی قورسی لووسه هێله ساوی پێ ئه کرێ .

(سیره مۆزه) جۆره زه‌ر ده واڵه‌یه‌کی زه‌رد باوه .

(سیره مۆکه) سیرمۆکه .

(سیره‌نجن) سیر ئه‌نجن .

(سیرێژ) جۆره خوارده‌مه‌نی‌یه‌که وه‌ك (سوێره‌که) به‌ڵام ئه‌م خوێی تێ نا کرێ .

(سیس) سه‌وزایی و گیانداری لاوازی چر چه‌ڵه ، (سیس‌بوون) چرچ بوون‌و ژاکانی سه‌وزایی و گیاندار .

(سیسارك) سیسارکه که‌چه‌ڵه .

(سیسارکه که‌چه‌ڵه) باڵنده‌یه‌که‌له‌کۆلاره ئه‌چێ به‌ڵام ئه‌م‌گه‌وره‌تره‌و سه‌ری بێ تووکه.

(سیسپه ست) کردنی ئیشی ژن و مێردایه‌تی به تێ ئاخنینی به سیسی .

(سیسرك) ده‌عبایه‌کی زه‌ردی پچکۆلانه‌یه وه‌ك کولله به قه‌ڵه‌مباز ده‌رروا .

(سیسرگ) سیسرك .

(سیسره) سپسرك .

(سیس عه‌مه‌ر) سیس عه‌نبه‌ر .

(سیس عه‌نبه‌ر)گیایه‌کی سه‌وزی گه‌ڵا پانی تاڵی بۆن خۆشه .

(سیسکە) سیسە مارە .

(سیسۆڵە) د . سیسەڵە .

(سیسەڵە) گیانداری سیس .

(سیسە مار) جۆرە مارێکی زەردی ریوە لە یە .

(سیسەمارە) مەردومی سیسی لاواز .

(سیسە مرۆ) سیسە مارە .

(سیسووك) دەعبایەکی زەردی پچکۆ لەی چنگ چنگی دەنگ زلە .

(سیسی) ووتەیەکە هانە هانەی گەماڵی پێ ئەدرێ بۆپەرریینی لە دێڵ . بەری کنگرەکە بە سوێر خوێ پی و برژاویی ئەخورێ .

(سیڤاندە) با . گوێسوانە .

(سیڤلە) ز . جرج .

(سیق) معدە .

(سیقە تۆرە) پارچە گۆشتێکی بۆشە لە سکی باڵدارا خواردەمەنی تێ ئەچێ و لە وێوە ئەچێتە ریخۆڵەوە .

(سیك) بای قنگ (ز) . قنگ (د) .

(سیکارد) کێرد .

(سیکە تۆرە) سیقە تۆرە .

(سیکەنەو سەر خان) ووتەیەکە بە کار دێنرێ لە کاتی زۆر ووتنەوەی قسەیەك یا زۆر کردنەوەی کارێکدا : ئەی هوودبسان (سیکە نەو سەرخانە) .

(سیل) دەردێکی کوشندەی زۆرگرانە تووشی مەردوم ئەبێ و ئەی کوژێ .

(سیلاویی) سیلدار .

(سیلایی) سیلە .

(سیلدار) کەسێکە دەردی سیلی پێوەبێ

(سیلکردن) پاك کردنەوەی سەعات و قاپ و قاچاخ لە ژەنگ و چڵك . بریتی یە لە دیق کردن .

(سیلە) سەر سووچی کۆڵان . رەقە .

(سیم) شتێکە وەك سورمە بەڵام ئەم زیبو نیە . تەل .

(سیماسین) بریتی یە لە رق هەستان .

(سیمبەند) تەلبەند .

(یمر) سیمرغ .

(سیمرخ) سیمرغ .

(سیمرغ) جۆرەباڵندەیەکی زۆرگەورەیە کە هەر ناوی هەیە .

(سیمگڵ) جۆرە گڵێکی سپی زەردباوە بە کای وورد ئەگیرێتە وە لە جیاتی گەچ ژووری پێ سواغ ئەدرێ .

(سیمورغ) سیمرغ .

(سین) ناوە بۆ پیتێك لە بیستو حەوت پیتەی کوردیی .

(سینگ) سنگ .

(سینه) سنگی گیاندار .

(سینه باز) د . سنگەو بازد .

(سینه بەرە) بەرەی وولاٚخ . بەروانکه .

(سینه بەن) سینه بەره . گەردن بەند (د) .

(سینه بەند) سینه بەره . بەروانکه .

(سینه پاڵوو) دەردی تەنگە نەفەسیی .

(سینه پۆش) بەروانکەیەکە ئەگیرێ بە بەرۆکا .

(سینەك) جۆرێکە لە کاغەزی قومار .

(سینه کەمان) پارچەیەکە لە مۆزیقە چەن تاڵێك ژێی لێ چەسپ کراوە بەکەوانەیەکی ژێدار لێ ئەدرێ وە دەنگێکی خۆشی لێ پەیدا ئەبێ .

(سینەما) مەکینەیەکە وێنەی شت بە گەورەیی بە هۆی کارەباوە پیشان ئەدا .

(سینه مەکی) گیایەکی گەرمیانی گەلاٚ ووردی درێژ کۆڵەیە بۆ رەوانیی ئەخورێ .

(سینیی) دەفرێکی پانی لێو دارە نان و چێشتی لە سەردا ئەنرێ لەکاتی نان خوار دنا .

(سیوا بوونه وه) چاو کرانەوەو ترس شکان: تازە ئامۆژگاری کەڵکی ناگرێ چونکە (سیوای بوەتەوە) .

(سیواخ) سواخ .

(سیواغ) سواخ .

(سیواق) سیواخ .

(سیوان) چەتر (ز) . خێوەت .

(سیوجگەر) جەرگو سیی گیاندار .

(سیو سیوه) تیبغ هێنانە وە بە سەر ریش و سەرا دوای تاشینی .

(سیه) سێبەر .

(سی یه) ناوە بۆ سەنگی کێشانەیەك لە ووڵاٚتی موکریان .

(سی یەك) د . سێ یەك .

(سێ یەك) لە سێ بەش بەشێك .

(سێ یەکی) سێ یەك .

(سێ یەم) سێ هەم .

(سێ یەمین) سێ هەمین .

(سی یه ووشکه) جۆرە نەخۆشی یەکە بە هێندێ گیاندار ئەگا هەمیشە دەم و قوورگی ووشك ئەبێ

پیپتی شیـین

ش

(ش) پیپتیکه به کار دێنرێ له جێی
ووتەی (وەك) : منیش ئەخوێنم واته وەك تۆ.
(شا) گەورەی دەوڵەتیکه کەئەگۆررێوه
له دوای خۆی کورری بکرێ به شا . هەنگ و
زەردەواڵەیه کی گەورەیەکه شان هەڵ ئەبەستن
و گەرا دا ئەنێن . ناوه بۆ داشێك له داشەکانی
شەترنج . شادمان (د) . خۆشا : (شا) به حاڵی
فیسارکەس، واته خۆشا به حاڵی ئەو(د). اسمی
فعله به معنی (تەماشاکه) : (شا) که ، واته
تەماشاکه .

(شا بار) بازی گەوره .

(شاباش) دراوێکه که هەڵدرابێ به سەر
یەکێکا له رووی خۆشەویستی یەوه .

(شاباشکردن) هەڵدانی دراو به سەر
یەکێکا له رووی خۆشـه ویستی یه وه . ووتنی
(شاباش) له لایەن گۆرانی بێژی هەڵپەررکێ
وه بۆ ئەوەی که دراوی بدرێتێ .

(شا باڵ) باڵی گەورەی پەلەوور . ئەندا
زەی باڵێکی گەورەی مەردوم له شتێك : شا
باڵێکم بلووریی بدەرێ .

(شابست) بڵۆسکێکه له سەرەوه تا خوار
ئاسن بێ .

(شابك) ر . چۆغەی رانك .

(شابوو) کونده بەبوو .

(شابوون) ر . شاد بوون .

(شا ه رروو) د . کەستانه .

(شا بەندەر) نوێنەری دەوڵەتیکه بۆ ناو
دەوڵەتێکی تر بۆ ئەمەی که له وێ سەرپەرشتی
کارو باری دەوڵەتەکەی خۆی و خاوەنداریی
هاو ووڵاتیەکانی بکا . بریتی یه له ئا فرەتی بێ
شەرم .

(شا بەندەرخانه) کۆشکێکه که شابەندەر
تیا دانشێ .

(شا بەنەر) شا بەندەر .

(شاپ) د . لێدان به بەری دەست .

(شاپرزا) شپرزه .

(شا پلیته) دا رێکه سەرێکی به رژۆی
پێوه پێچرابێ و نەوتی پیاکرابێ بۆداگیرساندنی

(شاپووراخ) ل . پەپوولە .

(شاپە) ز . پارچەیەکی گەورەیە لە بەفر کە لە سەر شاخەوە هەرەس بێنێ . تاوێرێکە کە لە شاخێکەوە برروخێ .

(شاپەرر) پەرری گەورەو درێژی باڵدار .

(شا پە سەن) د . شا پە سەند .

(شا پەسەند) گو ڵێکی جوانە گەلێ جۆر رەنگی هەیە .

(شا پینۆر) پینەی کاڵا .

(شات) توولی بەکساڵەلە درەخت (هـ). شاتە (د) .

(شاتار) د . جۆرە تارێکی گەورەیە .

(شاتاڵ) د . شالاٌو .

(شاتاندن) قیژاندن .

(شا تا وڵ) شاتاڵ .

(شاتر) تە تەر .

(شاتلوورە) تایەرە گلگل .

(شاتو شووت) شاتە شاتکردن .

(شاتوو) جۆرە توویەکی مۆری خرری دەنك گەورەیە .

(شاتە) هەراو دەنگە دەنگی بێ شەرمانە

(شاتەشات) شاتەی یەك لە دوای یەك . جۆرە نانێکی تەندوو ی یە (د) .

(شا تەررە) گیایەکی بەهاری یە گەلای وەك شوییت وایە ئارەقی ئەگیرێ و ئەخورێتە وە بۆ فێنکی دەروون .

(شا جران) لاوی شۆخ و شەنگ .

(شاخ) کێو . شتێکی رەقی درێژە بە پشتی سەری گاووبەرانوبزنو هێندێ گیانداری ترەوە . دەفرێکیدارینە باروتی تێ ئەکرێو ئەکرێتە مل (ز) .

(شاخاندن) شریخە کردن .

(شاخانن) د . شاخاندن .

(شاخانە)پارەیەکە ئەسێنرێ لە خاوەن ئاراڵ بە رانبەر بە لەوەرری شاخ .

(شاخاو) جێیچررنووك لە ئەندام .

(شاخاویی) شوێنێکە کە کێوو شاخی زۆر بێ .

(شاخدار) جۆرێکە لە بەری دارمازوو لە (پانکە) ئەچێ بەلاٌم ئەم درێژ کۆلەیەکی قژ قژە . گیاندارێکە کە شاخی بێ .

(شا خسپی) جۆرە ترێ یەکی سپی یە وەك (مامبرایمە) بەلاٌم ئەم سەر دەنکەکانی باریکە .

(شاخستان) شاخاویی .

(شا خکردن) هەستانە سەر پاشووی ماین و ئەسپ .

(شاخو بەڵەك) د . قەمزەو نار .

(شاخه) دەنگێکه وەك دەنگی رووخانی خانووی بەرزو هەرس هێنانی تلی زۆرگەورەی قەد شاخ . لق و چڵی درەخت (د) .

(شاخەوان) گیاندارێکه که باش بە شاخا هەڵگەررێ .

(شاخیی) شتێکه که هەر له شاخا بێ : پڵنگ‌وبەوور، یابەررەزاو رێواس(شاخیی)ن ، واته هەر له شاخ ئەبن .

(شاد) کەسێکه که بە ئارەزووی خۆی گه یشتبێ .

(شادانه) د . تۆوی گوش .

(شادبوون) بە ئاوات‌گەیشتن .

(شادمان) شاد .

(شادمانیی) شادیی .

(شا دەمار) دەماری گەورەی گیاندارو درەخت .

(شادەمەرگ) کەسێکه لەخۆشیانا بمرێ ، (شادە مەرگبوون) مردن له خۆشیانا .

(شادە مەرگیی) شادە مەرگبوون .

(شادە نوێژ) پەنجەی دۆشاو مژە .

(شادیی) کەیف خۆشیی .

(شار) چەن خانویەکی زۆری رێك‌وپێکه که له دێ گەورەترو جوانترو رێك‌و پێك ترو ئاوە دانتر بێ. هێلانەی زەردەواڵەو مێرووله.

شوێنێکی تایبەتی نیشانه کراوه له هێندێ یارییدا وەك (چاوشارکێ) و (قەله مرداریێ) که لیی کۆ ئەبنەوه .

(شارا) کۆمەڵێکه لەکوڵۆش‌که له (مەڵۆ) گەورەترو له خەرمان پچووکتر بێ .

(شاران) ز. گوێزو بادامێکه وەك ملوانکه رست ئەکرێ .

(شارانگەرر)کەسێکه که زۆرگەررابێ و شارانی دیبێ .

(شارانگەشت) شارانگەرر .

(شاراوە) شتێکه که پەنهان کرابێ .

(شار بەدەر) کەسێکه که له ئاوایی‌یەك دەرکرابێ له بەر خراپی ، (شاربەدەرکردن) دەرکردنی یەکێك له ئاوایی‌یەك له بەرخراپی

(شار دار) متصرف .

(شار دراوە) شاراوە .

(شاردن) شاردنەوه .

(شاردنەوه) حەشاردان و وون کردنی شتێك .

(شارراوە) شتی حەشار دراو .

(شا ررەگ) شا دەمار .

(شا ررێ) رێگای زۆرپان و درێژ که رێگاو کۆڵانی زۆری بە سەرەوه بێ .

(شا ررێگه) د . شاررێ

(شا ررییشه) د . شا دەماری درەخت .
(شا رسان) د . شا رستان .
(شا رسانیی) د . شار ستانیی .
(شارستان) شاری گەورەی ئاوەدان .
شارێکی گەورەیە کە شارداری تیا دابنیشێ .
(شارستانێتی) ژیریی و چاوکراوەیی .
(شارستانیی) کەسێکە لە شاردا نیشێ .
بریتی یە لە مەردومی ژیری چاوکراوە .
(شارگرر) ووتەیەکە ئەوترێ لە یاریی
(چاوشارکێ) دا لە کاتێکاکە بێتەوە سەرشار.
(شا رۆخ) چەمیلە ترۆزیی .
(شارە دێ) دێی زۆر گەورە .
(شارەزا) کەسێکە کە ئاگادار و بەڵەد
بێ بە شتێك (شارەزابوون) ئاگادار بوون
بە شت .
(شارە زایی) ئاگاداریی و بەڵە دیی
بە شت .
(شارە زوور) ناوچەیەکی گەورەیە لە
کوردوستانی عراق .
(شارە زەردەواڵە) کونێکە زەردە واڵە
هێلانەی تیا کردبێ .
(شارە مرۆچە) د . شارە مێرووله .
(شارە مێروو) کونێکە کە مێرووله
هێلانەی تیا کردبێ .
(شارە مێرووله) شارە مێروو .
(شارەوان) کەسێکە کە سەر پەرشتیی
ئاوەدانیی و پاك و تەمیزیی شارێك بکا .
(شارەوانیی) بلدیە .
(شاریاگەوە) شاراوە .
(شاریان) د . وون بوون .
(شاریی) شارستانیی .
(شارینەوە) شاردنەوە .
(شازادە) نەوەی شا .
(شازدە) شانزە .
(شازدەمین) شانزەمین .
(شازدە هەم) شانزەهەم .
(شازدەهەمین) شانزەهەمین .
(شا ژن) ژنی شا . بریتی یە لە ژنی دەر
هاتووی کارامە .
(شاسوار)مەردومیسوارچاك . مەردومی
چالاکی ئازای کارامە .
(شاسە) شەستە .
(شا سەیوان) خێوەتی شا .
(شاش) شتێکە سفت نەبێ . سەرپێچ
(با) .
(شاشخاپێن) ز .کەسێکە لە ژێر پەردەی
ئایینا دەستی مەردوم ببرێ .
(شا شك) با . سەرپێچی پیاو .

(شا شوویش) شتی زۆر شاش .
(شاشە) شاسە .
(شاشیك) شاشك . مێزەر .
(شاف) شتێکی باریکە لە هێندێ دەرمان دروست ئەکرێ ، مایە سیریی دار ئەیکا بە کۆمیا بۆ لابردنی ئازاری مایە سیری یەکەی .
(شاف پێ هەلگرتن) بریتی یە لە هەڵخەڵەتاندنی یەکێك بە زمانی لووس .
(شاف هەلگرتن) شافکردن بە کۆما .
(شاڤا) با . هەنگاو .
(شاڤە شین) با . شینە شاهۆ .
(شاڤین) با . دەنگی کەروێشك .
(شاڤاو) هەنگاو .
(شا قروان) بۆق .
(شا قڵ) چاکڵی کەوا .
(شاقوڵ) د . شاووڵ .
(شا قولاب) قولاپی گەورەی چقە دار .
(شا قولیئاغا) دەعبایەکی رەشی پچووکە زۆرتر لە چاوی هەنجیرا ئەبینرێ .
(شا قووت) ز . پەلی دار گوێزێکە کە برر رابێ .
(شا قوول) فاقە (ز) . شاووڵ .
(شا قەل) شاقڵ .

(شا قەڵ) قەبارەی گیاندار .
(شاقەڵدار) گیانداری گەورەی بە خۆوە .
(شاکار) کردەوەی گەورەی گرنگ .
(شا کوڵ) ز . پێڵاو .
(شاکۆل) دار دەست .
(شاگرد) منالی بەر دەستی وەستا .
(شاگردانە) دراوێکە بدرێ بە شاگرد لە کاتێکا کە شتێکی تازەی دروستکراووت لای وەستاکەی بۆ بهێنێتەوە .
(شاگردە) دارێکی درێژی قەڵانکەدارە جۆلا بژاری رایەڵی پێ ئەکا .
(شاگونج) گونچێکی گەورەی دارینە ئەبرێتە دەم نێ و گونجی تری تێ ئەبرێ .
(شاگوڵ) گوڵی زۆر گەورە لە شت .
(شاگە) شەگە .
(شاگەردانیی) د . پاشاگەردانیی .
(شاگەشکە) چەمۆڵە .
(شاڵ) جۆرە تەنراوێکی خورییە گەلێ جۆری هەیە .
(شاڵاو) پەلاماردانێکی بێ شەرمانەیە لەگەڵ جوولانەوەی دەستا .
(شالوور) بلبل .
(شالیار) د . پاشا . وەزیر .
(شالیگا) د . مەرەزە جارر .

(شالینه) چه پالێكي چوار گۆشەی خوری یه .

(شام) د . ئیوارێ . نانی ئیوارێ .

(شامار) ئەژدەها .

(شامبۆز) مەردومی دانای ئازا .

(شامخواردن) شێو كردن .

(شامكردن) نان خواردنی ئیواران .

(شامۆیی) ز . جورەتووتێكی بێ كەلكە

(شامێر) كەڵە مێروو .

(شا مێروو) شای مێرووڵان .

(شامیی) شووتی .

(شان) ئێسقانی راست و چەپی خوارمل كە هەردوو قۆڵی پێوەبەندە . شتێكی كون كونی گردەهەنگوزەردەواڵە هەڵی ئەبەستن . ئەنشت ئەوقەسەری گردو شاخ . گەورەیی و شكۆ هی ئادەمیی .

(شانا) ل . شانە .

(شانازیی) نازیین و خۆهەڵكیشانی یەكێك بە سەر یەكێكی ترا لە بەر شتێك .

(شـانای) هـ . تەكاندنی درەخت بۆ هەڵوەرینی بەری .

(شانبەشان) بوونی دوو كەسە بە رەنگێك كە شانیان بە شاني یەكەوە بێ .

(شانپۆش) دەسماڵی ژنان . شتێكە كە بدرێ بە شانا .

(شانداچەكان) شل و شێواویی یەخەی كاڵا .

(شانداچەكاو) كەسێكە كە یەخەو ملیوانی كاڵاكەی شلو شێواو بێ .

(شاندادان) بریتی یە لە نوستنێكی كەم . بریتی‌یە لەمردنی یەكێك ، وە لە رووی سووكی یەوە ئەوترێ .

(شانداهێشتن) د . شاندادان .

(شاندن) چاندنی تۆو . ناردن (ز) .

(شانزە) ناوە بۆ ژمارەیەك كە شەش و دەیە .

(شانزەمیین) شتێكە كە لە پایەی شانزە دا بێ .

(شانزەهەم) شانزە میین .

(شانزەهەمیین) شانزەهەم .

. (شانس) بەخت .

(شانشیین) دووسەكۆی پچكۆلەیە لە لای راست و چەپی پێ پیلكە یەكەوە كە پیا سەر ئەكەوێت بۆ كۆشك . پایتەختی دەوڵەتێك . شكەم دوورریدە .

. (شانۆ) شوێنێكی بەرزە لە تەختە دروست ئەكرێ ، سۆزانیی لە سەری سەمائەكا . شوێنێكە تەمسیلی لە سەر ئەكرێ .

(شانوشەپیلك) ووتەیەکە لە رووی گاڵتە پێ کردنەوە بە یەکێکیشان داچەکاو ئەووترێ: فیسارکەس (شانو شەپیلکێکی) ناشرینی هەیە.

. (شانوو) شانۆ .

(شانە) شتێکی دانە دانەیە مووی پێ دا ئەهێنرێ . سەر کار (با) .

(شانەکار) ئافرەتێکە کەسەری ژنان رێك بخا .

(شانە کردن) داهێنانی موو بە شانە .

(شانەگەر) کەسێکە شانە دروست بکا .

(شانەوشان)رۆیین بە لەنجەوشان بادان .

(شانەی جۆلاٚ) دەفەی جۆلاٚ .

(شانیی) ل . شانە .

(شانیین) د . فرریدانی شت .

(شاواز) د . شاباز .

(شاواش) د . شاباش .

(شاوانە) د . جۆرە گیاکە .

(شاووڵ) ئاسنێکی خرری قورسە بە پەتێکەوە ، وەستا خواریی و گیرریی دیواری پێ بەراوورد ئەکا .

(شاە) شای دەوڵەت . ناوە بۆ داشێك لە داشەکانی شەترنج .

(شاهانە) شتی پاشایانە .

(شاهۆ) شینە شاهۆ . ناوە بۆ کە ژێکی بەرز کە کەوتۆتە رۆژ هەڵاٚتێکی خوارووی هەڵەبجەوە .

(شاهەنشاە) شایەکی گەورەیە کە فەڵمم رروەیکی زۆری هەبێ .

(شاهەنگ) هەنگێکی گەورەیە لە ناو پووورە هەنگا کە شان هەڵ ئەبەستێ .

(شاهێن) باڵندەیەکی بۆری گۆشت خۆرە لە باز گەورەترە .

(شاهینەت) ز . کەیف خۆش .

(شاهیی) شایی .

(شایار) د . شالیار .

(شایان) شایستە .

(شایانیی) بوونی شتێك بەوەی کە شتێکی تری لێ بوەشێتەوە .

(شایستە) شایان و سزاوار .

(شاپستەکار) شتێك یا چەند شتێکە ئەبێ بە هۆیشایانییوسزاواری بۆشتێك (مۆهلات)

(شایستەیی) شایانیی .

(شایسە) د . شایستە .

. (شایەتیی) شهادەت .

. (شایەتییدان) شهادەتدان لە سەرشتێك.

(شایەد) ووتەیەکە بە کار دێنرێ لە جیاتی ووتەی (بەشکوو) .

(شایەر) گۆرانی بێژی شایی .

(شایەن) ترازوو .
(شایی) کۆبوونەوە و هەڵپەرریین لە خۆشیا بۆ ژن هێنان یا خەتەنە سووران . هەڵپەررکێ . ناوە بۆ دراوێکی زیوینی پچکۆلە .
(شاێن) د . شاهێن . میلی ترازوو .
(شایی کەر) کەسێکە کە بچێ بۆ شایی .
(شایی لۆغان) هەڵپە ررکێ و دەهۆڵ و زوررنا لە شایی دا .
(شپرریۆ) شپرزە .
(شپرریۆیی) شپرزەیی .
(شپرزە) گیانداری هەڵبزرراکاوی سەر لێشێواو ، (شپرزە بوون) هەڵبزرركان و سەر لێشێوان .
(شپرزە کردن) هەڵبزرر کاندن و سەر لێشێواندن . شێواندنو بڵاو کردنەوەی شت : شتەکانم (شپرزە) مەکە .
(شپرزباگ) د . شپرزە .
(شپرزەیی) هەڵبزرركاویی وسەرلێشێواویی
(شپك) ز . دارێکە ماڵەی زەویی پێ ئەدرێ .
(شت) ئەوەیە کە بگونجێ بزانرێ و باسی لێوە بکرێ .
(شتران) ز . جۆرە بەردێکی نەرمە .

(شتن) شۆریین. بریتی یە لە جنێودانی زۆر بە یەکێك: فیسارکەسم (شت) واتە پررجنێوم کرد .
(شتنەوە) پاکردنەوەی دانەوێڵە بە ئاو .
(شتۆ) ووتەیە کە سەگی پێ بەر ئە درێ لە شت .
(شتومەك) ووتەیە کە لە جێی ووتەی (کەل و پەل) بە کار دێنرێ .
(شتوو) ز . جۆرە هەرمێیەکە تا زستان ئەمێنێ .
(شتووك) ز . ئاوێکی زەردە کە ئەکەوێتە سەردۆو ئەکوڵێنرێ و ئەدرێ لە جەستەی هەتاو بردوو .
(شتەو) شتۆ .
(شتین) کەسێکە هەمیشە چاوی لە شتی مەردومەوە بێ ، وە بە بێ شت هیچ بۆ کەس نەکا .
(شحنە) ز . داروغە بازارر .
(شخارتە) شقارتە .
(شخرە) ز . شەخرە .
(شخوو) با . خۆررایی .
(شرتك) ز . تۆڵی مێو .
(شرتو شۆڵی برریین) بریتی یە لە جنێو دانی زۆر بە یەکێك .

(شرر) شتی درڕاوی هەلا هەلا . ووتەی گاڵتە پێ کردن : (شرر) لە پیاوەتیت ، واتە شیڕر (د) .

(شررپۆش) کەسێکە کە هەرچی لە بەرا بێ شررو وورر بێ .

(شرر کردن) بریتی یە لە جنێو دانی زۆر بە یەکێك . هەلا هەلاکردن و درڕاندنی شتێك .

(شررم بررم) ووتاری بێ سەروپێ .

(شررو پرر) شررو شیواڵ .

(شررو درر) مەردومی درری هار .

(شررو شیتاڵ) شتومەکی شرری هەلا هە لا .

(شررو شیواڵ) شرروشیتاڵ . شررۆڵ .

(شررۆڵ) مەردومی ریپاڵی شررپۆش .

(شررو وورر) شتی زۆر شرر .

(شررە) شررو شیتاڵ .

(شررها) ووتەی تیتاڵی یە وەك (شیڕرها) .

(شررەگر) میراتگر .

(شرڕەو برڕە) شرڕەو پرڕە .

(شرڕەو پرڕە) شررو شیتاڵ .

(شرڕەو شیتاڵ) شررو شیتاڵ .

(شرڕەو مرڕە) شرڕەو پرڕە .

(شرشر) . دەنگی چۆرراوگە .

(شرقە) قرمە .

(شرك) ز . پلوسکی چۆرراوگە

(شرن) ز . کەڵبەی بەراز .

(شرنگە) جۆرە دەنگێکە وەك دەنگی شیرو خەنجەر کە بوەشێنرێ .

(شروە هەڵاڵێ) هـ . گوڵێکی سوور و سپی یە لە (هەڵاڵە برمە) ئە چێ بەڵام ئەم پچووکترە .

(شرەق) د . درز .

(شرەقیان) د . درز بردن .

. (شرینقە) شتێکی تایبەتی یە دەرمانی شلی تێئەکرێو بە دەرزی لە جەستە ئەدرێ .

(شرییت) پەتێکی ئەستووری بە هێزی دەزوویینی بادراوە .

(شریخاندن) شریخە کردنی هەور . قیژاندنی یەکێك زۆر بە توندیی .

(شریخانن) شریخاندن .

(شریخە) دەنگێکە وەك دەنگی هەورە بروسکە ، (شریخە شریخ) شریخەی یەك لە دوای یەك (سریخ و هووڕر) شریخە شریخی زۆر .

(شریقە) شریخە .

(شژ) کێم و زووخ .

(شست) ز . سست .

(شستو شۆ) شوست و شۆ .

(شستوشۆدان) شوست و شۆدان .

(ششت) شت .

(ششتن) شتن .

(ششتنەوە) شتنەوە .

(شعەڤی) ز . جۆرە ترێیەکی زوو ررەسە

(شغاب) ز . مەتەی دارتاش .

(شغارتە) شقارتە .

(شفتە) خواردەمەنی یەکە وەك کەباب لە گۆشتی قیمە کراوو ئارد دروست ئەکرێ و لە رۆنا سوور ئەکرێتەوە .

(شفتە ژە) د . شفتە ژێ .

(شفتە ژێ) سکپـــر بوونەوەی ژن لە کاتێکا کە منالی شیرە خۆرەی بە بەرەوە بێ .

(شفتێل) ز . توولی تەرری بارێك کە لە شت بپێچرێ .

(شفتیی) با . شووتیی .

(شفرە) بررەی بەراز .

(شڤ) با . شوێنی نرم و نەویی

(شڤارێ) ز . زەلامەرێ .

(شڤان) ز . شوان .

(شڤر) با . فیلە گێژە .

(شڤك) ز . شوول .

(شڤن) با . بزنە کێویی .

(شڤیلە) ز . شڤارێ .

(شق) با . ماندوو :(شقیتە) خوا هێزت بدا .

(شقارتە) قوتوویەکی دوو پارچەی تەنکی پچووکە براونەتە یەك، چەند دانەیەکی بارێکی تیایە سەرەکانیان دەرمانێکی پێوەیە ئەدرێ لە دەرمانی تەنشتی قوتو وەکەو دا ئەگیرسێ .

(شقام) ز . شەقازللە .

(شکار) راو . کۆمەڵە بەرد . زەویی بەردەلانیی .

(شکارتە) پەڵە دانەوێڵەیەکی پچووکە کە هەزارێك بۆ خۆی یا یەکێك بۆ دۆ ستێکی دا چەند بێ .

(شکارتەکێل) ئەندازەیەکە لە زەویی کە کێلرابێ بۆ شکارتە .

(شکارگا) د . شوێنی شکار .

(شکان) لەت بوونی شتی رەق . نەمانی رۆژوو بە هۆی خواردن یا خواردنەوە . بریتی یە لە هاتنە خوارەوەی نرخی شت: گەنم (شکاوە) . بریتی یە لە ریسوا بوونی یەکێك: بە درۆ کردن مەردوم (ئەشکێ) .

(شکاندن) لەت کردنی شتی رەق . نەهێشتنی رۆژوو بە خواردن یا خواردنەوە .

بریتی‌یە لە هێنانە خوارەوەی نرخی شت . بریتی یە لە ریسواکردنی‌یەکێك . بریتی یە لە کوڵدان بە لە شکر . بریتی یە لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمان و بەڵێن .

(شکاندنەوە) شکاندنی لقی درەخت . گەڵا ررن کردنی تووتن حەلێك کە زەرد بێ . هێنانە ژێر باری منال کاتێك کە کزر بێ بۆ ئەوەی کە فێری کارێك بێ : منالەکەت زوو (بشکێنەرەوە) . رۆ کردنی هێندێ لە چای تازە لێنراو ، وە تێکردنەوەی بۆ سەرەو خوار بوون و دەم کێشانی .

(شکانن) شکاندن .

(شکانەوە) پەژموردە بوونی گیاندارێك کە لەوە پێش بە دەماخ بووبێ .

(شکاو) شتێکی رەقە کە لەت بوو بێ . شتێکە کە نرخی هاتبێتە خوارەوە . مەردمێکە کە ریسوا بووبێ .

(شکاویی) ئاستی شکانی شت .

(شکس) د . شکست .

(شکست) شتی زەدەی درز بردوو .

(شکستە) جۆرە نووسینێکی تایبەتی تێ هەڵکێشە وەك خەتی دیوانی. تاقێکی کەوا نەیەکە کەوانە کەی نزم هێنرابێتەوە.شکست (د). لەشکری شکاو .

(شکستی) شوێنی زەدە لەشت .

(شکڵ) دیمەن و درۆشمی شت .

(شکڵنووس) نووسینەوە لە بەر شکڵی نوسراوێك بێ ئەمەی بزانیت ئەڵێ چی .

(شکۆ) د . سام و سامان گەورەیی : فیسارکەس زۆر بە (شکۆ) یە ، واتە بە سا مەو شەرمی لێ ئەکرێ .

(شکۆ فە) گوڵووکی هێندێ درەخت کە تازە پشکووتبێ .

(شکۆفیانەوە) د . پشکووتن‌وگەشانەوە

(شکووك) ز . هەرمێ .

(شکوولك) شکەلووك .

(شکە بەر) ز . دیوارێکە لە بەردی رووت دروست کرابێ .

(شکەست) شکست .

(شکە ستن) ز . شکاندن .

(شکەفت) ز . ئەشکەوت .

(شکە ڤ) ز . کاسەی چێشت تیا خواردن .

(شکەلك) با . پارچەی کووپەو گۆزەی شکاو .

(شکە لووك) با . توێکڵی شت .

(شکەم دووررییده) لا دانێکی گەورە یە لە ناو دیواری ژوورا شوو شە بەند ئەکرێ و

لە زستانانا تیا ئە نوون
(شکەنجە) د . ئەشکنجە .
(شکەو) کاسە .
(شکیاگ) د . شکاو .
(شکیان) د . شکان .
(شکیانەوە) د شکانەوە .
(شکێر) ز . بەردی بە سەریەکا کەوتوو
(شکێرر) ز . شکێر .
(شکۆفە) شکۆفە .
(شل) شتی روونی تراو . شتی لەق ئەم سنگە یائەمبزمارە (شل) ە . کەسێکە کەلەکارێکا گیر نەبێ : فیسارکەس بۆئەوکارە (شل) ە واتە گیر نیە . شتێکە کە توند نەبێ : پشتێنەکەم (شل) ە ، یا دەستم شل بوو .
(شڵ) شتی سوور پرر نۆڵی پڵپڵ .
(شلاڵ) کۆکی درومان .
(شلانە) د . شێلانە .
(شلانەکوت) د . قەپسی ووشکەوە کراو .
(شلبوون) بێ هێزیی و خاو بوونەوەی ئەندام . لەق بوونی شت .
(شلبوونەوە) خاو بوونەوە .
(شڵپ) مشتێك ئاو کە بدرێ بە دەم و چاوا .
(شڵپاو) د . شەپۆلی ئاو .

(شڵپوکوت) شڵپەو گرمەی لێدان : فیسار کەس (شڵپوکوت) مناڵەکەی داگرت .
(شڵپە) دەنگێکە لە لێ کەوتنی شتێك لە شتێکی شل یا تەرر پەیدا ئەبێ (شڵپە شڵپ) شڵپەی یەك لە دوای یەك (شڵپو هوورر) شڵپە شڵپی زۆر . بریتی یە لە چێشت و گۆشتی زۆری مشە : لە ماڵی فیسارکەس (شڵپە) یە .
(شڵخە) پوورەی هەنگ .
(شڵغە) د . شڵخە .
(شلف) ز . نووکی خەنجەر و کێرد .
(شلفە) شفرەی بەراز .
(شڵقە) دەنگێکە وەك دەنگی مەشکە لە کاتی ژەندنیا (شڵقە شڵق) شڵقەی یەك لە دوای یەك (شڵقو هوورر) شڵقە شڵقی زۆر .
(شڵقیاگ) شتی فلیقاوەی زۆر بە سەر یەکا چوو (د) . شڵەقاو (د) .
(شڵە قیاو) د . شڵقیاگ .
(شلك) گیانداری شلە پەتە . تەپڵی سەر : شلکاسەر واتە تەپڵی سەر (ز) .
(شلکاك) ز . جۆرە باڵدارێکە لە کۆتر گەورەترە .
(شلکردن) خاوکردنەوەی شت . بریتی یە لە خاو بوونەوەی یەکێك و بە دەستەوە دانی شتێك کەلە وە پێش گیرەگیری لە سەر کردبێ

(شلکردنەوه) خاوکردنەوەی شتی توند .
(شلکوتی مەرگ کردن) بریتی یه له لێدانی زۆر له یەکێك به رەنگێك که شل بێ .
(شلکه) گوڵمه گۆشت .
(شلکێنه) جۆره نانێکه هەویرە کەی به کەوچك ئەکرێته سەر ساج و پان ئەکرێتەوه و ئەبرژێنرێ .
(شڵنگ) د . تەکان و هەڵمەت .
(شلۆر) ز . میوەیەکی ترشه وەك هەڵووژه
(شلو شۆڵ) شلو شێواو .
(شلو شێواو) مەردومی شەپۆشۆرری شان و مل داچەکاو .
(شلۆقه) با . باران و بەفرێکه که به یەکەو بارێ .
(شلۆق) شلووق .
(شلو مل) شتی نەرم و شل .
(شلووق) شتێکه له جێی خۆی لەقیبێ .
(شلووقبوون) تێکچوون و شێوان : جیهان چاك (شلووق بووه) .
(شلووقیان) د . شلووقبوون .
(شلو وول) د . شلو مل .
(شلوێ) ئاوی لێڵ .
(شله) چێشتی شل . جۆره تەنراوێکی تەنکی شاش و وێشه ژنان ئەیکەن به کالاّ .

(شڵه) بەڵەك .
(شله پەته) شلك .
(شله پیین) ز . هەڵخلیسکان .
(شلەتین) شتێکی شلەکه کەمێك گەرم بێ
(شله جاف) جۆره له وەررێکی زۆر باشه بۆ ئاژاڵ .
(شله جاو) د . جوونی شت به وورد یی .
(شلەحەیحەی) بریتی یه له شتی شلی ناشرینی ناخۆش .
(شله خته) د . شله پەته .
(شڵەژان) پەشۆکان .
(شڵەژاندن) پەشۆکاندن .
(شڵەژه) د . شڵەژاو .
(شڵەژیین) شڵەژان .
(شڵه ژیو) شڵه ژاو .
(شله شاریی) شارستانی خاوو خلیچك .
(شله شل) خاوه خاو .
(شڵه قان) هاتوچۆ کردن و جوولاّنی شتی شل له ناو دەفرێکا .
(شڵەقاندن) راوەشاندن و جوولاّندنی شتی شل له ناو دەفرێکا .
(شڵه قانن) د . شڵه قاندن .
(شڵه قاو) شتێکه که شڵەقابێ .
(شله قاوورمه) چێشتێکه له قەیسی و

کشمیش و گۆشت دروست ئەکرێ .
(شلّە قیان) د . شلّەقان .
(شلّەقین) شلّەقان .
(شلەك) ز . شلکێنە .
(شلّە مار) جۆرە مارێکی شلّە .
(شلیتك) با . تەناف .
(شلێر) گوڵێکی بەهاری شاخی یە بنکەکەی وەك سەلکە پیازوگوڵی وەك لاولاو وایە . ناو چەیەکی درێـژ کۆلەیە لە رۆژ هەلاّتی پێنجوینەوە .
(شلێقانن) د . فلیقاندنەوە .
(شلێقیاگ) د . فلیقاوە .
(شلێقیان) د . فلیقان .
(شلێل) ز جۆرێکە لە جۆ .
(شلّێوە) د . شلۆقە .
(شلّێویان) د . ئا شووب و ئا زا وە و تێکچوون .
(شماردن) د . ژماردن .
(شمارۆن) ز . مێوو ررۆن .
(شمارە) د . ژمارە .
(شمامۆك) ز . شەمامۆکە .
(شمتن) شووتی .
(شمتو) شمتن .
(شمتیی) با . شووتی .

(شمش) سپڵ . سیی گیاندار .
(شمشاد) جۆرە دارێکی جوانی بێ گرێو قۆرتەکەوچك و لەنگەریی لێ دروست ئەکرێ .
(شمشاڵ) لوولك . شمشاد .
(شمشە) دارێکی چوار گۆشەی راستە وە ستای سواغ بە کاری ئەهێنێ بۆ راستیی سواغەکەی .
(شمشە کاریی) سواغێکە کە بە هۆی شمشەوە درابێ .
(شمشێر) تییغێکی برر ندەی تیژیی درێژی دەمپانی کەوانە دارە . شمشێرە .
(شمشێرە) دارێکە لە پشتی دەرگادا جێی کولۆمی لێ لە لەکراوە لە (کیسەڵە) وەرەت ئەکرێ و دەرگای پێ دا ئەخرێ . پارچەیەکە لە پارچەکانی یەرەقی جووت .
(شمقارر) باڵندەیەکی گۆشت خۆری راوکەری چوست و چالاکە .
(شمك) ز . سۆل .
(شملّی براکە) د . شەنگڵە .
(شملّیبەرەکەت) د . شەنگڵەبەرەکەت.
(شملّیی) شتێکی بۆنخۆشە وەك زیرە وایە ئەکرێتە ناو نانەوە . شەنگڵە (د) .
(شمۆرتك) د . شتێکە کە ووترا هەر مەبەست لەخۆی بگەیەنێو هیچی تر «جزئی» .

(شمووز) چەمووش .

(شمە) هـ . ئێوە .

(شناس) ناسیاو .

(شناسایی) شناسیی .

(شناسنامە) دەفتەرێکی پچکۆلەیە ناوو نیشان و جێگاورێگای خاوەنەکەی تیا ئەنوسرێ « هویە » .

(شناسیار) ناسیاو .

(شناسیی) ناسیاویی .

(شناسین) ناسین .

(شناو) شنۆی زۆرخانە .

(شناوە) پەڵەی پچووك لە کشتوکاڵ .

(شنکیی) شەن .

(شنگ) گیایەکی بەهاریی لق باریکی گەڵا لوولی بنکدارە ئەخورێ .

(شنگرروشیواڵ) پرروپاتاڵ .

(شنۆ) جۆرە جووڵاندنێکی تایبەتی ئەندامە پاڵەوانان ئەیکەن بۆ بەهێز بوونی ئەندامیان . ناوە بۆ شارێك لە ناوچەی سابڵاخ لە کوردەواریی ئێران . شنەی با (د) .

(شنە) لەرینەوەیەکی هێواشی لە سەرخۆ : (شنە) ی بادێ ، (شنە شن) : شنەی یەك لە دوای یەك .

(شنەفتن) ل . شنەوتن .

(شنەوا) د . بیسەر « سمیع » .

(شنەوتن) بیستن .

(شنیان) د . شنینەوەی مناڵ .

(شنین) د . شنیان .

(شنینەوە) گۆشەکردنو شنە شن کردنی مناڵ . لەرینەوەی درەخت .

(شۆ) شتێکی لینجە وەك کەتیرە ئەدرێ لە هێندێ تەنراو بۆ دەق بەستن . شێف . شتی نمدار .

(شواشینك) درەختێکی بەهاریی هەمیشە سەوزە گەڵای وەك مۆرد وایە ، بەرێك ئەگرێ وەك چوالە تاڵە . ناوە بۆجۆرە ترێیەك (با) . ناوە بۆ جۆرەهە نجیرێك (با) .

(شواڵك) خەڵفە دارێکی تازەی باریك و درێژە کە لە ناو چەند خەڵفێکی ترا هاتبێتە دەرەوە .

(شوان) کەسێکە کە ئاژاڵ بلەوەڕرێنێ .

(شوانانە) شتێکە کە بدرێ بە شوان .

(شوانخەڵەتێنە) باڵندەیەکی بۆرەقنەیە لە چۆلەکە گەورەترە هەڵ نافرێ تا نزیکی نەبیتەوە .

(شوا نشوان) د . جۆرە یارییەکی مناڵانەیە .

(شوانشوانەکێ) د . شوانشوان .

(شوانكاره) كه سێكه پیشەی هەرشوانیی بێ . ناوی تیرەیەكە لە جاف .

(شوان هەڵخەڵەتێنە) شوان خەلەتێنە .

(شۆب) ز . بەڵگەو ڕێو شوێنی شت .

. (شوبات) مانگی دوو هەم لە ساڵی ڕۆژیی كە لە ناوەندی كانوونی دووهەم و مارت دایە وە بیست‌ونۆرۆژە لە ساڵی (كبیسە) داو بیست و هەشت رۆژد لە ساڵانی ترا .

(شۆبە) ز . بێ هۆشبوون لەبەرنەخۆشیی.

(شۆپ) تیپكەو پارووی زل : هیچ بەر كەی (شۆپ) ی تۆ ناگرێ . شەپی دەست .

(شو پاژۆ) كەسێكه كە شوێن پێ هەڵگرێ

(شۆت) هـ · شیری گیاندار .

(شۆتك) شۆرتكە .

(شۆتیلە) هـ . گیایەكی بە هاریی شیر دارە لە ساڵە ئەچێ .

(شۆتین) هـ . چێشتی شیر برنج .

(شۆتینە) فررنی .

(شۆباو) شۆربا .

(شۆخ) مەردومی باڵاٚ بەرزی جوانی وەنگو شۆخ .

(شۆخیی)گاڵتەوگەپ ، (شۆخیی كردن) گاڵتەكردن .

(شۆدار) شتێكە كە شۆی پێوە بێ .

(شۆدان) ئاوكردنی هێندێ شت‌و نمدانی

(شۆر) سوێر . گیانداری زۆر رەوان . جۆرە مقامێكی خۆشە . كەرەكێویی . شۆدار . عەشق : فیساركەس (شۆر) ێكی هەیە ، واتە سۆزو عەشقێك .

(شۆران) شتن .

(شۆراو) شتێكە بە ئاو شۆرا بێتە وە .

(شۆراوە) دانەوێڵەیەكە كە بە ئاو شۆرا بێتەوە .

(شۆربا) جۆرە چێشتێكی شلی تراوە .

(شۆربا ررێژ) دۆخاوكردنی‌شوێنێك بە گەچ یا بە چیمەنتۆ یا بە قسڵ .

(شۆربە) ز . شۆربا .

(شۆرتان) جۆرە پەنیرێكە .

(شۆرتك) شۆرتكە .

(شۆرتكە) جۆرە پشتێنێكی جوانی پانی ئاوریشمینە . سەر شۆرك .

(شۆردراوە) شۆراوە .

(شۆردن) شتن .

(شۆردنەوە) شتنەوە .

(شۆرر) شتێكە كە لە شوێنێكی بەرزەوە داررۆچكە بووبێ (شۆرربوونەوە) داررۆچكە بوونی‌شتێك لە بەرزی‌یەكەوە (شۆرركردنەوە) داررۆچكە كردنی شتێك لە بەرزی یەكەوە .

(شۆرراوگە) چۆرراوگە .

(شۆررگە) جێی شت شتن لە مالا .

(شۆررە) چۆررە ، (شۆررە شۆرر) چۆرە چۆرر .

(شۆررەیی) جۆرە یی بەکە لقەکانی سەر بەرەو خوار ئەبنەوەو روو ئەکەنە زەویی .

(شۆررەژن) ژنی شۆخ و شەنگی جوان

(شۆررە سوار) سوار چاکێکە کالای شۆرری جوانی لە بەرا بێ و بە سەر زینەکەدا هاتبێتە خوارەوە .

(شۆررەوبووگ) د . شتی شۆرربووەوە .

(شۆررەوە بوون) شۆرربوونەوە .

(شۆرش) هەراو ئاژاوە .

(شۆرشگێرر) کەسێکە کەشۆرش هەڵگیرسێنێ .

(شۆرمەزە) جۆرە چێشتێکە بە نۆکوجاترە وگیا دانوو دروست ئەکرێ وەك چێشتی (دانە رروکە) بەلام ئەم گەنمی تێ ناکرێ . شتی سوێر خوێ .

(شۆروا) د . شۆربا .

(شوروارێژ) د . شۆربا رێژ .

(شۆرە) شتێکی سپی یە وەك زاخ ئەکرێتە ئاو بۆجل پێ شتن ، وە بارووتیشی لێ دروست ئەکرێ .

(شۆرەزار) شورەکات .

(شۆرەك) ز . شۆرەکات .

(شۆرەکات) زەوی یەکە خاکە کەی لە بەر سوێریی گیای کەم لێ سەوز ببێ .

(شۆریاگ) د . شۆراو .

(شۆریان) د . شۆران .

(شۆرین) شتن .

(شۆرینەوە) شتنەوە .

(شوستوشۆ) شتن .

(شوستوشۆدان) بریتی یە لە سەر زەنشت و سەر کۆنەکردنی یەکێك .

(شۆستە) شۆسە .

(شوسوشۆ) شوست و شۆ .

(شۆسە) زە لامە رێ لە لای راست و چەپی شاررێوە .

(شۆسیەخ) د . چلوورەی گوێسوانە کە شۆرر ببێتەوە .

(شوش) هـ . سیی گیاندار .

(شۆش) هۆش (ز) . تافگە .

(شوشتن) ششتن .

(شۆشیە هەر) هـ . سیوجگەر .

(شوفار) جاسووس .

(شوغال) ل . چەقەل .

(شۆڤ) ز . شێف .

(شۆق) سەروەشاندنی مەررو بزنوگا .
(شوقاق) د . شوقاقیی .
(شوقاقیی) دەردێکە لەچوار پەلی ئاژاڵ ئەداو شەقار شەقاری ئەکا .
(شۆق تێ هەڵدان) لێدانی مەررو بزنو گــا بە سەر .
(شۆقدان) شۆق وەشاندن .
(شۆقل) ز . پۆلکە .
(شۆق وەشاندن) شۆق تێ هەڵدان .
(شۆق وەشێن) گیاندارێکە کە شۆق بوە شێنێ .
(شۆق هاویشتن) شۆق وەشاندن .
(شوقە للەت) شتێکە وەك سەکۆیەکی بــاریك لای سەرووی ژوورەوە دروست ئەکرێ ژێرەکەی بۆش و خانخانە شتیان تیا دا ئەنرێ وە لە سەریشی شت و مەك دا ئەنرێ .
(شۆق هەلدان) شۆقدان .
(شۆك) جۆرە شیرینی یە کە لە گەڵای مازودارو داربەررو ئەنیشێ .
(شۆکە) شۆك . دەردێکە ئەدا لە گەڵای توونن و هێندێ شتی تر زەبوونیان ئەکا .
(شۆڵ) ـوێر . ووتەیەکە هەمیشە لە دوای ووتەی (شل) ە وە بە کار دێنرێ :
(شلوشۆڵ) واتە زۆر شل .

(شۆڵاو) ـوێراو .
(شۆلەکە) دەفرێکی دوولایە لە جەواڵ گەورەترە .
(شۆم) شۆو .
(شۆن) شوێن .
(شوناس) شناس .
(شوناسیی) شناسیی .
(شۆن کۆمەکێ) ئوێنە وونیی .
(شۆن نیان) د . شوێن خستن .
(شۆن هەڵکردن) د. شوێن هەڵگرتن.
(شوو) مێردی ژن .
(شۆو) شێف .
(شووار) شتن : سوێندم بەم ئاوە کە (شووار) ی هەموو کە سێکی پێ دێ . لێدانی دەمار .
(شووارگرتن) دەست خستنە سەر دەمار بۆ زانینی لێدانی .
(شووال) د . شەرواڵ .
(شووالپیس) د . شەرواڵپیس .
(شووبرا) برای مێرد .
(شووبراژن) هێوەرژن .
(شۆو بررین) شێف بررین .
(شووپایی) د . تەمەڵیت .
(شووپەکان) جۆرە یارەیەکی کچانەیە.

(شووت) شتی لووس .

(شووتك) ز . شۆرتکە .

(شووتیی) میوەیەکی خرری گەورەی لووسە ناوەکەی شیرین و سوورو ئاو دارە .

(شووتیی کۆڵە) شووتیی پچکۆلەی گەییو

(شوور) شیری بررندە (ز) فیلە گیژە .

(شوورا) شوورە .

(شوورتان) هیزە .

(شوورك) شتی خوار .

(شوورە) دیوارێکی پانی بەرزە بە گردی شاریا جێگایەکا دروست ئەکرێ بۆ قایمی .

(شوورەیی) نەنگ: ئەم کارە بۆتۆ (شوورە یی) یە .

(شووژن) سووژن .

(شووژن ئاژن) سووژن ئاژن .

(شووش) شتی باریك و راست وجوان. سیپەلك (هـ) .

(شوو شوو) هـ . شمش .

(شوو شو یە هەر) هـ . سیو جگەر .

(شووشە) شتێکی لووسی رەقی تورتی روونا کە ئەخرێتە پەنجەرەوە . پارچە زێرر وزیوی دارێژراو .

(شووشە بەند) شوێنێکە شووشەی زۆر لە دارو دیواریا بێ .

(شووشەکاریی) شووشە بەند . خەریك بوون بە کاری شووشەوە .

(شووشە گەر) کە سێکە کە شووشە دروست بکا .

(شووشەیی) شتی لووسی راستی جوان .

(شووکردن) مێرد کردنی ئافرەت .

(شوول) با. شووڵ. ئیش وکار: (شوول) م هەیە ، واتە کارم هەیە ، لە شغلی عربی یە وە وەرگیراوە .

(شووڵ) تووڵ .

(شوولاق) قامچی .

(شوولاندن) فیرراندن .

(شوولك) تووڵی پچووك .

(شووڵك) شوولك .

(شووڵ لێ هەڵکێشان) بریتی یە لە دەر چوونی مەردوم لە ئەندازەی خۆی لە هەموو کارێکا .

(شوولە) ئەندازەیەکە لە قوررکە بە بێڵ هەڵ بگیرێ .

(شوون) ز . شوێن .

(شوونك) ز . گەڵا کوتك .

(شوونەوار) ئەتەری مەردوم و گیاندار : فیسارکەس (شوونەوار) ی نیە .

(شو هۆرر) د . شووڵی تەرر .

(شوێڵ) د . زەمینی باریك .

(شوێن) جێگایەکە بگونجێ شتێکی تیا دابنرێ .

(شوێن بە شوێن) دوا بە دوا .

(شوێن خستن) ناردنی یەکێك بە دووی یەکێکا بۆ جوست و جۆ کردنی ئیش وکاری .

(شوێنك) با . گەڵا کوتك .

(شوێن کردن) جێ کردنی شتێك لە ئەندام بە هۆی تەسکیو زۆرچەسپ بوونیەوە : ئەموستیلە کە یا پشتێنەکە ئەوەندە توندە (شوێنی کردووە) .

(شوێن کەفتن) د . شوێن کەوتن .

(شوێن کەوتن) دووکەوتن .

(شوێنەزا) ئەو وولاتەیە کە تۆی تیا لە دایك بوویت .

(شوێنە گومکێ) شونیە وونێ .

(شوێنە وار) شوونە وار .

(شوێنە وونکە) شوێنە وونێ .

(شوێنە وونێ) شوێنە وونیی .

(شوێنە وونیی) سەر شێواندن لە کەسێك بەکرداریا بە ووتار بۆشاردنەوەی کارێك لێی .

(شوێن هەڵگرتن) دۆزینەوەی شتی دزراو بە هۆی شوێن پێ وە لە زەوییی .

(شوییت) گیایەکی گەڵا ووردی تام و بۆن خۆشە ئەکرێتە چێشتی یاپراخەوە .

(شە) شێ : شەکرەکە (شە) ی هێنارە . شانە (با) .

(شەباقە) دەلاقە .

(شەبەق) روونی کەناری ئاسمان لە بەیاندا . کونی گەورە لە کاڵاو دیوار .

(شەبەق تێ بوون) شەبەق تێ کەوتن .

(شە بەق تێ کەوتن) کون بوونی کاڵاو دیوار بە گەورەیی .

(شەبەقدان) رووناك بوونەوەی کەناری ئاسمان لە بەیاندا .

(شەبەق شەبەقبوون) کون کون بوونی دیوار و کالا بە گەورەیی .

(شەبەقیی) بەیانیان کاتی شە بەق .

(شەبەندە بە رۆژ) جۆرە خامەکێکی زۆر جوانە بە گەلێ رەنگ ئەنوێنێ .

(شەبەنگە بە رۆژ)شەبەندە بە رۆژ .

(شەبەیخوون) بەسەردوژمناداندا لە شەوا .

(شەبیکیین) ز . رەقیبتە .

(شە بییك) ز . نەقیزەی وولاخ لێ خورریین .

(شەپ) بەری دەست : شەپێکی پیادا واتە لەپێك . پرر بە چنگێك لە شتێك : (شەپ) ێك کەرە ، واتە پرر بەچنگێك . پرر(ل). ووتەیەکە

هەمیشەلە پێش‌ووتەی شۆررەوە بە کاردێنرێ :
(شەپو شۆرر) . شەپالە .
(شەبازلله)کێشان بە رووماتی یەکێکا بە
بەری دەست بە توندیی .
(شەبال) ز . شتی جوانی باش .
(شەپالمە) شەبالە .
(شە پالە) لێدان بە بەری دەست لە
ئەندامی گیاندار .
(شەپررەویی) چەپررەویی «یساریی» .
(شەپررێو) مەردومی شپرزە .
(شەپرریو) مەردومی شەپو شۆرر .
(شەپرزە) شپرزە .
(شەپشە پان) د . شەپلی شۆپێن .
(شەپقە) جۆرە کلاوێکی لێوار دارە
سێبەر لە دەمو چاو ئەکا .
(شەپك) چۆغەی رانك .
(شەپکە) پارچەیەکەلەپارچەکانی جۆلایی.
شەبقە (د)
(شەپلاخ) شەپازلله .
(شەپلاخە) شەپلاخ.
(شەپلە) دەردێکی کوتوپرریی گرانە
ئەدا لە ئەندامی گیاندارو ووشکی ئەکا .
(شەپلی شۆپان) شەپلی شۆپێن .
(شەپلی شۆپێن) یاریی کردن بە سێو یا
بە شتێکی وەك تۆپ لە حەوادا .
(شەپلی شەپان) د . شەپشەپان .
(شەپۆتە) دەفەی جۆلا .
(شەپۆپە) شەپۆتە .
(شەپۆرر) شیوەنی تێکررایی بە کوڵ .
(شەپو شۆرر) کەسێکە کە شلو شێواو،
وە داوێنی بە سەرزەوییدا بخشێ .
(شەپۆکان) د . پەشۆکان .
(شەپۆکیان) د . شەپۆکان .
(شەپۆل) تەکاندانی ئاو بە هۆی‌شتێکەوە.
(شەپۆلدان) قۆندەرە کردنی ئاو .
(شەپە) کۆمەڵە بەفر .
(شەپەرر) با بالی پەلەوورو فررۆك .
(شەپەزلله) شەپازلله .
(شەپە شەپ) دەنگی دررو داوێنی‌شۆرر
کە تەرر بووبێ .
(شەپەلۆخ)گیانداری‌چاو برسیی‌زۆرخۆر.
(شەپە لووح) درەختێکی گەرمیانی‌یە
بەرێك ئەگرێ وەك هەنجیر ئەخورێ ، وە لقە
گەورەکانی وەك شوونی تەرز ئەهاوێ .
(شەت) رووباری گەورە .
(شەتاو) ئاوی سارد داں بە ژێر سك‌و
کەڵ‌وکونی ووڵاخی بەرزەدا لە کاتی گەرمادا
شەت .

(شەترنج) جۆرە یاری یەکە وەك دامە بە شەش جۆرداش ئەکرێ کە هەموویان سیی و دوو داشن کە پێیان ئەڵێن : (روخ ، ئەسپ ، فیل ، شا ، وەزیر ، پیادە) .

(شەتڵ) سەوزاییەکە لە شوێنی خۆی بە ریشەوە هەڵ کەنرابێ بۆ رواندنی لە جێگایەکی تر .

(شەتڵجارر) شەتڵگا .

(شەتڵگا) د . شوێنێکە کە شەتڵی تیا برروێنرێ .

(شەترپەت) شتی لەتو پەت .

(شەتوکوت) شەتوپەت .

(شەتوور) با . شەفتوول .

(شەتەررە) شاتەرە .

(شەتەکدان) پێچانەوە و بەستنی شتێك بە توندیی .

(شەخت) ز . گیاندارێکە شەلیی لە هەر دوو دەستیا بێ .

(شەختۆ) تەمەڵ . شتی تێکەڵو پێکەڵ .

(شەختە) سەهۆڵ .

(شەخرە) شتێکە لە دار دروست ئەکرێ وەك دوو پەیژەی لە یەك دراو وایە کرشەی پێ ئەبرێتە سەر خەرمان .

(شەخس) گۆرری پیاوی گەورەی ئایینیی .

(شەخسان) تێکچوون وگۆرراتی ئەندامی گیاندار بە هۆی ناساغی یەکی گرانەوە .

(شەخساو) گیاندارێکە ئەندامی شەخسیبێ .

(شەخسین) شەخسان .

(شەخسیو) شەخساو .

(شەخف) ز . سواغی سەربان بە گەچ یا بە قوورر .

(شەخەڵ) چەم و چوغوردی خررو بەردەڵانی .

(شەخەڵان) جیگایەکە کە قەررەمی تیا رووابێ .

(شەدار) شتی شێ دار .

(شەدانە) تۆوی گیای گونیە .

(شەدە) مشکی سەر پێچ .

(شەرا) بایەکی ناسازی گەرمە ئەدا لە مەرەزەو هێندێ میوە و ووشکی ئەکا .

(شەراب) خواردنەوەیەکە لە مێووژ دروست ئەکرێو سەرخۆشیی ئەدا .

(شەرابخانە) شوێنێکە کە شەرابێ تیا بفرۆشرێ یا تیا بخورێتەوە .

(شەرابخۆر) کەسێکە کە خووی گرتبێ بە خواردنەوەی شەرابەوە .

(شەرابردگ) شەرابردوو .

(شەرابردوو) شتێکە کە شەرالێی دابێ .

(شەرابردە) شەرابردوو .
(شەرابیی) رەنگێکە کە وەك رەنگی شەراب وابێ .
(شەرالێدراو) شەرابردوو .
(شەراو) د . شەراب .
(شەربك) ز . شەربە .
(شەربە) گۆ.ەڵەیەکی گلێنی تەنکی بە چەرخ گێرر راوی سوورەوە کراوی سپیە ئاوی تێ ئەکرێ .
.(شەربەت) شیلەی شتی شیرین کە لە گەڵ ئاوا تێکەڵ بکرێ بۆ خواردنەوە .
(شەربەتچی) کەسێکە کە شەربەت بگرێتە وە بۆ فرۆتن .
(شەرپەزە) ز . شپرزە .
.(شەررانی) گیانداری شەرر فرۆش .
.(شەرر فرۆتن) بریتی‌یە لە بیانووگرتن بە یەکێك بۆ ئەمەی کە بچییت بەگژیا .
.(شەرر فرۆش) بریتی‌یە لە کەسێك کە بیانوو زۆربگرێ بە مەردوم بۆبەگژا چوونیان.
.(شەررفرۆشتن) شەررفرۆتن .
(شەرر واڵ) د . شەرواڵ .
.(شەررە تۆپ) جۆرە یاری‌یەکە بە تۆپ لە یەکتریی ئەدەن .
.(شەررەتۆپەڵ) جۆرەیاری‌یەکە تۆپەڵە بەفر ئەگرنە یەك .
.(شەررەجنێو) جنێودانی دوو کەس بەیەك.
.(شەررە دەنووك) بریتی‌یە لە وتنی قسەی ناشرینی دووکەس یازیاتر بە یەکتریی: بووك و خەسوو هەمیشە(شەررە دەنووك) یانە .
.(شەررە شۆق) شەررە قۆچ .
.(شەررەشەق) زرمەزاڵێی چەن کەسێك .
.(شەررە قوچ) شەرر کردنی دوگیاندار بە سەر .
.(شەررە قۆچەقانیی) شەرر کردن بە هاویشتنی بەرد بە قۆچەقانیی .
.(شەررەگەررەك) شەرر کردنی منالی دوو گەررەك لە گەڵ یەکتریی .
.(شەررەنگێز) شەرر فرۆش .
.(شەررەهۆملکێ) هەراوهوریا کردن .
(شەرم) روونەهاتن و ئابرروو .
(شەرمدار) د . شەرمن .
(شەرمسار) د . شەرمەزار .
(شەرمساریی) د . شەرمەزاریی .
(شەرمشکان) نەمانی شەرمی یەکێك .
(شەرمکردن) روونەهاتن بۆ کردن یا ووتنی شتێك .
(شەرمگا) د . بریتی‌یە لە پاش وپێشی ئادەمیی .

(شەرمگە) شەرمگا .

(شەرمن) کەسێکە کە خاوەن شەرم بێ .

(شەرمندە) شەرمن . شەرمەندە .

(شەرمنە) د . شەرمن .

(شەرمنی) شەرمکردن .

(شەرمۆك) شەرمن .

(شەرمە) د شەرم .

(شەمە زار) کەسێکە تەریق بوو بێتەوە .

(شەرمەزاریی) تەریقی .

(شەرمە سار) شەرمەزار .

(شەرمە ساریی) شەرمەزاریی .

(شەرمەشکانێ) بریتی یە لە خۆ نواندن و خۆ دەرخستنی یەکێك کە بیەوێ شەرمی خۆی بشکێنێ .

(شەرمەندە) شەرمەزار .

(شەرمێوون) شەرمۆك .

(شەرواڵ) دەرپێ . دەمەر قۆپان .

(شەرواڵ بە کۆ ڵ) گیایەکی بە هاریی سەلك دارە گەڵای وەك شاتەررە و تامی وەك شێلم وایە خواردنی رەوانیی ئەدا .

(شەرواڵپیس) داوێن پیس .

(شهرەرا) ز . شارەزا .

(شەمر) د . شەست .

(شەست) ناوە بۆ ژمارەیەك کە شەش

جار دەیە .

(شە ستپەرر) گوڵێکی تۆپی زەر دی بۆنخۆشە وەك گوڵە جۆریی وایە بەڵام ئەم گەورەترە . گوڵە باخ .

(شەست تیر) چەکێکی جەنگی یە شەست گوللە ئەخوا .

(شە ستکردن) بارینی بەلێزمەو بە خورر .

(شەستە) مانگی نیسان کەسیی رۆژە .

(شەستە باران) شەستە .

(شەستەکردن)گۆل گۆل کردنی زەویی بە (وونار) بۆ ناشتنی تووتن .

(شەستەم) شتێکە کە لە پایەی شەستا بێ .

(شەستەمیین) شەستەم .

(شەستهەم) شەستەم .

(شەستهەمیین) شەستەمیین .

(شەسس) د . شەست .

(شەسکردن) د . شەستکردن .

(شەش) ناوە بۆ ژمارەیەك کە لە ناوەندی پینج و حەوتایە .

(شەش ئاگر) جۆرە دەمانچەیەکە شەش گوللە ئەخوا .

(شەشپاڵور) د . شەشگۆشە .

(شەشپەرر) جۆرە جۆیەکە گوڵەکەی هەشت رییز دەنکی تیایە .

(شەشتیر) شەش ئاگر .

(شەشخان) شەشخانە .

(شەشخانە) ز. جۆرە تفەنگێکە لە ناوەوە شوێنی فیشەکی بێ .

(شەشدانگ) زەویی و زارێکە کە هیچ بەشێکی لێ جیا نەکرایێتەوە ، هەموو زەویی و زارێك بەشەش دانگ دائەنرێ:(شەشدانگ)ی ئەو دێیەم کڕییوە ، واتە هەمووی ، یا سێ دانگی ئەو دێیە هی منە ، واتە نیوەی . بریتی یە لە کەری چوار پەل قەوی بەرزی بە خۆوە .

(شە شدەر) هەر شەش لا کە سەر و خوارو ڕاست و چەپو پاشو پێشە .

(شەشك) شەشەلاّن (ز) . ناوە بۆ دێ یەك لە ناوچەی هەڵەبجە . مێزەر (با) .

(شەشکان) شەشەلاّن .

(شە شکلك) د . شە شە .

(شەشگۆشە) شتێکە شەش سووچی بێ .

(شەش لا) شەشدەر .

(شە شۆ) شە شە . ناوی دێ یەکە لە کوردوستانی ئێران .

(شە شە) کەسێکە کە شەش پەنجەی دەست یا پێی بێ .

(شەشەلاّن) مانگی دوای مانگی ڕۆژوو .

(شە شەم) شتێکە کە لە پایەی شەشابێ .

(شە شەمین) شە شەم .

(شە شهەم) شە شەم .

(شەشهەمین) شە شەمین .

(شە شیەك) لە شەش بەش بەشێك .

(شە شیەکی) لە شەش بەش بەشێکە کە هێندێ میراتگر ئەیبا .

(شەعمووز) ز . وولاخی سەر کێش .

(شەعن) ز . بزنی بەڵەك .

(شەغرە) شەخرە .

(شەغرەکێش) جۆرە دەستە بە رەیەکە شەخرەی پێ ئەگوێزرێتەوە .

(شەفت) چەوت .

(شەفتالوو) ل . هەڵووژە سیبقە تۆرە .

(شەفتر) پیرێ شەو .

(شەفتوور) د . شەفتوول .

(شەفتیی) چەوتیی .

(شەفەلاح) شێفەلە .

(شەفەلە) شەفەلاح .

(شەڤ) ز . شەو .

(شەڤخشك) با . کالیار .

(شەفخوونیی) با . شەبەیخوون .

(شەڤدەر) ز . کەسێکە بە شەو بە دەشتەوە بێ .

(شەڤرۆنك) با . جەژنێکە لە جەژنەکانی تیرەی یەزیدیی .
(شەڤرە ڤیك) ز . شەمشە مە کوێرە .
(شەڤشە ڤۆك) شەڤرە ڤیك .
(شەڤکوێر) ز. شەوکوێر .
(شەڤگێر) ز . کەسێکە کە بە شەو بگەڕێ .
(شەڤنەم) با . شەونم .
(شەڤە) با . شەوە .
(شەڤیی) ز ، شەوا ژۆ .
(شەق) هەڵدان لە شتێك بە قاچ . شتی لەق .
(شەقار) قڵیشی شت ، (شە قار شەقار) شتی زەنگ زەنگی قڵیش قڵیش .
(شەقازللە) شەپەزللە .
(شەقا شەق) د . شەقشە قە .
(شەقاقلووس) د . خۆرە .
(شەقال) پێڵاوی کۆن .
(شەقام) شاڕێ .
(شەقان) شەقین .
(شەقانشەق) لەشوێنیووتەی (سەرانسەر) بە کار دێنرێ لە کاری گرنگ و بە ئەرکا .
(شەقاو) هەنگاو . شەقام .
(شەقاو شەق) د . شەقشەقین .

(شەقبردن) هەڵپچڕران و درز بردنی شت .
(شەقتێ هەڵدان) هەڵدان لە شتێك بە شەق .
(شەقشە قان) د . شەقاوشەق .
(شەقشەقە) تەنەکەیەکی سەر خڕی کڵك دارە چەند زیخێك لە ناوەکەیا یەتی منداڵ رای ئەوەشێنێ و خۆی پێ ژێر ئەکا . ناوە بۆ جۆرە ترێ یەك .
(شەققە) دەنگێکە لە ناوەندی تەقە و شڵپەدا وەك دەنگی قۆچە قانی .
(شەقکردن) لەتکردنی هێندێ شت .
(شەقل) ز . شەقڵ .
(شەقڵ) جۆرە نەخشێکە بە (شەقڵە) لە خەرمانی سوورکراو ئەکێشرێ بۆ ئەوەی دزیی لێ نەکرێ . چاپ (د) .
(شەقڵشکاندن) بریتییە لە ئابرروو بردنی یەکێك و شکاندني لە ناو مەردوما .
(شەقڵکردن) نەخش کردنی خەرمان بە شەقڵ .
(شەقڵە) تەختەیەکی نەخش کراوە شەقڵی پێ لە خەرمان ئەدرێ .
(شەقوپەق) شتی لەت و پەت ، (شە قو پەقکردن) لەت و پەتکردنی شتێك .

(شەقو شرر) شتی شرری لەق بوو .

(شەقو شۆق) شتی شەقوشرر .

(شەقۆق) پەناو پە سێو . هەرمێ کێوییلە .

(شەقووق) ز . درەختی قەزوانی زرر .

(شەق) چەوتەکی مێو . شەقە مشار .

شەققە ، (شەقە شەق) شەققەی یەك لە دوای یەك (شەقو هوورر) شەقە شەقی زۆر . دەفەی جۆلاْ (د) .

(شەقە بەند) رەختی وولاْخ .

(شەقەزللە) شەقازللە .

(شەقەکردن) لەتکردنی شت بە شەقە .

(شەقە کێش) کەسێکە کە هەردار شەق بکا .

(شەقەگل) د . گل کردنی چاو .

(شەقەمشار) مشارێکی دوو دەستەکییە بە دووکەس داری زلی پێ دا ئەهێنرێ .

(شەقە مێو) چەوتەکی مێو .

(شەق‌ۆا شەق د . شەقشەقان .

(شەقێن) جۆرە یاری یەکی دووەدەستەیە گۆیەکی خرری دارین لە دەشتێکا دا ئەنێن ، هەر دەستەی بە دارێکی چەوتاوە وە هەوڵ ئەدا بۆ ئەوەی لە سەرشاری دەستەکەی ترەوە دەری بکا .

(شەقیلە) پارچە چەرمێکە زنان ئەیگرن بە لای راستیانەوە بۆ ئەوەی تەشیی لە سەر با بدەن تا کالاْیان نەدررێ و باش بخولێتە وە .

(شەك) بەرخێکە پێی نابێتە سالْی دووهەم . دیوێکە لە مییچ .

(شەکار) مێرگ .

(شەکاڵ) ز . پێلاْوی درراو .

(شەکان) د . تەکان .

(شەکاندن) جوولاْندن و هێنانو بردنی شت بە هۆیباوە: درەختەکە بائەی (شەکێنێ) .

(شەکاندنەوە) راوەشاندن و هەڵگلۆفتنی یەکێك هی یەکێك . شەکاندن .

(شەکانن) د . شەکاندن .

(شەکانەوە) لەرانەوەی شت .

(شەکر) شتێکی سپییازەردیزۆرشیرینی خۆشە لە قامیش‌یاچەوەندەردروست ئەکرێ .

(شەکراو) ئاوێکە شەکری تێ کرابێ .

(شە کراو خواردنە وە) بریتی یە لە خوازێنی یەکێك بۆ یەکێك و دابەش کردنی شیرینی بەو هۆیەوە .

(شەکر پەنیر) جۆرە نوقوڵێکی پانە لە شەکردروست ئەکرێ‌وکاکلەیەك‌گوێز ئەخرێتە سەری .

(شەکر خەندە) زەردە خەنە .

(شەکر خەنە) شەکر خەندە .

(شەکردان) دەفرێکی تایبەتی یە هەر شەکری تێ ئەکرێ .

(شەکر شکاندن) بریتی یە لە قسە کردن.

(شەکر شکێن) ئاسنێکی دەم پانی تیژە وەك تەشوێ هەر شەکری پێ ئەشکێنرێ .

(شەکر لەمە) جۆرە خوار دەمەنی یە کە لە شەکرو گوێزو ئارد دروست ئەکرێ .

(شەکرۆك) ز . شەکرۆکە .

(شەکرۆکە) شتێکی سپی شیر ین چکە لە کەرتەشی پەیدا ئەبێ .

(شەکرە) جۆرێکە لەگیای (گوێنیی)کە پێی ئەڵێن (جەباریی) . شەکرۆکە .

(شەکرە باویی) با . چواڵە .

(شەکرە پیاو) پیاوی خۆشخووی زبان شیرین .

(شەکرە خەنە) شەکر خەندە .

(شە کرە ژن) ژنی خۆ شخووی زبان شیریین .

(شەکرە سێو) جۆرە سێوێکی شیریین چکە .

(شەکشەکان) د . لەرەلەری شت بە دەم باوە .

(شەکمەرر) شەکە مێ یەکە کە سکێکی کردبێ .

(شەکە) بەرازی مێی یەکساڵە (ل) . جۆرە کاڵ وێکی تووکنە لە پێستی بەرخ در وست ئەکرێ . لەرە ، (شەکە شەك) لەرەی یەك لە دوای یەك .

(شەکەت) ماندوو ، (شەکەتبوون) ماندوو بوون ، (شەکەتکردن) ماندوو کردن .

(شەکەتیی) ماندوویەتی .

(شەکەر بادام) د . جۆرە حەڵوایەکە .

(شەکەر بۆرە) د . جۆرێکە لە حەڵوا .

(شەکەر پەنیر) د . شەکر پەنیر .

(شەکەرخەن) د . شەکرە خەنە .

(شەکەرگریان) د . گریانێکە لە خۆشیی و شادی یەوە بێ .

(شەکەرگریی) د . شەکەرگریان .

(شەکەرۆکە) ژن وە یا کوررێکە کە خۆی جوان بکاو لە ناو کۆمەڵیکا سوورر بداو سەما بکا

(شەکەریی) جۆرە رەنگێکی زەردباوە .

(شەکە شەك) دەنگی دررو داوێنێکی درراوە کە تەکە تەکی بێ .

(شەکە مەرر) شەکەمێ .

(شەکە مێ) بەرخە مێ یەکە کە پێی نابێتە سالی دووهەم .

(شەکە مێنکە) شەکە مێ .

(شەکە نێر) بەرخە نێرێکە کە پێی نابێتە ساڵی دووهەم .

شەکی کاڵ) شەکە مێ یەکە کە بە شتا نەزابێ .

(شەکێن) یاریی قاپێن .

(شەکیلە) ووتەیەکە شتی تەرری شەپو شۆرری پێ ئە شوبهێنرێ .

(شەگە) ووتەیەکە بە کار دێنرێ لە جێی ووتەی مەرحەبا ، لە (شاگاه)ە وە هاتووە واتەکاتت وەکو کاتی شا خۆشبێ .

(شەگەل) رانێکە کە هەمووی شەکە نێر بێ .

(شەگێن) شەکێن .

(شەل)گیانداری پێ لەنگ . قالێی و بەررەی چرچی خوار . تا خەرار . پارچە زەوییەکە لە پاڵ جۆگە ئاوێکا کە هەمیشە بە هۆی ئاو دەلاڵندنەوە سەوزونمدار بێ . رانك.

(شەلاخ) زللە (ل) . قامچی (د) .

(شەلاخکاریی) د . لێدانی یەکێك بە شەلاخ .

(شەلاق) هەڵمەت . شەلاخ .

(شەلاقە) باڵندەیەکە بە قەد کۆترە باریکەیەك هەر لە بەهارانا پەیدا ئەبێ .

(شەلاڵە) کۆکی درومان .

(شەلاڵندن) ز . رووتکردنەوە لە لایەن جەردەوە .

(شەلایی) د . جۆرە سەرپێچێکە ژنان ئەیبەستن بەسەریانەوە ، وەك هەوریی وایە .

(شەڵتاخ) د . گێچەڵ و تەشقەڵە

(شەڵتاں) شەڵتە .

(شەلتە) زوقمی پایز : (شەلتە) لێی داوە ، یا (شەلتە) بردوویەتی .

(شەڵتە) دەفرێکی دوولایی گەورەی دەم بەرەللایە ئەدرێ بە سەر پشتی وولاخاو شتی تێ ئەکرێ . جۆرە دەرپێیەکی ژنانەیە لە ژێردەر پێی ترەوە لە پێ ئەکرێ (د) . شەلتە (د) . نیوە نمەکێکی گەورە یا بررویشێکی کولاو یا سرێشێکی گەرمە کە بخرێتە سەر پەررۆ و لە شوێنێکی بە ئازار بپێچرێ .

(شەڵخە) شەڵغە .

(شەڵغە) پوورە هەنگ .

شەڵغەم) شێلم .

(شەلکە) دەردێکە تووشی سمی بزن و مەرر ئەبێ و شەلی ئەکا .

(شەلم) ز . شێلم .

(شەلە) ز . زیپوانی ناو دەغڵ .

(شەلوار) شەرواڵ .

(شەڵوار) شەرواڵ .

(شەلوپەت) شتی لەتو پەت .

(شەلوشێت) بەردومی شێتۆکەی شلە پەتە .

(شەلووف) کەڵەشێری پچووك (ز) . زۆڵ .

(شەلە) ئاوە شکێنە . حەوتەمین ئەستێرەی حەوتەوانەی گەورەیە کە ئەکەوێتە لای خواروو

(شەلە شەل) رۆیشتن بە لەنگە لەنگ .

(شەلەگە) کەلەبەرێکە لە جۆگەی مەرەزەدا کە سالێك لە وە پێش ئاوی لێکرابێتە سەر قالێبێك و ئیمسال گیرابێ بۆ ئەوەی ئەو قالبەبە بە یاری بمێنێتەوە ، وە لە خوارترەوەی کە لە بەرێکی تر کرابێتە ئاوەکەوە بۆ سەر قالبێکی تازە .

(شەلەم) شێلم .

(شەلەم شێوێن) د . دارێکی سەر پانە شێلمی کوڵاوی پێ ئەمدیو ئەو دیو ئەکرێ لە مەنجەلا .

(شەلەمە) د . گیایەکی رەوانە بنکەکەی وەك سێوی بن ئەرز وایە .

(شەلە مین) چێشتی چەنسروتەکە .

(شەلەمین کەرە) د . جۆرەگولێکی زۆر جوانە .

(شەلیك) ز . پەررۆیەکە ئەدرێ بە سەر دەمی دەفرێکاکە شیری تێ بدۆشرێ بۆ ئەوەی شتی تێ نەکەوێ .

(شەلیی) لەنگیی لە رۆیشتنا . سپی دار (د) .

(شەلین) لەنگین .

(شەم) جێی سێبەر (ھ) . شەمع (د) .

(شەمار) ھەزار پێ .

(شەماڵ) بایە کەلە لای راستی قیبلەوە دێ .

(شەماڵپا) بریتی یە لە ووڵاخی خێرای تیژ رەو .

(شەمالە) دانیشتنی ئافرەتە لە شەوی شەموانا لە سێرریانێك لەگەڵ گرتنی نیازێك لە دلا ، ئنجا ئەگەر رێبوارێك لەورێگایانەوە ھاتو قسەیەکی خۆشی کرد ئەوا ئەیکا بە نوقلا نەی پێکھاتنی نیازە کەی ، وە ئەگەر قسەی ناخۆشی کرد ئەوا ئەیکا بە نوقلا نەی پێك نەھاتنی .

(شەمالێ) شەمالە .

(شەمامۆك) شەمامۆکە .

(شەمامۆکە) شەمامە .

(شەمامە) شتێکی خرری خاڵخاڵی بۆنخۆشە وەك کاڵەك وایە بەلام ئەم پچکۆلانەیە .

(شەمبلیلك) ز . قومام .

(شەمبووز) با . ووڵاخی چەمووش .

(شەمبە) شەممە .

(شەمبیی) با . جۆرە تووبەکی دەنك سپی درێژ کۆلەی کەم ناووکە . شە ممە (با) .
(شەمتین) هەڵخلیسکان .
(شەمچك) فێڵباز .
(شەمچە) شقارتە .
(شەمدان) د . شەمعدان .
(شەمزان) شەمزیین .
(شە مزاو) شتێکە کە شەمزیی بێ .
(شەمزیین) تێکچوونی چەرم بە هۆی زۆر هەتاو لێدانیەوە .
(شەمزیو) شەمزاو .
(شە مسان) شەمزان .
(شە مساو) شەمزاو .
(شە مسیین) شەمزیین .
(شەمسیو) شەمزیو .
(شەمشەڵە) د . شە مشەمە کوێرە .
(شەمشەڵەکوێرە) د . شەمشەمەکوێرە .
(شەمشەمە کوێرە) باڵندەیەکی پچووکە سك و زا ئەکاو قاچی بە باڵەکانیەوە یەتی .
. (شەمع) مۆم . بەرە مێو .
. (شەمعدان) شتێکە مۆمی بە داگیرساویی لە سەر دا ئەنرێ .
(شەملك) با . بەرماڵ .
(شەممە) رۆژی یەکەمی حەفتە لە هەینی بە دواوە .
(شەمۆ) شەموو .
(شەمۆز) چەمووش .
(شەمۆس) شەمۆز .
(شەموو) شەممە .
(شەمووله) قوتییلەی نەوت .
(شەمە) شەممە (د) . ناوی دێ یەکە لە نارچەی تانجەرۆ .
(شەمە بازارر) د . شوێنێکی تایبەتی یە لەهێندێ جێگە هەمووشەموانێك شتی تیا ئەفرۆشن هەروا لە رۆژەکانی تریشا ئەبێژرێ یەك شە مە یا دوو شەمە یا سێشەمە یا چوار شە مە یا پێنج شەمە یا جمعە بازارر بە پێی دەستوورو ناوی ئەو شوێنە .
(شەمەتلێنکە) هەنگوینێکی جیرزی خۆشی شان پچکۆلەیە لە جۆرە هەنگێکی تایبەتی یە یا ئە بێ .
(شەمەد) پۆپەشمیین .
(شەمەلە کۆرە) شەمشەمە کوێرە .
(شەمە نییخە)چنگدانە چنگی یەکتر بێ .
(شەمێ) مێوی خڵتەی هەنگوین .
(شەمیتیین) ز . هەڵشڵەپیین .
(شەمیخیین)ز. ترشانی چێشت لەگەرمادا .
(شەمیراندن)ز . دەست هەڵگرتن لەکارێك

(شەمیی) ز . شەموو .

(شەن) دارێکی پێنج پە نجەیە خەرمانی پێ بە با ئەکرێ . ووردە تەڵاش و پشقلێکە کە لە کاتی ساردبوونەوەی تەنوورا تێی ئەکرێ بۆ گەرم داهاتنەوەی .

(شەنکردن) بە با کردنی خەرمانی کوتراو بە شەن بۆ سوورکردنی .

(شەنگ) مەردومی شۆخ . ووردەکەڵو پەلی ناو ماڵ (د) . فیشەك (د) .

(شەنگڵە) دوو گوێز یا دوومازوو یا دوو شتی تری وایە کە بە یەکەوە نووسا بن .

(شەنگڵە بەرەکەت) شەنگڵە .

(شەنگۆڵ) شەنگڵە . شەنگ .

(شەنگە) شەنگ .

(شەنگە بەرە) شەنگە بەرەکەت .

(شەنگەبیی) شۆررەبیی .

(شەنگە سوورە) زەردەواڵە .

(شەنوکەو کردن) بریتی یە لە کردنی کارێك یا ووتنی گوفتارێك بە جەختی و تۆخیی : فیسارکەس ئەمرۆلە نان خواردنا (شەنوکەوی کرد) یا لە باسی فیسارەشتا (شەنوکەوی کرد) واتە حەشری کرد .

(شەنە) د . شەن .

(شەو) کاتی رۆژ ئاوا بوونە تا رۆژ بوو نەوە .

(شەوار) شەوگار .

(شەوارە) شەورۆژکردنەوە لە ناهەنگا . گرتنی پەلەوورلە تاریکە شەوا بەچرا : ئیمشەو چووم بۆ (شەوارە)گەلێ پەلەوورم گرت . گیاندارێکە کە شەوبە چرا کەوتێ : ئەو چێرگە (شەوارە) یە .

(شەوارە بوون) سەر تێکچوون لە گیاندار لە تاریکە شەوا بە هۆی بینینی رووناکی یەکی نزیك و نەمانی رووناکی یەکەوە .

(شەوارەکەوتن) شەوارە بوون .

(شەوا زۆ) لەوەرراندنی ئاژاڵ بە شەو .

(شەواشینك) دارێکە بەرەکەی وەك چوالە وایە خۆش ئەکرێ و ئەخورێ ، وە پێی ئەڵێن بایەف .

(شەواڵ) ل . شەرواڵ .

(شەواڵ بیین) ل . بەندە خوێن .

(شەواڵە سوورە) شەرواڵ بە کۆڵ .

(شەواندەر) چەوەندەر .

(شەو بۆ) گیایەکە گەڵای وەك بیی وایە گوڵێکی زۆر بۆنخۆش ئەگرێ وە بە شەو بۆن ئەداتەوە .

(شەوبەن) شەو بەند .

(شەوبەند) شەوزەن . کۆسەکی خەنجەر

(شەو بێدار) کەسێکە کە بە شەو نەنوێ و ئاگادار بێ .

(شەو بێداریی) نەنوستن و ئاگاداریی لە شەوا .

(شەو بێریی) شەوە نا شەوێك .

(شەوت) ز . ئازارێکە پەیا ئەبێ لە گوێی مەرروبگادا .

(شەو تا) تایەکە هەر لە شەوا تووشی مەردوم ئەبێ .

(شەو جو معانە) خواردەمەنی یەکە لە شەوی جمعاا ئەبەشرێتە وە بە خێری مردوو

(شەوچرا) چرایەکە لە شەوا راوی پێ ئەکرێ .

(شەوچەرە) خوارد ەمەنی یەکە لە شەو گاری زستانا دوای نان خواردن ئەخورێ لە میوەی ووشك و تەرر .

(شەوچەرەز) شەوچەرە .

(شەو چەلە) شەو چەرە .

(شەوخونیی) شەبەیخوون .

(شەوخەف) کالآیەکە هەر لەکاتی نوستنا لە بەر ئەکرێ . پێخەف .

(شەودێر) کەسێکە کە بە شەو ئاو دێریی بکا .

(شەو دێریی) ئاو دێریی لە شەوا .

(شەو دێز) بریتی یە لە شتی رەشباو .

(شەو ررۆ) شەو ررەو .

(شەو ررەو) کەسێکە کە بە شەو بررِوا .

(شەو ررەویی) رۆیشتن لە شەوا .

(شەو زوسان) د . یەکەم شەوی زستان کە لە هەموو شەوێك درێژ ترە .

(شەوژەن) دارێکە وەك مەچەکی دەست ئەکرێ بە کونی سەر دەرگادا بۆ داخستنی .

(شەو سکڵ) پێخوێی شکێنە کراوی ووردە کوت نەکراو لە خەرمان .

(شەو-ۆ) د . سۆزیی .

(شەو سوتکە) جۆرە برینێکی بەسوێ یە وەك بە (بەورە شینکە) لە پەنجەی دەست و قاچ دێ .

(شەو سۆتەکە) جۆرە مێشو لەیەکی ووردی بە ئالۆشە .

(شەو سوو) بەیانیی زوو .

(شەو شیین) ز . ترنج .

(شەوق) رووناکیی و بریقەی هێندێ شت .

(شەوقدار) شتی خاوەن شەوق .

(شەوقدانەوە) پەیدا بوونی شەوق لە شتێکەوە .

(شەوك) ز . کرمەکی زێرر .

(شەوکار) کارێکە کە بە شەو بکرێ .

(شەوکراس) کراسێکە کە هەر لە شەوا لە بەر بکرێ .

(شەوکڵاو) جۆرە کڵاوێکە هەر لە شەوا لە سەر ئەکرێ .

(شەو کۆر) شەوکوێر .

(شەوکۆك) د . کەسێکە لە نیوەی شەوا لە شوێنێکی بەرزەوە مەردوم بانگ بکا بۆ هوشیار بوونەوە .

(شەو کوێر)گیاندارێکە بە شە و چاوی نەبینێ .

(شەوگا) د . بەچەیەکەکە ئاژاڵ لە شەوا تیا بحەسێتەوە .

(شەوگار) ماوەی شەو لە رۆژ ئاوابوونەوە تا بەیانیی .

(شەوگرر) د . چراخان .

(شەوگەرد) دەعابەکە وەك مار مێلکە بەڵام ئەم پێوە ئەدا . شەوگەرر (د) .

(شەوگەرر) د . حەسحەس .

(شەولە بانێ) بریتی یە لە بانگردێن .

(شەو لە وەرر) لەوەرێکە بە شەو بکرێتە بەر گیاندار .

(شەومەزدە) شەوە سار .

(شەومەنە) د . شەومەندە .

(شەو نخونیی) شەو نوخونیی .

(شەو نشین) کەسێکە بە شەو نە نوێ .

(شەونم) دڵۆپە ئاوێکە لە بەهارانا بە شەو ئەکەوێتە سەرگیا .

(شەونوخونیی) شەورۆژ کردنەوە لەسەر نەخۆش .

(شەو نوێژ) نوێژێکە کە لە بەشی دوایی شەوا بکرێ لە دوای نوستن و هەستانەوە .

(شەونەخوس) د . شەوبێدار .

(شەونەخوسیی) د . شەو بێداریی .

(شەووگ) د . بەردی شەوە .

(شەوە) دەردێکە تووشی منالی ساوا ئەبێ ئەندامی شین ئەکانەوەو ئەمرێ . بەردێکی زۆر رەشی جوانی لووسی، بە نرخە ژنان ئەیکەن بە ملوانکە .

(شەوەر) سپەررە .

(شەوەرر) شەوەر .

(شاوەزەنگ)تاریکەشەوی ئەمو تەچاو .

(شەوە سارە) چێشتێکە لە ئێوارێوە مابێتەوە بۆ بەیانی .

(شەوەکیی) کردنی کارێك لە بەشی دوایی شەوا .

(شەوی بیین) ز. ووشك بوون و پێگەیشتنی

گولی دانه وێڵه له پێش کاتی خۆیا .
(شەویتاندن) ز سووتاندن به ئاگر .
(شەویلاك) شەویله .
(شەویلکه) شەویله .
(شەویی) کراس (ل) . شتی شەو که کەوتبێتەوه رۆژ : ئەم ئاوه (شەوی) یه .
(شەوییلاك) شەوییله .
(شەوییلگه) شەوییله .
(شەوییله) ئێسقانی ئەم لاو ئەولای دەم که دانی خواروو ی له سەر ئەرروێ .
(شەویین) شەوا زۆ . شەوێکی خۆشه له بەهارا که باران بارییبێ و خۆشی کردبێتەوه .
(شه هـ) ز . شانه .
(شەهبەلووت) ز . جۆره خورمایەکی رەشه .
(شەهك) ز . شانەی پچووك .
(شەهکرن) ز . شانەکردن .
(شەهلەوەند) هەرزەکار .
(شەهمار) ز . هەزار پێ .
(شەهمێر) کەڵه مێرد .
(شەهن) شەهـ .
(شەهێن) شاهێن . دارێکی کێویی بێ هێزی کولۆره له داری قەره قاچ ئەچێ وه له پێش هەموو درەختێکا سەوز ئەبێ .

(شەهیین) ز . ترازوو .
(شەی) ل . کراس .
(شەیپوور) پارچه یەکه له پارچه کانی مۆزییقه .
• (شەیتان) هێزێکی خراپه له ئادەمیی دا بییری خراپی به دڵا ئەهێنێ . بریتییه له پیاوی خراپ .
• (شەیتان پەرست) تییرەیەکن له کورد له ناوچەی موو-ل له ترسی شەیتان ناوێ به گەوره ئەبن .
• (شەیتان پێ پێکەنین) بریتییه له شەیتانیی بوونی منال یەکەمجار .
(شەیتانۆکه) شتێکه له کووژه که کەرانه ئەچێ و کرمێکی تیایه .
(شەیتانلغاو) قەمتەر .
(شەیتانیی) فێڵبازیی و دەست برریی .
(شەیتانیی بوون) به سارچوون و رەحەت بوونی ئادەمیی له خەوا .
(شەیدا) کەسێکه که له خۆشەویستی شتێکا شێت بووبێ .
(شەیدایی) شێتیو سەرگەردانیی بۆ شتێك
(شەیێن) خیلەی ووڵاخ .
(شەیی ل . نزگەره .
(شێ) ووڵاخێکه رەنگی سوورێکی کاڵ

بێ . نم : ئەم زەوی یە (شێ) ی هەیە . رەش (ل)

(شیارۆك) هیزە . مەشکە .

(شیارە) ز . کایەکە لە ناو چالاَ وە لە ژێر گەنما رۆ ئەکرێ بۆ ئەوەی کە گە نمەکە نم هەلنەهێنێ .

(شیاق) جۆرە تە نراوێکی تە نکە گەلێ رەنگی هەیە .

(شیاندن) ز . رەوانەکردن .

(شیایین) با . تۆپیین .

(شێپیو) شتێکە ئەندازەی شێ و تەرریی نیشان ئەدا .

(شێت) مەر دومی بێ ژیـیری مێشك تێکچوو .

(شێتانە) گوفتارو کردارێکە کە لە هێی شێت بچێ .

(شێتبوون) تێکچوونی مێشکی مەر دوم و نەمانی ژیریی .

(شێتخانە) شوێنێکە کە شێتی تیا تیمار بکرێ .

(شێتکە) شێتۆکە .

(شێتگـیر) بریتی یە لە کە سێك کە هاندرابێ لە سەر کردنی شتێك : (شێتگیرێ) مەکە .

(شێتۆکە) مەردومی دەلوو کار .

(شێتو وێت) مەر دومی دە لوو کاری بەرەلاَ .

(شێتە پەتەرریی) شێت و وێت .

(شێتەو ژییرە) بریتی یە لە کەسێك کە هەر دەمە لە سەر بییرێك بێ .

(شێتێتی) شێتی .

(شێتیی) شێت بوون .

. (شێخ) پێشەوای ئایینی خوا پەرست .

(شێخانە) جۆرێکە لە هەلپەررکێ .

(شێخانیی) شێخانە . ناوی تیرە یەکە لە کورد .

(شێخەڵ) دارو درەختێکە کە هەڵپاچرا بێ بۆ بالاَ کردن .

(شێخەڵکردن) هەڵپاچینی دارو درەخت بۆ بالاَ کردن .

(شێدار) شتێکە کە نمی بێ .

(شێر) دررندەیەکی شانو مل ئەستووری پاشوو پووتی ئازای بەهێزی شکێنەرە .

(شێرزایی) ز . شییرازەی کتێب .

(شێرانە) کردارێکی ئازایانەیە کە لە کرداری شێر بچێ .

(شێرپەنجە) بریینێکی گەورەی بە سوێ یە درەنگ چاك ئەبێتەوە .

(شێر داخ) پارچه ئەنراوێکی میل میلی ئاوریشمی جوانه ئەکرێ بە کەوا .

(شێر دڵ) بریتی یە لە مەردومی ئازای بە جەرگ .

(شێر دەم) د . بەلووعەی ئاو .

(شیرشیرۆکه) خوزیلك .

(شێرکوژ) د . بریتی‌یە لە مەردومی ئازا . ناوە بۆ گردێکی گەورە لە رۆژ ئاوای دەستە چەپی سلیمانیەوە .

(شێرکۆڵ) د . دارێکی چوار پاڵووە لە ژێر کۆڵەکەدا دا ئەنرێ .

(شێر کۆڵە) د . شێر کۆڵ .

(شیر وانیی) دارە ررای دوو قەدە لە سەر یەك ررایەڵ .

(شێروخەت) جۆرە یاری یەکە بە دراو ئەکرێ .

(شێروگورگە) چەن دارێکە لە هەرچوار لاوە ئەدرێتە بەر کۆڵەکە یا بەر نێی ئاش بۆ ئەوەی تا دا ئەمەزرێ نەبزوێ .

(شێرەبەفرینە) شێرێکی گەورەیە دروست ئەکرێ لە بەفر .

(شیرەت) ز . ئامۆژگار .

(شێرە کوللە) جۆرە کوللەیەکی گەورەیە .

(شێرە کولە) شێرە کوللە .

(شێرەکیی) جلی ئەسپە کە لە قاڵیی دروست کرابێ بۆ جوانیی .

(شێرەوان) کەسێکە شێر بەر هەم بێنێ .

(شیریین) ز . شیرین .

(شێس) شەست .

(شێست) شەست .

(شێف) زەوی‌یەکە بە یەك گاسن کێڵرابێ

(شێفبرریین) کێڵانی زەوی یەکەم گاسن

(شێفدانەوە) شێفبرریین .

(شێفە لەتە) بەری گیای (مارگیر) ەکە سوورو شین و خۆشەو دەم ئەداتەوە .

(شیفیار) د . جووتیار .

(شێڤ) ز . شەو .

(شێڤدەست) با . جۆرە داوێکە کەوی پێ ئەگیرێ .

(شێکر) شەکر .

(شێل) پێخوێ یەك قورر . تاوێرێك هەویر کە بە ئۆرەیەك بشێلرێ . ووتەیەکە لە دوای هێندێ ناوەوەدێ ئەیکا بە ئیسمی فاعل : هەویر (شێل) قورر (شێل) .

(شیلاقە) شەلاقە .

(شێلان) دەست یا پێ نان بە شتێکا بە توندیی .

(شێلاندن) شێلان .

(شێلانن) شێلاندن .

(شێڵانە) قەیسی .

(شێلاوگە) تەرری یەکی زۆرە کە لە شتێك هەڵ نیشتبێ: بارەترێکە (شێلاگە) ی لێ هەڵ نیشتووە لەکاتێکاکە چووبێ بە سەریەکا. شیلەی لێ هاتبێتە خوارەوە .

. (شێلگ) دەسرریژی تفەنگ .

(شێلم)گیایەکی پایزەی گەڵا پانە بنکێکی خرری سپی هەیەو ئەخورێ .

(شێلم بە ترش) جورە ترشیا تێکە لە گێزەر و شێلم ئەگیرێتەوە .

(شیلنگ) شێلگ .

(شیلوو) با . قوورراو . لێڵ .

(شێلە) جورە تەنراوێکی دەزوو تێ هەڵکێشراوەوەك جامانە ژنان ئەیکەن بە کاڵ .

(شێمیی) ز . تووە سوورە .

(شێن) ز . ژنی جوان . هەموو شتکێی جوان .

(شیندە بیی) شینە بیی .

(شینکە) زەویی کرریی شینکار . ناوی تیرەیەکە لە کورد لە ناوچەی شار بازێرر . جۆرە تفەنگێکە لە دەمەوە دا ئەگیرێ .

(شینکە بیی) شینە بیی

(شێنەیی) هیواشیی و لە سەرخۆیی .

(شێو) خواردەمەنی یەکە کە ئێواران بخورێ . کاتی ئێوارە .

(شێواز) شێوەی تایبەتی نووسین یا قسە کردن « اسلوب » .

(شێوان) کاتی شێوکردن . تێکچوونی شت : خوا سەرت لێ (نەشێوێنێ) .

(شێواندن) تێکدانی شت .

(شێوانن) شێواندن .

(شێواو) شتی تێکچوو .

(شێواویی) تێکچوویی .

(شێوکردن) خواردنی نانی ئێواران .

(شێوگۆرر) گەرمەگۆرر .

(شێوە) جۆرە زەررەو روخسارێکی تایبەتی شتەکە بە هۆی ئەوەوە بناسرێتەوە و لە شتی تر جیا بکرێتەوە : ئەم دوو منالە (شێوە) یان لە یەك ئەچێ .

(شێوەرد) زەمینی کێڵراو .

(شێوە ررەش) ماشێنە .

(شێوە قوڵە) چێشتە قولێ .

(شێوەکردن) ناسینیشت بە هۆی شێوەوە .

(شێوە نما) د . سینە ما .

(شێو یاگ) د . شێواو .

(شێویان) د . شێوان .

(شیی) شتێکە لە یەك جیا بوو بێتەوە :

قورره‌که یا خوری یه‌که (شیی) یه .
(شیاکه) پیسی گاو مانگا .
(شیان) گونجان : ئه‌مکاره ئه‌شێ وابێ .
توانین : (ئه‌شێم) واته ئه‌توانم (با) .
(شیپ) لیسپی قۆچه قانیی .
(شیپان) چوار چێوه‌ی ده‌رگاو په‌نجه‌ره .
(شیپانه) ز . لاشیپان .
(شیپك) ژێر ده‌رگا .
(شیپه) شیپ . پانایی (د) .
(شیپه شیپکردن) پارچه پارچه کردنی شت : یاخوا شیپه شیپه کرێ .
(شیتاڵ) پارچه‌ی دررا وی کاڵا :
(شیتاڵ) ی که‌واکه‌ی له زه‌وی ئه‌خشێ ،
(شیتاڵ شیتاڵ) کاڵای هه‌لا هه‌لا .
(شیتان) د . زه‌ویی نه‌رمان .
(شیتانن) د . شاتاندن .
(شیتك) با . پشتێن .
(شیته) قیژه ، (شیته شیت) شیته‌ی یه‌ك له دوای یه‌ك .
(شیخر) کێردو چه‌قۆی تیژ .
(شیز) شتێکی سپی شلی چه‌وره له گوانی گیاندارێك دێته‌ده‌ره‌وه‌که‌ساوای به‌به‌ره‌وه‌بێ .
تیغێکی دمم پانی درێژێ که‌وانه داره ئه‌کرێ به کالانا . شێر (ل) .

(شیرا) د . ئاژاڵی شیر دار .
(شیراز) شیرازه .
(شیرازه) جۆره چنینێکه که‌ناری هێندێ شتی پێ ئه‌چنرێ بۆ قایمی .
(شیرازه به‌ن) د . شیرازه به‌ند .
(شیرازه به‌ند) شتێکه‌که شیرازه کرابێ .
(شیرازیی) ناوه بۆ جۆره ترێ یه‌ك .
(شیراژ) شیرێژ .
(شیربایی) دراو یا شتێکی گران مایه یه که که‌س و کاری بووك بیسێنن له زاوا که‌یان
(شیر برا) برای شیریی .
(شیر برنج) چێشتێکه له شیر و برنج دروست ئه‌کرێ .
(شیر بۆدان) بریتی یه له خێر دانه‌وه‌ی یه‌کێك بۆ یه‌کێك .
(شیر پاززونك) شیر پالێو .
(شیر پاك) بریتی یه له مه‌ر دومی دڵ و داوێن پاك .
(شیر پاکیی) بریتی‌یه له ده‌ست و دڵ و داوێن پاکیی .
(شیر پالۆك) کونێکه ئه‌هێلرێته‌وه له ته‌نشت (نێ) وه بۆ رایی کردنی گیروگرفتی .
(شیر پالوو) شیر پاززونك .
(شیر پالێو) شتێکی ته‌نکی کون کونه

شیری پێ ئەپاڵێورێ .

(شیر تێن) شیرتیین .

(شیرتیین) شلەتێن .

(شیرخشت) شتێکی فێنکی سپی یە لەگەڵ شیرا ئەدرێ بە منالْ بۆلابردنی گرری دەروونی.

(شیر خواردن) مژینی شیر لە لایەن ساواوە .

(شیر خوزیلك) گیایەکی بەهاریی شیر دارە جۆرە گوڵێك ئەگرێ وە شیرەکەی زۆر رەوانە .

(شیر خوشك) خوشکی شیریی .

(شیر خەس) گیاندارێکە لە کاتی شیرە خۆرەیی دا خەسێنرابێ .

(شیر دار) گیانداری بە شیر .

(شیر دان) مەمك دان بە ساوا .

(شیر دەر) گیاندارێکە کە شیر بدا بە بە چکەی .

(شیرر) ووتەی تیتالْیی : (شیرر) لە پیاوە تییت .

(شیراندن) نەرراندن بە توندیی .

(شیر رە) قیژەی توندی مەردوم و هێندێ گیانداری تر . دەنگێکە وەك دەنگی دا درریی بلووریی و هێندێ شتی تر ، (شیرره شیرر) شیررەی یەك لە دوای یەك ، (شیررو هوورر) شیرره شیرری زۆر .

(شیررها) شررها .

(شیر کتك) گیاندارێکە کە زۆر بشیررێنێ .

(شیر کورۆژ) بریتی یە لە مەردومی ئازا .

(شیرکێشان) بریتی یە لە خۆئامادە کردن بۆ تێوە چوونی جەنگ : فیسار کەس بە رامبەر بە دوژمن (شیری کێشا) .

(شیر گەر) کەسێکە کە شیرو خەنجەر دروست بکا .

(شیر مردە) گیاندارێکە لە بەر بێ شیریی دایکی زۆر لاواز بێ .

(شیر مژ) د . شیرە خۆرە .

(شیرن) شیریین .

(شیروا) شیربایی .

(شیروایی) شیر بایی .

(شیر وە شێن) بریتی یە لە مەردومی ئازای دەست وەشێن .

(شیرە) شیلەی شتی شیریین . چەن دانێکی شیریی یە لە دەمی رەشە وولاخ و وولاخی یەك سما ، لە تەمەنی دوو سالْ و نیویی دا ئەکەوون . رۆن گەرچەك (د) .

(شیرە بە رروو) د . لقی تەرری داری بەرروو .

(شیرەپە) ئێرەق .
(شیرە جۆ) جۆ شیرە .
(شیرەخانە) د . شەرابخانە .
(شیرە خۆرە) ساوای بەر مەمکانە .
(شیرەدان) د. دیزەیەکەرۆن گەرچەکی تیا هەڵ ئەگیرێ .
(شیرەماڵ) دانەوێڵەیەکە دوای خەرمان هەڵگرتن بە دەست کۆ بکرێتەوە لە جێ خەرمان .
(شیرەوا) شیر برنج .
(شیرێژ) سیرێژ .
(شیریی) شتێکە رەنگی وەك رەنگی شیر وابێ : فیسارکەس برای (شیرییمە) .
(شیریین) شتێکە کە تامی وەك تامی شەکر وابێ . بریتی یە لە شتێك کە کەم دەست بکەوێ : ئیمساڵ نان (شیریین) ە .
(شیریین بوون) بریتی‌یە لە خۆشەویست بوونی یەکێك لای یەکێك .
(شیریینچك) شتێکەکەمێك شیریین بێ
(شیریین خوێ) خواردنێکە کە خوێی کەم بێ .
(شیریین زبان) بریتی یە لە مەردومی زبان خۆش .
(شیرین شاتەررە) شاتەررە .

(شیرین شاهۆ) د . شینە شاهۆ .
(شیرینە) شۆکە .
(شیرینی) شتی شیریین . بریتی یە لە خۆشەویستی . شەکریانو قوڵێکە کە لە شەکراو خواردنەوە دا دابەش ئەکرێ .
(شیرینیخواردن) د.شیرینیخواردنەوە
(شیرینی خواردنەوە) دا بە شکر دنی شیرینی لە خوازێنی بووکا .
(شیش) جۆرە ئاسن یا دارێکی باریکی درێژە .
(شیشان) ز . گیایەکەکە گوڵێکی زەردی بۆنخۆشی هەیە .
(شیشە) شووشە .
(شیشەك) ز . شەك .
. (شیعە) دەستەیەکن لە مسلمانان کە هەر امامی علی بە جێ نشینی پێغەمبەر ئەزانن .
(شیڤ) ز . نان خواردنی شێوان .
(شیفك) با. کۆرە شیو .
(شیقێن) ز . دەنگی بەرز .
(شیکراوە) قوررو خوریی و لۆکەی خۆشکراو .
(شیکردنەوە) لە یەك جوێ کردنەوەو خۆشکردنی قوررو لۆکەو خوریی .
(شیکە) بەچکەی بەرازی یەك ساڵە .

که لەگا .

(شیلان) جۆرە مووروویەکی سوورە . دلق . عەنناب .

(شیلاووك) شیلاووگ .

(شیلاوگ) پارچەگۆشتێکی لوچ لۆچە لە سکی ئاژالا وەك هەزار لۆغانە بەلام ئەم پانترە پررە لە پیسیی .

(شیلك) شیلاووگ .

(شیلۆ) ز ئاوی لێل .

(شیلە) شیرە .

(شیلە پە) سنگێکە ئەکرێ بە کونی (لاجامە) و (عەرەبانە) دا بۆ توند کردنیان لە یەك .

(شیلەتین) شلەتین .

(شیلە جۆ) شیرە جۆ .

(شین) جۆرە رەنگێکە وەك رەنگی ئاسمان . شیوەن. ناشیر یین (با) رۆین (ھ) . شوێن (با) .

(شیناو) ماستاوو دۆی زۆر روون .

(شیناهیی) شینایی .

(شینایی) سەوزی یەکە کە لە زەوییدا رو وابێ .

(شینباو) شتێکە برروانێ بە سەرشینا.

(شین بوون) رو وانو سەوز بوون .

(شین چوونەوە) دەر کەوتنی شت لە دوورەوە بە شین : دەریا لە دوورەوە (شین ئەچێتەوە) .

(شینك) پشتێن . گەلا کوتك (با) شوا شینك .

(شینکردن)شیوەنکردن.رەنگ کردنی شتێك بە رەنگی شین .

(شینکردنەوە) شین چوونەوە .

(شینکە) جۆرە تفەنگێکە لە دەمەوە دا ئەگیرێتەوە . زەویی لمو زیخەلان .

(شینو شەپۆرر)شیوەنکردنی تێکرایی لەگەل لە خۆ دانا .

(شینەیی)شۆررەیی .

(شینە شاوە) شینە شاهۆ .

(شینە شاهۆ) مەلێکی کە وەلەی قاچ و مل درێژە .

(شینە وارك) با . شوێنێکە کە شتی تیا بوو بێو کۆ کرابێتەوەو لە پاشا پچییت بۆشت تیا دۆزینەوەی .

(شیو) چەم . چێشت .

(شیوارە) د . لا کێش .

(شیواز) شێواز .

(شیووت) شویت .

(شیوەخوار) لەوەرراندنی ئاژاڵ ئێواران لە دوای تێ بەردان و جوێ کردنەوەیان .

(شیوە لۆکە) شیوی پچکۆلە .

(شیوەن) گریانی بە کوڵ بۆ مردوو

(شیوەنکردن) شیوەن .

(شیوە نگا) شوێنێکە کە بە کۆمەڵیی شیودنی تیا بکرێ .

(شیوەن نامە) ووتار یا پارچە هونراوەیەکە کە لە شیوەنی یەکێکا بووترێ .

(شیویی) با . نان خواردنی ئێواران .

پیتی عەین

ع

(عا) ووتەیەکە بەکاردێنرێ بۆلێخورینی
کارو بەرخ .
(عابا) د . عەبا .
. (عاجباتیی) شتێکەمایەی سەرسوورمان بێ
(عارنان) چاوترسان لە شتێكو دەست
لێهەڵگرتن و تەمێ بوون ..
. (عارەق) ئارەق .
. (عارەق چن) د . کڵاو .
. عارەقچـن) عارەقچن .
. (عارەقخۆر ا ئارەقخۆر .
. (عارەقدەردان) ئارەقدەر دان .
. (عارق فرۆش) ئارەق فرۆش .
. (عارەقکردن) ئارەقکردن .
. (عارەقکردنەوە) ئارەقکردنەوە .
. (عارەقگرتن) ئارەقگرتن .
. (عارەقگـر) ئارەقگیر .
. (عازەب) کورروو کچی گەورە بووی
لە خەم رەخسیو .
. (عازەبە) ووردە برینێکی تێرك دارە
لە دەمو چاوی عازەب دەردێ .
. (عاسا) عەسا .
(عاست) حەن : لەو (عاست) ە ، واتە
لەو حەنە .
(عاستەم) ئەسپایی‌و سووك: بە (عاستەم)
دەرگا کە پێوەدە .
(عاسمان) ئاسمان .
. (عال) شتی چاکی نایاب .
(عالوسال) مەردومی هێدیی لە سەرخۆ
(عامبازبوون) ئاوقەد بوون .
(عامبازدبوون) عامباز بوون .
(عان) حەل : سبەینێ ئەم (عان) ە دێم
بۆ لات
(عایلەمەن) د . عەینە مەل .
(عرك) با . معدة .
(عشتر) ل . حوشتر .
(علعوول) ز . شتی زۆر پچووك .
(عوشتاق) ناوە بۆ جۆرە مقامێك .
(عوشتاقیی) ناوە بۆ جۆرە ترێ یەك .

(عومەرەگێلە) جۆرێکە لە مقامی قۆریات .
(عوور) ز . وورگی گیاندار .
(عوورە) ز . گەنمێکە کە ئامادە کرابێ بۆ بە باکردن .
(عوورێن) ز . دەنگی بەرزی گاوگامێش
(عوولیی) ز . ژوور . قاتێك لە خانوو .
(عوێرگ) با . وورگ .
(عە) ووتەیەکە ئاژاڵی پێ لێ ئەخورڕ ڕێ .
(عەبا) کاڵایەکی پانوپۆڕی فراوانی بێ قۆڵە لە سەر هەموو کاڵاوە ئەدرێ بە شانا .
(عەبداڵ) عەوداڵ . پۆرزی نێر .
(عەبدۆیی) ناوە بۆ عێلێکی کورد .
(عەبرەش) ئەبرەش .
(عەبوور) ز . خۆ ژیاندن .
(عەبووریی)ز . پارچەیەکی ئاوریشمە ئەبەسترێ بە سەرە وە .
(عەبەنووس) جۆرە دارێکی زۆرسەختی رەشی بە نرخە هێندێ شتی نایابی لێ دروست ئەکرێ .
(عەپیی) ز . ووتەیەکە بە منالی ساوا ئەووترێ بۆ ئەوەی کە شت بخوا .
(عەتفك) ز . تیلماسکە ترێ .
(عەجەم) فارس .
(عەجەمیی) چە یە جاخی گۆشت کوتانی کەبابچی . برێتی‌یە لە ئادەمیی ناشیی لە هەموو کارو بارێکا .
(عەجەنە) د . جنۆکە .
(عەداب) ز . کێم بە تەنیایا لەگەڵ خوێنا .
(عەرد) زەویی .
(عەررە) زەررە (عەرر عەرر) زەررە زەرر .
(عەررەبانە) شتێکە وەك گالیسکە بەڵام ئەم ئەسپ رای ئەکێشێ .
(عەرزێل) ز . هەرزاڵ .
(عەر عەر) سپی داری راستی بێ گرێو قورت .
(عەرن) ز . رقهە ستان .
(عەرنۆکیی) ز . کەسێکە زۆر توورڕە بێ .
(عەرەق) ئارەق .
(عەرەقچن) عارەقچن .
(عەرەقچین) عارەقچین .
(عەرەقخواردنەوە) عارەقخواردنەوە .
(عەرەقخۆر) عارەقخۆر .
(عەرەقدەر دان) عارەقدەر دان .
(عەرەق فرۆش) عارەق فرۆش .
(عەرەقکردن) عارەقکردن .
(عەرەقکردنەوە) عارەقکردنەوە .
(عەرەقگرتن) عارەقگرتن .

. (عه‌ره‌قگیر) عاره‌قگیر .

(عه‌زره‌ت) ئاره‌زوکردنی زۆر بۆ شتێك به ئاواته‌وه .

(عه‌زره‌تیی) که سێکه که زۆر ئاره‌زوو مه‌ندو ئاواته خوازی شتێك بێ .

(عه‌ز نه‌وور) ووته‌یه‌که به کار دێنرێ بۆ گه‌وره‌و سه‌ر کۆماری گه‌لێك . ووته‌یه‌که به‌کار دێنرێ له باتی ووته‌ی ده‌عباو جانه‌وه‌ر .

(عه‌زیزیی) شه‌وکراس .

(عه‌سپ) ل . ئه‌سپ .

(عه‌سریین) ز . رقگرتنی منالّ به جۆرێك که ده‌نگ ژێر بیێته‌وه .

(عه سسه) ز . شتی راست که گالّته‌ی تیا نه‌بێ « جدی » .

(عه‌سکه‌ریی) جۆره ترێ یه‌کی کشمیشیی زۆر ناسکی ده‌نك درێژه .

(عه سه لا) ده‌وار به خۆیو هه موو تفاقیه وه .

(عه‌شامات) مه‌ردومی زۆری کۆبووه‌وه.

(عه‌شره‌فیی) د . ئه‌شره‌فیی .

(عه شیران) جۆره مقامێکه .

(عه عا) ووته‌یه‌که منالّی ساوا به کاری دێنێ بۆ پیسیی .

(عه عه) عه‌عا .

(عه‌فاره) ز . بن خه‌رمان . میوه‌یه‌که به دره‌خته‌وه مابێ له به‌ر خراپیی .

(عه‌فت) ز . حه‌په‌ی سه‌گ .

(عه‌فدال) ز . هه‌زاری ئاواره‌ی عه‌ودالّ.

(عه‌گ) ز . بزنێکه زۆر سپی نه‌بێ .

(عه‌له‌کیی) ز. ده‌فری مسیینی بنکدار.

(عه‌لتۆش) ز . کرده‌وه‌ی بێ سوود .

(عه‌لله) ز . عال .

(عه‌لـۆو جه‌لۆ) بریتی یه له مه‌ر دومی هیچ و پووچ .

(عه‌لوو عه‌لوو)ز . عه‌لیشییش .

(عه‌لّه‌م) د . جێی به شکردنی ئاو .

(عه‌له‌وله‌مانیی) با . جۆرێکه له هه‌نجیر .

(عه‌لیخانیی) شتێکه وه‌ك مشکیی سه‌ر به‌لاّم ئه‌م ته‌ختی ره‌ش و قه‌راغی ره‌نگاوره‌نگه.

(عه‌لیشییش) بۆقله‌موون .

(عه‌لییبورده) ز . نانی مزه ئاش .

(عه‌لیفورنه) ز . کاغه‌زی زبری ئه‌ستوور

(عه‌مار) زوورێکی گه‌وره‌ی تایبه‌تی یه که شتی تیا هه‌لّ بگیرێ .

(عه ماراو) ده‌فرێکی گه‌وره‌ی قووله ئاسنگه‌رو پینه‌چی پرری ئه‌که‌ن له ئاو له کاتی کارا . شتێکی گه‌وره‌ی تایبه‌تی‌یه که پرر بکرێ له ئار بۆ به‌کار هێنانی .

(عەمارتە) خانوویەکی یەك قاتە کە تەختەکەی کەمێك لە زەویی بەرز بوویێتەوە .
(عەمارکردن) شت هەڵگرتن بە زۆریی لە عەمارا .
(عەمارەپۆ) تەنراوێکە لە بەرزۆرمانەوەی لە عەمارا پۆرتکابێ .
(عەمانج) ز . نیشانێکە نرابێتە وە بۆ پێکانی .
(عەمبار) عەمار .
(عەمباز بوون) عەمبارزد بوون .
(عەمبازدبوون) ئاوقەد بوو .
(عەمبە) عەمە .
(عەمرۆکە) گیایەکی بەهاریی یەگەڵای وەك گیلاخە وایە بەڵام ئەم ناخورێ .
(عەمە) بەری درەختێکی گەرمیانی‌یە .
(عەنتەر) مەیموونی نێر .
(عەنتیکە) شتی نایابی بەنرخ .
(عەنتیکەچی) کەسێکە لە شتی عەنتیکە دا پسپۆررو شارەزابێ .
(عەنتیکەخانە) شوێنێکە کەشتی عەنتیکەی تیا دا بنرێ .
(عەنتیکە فرۆش) کەسێکە کە هەرشتی عەنتیکە بفرۆشێ .

(عەنزە رروت) شتێکە وەك چەویی تو ێسیی .
. (عەناب) درەختی شیلان. شتێکە وەك خورما بەڵام پچووکترو تۆزێك شیرین چکە.
(عەنوا) ئەنوا .
(عەنەزە) جۆرێکە لە وولاخی رەسەن
(عەو) ووتەیەکە شوان رانی پێ لێ ئەخوررێ .
(عەوتە عەوت) ز . وەررەی سەگ .
(عەودال) کەسێکە کە بە دووی شتێکا بگەررێ و نەی دۆزێتەوە .
(عەوارف) ز . هەورێکە لەگەڵ سایەقەدا تێکەڵ بێ .
(عەیە) حەپە (عەوە عەو) حەپە حەپ.
(عەیار) ئافرەتی زۆرزانی فێڵباز . پێستی مەررو بزن (ز) .
(عەیار شیرك) ز . مە شکە .
(عەیارە) ئەندازەیەکە دانرابێ بۆ پێوانی شت بە تێکردنی .
(عەی عەی) ز . دەنگێکە ئازاڵی پێ لێ ئەخورر رێ .
(عەین) ناوە بۆپیتێك لە بیست‌وحەوت پیتەی کوردیی .

(عه ینه مه ں) باڵنده یه کی بۆره قنه ی ده نووك تییژه به قه د ریشۆڵه یه ك ئه بێ وه زۆر مێملی کرلله یه .

(عیسك) با . نزگه ره .

(عێل) چێن هێزێکه که بچنه وه سه ر یه ك با پیره گه وره .

(عێڵ) د . عێل .

(عیلالەت) کۆمەڵێکی زۆر گەورە لە مەردوم .

(عێلجارریی) گەلە کۆمەکێ .

(عیسان) ئینسان .

. (عێنسان) ئینسان .

(عێوارش) ز . گێژه لووکه .

پیتی غەین

غ

(غائیز) دڵ سست بوون بە هۆی سەرما بوون یاگەرمای زۆرەوە .

. (غار) راکردنی ووڵاخ : ووڵاخەکە (غاری) خۆشە .

(غارا) جۆرە پارچەیەکی ئاو ریشمی جوانە وەك خامەك .

(غاران) خاران .

(غاراندن) خاراندن .

(غاراو) خاراو .

. (غاردان) ئاو دانی ووڵاخ .

. (غار غا رێن) هێنان و بردنی ووڵاخ بە ئاو .

(غارکردن) ئاودانی ووڵاخ .

(غارین) خارین .

(غاریو) خاریو .

. (غازی) دوو جۆرە لە دراو یە کێکیان پچکۆلەو زێرر ئەوی تریان گەورەو زیوە .

(غالیکە) بۆشایی کەلەکە .

(غلّتاندن) قسەکردن بە غلّتە : نەخۆشەکە ئە غلّتێنێ .

(غلّتە) قسەکردنی نەخۆش بە گەروو لە کاتی گیانەلاّوا ، (غلّتە غلّت) غلّتەی یەك لە دوای یەك .

(غوباب) گیانداری قەڵەوی بە کەیف .

(غولّغولّە) هەراو هوریاو تێك رژانی مەردوم .

(غولّە غولّ) دەنگی خوێندنی یەکێك لە دوور کە پیت و ووتەی جویێ نەکرێتەوە .

(غونچە) خونچە .

(غەریبۆك) ز . جۆرە هەرمێ یەکە .

. (غەزایی) عەینە مەل .

(غەزرین) تۆران و قسە نەکردنی یەکێك لەگەڵ یەکێکی تر: فیسارکەس زۆر (ئەغەزرێ) یا زۆر حەزی لە (غەزرینە) .

(غەزو بەز) گۆشتی زۆرچەوری قەڵەو .

. (غەزەتە) رۆژنامە .

(غەزەتە چی) کەسێکە کە رۆژنامە دەر بێنێ .

(غەزەتە نووس) رۆژنامە نووس .

(غەزەل) پارچەیەکی ئاوریشمینی میل میلی رەنگاو رەنگە وەك شیر داخ . هەشت نۆ شعرە کە لە باسی دڵدارییدا ووترا بێ .

(غەزنە) شوێنێکی قایمە کە دراوو شتی گران مایەی تیا هەڵگیرێ. شتیگران بەها وەك پارەو چەکی زۆر .

(غەزنەکردن) ئاو دزکردنی شوێنێك لە ئەندام و پرربوونی لە کێم .

(غەزێم) خەزێم .

(غەزێنە) شوێنێکی تایبەتی یە لە حەمام کە پرر ئەکرێ لە ئاوی گەرم . شوێنێکە کە غەزنەی تیا دانرا بێ .

(غەزێنەکردن) غەزنەکردن .

(غەڵبە غەڵب) دەنگی زۆری مەردوم و ژاوە ژاویان .

(غەڵدیی) تووڵە .

(غەمزە) ناز .

(غەنە) بردنو دەرکردنی گۆی (شەقێن) ە لە سەر شار بە (قاشۆ) کەم کەم بە خشکەیی .

(غەوارە) بێگانە . ناوی تیرەیەکی کۆچەریی کوردە لە ناوچەی سرۆچك .

(غەور) کێم و زووخی ناو برین : ئەم دەرمانە (غەور)ی برینئەگێشێ ، واتە چڵکی ناوی پاك ئەکاتەوە .

(غەوربوون) رۆچوون بە ناخی زەوییدا .

(غەوغەوە) ز . ناوەندی نوستنو بێداریی

(غەیدیین) ز . رقی هەستان .

(غەین) ناوی پیتێکە لە بیستو حەوت پیتەی کوردیی .

پیتی ف ۷

ف

• (فابریقە) کارگەیەکە کە بە زۆریی شتی تیا دروست بکریٚ .

(فاتنك) قومریی .

(فاتە بۆر) فاتە بۆرە .

(فاتە بۆرە) جۆرە کاڵەکێکی رەشە . گیایەکی گەڵا پانە وەك کاڵەك بەرێکی، درێژ کۆلەی شیرینی ئەگریٚ .

(فارزك) کەسێکەزۆرحەزیلەخواردن بیٚ وە هەمیشە خەریکی خواردنو کردن بیٚ .

(فارس)گەلێکی کۆنی تایبەتی ئاری یە . وولاٚتێکە کە گەلیٚ (فارس)ی تیا دا ئەنیشیٚ.

(فارن) با . خواردن .

(فاسۆلیا) بەری گیایەکە وەك پاقلە وایە ، دەنکەکانی لە ماشە سپی ئەچیٚ و ئەکریٚ بە چێشت .

(فاسۆن) جۆرە تەنراوێکی بە نرخە لە خوریی دروست ئەکریٚ .

(فاسۆنیا) فاسۆن .

• (فاش) دەنگ و باسێکە کە بلاٚو بوو بێتەوە ، (فاشبوون) بلاٚو بوونەوەی دەنگو باس .

• (فافۆن) جۆرە کانێکی سووکی سپی یە دەفری لیٚ دروست ئەکریٚ .

(فاق) فاقە . لقی درەخت . جۆرە عەبایەکی رەشە ژنان ئەیدەن بە سەریانا (د) .

(فاقدان) بە ناوا چوونوزەبوون بوونی گیاندار .

(فاقە) دارێکە وەك قەفی گۆچان زیٚیەك ئەبەستریٚ بە هەر دوو سەریەوە ، چەڵەمەیەك ئەکریٚ بەم سەرو بەو سەری زیٚ یە کە وە چۆلەکەو ریشۆلەی پیٚ ئەگیریٚ .

(فاك) فیٚل: هەوار(فاك)م بە(فیکێکت) .

(فاکو فیك) کەڵکەڵە : فیسار کەس کەوتۆتە سەر(فاکوفیك)ی ژنهێنان . هەوەس و ئارەزوو : فیسار کەس لە (فاك و فیك) ی خۆی ناکەویٚ.

(فاڵ) هاتنه بای ماکەر . نوقلانەی باش.

(فالا) ز . خاڵیی .

(فاڵچیی) کە سێکە فاڵ بۆ مەردوم بگرێتە وە .

(فاڵچێتی) خەریك بوون بە فاڵگرتنەوەوە.

(فاڵگر) فاڵچیی .

(فاڵگرتن) هاتنە فاڵی ماکەر .

(فاڵگرتنەوە) بەخت گرتنەوە .

(فاڵگەر) فاڵچیی .

(فاڵۆزە) فررنیی .

(فاڵهاتن) هاتنە فاڵی ماکەر .

. (فام) تێگەیشتن .

. (فامیلیا) خێزانو بنە ماڵی بە ناو بانگ.

(فامیدە) مەردومی تێگەیشتوو .

(فامین) تێگەیشتن .

(فانۆز) چرای دەستیی شووشە دار .

(فانۆس) فانۆز .

(فانیلە) جۆرە تەنراوێکی دەزوو یا خوری یە لە بەر ئەکرێ .

(فت) ووتەیەکە بە کار دێنرێ لە کاتی فررێدانی گۆرەویی یا فنجان لە یاریی گۆرەویی بازیی و فنجانێنا : ئەم گۆرەوی یە یا ئەم فنجانە (فت) واتە بۆشەو هیچی تیا نیە .

(فت بوون) تێکەوتن و دەرچوون لە یارییدا

(فتخۆش) قەنگە .

(فتراق) دڵ .

(فتراندن) ز . بینیین .

(فترك) ز . قارچك .

(فتروونە) ئەو شتەیە کە لە شتێکی تر متوربە بکرێ « لقاح » .

(فتکردن) فررێدانی گۆرەویی و فنجان لە یاریی گۆرەویی بازیی و فنجانێنا فررێدانی سووتووی سەبیل و قلیان بە فوو پیا کردنی . دەرکردنی یەکێك لە یاریی یەکدا .

(فتو فراوان) زۆرو زەبەند .

(فتە فت) د . سرکە سرك .

(فتێلە) پلیتە . فتیلە .

(فتیلە) قوتیلەی نەوت .

(فجووزکردن) با. رۆیینێکی ئێجگاری یە کە هاتنەوەی لە دوا نەبێ : فیسار کەس (فجووزی کرد) واتە بە ئێجگاریی رۆی یا مردو کۆچی دوایی کرد .

(فجوورر کردن) فرریی کەووسوێسکە .

(فجووق) دەنگێکە لە کەوە وە دێ لە کاتی دەرپەررین یا .

(فجووق کردن) دەرپەررینو باڵگرتنە وەی کەو .

(فچك) دەنگێکە لە دەستی جۆلاوە دێ لە کاتی کار کردنیا : چوومە لای فیسار کەس (فچك فچك) جۆلایی ئەکرد .

(فراژیی) بە خۆداهاتن‌وگەشە کردن .

(فراڤین) ز . خواردنێکە لە ناوەندی قاوەتیی و ئێوارەدا . نانی نیوەڕۆ (با) .

(فراوان) شتی گوشادی گەورە .

(فراوانیی) گوشادیی .

(فراویین) با . نانخواردنی نیوەڕۆ .

(فرتاندن) دەر پەڕراندنی شت

(فرتانن) د . فرتاندن .

(فرتك) کونی لووت (ز) هێلنج .

(فرتوونەك) ز . فەرتەنەی دەریا .

(فرنە) پرتەی چرا . جووڵەو بزووتنەوە ، (فرتەفرت) بزووتنەوەی یەك لە دوای یەك ، (فرتو هووڕڕ) فرتە فرتی زۆر .

(فرتە کردن) دەر پەڕرینی شتێك لە شتێکی تر بەگورجیی .

(فرتێنە) د . فەرتەنە .

(فرچك) فریشك .

(فرچە) فلچە .

(فرچییل) دانە وێلەیەکە کە نیوە کوڵ بووبێ : نۆکەکە (فرچییل) بووە .

(فرر) قومێك لە چایی یا لە قاوەکە لێوی پێوە بنێیت و بیخۆیتەوە . پەیوەندیی شتێك بە سەر شتێکی ترەوە : فیسارکەس (فرر) ی بە سەرژنەکەیەوە نەماوە ، واتە تەلاقی کەوتوە .

(فرران) هەڵمەتو راکردن : بە (فرران) یك بچۆ بۆ ماڵەوە .

(فرراندن) رفاندن .

(فررانفرران) بریتی یە لە راوو رووت وبێ ئاسایشیی لە شوێنێکا .

(فررانن) د . فرراندن .

(فرر فررۆك) فرر فررۆکە .

(فرر فررۆکە) خولخولۆکەیەکە منالان لە کاغەز دروستی ئەکەن و ئەیکەن بە سەری دارێکەوە کە با لێی ئەدا ئەخولێتەوە .

(فرر فررە) فرر فررۆکە . نێرگەلە .

(فرر فینگ) هەلمەت .

(فررکا فررکا) هەڕرا کردنی مەردوم لە ترسا لە کاتی تێکچوونی ئاسایشا .

(فررکان) فررکە : بە (فررکان) یك بچۆ بۆ بازار .

(فررکان فررکان) فررانفرران .

(فررکو هووڕر) گێژو هووڕری بەردو گوللەو پلاری هاوێژراو . هاتو چۆکردنی زۆر بە فررکە .

(فررکە) چوون بۆ شوێنێك بە گورج

و گۆڵی‌و چالاکیی ، (فرکه فرك) فرکه‌ی یه‌ك له دوای یه‌ك (فرکو هوو رر) فرکه فرکی زۆر .

(فرگه) رێگای ده‌ر باز بوون (د) . جێی نیشتنه‌وه‌و هه‌ڵفرینی فرۆکه .

(فرن) کووره‌ی نان برژاندنی نانه‌وا.

(فرنده) باڵنده .

(فرنه‌گوله) فیرنه‌گوله .

(فروفیڵ) فێڵ فه‌ره‌ج .

(فرنیی) خوارده‌مه‌نی یه‌که له شیر و شه‌کرو برنجی هارر راوه دروست ئه‌کرێ .

(فرۆ) گه‌روو .

(فرۆك) شتێکی باڵ‌و په‌روانه داره به ئاگرو به‌نزیین ئه‌فرێ و زه‌لام هه‌ڵ ئه‌گرێ.

(فرۆکه) فرۆك . باڵنده (د) .

(فرۆکه خانه)شوێنێکه که فرۆکه‌ی تیا بنیشێته‌وه .

(فرۆکه‌وان) که سێکه که فرۆك لێ بخوررێ .

(فرووج) بارۆکه‌ی مریشك .

(فرووجاو) گۆشتاوی فرووج .

(فرووکه) ده‌سته چیله .

(فروون) فرن .

(فره) ده‌نگی باڵی په له وور ، (فره فرر) فره‌ی‌یه‌ك له دوای یه‌ك ، (فروهوورر) فره فری زۆر . فرکه : به (فره) یه‌ك بچۆ بۆ بازارر .

فره دان) فرێدان .

(فره‌کردن) ده‌رچوون و تێ په‌رربنی گیاندار : ئا (فره‌یه‌کبکه) ئه‌و شته بێنه .

(فرێدان) دوورخستنه وه‌ی شتێك له خۆت به هاویشتنی .

(فرریی فرریی) جۆره یاری یه‌که چه‌ند که‌سێك ئه‌یکه‌ن یه‌کێکیان ئه‌بێ به وه‌ستاوئه‌ڵێ (فرریی‌فرریی) فیساره‌شت فرریی وه په‌نجه‌ی به‌رز ئه‌کاته‌وه ، ئنجا ئه‌گه‌ر شتێکی وای ووت که فرنده‌بێ ئه‌وی په‌نجه به‌رز نه‌کاته وه له گه‌ڵیا تێ ئه‌که‌وێ ، وه ئه‌گه‌رشتێکی وای ووت که فرنده نه‌بێ ئه‌وی په‌نجه به‌رز بکاته‌وه له گه‌ڵیا تێ ئه‌که‌وێ .

(فرریین) باڵگرتنه وه‌و حه‌وا که‌وتنی باڵدار . لێدانی ده‌مار .

(فرریوه) جۆره یاری‌یه‌که ئه‌وی تێ ئه‌که‌وێ به هه‌نگڵه شه‌لێ ئه‌بێ بررواو ئه‌مانی تر تێی هه‌ڵ بده‌ن ئه‌میش له وان هه‌ڵ بدا ، ئنجا ئه‌وی شه‌قی‌ئه‌می به‌رکه‌وت تێ ئه‌که‌وێ.

(فرزیین) ز . پرره‌ی وولاخ .

(فرس) هه‌رێز .

(فرسادە) د . فرستادە .

(فرستادە)کە سێکە لە لایەن یەکێکەوە نێررابێ بۆ لای یەکێکی تر بۆ گەیاندنی قسەیەك .

(فرسك) فرچك .

(فرسەق) فرسەنگ .

(فرسەنك) ماوەی سێ میلە لە رێگا و بان کە هەر میلێك چوارهەزار گەزە .

(فرشتە) فریشتە .

(فرشك) فرسك .

(فرشە) فلچە .

(فرفات) ز . کاڵای درراوی هەلاهەلا

(فرك) ز . فررێك لە ئاوو شتی شل .

(فرك بوون) ز . زانی ماین .

(فرکرن) ز . قومدان لە شتی شل .

(فرمان) ئیش و کار .

(فرمانکردن) ئیشکردن .

(فرمانکەر) ئیشکەر .

(فرمانگوزار) کەسێکە کە بەر دەستییت بکا .

(فرمێسك) دلۆپەی ئاوی چاو .

(فرمێسك بزە) گریانێکە کە لە خۆشییەوە بێ .

(فرو) با . فرۆ .

(فرۆ) ژەکی کولاوی توند بووەوە .

(فرۆتن) دانی شت بە دراو .

(فرۆتەنیی) شتی فرۆشتن .

(فرۆخت) برەوی شت لە فرۆتنا .

(فرۆش) فروخت : کووتاڵ (فرۆش) ی نیە .

(فرۆشتن) فرۆتن .

(فرۆشتەنیی) فرۆتەنیی .

(فرۆشیار) کەسێکە شت بفرۆشێ .

(فروو زوو) هەرێز .

(فرووزیی) ز . شتی پچکۆلە .

(فرە) زۆر .

(فرە بەش) شتێکە کە بەشی زۆری تیا بێ .

(فرە بێژ) سازندە .

(فرە خۆر) زۆر خۆر .

(فرەخەیاڵ) کەسێکە کە ئاواتی زۆر بێ .

(فرە rrووو) دوو رروو .

(فرەز) قەیفە .

(فرە زان) زۆر زان .

(فرە گەرر) کەسێکە زۆر بگەررێ .

(فرە ماگ) شتی کۆن .

(فرەوان) فراوان .

(فرە وەرر) بریتی یە لە مەر دومی

سازندە . سەگی هەڵە پاس .

(فرەیی) زۆریی شت .

(فریاخستن) گەیاندنی شتێك بەکەسێك لە کاتێکی زۆر پێویستا .

(فریا ررەس) کەسێکە بگا بە هاواری یەکێکا .

(فریاکەوتن) گەیشتن بە هاواری یەکێکا

(فریاگەیشتن) د . فریا کە وتن .

(فرێتوون) با . جۆرە شیر ینی یەکە لە ئاردو هێلکەو شەکر دروست ئەکرێ وەك پەنجەرە کون کۆنە .

(فرێزە) کشت و کاڵێکە کە دروێنە کرابێ .

(فریشتە) دروستکراوێکی فەرمانبەری خوان بە موو لا نادەن لە وەی کە پێ یان سپێر راوە .

(فریشك) زەکێکە کە لە سکی کارو بەرخ دەر هێنرابێ بۆ هەوێنی پەنیر .

(فرییخواردن) هەڵفریوان .

(فرییخۆر) کەسێکە زوو هەڵخەڵەتێ .

(فرییدان) هەڵخەڵەتاندن .

(فرییاگ) د . هەڵخەڵەتاو .

(فرییان) د . هەڵخەڵەتان .

(فرییز) فرییزوو .

(فرییزوو) گیا یەکی باریکی بە یەکا چووی پان بووەوەی هە میشە سەوزە .

(فریو باز) فێڵباز .

(فریو خواردن) لاس خوار دن و هەڵخەڵەتان .

(فریوخۆر) کەسێکە زۆ رهەڵخەڵەتێ .

(فریو دان) لاسدان و هەڵخەڵە تان .

(فریو یاك) د. هەڵخەڵەتاو .

(فریویان) د . هەڵخەڵەتان .

(فز) د . فزە .

(فزدووك) عازەبە .

(فزرە) فزە .

(فزە) جووڵە . نووکەو نقە : (فزە) نەکەیت ، واتە نقەت لێوە نەیەت .

(فزە لێ بررین) بریتی یە لە جووڵە خستنی یەکێك .

(فس) تس . فسس .

(فستان) جۆرە عەزییزی یەکی ژنانەی ئاو دامانی ناو قەد باریکی داوێن والآ یە .

(فستك) ز . کە سێکە کە لە رۆینا پێی هەڵخلیسکێ .

(فستو قیی) ز . کەسێکە کە گەررۆك بێ و رێی نەکەوێتە مالی خۆی . سەگی خوێرریی

(فسدان) بریتییە لە دەرکردنی یەکێك :

فیسار کەسم (فسدا) واتە دەرم کرد . خۆ دانە واندن و خۆ فش کردنی مریشك بۆ کەڵە شێر .

(فسدانەوە) بریتی‌یە لە دەست هەڵگرتن و پەشیمان بوونەوە لەکارێك لەبەر سەر نەگرتنی. بەر دانەوەی تس .

(فسس) ووتەیەکە پشیلەی پێ دەر ئەکرێ .

(فسسە) فسس .

(فسفس پاڵەوان) بریتی لە یەکێك کە هیچی لە بارا نەبێ و کەچی هەر خۆی هەڵبکێشێ .

(فسقە) فسکە .

(فسکاگوریی) ز . جۆرە گیایەکە .

(فسکوول) گوڵنگەی فێستی سوور .

(فسکە) پیازی فیسقە .

(فسکین) ز . پێ هەڵخلیسکان .

(فسن) تسن .

(فسنان) بریتی‌یە لە دەرکردنی یەکێك

(فسۆس) گەندە دەڵەك .

(فسە) چپە ، (فسە فس) چپە چپ ،

(فسە کردن) چپە کردن .

(فسە زمان) زمان پس .

(فسەی فسە) هـ . شیلانی مووروو .

(فسین) تسین .

(فش) شتێکە کە بڵاو بێ و نەنیشێتە سەر یەك . چڵمی لووت (ز)

(فشبوون) هەڵۆڵبوونی شت . بریتی‌یە لە نەرم بوون و هاتنە باری یەکێك لە کارێکا کە لە وە پێش نەی ویستبێ بیکا . دەرچوونی با لە تایەی ئۆتومەبیل و شتی تر .

(فشقیات) فیشقیات .

(فشکردن) بریتی یە لە نەرم بوون و هاتنە بار بۆ کردنی کارێك .

(فشوفۆڵ) شتی فشی شل و شێواو .

(فشۆڵ) فشەڵ .

(فشە) گاڵتەوگەپ : هەروا بە (فشە) مەی بەرە سەر . جۆرە دەنگێکە وەك دەنگی تس،

(فشە فش) فشەی یەك لە دوای یەك .

(فشەکردن) بریتی یە لە خۆ هەڵکێشان . گاڵتەوگەپکردن. دەرچوونی دەنگ بە فشەوە لە شتێك .

(فشە کڵاونە) چنگەڵە .

(فشەڵ) زەمینی سستەك و هەموو شتێکی فشۆڵ .

(فکلە) ناوچەوان . چاڵایی پشتی مل .

(فل) د . گیانداری سستی شل و شێواوی تەمەڵ . بڵ (با) .

(فلْت) فراوان .

(فلْتاندن) گوفت‌وگۆ کردن به فلْته .

(فلْته) دەنگێکه له دەم و لێوی هێندی کەسەوه دێ له کاتی گوفت و گۆ دا ، (فلْته فلْت) فلْتەی یەك له دوای یەك .

(فلْته دەمه) کەسێکه له گوفت و گۆ دا هەر فلْتەی بێ .

(فلْتیرم) نیوەی ئالْتیرەمه که سەد و بیست و هەشت یەکی هۆقەیە .

(فلْچه) شتێکی مووینی زبره دەم و دانی پێ ئەشۆرێ یا پێلاْو وکالاْی پێ پاك ئەکرێتەوه . جۆره دەنگێکه له پێلاْوەوه دێ له کاتێکا که ناوەکەی تەرر بێ ، (فلْچه فلْچ) فلْچەی یەك له دوای یەك ، (فلْچو هوورر) فلْچه فلْچی زۆر . فلْته .

. (فلس) دراوێکی مسینی کەم نرخی عیراقی یە .

(فلفل) مەیموون .

(فلْق) ناوه بۆ ئەمترین دراوێکی بابانی . شتێکه که گەورەتر بێ به وەی که ئەچێته ناوی: پێلاْوەکه به پێم (فلْق) ە .

(فلْقن) مێ یینەیەکه که جار جار دەنگ له زێ یەوه بێ .

(فلْقنه) فلْقن .

(فلْقه) جۆره دەنگێکه وەك دەنگی کالەکی بلْ که بدرێ به زەوی یی دا ، (فلْقو هوورر) فلْقه فلْقی زۆر .

(فلْقه فلْق) ووتەیەکه له رووی سووکی یەوه ئەووترێ به یەکێك که قسه بکا بۆ ئەوەی که بێ دەنگ بێ ، (فلْقوهوورر) فلْقەی یەك له دوای یەك .

(فلْقێ) فلْقن .

(فلوفا) کەلْکەلْه .

(فلوفاو) ئلوفا .

(فلووت) شمشالی لێدان .

(فله ه) فەله .

(فله هن) جۆره ماسی یەکه .

(فلێقان) د . لقی دوو پەلی درەخت .

(فلێته) مەردومی سەر سەرێی .

(فلیقاندنەوه) پانکردنەوەی هەنجیرو ترێ و هێندێ شتی تر .

(فلیقانن) د . فلیقاندنەوه .

(فلیقانەوه) پان بوونەوەوبه یەکا چوونی ترێ و هێندێ شتی تر .

(فلیقاو) شتێکه که فلیقا بێتەوه .

(فلیقاوه) فلیقاو .

(فلیقیاگ) د . فلیقاوه .

(فلیقیان) د . فلیقانەوه .

(فلیین) گرژ بوون و هاتنەوه یەك .

(فمکردن) لووت سرر یین .

(فنجان) شووشەیەکی پچووکی دەم واڵی قووڵە قاوەی تیا ئەخورێتەوە . پیاڵە .

(فنجان‌برر) جۆرێکەلە ئیبشی هەویر کە بە فنجان ئەکرێ .

(فنجانێن) جۆرە یاریی یەکە بە فنجان ئەکرێ .

(فند) مۆم . شقارتە .

فندانك) شمعدان .

(فندق) شتێکە وەك بستەبەسوێر کراویی ئەخورێ .

(فندك) فند .

(فندەگولە) فیررنەگولە .

(فنق) فندق .

(فنقچە) د . گۆپکە .

(فنق شکانن) بریتی‌یە لە چەقەنەلێدان .

(فنکە فنك) فینکە فینک .

. (فوارە) ئاوێکە لە کونێکەوە سەر بەرەو ژوور هەڵ قوڵێ .

(فۆتك) ز . سەر پۆشی ژنان .

(فۆتە) جۆرە مەرحەمەیەکە .

(فورتان) ز . خۆ هەڵکێشان .

(فۆ دل) شتی جوان .

(فۆرت) ناریین .

(فۆرتەك) مەردومی بە خۆ ناز .

(فۆقل) مەردومی رێك‌و پێك .

(فوو) بایەکە کە ئادەمیی بە دەم و لێو بیکا لە شت .

(فووت) فیکە . دوانزە ئینجە کە ئەکاتە سیی سانتیم‌و نیو .

(فووتوو) پەیمان . برریار دانی شتێك لە سەر خۆت لە دڵا « نذر » .

(فوودان) فووکردنە ناوشتێك بەزۆریی. هاتنە دەرەوەی فوو لە شتێکی فوو دراو بە هۆی کونبوونیەوە .

(فوورهە) ئاڤگەی پچووك .

(فووکردن) فووکردنە ناو شتێك .

(فووگررە) فووکردن لە ئاگر یەك لە سەر یەك بۆ خۆشکردنی .

(فوولە دۆنەکردن) بریتی‌یە لە نەهێڵەمیینە وە لە هەموو گوناحێك .

(فوو لێکردن) فوو کردن بە دەم لە شتێك .

(فوو نکاهیی) فینکیی .

(فۆیە) جۆرە دەرمانێکە لە جیوە و هێندێ شتی تر دروست ئەکرێ‌و ئەخرێتە ژێر نقێمی شووشە وە بۆ ئەوەی وەك ئەڵماس بنوێنێ .

(فەتاحپاشایی)جۆرە هەڵپەرکێیەکە (د) . جۆرە قوماشێکە لەکارگەی فتاحپاشادەرئەچێ .

(فە تار) شە قار ، (فە تار فە تار) شتی شەقار شەقاری هەلا هەلا .

(فەتارەت) لە ناو چوون : فیسار کەس بە (فەتارەت) چوو ، یا سەری بە (فەتارەت) چوو ، یا سەری بە (فەتارەت) دام .

(فەتیر) هەویرێکە کە هەڵ نە هاتبێ . نانێکە کە هەویرەکەی هەڵ نەهاتبێ .

(فەتیرە) نانی فەتیری هەڵ نە هاتوو .

(فەخفووریی) دەفری چینی .

(فەدیی) شەرم .

(فەراشە) قفڵ .

(فەراشین) با . هاوینە هەوار .

(فەرامۆش) شتێکە لە بیر چووبێ : ئەم کارە با (فەرامۆش) بێ ، (فەرامۆش بوون) بیر چوونی شت ، (فەرا مۆ شکردن) لە بیر دەرکردنی شت .

(فە رامۆ شکا ر) کە سێکە شت زۆر فەرامۆش بکا .

(فەرامۆشیی) بیرچوونەوەی سەغڵەتیی و ئازار بە هۆی شتێکی خۆشەوە .

(فەرامۆ شییدا ن) لە بیر بردنەوەی سەغڵەتیی و ئازار .

(فەرامۆشیی هاتن) لە بیر چوونەوەی سەغڵەتیی و ئازار .

(فەراهەم هاتن) پێکهاتنی شتێك .

(فەراهەم هێنان) پێکهێنانی شتێك .

(فەرتووت) شتی پەرر پووت .

(فەرتەنە) ئاشووب . وەیشومە .

(فەرخەس) ز . گیانداری نیوەخەس .

(فەرخیی) جۆرە ترێ یەکی کشمیشی ناسکە دەنکی لە (عەسکەریی) پچووکترە .

(فەردە) تایەك لە بارێك .

(فەردەش) کۆمەڵ کۆمەڵکردنی (جێز)ی دانە وێڵە بە بێژنگ یا سەرەن بۆ ئەوەی کە یەکێکیان پێورا ئەندازەی ئەوانیتر دەرکەوێ

(فەرر) کەڵك: ئەم شتە بێفەررە . پیت و بەرەکەت .

(فەرراقە) جۆرە پێوەندێکە ئە کرێتە پێی بەندیی .

(فەرر دار) شتی بە کەڵك .

(فەرروفیت) د . پیت و بەرەکەت .

(فەررەنگ) دانیشتوانی رۆژ ئاوا .

(فەررەنگستان) وولاتێکە کە فەررەنگی تیا دا ئەنیشێ .

(فەررەنگیی) ئاتە شەك .

(فەرز) فەرزیین .

(فەرزیین) داشێکە لە داشەکانی شەترنج کە پێی ئەڵێن (وەزیر) .

(فەرژاندن) پچڕراندنو دڕراندن .

(فەرژیین) پچڕران و دڕران .

(فهرس فەهرست .

(فهرست) فەهرست .

(فەرش) ژێرە خەر .

(فەرشك) مووچەی دەست .

(فەرشکردن) تەختە پۆشکردنی ناو حەوش و ژوور بە خشتی سوور یا بە کاشیی یا بە شتێکی تر .

(فەرشە) پنە .

(فەر فووت) پەرر پووت .

(فەرقان) پیران. هاتنەوەیەکی قوررگ لە بەر زۆر گریان یا خەفەت .

(فەرکار) تێخورریینو گەیاندنی فەرمان « ایعاز » .

(فەرکاندن) وێنەگرتنەوەی نوسراوێك. پەی بردن بە شتێکی نوسراوی گران . فەرماندان .

(فەرکەم) پەرکەم .

(فەرمان) داواکردن و خورریینیگەورە بە سەر پچووکا بۆشتێك کاغەزێکە کە فەرمانی پاشایی تیا نوسرابێ .

(فەرمانبەر) کەسێکە فەرمانی گەورەیەك بە جێ بێنێ « موظف » .

(فەرمانبەر دار) فەرمانبەر .

(فرماندار) کەسێکە کە فەرمان لە سەر فەرمان بدا .

(فەرماندەر) فەرماندار .

(فەر مانرەوا) کە سێکە کە فەرمانی برر بکا .

(فەرمانکردن) فەرماندان بە شتێك .

(فەرمانگە) دائرەی دەوڵەت .

(فەرمانگیرر)حکومەت .

(فەرماننامە) تۆماری دەوڵەتی «سجل» .

(فەرمایش) قسەو گوفت و گۆی پیاوی گەورە .

(فەرمایشت) فەرمایش .

(فەرموو) ووتەیەکە بە کار دێنرێ بۆ بانگ کردنی یەکێك بۆ لات یا بۆ رێدانی یەکێك بۆ قسەکردن لە رووی گەورەییە وە :

(فەرموو) واتە وەرە یا بڵێ .

(فەرموودە) فەرمایش .

(فەرموون) فەرمایش .

(فەرمەسۆن) کە سێکە کە هیچ ئایینێکی بە بێ .

(فەرهاند) ترساندن .

(فەرەجیی) فەرەنجیی .

(فەرەشخانە) ز . دارێکە تەختەیەك ئەدرێ لە سەرەکەیو زبڵی پێ کۆئەکرێتەوە .

(فەرەنجی) جۆرە کاڵایەکی سەردەرییە لە خوریییابەرگنی سووراوە درست ئەکرێ .

(فەرهەم) فەراهەم .

(فەرهەنگ) کتێبێکە کەووتەی زبانێك بگرێ و راڤەی بکا .

(فەرهەنگۆك) فەرهەنگی پچووك .

(فەریاد) هاوار کردن و لالانەوە

(فەریادکردن) فەریاد .

(فەریاد ررەس) فریاررەس .

(فەریك) دانەوێڵە و بەری هێندێ درەختە کە بە تەواوی پێ نەگەیشتبێ .

(فەریکبوون) کزر بوونەوەی شتیتەرر .

(فەریکە خورما) خورمایەکە هێشتا بە تەواویی پێ نەگەیشتبێ .

(فەریکە قەزوان) قەزوانی سەوزی نەبەکام .

(فەریکە گوێز)گوێزی سەوز کە یەشتا بە تەواویی کامڵ نەبوو بێ .

(فەریکە نۆك) نۆکی سەوز کە یەشتا رەق نە بووبێ .

(فەسالّ) شێوە .

(فەسالّدان) جێ بە جێ کردن و راپەرراندنی کارێك .

(فەقفەقە) نەخۆشیی کوشندە .

(فەقێ) قوتابیەکە کە لە مزگەوتا بخوێنێ.

(فەقیانە) سۆرانیی .

(فەقیی) د . فەقێ .

(فەکلە) لاجانگ .

(فەگڵ) د. ملپێچ .

(فەلاقە) شتێکە ئەکرێتەهەردوقاچەوەو با ئەدرێ بۆ دار لە بەری پێ دان .

(فەلاقەکردن) لێدان لە بەری پێی یەکێك لە (فەلاقە) دا . بریتی یە لە دارکاریی کردنی یەکێك .

(فەلە) ز . هۆزێکە لە ئاسووریی .

(فەلە ررەش) فەلە .

(فەلە ررەشکە) فەلە ررەش .

(فەلە ررەشە) فەلە ررەشکە .

(فەلیت) ز . هەرزەکارێکە بەتەواویی ژیر نەبووبێ .

(فەلیتە) ئافرەتی سەلیتە .

(فەنا) پەنا .

(فەنا بێدەنگە) پەنا بێدەنگە .

(فەناز) فێڵباز .

(فەنتازیی) شتی جوانی مۆدە .

(فەند) با . فانۆز .

(فەنو فێڵ) د . فررو فێڵ .

(فەنەر) فەنەر .

(فەنەر) شتێکە وەك فانۆز لە جاو یا لە کاغەزی چەوور کراو دروست ئەکرێ‌و مۆمی تیا دا ئەگیرسێنرێ . گوێزانی تەراش . جۆرە تیغێکی نەرمە ئەنوشتێتەوە وەك تیغی مشار .

(فەهرس) فەهرست .

(فەهرست) ئەو سەر باسانەن کە لە کتێبا هەن وە لە پێش یا لە پاشیەوە بە ریز کراوی ئەنوسرێن لەگەڵ ژمارەی لاپەررەکانا بۆ دۆزینەوەی ئەو باسانە لە کتێبەکەدا بە ئاسانیی .

(فەهۆ) شەرم و پاکداوێنیی .

(فەهێتکرن) ز . شەرم کردن .

(فەهێتۆ) ز . شەرمن .

(فەهێت) ز . شەرم .

(فەهێتبوون) ز . فەهێتکرن .

(فەهێتوو) ز . شەرمن .

(فەیلیی) ناوە بۆ تیرەیەك لە کورد .

(فێ) جۆرە دەردێکە کوتو پرر تووشی هێندێ کەس ئەبێ وە کەف ئەچێنێ‌و بێهۆش ئەکەوێ . ناوە بۆ پیتێك لە بیست و حەوت پیتەی کوردیی .

(فیتکە) فوویەکە ئەکرێ بە سەبیلا بۆ فررێدانی سووتووەکەی: سەبیلەکەم (فیتکە)ی دووره .

(فیچقە) لوولەیەکە کە ئاو فررێ بدا . پیازی فیسقە .

(فیچقە بەستن) بازرەقە بەستنی شتی شل لە مەشکەو کوندەدا بە هۆی کون بوونیەوە .

(فیچقە کردن) دەرچوونی شتی شل لە دەفرێك بە باریکی و توندیی

(فێخستن) داگیرساندنی ئاگرو چرا .

(فێدار) کەسێکە کە فێی لەگەڵ بێ .

(فێر) کەسێکە کە هۆگری شتێك بووبێ .

(فێرا) ز . ووتەیەکە بە کار دێنرێ لە جێی ووتەی (لەگەڵ) .

(فێر بوون) شارەزا بوون لە شتێك . هۆگر بوون بە شتێك .

(فێرنەگولە) باڵندەیەکی پچووکی کەوە لەی درێژە .

(فێرز) پەلە .

(فێرس) ز . بە هێز .

(فێر کردن) شارەزا کردن . هۆگر کردن .

(فێرگە) شوێنێکە کە شتێکی تیا فێر ببیت

(فێس) فێست

(فێست) جۆرە کاڵاوێکی سفتی سووراوەیە

(فیسقه)فیرنه‌گوله. پیازی وورد. فیچقه.
(فیسقه به‌ستن) فیچقه به‌ستن .
(فیسقه گوله) فیرنه گوله .
(فیش) هـ . زۆر .
(فیشته‌ر) هـ . ووته‌یه‌که به‌کار دێنرێ له جیاتی ووته‌ی (زۆرتر) .
(فیشقه) د . ده‌نگی ئاو له کاتێکا که به ده‌م یا به فیچقه فرێ بدرێ .
(فیشقی) که‌سێکه که هه‌ر له خۆیه وه تووره ببێ .
(فیشکه) جۆره ده‌نگێکه وه‌ك ده‌نگی مار ، (فیشکه فیشك) فیشکه‌ی یه‌ك له دوای یه‌ك ، (فیشکو هوورر) فیشکه فیشکی زۆر.
(فێق) د . شتی له‌ررو باریك .
(فێقن) د . فێق .
(فێقیی) میوه . .
(فێگرتن) فێ لێهاتن .
(فێل) ز . ده‌فری ده‌م واڵ .
(فێڵ) به کارهێنانی شتی درۆو چاوبه‌ست بۆ سه‌ر تێکدان له مه‌ردوم . فیل (د) .
(فێڵاویی) فێڵباز .
(فێڵباز) که‌سێکه که فێڵ بکا .
(فێڵبازیی) به کار هێنانی فێڵ له‌گه‌ڵ مه‌ردوما .

(فێڵزان) فێڵباز .
(فیلکه فیلك) حیلکه حیلك .
(فێڵو ته‌ڵه‌که) فێڵو قومار بازیی .
(فێڵو فه‌ره‌ج) فێڵ و ته‌ڵه‌که .
(فێڵه‌زان) فێڵزان .
(فێڵه‌گێجه) د . فیله گێژه .
(فێڵیا) د . فیلپایه .
(فێ لێهاتن) دوو چار بوونی مه‌ودوم به ده‌ردی (فێ) .
(فیناز) ز . کرده‌وه‌ی ناشیرین .
(فینجه) د . ووته‌یه‌که هه‌میشه له دوای ووته‌ی (ئینجه) وه به کار دێنرێ به معنا زیاده له قسه‌دا : که قسه‌ت گێررایه وه (ئینجه‌و فینجه) ی پێوه مه‌نێ .
(فێنك) شتێك یا شوێنێکه نه سارد بێو نه گه‌رم .
(فێنکاویی) فێنکایی .
(فێنکایی) شوێنی فێنك .
(فینکه) فینکه ، (فینکه فینك) فینکه‌ی یه‌ك له دوای یه‌ك .
(فێنکیی) فێنکایی .
(فینگه) ده‌نگی گریان به لووت (فینگه فینگ) فینگه‌ی یه‌ك له دوای یه‌ك .
(فیهرست) فه‌هرست .

(فیت) هۆی سووچ و گوناح : ئەمە هەمووی (فیت) ی تۆیە . پیت و بەرەکەت (د) .

(فیتفیتە) فیقفیقە . تیفتیفە (ل) .

(فیتۆ) عەررەبە .

(فیتە) جۆرە دەنگێکە لە چوونە ژوورەوەی هێندێ شتەوە دێ بە کونێکا : ئەم کونە (فیتە) ی دێ واتە بە هو. وژم بای پیا دێ ،

(فیتە فیت) فیتەی یەك لە دوای یەك .

(فیچ)گیاندارێکە دانی پێشووی کەوتبێ. شتی لار (هـ) .

(فیچان) وەرگەرران و پێچ کردنەوە.

(فیرراندن) پیسی کردنی گیاندار بە شلی و تەووژم .

(فیرِرانن) د . فیرِراندن .

(فیرکان) فیرِراندن .

(فیرِرکە) دەردێکە بە گیاندار ئەگاو بە خۆیا ئەفیرِرێنێ .

(فیرِرن) گیاندارێکە کە زۆر بفیرِرێنێ .

(فیرِرۆ) لە دەست چوونی شت بە خۆررایی: پارە بە فیرِرۆ مەدە .

(فیرِرە) دەنگێکە لە کۆمی گیانداری رەوانەوە دێ لە کاتی پیسی کردنیا (فیرِرە فیرِر) فیرەی یەك لە دوای یەك (فیرِروهوورر) فیرِرە فیرِری زۆر .

(فیز) دەعیەو دەمار .

(فیزن) مەردومی بە فیز .

(فیز فیزۆك) فیکفیکە .

(فیزە) دەنگێکە وەك فیکە .

(فیس) فیز .

(فیسا) فیز زل .

(فیسار) ووتەیەکە بە کار دێنرێ بۆ یەکێك کە نەتەوێ ناوی بەیت : فیسار کەس هات ، واتە ئەو کەسەی کە خۆم و خۆت ئەیزانین .

(فیسارە) فیسار .

(فیساندن) خووساندن .

(فیسانن) د . فیساندن .

(فیساو) شتی خووساو .

(فیساوە) فیساو .

(فیسقە) فیچقە .

(فیسەڵ) د . شتی پووچ .

(فیسیان) د . خووسان .

(فیشاڵ) درۆی زل .

(فیشاڵباز) خاوەن فیشاڵ .

(فیشاڵچی) کەسێکە کە فیشاڵی زۆر لێ بدا .

(فیشاڵکار) فیشاڵباز .

(فیشاڵکردن) درۆ هەڵبەستن .

(فیشاڵکەر) فیشاڵچی .

(فیشاڵ لێدان) فیشاڵکردن .

(فیشانن) د . پژاندن .

(فیشە) جۆرە دەنگێکە وەك دەنگی فیشەکە شێتە ، (فیشە فیش) فیشەی یەك لە دوای یەك (فیشو هوورر) فیشە فیشی زۆر .

(فیشەك) گوللەی تۆپ و تفەنگ و دەمانچە.

(فیشەکبەند) چەرمێکی پان و درێژە فیشەکی پیا ئەکرێو ئەبەستریتە پشت یا راست و چەپ ئەکرێتە مل .

(فیشەکدان) فیشەکبەند .

(فیشەکفرڕێدەر) پارچەیەکەلەدەمانچەو تفەنگا فیشەك فرێ ئەداتە دەرەوە .

(فیشەکگیر) شتێکە چەند دانەیەك فیشەکی تێ ئەخرێو ئەخرێتە پاشی تفەنگو دەمانچەوە .

(فیشەك لغ) فیشەکبەند .

(فیشەك لۆخ) د . فیشەك لغ .

(فیشەکە شێتە) شتێکە وەك فیشەك لە کاغەزو باروت دروست ئەکرێ و ئاگری پێوە ئەنرێ و فیشە ئەکاو ئەچێ بە حەوا دا .

(فیشەنگ) فیشەك .

(فیقاندن) فیقەکردن .

(فیقانن) فیقاندن .

(فیقفیقە) شتێکە منداڵان فووی پیا ئەکەن و فیقەی لێوە دێ .

(فیقن)گیانداری لاواز .

(فیقنە) قامیشێکە سەرێکی پتەوەو سەرێکی واڵە ، لە سەرە پتەوەکەیەوە فووی پیا ئەکەن و فیقەی لێوە دێ .

(فیقە) جۆرە دەنگێکە وەك دەنگی فیقفیقە ، (فیقە فیق) فیقەی یەك لە دوای یەك .

(فیقەنە) فیقفیقە یەکە لە قامیش ئەکرێ بە سەر زوررناوەو فووی پیا ئەکرێ .

(فیقیی) با . میوە .

(فیك) فێڵ : هەزار فاکم بە (فیك) بکت .

(فیکا فووی) ز . هەنگوین .

(فیکاندن) فیکە کردن .

(فیکانن) د . فیکاندن .

(فیفیکە) فیقفیقە .

(فیکە) جۆرە دەنگێکی باریکە بە لێو لێ ئەدرێ ، (فیکە فیك) فیکەی یەك

له دوای یه‌ك (فیکو هوورر) فیکه فیکی زۆر .

(فیکه‌کونێ) ووته‌یه‌که له یاریی (قه‌لاٚ قه‌لاٚ) دا ئه‌ووترێ بۆخۆ شاردنه‌وه .

(فیکه وا کونا) فیکه کونێ .

(فیکه‌وه کونێ) فیکه کونێ .

(فیل) گیانداریکی گه‌وره‌ی گه‌رمیانیی سه‌رو مل قه‌وی یه ، ده‌می ناگاته زه‌ویی لووله گۆشتێکی گه‌وره‌ی درێژ به ده‌میه وه‌یه‌تی ، به وه شت کۆ ئه‌کاته‌وه‌و ئه‌یخوا . پایه‌ی پچووکه له ناو ئاوا دروست ئه‌کرێ بۆ به‌ش به‌ش کردنی . ناوی داشێکه له داشه‌کانی شه‌ترنج .

(فیلپایه) پایه‌یه‌کی ئه‌ستووره ماردوو دروست ئه‌کرێ له به‌ر ده‌می دیپیوارێکا که وورگی دابێ .

(فیله‌ته‌ن) گیانداری گه‌وره‌ی زه‌به‌للاح .

(فیله‌گێجه) فیله‌گێژه .

(فیله‌گێژه) ده‌عبایه‌کی کێوی یه به قه‌د که‌ڵه کێوی یه‌ك ئه‌بێ ، دوو شاخی یه‌ك لقی هه‌یه .

پیتی ڤی ٧

ڤ

(ڤا) ئەمە (ز) . با .

(ڤاچ) ناوچە . کەنار . منطق (ز) .

(ڤادار) بادار .

(ڤادان) بادان .

(ڤاران) باران .

(ڤارك) ز . بارڕۆکە .

(ڤاری) تەنها .

(ڤارین) بارین .

(ڤازی) با . شتیهەڵگەڕاوەیئاوەژوو .

(ڤالا) با . شتی بۆشی والا .

(ڤالادکرن) ز . خاڵیی کردنەوە .

(ڤالاهیی) ز . ڤالە هیی .

(ڤالە) ز . شوێنی چۆڵ .

(ڤالەبوون) ز . خاڵیی بوون .

(ڤالەهیی) ز . خاڵیتیی .

(ڤان) ویستنی شتێك و نیاز کردنی (ز) . ئەوان .

(ڤتن) با . ووتن .

(ڤر) ز . درۆ . بوختان .

(ڤرا) ز . ئێرە .

(ڤراسەی) ز . دروون .

(ڤراڤە) ز . ووررێنە .

(ڤرال) با . ئیمپراتۆر .

(ڤرتوڤین) ز . مەردومی بێ مایەو نرخ .

(ڤرچالە) ز . ترسنۆك .

(ڤرچقین) ز . لاوازیی گیاندار .

(ڤرر ڤرراندن) جوو لاندن . تلدان بە شت .

(ڤرر ڤررە) ز . بۆرە پیاو . درۆ زن . سەر سەریی .

(ڤررە) جۆرە دەنگێکە پەیدا ئەبێ لە شتێك کە بخولێتەوە یا بهاوێژرێ ، (ڤررە ڤرر) ڤررەی یەك لە دوای یەك (ڤررو هووررر) ڤررە ڤرری زۆر . درۆ (ز) .

(ڤرسهاندن) ز . حەواندنەوە .

(ڤرڤرۆ) با . ڤرر ڤررە .

(ڤر ڤرە) ز . زرنگەو وییزەی شت .

(ڤرك) شۆربای دانە ویلەیەك کە کوترابێ

(ز) . سنگی ئەستووری درێژ .

(ڤرکا) ز . درۆ .

(ڤرکرن) ز . درۆ کردن .

(ڤرکەر) ز . درۆزن .

(ڤرکو لیی) ز . شتێکە کە رەنگی خەناویی بێ .

(ڤرنی) ز . بەرخێکە دایکی درەنگ بوو بێتی .

(ڤروکەر) ز . ڤرکەر .

(ڤروو ڤیی) ز . گۆشتی قەڵەوی کوڵاو .

(ڤرە) ز . ئێرە .

(ڤزا ڤز) ز . دەنگی پوورەی هەنگ .

(ڤزبوون) ز . سستی لە کارێکا کە پێت سپێررابێ .

(ڤزك) ز . تیبغیگەورەی دەم پان .

(ڤزە) دەنگی لووت لە کاتی نوستنا ،

(ڤزە ڤز) ڤزەی یەك لە دوای یەك .

(ڤزەك) ز . کە سێکە کە سست بێ لە کارێکا کە پێی سپێررابێ .

(ڤزین) ز . خوررەی ئاو .

(ڤژاب) ز . هەژدیها .

(ڤژاندن) بووژاندنەوە .

(ڤژانەوە) بووژانەوە .

(ڤژۆکەر) دەرمانی رەوانیی .

(ڤنکە) جۆرە دەنگێکە وەك دەنگی بەردی قۆچە قانیی‌و ژێی کەوان ، (ڤنکە ڤنك) ڤنکەی یەك لە دوای یەك ، (ڤنکو هوڕرر) ڤنکە ڤنکی زۆر .

(ڤلۆشە) با . بررویش . ساوەر .

(ڤۆك) با . میز .

(ڤە) با . ئێوە .

(ڤەبرك) با . گاڵگاڵیی .

(ڤەبریی) با . شتێکە کە نەگۆررێ وە هەر لە جێی خۆی بێ .

(ڤەبوور) با . پاشەکەوتیی .

(ڤەبوون) ز . کرانەوەی دەرگاوشتی تر .

(ڤەپچراندن) روونکردنەوەو دەرخستنی شتێك بۆ زانین .

(ڤەپڕلاندن) با . دەم قاڵیی و رۆیشتن لە سەر قسەیەك .

(ڤەپیرین) ز . بررینە وەی سەودا و مامەڵە .

(ڤەترسین) ز . چابوونەوە لە نەخۆشیی.

(ڤەجقین) ز . راچڵەکین .

(ڤە جنقاندن) ز . بازدان .

(ڤەجنقین) ز . ڤەجنقاندن .

(ڤەچاندن) ز . چنینەوەی شتی هەڵوەشاو

(ڤەچنین) ز . خۆ پاراستن لە شت .

چنینەوەی گۆرەویی و شتی تر .

(ڤەخارن) با . ڤە خواردن .

(ڤەخواردن) ز . خواردنەوە .

(ڤەخواندن) ز . بانگیشتن .

(ڤەخوماندن) ز . راوەشاندنو تێکدانی شت .

(ڤەخومین) شلەژانو سەرلی تێکچوون .

(ڤەدان) ز . هەلکەندنی زەویی بۆخێوەت هەلدان یا بۆتەلە نانەوە . خۆشکردنەوەی باران .

(ڤەداندەر) ز . داهێنەر . حوا .

(ڤەراڤەر) با . بەرانبەر .

(ڤەرر ووتاندن) ز . ڤەروو چکاندن .

(ڤەر ساندن) ز . کردنەوەی تەوق و پێوەند .

(ڤەرسین) ز . رزگاربوون .

(ڤەرڤە) ز . بەفر .

(ڤەرق) ز . ڤەرك .

(ڤەرقلین) ز . دوا کەوتن لە کارێك .

(ڤەرك) ز . گورگ .

(ڤەرملین) ز . ماندو بوون .

(ڤەرەشان) ز . رشانەوە .

(ڤەرەشاندن) ز . هێنانەوەی خواردن .

(ڤەرووچکاندن) ز . ئاوەرووتکردن .

(ڤەریچاندن) با . ڤەرووچکاندن .

(ڤەرێس) با . پێچکردنەوە بەشتێك .

(ڤەز ڤرراندن) ز . ناردنەوەی شتێك .

(ڤەز ڤررین) ز . گەررانەوە .

(ڤەزەلاندن) ز . فررێدان . تلدان بە شتێك .

(ڤەزاندن) ز . بووژاندنەوە .

(ڤەژین) ز . بووژانەوە .

(ڤەسهاندن) ز . پشوودانو حەسانەوە.

(ڤەشارتن) ز . شاردنەوەی شت .

(ڤەشارن) ز . ڤەشارتن .

(ڤە فر) ز . شکاندنی پەیمان .

(ڤەقتاندن) ز . کردنی کەمێك لە کارێك

(ڤەکرن) ز . کردنەوەی شت .

(ڤەکوشتن) ز. کووژاندنەوەی ئاگروچرا .

(ڤەکووداد) ز . بەرباد .

(ڤەکێش) با . کیشان .

(ڤەگرتن) با . داگیر کردن .

(ڤەگەرر) کەسێکە کە دوای کارێك کەوتبێ .

(ڤەگەرراندن) با . گێررانەوە .

(ڤەگەررین) با . گەررانەوە .

(ڤەگەشبوون) با . گەشە کردن و بە خۆدا هاتن .

(ڤەگە ڤزیین) ز . پیا هەڵتە قیین .

(ڤەلا) با . قامچی .

(ڤەمراندن) ز . کووژاندنەوەی ئاگر .

(ڤەمرتیی) ز . رەنگ هەڵبزرکاو .

(ڤەمریین) ز . کووژانەوەی ئاگر .

(ڤەمستن) ز . هەڵقوڵین .

(ڤەنشتن) ز . نیشتنەوە .

(ڤەنهراندن) ز . هەستاندن .

(ڤەنهریین) ز . هەستان .

(ڤەنی) ز . قەزوانی شین .

(ڤەور) با . بەفر .

(ڤەوەژارتن) ز . بژاردنی دانە وێڵە .

(ڤەهاتن) ز . شێ هەڵهێنانی دانەوێڵە لە شوێنی نمدار .

(ڤێ) ناوە بۆ پیتێك لە بیست و حەوت پیتەی کوردیی . ئەوێ (ز) .

(ڤیاد) ز . خاکێکە کەزوقم هەڵی تەکاندبێ

(ڤیان) با . خۆشە ویستی و محبت : من تۆ (دەڤیی) واتە تۆم خۆش ئەوێ .

(ڤێخستن) با . هەڵواسین . داگیرساندن .

(ڤیرك) ز . پەرگی کەلاش .

(ڤیرێ) ز . ئیرە .

(ڤیسیین) ز . جوێن .

(ڤیڤراندن) ز . راکێشان . دەرخستن .

(ڤیڤریین) ز . دەر کەوتن . ئاشکرا بوون .

(ڤێك) ز . پێکەوە .

(ڤێك ئێخستن) ز . کۆکردنەوەی شتی پەراگندە .

(ڤێکدان) ز . کۆکردنەوەی شت .

(ڤێکەتن) ز . رێکەوتن .

(ڤیل) ز . نزم .

(ڤین) ز . ئارەزوو . داواکردنی شتێك .

(ڤینیی) ز . ئەوە .

(ڤیی) ز . ئەوە .

(ڤیان) ز . خۆشەویستیی . خواست .

(ڤیژك) ز . گووی شل .

(ڤیس) ز . بسیت .

(ڤیل) ز . جۆرە قاپو قاجاخێکە .

(ڤین) ز . داخوازیی .

بە یارمەتی خوا تەواو بوو لە چاپدانی جزمی دووهەم لە (فەرهەنگی خاڵ) لە رۆژی (١٩٦٤/١/٢٤) خوا یار بێ بە دوا یادێ جزمی سێهەم کە سەرەکەی پیتی (قاف) ە .

تکایە لە پێش خوێندنەوەدا ئەم هەڵانە چاکەن :

لاپەرە	ستوون	دێر	چەوت	راست
١٠	٢	١٢	چایی ڵا	چاڵایی
١٨	١	٤	چرورك	چرووك
١٨	٢	٥	زرردەواڵە	زەردەواڵە
١٨	٢	١٥	لە ئازاریا	لەگەیینی ئازاریا
١٩	١	٩	چغە	چفە
١٩	١	١٠	چغە	چفە
١٩	١	١٣	چغەی	چفەی
١٩	٢	١٦	و ئارەقی	ئارەقی
٢٠	٢	٢٢	گیاندائکی	گیاندارێکی
٢١	١	٢١	رۆزە	رۆژە
٢٣	١	١٠	گیاندائکی	گیاندارێکی
٢٤	١	١٠	چاریایە	چارپایە
٢٤	٢	١٩	دووانیان	دوانیان
٢٦	٢	٨	نەی دوزێتەوە	نەی دۆزێتەوە
٢٧	١	١٤	دەمانجە	دەمانچە
٢٧	١	٢١	(چووتم)	(چورتم)
٢٨	٢	٧	]چوقە	]چۆقە
٣٠	١	٧	تایبەتی	تایبەتی
٣٠	١	٩	لە کێین	لە کێین
٣٠	٢	١٧	گەی	گەڵای
٣١	١	٢	لە شوینێکەوە	لە شوێنێکەوە
٣١	١	٣	ووخی	ووڵاخی
٣٢	١	١٥	تێکداتی	ێکدانی
٣٢	٢	٢١	چاکبوونێ	چاکبوونی
٣٣	٢	١٠	نەجوولی	نەجووڵێ

لاپەڕە	ستوون	دێڕ	چەوت	ڕاست
٣٣	٢	٢٤	جەترەقە	چەترەقە
٣٥	١	٣	گری	گردی
٣٩	١	٢	هەلاجی	هەلاجیی
٤٠	١	١٥	ئەخورر رریێ	ئەخورر ریێ
٤١	١	٦	گربان	گریان
٤١	٢	١٣	هەروود	هەردوو
٤٣	١	٢٢	چەوربی	چەوریی
٤٦	١	٣	نووز	نووزە
٤٧	١	٢٠	دەنگ	دەنك
٤٨	١	١٢	بەیاخ	بایەخ
٥٠	١	٩	قورمانا	قوڕبانا
٥٠	٢	٢٠	زۆڵی	زۆڵیی
٥٢	١	٢	پیاوی	پیاوی
٥٢	٢	١	ڕۆژبکی	ڕۆژێکی
٥٣	١	١٨	بکا پۆ	بکا بۆ
٥٣	٢	٢٠	(حەمایەل کردن)	(حەمایەڵ کردن)
٥٤	١	٩	عاشت	عاست
٥٥	١	٦	حەپە چەپ	حەپە حەپ
٥٩	١	٥	باڵا ەرزە	باڵا بەرزە
٥٩	١	٦	یەرێکی	بەرێکی
٦٢	١	١٨	قوورەکە	قوررکە
٦٣	١	١٥	ختۆوکە	ختووکە
٦٣	٢	٢٠	حراپە	خراپە
٦٥	١	١	بیڵ	بێل
٦٥	١	٢	بەردە	بەرد
٦٥	١	٦	ئەستۆرە	ئەستوورە

لاپەررە	ستوون	دێرر	چەوت	راست
٧٠	١	٢١	یاویت	پیاویت
٧٠	٢	١	داواکەربویست	داواکەروبویست
٧٢	١	١٦	خونزایین	خوانزیین
٧٧	٢	١٣	قەرزاری	قەرزاریی
٨١	١	٢٢	کوژانەوەی	کووژانەوەی
٨٢	١	١٤	حۆنوان	خۆ نوانن
٨٢	١	١٧	خۆنوێینبی	خۆنوێنیی
٨٢	٢	١٤	هێندی	هێندێ
٨٣	٢	١٧	بزانێیت	بزانییت
٨٥	١	١٩	جۆرێکی	جۆرێکی
٨٦	١	١١	گالۆلکێ	گاگۆلکێ
٩٢	٢	٢٣	گیاندایکە	گیاندارێکە
٩٣	٢	١٥	ئەسوورریتەوە	ئەسووریتەوە
٩٤	٢	١٣	(حێسە	(خێسە
٩٩	١	٢	داجۆرران	داچۆرران
١٠١	١	٢٢	دممانێکی	دەرمانێکی
١٠٣	١	١٠	رووحاندنی	رووخاندنی
١٠٣	٢	٢	رەیشتنی	رۆیشتنی
١٠٤	٢	٩	دارانایە	دارانەیە
١١٣	٢	١٧	(داهێنرراوە)	(داهێزراوە)
١١٤	١	٦	مارمامێکە	مارمێلکە
١١٤	٢	٧	(در) ی	(دراو) ی
١١٤	٢	٢١	بێ باوەرو	بێ باوەرر
١١٨	١	٣	(درێژ کرنەوە)	(درێژ کردنەوە)
١١٩	٢	٢٢	[دلێ بردم]	[دلی بردم].
١٢٣	٢	١٧	دەنگ	دەنك

لاپەرە	ستوون	دێرر	چەوت	راست
١٢٤	١	١٨	دیهاتوشتی تر	دیهاتوشتی تر
			. . .	(دمبەك) د . دومەڵەك
١٢٤	٢	٢	(دمبەك) د. دومەڵەك	. . .
١٣٠	١	٢٢	تایبوتی	تایبەتی
١٣١	٢	١٤	ثائب	نائب
١٣٨	٢	١٩	(دەربەندن)	(دەربەند)
١٤٠	١	٧	(ددەردی سەر)	(دەردی سەر)
١٤١	١	١٢	دەركەنارێی	دەركەناریی
١٤١	١	١٥	ثمایان	نمایان
١٤٣	١	١٥	جوره	جۆره
١٤٤	٢	٢٤	دەسبرتریین	دەستبرریین
١٤٦	٢	١٥	یا زبخیرێكە	یا زنجیرێكە
١٤٧	٢	١١	(دەست ددێژیی)	(دەستدرێژیی)
١٤٨	١	٤	دەسشۆرك	دەستشۆرك
١٥٠	٢	٧	بە یاریی یەكەكە	بە یاریی یەكە
١٥٢	١	١٦	دەستقووچیاو	دەستقووچان
١٥٣	١	١١	دەستمایە دارا	دەستمایە دار
١٥٣	٢	١٣	(دەسها) دەستار	(دەسهارر) دەستارر
١٥٤	١	٢٠	دەستە ناو	دەستەو ناو
١٥٧	٢	١٩	دوومەڵ	دومەڵ
١٥٨	١	٢١	لە لە	لە
١٦٧	١	٤	(دێمزاز)	(دێمەزار)
١٦٧	٢	١٩	٠(دیداربینی)	(دیدار بینی)
١٧٠	١	٤	لی	لێ
١٧٠	١	١٧	(رابوردوو)	(رابورده)
١٧٠	٢	١١	(راپورتچی)	(راپۆرتچی)

لاپەڕە	ستوون	دێڕ	چەوت	ڕاست
١٧٢	١	٧	(رارەو)	(رارڕەو)
١٧٣	١	١٦	بە راسبەری	بە رانبەری
١٧٣	٢	٤	راست رەو	راست ڕڕەو
١٧٤	١	١٩	(راستەوخو)	(راستەوخۆ)
١٧٤	١	٢١	(راستەوخو)	(راستەوخۆ)
١٧٤	٢	١٧	(رافررین)	(رافرڕێن)
١٧٥	١	٢	هدڵ	هەڵ
١٧٦	١	٢	(امە)	(رامە)
١٧٦	١	٧	واونان	راونان
١٧٦	١	٢٢	ناوا	ناو ئاوا
١٧٧	٢	١	راوپژ	راوێژ
١٧٨	١	٢٣	راوێچکە	راوێچکە
١٧٨	٢	١٥	چوانی	جوانی
١٨١	٢	٨	هەڵێکا	هەڵێکا
١٨٢	٢	٩	شێلە	شیلە
١٨٢	٢	١٣	(رەنگانەوە)	(رنگانەوە)
١٨٣	٢	٢٠	(رووخیان)	(رۆخیان)
١٨٤	٢	٨	رۆز	رۆژ
١٨٤	٢	١٠	بە رۆزە	بە رۆژە
١٨٤	٢	١٢	رووناکی رۆز	رووناکیی رۆژ
١٨٧	٢	٢	(رومەتاندن)	(رووتاندن)
١٨٧	٢	٨	(رووتان)	(رووتانن)
١٩٠	١	١٠	قالب	قاڵب
١٩١	١	٢٣	(رۆیز)	(رۆیژ)
١٩١	٢	٤	هێۆاشیی	هێواشیی
١٩١	٢	١١	گولێکی	گوڵێکی

لاپەررە	ستوون	دێرر	چەوت	راست
١٩٣	١	١٧	شوێنێك	شوێنێك
١٩٤	١	١٥	توولە زەررە موورەغەی	توولە زەررە. موورەغەی
١٩٦	٢	٤	هێشۆو	هێشوو
١٩٨	١	٦	سەرما	سەرما .
٢٠١	٢	٣	گەلیا	گەڵیا
٢٠٢	٢	٢٠	(رەهێڵ) رەهێڵە	خۆشە ئەکرێتە ناوماستەوە
٢٠٢	٢	٢١	خۆشە ئەکرێتە ناو ماستاوە	(رەهێل) رەهێڵە
٢٠٨	٢	٢٣	چەناگە زیبکەی	چەناگە. زیبکەی
٢٠٩	١	٢٣	هاتبیتە	هاتبێتە
٢١١	٢	١	بەری	بەردی
٢١٢	١	١	(زارە) ز .	(زارە)
٢١٢	١	١٨	(زاقور ووق)	(زاقو زووق)
٢١٢	١	١٩	راقو	زاقو
٢١٣	٢	١٢	(رایە بوون)	(زایە بوون)
٢١٥	١	٢٠	بریتی	بریتی یە
٢٢٢	١	٣	بە دە وو	بە دەزوو
٢٢٣	١	١٩	(زوراتە کێوییلە) جورێکە لە زورات	(ز ووراتە کێوییلە) جۆرێکە لە زوورات
٢٢٨	١	٩	ئەزیبرێنێ	ئەزیبررێنێ
٢٢٨	٢	٧	ەردوویی	زەردوویی
٢٣٠	١	٥	مەردووم	مەردوم
٢٣٠	١	٧	نە خۆشی	نەخۆشیی
٢٣٠	٢	١٨	رەقنە	زەقنە

لاپەرره	ستوون	دێرر	چەوت	راست
٢٣١	٢	٢٢	(ژەموورەك)	(زەموورەك)
٢٣٢	١	٢٣	ئەزرێتەوە	ئەزررێتەوە
٢٣٥	١	٢٤	زەردوو	زەروو
٢٣٥	٢	٩	گوپکە	گۆپکە
٢٣٥	٢	١٦	گیان لە	گیان لە
٢٤١	١	١٦	زن بەرن	زن بە ژن
٢٤٢	١	٤	ژووگیین	ژوورگیین
٢٤٥	١	١	لەێر	لە ژێر
٢٤٥	١	١٨	بەرسیـلەی	بەرسییلە
٢٤٥	١	٢١	(زێهاتن)	(ژێهاتیی)
٢٥٢	١	١٥	سەریشتی	سەر پشتی
٢٥٤	١	١٩	(سپی بوون)	(سپیی بوون)
٢٥٧	١	٣	(سرەفتن)	(سرفتن)
٢٥٨	٢	٢١	(سفرەی فەقیران) د . سفرەی فەقێیان	
٢٥٩	٢	٤	سکابە	سکاڵابە
٢٦٠	٢	٣	(سڵ) ز .	سڵ (ز) .
٢٦٠	٢	١٣	ئاوور	ئاوورر
٢٧١	١	١٩	شلی،	شڵی
٢٧١	٢	٩	(سوورانن)	(سووررانن)
٢٨٢	٢	١٣	ژنانانەیە	زنانەیە
٢٨٥	٢	١٨	نارازایە	نارەزایە
٢٨٦	٢	١٢	بکەویتەوە	بکەیتەوە
٢٩٥	١	٦	سەروێر کردن	سەرو ژێر کردن
٢٩٧	١	١٤	گیاندارێك دوو	گیا ندارێك . بریتی یە لە دوو

لاپەڕە	ستوون	دێڕ	چەوت	ڕاست
٢٩٩	٢	٢٢	(سەگلاو)	(سەگڵاو)
٣٠١	٢	٢٤	ئەکولێنرێ	ئەکوڵێنرێ
٣٠٢	١	٢١	(سەنگتراشیی) بەرد تاشینو ڕێکخستن	(سە نگتراشیی) بەرد تاشینو ڕێکخستن (سەنگتەراش) سەنگتراش (سەنگتەراشیی) سەنگتراشیی
٣٠٢	٢	١	(سەنگتەراش) سەنگتراش	
٣٠٣	٢	٢	(سەنگتەراشیی) سەنگتراشتی	
٣٠٥	١	١	(سەهولبەنان)	(سەهۆڵبە نان)
٣٠٥	١	٢٠	سوور	سورر
٣١١	٢	٢١	سپبسرك	سیسرك
٣١٥	١	١٥	(شاتاوڵ)	شاتاوڵ
٣١٥	١	٢٣	تەندووی یە	تەندووری یە
٣٢٠	٢	١٦	(شاپستەکار)	(شایستە کار)
٣٢٠	٢	١٧	سزاواری	سزاواریی
٣٤٩	١	٦	هەلنە	هەڵنە
٣٤٩	٢	٢٠	(شێرزایی)	(شێرازیی)
٣٥٠	٢	٤	(شیریین)	(شێریین)
٣٥٠	٢	١٧	تاویر	تاوێر
٣٥٠	٢	٢١	(شیلاقە)	(شێلاقە)
٣٥١	١	١٢	(شیلنگ)	(شێلنگ)
٣٥١	١	١٣	(شیلوو)	(شێلوو)
٣٥٤	١	٥	دییزە	دییزە
٣٥٤	١	١٣	شیروابێ :	شیروابێ . شتێکە کە ئاشنایی بەشیرەوە بێ:
٣٥٥	١	٥	(شیلاوگ)	(شیلاووگ)

حوا یاربێ ئەم روانە حزمی سێ‌هەمیش دەرئەچێ

چاوەروان بن

چاپخانەی کامەران ـ سلیمانی